# ڕامان
# RAMAN

168

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ مایسی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● **سەروتار**

- ڕۆژی جیهانیی کتێب و پیشانگایەکانمان/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- ئارامیشی دەنگ/ هیوا شەمس بورهان/ 6
- پەیکەرێکم، ئێرەش بۆ من بۆنی سەرابی لێوەدێت/ ئەدیب نادر/ 7
- هەڵوەشاندنەوەی شەیتان/ زانا خەلیل/ 10
- ڕۆژباش/ بەرکەن بەرەح/ 12
- گۆم - دوا گۆرانی/ لە ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل/ 13
- گەشتی ئێوارانی بلّوار/ ناسر وەحیدی/ 16
- سوور/ داستان بەرزان/ 18
- ئایناز/ ک. د. ئازاد/ 21
- ل بەندە تاڤەکی/ ڕۆنی وار/ 26
- لەژێر پڕشەنگی خۆرەتاو، لە بیاباندا/ لە فارسییەوە: کەژاڵ سالّحی/ 28

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەری ناسراو (محەمەدی مەلا کەریم)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 32

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ئەزموونێک لە ئەفسانەوە بۆ نوێگەری/ مەحموود نەجمەدین/ 53
- ئەدەبی منداڵان، چرایەک لەسەر ڕێی داهاتوو/ یوونس ڕەزایی/ 61
- کارۆ.. شکاندنی بێ دەنگی.. سێبەری تاریکی/ ئا - و: جەلیل عەباسی/ 66
- سیمۆن دوبۆڤوار لە ئاوێنەی ڕۆمانەکانیدا/ لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی/ 74

● **بەدواداچوون**

- یاداشتێک لەسەر «تەکیە» (بۆڵتنی نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە)/ ئومێد ڕەحمانی/ 83

● **هزر و فەلسەفە**

- جۆرج بێرکلی: بوون پەی پێ بردنە/ د. حەمید عەزیز/ 89
- بنەما و ڕەهەندەکانی فەلسەفەی پراگماتی/ هیوا شارباژێڕی/ 97

● **زمانناسی**

- یاسای زمانە ناوچەییەکان/ سەلام ناوخۆش/ 102

● **وتار**

- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە چیرۆکەکانی کامەران موکریدا/ د. عادل گەرمیانی/ 107
- وشەی (تورک) وەک سیمبۆلی (ستەم) لەلای شاعیرانی کلاسیکی کورد/ فەرهاد پیرباڵ/ 111
- «پەشێو» لە شیعری گەورەی ژندا/ فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 116
- لێکچواندن لە ئەدەب و کولتووری گەلان و لە ناو نەتەوەیەکدا/ جەواد حەمەدبەگ سالّح/ 119

● **هونەر**

- دەبێت بڕۆیت؟ ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەردا/ دانا ڕەئووف/ 124
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 130
- هۆرامان لە گۆرانی هۆرامیدا/ نەبەز هۆرامی/ 135

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان/ هاشم سەڕاج/ 144
- دەرچوون لە مەینەتییەکان و گەڕانەوە بۆ دنیای عیرفان لە «گەڕانەوە بۆ مەرگ»دا/ شێروان ئیبراهیم حەیدەری/ 152

● **نرخاندن**

- (ڕامان) گۆڤارێکی (تاک) وێنە/ مەسعوود پەرێشان/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- گرنگی دەق لە نمایشی شانۆییدا/ خەلیل یابە کەریم/ 160

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# ڕۆژی جیهانیی کتێب و پێشانگایەکانمان

* زۆر جار کە ویستوومە باسی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادێک، بۆنەیەک بکەم، دەمودەست هەڵوێستەیەکم کردووە، چونکە هەر زوو ئەوەم بەبیردا هاتووەتەوە و پرسیومە: ئێمە کە بە تەواوی ڕێزمان لە مافی مرۆڤ نەگرتبێ و بە گەورە و پیرۆزمان نەزانیبێ و لە شوێنی شایانی خۆیمان دانەنابێ، وەستان و یادکردنەوەی بۆنەکانی دیکە سوودیان چییە؟ ناهەقم بووە زوو دەست لەو بیرۆکانەی خۆم هەڵگرم و پەشیمان ببمەوە و پێ لەسەر یادکردنەوەی ئەو جۆرە بۆنە و یادانە دانەگرم؟ شەهید بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە کە ژیانی بۆ ئازادی و بەختیاری کەسانی دیکە دەکاتە گۆرانی و لەپێناوی کەسانی دیکەی بەخت دەکات، کەچی شەهیدبوونەکەی ئەوەندە بە هەند وەرناگیرێت و یادێکی شایان بە گەورەییەکەی ناکرێتەوە و بە لەبیرچوونەوەی دەسپێرین. ئینسان بەو هەموو پیرۆزی و گەورەییەی خۆیەوە ئەگەر ڕێز لە مافەکانی نەگیرێ، ئیدی وەستان و نەوەستان لەسەر شتەکانی دیکە کە لەلای ئێمەدا جارێ نەبوونەتە جێی باس و نەبوون بە (نەریت) و هێشتا لە پەراوێزی پەراوێزدان و تا ئەمڕۆ گرنگییان پەیدا نەکردووە و بایەخەکەیان نازانین لەچی دایە، چۆن یاد و بیرئانینیان بۆ بکەینەوە؟ کاتێ دەمویست ئەو گلەییە بکەم کە بۆچی یادی ڕۆژی کتێبمان بە ڕاگوزاری تێپەڕاند، زۆرم لە خۆم کرد لەسەر ئەو یادە قسەیەک بکەم، هەر بۆیە ویستم لە پەنای ئەو یادەوە، لە چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی ڕۆشنبیریمان بدوێم کە دوورونزیک پێوەندیی بەو یادەوە هەیە و لەو پەنایەوە چەند پێشنیارێک بخەمەڕوو.

* پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم پێویستە شوێنێکی زۆر تایبەت و لایق و بەرچاو لەناو جەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم کتێبخانەکان تەرخان بکرێت، چونکە وەک ئاگادارین ئێستاکە ئەو شوێنەی لێی کۆبوونەتەوە کە شوێنەکەیان بەرانبەر دەرگای دووەمی قەڵاوەیە، خەریکن دەیڕووخێنن، بۆ ئەوەی شوێنەکەیان بکرێتە پانتاییەکی سەوزایی بۆ دەوروبەری قەڵات، کە ئەمەش لەسەر داوا و خواستی ڕێکخراوی یۆنسکۆیە کە ئێستاکە سەرپەرشتیی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێری لە ئەستۆ گرتووە. هەر ئەوەش لە هەموو وڵاتانی دنیادا باوە، بەتایبەتی لە پایتەختەکانی وڵاتان کە کتێبخانەکانیان لە شوێنێکدا کۆ دەکەنەوە، تا نووسەران و باسکاران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان ئەو سەرچاوە و کتێبانەی دەیانەوێن، لەو شوێنەدا بە ئاسانی بیگەنێ و وەگیریان بکەون، لەبەر ئەوەیە شوێنی زۆر ستراتیژی و گرنگ بۆ ئەو کتێبخانانەیان تەرخان دەکەن، وێڕای ئەوەی ئەو کتێبخانانە ڕووکاری پێشکەوتن و شارستانیەتن، نیشانەی مەدەنی بوون و هۆشیارین بە گرنگی و بایەخ و ڕۆڵی کتێب لە ژیانی تاک و کۆمەڵ و ئادەمیزاددا، ئنجا بۆ ئەوەی ئەو کتێبخانە و کتێفرۆشیانە لەناو شارەکەدا پەرتەوازە و پەرشوبڵاو نەبنەوە و لە شوێنێکدا گرد ببنەوە، پێویستە بڕیار بە دەستەکانی فەرمانڕەوایی خۆمانە لەو شارەدا ئەمانە لە جێگەیەکدا کۆ بکاتەوە، باشترین شوێنیش کە لێی کۆببنەوە و لەبەرچاو بێ، لای ئەو نافوورە نوێیەیە کە لە شوێنی دەڵاڵخانە (مەزادخانە)ی جاران دروست کراوە، واتە لە تەنیشت دەرگای باخچەی (باخی شار)ەوە بێت، چونکە ئێستاکە ئەو شوێنە کراوە بە شوێنێکی گەشتوگوزاری و لە هەموو کاتەکاندا خەڵکانێکی زۆر و لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێدەکەن و لێی خڕ دەبنەوە، بۆیە بەباشی دەزانم لە جیاتی ئەوەی ئەو دوکانانە

سەرنووسەر

بکرێنە شوێنی (پێڵاوفرۆشتن)، پێویستە بکرێنە شوێنی کتێب فرۆشی و لەپاڵیشیانەوە شوێنی فرۆتنی کەلوپەلی کەلەپووری وەک بەرەو جاجم و قاڵی و کاری دەستیی کە بەنەخشونیگاری جوان و ڕەنگی گەرمی کوردەواری ڕازابێتەوە و لەویێ بچووککراوەی شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکانمان بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بفرۆشرێن، تا لەگەڵ ئەو شوێنە گەشتوگوزارییەدا بگونجێت.

* لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانەوە جموجووڵ و بزاڤێکی گەورەی چاپەمەنی لە کتێب و نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی هەمەجۆر دەبینرێت، هەر بەهۆی ئەو هەموو چاپەمەنییانەوە کە لەم هەرێمەی ئێمەدا دەردەچن، ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە و ساڵانە بەسەدان و هەزاران تەن و بەند کاغەز و مقەبای جۆراوجۆری چاپکردنی ئەو چاپەمەنییانە بۆ کوردستان هاوردە دەکرێت، کە بەشێکی زۆر لە سامانی ئەو وڵاتەیان بۆ تەرخان دەکرێن و مەرجیش نییە ئەو کاغەز و مقەبایانەی لە دەرچوونی ئەو چاپەمەنی و بڵاڤۆکانەدا بەکار هاتوون، خڕوخشت هەموویان شوێنی خۆیان بگرن و خوێندەواری کورد بە پیریانەوە بچێت، یان بچنە ناو ئەرشیڤ و کتێبخانەکانەوە و سوودیان لێ وەربگیرێت، واتە بەشێکی زۆری ئەو کاغەز و مقەبایانە بە هەدەر دەچن و بەخۆڕایی و بەبێ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێ وەک پاشماوە و خۆڵ و خاشاکی بێ کەڵک فڕێ دەدرێن، بۆیە من پێشنیاری کردنەوەی کارگەیەکی دروستکردنی کاغەز دەخەمە بەردەمی کەرتی تایبەت، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا لەلایەک وەک وڵاتانی دیکەی دنیا ئەو مقەباو کارتۆن و کاغەزانە جارێکی دیکە لەناو بازاڕەکان و لەلای هاووڵاتیان بماشرێنەوە و بکرێنەوە بە هەویر، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە پیشەسازی دروستکردنی کاغەز و مقەبادا سوودیان لێ وەربگیرێتەوە، بەم پڕۆژەیەش لەلایەک گرفتی هاوردەکردنی کاغەز و ڕەوانەکردنی دراوی قورس کۆتایی پێ دێت، لەلایەکی تریشەوە دەتوانین لەو کارگەیەدا، یان لەو جۆرە کارگانەدا بەدەیان کەسی بێ ئیش بخەینە کارەوە، پێشم وانییە جێبەجێ کردنی کارێکی وا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان بۆ کەرتی تایبەت کارێکی ئەوەندە قورس بێت و پێیان نەکرێت و بەدی هاتنی مەحاڵ بێت، تاکو لە ئاییندەدا ئەوەندە چاومان لە دەستی خەڵکی دی نەبێت و پارەوپوولی ئەو وڵاتەش بۆ تاکەکانی خۆی بە سوود و قازانج بگەڕێتەوە.

* ئەمڕۆکە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا، گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و نامیلکەی زۆر دەردەچن، بەڵام سەرجەمی ئەو بڵاڤۆک و چاپەمەنییانە لە شوێنێکدا کۆ نەکراونەتەوە، بۆیە دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی (نەک کتێبخانەی گشتی شار و شارۆچکەکان)، ئەو شوێنە گونجاوە دەبێ تا ئەو کتێب و بڵاڤۆکانەی تێدا بپارێزرێن، چونکە بەداخەوە تا ئەمڕۆکە ئەم کارە نەکراوە، بۆیە لەپاش چەند ساڵێکی دی لەپڕ ئەو کتێب و بڵاڤۆکانە نامێنن، ئەوساکە توێژەران و باسکاران دەبێ زۆر بەدوایاندا بگەڕێن و ماندووبن تا بیاندۆزنەوە. بەشێکی زۆری ئەو بڵاڤۆک و کتێبانەش لەلای ئێمەدا ناویان هەیە و بوونیان نییە، بۆیە ناتوانین بە تەواوی سوودیان لێ وەربگرین، من بە ئەزموونی سادە و ساکاری خۆم، ئێستاکە کە ئیشم بە چەند گۆڤارێکە و (٥-٦) ساڵ پێش ئێستا لەو شاری هەولێرە دەرچوونە، چاوم سپی بووە دەستم نەکەوتوون و هیچ شوێنێکیش نەماوە لێیان نەگەڕێم و تا نهۆ شوێنێک شک نابەم هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارانەی تێدا ئەرشیڤ کرابێ و هەڵگیرابێ، تەنانەت خودی سەرپەرشتیار و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و نووسەرەکانی ناو ئەو گۆڤارانەش شوێنێکیان پێ شک نایەت ژمارەکانی ئەو گۆڤارانەی تێدا پارێزرابێ کە ئیشیان تێدا کردووە، لەبەر ئەوەیە بوونی کتێبخانەی نیشتمانیی بۆ ئەمڕۆکە پێداویستییەکی زۆر گرنگە و دەبێ هەرچی زووە ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە. ماڵی ڕۆژهەڵاتناسەکان ئاوابێ کە بەشێکی زۆری دەستنووس و کۆنە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و مێژوو و ئەرشیڤی میللەتی ئێمەیان بۆمان پاراستووە، یان لە ڕێگەی یاداشت نووسین و گەشت کردنەکانیانەوە مێژووی ئەو میللەتەیان لە ناو یاداشت و گەشتنامەکانیاندا تۆمار کردووە، دەنا ئێمە ئەوەی ئەمڕۆکەش هەمانن و ماومانن، نەدەبووینە خاوەنیان.

* گرفتێکی گەورەی دیکە کە بەرەو ڕووی چاپەمەنی کوردی بووەتەوە و بەرۆکی گرتووە، کێشەی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی چاپەمەنییە کوردییەکانە، واتە بەچاکی دابەشکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکانی ناو هەرێمی کوردستانە کە ناگاتە ناو هەموو شار و شارۆچکە و ناوچە و شارە دێیەکان، کە ئەوەش گرفتێکە و دەمێکە لەپێش خوێنەران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد بووەتە لەمپەرێکی گەورە و بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەوە باسی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کتێب و بڵاوکراوەکان بەناو کوردانی وڵاتانی دەوروبەر و گەیاندنی بەدەستی ڕەوەندی کورد لە هەندەران هەر ناکەم، چونکە لەلایەن ئەوانیشەوە هیچ جۆرە چاپکراو و بڵاڤۆکێکیان بە دەستی ئێمە ناگات، یان زۆر بە زەحمەت پێمان دەگەن. قاچاخچییەکانی کتێبفرۆشیش ڕەنجی چەندین ساڵەی نووسەران بەهی خۆیان دەزانن و بەزەییان بە شەونخوونی و تەقالایاندا نایەتەوە، بۆیە بە ئارەزووی خۆیان سەواو مامەڵە بە ڕەنج و کتێبی نووسەرانەوە دەکەن و چۆنیان ویست و حەز لێ بوو، ئەوهای دەفرۆشن و پارەی تێچووی کتێبەکەش کە لەلایەن نووسەرەکەوە خەرج کراوە دەکەنە ئاردی ناو دڕکان و وەک خێر و سەدەقە، ئەگەر هەندێکی لێ بدەنەوە خاوەنەکەی. دەردی گرانی بێ خوێنەریی کتێبەکانیش لەوسەر بوەستێ، بۆیە کە حاڵی کتێبی کوردی بەو شێوەیەیە، دەبینین بەشێکی زۆر لەو ڕۆژنامانە لە ناوچەی پیشەسازیی شارەکاندا بۆ چاککردنەوە و بۆیاغ کردنی ئوتومبیل سوودیان لێ وەردەگرن، یان ئوتووچییەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن، یان دەکرێنە سفرەی ژەمەکانی خواردنی ماڵان، یان گوڵە بەڕۆژە فرۆشەکان بۆ کاری خۆیان سوودیان لێ

وەردەگرن، بۆیە پێشنیاری ئەوەم کرد کارگەی دروستکردنی کاغەز لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەبێ، چونکە ئەوە هەبوو ئەوکاتە هیچ نەبێ کەس ناتوانێ سووکایەتی بە رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و نامیلکەکان بکات.

* مەسەلەیەکی گرنگتریش کە خۆی دەسەپێنێ، هێنانی کتێب و جۆری کتێبەکانە بۆ وڵاتی ئێمە، بۆ ئەم ئامانجەش دەکرێ لە ڕێگەی لیژنەیەکی شارەزا و لێزان و پسپۆڕەوە ئەم کارە بکرێت و ئەو لیژنەیە ئەو کتێبانەمان بۆ هەڵبژێرن، نەک کەسانی دیکە و وڵاتانی دیکە لەجیاتی ئێمە کتێبمان بۆ دەستنیشان بکەن، چونکە ئەو کتێبانەی لە وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەتی وڵاتانی دەرودراسێوە پێمان دەگەن، ئەوان بە تایبەتی و بەشێوەی دەست دروو کتێب بۆ ئێمە لەچاپ دەدەن، بۆیە لە نەبوونی چاودێرییەک بۆ هێنانی ئەو کتێبانە و کارکردنی بێ پەروای ئەوان لەسەر ئەوەی کوردستان بکرێتە سەنتەرێک بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو تەرزە کتێبانە، کارێکی وای کردووە لە وڵاتی ئێمەدا بە هەزار و یەک شێوە ئەو جۆرە کتێبانەمان بەسەردا ساغ بکرێنەوە، لێرەشدا تەنیا لەبەر بەرژەوەندی بەرتەسک و دەسکەوتنی پارە و پوول و گیرفانی هەندێ کەسی دیاریکراو، کە بیر لەبەرژەوەندییەکی ئەو وڵاتە ناکەنەوە لە گیرفان و قازانجی تایبەتی خۆیان زیاتر، ئەو تەرحە کارانە دەکرێن. بەداخەوەش دەیڵێم هیچ بەربەستێک بۆ ئەو کاروکاسبیانە دانەنراوە، تەنانەت تاکی کورد و خوێنەرانی کوردیشیان لێ ئاگادار نەکراونەتەوە، بە پێچەوانەوە دەبینین ڕیکلام کردن و ڕەواجدان و ڕەواج پەیدا کردن بۆ فرۆشتنی هەندێ کتێبی هاوردە لە وڵاتانی دراوسێوە، یان بازاڕ گەرمکردنی فرۆتنی ئەو تەرزە کتێبانە کە پێویستە بەرلەوەی بگەنە دەستی خوێنەرانی خۆمان، لێیان ورد ببینەوە و نەهێڵین ئەو جۆرە کتێبانە هەروا سووک و باریک بێنە ناو بازاڕ و کتێبخانەکانی ئێمەوە و داگیری بکەن.

* ئەوەی لێرەدا سەیرە ئەوەیە، لە زۆر کەسم گوێ لێ بووە و خوێندووەتەوە کە بە شانازییەوە دەفەرموێ تەنیا یەک ناوونیشانیش لەو کتێبانەی هێنراون و دەهێنرێن ڕێگەیان لێ نەگیراوە، ئەم بیروڕاو جۆرە قسانە لەو سۆنگەیەوە دەکرێن گوایە ئێمە هێندە دیموکراسین، ڕێگەمان بە هێنانی هەموو جۆرە کتێبێک داوە خۆ بکەن بە کتێبخانەکانی ئەم دیوەی خۆماندا. هێنانی هەموو جۆرە کتێبێک و ڕەواجدان پێیان، یان دەرگا کردنەوە بە ڕووی هەر فیکر و ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونێک، تەنانەت ئەگەر ڕووخێنەر وماڵوێرانکاریش بن و ببنە هۆی ڕەشکردنی ئاییندەی کوردستانیش ئەمە کارەساتە، بەتایبەتی ئەگەر پیلە و لێدوان، یان ڕاڤەیان بۆ نەکرێت و مەرام و پاشخانە تاریکەکانیان ڕوون نەکرێنەوە و نەزانرێت ئەو خۆراکی سەردەمی تاریکی و جەهالەتە چۆن دەبێتە مایەی تێکشکانی کەسایەتی ئینسانی کورد و لە ڕێگەی ئەو لێدوان و شرۆڤانەی ئێمەوە ڕەت نەکرێنەوە و نەدرێنە دواوە، دەرئەنجام فیکری خەڵکی سادە و دڵپاکی و نیازپاکیی ئێمە دەشێوێنێ و بە بارێکی زۆر ناهەمواری دەبات و بەدیوێکی نێگەتیڤ لەسەرمان دەشکێتەوە. ئەگەر هەر تەنیا ئەو کتێبانە بهێنین و وەک خۆراکێک دەرخواردی خوێنەرە سادە لەوح و ساکارەکانی خۆمان دا، بەبێ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکاری نازانم ئەمە کوێی ڕاستە؟ بەتایبەتی وەک دەزانین ئێمە میللەتێکین لەم ڕووەوە حەسانەیەکی فیکری و ڕۆشنبیریی بەهێز و قایم و پتەومان نییە، کە خۆمان مەترسی ئەو جۆرە خۆراکە فیکری و ئایدیۆلۆژییانە بزانین تا هەر شتێکی دایانە دەستمان لێیان وەرنەگرین.

* وەک دەزانین وەزارەتی ڕۆشنبیریی لای ئێمە، بە تایبەتی کە بەشی کتێبخانەکانی هەیە و سەرپەرشتیی دەیان کتێبخانەی گشتی ناو شار و شارۆچکەکان دەکات و کتێبیان بۆ دەکرێ و بەسەریاندا دابەشی دەکات، پێویستە بۆ لەمەولا بەپێی بەرنامە و پلانێک کتێب و جۆری باشی کتێب بۆ خوێنەرەکانی ئەو کتێبخانانە دابین بکات، چونکە تا ئێستا لەم کارەدا هاوردەکردنی کتێبی بەو دەزگا و سەنتەری چاپ و پەخشانەی کتێب چاپ و بڵاودەکەنەوە سپاردووە، ئەوەندەی ئێمەش پێ بزانین بەپێی یاسای چاپەمەنی هیچ جۆرە سانسۆرێک لەسەر چاپی کتێبی لای خۆمان نییە، ئەمەیان کارێکی چاکە، بەڵام ئازادکردنی سنوورەکان و هێنانی هەر جۆرە کتێبێک، کارێکی وای کردووە زۆر کتێب بکرێن بەدیوی ئێمەدا و پێمان وابێ ئەوانە کتێبی هەڵبژاردە و دانسقەی فیکری و مێژوویی و ئایینی و ڕەخنەیین، بەڵام کاتێ لێمان پێچاوەتەوە، بۆمان دەرکەوتووە هەندێ لەو کتێبانە بە تایبەتی بۆ ئێمە چاپ دەکرێن تا مێشکی شلکی خوێنەرانی ئێمەی پێ بشۆردرێتەوە، ئەو قسەیەشم هەرگیز بەو مانایە نایەت کە ئەو وریایی و چاوکرانەوە و چاودێری کردن و وردبوونەوەیە، مەبەست لێی دانانی سانسۆر لەسەر کتێبی هاوردە کراو بێت، بگرە ڕێگەگرتنە لەو کارە گوماناویانەی کە ناحەزەکانمان بە پلانی تۆکمە و داڕێژراوەوە لە بەرانبەرمان دەیگرنەبەر، ئەمەش بۆ گرفت دروستکردن و لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی ئینسانی کورد دەکرێ، مەبەست لێی بنکۆڵکردنی سیستمە سیاسییەکەی هەرێمەکەمان و ئاییندەکەیەتی، بۆیە وڵاتێک کەسانێکی هەبێت خۆ بە خاوەنی بزانن پێویستە وەک چۆن لە ماددەی هۆشبەر دەیپارێزن، ئەوهاش دەبێ لەو خۆراکە ماوە بەسەرچوو و ژەهراوی و ئیکسپایەرانە بیپارێزن و ڕێگە نەدەن بە هیچ شێوەیەک ئەو جۆرە چاپەمەنییانە کە بە تایبەتی بۆ ئێمە ئامادە دەکرێن و لە چاپ دەدرێن، بهێڵن وا بە ئاسانی بۆمان بهێنرێنە ژووری ماڵەکەمان، یان وڵاتی ئێمە بکرێتە شوێن و بازاڕی گەرمی فرۆشتنی ئەو جۆرە کتێبانە، کە ئاراستەکردن و لێدانێکی ڕاستەوخۆی کەسایەتی تایبەتمەندی مرۆڤی کورد و بنەما نەتەوەییەکانیەتی. هەرگیز ناکرێ ئەو هەنگاوە خۆپارێزییەش حیسابی بەرتەسککردنەوەی ڕووبەر و پانتاییەکانی ئازادی بیروڕای بۆ بکرێت.

# ئارامیشی دەنگ

**هیوا شەمس بورهان**
**(فڕەنسا)**

بۆ «شەبە» خێزانم



خاتوونەکەم،
دەنگی نەرمت
ئارامیشی دڵی بێ قەرارمە
لە غوربەتی پڕ لە تاسەی ژینی وڵات،
بۆیە خۆشترین کاتی ڕۆژان
هەر بیستنی دەنگی تۆیە بە تەلەفۆن
با ئەوەندەش دوور بم لە لات.
وابزانم وتووێژت لە نیزیک ڕا
ئاسوودەییم لێ زیاد بکا،
بە سەدان قات.

**لیۆن ٢٠١٠/٢/٢٥**

**یادت**

بۆ (ڤادی) هەڤاڵم
دڵم،
وەکو چرای بەرانبەرم
لە تینی خەم سوور بۆتەوە.
لەچایخانێکی غوربەتدا
مێشکم پڕە لە بیرەوەری
لەو شوێنانەی پێکەوە دیمان
لەو قسانەی پێکەوە کران
پێکەنین و نوکتەکانمان.
تۆ لەو وڵاتە ڕۆیشتی و
دنیایەکت بیرەوەری بۆ جێ هێشتم
بۆیە دڵم وەکو قاوەی نێو دەستم
هەڵمی بە بۆنی سووتان تێکەڵە
وەکو چرای چایخانەکەش،
سوورە و هەڵە.

**لیل ٢٠١١/٢/٢٧**

**دەنگ و ڕەنگ**

ڕەنگی سواڵەتی سەربانەکان، سوور
دیوارەکان، سپی
شین، زەرد، قاوەیی، خۆڵەمێشی
لەو پەنجەرە هەموو ڕەنگێک بەدی دەکەم
ڕەنگی وڵات نەبێ.
❊ ❊ ❊
دەنگی زەنگی کڵێسا
ئاوازی چۆلەکەکان
دەنگی ماشێن، فڕۆکە، خشپەی داران
لەو ژوورە هەموو دەنگێک دەبیسم
دەنگی وڵات نەبێ.

**ڕۆیال ٢٠٠٤/٥/٣٠**

**زانین**

من دەزانم، ئەو بایەی
لە ئوقیانووسی ئەتلەس ڕا دێ
بۆچی وا فێنک و گەشە.
چونکە خۆشم،
کاتێک بەپێی پەتی
هەڵدێم لە چیمەنێکی خاو دا
پڕ دەبم لە کەیف و نەشە.

**ڕۆیال ٢٠٠٤**

## پەیکەرێکم،
## ئێرەش بۆ من بۆنی سەرابی لێوە دێت

ئەدیب نادر



پرچی ئاڵۆزکاوی نەفرەت ئاواڵی ڕێیەکی دوورە
لەژێر هەنگاوی زار و زیچە نەهاتووەکاندا تۆز دەکات
لە پێخەفی ڕوانگەیەکی کەڵەفیدا
بەدوای ئەو هۆرەیەدا عەودالّم
جدەوی ڕوحی زینهارم دەکات بە هەورێکی بزر
بەڵام ئەشکەوتی ئاوابوون داڵدەی چاوەکانم دەدات
ڕۆژەکان ئەو شەوانە دەپۆشن
کە مانگ تێیاندا نادیاریی حەشاری داوە و
مێژووی پزدانیش هەمیشە هەوڵ دەدات
بە تریفە دزراوەکان خۆی ئاووس کات
.....
بەر لەمن، سەعاتەکەی دەستی دوێنێم
پەی بە خەو برد، ئاوێنەکەی سبەینێم
بە دەعجاوێک ئاشنام دەکات
ڕوخساری دەمکات بە بۆتە و بە سەرسامی لێوڕێژ دەبم
بە باڵایدا، هەناسە ڕچیوەکانی تەمەن هەڵدەواسم
ڕوخسارم تەمی دزێوی منداڵییەکی نادیارە
کتێبی پێغەمبەرێکە خۆڵەمێشی بوونی تێدا دەخوێنمەوە
.....
منداڵێکم هەتا بڵێی سۆراخ سەربزێوی کردووم
نیگەرانی گۆچانێک دەداتە دەستم،
سەرێکی دەربیجەی ئاسمان دەهێنێتە زایەڵە
خوا گوێی لێمە کە پێی دەڵێم ئاخۆ کەی نەفرەت دەبێتە
پەڕەمووچ و
پۆرترێتی منداڵیم بەجێ دەهێڵێ؟
.....
ئێوارێ دەمخاتە سەر هێڵە تەریبەکانی ڕێ
یادەوەری وێنەکانی پاییزم کۆ دەکاتەوە و
درەختە زڕەکانی ڕابردوو
کۆمەڵێ گۆی ڕەنگاوڕەنگ و شیرین دەگرن
پەیڤەکان لە تانوپۆیدا دەکاتە ئەسپی گلاوی ناو گۆڕەپانی
داستانێک
.....
لەنێوانی من و ئەوێدا داڵانێکی تاریک هەیە
لەنێو ئەفسوونی نەفرەتدا، وەکو دووکەڵ
باڵا بۆ ئاسۆ دەگرم و گۆرانی کۆچەرییەکان بەردەوام دەڵێمەوە

ئەم شەوە وەحشەتناکە
دەوری تارماییە کەسیرەکەی گیانم دەدات
قاچەکانم، لەسەر شانە ماندووەکانما ئارام دەگرن
چیدی چامەنشینەکەی جاران نیم
...
پێش ئەوەی بێم، خەونێک شەقاوەکانمی کرد بە شاباش
پێش ئەوەی بێم، پەڕوپۆی ڕەنگامەی باڵندە کوژراوەکانم
دەئاخنییە ناو هەگبە دێرینەکان و
هەواڵەی کۆچی بێ وادەی ناو ڕەشایی خەون دەبووم
لەناو جەنجاڵییەکاندا، پرسیارە کۆنەکانم
ماڵئاواییان لە کتێبی ئاگر دەکرد
وەکو ماسی خۆیان لە نەوڕەس ون دەکرد
.....
لەنێو چرچ و لۆچییە بێ وادەکاندا خۆم دەبینم
تاریکایی، گرەویدەی جیلوە میهرەبانەکانی ئەوێم دەکات
بەڵام عەرەبانەی بچکۆلەی یادەوەری
لەیستۆکی منداڵیم تێیدا خەوتووە
دەبێ لەگەڵ خۆمدا بە جادە بێ دوایی و خەڵوەتەکاندا بیبەم و
توێشەبەرەی لە ئومێد خاڵیی ئاوڕەکان فەرامۆش بکەم و
خۆم لە لێڵی بتەکێنم..
.......
ئیتر شیعر گومانی قەلەڕەشی جیلوەداری
دارستانەکانی ئاسۆیە
یەخەی پاڵتۆ بارانییە بێڕەنگەکەم دەبێتە پەرژین بۆ ملم
پاییز لە بناری گوێچکە سڕەکانم
بۆڵە بۆڵە جیرجیرەکانی هەڵدەوەرێنێ
شەهوەتی ئەو خۆرەی گەڵای زەرد ئابلووقەی دەدات
دەخەمە نێو منداڵدانی کوژانەوەیەکی خەوبین
ئەو منداڵەی هاتوو، ئەو منداڵەی کە دەشێ
ڕسکان بخاتە ناو دنیای ڕەتکردنەوە
ئاسوودە لەناو بانێژەی نەبووندا سەقامگیر دەبێت..
......
کە سیمرخەکانی سەراب
منیان گەیاندە نێو دنیای دووری بەفر و تەموتومان
ئاوەدانیی ئەندێشە پشوو سوارەکەم
لە کفنی کۆنی ماتیدا خۆی مت دابوو
ئەو کاتژمێرە بێ دڵەش
تاکە پاسەوانێکی بێداری جەهەننەمە دوورەکەم بوو
ئێشکی لە شتەکان دەگرت و
ڕووناکی تازەی کازیوەی پێ دەبەخشین
منیش دەبووم بە کوڕژنێکی بێ دوایی:
بێرە زایەڵە ئەی سەعاتە نەفرەتییە خەوزڕەکەی
عومرم پەژمووردە دەکەیت و
دەمکەیت بە چوارگۆشەیەکی لێک هەڵوەشاو
بێرە زایەڵە با ببمەوە تاپۆیەکی بێ دووکەڵ و
ئاوێزانی خۆم بمەوە..
..........
کێ ئەم هوما شپرزە و خۆ لە مەنفا هەڵکێشاوەی
ئەودیو خۆڵەمڕی دەوێت؟ ئەمە چرای دڵی منە
لەگەڵ داگیرسانەکاندا ئاوا دەبێ و لەگەڵ کوژانەوەکاندا
گیانی لە دایکبوونێکی بێ ئومێدی تیا دەگەڕێ و
پێچەوانەی ئۆرگانە ڕەنگاو ڕەنگەکان
هەموو گاڤێ، هەستی قووڵم پڕ دەکات لە ناکاملی..
ئێرەش بۆ من بۆنی دووکەڵی لێوە دێت!
ئاور کوژێنەوەکان، هەردەم جادەی خەفەتباری
ژێر سمی چارەوییەکانی تەموتومان
لە بۆ سۆی ئاژێرەکانیان ژاوە دەکەن
ئێرەش بۆ من بۆنی سەرابی لێوە دێت!
.......
شوێنە دوورەکانی منداڵی و
دەروازەی جێماوی شاری پاییزی پڕ تەلیسم
دەخەمە نێو تاسە کپەکانی ئێرە و
لەپی پەرۆشی زەمەنێک
لە دڵی خۆیدا دەیەوێت ترپەیەکی نوێ بچێنێ
نیگا دەدەم بە ئەنگوستە کوژاوەکانی پەیکەرێک
لەسەر گۆڕەپانی ئایندەی خەونەکاندا
لە خۆزگە شێت و بێ هەدادانەکانی هەمیشە دامتاشیوە
دەڵێم: پیگمالیۆن! لێوانلێوی بۆشاییەکانی عەرشی خوا
باڵا گەردانی ئەو پەیکەرەم
کە ڕوحی سەراب لەناویا درەوشانەوە هەڵدەگرێ
پێم بڵێ: کەینێ ڕوحی ئەو گەڕانەوە دەگمەنەی تێدەگەڕێ؟
.......
گڕی مەحاڵ ڕێگاکانی گەڕانەوەی هەڵکڕووزاند و
گیانی نەمری تاراوگە هاتە بەر پەیکەری سەراب
..........
پەیکەری سەراب هەر دەڵێی مەستییەکی بەردەوامە و
پەی بە ئەیاغیی سەرنوێشتی من دەبات
.........
منم پەیکەری سەرابی بەساڵداچوو
لە شایلۆغانی گوفەکە بێ وێنەکانی دەهردا
بە دووی ژەمەکانما دەگەڕێم
نەفرەت لەو ئاواڵە پێوارەی
پێکرا ژەمە برسییەکانمان دەبەشییەوە و
پێکەکانمان بە خوێنی یەک لێوانلێو بوو..
لە کەفوکوڵ و خرۆشی کارلێککردنە پەیگیرەکان
هاوکێشەیەکی سەمەرە دەهاتە بوون
دەموت: من کۆزمیکییانە دەنۆڕمە شیعر
تۆش شیعرییانە دەنۆڕیتە کۆزمیک و کات
کەواتە هەردووکمان سەرەنجامی یەک هاوکێشەین..
.......

زوقمی ئەم وەرزە ڕمۆکە
مەلووچکی ئاواتە ونەکان وشک و برینگ هەڵدەگێڕێت
لە خەونیشدا، ئیدی زەفەر بەکیژی ژێر لاسامە
ئەمازۆنییەکان نابەیت!
ئەی ئەمازۆنییە بێ ئەمازۆنەکە، کەی شیعر ئومێدێکی
دیکەیە؟
تەنها ئەوکاتەی پرچی سورفلی مەخلووقە بەترپەکەم
بە بەژنی قامکەکانمدا خۆی هۆن هۆن دەهۆنێتەوە و
ستیلی لایفەکان دەگۆڕێت
تەنها ئەوکاتە دزێوییەکان لەبەر تێڕوانیندا ئامادە و
بەرجەستە دەکات!
.......
من عاشقم، بە دووی سەعاتێکی کۆکدا
تاسەی قاچە بێ یادەکان لەنێو خشپە یەکنەواکانی
زەمەندا
بە فەرامۆشی دەسپێرم.. من عاشقم،
قەڵەمە قەوزەییەکان هەڵدەبژێرم، کەچی نووسین
تراویلکەی دووری ڕێگایە... من عاشقم،
کەچی ئەم سازە سیحراوییەی پێی دەڵێن عەشق،
ئا بەم ئەنگوستە کوورانە قەت ناژەنرێ!!
..........
کێ بە نیشتەجێ دوورەکە بانگم دەکات؟
..........
ئەو ئێوارە دێرینەی پاش سەرگەردانی
دەمامکی کرێتیمان بە ڕوخساردا چەسپی بوو
تۆ.. سەرکەوتی و درکت بە ناشیرینتر بوون نەکرد
منیش.. وەک زەرنەقووتە ڕەجاڵ بووم
خیرقەی خەمدیدەییت بینی؟ تەماشات کرد:
چەند دزێو بووین؟
........
ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی
بە دەروازەی بورکان دەچوو
پێیەکانمان ببوونە نەیاری هەنگاو و
بۆ هەڵدێری دۆژ دەگەڕان
چیدی ڕووناکی لە جادەکانی دنیا پیاسەی نەدەکرد
بێدەنگی.. بە دیوارە بەرزەکانی سەرگەردانی
سیمای وشک هەڵگەڕاوی هەڵدەواسیم
......
وتم ڕامبۆ کە لەژێر سێبەری بێ دەرەتانی تریفە
تلییەکانی نەرمییان لەبیرچووەوە و تارای سووریان
لەخۆ ئاڵاند
بیری لە ڕوحی پەیڤە جوداکان کردەوە؟
بیری لە کفنی ڕزیوی وشە کۆن و داکەوتووەکان دەکردەوە؟
بیری لە مەرگی فەرهەنگ و
بووژانەوەی بانکی ڕۆتشیلد دەکردەوە؟

.....
ئەم پەنجە متبووانە ئیتر نابنەوە ئاوەڕۆی
هەستە ئەفرێنەرەکانی گێتییەکی ڕەق هەڵگەڕاو!
.........
بەر لەمە، پەرجوویەکی زۆرم بینی
ئێستا گەرچی شتێکی فرە بچکۆلەی بێشەلانی
حەرفەکانم
لەپی هەمیشە سەخیی ئاوەکان
کەشتی ڕێ ون کردووی یادم، لەگەڵ خۆ نابات
لەناو دووکەڵێکی چڕدا، لە تەنیا باڵیی هەیڤ و
ئەو مەیموونە کاکۆڵ ڕەشە، ڕادەمێنم
کە لەنێو پێخەفە دەرکاوییەکاندا
ئاوات بە ئەرخەوانی ناو گۆڕستانێکی پڕ لە میهر
دەخوازێت!
.........
جێ پێکانم لەناو دڵی ئەم گەواڵە پاییزییەدا جێگیرن
تازە تەمەنی ئەم ڕێچکە سەمەرەیەی
ساڵەکانمان هەر هەمووی دەکات بە غوبار
کەوتۆتە نێو قەفەزە پڕ ئاواتەکەی نەنە سیسێڵ!!
......
کە دەمگوت: لەسەرهەڵدانی ئەو ڕۆژە لەمن دوورەوە
چاوی بێ ئۆقرەی ئاوڕم، بریوەتە
کۆسپەی جێماوی کەوشەنە خۆڵاوییەکان
گەڵای تۆراوی پاییزەکان دوام دەکەون
دەیانەوێ وەک مانگ ببم بە چاوی سەوزی ڕێگاکان
لەو ڕۆژەوە، هێلانەی باڵندەیەکی ناو تانوپۆی دارستانی
تاریکایی
دارەبازی دڵە بێ کازیوەکەمە
هەتا پەلەقاژەی ئەسری ڕوونی ئەو زامانە ببینم
کە لە یادما واز لە ساڕێژبوون دەهێنن
ئەو دەلاقە دوورەی قاسیدی ئەوێیە
هەرگیز بە ڕوومدا داناخرێت..
.........
من بە دووی شتێکی دیدا دەگەڕام
ئەم درەختە پیرەم لێرە دۆزییەوە
کە ئەنگوستە نادیارەکانی خوێن گەنجیان کردۆتەوە...
فۆتۆ کاڵەوە نەبووەکانی سەردەمی زووم
خستە ناو ئەلبوومێکی تر
ویستم پاییزی کێویلە لەبیری ڕوحم بەرمەوە
خستمە ناو پریاسکەی ئەو یادەوەرییە دزێوانەی
چاوەڕوانن لەناوچە نادیارەکانی ئایندەوە
بێنە ناو ئا ئەو خەونانەی لەبار دەچن..

**پاییزی ١٩٨٩ لەندەن**

# هەڵوەشاندنەوەی شەیتان

**زانا خەلیل**

وا لە تاوەرە جمکەکە دەکەم
لە ١١ی سپتێمبەر، سینگی شەق بکا.
من بە هێوریی دڵی دەردێنم و
هەر دڵۆپێک لە خوێنی هەڵدەمژم
با بۆنی جەستەشی بۆ
Jean-Baptiste Grenouille بێ..
نەبادا خاک بە بۆن و خوێنی ئەو سەوز بێ.

با دەستەکانی بۆ با بێ.
قاچەکانی دەدەینە تەیموور
کەپووی دەخەینە ناو یەکێ لە مەحرەقەکانی هیتلەر
چاوەکانی فڕێ دەدەینە قووڵایی زەریا
زمانی بۆ گۆڕەپانی نێوان جەنگاوەرانی هوتو و توتسی
مەمکیشی، ئەگەر هەیبێ
ئەوە دەدەینە پڵنگەکانی عودەی کوڕی سەدام

لەبەر یەکی هەڵدەوەشێنینەوە
هەر پارچەیەکی بۆ لایەک
بەڵام هەمدیس دەژییێتەوە
چونکە لە دەسپێکی ئەو شیعرەوە..
لە دڵۆپەکانی خوێنیم هەڵمژی..

جا من ئەو هیلاکییەم لە چییە؟
تا مرۆڤێک مابێ تۆ نامری..



**سیسرکەش ئینسانن**

پێشتر، بەچەند ساڵ ئەوجا جارێک دەگریام
دواتر هەر ساڵ و جارێک
لەو دواییە هەموو شەوێ.

لەو دواییەدا هەموو شەو گریان نا
بەڵام بە دزی منداڵەکانم فرمێسک هەڵدەوەرێنم.

شەوێک فرمێسک هەڵدەوەرێنم
لەبەر ئەوەی مێردەکەی لە تەنیشتی دانیشتووە
ناتوانم بەژنێکی دووگیان بڵێم: کەی دەزێی؟
شەوێک لەبەر یەک ڕستەی ڕۆمانێکی ٥٠٠٠٠٠ ڕستەیی.
شەوێک لەبەر غەریبی کردنی برادەرێک
کە غەریبیشی ناکەم.
شەوێک لەبەر مەشهەدی یەکێ لە دراماکان
بێ گومان ئەگەر ڕۆژ بووایە پێدەکەنیم.
شەوێک لەبەر ئەوەی وا دەزانم
ئەوە منم دنیا بەڕێوەدەبەم.
شەوێک بەس تەنیا لەبەر ئەوەی شەوە.

لە هەموو ئەو شەوانە
دەنگێک هەمیشە هەیە و
لە هەڵوەراندنی فرمێسکەکانم دەکا
دەنگی گێسک لە دەستی ژنەکەم
کە ڕاوی سیسرکە دەنێ و دەیانکوژێ..

من هەڵەبجەم دێتەوە یاد.

دەڵێم: خۆشەویستەکەم
ئەوانیش وەک ئێمە ئینسانن
مەیانکوژە
با شوێنێکیان بۆ دانێین وەک حەیوانی ماڵیی..
یا بەلانی کەم با وەک خۆمان بەخێویان کەین..
ژنەکەم دەڵێ:
لەبەر شەریفی نییە
بەڵام کحوول وا لە مرۆڤ دەکا..

من بە پێکەنینەوە: کەوابێ
بۆ مرۆڤ هەمیشە مەست نەبێ؟

# ڕۆژباش

**بەرکەن بەرەح**
**(ستەنبۆل)**



هوون هەر شەڤەق تێن
ب چاڤێن خلماش
ب خەیالێن ئەسەر
و ب جل و بەرگێن زیڤال - زیڤالی
مێڤانیا ڤی دلێ چقسپی.

هنەک ژ وە لال
هنەک ژ وە کەڕ و قۆپ
" س " یێ دکە " ش " لالەش
هوون تەڤ " ۆ " یێ دکن " وو "
ڕۆژ هەتا داوی
وەک ڤرتکان ئەم د بەرهەڤ دە نە.

هوون هەر ڕۆژ تێن
ب دیلۆکێن خوە یێن بێمراز
ب دەستێن خوە یێن خزان
و زمانێ ژبیربوویی
ب حەرکینا هەر دلۆپەک ئەڤینا من
گولەک ڤەدبە د بیبووکا چاڤێن وە دە.
وسا دلسۆز و دلتەنکن هوون
دووڕووتی و شالووسی نەبوویە پارا وە
ب دەنگ دفکرن و دڕامن
ژ گولەکێ نازکترە بەدەنا وە
گۆتنەک نەخوەش بێ گۆتن
ئاوڕەک نەخوەش بێ ڤەدان
دجەمدە دلێ من
ئاگر خوە بەردده هناڤان

هەر شەڤەک تێن
مینا پسیکەک ناڤمالی ڕوودنن
مینا کارغەزالەکێ
و گولەک جاران پاریک نان ژی نەخوارنێ

ببۆرن!
ئەز ژی دلکۆڤان و ژەهرخویرم
ڤەدشێرم خزانی و تەنگەزاریا خوە
ڤەدشێرم دودلیا خوە
ژ ڤێ ژیانا چێبووار.

لێ ببەخشینن
هەر کو هوون ببێژن " ڕۆژباش "
بێهتر بەرخوەدێر دبن
بێهتر ب ژیانێ ڤە تێم گرێدان ئەز!

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا ( شاگرتێن ئەڤینێ ) ڕووپەلێن (٤٣-٤٤) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا ٢٠٠٣ێ ل چاپخانەیا ئەنگن ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن دەزگەها (سی)یە ب هەژمارا (٢٧).**

# گۆم - دوا گۆرانی

**فێدێریکۆ گارسیا لۆرکا**
**لە ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل**

وا شەو دادێ
تریفەی مانگ
بەسەر سندانی ئێوارەدا دەدات.
وا شەو دادێ
درەختێکی گەورە خۆی بە وشەی گۆرانییەکان
دادەپۆشێت.
وا شەو دادێ
گەر تۆ بهاتبای بۆ بینینم
بە ڕێگاکانی با.
وا شەو دادێ
منت دەبینی دەگریم
لەژێر ئەسپینداره گەورەکان.
ئای ڕەشتاڵە!
لەژێر ئەسپینداره گەورەکان.



**گۆرانییەکی گێل**

دایە،
دەمەوێ لە زیو بم
کوڕم،
زۆر سەرمات دەبێ.
دایە،
دەمەوێ لە ئاو بم.
کوڕم،
زۆر سەرمات دەبێ.
دایە،
لەسەر بالیفەکەت بمنەخشێنە.
ئەوەیان ئا!
هەر ئێستا!

**قەندیل**

ئۆ! چەند بە ویقار تەئەممول دەکا
ئاگری قەندیل!
وەک شێخێکی هیندی

دەڕوانێتە ناوەخنی زێڕینی خۆی،
بزر دەبێ و خەون بە کەشێکی بێ با دەبینێ.

لەقلەقی بێ ئۆقرە
لە هێلانەکەی خۆیەوە
دەنووک لە سێبەری چڕ دەدا،
دەلەرزێ و دەڕوانێتە
چاوە خڕەکانی
قەرەجۆکەیەکی مردوو.

**ئاو، بۆ کوێ دەڕۆی؟**

ئاو، بۆ کوێ دەڕۆی؟
بە پێکەنینەوە بە درێژایی زێدا دەڕۆم
بەرەو قەراغ دەریا.
دەریا، بۆ کوێ دەڕۆی؟
بە درێژایی زێدا سەردەکەوم، دەڕۆم
بەدوای سەرچاوەدا دەگەڕێم بۆ پشوودان.
دارچنار، ئەی تۆ، چی دەکەی؟
من... لەرزین!
چیم دەوێ، چیم ناوێ،
لە زێ و لە دەریا؟
(چوار چۆلەکەی وێڵ
لەسەر بەرزایی دارچنار هەڵنیشتوون.)

**ئاوێنەی فریودەر**

سەوزە چڵی سەربەخۆ
لە ریتم و لە چۆلەکە.
سەدای نزگرەی
بێ ژان و بێ لێو.
مرۆڤ و دارستان.
دەگریم
بەرانبەر بە دەریای تاڵ.
لە نێو بیلبیلەی چاوەکانم
دوو دەریا هەیە گۆرانی دەڵێن!

**بووکی بێ وەفا**

من کە بردمە دەو زێ
وامدەزانی کچە،
کەچی مێردی هەبوو.
شەوی سانتیاگۆ بوو
وەک بەیەکەوە ڕێککەوتنێک.

چراکان کوژانەوە و
ستێرەکان داگیرسان.
لە سووچە کۆتاییەکان
دەستم لە مەمکە خەوتووەکانی دا.
لەناکاو وەک لکە گوڵە گەنم
بۆم هاتنە دەرەوە.
دوگمەی سوخمەکەی
دەنگی دەهاتە گوێم
وەک پارچە ئاوریشمێک
بە دە چەقۆ دڕابێت.
بێ ڕووناکی زیوی بەسەر بەرداخ
درەختەکان بەرز هەڵچووبوون و
ئاسۆیەک لە سەگ
زۆر دوور لە زێ، دەحەپن.

* * *

شاتوو و گەز و دڕکەکانمان
تێپەڕاند،
لە ژێر قژی زۆری
چاڵێکم لە نێو قوڕاوەکە دروست کرد.
من قەرەوێتەکەم لەمل کردەوە.
ئەو جلەکانی لەبەرکردەوە.
من قایشی پشت و دەمانچەکەم.
ئەو چوار دوگمەی سوخمەکەی.
نە گوڵە گەنم نە حەلەزوونە،
پێستیان ئەوەندە ناسک نییە،
کریستاڵیش لەبەر مانگ
ئاوا نابریسکێتەوە.
ڕانەکانی لە نێو دەستەکانم ڕایان دەکرد
وەک ماسی حەپەساو،
نیوەی پڕ لە ئاگر.
نیوەی پڕ لە ساردی.
ئەو شەو باشترین ڕێگاکانم بڕی،
بە سواری جوانەماینەکی سەدەفی
بێ لغاو و بێ هاوتا.
نامەوێ بڵێم، وەک مرۆڤ
ئەوەی پێی گوتم.
ڕووناکی لەیەکحاڵیمان
وای لێکردم زۆر خۆشحاڵ بم.
پیس بوو لە ماچ و لمدا،
لە زێ دوورم خستەوە.
شمشێری گوڵە زەنبەقەکان

لەگەڵ با شەڕیان دەکرد.
خۆم وەک خۆم مامەڵەم کرد.
وەک قەرەجێکی ڕاست.
قوتوویەکی دورمانم دیاری کرد
گەورە بە ڕەنگی کایی
نەیویست عەشقم بێت
چونکە مێردی هەیە،
پێی گوتم کەوا کچە
کە بردمە دەو زێ.

کوندەبۆ چۆن دەخوێنێ،
ئای چۆن لەسەر درەخت دەخوێنێ!
مانگ منداڵێکی بەدەستەوەیە و
بەرەو ئاسمان دەڕوا.
لەنێو ئاگردانەکە دەگرین،
قەرەجەکان، هاوار دەکەن،
با لەگەڵیەتی، لەگەڵیا.
با وا لەگەڵیایە.

**هۆنراوەی مانگ، مانگ**

**بۆ کۆنچیتە گارسیا لۆرکا**

مانگ بە هەگبەی گوڵەگەنمەوە
گەیشتە سەر ئاگردان.
منداڵەکە تەماشای دەکا، تەماشا.
منداڵەکە وا تەماشای دەکا.
هەوای بەزەیی
باسکەکانی مانگ دەجووڵێنێ
مەمکە ڕەقە قەسدیرییەکانی،
شەبەقی و پاک پیشان دەدا.
ڕاکە مانگ، مانگ، مانگ.
گەر قەرەجەکان بێن،
ملوانکە و ئەنگوستیلەی سپی
لە دڵی تۆ دروست دەکەن.
کوڕە، لێم گەڕێ سەما بکەم.
کە قەرەجەکان بێن،
تۆ لەبەردەم ئاگردانەکە
بە چاوە بچووکە نوقاوەکانتەوە دەتبیننەوە.
ڕاکە مانگ، مانگ، مانگ،
وا هەست بە ئەسپەکانیان دەکەم.
کوڕە، لێم گەڕێ،
پێ لە جلوبەرگی پۆشتەم مەنێ.

سوارەکە نزیک دەبۆوە
تەپڵی دەشتایی لێدەدا.
لە نێو ئاگردانەکەدا
منداڵەکە چاوی نووقاوە.
برۆنزی و خەواڵوو، قەرەجەکان
بەنێو دارستانی زەیتووندا دەهاتن.
سەربەرزن و
چاوەکانیان کەوتوون.

**سەرچاوە:**

**Federico Garcia Lorca**
**Todas las poemas**



# گەشتی ئێوارانی بلۆار

**ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

قەتم وەک ئەم ئێوارێیە نەدیتبوو، قەتیش باوەڕم نەدەکرد ئاوا بێ، تەنانەت ئێستاش کە بە چاوی خۆم دیتوومە. کابرایەکی دەستفرۆش و سێ چوار کوڕە جحێڵە ئاگایان لێ بوو، لەوانەی ئێواران خۆیان تیف تیفە دەدەن، بۆ چاوە چاو دێنە بلۆار. کابرای دەستفرۆش لەگەڵ هەرای شتومەکەکەی پێدەکەنی، دەموفلچی بۆ کۆ نەدەبۆوە. یەکی بۆزی چاوشین بوو، لایەک لە خلێنەی خوارەوەی نەمابوو. ددانی تەنیشتی و خلێنەی سەرێی کرمۆڵ بوون. یەکێک لە کوڕە جحێڵەکان بارانییەکی بۆری دابوو بەسەر دەستیدا، بە پەنجەی پێی لەسەر ڕیتمی دەستی ئەو ئاهەنگەی لێدەدا. وەک ئەوەی ڕێبەری سەمفۆنی بێ و سیانەکەی تریش سەیریان دەکرد و دەتریقانەوە.

پیادەڕەوەکانی بلۆار زۆر پان و بەرفراوانن. جامخانەی هەموو دووکانەکانی بە جوانترین شێوە و بە سەلیقە ڕازاونەتەوە. ئێواران دەبێتە قەرەباڵغییەکی سەیر، سەگ ساحەبی خۆی ناناسێ، ژن و پیاو لەناو پیادەڕەوەکەدا شەپۆل دەدەن. دەبێ وەک مەڕ سەربنێیەوە و وەدووی ئەوی پێش خۆت کەوی، ئەگینا دەرچوون مەحاڵە، شەپۆلی مرۆ وەبەر خۆت دەدا، ڕاتدەماڵێ. ئەگەر بتەوێ لە سووچێکەوە بچییە سووچێکی تری پیادەڕەوەکە شانت وە دەیان شانی کە دەکەوێ، لاتراسکە دەبەستی. جەماوەر چەشنی مێش لەو پیادەڕەوەدا پوورە دەدەن.

جوانترین کچ و ژنی ئەم شارە بۆ سەودا و کڕین ڕوو لەم شوێنە دەکەن. وەک ئەوەی بڕیارێکی نهێنی لە ئارادا بێ ماڵ بەدەریان کەن، دەڕژێنە ئەو پیادەڕەوانە. جوانترین جلوبەرگ لەبەر دەکەن، وەک ئەوەی بچنە شایی. هەمەجۆر ئارایش، تۆخ، سووک. بە مۆدەی جۆراوجۆر، قژە سەری ڕەنگاوڕەنگ. ئافرەتی سوور، سپی، کاڵ، سەوز، ڕەش ئەسمەر، گۆشتن، باریک، بالآبەرز، کورت، ناسک و تروسک، حەیا لە پیاو هەڵدەگرن، کوڕانیش بۆ خۆڕانان دانامێنن و چی وا لە ژنان کەم ناهێنن. سەر ڕەنگ کردن، قژ درێژکردن و دانانی ڕیشی سەیروسەمەرە، هەڵواسینی مت و

موورووی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر، تەنانەت دەموچاو هەڵگرتن و سووراووسپیاویش. بە چەشنێ کە هەڵاواردنی نێر و مێ کارێکی ئاستەمە. پیادەڕەو دەبێتە تالاری فەشن و خۆڕانان، پیادەش دەبێتە مانکەن. بۆنی عەتر و دەرمانی ژنان و ئارەقە و هاسکەهاسک بە کەلەبەرەکانی پیادەڕەودا کوولان دەکات.

چاوەکانی بەڵەکن و زەق بە قەرایی هەڵماتێک زل، بە کل دەیانڕێژێ، بۆیە گەورەتر دەکەونە بەرچاو. سەری کوڵمی خڕ و سوورە وەک تەماتەیەکی دەستەی توورت. کۆتێکی پەشمی شین، کڵاوی کاموا، جووتێک پێڵاوی چەرم کە چوار نمرە لە لاقی زلترە لەپێ دەکا، لە ڕۆیشتندا دەی خشکێنێ. سمێڵی نییە ئەغڵەب وردە ڕیشێک بە دەموچاوییەوە دەبیندرێ. دەستەکانی چکۆلەن. لاوێچی دەکات و بەرەو ڕووت دێ، دەینێتە بەر دەمت. گنە گنێک دەکات، هەست دەکەی دەمی، یان لووتی دەبێتە شارە زەردەواڵە، وزە وزێکی لێدێت. ڕەنگە هەر لووتی بێ، چون دەمی ئەوەندە ناکاتەوە کە بزانی بەدەم قسە دەکات. تەنیا چرکە ساتێک لەبەر دەمت دەوێستێ و دەڕوا. کوتە کاغەزێک، قونچکە سیگارێک لە هەر سووچێکی پیادەڕەوەکان بکەوێ، هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتە ناو سەتڵی زبڵ، یان قاناوەکان. تەنیا ئیستێک لەبەر دەمت دەوێستێ، هەر ئەوەندەی سپیایی چاوی ببینی. ملی بەلارەوە دەنێ، ڕوو دەکاتە کەسێکی تر. من ئەودەم و ئێستاش لام وایە دەتوانێ ببێتە هاوشارییەکی بەشەرەف، ئەرکی خۆی وەک سپوورێکی باش بەجێ بێنێ.

ئەو ئێوارێیە کۆتێکی پەشمی شینی لەبەردا بوو، دەستی لەناو قۆڵەکانیدا ون ببوو. کڵاوێکی کاموا و پانتۆڵێکی مۆری لەبەردا بوو. لەپڕ چاوم پێی کەوت بەسەر شانی ڕاستەیدا ڕوو لە باکوور ڕووخاو کەوتە سەرپشت. سێ چوار کوڕە جحێڵە لە تەنیشتی بوون، سەیریان دەکرد. لەگەڵ ئەوەی قەتم بەم شێوەیە نەدیبوو، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد چاوەکانی سپی هەڵگەڕێن و بە مۆلەق بوێستن. کەف هەڵخڕێنێ و وەلینگەفرتێ کەوێ.

دەیزریکاند. ددانەکانی پێکدا دەدا، ڕیچەی دەکرد. وەک ئەوەی بیەوێ هێرش بەرێ. ڕووی لە باکوور بوو دەیزریکاند. ڕەشایی کەلێنی ددانی و سپیایی ددانی هەر نیگایەکی کەمەندکێش دەکرد. چاوەکانی کل ئاوی دەتکاند، دەوری چاوی ڕەش هەڵگەڕابوو. دەستی ڕاستەی گرتبوو بەناو گەڵییەوە دەیزریکاند. وەک ئەوەی شتێک لە ژێرەوە پێوەی بدا، یان پشکۆیەکی ئاگر کەوتبێتە ناو نێفەکی پانتۆڵەکەی.

کابرایەکی بۆزەی چاوشین هێندێک وردە شتی لەسەر لێواری قاناوەکە دانابوو، هەرای شتەکانی دەکرد. زوو زوو سەری بۆ لای ئەو وەردەسووڕاند، پێدەکەنێ. لایەک لە خلێنەی خوارەوەی نەمابوو، ددانەکانی کەشی ڕەش و کرمۆڵ بوون. سێ چوار کوڕە جحێڵە لە تەنیشتی وێستابوون، سەیریان دەکرد و دەتریقانەوە. یەکیان هەنگاوێک لەوانی کە نزیکتر بوو، بارانییەکی بۆری دابوو بەسەر دەستیدا، بە پەنجەی پێی لەسەر ڕیتمی دەستی ئەو ئاهەنگی لێدەدا. وەک ئەوەی ڕێبەری سەمفۆنی بێ و ئەویش لەسەر ڕیتمی پێی ئەو ساز بژەنێ.

لەسەر پشت کەوتبوو دەیزریکاند. ددانی لە ڕیچەوە دەبرد وەک ئەوەی بیەوێ هێرش بەرێ. ئاوێکی ڕەش لە چاوی دەتکا. دەستی ڕاستەی گرتبوو بەناو گەڵییەوە دەیزریکاند. وەک ئەوەی شتێک لەژێرەوە پێوەی بدا، یان پشکۆیەکی ئاگر کەوتبێتە ناو نێفەکی پانتۆڵەکەی. ملی هەرامەکەی گرتبوو زوو زوو دەیگوشی، دەیقورسکاند. کونە لووتی هەراو و هەراوتر دەبۆوە، دەیشاند. خێرا خێرا دەستی دێنا و دەبرد، مشە دەبووە پرمە. دەیقوروسکاند. چاوی لە هیچ کوێیەک نەبوو. دەیقوروسکاند، زوو زوو ملی هەرامەکەی دەگوشی. کابرای دەستفرۆش هەرای شتەکانی دەکرد و لە بنەوە دەیوت ئای بۆ تۆزێک خۆڵەمێش. سێ کوڕەکەی تر سەیریان دەکرد، لێکیان دەچەکاند و چەپڵەیان لێدەدا. حەشامەت لەسەر سەکۆی فەشن بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون، ئیستێک دەکەوتنە بەرچاو، دواجار لەناو قاوە قاوی پیادەڕەوەکاندا ون دەبوون.

کەوتبووە لێوەلەرزە و لێک چکاندن، سووکە موچورکێک و پاشان خاوبوونەوە. سووک بوون پاش خاڵیکردنی حەژمەتێکی تاقەتپڕووکێن. هەستا سەر پێ. گوێی نەدایە هیچ، هیچ کەس و هیچ شتێکیشی نەدی. ورد لەسەر پانتۆڵەکەیەوە سەیری ناو گەڵی خۆی کرد، بۆ دڵنیایی دەستی بەسەر پانتۆڵەکەیدا هێنا. پانتۆڵە مۆرەکە تەڕایی نەبواردبووە سەرەوە. بێ ئەوەی داوای سواڵ بکا، ملی لەناو شانە کزەکانیدا حەشاردا، سەری بەلارەوە ناو لەناو پیادەڕەوەکانی بلۆاردا ونبوو.

**٢٠١٠/٢/٥**



# سوور

داستان بەرزان
(سلێمانی)

هەتاکو چەند مانگێک بەر لە ئێستا بە یەکێک لە پزیشکە قسەخۆش و گاڵتەبازەکانی شار ناوبانگی هەبوو، تەنانەت هەندێک لەو نەخۆشانەی سەردانیان دەکرد بۆ کلینکە تایبەتییەکەی، بە جۆرێک هۆگری قسە و گاڵتەکانی ببوون، پاش هەستانەوە و چاکبوونەوەشیان لە نەخۆشی، سەردانیان دەکرد و گوێیان بۆ قسە و بەسەرهاتە پێکەنیناوییەکانی ڕادەدێرا.
بەردەوام لەو چەند ژوور و هەیوانەی ماڵەکەی خۆیەوە کە بۆ کاری پزیشکی تەرخانی کردبوون، دەنگی تریقانەوەی پێکەنین دەگەیشتە کۆڵان و ڕێبوارانی سەرسام دەکرد.
پیاوێکی بە تەمەن هەبوو کە لە بەشە ناوخۆییەکەی تەنیشت ماڵمان کاری ئامادەکردنی خواردن بوو بۆ خوێندکارانی ناوخۆیی، دەیگوت: (دختۆر پیاوێکی عالم و زانایە و قسە و باسی خۆش و عەنتیکەی لایە. بونیام کە دەچێتە لای، حەز ناکات بڕوات، لەم شارەی ئێمەدا سێ چوارێکی ئاوهای تێدا بووایە، ئەوە چ پێویست بوو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانمان ئەم شار و ئەو وڵات بکەین.)
دکتۆر هەر لە تەمەنی منداڵییەوە مرۆیەکی گاڵتەبازبووە، دەگێڕنەوە هەمیشە حەزی بەو یارییانە بووە کە پێکەنین و شۆخی دروست دەکەن، لە تەمەنی لاویشدا بەردەوام لەگەڵ کتێب و کەلوپەلەکانی خوێندنیدا ئەو کتێب و نووسراوانە دەبینران کە تایبەت بوون بە نوکتە و قسەی خۆش و هەندێ جاریش ڕۆمان و کتێبە سیاسییە قەدەغەکانی ئەو سەردەمە، لەناویاندا ڕۆمانی (دایک)ی (مەکسیم گۆرگی) کە دەبوو هەر کەسێک خۆی لە قەرەی سیاسەت و ڕۆشنبیری بدات بیخوێندایەتەوە.

دواتریش لە قۆناغی خوێندنیدا لە زانکۆی بەغدا کۆلێژی پزیشکی یەکێک بووە لەو خوێندکارانەی کە لە زۆرینەی چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا کاتێکیان بۆ تەرخان کردووە، تاکو هەندێک بەسەرهات و قسە و باسی پێکەنیناوی تێدا بگێڕێتەوە.

دەڵێن هەندێک لە مامۆستایەکانی پێیان وابووە کە ئەگەر بێتو لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بێت، ئەوە ناتوانێت درێژە بە کاری پزیشکی بدات و ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە ئەکتەرێکی نمایشە کۆمیدییەکان، بەڵام لەناو هەموویاندا مامۆستایەک هەبووە گوتوویەتی بەشێک لە چارەسەری بۆ هەر نەخۆشێک پێکەنین و بەخشینی شتێک لە بەختەوەرییە بەنەخۆش، بۆیە ئەو مامۆستایە لەو بڕوایەدا بووە بتوانێت لە ڕێگەی پێکەنینەوە نەخۆشەکانی چارەسەر بکات.

لە یەکێک لە یادەکانی لە دایکبوونی سەرۆکی ئەو دەمەی عێراقدا، دکتۆر دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە سەر شانۆ و چەند بەسەرهاتێکی گاڵتەئامێز بگێڕێتەوە، ئەمیش ئەگەرچی لەوە دڵنیابووە کە ئەگەر بێتو داواکارییەکەیان جێبەجێ نەکات، ئەوە بە جۆرێک تووشی کێشەی دەکەن جارێکی دیکە چاوی بە دنیای ڕۆشن نەکەوێتەوە،.. بە هەرحاڵ داواکارییەکە جێبەجێ دەکات، بەڵام دواتر بەهۆی بوونی چەند وشەیەک لەنێو قسەکانیدا کە ئەوکات بەکارهێنانیان قەدەغە بووە، سەرانی ئەو ڕژێمە ماوەی چەند مانگێک لە یەکێک لە زیندانەکانی خۆیاندا بەندی دەکەن و دواتر بەهۆی کوردێکی دەسەڵاتداری ڕژێمەوە ڕزگاری دەبێت.

بەر لە چەند مانگێک، کاتێک بەهۆی پیاوە بەتەمەنەکەی دراوسێمانەوە چوومە لای، ماوەی چەند مانگێک بوو تووشی ئەو غەمگینییە قووڵە ببوو، کە مرۆڤ بە ئاستەم دەیتوانی لە نهێنییەکەی تێبگات و لە بەرانبەریدا تووشی تێڕامان نەبێت، ئاخر ئەو وەک باسیان دەکرد پیاوێکی زۆر لەوە ڕووخۆشتر بووە کە وێنام دەکرد، بۆ من بێ ئەندازە سەرسوڕهێنەر بوو، کە ئەو پزیشکەی بە یەکێک لە قسەخۆشەکانی مەملەکەت باسیان دەکرد، بە ڕوویەکی سارد و ڕوخسارێکی زەردهەڵگەڕاوەوە پێشوازیمان بکات و لەژێر لێوێکی وشکەوە فەرموومان لێبکات.

وابزانم هەر بەهۆی ئەو کەمدوویی و ساردی و بێ دەنگییەشیەوە بوو کە خەڵکی زۆر بە کەمی سەردانی کلینکەکەیان دەکرد، چونکە ئەو نەخۆشەکانی بە جۆرێک فێری پێکەنین و شۆخی کردبوو کە هەرگیز لەگەڵ ئەو غەمگینییە قووڵەیدا هەڵنەکەن و وەک بۆڵێک ترێ لێکترازابوون و هەریەکەیان ڕوویان لە پزیشکێک کردبوو، ئەگەرچی ئەو هەندێک جار تەنیا لە ڕێگەی پێکەنینەوە نەخۆشەکانی چارەسەر دەکرد، بەتایبەت ماوەی جەنگی نێوان ئەمەریکا و عێراق کە خەڵکی ترسیان لەوە هەبوو ڕژێمی بەعس بدات بەسەر هەرێمەکەماندا، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر تووشی خەمۆکی و تۆقین دەبوون، ئەمیش وەک عادەتێکی بەردەوامی خۆی دنیای لەبەرچاو دەکردن بە فیلمێکی پڕ لە پێکەنین، هەمیشە نەخۆشەکانی بە ڕوویەکی گەش و ئومێدێکی زۆرەوە ڕەوانە دەکرد.

پاش کەمێک دانیشتن و هەندێک قسە لە بارەی نەخۆشی پیاوە پیرەکەی دراوسێمانەوە، هەستاینە سەر پێیان بەو مەبەستەی بڕۆین، لەم کاتەدا دکتۆر بە دەنگێکی بریندار و کەمێک تووڕەییەوە گوتی: (پێکەنین هیچ نییە لە یارییەک زیاتر کە بە ماسوولکەکانی دەموچاومانی دەکەین، هەرگیز پێکەنین مانای بەختەوەری نییە، چونکە ژیان گەشتێکە لە تراژیدیایەکەوە بۆ تراژیدیەکی تر).

لەم کاتەدا من و پیاوە پیرەکە وەک ئەوەی لە نمایشێکی شانۆیی ڕامابین، تەماشای دکتۆرمان دەکرد و جار جارەش سەیری نێوچاوی یەکترمان دەکرد.

دکتۆر بە تووڕەبوونێکی زیاترەوە گوتی: (تکایە پێمەکەنن، پێکەنین تەنیا دەتانکاتە قوتوویەکی بۆشی تووڕدراو، کە چاوەڕێی ئەوەیە کەسێک بێت و بە پێیەکانی پانی بکاتەوە و لە تەنەکە خۆڵێکی بهاوێت).

ئێمە ئەوکات زۆر گرنگیمان بە قسەکانی نەدا و پیاوە پیرەکەی دراوسێمان بەسەری ئاماژەی ڕۆیشتنی بۆ کردم و ڕۆیشتین، بەڵام من وەک ئەوەی کەسێک لە ناوەوەمڕا پێم بڵێت، گەڕامەوە و سەرێکم بە ژوورەکەیدا کرد و پێم گوت: بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە لات و هەندێک قسە دەکەین.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر سەردانەکەی من و پیاوە پیرەکەدا ئێوارەیەک کتوپڕ بڕیارم دا بچمە لای دکتۆر و هەندێک قسە لە بارەی پێکەنین و غەمگینییەوە

بکەین، بە نزیکبوونەوەم لە ماڵیان و لەو مەودایەی کە چاوم ماڵیانی دەبینی، تەماشام کرد، خەڵکێکی زۆر دەرکی ماڵی دکتۆریان گرتووە، لەبەر خۆمەوە بزەیەک گرتمی گوتم: دەشێت دکتۆر بووبێتەوە بە پیاوەکەی جاران و خەڵکی بۆ پیرۆزبایی هاتبێتن، یان ڕەنگە بووبێتە خاوەنی دکتۆرایەکی تر لە بارەی پێکەنین و غەمگینییەوە، بەڵام کاتێک گەیشتمە دەرکی ماڵیان...

لەسەر قوماشێکی گەورەی سوور بە ڕەنگی سپی نووسرابوو: (پیاوێک پێکەنین غەمگینی دەکات و دەمرێت) کە بە دیواری نێوان دەرگای ماڵیان و کلینکەکەیەوە هەڵواسرابوو.

دواتریش هەر لەسەر داوای خۆی تەواوی گۆڕەکەشی لە ڕەنگێکی سوور.. سوور.. هەڵکێشرا، کە ئەگەر بەپێی سروشتی ڕەنگەکان لێت بنۆڕیبایە هێندە تۆخ بوو دەچووەوە سەر ڕەنگی ڕەش.

لە زاری ژنەکەیەوە گوێم لێبوو کە بۆ چەند ژنێکی هاوڕێی دەگێڕایەوە دەیگوت: مێردەکەم بەر لە مردنی بە چەند مانگێک زۆر بایەخی بە ڕەنگی سوور دەدا تەنانەت دیواری ماڵ و کلینکەکەشی لە ڕەنگی سوور هەڵکێشابوو، جلوبەرگ و پێڵاو و تەواوی کەلوپەلەکانی لە ڕەنگی سوور دەکڕی، چونکە پێی وابوو ڕەنگی سوور هێمایە بۆ ئەو غەمگینییەی کە مرۆڤی تێدایە، تەنانەت لە هەندێک شوێندا وەک تیۆریستێک لە بارەی سیمای ڕەنگەکانەوە دەدوا و دەیگوت: گومانم لەوەدا نییە مرۆڤ دروستکراوێکە لە غەمگینی پێکهاتووە، بە بۆچوونی منیش سوور هێمایە بۆ غەمگینی، لە ڕووی فەسلەجیشەوە بەشێکی زۆری لەشی مرۆڤ لە گۆشت و خوێن دروست بووە، گۆشت و خوێنیش سوورن، زۆرینەی کات دەروونی مرۆڤ سوور دەخوازێت، بۆ سەلماندنی ئەمەش تەماشاکە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە جەنگی خوێناوی، ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە ئارەزووی بۆ سوور نەبوایە، ئەم هەموو جەنگە نەدەبوو.

ژنەکەی ئەمەی دەگوت و لەبەر خۆیەوە دەکەوتە ورتە ورتێکی نائاسایی، وەک ئەوەی بەشێک لە قسەکانی لە ناوەوەی خۆیدا تەواو بکات، هەربەدەم ئەم قسانەشەوە هۆن هۆن فرمێسکی سوور بە چاوانیدا دەهاتنە خوارێ.



# ئایناز

ک.د. ئازاد
(بانه)

پازده ڕۆژ، له هەوەڵ مانگی پاییز تێپەڕیبوو که زانستگای ئێمەش کرایەوە!
شوێنی خوێندنم زانکۆی فەلسەفەی زانستگای تەوریز بوو! هەوەڵ ساڵی خوێندنم بوو!

* *

پۆلەکەمان بە منەوە سی خوێندکاری هەبوو کە حەڤدەیان کچ و سێزدەیان کوڕ بوون!
هەر لە یەکەم ڕۆژی خوێندنەوە، لە نێوان خوێندکاراندا بوو بە مشتومڕ!
«فەلسەفە،خۆی وانەی کێشەیە!» ئەمە قسەی یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆ بە ناوی « دکتۆر خەزایی» بوو!

* *

نازانم بە هۆی لێوەشاییی، یان زیاد لە حەد ئیشتیای خوێندنم بوو، یان شتێکی تر، کە لە لایەن هەموو مامۆستایانی زانکۆ بە چاوی ڕێزەوە چاوم لێ دەکرا! بەڵام ئەو ڕێزەم لە نێوان هەموو هاوپۆلەکانمدا نەدەدی!چەند کەسیان دەگەڵ بۆچوونەکانمدا بەربەرەکانیان دەکرد، بە تایبەت نەویستەکانم زۆرتر کوڕ بوون!

لە نێو خوێندکارەکاندا ««ئایناز» » بۆ من لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر بوو!«ئایناز» خەڵکی «مەرەند» بوو!کچە تورکێکی جوان و ڕەزاسووک! بۆ کەس هەبوو بۆ یەکەم جار بیبینێ و هۆش و دڵی بە یەکجاری نەداتێ!

ڕۆژێک لە نێوان من و چەند خوێندکاری تری پۆلەکە سەبارەت بە فەلسەفەی کۆن و نوێ بوو بە کێشە! مامۆستاکەمان، «دکتۆر بایرامی» ، خۆی ئەو کێشەی ساز دابوو تاڕادەی موتاڵا و زانیاری ئێمە بزانێ! من تەنیا بووم و ئەو شتە زەق و ناڕێکانەی فەلسەفەی کۆن و نوێ و گەواهیراتی فەلاسیفەی هەر دووکیانم باس دەکرد و بە توندی بەرگریم لێ دەکردن و ڕەتم دەکردنەوە!

ئەوانی تر پێنج کەس بوون ؛ سێ کوڕ و دوو کچ! کە بە بڕوای من هیچیان پێ نەبوو! ئیللا ئەوە نەبێ نانیان بە قەرز دەدا بە یەک! پۆلەکە لە نێوانی کێشەی ئێمەدا بێ دەنگ نەبوون!چوون من کـــورد بووم، زۆربەیان لایەنگری ئەو پێنج نەفەرەیان دەکرد و دەکەوتنە گێرەشێوێنی!

ئوستادەکەمان، زۆر جاران بە بزە و بە وتنی ئافەریم، قسەکانی منی پەسەند دەکرد! بەڵام سەیر بوو کێشەکە تا دەهات زیاتر پەرەی دەستاند و کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە کێشەی فەلسەفی دەبوون و من وەک نەیار و دوژمنێک، چاو لێ دەکرام!

لەو هەنگامەیەدا «ئایناز» هەستا و بە دەنگێکی بەرز گووراندی: عەیبە بۆ ئێوە (ڕوو لە پێنج نەفەرەکە)! هیچتان پێ نییە و هەر لە ڕوو ناچن!ئەوەتا ئەم کوڕە کوردە بەوپەڕی بڕوا بەخۆیی و هێنانی بەڵگە و قسەی ڕەوا، ئێوە و بۆچوونەکانتان ڕەت دەکاتەوە! چوون توانای بیستنی قسەی حەقتان نییە، هەر بە ناوی کورد و تورک و شتی بێ ناوەرۆک هەمووتان کەوتوونەتە لایەک و ئەویشتان خستۆتە لایەکی تر!

«دکتۆر بایرامی» خۆی پێ نەگیرا و هاواری کرد : «ئافەریم خانمی «ئەسکەندەری» (ناوبانگی ئایناز)!

بە ڕاستی تۆ لە سەر حەقی!بژی »!

پۆل لە یەک ساتدا وەرگەڕانەوە سەر قسە و باوەڕەکانی من!

کاتی پشوو، چووم لە نزیکەوە سوپاسی «ئایناز» بکەم!

دەگەڵ سێ کچی تر بوو! هەموویان تورک!

– سڵاو!

– سڵاو!چۆنی ؟

– سوپاس بۆ تۆ «ئایناز»! تۆ بە ڕاستی کچێکی نەترس و بە جورئەتی!

– من دروستە فەلسەفە دەخوێنم، بەڵام کچێکی مەنتقیم! تۆش بە ڕاستی لەسەر حەق بووی! حەق نەبوو ئاوا هێرشت بکەنە سەر!

هەموو وێکڕا پێکەنین!

* *

«ئایناز» ، کچێکی دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو! دەموچاوێکی ڕوون و گەش، دوو چاوی ڕەش، دەستەیەک قژی ڕەش و جوان لەسەر ناوچاوانی دەخزانە خوار و ئەویش زووزوو لای دەدان! گفتوخۆش و ڕەزا شیرین بوو!باڵایەکی مام ناوەندی و تۆزێک گۆشتن!

تا زیاتر لە ناو پۆلدا کێشە زیاتر دەبوو، «ئایناز» زیاتر لە من و بیروبڕواکانم نزیک دەبۆوە!هەر کاتێک مەسەلەیەک ڕووی دەدا و کێشەیەک لە نوێ ساز دەبوو، من لەناو جەغزی کێشە دابووم! هەمووش دەیانزانی «ئایناز» هەمووکات لە لای منە و لەسەر من و بیروباوەڕەکانم هەڵ دەداتێ!

زۆر جاران نیگا جوانەکەی لە کاتی دەربڕینی هەست و باوەڕەکانی لە چاوانم دەڵقا! بە خۆم نەبوو، بە تامەزرۆییەوە لێم دەڕوانین و غەرقیان دەبووم!

ئەم باس و خواسە لە مانگەکانی هەوەڵدا ئاسایی و لە دوایە وەک عادەتێکی لێهاتبوو! من و «ئایناز» بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێ شان بە شانی یەک، قۆناغەکانی خوێندن و خۆشەویستیمان، دەبڕی!

سەیر ئەوە بوو؛ هەموو هاوپۆلەکانمان وەک دوو دڵدار دەیانناسین و کەس بە سەیری نەدەزانی!

* *

«ئایناز» وردە وردە دەخوشیە ناو گیانم!زۆر جار کە دەچوومەوە بۆ شارەکەم، وەڕەزبییەک گیانی دادەگرتم کە تەنیا دیتنی دووبارەی «ئایناز» دەیڕەواندەوە و بەس!

– ئایناز!

– بەڵێ!

– لە بێ تۆییدا من زۆر وەڕەزم!بێ تۆیی بۆ من وەک مەرگ وایە!

– منیش کە تەنیا دەبم هەر بیر و هۆشم لای تۆیە!منیش هەست دەکەم بێ تۆ ناژیم!

* *

– ئایناز؟

– گیان!

– بڵێی کەسوکاری تۆ کێشەمان بۆ ساز نەکەن ؟ بڵێی کەسوکاری من ...؟

– ئەوەی گرینگە بیروڕای من و تۆیە و بەس!نازانم بۆ، بۆخۆمان کێشە ساز دەکەین؟

– خۆشم دەوێی!

– منیش بارتەقای کێوی سەهەند خۆشم دەوێی!

* *

– «ئایناز»ت زۆر خۆش دەوێ؟

باوکی ئایناز منی خستبۆ بۆسەوە!

* *

بە پێشنیاری «ئایناز» لە کۆتایی ساڵی سێی خوێندنماندا سەردانی مەرەندمان کرد و منی دەگەڵ خانەوادەی ئاشنا کرد!

ئێستا من و باوکی دووبەدوو لە هاڵەکە دانیشتبووین و «ئایناز» و دایک و خوشکە چکۆلەکەی خەریکی ساز کردنی شێو بوون!

باوکی ئایناز پیاوێکی زانا و لەسەرەخۆ بوو!

«چی جواب دەمەوە ؟»

– ڕاستییەکەی من و ئایناز ....

نەمتوانی ڕستەکە تەواو کەم!باوکی «ئایناز» واتە ئاغای «ئەسکەندەری» هاتە فریام!

– تۆ و ئایناز یەکترتان خۆش دەوێ!

هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا!

– بەڵێ! قوربان!

دایە قاقای پێکەنین! بەڕادەیەک قاقایەکەی بەرز بوو کە «ئایناز» و دایکی بە سەرسوڕمانەوە هاتن بۆ لامان و وێکڕا پرسیاریان کرد:

– چییە؟ چ قەوماوە؟

من ڕەنگ بە ڕوومەوە نەمابوو! شانێکم بۆ هەڵتەکاندن و ئەوانیش ڕووی پرسیار و نیگایان کردە ئاغای «ئەسکەندەری» !

– نە ئۆڵب؟(چ بووە؟)

– هیچ زات!(هیچ شتێ!)

وازیان نەهێنا! ئاغای «ئەسکەندەری» بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– ئەم کوڕە کوردە پێی عەیبە باسی خۆشەویستی بکا! بە ترس و لەرزەوە لە جوابی پرسیارەکەمدا دەڵێ کە «ئایناز»م خۆش دەوێ!

هەر سێک دایانە قاقای پێکەنین!

زۆرم پێ سەیر بوو!

لە وڵاتی من کام گەنجە دەیتوانی لە لای باوکی خۆشەویستەکەی ئاوا بە ڕاشکاوی بڵێ کە کچەکەتم خۆش دەوێ!

لە خەجاڵەتیان سەرم داخستبوو و دەشمزانی لە شەرمان ڕوومەتم وەک چەوەندەر، سوور بۆتەوە!

دایکی «ئایناز» هات و لە لام دانیشت! لە کاتێکدا ئاماژەی بە ئاغای «ئەسکەندەری» دەکرد وتی:

– من و عەلی ڕەزا(ئاغای «ئەسکەندەری» ) حەوت ساڵان یەکترمان خۆش دەویست و نەماندەوێرا لای کەسوکارمان بیدرکێنین! حەوت ساڵی پڕ کارەسات کە هەر باسی ناکرێ! تا بە هەزار کێشە بە یەک گەیشتین! بۆیە بەڵێنمان دا هەر کەس کچی ئێمەی خۆش بوێ بە گیان و بە دڵ یارمەتی بدەین! ئێستا زۆر خۆشحاڵین کچەکەمان کوڕێکی وەک تۆی خۆش دەوێ و جێی شانازیشە کە تۆ سەرەڕای هەموو کێشەکانی نێوان کورد و تورک وازت لە خۆشەویستییەکەت نەهێناوە!

– وەڵڵا بڵێم چی؟ من ساتێک بێ «ئایناز» ناژیم!

باوک و دایکی ئایناز؛ «سەکینە خانم» و ئاغای «ئەسکەندەری» ، هەردووکیان منیان ماچ کرد! لەو بەینەدا «ئایناز» بزەیەکی شیرینی لە سەر لێو بوو کە ڕادەی خۆشی و بەختەوەری ئەوی نیشان دەدا!

* *

کتێبی خۆشەویستیمان، لاپەڕەیەکی تری بۆ هەڵدابووینەوە! پڕ لە کامەرانی و خۆشی! هەرچی بە بیرمان دادەهات و دەمانویست بۆمان ئامادە بوو! ئای خوایە گیان ئیتر چیمان بوێ!؟ شوکور تۆ هەموو شتێکت پێ داوین! منیش باوک و دایک و کەسوکارم لەو دڵدارییە گەیاندبوو! هەردوو لاش چاوەڕوان بوون کە من خوێندن و سەربازی تەواو کەم!

* *

– فەلسەفەی ئیسلامی و ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی، هەرهەمووویان لە بنەڕەتڕا یەکن! ژێرخان و ژێر بەنای هەموویان یەکە و لە یەک سەرچاوەیان هەڵێنجاوە!

«دکتۆر هومایونی سەعادەت»مامۆستای فەلسەفەی ئیسلامی قسەکەی پێ بریم و پرسی:

– ئەی جیاوازییان لە کوێدایە؟

– مامۆستا! جیاوازیان لە ڕووکەش و ڕووبەنایەکدایە کە ئێمە دامانناوە! ئەگینا فەیلەسووفێکی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە بوون و فەلسەفەی مان و مردن هەر بەو شێوەی بۆ دەچێ کە فەیلەسووفێکی ڕۆژئاوایی، یان ئیسلامی! بەڵام یەکیان یاساکانی مەعنەوی و نادیاری یەزدانی بۆ جوابی زۆر پرسیاران باس دەکا و یەکێکی تر لە سروشت و کەرەسەکانی ماددی کەڵک وەردەگرێ و لە

ئەنجامدا جوابەکە یەکە!

«دکتۆر سەعادەت» کە قسەکانی منی بەلاوە خۆش بوو، رووی لە پۆلەکە کرد و وتی:

- ئێوە ڕاتان چییە؟ دەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەمیریدا دەڵێن چی؟

خێرا پۆل وەک هەمیشە بوونە دوو دەستە! بەشێکیان پشتیوانییان لە من دەکرد و بەشێکیان دژی بۆچوونەکانی من دەستیان کرد بە قسە!

- تۆ ڕات چییە خانم «ئەسکەندەری»؟

یەکێک لە قوتابیان هەڵیدایە و وتی:

- دیارە قوربان ئەو کتومت ئەمیری قەبووڵە! بە هەموو بیروباوەڕەوە!

«ئایناز» مۆرەیەکی لەو قوتابییە کردو هەستا سەر پێ و رووی کردە مامۆستا و پۆل و وتی:

- لە خۆوە خۆتان بەو مشتومڕەوە سەرقاڵ دەکەن! دیارە ئاغای ئەمیری هەر بۆچوونێکی بێ، هەموو مامۆستاکان لێیان وەرگرتوە و قەبووڵیان بووە! چونکە ئەمیری لەخۆوە قسە ناکا و لە فەلسەفەش جوانتر و باشتر لە ئێمە حاڵییە! هەموو فەلسەفەی کۆن و نوێی لەبەرە! وانییە ئاغای دکتۆر؟

«دکتۆر سەعادت» تۆزێک ڕاما! ئەو دڵ و جورئەتەی «ئایناز» تاساندبووی، پاشان وتی:

- «ئەسکەندەری» ڕاست دەکا! تا ئێستا زۆر قوتابی باشم بوون، بەڵام ئەمیری شتێکی ترە!

پۆل بە جارێک شڵەژا!

* *

خۆشەویستی «ئایناز» ، زۆربەی هاوپۆلەکانی دەگەڵ من کردبووە دۆست! لە ساڵی چواردا - کە ساڵی کۆتایی خوێندنمان بوو- لە هەرجێیەک دەردەکەوتین، دەگەڵ پێشوازی هاوپۆلەکانمان ڕووبەڕوو دەبووین! جۆرێک خۆشیان دەویستین کە خۆمان سەرسام دەبووین! ئەگەر بە یەکەوە لە شوێنێک دادەنیشتین، ئەو شوێنەیان بە ئێمە دەسپارد و بۆیان خەڵوەت دەکردین! تا لە کافی شابدا شتێکمان دەخوارد و هەڵدەستاین حیسابی بکەین، زووتر بۆیان حیساب کردبووین! سەرسامی ئەو خۆشەویستییە بووین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوینمان پتر گەشەی دەکرد!

* *

«فەلسەفە، گەلان بە گشتی و مرۆڤ بە تایبەتی لە یەک نیزیک دەکاتەوە!ئێوە نوێنەرانی فەلسەفەی ئێستان! دەبێ بڕۆنە ناو دڵی کۆمەڵگاوە و ببنە ئاڵقەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیران و گەلان و خەڵک»!

دکتۆر خەزایی ئەمەی وت و ڕای گەیاند کە:« ئەوە دوایین وانەی منە و پاش تاقیکاری کە دڵنیام هەمووتان سەرکەوتوو دەبن، ئیتر ڕەنگە نەتانبینمەوە و هەرکامێکتان لە شوێن و شاری خۆتان دەبێ وانەی فەلسەفە بخەنە ناو دڵی خەڵکەوە!»

* *

دوایین ڕۆژەکانی خوێندن، وەک خۆری دەم کەل، بە پرتاو تێدەپەڕی و هەموومان لە یەک کاتدا هەم شادمان و هەم خەمناک بووین! شادمان، کە خوێندنمان بە سەرکەوتوویی کۆتایی هێناوە و غەمگین، کە لە یەک دادەبڕێین و ئەو پۆلە خۆشە و ئەو مشتومڕ و وانە بەرزانەی ئوستادەکانمان نابینینەوە!

* *

- ئایناز!

- گیانەکەم!

- من زۆر دەترسم!

- منیش هەروا! بە دووری تۆ ڕانەهاتووم! چ بکەم؟

* *

شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو. چووم بۆ سەربازی! پاش سێ مانگ لە بەرەکانی جەنگدا من و چەند کەس لە هاوسەنگەرانم بە دیل گیراین! ناوی ئێمە لە خاچی سووری نێودەوڵەتیدا تۆمار نەکرابوو! کەسوکارمان نەیاندەزانی ماوین، یان مردوو. ئێمە بێ سەرو شوێن بووین و وەک شەهیدی بەرەکانی جەنگ لە قەڵەم دراین!

بنەماڵەی «ئایناز» پاش چەند جار پێوەندی دەگەڵ ماڵی ئێمە، ئەوانیش هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە من نەماوم!

پتر لە چوار ساڵ دیلی ئۆردووگایەکی بەعس بووین! لە باشووری بەغدا! لەوپەڕی ناڕاحەتیدا! بێ ناوونیشان و بێ سەروشوێن!

پاش گەڕانەوەی دیلەکانی شەڕ ئێمەش هاتینەوە. لە کاتێکدا نە ئاگامان لە کەسوکارمان بوو، نە کەسوکارمان دەیانزانی ماوین!

هاتنەوەمان دەگەڵ خۆشی لە ڕادەبەدەری ماڵ و کەس و

دۆستـــــمـــــان رووبەڕووبوو! دوای چەند ڕۆژ هەواڵی «ئاییناز»م لە برا و خوشکەکانم پرسی! ئەوان وتیان دوای دوو ساڵ تەلەفۆن و هاتن، ڕەنگە بڕوایان هێناوە کە تۆ نەماوی و وازیان هێناوە!

نەمهێشت کەس، ئاگاداریان کا! هەستام و چووم بۆ مەرەند!

هەر کە لە تاکسی دابەزیم و چوومە ناو کۆڵانەکەی مـــاڵی «ئاییناز» ، لە دوورەوە «ئاییناز» م دی دەگـــەڵ پیاوێکی هاوتەمەنی خۆم لە ماڵی باوکی دەهاتنە دەر!

خۆم لە پشتی ماشێنێک مەڵاس دا تا دوور کەوتنەوە.

کـــە ئەوان ڕۆیشتن لە زەنگی مـــاڵی ئاغـــای «ئەسکەندەری»م دا! پاش ماوەیەک، «سەکینە خانم» دەرگای کردەوە! نەمگرتبا هەر لەوێ وەعەرزی دەکەوت!

چووینە ژوورێ، ئاغای «ئەسکەندەری» دەستەکەمێکی لە ژنەکەی نەبوو!

– ئێمە بیستمان تۆ کوژراوی!

– ڕووی مردن ڕەش بێ! درۆ بوو! نەیاندەهێشت دەگەڵ مـــاڵەوەمـــان پێـــوەندی بگرین!.... ڕاســـتی «ئاییناز» کەسێکی دەگەڵ بوو...

هەردووکیان چاویان لە یەکتر کرد!

– کــوڕم ئەوە ئامـــۆزای خـــۆیەتی و تازە زەمـــاوەندیان کردووە! دەیەویست تا ماوە شوو نەکا! ئێمە زۆرمان لێ کرد! وامان زانی تۆ نەماوی!

بە خۆم نەبوو! لای ئەوان تێروپڕ گریام! ئەوانیش وەک من لە بانگ و ڕۆڕۆیان دا!

– ئێـــوە دایک و باوکی منن! من دەڕۆم. تکایە با «ئاییناز» نەزانێ هاتووم! با هەر وابزانێ لە شـــەڕدا کوژراوم و نەهاتوومەوە! ئاوا باشترە! با ژیانی لێ تێک نەچێ!

* *

حەڤدە ساڵ لەو ڕووداوە ڕابردووە! ژنم هێناوە و منداڵم پێگەیشـــتوون!لە ژیان ڕازیم و ژنەکـــەم باش تێم دەگـــا! بەڵام ئێستاش کاتێ ئاهەنگ، یان گۆرانییەکی ئازەری دەبیسم، ڕێژنەی فرمێسکم دادەبارن!

**هاوینی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز)**



# ل بەندە تاڤەکێ

**ڕۆنی وار**
**(دیریکا چیایی مازی)**

پێشی، عەور تاری بوو، قاسی تارێتییێ ئاڤس. دڤیا بزا. دوو رە برووسک ڤەدا، ئاسیمان ڕۆنی بوو، عەور قەلشی و پزۆتێن ژ ئێگر مینا شیشەک سۆر خوە بەرا ژێر دان. پێ رە چلۆپەکێن بارانێ نوقتین. هێدی هێدی خوە ئاڤێت سینگا عەردێ. ئاخێ ئەو گرت، همێز کرن، کشاند ناڤا خوە و شابوو.

چەنداکی مژێ خوە ل دەردۆر لەفاند. مینا زارۆکەکی پێچەکێ کو هەو دەنگێ بێهنڤەدانێ ژێ بێ، دنیا پێچا. ژ نقە

– نقا بارانێ یی ل عەردێ دکەت پێ ڤە تو دەنگ تونەبوو.

ئێدی با مژ دابوو بەر خوە. ب وندابوونا مژێ رە، باران مینا ژ کووزان بڕژە دباریا. ب فیزگە – فیزک و فیکاندنا با رە چڤیکەک ب چەرپینی ل جاما کالۆ کەت:

– واخ! تە ژی مینا من هێلین وندا کریە.

بێحەمد ئەڤ پەیڤ ژ ناڤا لێڤێن وی حەرکین. کزینی ب کەزەبا وی کەت. گوندێ وی هات بەر چاڤان. کەسەرەک کوور کشاند. دەستێ مابوو چەرم و هەستی لەرزین، بێحەمد درێژی قوتییێ بوو. ڕاهشتێ. ب دەستێ دن چەند جارا ل کێلەکا وێ خست. پشتی پێچانێ، جغارەک مینا قورمەکی د ناڤا تلیان دە سۆر دکر ب هلم ژێ کشاندنێ رە. دوو د ناڤا سمبێلێن قالند رە بەرژۆر دبوو و ل ناڤا ئۆدێ بەلاڤ دبوو:

– بەلا کو مە بێندەرا خوە ل هەر بایی شکاند ئەم ل پەی جیرانان مان و پاییزێ گرت سەر مە. لۆما نها شاخێ فرێزێ گیهاشتیە مە.

ئاورێن وی ل هوندر گەڕیان. چوون قەلیشتۆکێن هێتێ خانی گرتن. ل ور سەکنین. ژ ور دان ڕێ خوە گهاند کێلەکا

گولا سۆیێ. جهێ شل و نەداوی دیتن. پێ رە ژ ور ژی حەرکێن جهێ شل و نەداوی پێ دن. د داویێ دە هات سەر دەرابا جامێ. ل ور هەڤیرێ کو پیرێ ژ دێڤلا ماهچوونێ بکارانیبوو دیت. پێشی چپکێن بارانێ سەکناندبوو، دوو رە خوە ل بەر نەگرتبوو و خوە ژێ بەردابوو. هنەک ژێ ب هێتێ دیوێر ڤە حەرکیبوو هەتا ژێر.

– ئەو کۆزخێ مە، تەڤا تەخت و بەشت بوو و ب هەرێ هاتبوو سەیاندن ژی ئەڤ بۆبەلات لێ تونەبوو و ژ مە رە ستار بوو. یا ئوجاغێ بوویێ تو ژ سەرسەبەبان رە نەهێلی!

دیسا گوند ئەو بەر ب خوە ڤە دکشاند. هەر چقاسی ل باژێر دژیا ژی دلێ وی ، هەست و رامانێن وی، هێڤی هەوەسا وی ل سەر گوند بوو:

– گەلۆ نها ئەو چ دکن د ڤێ قیامەتێ دە؟ نزا نها ل کوو سترینە؟ تێرن برچینێ؟

ب سەرباکی تەڤلیهەڤ د خەورە چوو. د نیڤێ شەڤێ دە گاڤا ب خوە حەسیا، ژانێ ددا دلا. دەستێ وی یێ راستێ ئێشەک نەدیتی کەتبوویێ. با پیرێ کر و گۆت:

– تو دبێژی قەی بایێ سۆر ل من ختیە.

– هێ... تە گۆت چ؟

– کەچێ بایێ گویزانا کەتیە دەستێ من. تو دبێژی قەی هەستیێ من دحەلن. تەباتی نایێ من. کا وی جرێتی ژ من رە وەرین.

پیرێ رابوو، پشت خووز و دهەژیا. چوو جرێت ئانی. دەستێ راستێ ل ژۆری تلیکا گردکێ وەرمیبوو. ژ دەوسا جرێت خوین نەدهات. گاڤا هاتبوو گوڤاشتن هەو چەند نقوتێن رەش مینا خوینا گەنا ژێ حەرکیبوو. پشتی جرێت لێدانێ هەڤیر لێکر نەبوو، خست ناڤ ئاڤا سووراڤکێ نەبوو، پیڤاز کوتا دانی سەر، ب حبرییەک شوورکی یا کەڤن پێچا. شەوات کێم نەدبوو. ب ڤی هاوی لێ بوو سبەه.

نها ئەو عەورێن رەش و تاری، ئەو مژا دەردۆر ونداکری، ئەو بارانا خورت یا ب لەز خوە ل ژێر گرتی و ئەو بایێ ب فیکاندنێ رە دنیا گێژکری وندا بووبوو. ل شوونا خوە تاڤەک تێن گەرم، خوازەیەکە ل بەر چاڤ راخستی، ئاسیمانەکی ب عەورێن سپی خەملاندی و ئاخەکە کو کەلدوومان ژێ دفووریا هشتبوو:

– ژیان چ عەجیبە، دنیا چ عەجێبە، مرۆڤ چ عەجێب نایێن فێمکرن.

کالۆ گۆپال د دەستێ چەپێ دە پشت خوول، ب لاشێ خوە یێ حەلیایی مینا پەلێ جغارێ ل با دبوو و دمەشیا. چەند گاڤا جارەکێ دسەکنی، بێهن لێ دچکیا. تەڤلی ڤی حالێ خوە ژی تە دگۆت قەی ل هوندر گور بەرا ددێ نەدخواست ل هوندر و جهێ گرتی بمینە. چاوا تاشتێ دخوار خوە دئاڤێت ژ دەرڤە:

– خوەزی من بدیتا. خوەزی عەمرێ تێرێ بکرا. نا لۆ ما ئەز گەدە مە کو بەری دیتنێ بار بکم ژ ڤێ دنیایێ. دڤێ هلێ ئەو تاڤ و ئەز ببینم.

ئەو رەوشا خوەزایێ یا دۆهـ بێهن لێ چکاندبوو. دوو رە ب سەر دە ژی ئێشا کو کەتبوو دەستێ وی ئەو ژ حالدە خستبوو. ڤێ سبەها خوەش حەبەکی بێهنا وی ئانیبوو بەر. دمەشیا.

چەرخی، ب قامێ ڤە هات عەردێ. کەت ناڤا چراڤێ. د هلما داوی دە ژی ل وان، ل گوند و وێ رۆژا کو ب حسرەتا وێ ڤە دنالیا و ل شاخێ فرێزێ دفکری.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن کوردی) رووپەلێن (٢٠٥ – ٢٠٧) هاتیەوەرگرتن، کو ژ ئامادەکرنا (ئایهان گەڤەری) یە و چاپا وێ یا یەکێ ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل ستەنبۆل بەلاڤبوویە. هەژییە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس (رۆنی وار) ل سالا (١٩٦٩) ل گوندەکێ دیریکا چیایی مازی ژدایکبوویە. بەرهەمێن خوە یێن ئەدەبی ب هەردوو زمانێن کوردی و ترکی بەلاڤ دکەت.**

**«رامان»**



# لەژێر پڕشەنگی خۆرەتاو، لە بیاباندا

**ئارەش سەنجابی**
**لە فارسییەوە: کەژاڵ سالحی**
**(بۆکان)**

هەر تەگەری کەم بای وانێتەکە کەوتە نێو قوڵکە و چاڵی ڕێگا، مەیتەکان جووڵان و لەگەڵ جووڵانەوەی مەیتەکان شانیان وێک کەوت، تاقمێکیان کە لەسەرترەوە بوون شانیان گۆڕی، ئەوانەی لەژێرەوەدا بوون لە ژێر تەوژمی ئەوانەی سەرێوە قورساییان ڕێنیشت و لە دەمیانەوە کەفێکی زەرد ڕژایە دەرێ، ئەوانەش کە گەرمە برین بوون خوێناو لە لەشیانەوە فیچقەی کردە سەر تەختی وانێتەکە.

هەتاو سووتێنەرە و گەرمای دیواری ئاسنینی وانێتەکە لە هەتاو بەتینترە. بۆنی عارەقەی لەشی مردووەکان لە بۆگەنی لەشیان پیسترە. خوێنی تازە هەڵمی لێ هەڵدەستێ و وێڕای بۆنی عارەقەی مردووەکان لە بیاباندا بڵاودەبێتەوە.

وانێتەکە وەک ژنێکی پێ و مانگی خۆی بێ، بە هێوری بە تەگەرەکانی خۆڵی ڕێگاکە شەقار شەقار دەکا و لە بیاباندا دەچێتە پێش. دڵۆپە ڕەشەکانی چڵک و خوێنی دەڵەمە بەستوو کە لەگەڵ میز و عارەقەی مردووەکان تێکەڵ بووە لە درزی مابەین دەرگا و تەختی وانێتەکەوە چۆڕە چۆڕ دەچۆڕێتە سەر عەرز.

"بێ شک سێ کاتژمێرێک دەبێ لێرەین. هەوا زۆر لە دوێنێ گەرمترە، هێندە گەرمە هەر دەڵێی ئاور دەپڕژێننە سەر لەشمان. هەموومان شەلاڵی عارەقەین. من کەوتوومەتە سەر ملی مستەفا، مەیسەم و مەهدیش کەوتوونەتە سەر من. بێ حاڵ خۆیان درێژ کردووە لەسەر لاق و سینگم. پشووم سوار دەبێ و ماندووم، بەڵام بە شێوەیەکیش هەست بە سووکباڵی دەکەم."

سەربازەکە قامکە قوڵە و ئەستوورەکانی ناشیانە لە فەرمانەکە (سوکانەکە) دەسوێ. لەگەڵ هەر سووڕانێکی

فەرمانەکە سەربازەکە بەلادا دێ و وانێتەکە دەخزێتە شانی ڕێگا و هێند هێور دەڕوا بێ ئەوەی پێویستی بە تورموز (ستۆپ) بێ بۆ خۆی ڕادەوەستێ. گوربانەکە بە سووچی کڵاوەکەی دەموچاوی ڕەش و تاوەسووت و بلۆق کردووی خۆی باوەشێن دەکا، بای گەرم لە نێو وەتاخی وانێتەکەدا دەبزوێ و بۆنی مردووەکان بڵاودەکاتەوە. قومقومەی ئاوەکەی لە نێو ئەو پەڕۆیەی تێوەی پێچراوە و لە داشبۆردی ماشێنەکە دەردێنێ. کرە کرە ژێر مل و ڕانەکانی هەڵدەکرێنێ. هەموو گیانی سووتاوەتەوە. ئاو دەخواتەوە. سەربازەکەش هەروەتر.

– وەک ئاوی کوڵاوی لێهاتووە... دەڵێی سەد پلە لە سەرووی سەدەوەیە... ئەوانەش چ بۆگەنێکیان لێ هەڵدەستێ، هەتاو بۆگەنی داگیراون... بچۆ چاوێک لەو پیتە بەنزینە بکە، نەکا بتەقنەوە و لەتوکوت بین... بیخە ژێر چەند مەیتەوە با فێنک بمێنێ، دەرکەکەشی جارێک بکەوە نەبادا لەو دەست ئەندازانەدا پڕ بووبێ لە گاز ... دەبڕۆ کوڕی چاک... یەستا چەند کاتژمێرێکمان ماوە... دەی هەڵێ لە منت کەوێ.

"هەوا گەرمتر بووە. چۆڕە چۆڕ عارەقەمان لێ دەچۆڕێ، لێرە عارەقە لە لەشی ئەوانەی سەرێوە دەچۆڕێتە خوارێ و بە سەر ئێمەدا دەڕژێ و دواتر دەتکێتە سەر ئەوانەی لە بنەوەن. برینەکەم هێندێک وەژان کەوتووە و چڵ دەدا. عەلی دەستێک و لاقێکی نییە، بەڵام وەک من نایکاتە قەرەچی و عۆین، هێمن و هێدی خەوتووە. جێگاکەشمان تەنگتر بۆتەوە، هەر دەڵێی هەندێک هەڵمساوین."

لە پشت وانێتەکەدا، مەیتەکان بێ دەنگ ئارام و لە ژێر پرشەنگی خۆرەتاودا بۆنیان گرتبوو. کە دێتە خوارێ هاڵاوی توندی لەشی بۆگەنی مەیتەکانی بەسەردا دەچێ. ئاغابانووی دەوری ملی دەکاتەوە و وەبەر دەمولووتی هەڵدەدا. ئاغابانووەکە لە عارەقەدا خووساوە. بە بۆنی عارەقەی ئاغابانوو لەگەڵ بۆگەنی مردووەکان دڵی هەڵدەکەوێ و حاڵی تێک دەچێ. ئەو چەند قوڵپ ئاوەی خواردوویەتەوە لە لای ماشێنەکە دەیهێنێتەوە. چاو دەبڕێتە مردووەکان؛ دەموچاویان گۆڕاو و هەڵمساوە. مەهدیش لەوێیە. هەر بەو دەموچاوە منداڵانە و قژە لوولەیەوە. خەریکە بە خێسە چاوی لێدەکا. دەستی تووکن و گەورەی سەججاد دەموچاوی مەهدی داپۆشیوە. بە پارێزەوە دەستەکە لەسەر دەموچاوی مەهدی لادەبا. دەڵێی ئەو دەستە خەڵوارێک قورسە. قورس و شلە. دەموچاوی مەهدی بە تەواوی وەدیار دەکەوێ. دەموچاوی لە عارەقەدا خووساوە. چاوێکی قوچاندووە و وەک ئەو کاتانەی بە قەستی خۆی دەمراند مردووە. هەر ڕاست وەک دوێنێ! سەربازەکە چاوی لێدەکا. هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو کاتانە نییە کە گاڵتەی دەکرد. تەنیا لێو و دەموچاوی کەمێک هەڵمساون. ڕەنگە ئەو جارەش بە درۆ مردبێ!

سەربازەکە چاوێک لە جێی پیتە بەنزینەکە دەکا. زارکەکەی توند دەکا و بەنێو قەدی مەیتێکێوە دەنووسێنێ هەتا لە جووڵان و هەڵتەکانی ڕێگادا نەڕژێ و نەجووڵێ. بە دەست ڕایدەتڵەکێنێ. هەر جووڵەی لێبڕیوە. مردووەکە توند و قایم ڕایگرتووە.

گوربانەکە دابەزیوە و خەریکە لە قەراغ ڕێگاکە میز دەکا. سەربازەکە دیسان دەڕوانێتە مردووەکان. بۆی هەبوو خۆشی یەکێک بێ لەوانە. ئاغابانووەکە دەکاتەوە و وەسەر خۆی دەکێشێ. بۆنی مردووەکان کەمتر بۆتەوە. دەرکی وانێتەکە ناکرێتەوە و مردووەکانیش پاڵیان وێک داوە و جێی خۆیان خۆش کردووە. پاڵ بە دەرکەوە دەنێ، نابەسترێ. دەیکاتەوە، بە دەست مردووەکان خڕ دەکاتەوە سەر یەک. دەستی لە ئەوکی براوی سەربازێکەوە دەچێ. دەستی دەکێشێتەوە دواوە و بە بنی پۆتینەکەی مردووەکان بەرەو دواوە پاڵ پێوە دەنێ. دەرەقەت نایە، گوربانەکەش دێ و بە هەوڵ و تەقەللا دەیەوێ دەرکە جووت کا. جێبەجێ نابێ. سەربازەکە دەڵێ:

– دەڵێی چی دایانبەزێنم و سەر لە نوێ لەسەر یەکیان هەڵچنم؟

مەرگ و شەڕ مەودای نێوان سەرباز و گوربانی کەم کردۆتەوە.

– کوڕە شتی وانەکەی براله. درەنگە و کارمان هەیە. بێجگە لەوەش، هەموان ئێستا هەڵمساون و وەک خیگەیان لێهاتووە، هەر بۆوە نابێ دەستیشیان لێدەی. پاڵی پێوە نێ. پاڵی پێوە نێ، ئێستا دادەخرێ... کوڕە ئەو دەرکە سەگباب خێوەت نەدەبوو کردباوە. ئەگەر دانەخرێ دەبێ یەک دووانێکیان بەجێ بێڵێن!

سەربازەکە دەچێتە ئەو بەری دەرگاکە، بەری لای مردووەکان. پێ دەنێتە سەر مردووەکان و دەرکە بەرەو ژوور دەکێشێ. بۆ ساتێک دوو ئاڵقەی دەرکەکە دەگەنە

یەک. هەر ئەوەندەش بەسە بۆوەی سەربازەکە چنگۆڵە ئاسنینەکە بخاتە نێو کونی ئاڵقەکەوە و دەرکە داخا.

"بۆنێکی زۆر ناخۆشمان گرتووە. پێم وابێ دەمانبەن بۆ ساردخانە... زۆر باشە. لانی کەم لەوێ هەوا ئاوا گەرم نییە، بەڵام نازانم ئەوێ چ جۆرە شوێنێکە. مەهدی لە ڕەزا دەپرسێ ئەی کەنگێ دەمانئێژن؟ ڕەزا دەڵێ کورە خۆ هەر وا فشە نییە... کۆڵێکی دۆدی و بۆدی هەیە. دەبێ لەپێشدا ئێمە بدەنەوە بنەماڵەکانمان، دوایی لە ناو شاردا بمانسوورێننەوە و جا دوای هەمووی ئەوانە دەماننێژن."

هەر دووکیان بە هۆی تەقەڵلای زۆر و گەرماوە لە ئارەقەدا خووسابوون. گەڕانەوە بەرەو ناو وەتاخی وانێتەکە. ئەویش لە دەرێ گەرمترە. سەربازەکە چاو لە پۆتینەکانی دەکا؛ داو دەلینگی هەمووی بە خوێن و کەسافەت و چڵک و کێم و زەرداوی برین خووساوە. وەبیر مەهدی دەکەوێتەوە. یەستاش هەر لەو پشتەدایە، لە ژێر کوڵە کوڵی گەرمای هەتاودا.

– ئێستا دەگەڕێمەوە.

دادەبەزێ هەتاکو جێگاکەی مەهدی کەمێک خۆشتر بکا. لاقی لەژێر خاڵیگەی مردوویەکی تر دێنێتە دەرێ و لەسەر پشت لەسەر تەرمەکانی دیکە ڕایدەکێشێ.

– ئێستا دەگەینە ساردخانە، فێنک دەبییەوە. !

سوار دەبێتەوە. گوربان دەڵێ:

– چوویە کوێ؟

– هیچ کوێ، هەر سەرێکم لە مەهدی دا... مەهدیشیان لەگەڵە.

ئیستارت لێدەدا و ماشێنەکە وەک ژنێکی بەئەدا، نەرم و هێور وەڕێ دەکەوێ.

– مەهدی کێیە؟

– مەهدی سولەیمانی... کورە ئەراکییەکە ماڵتە... لە گرووهانی خۆماندا بوو.

– ئەههـا... ئەوەی قژی لە خوری مەڕ دەچوو؟

– دەم خۆش... گوللەیەک وە مۆرەغەی پشتی کەوتووە... دوێنێ شەو.

گوربانەکە دیسان قومە ئاوێک لە قومقومەکە دەخواتەوە.

– کەمێک خێراتر لێخوڕە... ئاوەکەمان خەریکە چۆڕەی لێدەبڕێ.

– ناکرێ، ڕێگاکە زۆر ناڕێک و پڕ کەندولەندە... ماشێنەکەش زۆر قورسە. وەتاخەکەی بە تەگەرەکانییەوە نووساوە.

– چارمان نییە، ڕێیەکی زۆرمان ماوە.

– هەر گەیشتینێ دەبێ ماشێنەکە فێنک کەینەوە. ئامپێرەکەی خەریکە دەچێتە سەرێ.

گوربانە متەقی نایە. خۆڵی ڕێگاکە نەرمتر بۆتەوە، تەپوتۆز لە درزی تەگەرەکانەوە بەرز دەبێتەوە و بە دەوری ماشێنەکەدا لوول دەخوا. مردووەکان لە تۆزدا نوقم دەبن. ئیدی نە سەربازەکە قسە دەکا و نە گوربانەکە. ماشێنەکە ئەو جار ڕووی لە هەتاوە. هەتاو وەک دوو دەرزی تیژ دەچەقێتە چاویان. گوربان بە نقە نق دەڵێ:

– دەڵێم بریا هەر لێرە هەڵمانڕشتبایەن و بگەڕابایەنەوە؟... ها... ؟ ڕات چییە؟ تازە بۆوانە چ تەوفیرێکی هەیە؟

– ئەخە جەناب سەروان کوتی دەبێ کاغەزی ساردخانە وەرگرین.

– جەناب سەروان گووی خوارد هەتا سەری هەڵدەگرێ... تا دەگەینە ئەوێ لە گەرمان دەپیشێین... بە سەری تۆ تێدا دەچین. بایدەوە بەرەو واقان. شوێنێکی نەدیوە، هەرلەوێ با هەڵیانڕێژینە خوارێ...

(بە کڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکا. )

– ... تۆ بزانە چ وشکارۆیەکە... لێرە ماشێنەکە لەکار کەوێ بۆخۆشمان دەبێ لە پاڵ ئەو مردووانەوە ڕاکشێین.

– چۆنت مەیل لەسەرە وا دەکەین، من لەخودام دەوێ بگەڕێمەوە... بەڵام زگم بەو بەستەزمانانە دەسووتێ. گوناحن

– گوناح؟... کورە گوناحی چی؟... ئەگە گوناحیشیان بێ خودا لێیان دەبووری... ئێستا هەموویان لە بەهەشتدا خەریکی کەیفی خۆیانن. ئیدی چاو لە خۆم و خۆت مەکە خەریکە بپیشێین.

– دەی باشە، من قسەیەکم نییە. منیش ڕازیم... تەنیا مەهدی لەگەڵ خۆمان دەبەین.

– بۆ کوێ؟... بیبەینە سەر گۆڕی بابم؟

– نا... دە با لانی کەم مەهدی بنێژین. خۆ ئاوا پیاوەتی نییە بەڕەڵڵای کەین و بڕۆین، بە لای ناخێری هاواڵمان بووە!

– جارێ با بزانم چۆن دەبێ... بیرێکیش بۆ ئەو

دەکەینەوە... ئێمەش وەک ئەوان... چ مەعلووم ئەگەر جێگاکەمان بگۆڕدرابا ئەوانیش ئاوایان بە سەر ئێمە نەهێنابا؟

"لە ماشێنەکە دایان بەزاندووین و یەکە یەکە لە پەنا یەک دایان ناوین. ئاوا هێندێک باشترین. کزە بایەکیش لێمان دەدا و فێنکمان دەکاتەوە. مورتەزا لە لاقی دەگەڕێ. ملوانکەکانمان دانە دانە لە ملمان دەکەنەوە و لە جلەکانی مستەفادا دەیشارنەوە. ڕەزا دەڵێ ئەگەر لێرەش لێمان گەڕێن و بە جێمان بێڵن لەو ماشێنە سەگباب خێوە چاکترە. هەر ئەوە دەڵێ دێن و دیسان لەسەر یەک هەڵمان دەچنن. "

وانێتەکە ڕادەوەستێ.

– موستەفا ئێرە باشە؟.. خۆ خراپمان بۆ تەواو نابێ؟

– نازانم، بەڵام تا دەگەینە ساردخانە بە گۆڕی بابماندا دەڕین.

– کوڕە با هەڵیانرێژینە خوارێ... چی دەبێ با ببێ، چش!

مەیتەکان یەکە یەکە لە سەر شانیان دادەنێن و دەیانهێنن و لەسەر عەرز ڕایان دەکێشن. بیست دانەیەک دەبن. بەڕیز و ڕێک لە پەنا یەک دایاندەنێن.

– ئەرێ لاقی ئەوە کوا؟

– من چوزانم لە چالی چاوم دایە... حەتمەن نەمانهێناوە!

– من بۆ خۆم خستمە ماشێنەکەوە... کوڕە ئەوەتا، لە ژێر ئەو ورچەدا گیری کردووە.

– دە زووکە پیاو، ئێستا یەکێک بگاتێ و ئاگای لێ بێ بە خوا دەبێ بۆ خۆشمان لە لایانەوە درێژ بین.

– ئەگەر دواتر دۆزییاننەوە چی؟... کوڕە لامەسەب دەزانن کاری ئێمەیە.. لە سەر ملوانکەکانیان ناوی گورهانەکەمان نووسراوە.

– بە خودا ڕاست دەکەی... ئەی قوڕی کوێ بەسەردا کەین... ملوانکەکانیان بکەوە... زووکە دەی... من ئەوە لەو لایەوە خەریک دەبم تۆش لەو لاوە... دەی خێرا کە.

ملوانکەکان یەک یەک لێ دەکەنەوە و لە جلکی یەکێک لە مەیتەکانی دەخەن و لەو لاوەتر لە ژێر عەرزدا دەیشارنەوە. سەربازەکە مەیتی مەهدی دەخاتە لاوە و دەڵێ:

– من ئەوەیان زوویەکی دەنێژم و دێمەوە..گڵەکەی نەرمە، زۆرم پێ ناچێ.

– دەستی لێمەدە کاکە.. خۆ مردوو ناشتن کایەی منداڵان نییە، تا شەو دەخایەنێ.

سەربازەکە هیچ ناڵێ، هەر دووکیان سەریان لێ شێواوە.

– دە جا خۆ هەر ئاواش نابێ بە جێیان بێڵین... عاقیبەت دەناسرێنەوە و دەزانن کاری ئێمە بووە... هەر ئەوەندە بەسە یەکیان بناسرێتەوە، بە قوڕماندا دەبەنە خوارێ.

گوربانەکە دەگوڕێنێ:

– دەی دەڵێی چ بکەین؟ بەو بۆڵە بۆڵەت مێشکی سەرمت برد

– دەڵێم ماشێنەکە سووتەمەنی تێدایە وەرە بیان سووتێنین.

– بە خوا فکری چاکە... ئەی بۆ خۆمان سووتەمەنیمان لێ نابڕێ؟

– نا بابە، بەیانی باکی ماشێنەکەم پڕ کردووە.

– دە ئەگەر وابێ زووکە... خۆ مەگنخێنە دەی... وەرە لە سەر یەک هەڵیانچنین. دە زووکە با خڕیان کەینەوە سەر یەک درەنگە.

**سەرچاوە:**

**سنجابی، آرش، از میان تارهای مرتعش، تهران، مروارید، ۱۳۸۷**



**محەمەدی مەلا کەریم:**

**هەر زمانێ کە وەچەیەکی نەتەوە پێی دوا، بۆ وەچەی پاشتر دەبێتە زمانێکی تەقلیـدی.. کێشەی شێوەزاریش هەمیشە ڕێی لە خـوێندەوارانی کورد گرتووە سوود لە بەرهەمی شێوەزارە جیاجیاکان وەربگرن.**

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ – ٢)**

محەمەدی مەلا کەریم (کاکە حەمە) نیو سەدە زیاترە لە بواری نووسینی کوردی و عەرەبیدا خەریکی خزمەتکردنە، ئەو لەگەڵ فاتیح عەبدولکەریمی کاکیدا دەستی ڕاست و چەپی زانای ئایینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوون، کە بە هەرسێکیان توانییان لە بەرگێکی نوێدا شاکاری شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک (نالی) و (مەولەوی) و (مەحوی) پێشکەش بەخوێنەرانی کورد بکەن و ساغیان بکەنەوە و لە بارەیانەوە بنووسن.

کاکە حەمە بە درێژایی تەمەنی نووسینی خۆی زۆر کتێبی لە بوار و کایەی جیاجیادا خستووەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە لەوانە: (فۆلکلۆر)، (مێژوو)، (ڕۆژنامەنووسی)، (ئەدەبیات)، (وەرگێڕان)، (زمانناسی). وەک کەسێکی پەرۆش و خەمخۆری زمانی کوردی هەمیشە ویستوویەتی ئەو زمانە لە واژە و وشەی نامۆ بژار بکات و ڕستە و دەستەواژەکان کوردی بن، بۆیە هەوڵی بەردەوامی ئەوە بووە کە بەلاڕێدا نەبرێت.

ئێمە ناڵێین هەموو ئەو کارانەی کاکە حەمە کردوونی شاکارن، یان بێ خەوش و بێ کەموکوڕی بوون، خۆشی ئەمەی نەوتووە، بەڵام لەو بارودۆخە دژوار و ڕۆژگارە سەختانەدا هەر ئەوەندە دەکرێ کە کردوویەتی، بۆیە دەبێ بەهۆی کارە چاکەکانییەوە شەفاعەت بۆ کەموکوڕییەکانی بکەین. تا لە شاری بەغدا بوو دەستمان پێی نەدەگەیشت، کە بەسەردانیش دەهاتەوە کوردستان لەبەر سەرقاڵی، دەرفەتی کەم بوو گفتوگۆی تێروتەسەلی لەگەڵدا بکەین، وا بۆ دوو ساڵیش دەچێ نەخۆشە و لە سلێمانی لەناو جێگەدا کەوتووە، بەڵام هێشتا یادەوەری زیندووە و بە ئومێدەوە باسی پرۆژە و کتێبەکانی دەکات کە لە داهاتوودا تەواویان بکات.. لە سەردانێکی شاری سلێمانیدا بە ئامادەبوونی مامۆستا (ئەحمەد حسێن) قەناعەتم بە کاکە حەمە هێنا کە هەر جارەی نیو سەعاتێک قسەی لەگەڵدا بکەم و بیدوێنم، ئەو گفتوگۆیە بەرهەمی ماوەی ساڵ و نیوێک هاتوچۆی سلێمانییە، کە (٧) کەڕەت چوومەتە لای تا گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا بکەم و قۆناغ و وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونی نووسینی بەسەر بکەمەوە.. هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم تا هیچ نەبێ بە تەواوکردنی پرۆژە و کارەکانی ڕابگات... با پێکەوەش ئەو بیروڕایانەی بخوێنینەوە.

**رامــــان:** هەر لە ســـەرەتاوە تۆ خـــوێنەرێكی باشی گۆڤارەكەمان بووی، هەموو جاریش كە لە بەغدا بوویت، داوات دەكرد، ژمارەمان بۆ دەناردی. تۆ لەو سەردەمەوە موتابەعەت دەكردین. ئێستا ڕامان چۆن دەبینی؟

**محەمەدی مەلا كەریم:** كە من (ڕامان)م بۆ یەكەم جار دی؛ ماڵمان لە بەغدا بوو. تا هاتیشینەوە بۆ سلێمانی بەردەوام ژمارەكانیم بە دەست دەگەیشت و لەلای خۆم كۆم دەكردنەوە، بەڵام هەموو ژمارەكانی خولی نوێیم نییە. لەو كاتەیشەوە كە لە سلێمانین ئەگەر لەسەر شەقام، یان لە كتێبخانەكاندا ژمارەیم بەرچاو نەكەوتبێ و كڕیبێتم نیمە، بۆیە زۆر مەبەستمە بۆم هەڵكەوێ هەمـــوو ژمارە ناتەواوەكانیم دەستگیربێ، چونكە ئارەزووم لەوەیە تا پێم بكرێ گـــۆڤـــار و ڕۆژنامـــە كوردییەكان كۆ بكەمەوە، بە تایبەتی ئەوانەیان كە بەشێكی زۆری ژمارەكانیانم هەیە، چونكە ئەمە بۆ ئایندەی ڕۆژنامە و گۆڤاری كوردی لام زۆر پڕ بایەخە. بێ گومان ڕامان لەو كاتەوە كە هەیە گۆڤارێكی باش و بە نرخـــە، وتاری چاكی زۆری تێـــدا بڵاوكـــراوەتەوە و دەكرێتەوە، بە تایبەتی ئەو دیمانانەی لەگەڵ بنووسانی ناسراوی كورددا كراون و دەكرێن بابەتی زۆرباش و بە پێـزیان گـرتووەتە خـۆیان و جـێگای تایبـەتیـــان لە كولتووری كورددا هەیە، بۆیە ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ، (ڕامان) لە مێژووی گۆڤارە كوردییەكاندا جێگایەكی شایانی بۆ خۆی گرتووە و هیوام وایە هەمیشە زیاتر لە برەو پەیدا كردندا بێ.

**ڕامان:** ئەگەر لەبیرت بێ تا لە بەغدابووی ژمارەكانی ڕامانم بە برادەرانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا بۆ دەناردی، بە تایبـەتی لەڕێی كـاك ئەبوبەكـرەوە كـە دەهات ژمارەكانی گۆڤارەكەی بۆ وەردەگرتی، یان من خۆم بۆم دەناردییە لای.

**محەمەدی مەلا كەریم:** ڕاستە، لە سلێمانیشەوە برادەرانی كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان گۆڤار و كتێبی كوردییان بۆ دەهێنام كە لە سلێمانی دەردەچوون. بە ڕاستی ئێوەیش و ئەوانیش لەم بوارەدا یارمەتیی زۆری چ من و چ برادەرانی ڕۆشنبیـــری كـــوردی تری بەغداتان دەدا.. ئەم هەلەی بڵاوكردنەوەی ئەم دیمانەیە بەجێی خۆی دەزانم بۆ ئەوەی، چ بەناوی خۆم و چ بەناوی برادەرە كوردەكانی ترەوە، سڵاوی گەرم بەرەو ڕووی ئەو برادەرانە و حزبەكانیان بكەمەوە.



**محەمەدی مەلا كەریم - ئازاد عەبدولواحید**

**ڕامان:** لە یەكێك لە سەردانەكانتدا لە بارەگای ڕامان لە بارەی گۆڤارەكەمانەوە پێت گوتین من گۆڤاری كوردی زۆرم لە ئێران و لە سویدەوە پێ دەگات، گۆڤاری ڕامانم چ لە بارەی ڕێنووس و چ لە بارەی هەڵەچنییەوە زۆرباش هاتووەتە پێش چاو.

**محەمەدی مەلا كەریم:** ئەمە ڕاستە و تا ئێستایش هەروایە.

**ڕامان:** چی دیكە لە ڕاماندا سەرنجی ڕاكێشاویت؟

**محەمەدی مەلا كەریم:** ئازادیی بیروبۆچوون، بابەتی جۆراوجۆر، جۆر بەجۆریی بنووسەكانی و... ئەمانە هەموو خاڵی پۆزەتیڤن لە ژیانی ڕاماندا. ئێوەیش دەبێ بزانن و لە دووی ئەوە بگەڕێن كێ لەناو بنووسە كوردەكاندا شتی تازەی پێیە، بیقۆزنەوە، بێ ئەوەی وای لێ بكەن لە خۆی بایی ببێ، هانی بدەن شان بداتە بەر بۆ نووسینی باشتر و داهێنانی جوانتر، من بە تایبەتی لەوەدا زۆر شانازی بە ڕامانەوە دەكەم كە بنووسانی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوارێكی باشیان لە ڕاماندا گرتووە و هەمیشە قەڵەمی تەڕو پاراوی ئەوان لەسەر لاپەڕەكانی ڕامان دەبینمەوە. بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانم ئەو باوەڕەی خۆم لەم دیدارەیشدا دووبارە بكەمەوە كە نووسینی ئەوان زۆر لە نووسینی كوردی عێراق لەگەڵ سروشتی زمانی كوردیدا جۆرترە، هیوام وایە بنووسانی ئەم دیو سوود لە تاقیكردنەوە و ڕێبازی نووسینی برایانی ئەو دیومان وەربگرن.

**ڕامان:** ئێمە لە ڕاماندا زۆرتر ڕوومان لە نووسینی كوردی كردووە.

**محەمەدی مەلا كەریم:** ئەمە لە هەمووی باشترە.

**رامان:** ئێمە ئەگەر وەرگێڕانیش بڵاوبکەینەوە، بابەتی تیۆرییمان بڵاوکردووەتەوە کە پێویستە خوێندەواران لێی نزیک ببنەوە و تێی بگەن، ئەگینا زۆرتر هەر ڕوومان کردووەتە بابەتی کوردی.

**من هەرگیز ناتوانم بەلای ئەوەدا بچم کە دوو شاعیری لێهاتووی وەک نالی و مەحوی ئاگادارییەکی قووڵیان لە شیعری دەوڵەمەندی شاعیرانی فارسی نەبووبێ.**

**محەممەدی مەلا کەریم:** من جارێکیان چووبوومە لای جەنابی مام جەلال لەو دانیشتنەدا باسی گۆڤاری کوردی کرا. وتم: من بۆ خۆم بەلامەوە زیادە کە ئەم هەموو ماندووبوونە لەگەڵ هەندێ گۆڤاری بەدیمەن قەبەدا، بەخەرج دەدرێ کە پڕن لە بابەتی وا لەگەڵ پێویستییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێن. مەبەستم ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردی بابەتی وەکو بەشێک لەو بابەتانەی پێویست نییە کە لەهەندێ لەو گۆڤارانەدا بڵاودەکرێنەوە، بە پێچەوانەوە ئێمە پێویستمان بە هەموو جۆرە بابەتێکی کولتوورییە، بەڵام دەبێ لەم قۆناغەی ئێستاماندا جیاوازی لە پلەی بایەخدا ڕەچاو بکەین، هەروەها دەبێ ئاگامان لە پلەی شارەزایی بنووس و وەرگێڕەکانیش بێ، نەخوازەلا ئەوانەی لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە بابەتمان بۆ وەردەگێڕن، بۆیە من قورسایی خستنە سەر بابەتی کوردی و لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاجیاکانی زمان و ئەدەب و لقەکانی تری کولتووری کوردیم لەم قۆناغەدا لە هەموو بابەتەکانی تر لا مەبەستترە.

**رامان:** با بێینە سەر بابەتێکی تر.. ئایا نیازتان هەیە دیوانی سالم و شەرحی دیوانی سالم بەم نزیکانە تەواو بکەن؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** ئێمە بە هیوابووین دیوان و شەرحی دیوانی سالم لە ٢٠١٠دا دەرچێ، بەڵام ئەم نەخۆشییەی ئێستای من کە لە مانگی نیسانی ٢٠٠٩وە لە ناو جێگادا بۆی کەوتووم، وەک تەگەرەیەکی گەورە هاتە ڕێمان، بۆیە پەنام بردە بەر مامۆستا سدیق ساڵح لە (بنکەی ژین) کە لەگەڵمدا هاوکاری بکات و ئەویش پیاوانە بە دەنگمەوە هات، بە تایبەتی بۆ بەراورد کردنی دەستنووسەکەی باوکم کە کاکە فاتیحم بەسەریدا چووەتەوە و تاڕادەیەک لێکۆڵینەوەکەی باوکمی دارشتووەتەوە، هەروەها بۆ بەراوردکردنی ئەو دەستنووسە لەگەڵ دوو دەستنووسی تر کە لە کتێبخانەی دەستنووسەکانی بەرلینەوە دکتۆر جەمال نەبەز و لەوەی پاریسەوە دکتۆر هەڵکەوت حەکیم بۆیان ناردبووین. شایانی وتنە دەستنووسەکەی لای خۆیشمان هەر لە ڕووی دەستنووسەکەی بەرلین نووسراوەتەوە کە دکتۆر کەمال فوئاد زووتر دابوویە لامان، هەروەها لە سەرەتاوە چاپە یەکەمەکەی بەغدایشمان لا بووە. لە ماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا (لە سەرەتای نەخۆش کەوتنمەوە تا ئێستا کە ئەم چەند لاپەڕەیە دەنووسم) بەراوردی ئەو نوسخانەمان تەواو کردووە و بە دارشتنەوەکەی باوکم و کاکەمدا چووینەتەوە و گەلێ هەڵەمان لە ڕووی نوسخەکانی بەرلین و پاریس ڕاست کردووەتەوە و هەروا تێکستەکەمان کۆمپیوتەر کردووە و بە تەماین لە ڕووی زانستی عەرووز و ڕەوانبێژی عەرەبیشەوە دوو مامۆستای پسپۆڕ چاو بە شیعرەکانی سالمدا بگێڕنەوە، بەڵکو بتوانین لە ساڵی ٢٠١١دا بیخەینە ژێر چاپ.

**رامان:** بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئەم دیوانە شیعرانە بە لێکۆڵینەوەیانەوە چۆن کەوتە سەر و لە سەرەتاوە تائێستا لەم بوارەدا چیتان کردووە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** یەکەم جاری ئەم مەسەلەیە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە باوکم هەر لە فەقێیەتی و سەرەتای مەلایەتییەوە زۆر عاشقی شیعری مەولەوی بووە، لام وابێ ئەمەیش لەوەوە هاتبێ کە باوکم لە فەقێیەتیدا هەندێک لە کتێبە عەقیدەییەکانی مەولەوی خوێندووە و هەم مەولەویش و هەم باوکیشم مەنسووبی تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخانی تەوێڵەو بیارە بوون و هەر لەم سەرەتایەوە، لەو کاتەوە کە بووە بە مەلای بیارە، دیوانەکانی شیعری مەولەوی لەم لاو لەولاوە وەدەست هێناوە و نووسیونیەتەوە. منیش لە فەقێیەتیمدا زۆرجار ئەو دیوانانەی مەولەویم دەخوێندەوە.

کە لە ساڵی ١٩٥٧دا لە زیندان ئازادبووم و گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم کە لە پاش دوورخستنەوەی لە سلێمانی لەسەردەمی عومەر عەلیدا، لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک جێگیر ببوو، سەرنجم دا باوکم کاتی لە دەرز پێ وتنەوەی فەقێکانی زیاتری هەیە، عەرزم کرد: بابە! تۆ کاتی دەست بەتاڵیت زۆرە، بۆ خەریکی شەرح کردنی دیوانی مەولەوی نابی؟ ئەو سەردەمە بزووتنەوەیەکی

ڕۆشنبیریی کوردیش، شان بە شانی گەشەکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردی، سەری هەڵدابوو. باوکم بیرەکەمی بەدڵدا چوو. پاش نیوەڕۆکان باوکم و من و کاکەفاتیحم، کە ئەویش تازە لە زیندان ئازاد ببوو، دەستمان دەدایە خوێندنەوەی دیوانی مەولەوی و لێکدانەوەی شیعرەکانی. زۆری نەبرد من لە کتێبخانەی هەمووانی کەرکووک، بە یارمەتی خوا لێخۆشبوو شێخ ڕەئووف خانەقا دامەزرام، کاکە فاتیحیشم لە دێی (زەرداو) لای خوالێخۆشبوو شێخ عەتای تاڵەبانی بوو بە مەلا مایەوە، تەنیا باوکم کە لەکاتەکانی دەست بەتاڵیدا لە تەکیە بەدیوانەکەوە خەریک دەبوو، تا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە کەرکووکیش گواستمانەوە و ماڵمان هاتە بەغدا، بیرمان لە بەچاپ گەیاندنی دیوانی شیعری مەولەوی و شەرحەکەی باوکم لەسەری کردەوە و بە یارمەتی وەزارەتی مەعاریف خستمانە ژێر چاپ و دوو هەزار دانەمان لێ لەچاپ دا.

شایانی وتنە بەم بۆنەیەوە باسی ئەوەیش بکەم کە دیوانەکە لە بەغدا لەچاپخانەی (نەجاح) لەژێر چاپدا بوو، لەو شوێنەدا کە مەولەوی باسی سووتانی دیوانەکەی دەکا، چاپخانەکە ئاگری تێ بەربوو و گەلێ لە فۆرمە لە چاپدراوەکانی دیوانەکە سووتان، وەک لەو شوێنەی کە دیوانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

پاش لەچاپدانی دیوانی مەولەوی و بڵاوبوونەوەی، خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەممەدی مەحوی، دیوانی مەحوی بۆ ناردین کە خۆی و خوالێخۆشبووان مامۆستا گۆران و کاکەی فەلاح تارادەیەک ساغیان کردبووەوە، بەڵام بەداخەوە دیوانەکە دەستنووسی مەحوی خۆی نەبوو، تەنیا چەند بەیتێکی دەستنووسی ئەوی لەگەڵ ناردبوو. ئێمەش خەریکی دیوانەکە بووین و نووسیمانەوە و بە هەردووکمان، واتە من و باوکم، شەرحمان لەسەر کرد، بەڵام من بەسەریدا گیرام و سێ ساڵم لە زینداندا بەسەر برد و مەسەلەکە مایەوە تا پاش ڕێکەوتنەکەی ئازاری ١٩٧٠ و دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردی، لەو ماوەیەدا باوکم و کاکە فاتیحم بە دیوانی نالییەوە خەریک بوون و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک دەستنووسی دیوانەکەیان پەیدا کرد و شیعرەکانی نالی-یان لەسەریان ڕاست کردەوە و شەرحیان کرد، کە کۆڕ دامەزراو چاپخانەی بۆ خۆی دانا، پاش لەچاپدانی (شیرین و خوسرەو)ەکەی خانای قوبادی کە من لەسەر دوو دەستنووسی کۆنی لای خوالێخۆشبووان ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و کاکەی فەلاح ساغم کردبووەوە و لە چاپم دابوو، کۆڕ بۆمی خستنە ژێر چاپ و منیش لە کاتی لەچاپدانیدا بەسەریدا دەچوومەوە و هەر منیش هەڵەگیریم دەکرد. پاش لەچاپدانی دیوانی نالی، سەرەی دیوانی مەحویش هاتە پێشەوە، بە لە چاپدانی دیوانی مەحوی ئەم زنجیرە کارەی ئێمە وەستا، بەڵام باوکم بۆ خۆی (یادی مەردان)ی لە دوو بەرگدا داناو لە چاپخانەی کۆڕ لە چاپ درا. هەروا (بنەماڵەی زانیاران) و (علماؤنا في خدمة العلم و الدين)یشی دانا. یادی مەردانەکەی، وەک وتمان، لە چاپخانەی کۆڕ و دوو کتێبەکەی تری، لەگەڵ چەندین کتێبی تردا لەچاپخانە ئەهلییەکان لەچاپ دران.

دیوانی بێسارانیشی هەروا لەسەر دەستنووسێکی خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی لێکدایەوە و شەرحی لەسەر نووسیوە، هەرچەند تا ئێستا لەوە زیاتر هیچی لەگەڵ نەکراوە.

**ڕامان:** کە چاپ نەکراوە، چونکە نەماندیوە تائێستا چاپ کرابێت..

**محەممەدی مەلا کەریم:** ئامادەش نەکراوە بۆ چاپ، واتە تەنیا شەرحەکەی باوکم هەیە، نە کاکەم و نە من بەسەریدا نەڕۆیشتووینەتەوە، پاشان من دەستنووسێکی ئەو دیوانەم لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵدا لە ڕێگای خۆیەوە کە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بوو و مانگی دووجار دەهات بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە.. دەستگیر بوو و فۆتۆم کرد و بۆم گێڕایەوە. ئەگەر جارێکی تر دەستم بگاتەوە ئەو دەستنووسە کە نازانم ئێستا کەوتووەتە کوێ، حەز دەکەم بەراوردێکی لەگەڵ نوسخە فۆتۆکراوەکە و نوسخەکەی سەید تاهیری هاشمی بکەم، بۆ ساغکردنەوەی هەر وشەیەکی لێی دوو دڵ بم و بە تەواوی بۆم ساغ نەکرابێتەوە.

لە دەزگای دەستنووسەکانی عێراقیشدا لە بەغدا، کە کاک شێخ عەلی قەرەداغی تا لە بەغدا بوو، لەوێ کاری دەکرد، نوسخەیەک هەبوو بە پەراوێزی کتێبێکی (حاشیەی مەلا عەبدوڵڵای یەزدییەوە لەسەر کتێبی - تهذیب المنطق) نووسرابووەوە. بە یارمەتی شێخ عەلی قەرەداغی چەند ڕۆژێک چوومە ئەو دەزگایە و هەموو ڕۆژێ ئەو نوسخەیەم وەردەگرت و ئەوەیشم بۆ کاک ئەنوەری سوڵتانی لە لەندەن نووسییەوە کە خەریکی ساغکردنەوەی دەستنووسی دیوانێکی شێخ

عەبدولغەففاری مەردووخی بوو کە دەرکەوت ئەو شێخ عەبدولغەففارەیش هەر خودی مەلا مستەفای بێسارانییە، بۆم نارد و فۆتۆیەکیم لای خۆشم هێشتەوە. ئەمانە تائێستا ئەو سەرچاوانەی دیوانی بێسارانین کە بە دەستنووس، یان بە فۆتۆی دەستنووس لامانن. لێرەدا بێ جێ نییە ئەوەش بڵێم کە من پێ بزانم دووجار دیوانی بێسارانی، بەڵام وەک بیستوومە بێ لێکدانەوە، لەلایەن کاک کەیومەرسی نیک ڕەفتاری هەورامییەوە و لەلایەن کاک سدیقی سەفیزادەی بۆرەکەییەوە لەچاپ دراون.

**ڕامان:** ئەی کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشای جاف کاری بە کوێ گەیشت؟ کاتی خۆی عەلی بەگی جاف کە دۆستی تۆیشەو دۆستی منیشە، ئەوسا پێکەوە لە کشتوکاڵی سلێمانی فەرمانبەر بووین، ئەوکاتە پێی وتم کاکە حەمە خەریکی بووە، لەو ساوە ئەو بنەماڵەیە و خەڵکێکی زۆری تر چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەی ئەو کەشکۆڵەن.

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەر لەپاش لێبوونەوە لە بە چاپ گەیاندنی دیوانی مەولەوییەوە، بیرم لە کەشکۆڵی مەحموود پاشا کردووەتەوە. ئەوکاتە خوا لێخۆشبوو حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحموود پاشا مابوو، باوکم پێوەندییەکی دۆستایەتی زۆری لەگەڵ هەبوو، حەسەن فەهمی جاف زۆر حەزی لە مێژوو دەکرد و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی کتێبی مێژوویی هەبوو، باوکیشم زۆرجار کتێبی لێ دەخواست و دەیخوێندەوە و پاشان بۆی دەناردەوە. باوکم ئەو کەشکۆڵەی لای حەسەن بەگ دیبوو و بۆ ئێمەش باسی کردبوو. پاش بەربوونم لە زیندانی دووەم جارم لە ١٩٦٧دا، باوکم لەسەر داوای من ئەو کەشکۆڵەی لێ خواست و من نووسیمەوە. عەلی بەگی جاف ئەو دەستنووسەی منی وەرگرت و دیارە دەبێ پاشان دەستنووسەکەی مەحموود پاشایشی لە حەسەن بەگ وەرگرتبێ. من جارێکی تریش کەشکۆڵەکەم لە کاک هۆشمەندی کوڕی حەسەن بەگ وەرگرتەوە و جارێکی تریش نووسیمەوە و بەراوردێکی وردی دەسنووسەکەی خۆمم لەگەڵ کەشکۆڵەکە کردووە و شەرحی شیعرەکانم کرد و فەرهەنگێکی باشم بۆ ئامادە کرد کە تەنیا چەند وشەیەکی دیالێکتی گۆرانی کۆنم لێ بۆ ساغ نەکراوەتەوە، ماوەتەوە سەرەتایەکی بۆ بنووسم. دکتۆر حەسەن جافیش پاشکۆیەکی باشی لە بارەی مەحموود پاشا خۆیەوە بۆ نووسیوە. خوا یار بێ کە لە بڵاوکردنەوەی دیوانی سالم بوومەوە، عومری ئەمانەت باقی بێ، شان دەدەمە بەر لەچاپدانی ئەویش و بڵاوی دەکەمەوە.



**محەمەدی مەلا کەریم و شیرین خانی خێزانی و منداڵەکانیان: بیارە، ژیوار، پیران**

**ڕامان:** وتت تەنیا چەند وشەیەکی دیالێکتی گۆرانی ماوە بۆت ساغ نەکراونەتەوە. بۆ ئەوانە چی دەکەی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەشی هەرە زۆری کەشکۆڵەکە شیعری شاعیرانی دیالێکتی گۆرانە کە زۆر لەگەڵ دیالێکتی هەورامیدا نزیکە و هەورامی دەچێتەوە سەر دیالێکتی گۆرانی. هەروا هەندێ شیعری شاعیرانی وەک نالی و سالم و شێخ ڕەزاشی تێدایە. دیوانێکی زۆر جوان، نووسراوەی مەولەویشی لەگەڵە کە مەحموود پاشا خۆی نەینووسیوەتەوە، بەڵام لەگەڵ دەستنووسەکانی خۆیدا جزووبەندی کردووە، من ئەو دیوانەی مەولەویم لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی مەولەوی کە باوکم بەچاپی گەیاندووە، بەراورد کردووە تا ئەگەر جارێکی تر بۆم ڕێکەوت دیوانەکەی مەولەوی لە چاپ بدەمەوە، کەڵک لەو جیاوازییانە وەربگرم کە لەنێوان هەردوو نوسخەکەدا هەن. بە تەمای ئەوەیشم پێش چاپکردنی کەشکۆڵەکەی، پاشان بەراوردێکی تری لەگەڵ دەستنووسەکەیدا بکەمەوە بۆ دڵنیایی زیاتر لەوە کە هیچ هەڵەیەک نەکەوێتە چاپەکەوە. بۆ ئەو چەند وشەیەش کە واتاکەیم نەزانیون، هەر لە هەوڵدام بە یارمەتی ئەدیبانی دیالێکتی گۆرانی و ئەو فەرهەنگانەی تا ئێستا لەم بوارەدا لە ئێران چاپ کراون، ساغیان بکەمەوە و بزانم واتایان چییە؟ دیارە دەبێ لەم بوارەدا سوود لە فەرهەنگەکانی زمانە ئێرانییە کۆنەکانیش وەربگرم. مەسەلەی زانینی بیوگرافی ئەو شاعیرانەش شیعریان لە کەشکۆڵەکەدا هەیە،

مەسەلەیەکی پڕ بایەخە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەم. لەم بوارەدا کتێبی (مشاهیر کرد)ی بابا مەردۆخی ڕۆحانی هەیە کە چەند ساڵێکە لە سێ بەرگدا لە ئێران لەچاپ دراوە و بیوگرافی زۆرێک لە شاعیران و ئەدیبان و زانایانی کوردی، بەتایبەتی ئێرانی گرتووەتە خۆی.

**ڕامان:** لە شاعیرەکانی ناو ئەو کەشکۆڵەدا هیچ شیعرێکی (جەذبی) ناوێکی تێدا نییە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە یادم نییە شیعری شاعیرێکی بەم ناوەی تێدا بووبێ.

**ڕامان:** پێم گوناحە بڵاوکردنەوەی ئەو کەشکۆڵە تەنیا لەبەر ساغ نەکردنەوەی چەند وشەیەکی هەندێ شیعر دوابکەوێ. منیش دۆستایەتیم لەگەڵ زۆر لە شاعیر و ئەدیبەکانی کوردستانی ئەودیو هەیە، حەز دەکەی بۆیان دەنووسم و لەگەڵ ئەوان ساغیان دەکەینەوە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** خوا یار بێ دواتر ناکەوێ و بڵاوی دەکەینەوە. بۆ پرسیار لە شاعیران و ئەدیبانی ئەودیویش سوپاست دەکەم. ئەو وشانە و ئەو بەیتانەی تێیاندان و ناوی شاعیرەکانی و خاوەنیانت بۆ دەنووسم.

**ڕامان:** پێشتر باسی دیوانی سالمان کرد، پێت وایە سالم لە نالی شاعیرترە؟ یان لەلای تۆش نالی لەو گەورەترە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لێرەدا تەنیا دەتوانم وەڵامێکی سەرەتاییت بدەمەوە. نالی، شان بە شانی شاعیرییەکەی، مەلای چاکیش بووە و ئەو مەلا چاکییەی خۆی بە زۆری و بە وردی لە شیعرەکانیدا خستووەتەکار و لەمەدا پێش هەموو شاعیرەکانی سەردەمی خۆی کەوتووە. هەرچەند سالمیش خوێندنی هەر خوێندنی مەلایانە بووە، بەڵام ناگاتەوە بە نالیدا. شیعری نالی هەر بە مەلا چاکەکان بە باشی لێک دەدرێتەوە. مەحویش لەم بوارەدا تاڕادەیەک لە نالی دەچێ، بەڵام ناگاتەوە بەودا. هەرچی سالمە، بەر لەهەرچی، شاعیری غەزەلە و لەم بوارەدا لە چڵە پۆپەدایە. شیعرەکانی تاڕادەیەکی باش ئاسانن، بەڵام شیعری وەک هی ئەو بە هەموو شاعیرێک ناوترێ. سالم خاوەنی عەزەلیاتێکی لەوپەڕی ناسکیدایە و شایانی لێکۆڵینەوەی وردە لەم ڕووەوە. چاپەکەی ئێمە ئەگەر نەمرم، ساڵی دادێ دەکەوێتە بەردەستی خوێندەواران، لەبەر ئەوەی کە پشتی تێدا بە دوو دەستنووس بەستراوە کە یەکێکیان بۆ خودی شاعیر و بە فەرمانی خۆی نووسراوەتەوە و لەبەر ئەوە دیارە پاش نووسینەوەی خۆیشی چاوی پێدا گێڕاوەتەوە، دەتوانین بڵێین هەڵەی تێدا نابێ، مەگەر وشەیەکی وای تێدابێ ئێمە بە ڕاستی بۆمان نەخوێنرابێتەوە.

**ڕامان:** لەم قسانەماندا ناوێکی شێخ ڕەزامان نەهێنا، ئێوە بۆچی هیچتان بۆ شێخ ڕەزا نەکرد؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** شێخ ڕەزا شاعیرێکی ئێجگار گەورەیە، سەد مخابن کەوا لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین کتێبی لەسەر نووسراوە، ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەی بۆ نەکراوە کە شایانیەتی و پێویستیەتی، نەخوازەڵا ئاگادارییەکەی لە شیعری شاعیرانی کورد کە لە چوارینەیەکیدا لە بارەیەوە دەڵێ:

**زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە**
**هەرزانە، بێ موبالەغە، شیعری بە گەوهەرێ**
**جامەی حەیاتی عارییەتت کورتە، زینهار!**
**ئالوودە دامەنی مەکە بە پێچی مێزەرێ**

لە هەمووی ناخۆشتر لە بارەی شیعری شێخ ڕەزاوە ئەوەیە کە بۆنەی وتنی بەشی زۆری شیعرەکانی، بەش بە حاڵی خوێندەواران، تائێستا هەر بە نەزانراوی ماوەتەوە و دیارە هەرواش دەمێنێتەوە، چونکە زۆرتری ئەوانەی شتێکیان لەم بارەوە دەزانی، پێچیان کردووەتەوە و مردوون و بەجێیان هێشتووین.

جارێکیان لەگەڵ باوکم چووبووینە لای خوالێخۆشبوو شێخ حەبیبی تاڵەبانی کە زۆری لە بۆنەکانی وتنی شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەزانی. قسە هاتە سەر شێخ ڕەزا و شیعرێکی ئەوی خوێندەوە و بۆنەی وتنەکەیشی وت. ئەوەم بەهەل زانی، عەرزم کرد: یاشێخ! ڕێگام بدە بێمە خزمەتت، ئەم بۆنانەی شیعری شێخ ڕەزام پێ بفەرموویت و منیش بیاننووسمەوە. وتی: کوڕ مەلا! دەبێ تۆ هەموو ڕۆژێ بێیتە دیوەخان دانیشی، تا من هەر شیعرێکم خوێندنەوە و بۆنەی وتنەکەیم باس کرد تۆ بینووسیتەوە. ڕاستیشی فەرموو، ئەگینا ئەو چۆن ئەو شیعرانە و بۆنەی وتنیانی دەهاتەوە یاد! بەداخەوە ئەوکاتە ئەوەم بەخەیاڵدا نەهات عەرزی بکەم، دەی تۆ خۆت هەر کاتێ هەر چیت هاتەوە یاد بینووسەوە. ئەو پیاوێکی خوێندەوار و ئەدەب دۆست بوو.

لە شێخ موکەڕەمی تاڵەبانیم بیستووە وتی: دیوارەکانی ژوورەکەی شێخ ڕەزا لە تەکیە گەچکاری بوون. زۆر شیعری ئەو و بۆنەی وتنیانی بە قەڵەم فەرەنگی لێ نووسرابووەوە، زوو بیرم لە نووسینەوەی ئەو

شیعر و بۆنانەی وتنیان نەکردبووەوە. کە لە زیندان ئازاد بووم و هاتمەوە تەکیە، چوومە ژوورەکەی، سەیر دەکەم سپیکارییەکی نوێی دیوارەکانی کراوە و نووسراوەکانی ئەوسایان پێوە نەماوە.

**ڕامان:** ئێوە هیچ شیعری شێخ ڕەزاتان لا نییە کە ئیشتان لەسەر کردبێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەداخەوە، نەوەڵڵا و هیچ کاریشمان لەسەر شیعری نەکردووە.

**ڕامان:** تۆ دەزانی مەولەویش شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام کەم لەسەر شاعیریەتییەکەی نووسراوە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** لام وابێ کەم لەسەر نووسرانەکەی لەوەوەبێ کە شیعرەکانی بە دیالێکتێکی نیمچە هەورامین و ڕۆشنبیرانی کوردی ناهەورامیش لەو دیالێکتە شارەزانین، بەڵام هەر چۆن بێ هەندێ شتی باشی لەسەر نووسراوە.

**ڕامان:** ئێستا بابێینە سەر ئەوەی کە ئێوە چ خۆتان و چ باوکی خوالێخۆشبووتان و چ کاک فاتیحی براتان کۆمەڵێک دیوانی شیعری کلاسیکیتان ساغ کردووەتەوە. ئایا ئەو کارانە جێی ڕەزامەندی ئێوەن، یانی توانیوتانە حەقی خۆیانیان بدەنێ، یان ئێستاش ئەگەر کاریان لەسەر بکەنەوە، دەتوانن دیسان دەستکاریان بکەن، یان ئیشی زیاتری لەسەر بکەن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من لام وایە باوکم ئەوەی لە باریدا بووە کاتی خۆی کردوویە، هەروەها کاکە فاتیحیشم، هەرچەند ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ جارێکی تر بە مەولەوی و نالی و مەحوی و ئەوانەدا بچنەوە، لەوانەیە هەندێ شتی تازەیان بۆ دەرکەوێ: باوکم لەو دیوانانەدا ئەو کاتە هەر ئەوەندەی مەبەست بووە خوێندەوارانی کورد بخاتە سەر سەودای ئەوە چەردەیەک لە مەعنای شیعری ئەو شاعیرانە تێ بگاو ئەوەی جێبەجێ کردووە، بەڵام من خۆم، لەبەر ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە لێبوونەوەی باوکم و کاکەم لەو کارانەیان تێپەڕیوە، لام وایە ئەگەر عومری ئەمانەت مۆڵەت بدا و بۆم ڕێک بکەوێ، جارێکی تر بەسەر ئەو دیوانانەدا بچمەوە، دەتوانم لە هەندێ ڕووەوە دەوڵەمەندتریان بکەم و هەندێ کەموکوڕییان- کە دیارە هەن- چارەسەر بکەم.

**ڕامان:** ئێوە هەمووتان هەست دەکەن کە کەموکووڕی لە کارەکانتاندا، بە تایبەتی کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکاندا هەیە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئێمە سێ کەس بووین و ئێستا تەنیا من ماوم. من هەست دەکەم بێ گومان دەبێ کەموکووڕی لە کارەکانماندا هەبێ و لەوانەیشە بەش بەحاڵی خۆم کەموکووڕیم دیاری کردبێ، نە باوکیشم و نە کاکە فاتیحم هەرگیز ئەوەندە لە خۆیان بایی نەبوون خۆیان بەبێ خەوش و کەموکووڕی بزانن، کەواتە دیارە دەبێ لای ئەوانیش هەبێ، بەڵام مەسەلە لە دیاری کردنەکەیەتی.

**ڕامان:** ئەی دەستنووسی تازەترتان دەست کەوتووە، خزمەتی باشتری ئەو دیوانە چاپکراوانە بکات؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەرچەندە من تا ئێستا بەناو ئەو دەستنووسانەدا نەگەڕاوم کە لە پاش باوکم بەجێ ماون و دڵنیایشم لێیان فەوتاون و ئێستا نازانم هی تازەی ئەو سێ شاعیرەیان تێدایە، یان نە؟ بەڵام ئەگەر نەیشبێ، دەزانم هی مەولەوی لەم لاو لەولا هەیە و دەست دەکەوێ. ئەگەر یەکێکی تریش بڵاویان بکاتەوە، منیش دەتوانم پاش ئەو جارێکی تر بەسەریاندا بچمەوە و شتی تریان لەسەر بنووسم. بەش بەحاڵی نالی تائێستا تەنیا ئەو پارچە شیعرە عەرەبییە درێژە هەیە کە دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد بڵاوی کردەوە و دەتوانرێ چەند جارێکی تریش لەسەری بنووسرێ. بەش بەحاڵی سالمیش برادەرێک لە بۆکانەوە چەندین پارچەی لە کەشکۆڵێکی باوکییەوە بۆ ناردووم کە بە سوپاسەوە لە چاپی نوێی دیوانەکەیدا بڵاوی دەکەینەوە. دکتۆر فریاد فازڵ عومەریش لە ئەڵمانیاوە گفتی داوە هەرچی شیعری مەولەوی و نالی و سالم لە دەسنووسخانەکانی ئەڵمانیادا هەبێ فۆتۆی هەموویم بۆ کۆبکاتەوە. ڕاستت دەوێ، بەش بەحاڵی من، هەموو شتێ لەسەر چاکبوونەوە لەم نەخۆشییەم وەستاوە کە ئەوە ساڵێک و نۆ مانگە لەناو جێدا کەوتووم و زۆر لەخۆم دەکەم بە کورسی گواستنەوە دەچمە سەر مێزەکەم و شتێک دەنووسم و هەر بەم جۆرەیش، یان لەسەر جێی ڕاکێشانەکەم لەگەڵ کاک

**ئەگەر زمانی کوردی زمانێکی تەقلیدی بێ، دەبێ هەرچی میراتی دەسکەوتی شارستانەتی مرۆڤایەتی هەیە، هەمووی بە تەقلیدی دابنێین.**

سدیق سالح بەسالمەکەوە خەریک بووم.

**رامان:** بەلای منەوە ئەگەر ئەوەی ئێستا ئەو دیوانانە بخوێنێتەوە، کە بەرۆشنبیریی ئەو سەردەمەی خۆیان ساغ کراونەتەوە، هەست دەکا ئێستا پێویستیان بە ساغکردنەوەیەکی نوێ هەیە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** من لام وایە ساغکردنەوەی هەر دیوانە شیعرێکی کۆنی کوردی، پێویستی بە چەند مەرج هەیە وەک شارەزاییەکی باش لە کولتووری ئیسلامی، بەتایبەتی ئەو بەشانەی پێوەندیان بە لقە ئاینییەکانییەوە هەیە وەک قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و زانستی کەلام و تەسەوف، هەروەها بە ئەدەبی فارسی و ئەو بابەتانەی پێوەندیان بە ئەدەبی فارسییەوە هەیە و دابونەریتی کوردەواری و ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی و ڕێوشوێنی نووسینی فارسی و خەتی شکستەی فارسی و شێوە نووسینی کوردیی کۆن کە لە نووسینی فارسی وەرگیراوە. تێکڕا هاتنەدی ڕادەیەکی باش لەم مەرجانە، پێویستن بۆ هەر کەسێک بیەوێ خۆی بەم کارەوە خەریک بکات. من وا دەزانم ئێمە خۆمان، کەم تا زۆر، ڕادەیەکمان لەم مەرجانە تێدا هاتبووە دی، بەڵام ئەمە واناگەیەنێ کەسانیتر نین ئەم مەرجانەیان وەک ئێمە و لە ئێمە باشتر و زۆر لە ئێمە باشتریش تێدا هاتبنەدی، گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی وەک ئێمە، یان لە ئێمە باشترن بۆ نایەنە مەیدانەوە و گورزی خۆیان بوەشێنن و توانی خۆیان تاقی بکەنەوە؟ من دڵنیام ئەگەر هەر لەسەردەمی کوردی و نالییەوە، مەلای کورد دەستیان بدایەتە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی، هەم گەلێک لە ئێمە چاکتر ئەم کارەیان دەکرد و هەم شیعری شاعیری تری لە کوردی و نالی و ئەو توێژاڵە کۆنتریشیان لەبەردەستدا بوو ساغیان دەکردەوە و نەیاندەهێشت بفەوتێ کە ئێستا نیشانەیان لە هیچ لایەکەوە دیار نییە و هەم ڕێچکەیشیان بۆ وەچەکانی پاش خۆیان دەشکاند کە بەم کارەوە خەریک بین و هەم گەشەیەکی وایشیان بە شیعری کوردی دەدا کە لەسەر ڕێبازی سێ کوچکەی بابان (کوردی و نالی و سالم) شاعیری تری زۆری وەک مەحوی پەیدابین، بەڵام ئەمە نەبوو. جا بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین ڕێبازی سێ کوچکەی شیعری بابان بە تەواوی کوێر بێتەوە و شیعری دیالێکتی گۆران و هەورامیش هەمووی زیندوو بکرێتەوە، دەبێ ڕۆژێ زووتر حکومەتی هەرێمی



**محەمەدی مەلا کەریم لەگەڵ هەندێ فەقێی برادەری لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤**

کوردستان بکەوێتە خۆ بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە، ئەوەیش بە کەڵک وەرگرتن لە هەر کەس لەوانەبێ لەم بوارەدا، چەردەیەک کەڵکی لێ وەربگیرێ، بە تایبەتی لەناو برا کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و شارەزایانی ئەدەبی فارسی و کەلەپووری کۆنی شیعری فارسی و مەلا باشەکانی هەر بەشێکی کوردستان و کردنەوەی لقی خوێندنی دیالێکتی گۆران و هەورامی و دیالێکتەکانی کوردی باکوور... لەم بارەوە نامەوێ لەمە زیاتر بڵێم، چونکە ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستان و ئەکادیمیای کوردی بیانەوێ بەم ڕێگایەدا هەنگاو بنێن، دەتوانن بە باشی لێی بکۆڵنەوە و میکانیزمێکی ڕاست و دروستی بۆ دابنێن.

بەش بە حاڵی پرسیارەکەی ئێوەیش، تەنانەت لە ڕۆژی ئەمڕۆیشدا توانی ئەوە هەیە ئەو دیوانانە و دیوانی تریش- ئەگەر بدۆزرێنەوە و ئامادە بکرێن- بە خوێندنەوەیەکی چاکتر بخوێنرێنەوە و لێیان بکۆڵرێتەوە. دەسا با ئەوانەی خۆیان بە شارەزای ئەم بوارە دەزانن بفەرموون و بێنە مەیدانەوە.

لێرەدا تەنیا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ڕێبازێکی نوێی ئەدەبی ئەورووپایی نییە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم ئەدەبە کوردییە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییەی ئێمەوە ببێ و بتوانێ هیچ ڕۆڵێک لە ساغکردنەوە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی (بەخوێندنەوەیەکی نوێ) و پراکتیزەکردنی ئەو ڕێبازانە بەسەریدا هەبێ.

**رامان:** ئەی دوای ساغکردنەوەی ئەو دیوانانە و چاپکردنیان، لەوساوە هەستت کردووە کە کار ئاسانییەک

بۆ توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی دروست بووبێ تا بتوانن ئەو دیوانانە بەشێوەیەکی نوێ بخوێننەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** دڵنیام پاش لە چاپدانی ئەو دیوانانە لە لایەن ئێمەوە، گەلێ کارئاسانی بۆ توێژەرەوان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی و لەوانیش زیاتر بۆ جەماوەری خوێندەواری کورد، دروست بووە، هەر هیچ نەبێ لەو ڕووەوە کە کەوتنە بەردەستی چەند چاپی نوێی تەواو، یان لە تەواوەوە نزیکی دیوانی مەولەوی و نالی و مەحوی کارێکی وای ڕەخساندووە دیوانی ئەم شاعیرانە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک باش لەبەردەستی هەرکەسێکدا بن حەزیان لە خوێندنەوەی شیعری ئەم شاعیرانە بێ. هەموو دەزانین لە توانی هیچ کەسێکی بە ویژداندا نییە بەراوردی چاپی نالی و مەحوی ئێمە لەگەڵ چاپی پێشووی دەیان ساڵ لەوەو پێشیاندا بکا، وەک چۆن هیچ کەسێکی بە ویژدانیش ناتوانێ لە بایەخی ئەو دوو چاپە کۆنەی ئەو دوو دیوانە و چاپی کۆنی مەولەوی پیرەمێرد و چاپی کوردی و مەریوانی دیوانی سالم و کوردی کەم بکاتەوە کە لەوکاتەوە تا ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەرفەتی ئەوەیان بە خوێندەواری کورددا بزانێ دیوانی ئەو شاعیرانە لە چاپ دراون و دەست دەکەون و ناچار نابێ هەر بەدوای دەستنووسی مامۆستا نەجمەدین مەلا و عەلی باپیر ئاغاو ئەوانەدا عەوداڵ بێ و دەستگیریشی نەبن. لە ڕێگای ئەم چاپانەوە چەند توێژەرەوەی کورد توانیان تێزی ماجستێر و دکتۆرا لەسەر مەولەوی و نالی و مەحوی بنووسن و چەندین وتاری ئەدەبی لە بارەی ئەو شاعیرانەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکەنەوە کە بنووسی هەر کام لەو تێزی ماجستێر و دکتۆرانامانە بە بۆچوونی خۆیانەوە هاتوونەتە مەیدان و کەم و زۆر کاری لێ حاڵی بوون و تێگەیشتنی شیعری ئەو شاعیرانەیان ئاسان کردووە. کتێبەکەی مامۆستا مەسعود محەمەد (دەستەو دامێنی نالی) و کتێبەکەی ڕێبوار سیوەیلی و نامە دکتۆراکەی دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد و پێشەکییەکەی مامۆستا هێمن بۆ یەکەم چاپی ئێرانی دیوانی نالی و کتێبەکەی کاک ئەحمەدی مەلا لە بارەی مەحوییەوە (کە بە داخەوە دەستم نەکەوتووە)، هەموو کاریگەری چاپەکەی ئێمەیان دەبێ بەسەرەوەبێ، بەڵام (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) یەکەی مامۆستا مەسعود محەمەد ئەوە لە پێش چاپەکەی ئێمەوە بڵاوکراوەتەوە و وەک لە یادم بێ بە ڕاسپاردنێک لە کۆڕی زانیاری کوردەوە نووسراوە. ئەمانە هەموو کاری باش و جوان بوون لە کاتی خۆیاندا و ئاواتەخوازم هی تریشیان بەدوادا بێ.

لەو کۆڕی یادکردنەوەیشدا کە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کەرکووک، چەند مانگێک پاش کۆچی دوایی کردنی باوکم، لە کەلار سازی کرد و بابەتەکانی لەو کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە کە لەلایەن مەڵبەندی ناوبراوەوە بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی بابەتێکی باشی لە بارەی دیوانی مەحوییەوە خوێندەوە کە وەک خۆی ئاگاداری کردم، لە چوارچێوەی کتێبێکیشدا بڵاوی دەکاتەوە.

لە داوێنی وەڵامی درێژەکێشاوی ئەم پرسیارەتانەوە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە خەریکی لە چاپدانی دیوانی نالی بووین و پێش ئەوەیش مامۆستا هێمن لە بەغدا بوو. بۆ ئەو زانیارییانەی لە پێشەکیی چاپەکەی ئێرانی دیوانی نالیدا بڵاوی کردوونەتەوە، بە وتارێک، یان بە پێشەکییەک بۆ چاپەکەی کۆڕی زانیاری و دیوانەکە بڵاوی نەکردنەوە، تا سوودیان بۆ چاپەکەی کۆڕیش هەبێ؟

دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی تۆ، ئێمە هەر لەو کاتەیشەوە کە بە دیوانی نالییەوە خەریک بووین، هەستمان بەوە دەکرد کە لێکدانەوەی شیعری کەسێکی وەک نالی، پێویستی بە یەککەوتنی چەندین کەسە کە لەو بوارەدا دەستەڵاتێکیان هەبێ. کاکە فاتیحم زۆرجار دەهات بۆ کۆڕی زانیاری کورد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد لە بارەی گیروگرفتی لێکدانەوەی هەندێ لایەنی شیعری نالییەوە. من خۆیشم لەگەڵ دوا نووسینەوەی دیوانەکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپدا، زۆرجار بۆچوونی خۆیشم لێ زیاد دەکرد. کتێبی (نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە) کە لە پاش بڵاوبوونەوەی دیوانەکە بڵاوم کردەوە، وەک لە پێشەکییەکەیشیدا نووسیومە، بەشێکی زۆری بەرهەمی کاری ئەو ڕۆژانەیە.

بە هەرحاڵ لەم بارەوە من ئەوەندەم بەسە کە ئەو کارەی ئێمە لەگەڵ ساغکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دیوانانەدا کردوومانە و بەهیواشم ئەمساڵ، یان ساڵی دادێ دیوانی سالمیشیان بچێتە پاڵ، ئەگەر تەنیا ئەو ئەنجامەیشیان لێ وەشابێتەوە کە نیوەی ڕێگایان بۆ خوێندەواران و توێژەرەوانانی کورد کورت کردەوە ئەوەیان بەسە و سەرو

زیادیانە.

**ڕامان:** دوای ئەو چەند پرسیارەی پێشوو کە لێمان پرسین، ئێستا دەمانەوێ پرسیارەی ئەوەتان لێ بکەین کە ئێوە چ ڕێگایەک بەباش دەزانن بۆ کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکانی کورد؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** من لام وایە ئەرکێکی گەورەی سەر شانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەزگایەکی دەستنووسی کوردی و دەستنووسی لە کوردستان نووسراوە پێکەوە بنێ. لە سەرەتادا هەرچی لەم دەستنووسانە لەژێر دەستدان لەو دەزگایەدا کۆ بکاتەوە و جا بە کاوەخۆ، بەهاوکاری لەگەڵ ئەکادیمی کوردی و بەشەکانی زمانی کوردی زانکۆکانی کوردستان دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی گەڕان بەدوای دەستنووسی کۆنی کوردیدا بۆ کڕینیان و هێنانیان بۆ دەزگاکەی خۆمان پێکەوە بنێ، لایشم وایە دەبێ لەم کارەدا پشت بە ڕۆشنبیرانی وا ببەسترێ کە لەلایەکەوە فارسییەکی باش بە نووسین و خوێندنەوە بزانن، لە لایەکی تریشەوە شارەزاییەکی باشیان لە کولتووری ئیسلامی و مەلایانە، هەروەها لە شیعر و ئەدەبی فارسیدا هەبێت، چونکە ئەدەبیاتی کۆنی کوردی بەشێوەی نووسینی فارسی نووسراوەتەوە و مەلایانی کورد دایاناناون. بێ شارەزایی لە نووسین و خوێندنەوەی فارسی، زۆر زەحمەتە کەسێک بتوانێ نووسراوەی کۆنی کوردی بخوێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بابەتی شیعری کۆنی کوردی، تێکڕا بابەتی کولتووری ئەدەبی فارسی و عەرەبییە، تەنیا لەو بابەتانەدا نەبێ کە تایبەتن بە کۆمەڵی کوردەوارییەوە و لەم ڕووەوە شارەزایی لەم کولتوورانە دەوری باڵای لە تێگەیشتنی بابەتی کولتووری ئەدەبی کوردی کۆندا هەیە.

خۆ مەسەلەی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی بەربڵاوی زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتەکانییەوە لەگەڵ بەراوردکردنی وشەکانی ئەو فەرهەنگە بەهاوتاکانیان لە فارسی و لە عەرەبیدا، هەروەها فەرهەنگێکی زاراوەی ئەدەبی کوردی و فارسی و عەرەبی، ئەوەیش دەورێکی کاریگەر لە زیندووکردنەوەی ئەدەبی کۆنی کوردیدا دەگێڕێ.

من لەو باوەڕەدام ئێستایش کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور سامانێکی زۆری ئەدەبی کوردییان تێدا پارێزراوە، نەخوازەڵا لە ماڵە ئاغا و شێخ و مەلاکان، چونکە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور تووشی ئەو وێرانکارییانە نەبوون کە کوردستانی ناوەڕاست و باشوور تووشیان بووە و کوردستانی ناوەڕاست و باشووریش لە شارەکان و لە زۆر لە لادێکانیاندا هێشتا بابەتی زۆریان تێدا ماوە، نەخوازەڵا لەو ماڵانەی کە لە سیاسەتەوە دوور بوون.

ئێمە لە هەندەرانیش کەلەپوورێکی زۆری ئەدەبیمان هەیە کە دوای گەڕان، ڕۆژهەڵاتناسەکان هاتوون کۆیان کردوونەتەوە و لەگەڵ خۆیان بردوویانن بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بۆیە دەبێ هەوڵێکی دڵسۆزانە بدەین چیمان لە کتێبخانەکانی هەندەراندا هەبێ، فۆتۆیەکی باشی بکەین و بیهێنین بۆ کوردستان و لێرە بە کوردیی نوێ و بە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان دەست بە نووسینەوەیان بکەین. ئێمە دەبێ کێومالی کتێبخانەکانی ئەڵمانیا و ڕووسیا و فەرەنسە و بەریتانیا و سوێد و ئێران و تورکیا و عێراق و مەککە و مەدینە و شوێناتی تر بکەین و چییان تێدا هەبێ فۆتۆکۆپییەکی باشی بکەین و کتێبخانەی دەستنووسەکانی کورد و دەستنووسە کوردییەکانی کوردستانیان پێ بڕازێنینەوە و هەموو پێویستییەک بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لەو گەنجینە گرانبەهایەی کولتووری گەلەکەمان جێبەجێ بکەین.

**پێشکەوتنی ژیان پێویستی بە وشەی زۆرترە بۆ واتای زۆرتر پەیدا کردوو دایهێناون**

**ڕامان:** ئێوە پێتان وایە کێی تر باشە بۆ ئەوە کە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد ڕاست بکاتەوە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** بەداخەوە ئێمە وەزعێکی وامان بۆ نەڕەخساوە لەگەڵ ئەدیبانی بەشەکانی کوردستانی هەستین و دانیشین تا ئەوانە باش بناسین، بەڵام وەک پێشتریش وتم، لام وایە بەگشتی ئەدیبانی کوردی ئێران، بە تایبەتی ئەوانەیان کە کولتوورێکی مەلایانەیان هەیە، لایەقتری بەجێهێنانی ئەم ئەرکەن.

**ڕامان:** ئەو گلەییەش لە ئێوە دەکرێ کە دەبوایە ساڵانی ڕابردوو خەڵکانێک لەم بوارەدا پێ بگەیەنن.

**محەممەدی مەلا کەریم:** نەک هەر لە ئێمە، بەڵکو لە هەموو مەلا چاکەکانی کوردستانیش و هەر لە

دێرزەمانەوە. تۆ تەماشا دەکەی مەلایانی عەرەب و فارس و تورک هەر لە سەرەتای گەشەکردنی کولتووری ئیسلامییەوە دەیان و بەڵکو سەدان دیوانی شیعری شاعیرانی خۆیان و شاعیرانی فارسیان کۆکردووەتەوە و لێیان کۆڵیونەتەوە و لەسەریان نووسیون، گراماتیکای زمانی عەرەبییان دۆزیوەتەوە و چەندین کتێبیان تێدا داناوە، بەڵکو زانایانی کوردیش چییان لەم بوارەدا پێ کرابێ کردوویانە و هیچ درێغییان نەکردووە، کەچی کەسێکیان پرکێشی ئەوەی نەکردووە بە دوای شیعری شاعیرێکی کورددا بگەڕێ و کۆی بکاتەوە، چ جای ئەوەی بیر لە لێکدانەوەی بکاتەوە و شتێکی لەسەر بنووسێ و لەم بوارەدا ڕەنگ بۆ کەسێکی پاش خۆی هاتوو بڕێژێ. جا بۆیە منیش، بەش بە حاڵی خۆم، وەک فەقێیەکی کوردی پەروەردەی بەردەستی ئەم جۆرە پەروەردە نا نەتەوەییە، هەر ئەم ڕێچکە میراتییەی باوک و باپیران و مامۆستایانی خۆمم گرتبووەبەر. من ئەگەر لە سەرەتای ژیانی خوێندنمدا، بەهۆی هەندێ کاری لاوەکییەوە دەمارێکی یاخیگەرانەم بەرانبەر بەشێوە خوێندنی حوجرە تێدابووبێ، کە بوویشە، هەرچەند هیچی وایشم بەرانبەری پێ نەکرابێ و بە باشی گەیاندبێتمە دوا قۆناغی باوی و بەشێکی ئەو یاخیگەرییەی خۆم لە ڕێگای ئارەزووی ڕۆژنامە خوێندنەوە و ڕۆژنامەنووسی و خەریکبوونێکی کاڵ و کرچ بە سیاسەتبازییەوە خەرج کردبێ، کە لەگەڵ ئەوەش بەهیچ جۆرێ لەو بە سیاسەتەوە خەریک بوونەم پەشیمان نیم، بەڵام خەریک بوون بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە کاتی زۆری لێ گرتووم.

من، بەش بەحاڵی گەلی کورد و خوێندەواری کورد، دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە، هەر لە بنەڕەتەوە، بەشێکە لە کارای پێکهاتنی دەروونی ئەم گەلە و نەخوازەڵا توێژاڵی ڕۆشنبیری کە تائێستایش لێی نەکۆڵراوەتەوە، هەرچەند ئاماژە بۆ هەندێ ڕووی لە بواری سیاسەتدا کراوە، بۆیە پێویستییەکی ژیاریمان بە زاناگەلێکی خاوەن بەهرەی کۆمەڵناسی هەیە بتوانن بە توێژینەوەی ورد و زیرەکانەی خۆیان هۆ ڕاستەقینەکانی ئەم دیاردەیەمان بۆ بدۆزنەوە، بەڵکو لەمەوپاشی ژیانی گەلەکەماندا سوودی لێ وەربگرین و بارێکی لارمان بۆ ڕاست بکاتەوە.

دەمەوێ کەمێک درێژە بەم بابەتە بدەم. کە ئایینی ئیسلام گەیشتە کوردستان، وەک گەیشتیشە گەلێک لە وڵاتانی دەورووپشت و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سنووری ئاسیای



**محەمەدی مەلا کەریم و عەبدولمەجید لوتفی و حوسێن ئەحمەد جاف**

ناوەڕاست و لە ڕۆژئاوایشەوە تا کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی ڕۆیشت و کوردان بە زۆری گرەویدەی ئایینی ئیسلام بوون و وازیان لە ئایینە پێشینەکانی خۆیان هێنا کە تەنیا لە پێوانەیەکی کەمی وڵاتەکەیاندا نەبێ، شوێن پێیان بۆ نەهێشتنەوە وەک ئایینی (یارسان)، شیعری کوردیش کە دیارە لەبەر بڵاونەبوونەوەی نووسین و ڕانەهاتنی قەڵەم و کاغەز، هۆی سەرەکی ڕاگەیاندن و پێگەیاندن بووە، لە سنووری تەسکی ئەو ناوچانەدا ماوەتەوە و کوردیش کە لەبەر دڵسۆزی و دڵپاکی خۆی ئەوەندەی خەریکی خوێندەواری بووبێ هەر بە عەرەبی و تاڕادەیەکیش بە فارسی خەریکی بووە و هیچ قەدر و قیمەتێکی بۆ زمانەکەی خۆی و ئەدەبی نەتەوەیی خۆی دانەناوە، لەناو یارسانەکاندا نەبێ کە بەهۆی دەستبەردار نەبوونیانەوە لە ئایینی مێژینەیان، وازیان لە شیعری کوردی نەهێناوە، کە نووسینیش گەیشتووەتە ناویان چەردەیەکیان لێ نووسیوەتەوە و لەمەوەیە کە (بەهلوولی ماهی)- وەک دەڵێن- یەکەمین شاعیرێکی کوردە ئێستا چەند پارچەیەک شیعری لەناوماندا ماوە بە ئاوازی شیعری نەتەوەیی کوردی کە شیعری دە بڕگەییە دانراوە. شاعیری کوردی عوسمانیش، ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێ، تا سەدەی حەڤدەم و هەژدەم هەرچی شیعرێکیان وتبێ، شاعیرە دوورە دەستەکانی ناوچە شاخاوییەکانیان نەبێ، هەر بە فارسی و عەرەبی وتوویانە و لەوە پاش وردە وردە کەوتوونەتە شیعر وتن بە کوردی و ئەویش لەسەر وەزنەکانی عەرووزی عەرەبی. هەر ئەم هەستی خۆ بە (ناچیز) حسێب کردنە هۆی ئەوەیە کە هەرچی دانراوە (تألیفات)ی مەلای کوردە هەر بە عەرەبی و کەمێکیش

بە فارسی بووە، بەڵکو ئێستایش تێکڕا هەروایە و پەخشانی کوردی لە سەردەمی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ حوسێنی قازییەوە وردە وردە دەست پێ دەکات و تێکڕای نووسینی نوێی کوردی بەرهەمی سەرهەڵدانی گیانی نەتەوەیی و کاریگەری شارستانەتیی ئەوروپایە لە کوردستاندا.

هەر لە پاش لە چاپدانی دیوانی مەولەوی و شەرحی شیعری مەولەوی، زۆر کەس لە دڵسۆزانی شیعری کۆنی کوردی کە کەشکۆڵ و دەستنووسی کۆنیان لابوو کە زانییان باوکم ئارەزووی لە ساغکردنەوەی ئەم جۆرە شیعرە هەیە، جاروبار ئەو کەشکۆڵ و دەستنووسانەیان دەنارد بۆ باوکم بە هیوای ئەوەی لێکیان بداتەوە، لە چاپیان بدا، بەڵام تا من و کاکەم لە نزیکی باوکمەوە بووین، هانمان دەدا لەم بارەوە کار بکا و چالاکی بنوێنێ. ئەو چەند بەرهەمەیشی ئەنجامی ئەم لێک نزیکی و هاندانە بوون، بەڵام کە کاکەم بوو بە مامۆستای سەرەتایی و لە بەغدا نەماو منیش لە کۆڕی زانیاری کورد دامەزرام و باوکم بە تەنیا خۆی مایەوە، ئەو ئارەزووەی لا سارد بووەوە و کەوتە نووسین و لە چاپدانی کتێبە ئایینی و عەرەبییەکانی خۆی کە بە ڕاستی من ئەوەم بۆ نەدەویست و حەزم دەکرد زیاتر خۆی بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان بکا کە لە ناو مەلایانیشدا کەم کەس مابوو وەکو ئەوی پێ بکرێ، یان هەر هیچ نەبێ خەریکی ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی پاشماوەکانی هەندێ مەلای گەورەی کورد بێ کە لە بواری شەرع و تەفسیری قورئاندا نووسراوی وایان نووسیبوو پێوەندی بە کوردستانەوە هەبێ. ئەگەر باوکم وای بکردایە، بێ گومان منیش بە ناچاری دەکەوتمە پاڵی و کارەکانی ئەوم تەواو دەکرد، وەک شانم بۆ لەچاپدانی کتێبە ئایینییە عەرەبی و کوردییەکانی دایە بەر، لە دوا ساڵەکانی ژیانی باوکمدا کە کۆڕی زانیاری کوردیش نەما کە من کارم تێدا دەکرد و کاکە فاتیحیشم کۆچی دوایی کرد، دەکرا من بە یارمەتی باوکم، خۆم بەم کارەوە خەریک بکەم، بەڵام لەلایەکەوە کە باوکم کتێبەکانی خۆی، بە پێشنیای من، بە کتێبخانەی خوێندنگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخشی و من بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەی ئەو کەوتمە جوێکردنەوەی کتێبە عەرەبی و ئایینییەکانی و دەیویست دەستنووسەکانی خۆی و کەشکۆڵ و دەستنووسە شیعرییەکانیان کە لای بوون لێی وەلا خەم و ئەوەم لە دڵدا بوو تا باوکم خۆی ماوە، بەیارمەتی ئەو خەریکی ساغکردنەوەی ئەو کەشکۆڵ و دەستنووسە شیعرییانە بم. کە لە کارەکەم بوومەوە سەیر دەکەم هەرچی کتێبی خوێندنی حوجرەی خۆیەتی کە بۆ خۆی هەموویانی نووسیبووەوە و هەرچی کەشکۆڵ و دەستنووسی شیعرییە کە لەم لاو لەولاوە بۆیان ناردبوو و کاتی خۆی لەگەڵ کتێبەکانی تری لە ژوورێکی دەرگا دانەخراوە لە چەند دۆڵابی بێ قوفڵ و کلیلدا دانابوون، هیچیان نەمابوون، بۆیە ئێستا تەنیا چەند کەشکۆڵ و دەستنووسێکی ماون کە یان زوو بۆی هاتبوون و دابوونییە من، یان لەوانەی لە پاش گواستنەوەی کتێبخانەکەی لە بارەگای گەیلانییەوە بۆ ماڵی خۆمان بۆی هاتبوون و لەگەڵ خۆی دەیهێنانەوە ماڵ، ئەگینا هەموویان برابوون. ئێستایش کە مەسەلەکە بەم جۆرەی لێ هاتووە، من بڕیارم وایە ئەگەر لەم نەخۆشییەم ڕزگار ببم کە ساڵ و نیوێک زیاترە گرفتاری بووم، خوایار بێ، خەریکی ساغکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو چەند کەشکۆڵ و دەستنووسە بم کە لامان ماون، هەروەها بەسەر دیوانی بێسارانییەکەیشیدا بێمەوە و بەچاپی بگەیەنم.

**ڕامان:** جەنابتان کۆمەڵێک کاری شاعیرە کلاسیکەکانتان ساغ کردووەتەوە و منیش بە شێوەیەکی گشتی تیبینیم کردووە ئەو شاعیرە گەورانە، ئەو خەڵکانەی کە لە بواری ئەدەب و فکر و زماندا خزمەتیان کردووە نەوە و کوڕ و کوڕەزاو کەسەکانیان نەیانتوانیوە ئەو کەلوپەل و دەستنووس و شتانەیان بپارێزن و ساغیان بکەنەوە کە ئەوان لە پاشی خۆیان بەجێیان هێشتوون تا بە ئەمانەتەوە بیانگەیەننە خوێنەران. زۆرجاریش کە خەڵکی تر ئەم کارە دەکەن، ئەمان نەک هەر هاوکارییان لەگەڵ ناکەن، بەڵکو تەگەرەشیان بۆ دروست دەکەن، ئێوە لەم ڕووەوە هیچ ڕێکەوتی شتی واتان کردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** هیچ ئاگام لەوە نییە کە ڕێکەوتی شتی وامان کردبێ. باوکم لە بنەڕەتدا خەریکی کاری مەلایەتی و دەرز بە فەقێ وتنەوەی خۆیەوە بووە. بە پلەی یەکەم من خستمە سەر کەڵکەڵەی ساغکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دیوانە شیعرانەی پێیانەوە خەریک بووە.

یەکەم کاری باوکم لەم بوارەدا لێکدانەوەی دیوانی مەولەوی بووە. بۆ خۆی هەر لە سەرەتای مەلایەتیدا دوو نوسخە دیوانی مەولەوی نووسیوەتەوە. پاشماوەکانی

مەولەویش کە باوکم پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵیاندا هەبووە، هیچیان نە زەوقی شیعرییان هەبووە و نە دەستنووسی مەولەوییان لا هەبووە. بەش بە حاڵی نالیش، هەر کە خوێندەوارانی کوردمان لەوە ئاگادار کرد کە باوکم خەریکی ساغکردنەوەی دیوانەکەیەتی، لە زۆر لاوە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکرا کە یەکەمین و دووەمین کەسیان پاشماوەکانی مامۆستایان مەلا محەمەدی چروستانی و مەلا عارفی چنگیانی بووە کە دوو دەستنووسی چاکی خۆیانیان دایە لامان. بەش بە حاڵی دیوانی مەحویش دەست پێشخەری لەلایەن مامۆستا شێخ محەمەدی مەحوییەوە بوو کە چی لابوو ختبیە بەردەستمان و ئیتر نە بە تایبەت داوای هیچمان لە کەس کردووە و نە کەسیش هیچ دەستێکی یارمەتی بۆ درێژکردووین. دیوانی یان کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندیش کە باوکم لە کەرکووک پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ نەوە و کەسوکارەکانیاندا هەبوو، خۆیان دەستنووسەکانیان خستووەتە بەردەستمان. لەبیرم چوو لە باسی دیوانی نالیدا ئەوەیش بگێڕمەوە کە هەر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاومان کردەوە کە باوکم نیازی ساغکردنەوەی و لێکدانەوەی دیوانەکەی هەیە، پاش دوو نوسخەکەی چروستانی و چنگیانی لە هەموو لایەکەوە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردین کە تا چاپی دیوانەکە تەواو بوو ٢٣ دەستنووسمان لا کۆبووەوە کە دواییان پارچە شیعری (لایقی مەخزەنی تەبعە..) بوو کە زەنکۆگرافی ئەو پارچە شیعرەمان لە بەرگی دوایی دیوانەکە لە چاپ داوە و لەناو شیعرەکانیشدا هەموو پارچەمان بڵاوکردووەتەوە. ئەم پارچە شیعرە قوتابییەکی کۆلێژی شەریعەت بۆی هێناین و وتی لەناو پاشماوەکانی باوکمدا دۆزیومانەتەوە. سەید تاهیری هاشمیش لە کرماشانەوە بە ناردنی چەندین فۆتۆی دەستنووسی کوردی یارمەتی زۆری داوین کە هێشتا بەداخەوە بۆمان نەلواوە سوودیان لێ وەربگرین. لە کورتی بیبڕمەوە ئێمە هیچ لەو تەگەرانەمان نەهاتووەتە ڕێ کە تۆ باست لێ کردوون، لەگەڵ ئەوەیشدا دەستەو دامێنی هەرکەس دەبم کە شتێکی لەم بابەتانەی لابێ، بیگەیەنێتە دەستی کەسێکی لێهاتووی باوەڕ پێکراو بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکا، یان بیگەیەنێتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری وەک ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، یان بنکەی ژین لە سلێمانی بۆ پاراستنی و نەکەن بیانفرۆشن بە وانەی لەم لاو لەولاوە دێن دەستنووس لە دەستی خاوەنەکانیان دەردەهێنن و لە دەرەوە بۆ قازانجی خۆیان بە نرخێکی گران دەیفرۆشن، چونکە ئەم دەستنووسانە سامانێکی گرانبەهای کەلەپووری ئەم میللەتەن و دەبێ بە هەموومان ئاگاداریان بین و بیانپارێزین.

**ڕامان:** ئەی باشە ئێستە کۆسپی شێوەزار، زۆرجار داهێنەرە گەورەکانی شاردووەتەوە. بۆ نموونە ئەوە (مەولەوی)مان هەیە. لەولاوە (بێسارانی) و (صەیدی) و هی دیمان هەیە کە هێشتا نە بەپێی پێویست لێیان کۆڵراوەتەوە و نە بەسەر کراونەتەوە، نە وەکو (نالی) و (سالم) و (مەحوی) و ئەوانی دیکە خوێنەریان هەیە، لەولایشەوە (مەلای جزیری) و (خانی) و (فەقێی تەیران) و هی دیمان هەن کە بە کرمانجی ژوورو و شیعریان وتووە، بەپێی ئەزموونی خۆت چی بکەین بۆ ئەوەی ئەوانە لە خوێنەرانمان نزیک بکەینەوە؟ ئایا ئەو ئەزموونەی مام هەژار لەگەڵ مەلای جزیری کردی پێت ڕاست بوو؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** زۆر ڕاستە کێشەی شێوەزار هەمیشە ڕێی لەوە گرتووە تێکڕای خوێندەوارانی کورد، وەک یەک، سوود لە بەرهەمی هەموو بە شێوەزارە جیاجیاکان شیعر وتوو بگەن، تەنانەت مەسەلەی پکهێنانی زمانێکی ستانداردی کوردیش لەناو هەموو دیالێکتە کوردییە جیاوازەکاندا، بەش بەحاڵی شاعیرە پێشینەکانی هەموو دیالێکتەکان، چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناکات. بەلای منەوە لێرەدا دوو چارەسەر هەیە یەکێکیان تەنیا بەفریای ئەو دیوانە شیعرانەدا دەگات کە تائێستا بەو دیالێکتە جیاوازانە نووسراون و ئەویشیان ئەگەر بە باشی و سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێ بۆ شیعری کۆن و شیعری لەمەولامان وەک یەک سوودمەند دەبێ. چارەسەری یەکەم ئەوەیە هەر کام لە دیوانە شیعرەکانی هەر کام لە دیالێکتەکان بە هەموو دیالێکتە جیاکان لێک بدرێنەوە و شەرح بکرێن. چارەسەری دووەمیش ئەوەیە دەرزی هەموو دیالێکتەکان لە دوا پلەی خوێندنی سەرەتایی (١-١٢) و لە هەموو کۆلێژە ئەدەبییەکاندا بوترێتەوە. ئەم چارەسەری دووەمەیش هەرچەندە نابێ بە مایەی ئەوە کە هەر دەرچوویەکی کۆلێژەکان شارەزای هەموو دیالێکتەکان ببێ، بەڵام هەمیشە توێژاڵێک ڕۆشنبیری دەرچووی کۆلێژمان دەبێ کە لە هەموو دیالێکتەکاندا چەردەیەکی باش شارەزاییان

هەبێ و ئەمە کارێک دەکا کە هەمیشە کۆمەڵێک ڕۆشنبیرمان هەبێ کە بە هەموویانەوە بتوانن هەریەکە لە بواری خوێندنی خۆیدا، شارەزایی لە دیالێکتێک ببێ. بە هەرحاڵ من پێشنیاری ئەوەیش دێنمە ئاراوە کە کۆلێژێکی ئەدەبی تایبەتی بۆ هەموو دیالێکتەکانی کوردی دابمەزرێنرێت و بەرنامەی پێخوێندنی وا ڕێک بخرێت کە خوێندکار لە هەر کام لە دیالێکتەکاندا چەردەیەکی باش شارەزایی پەیدا بکات، لەم حاڵەدا دەتوانین بلێین لە دوارۆژێکی زۆر نزیکەدا دەرچووی کۆلێژ، دەسمایەیەکی باشی لە هەموو دیالێکتەکاندا بەدەستەوە دەبێ.

بەش بەحاڵی ڕاڤەکردنەکەی مام هەژاریش بۆ دیوانی مەلای جزیری، بێ گومان ئەزموونێکی سوودبەخشی بەدەمەوەیە، بەڵام چارەسەری ئەوەمان بۆ ناکا گرفتەکانمان بە تەواوی پاکتاو بێن. بەش بەحاڵی دیوانی مەولەوییەکەی باوکم و کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندی باوکم و کاکە فاتیحم و هەندێ کاری تری لەم بابەتەیش، لام وایە هەر ئەوەندەمان لەم بارەوە لەدەست دێ کە پێشیان وتم. نابێ ئەوەیشمان لە یاد بچێ کە نووسینی چەندین فەرهەنگی بەربڵاو بۆ هەر کام لە دیالێکتە کوردییەکان و فەرهەنگێکی هەمەلایەنەی هەموو دیالێکتەکانیش بۆ سەرانسەری زمانی کوردی لە چەندین جار لەم بارەوە نووسیومە، دەورێکی کاریگەر لەم بوارەدا دەبینێ.

**ڕامان:** کاریگەری شیعری کلاسیکی فارسی و تورکی و عەرەبی بەسەر شیعری کلاسیکی کوردییەوە چییە؟ تۆ لەمەت کۆڵیوەتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕاستت دەوێ وەڵامدانەوەیەکی ورد و پوختی ئەم پرسیارە پێویستی بە شارەزاییەکی باشە لە بواری بەراوردی شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا. من لە شیعری کلاسیکی فارسیدا لە شارەزاییەکی زۆر سەتحی بەولاوەم نییە. لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا، شیعرەکە خۆی کەمیمان لەبەردەستدایە و شارەزایی ئێمەیش لەو کەمە کەمترە، لەگەڵ ئەمەیشدا دەتوانم پرسیارەکە بێ وەڵامدانەوە تێنەپەڕێنم. من هیچ لەم بابەتی کاریگەرییەم نەکۆڵیوەتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم کاریگەری شیعری فارسی بەسەر شیعری کوردییەوە، چ لە شێوەدابێ، یان لە بابەتدا، لە هی عەرەبی و تورکی زۆر زۆرترە، لەبەرچەند هۆیەک، وەک ئەوەی کە شیعری کوردی پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئێران و لە کوردستاندا تا درەنگانێک، هەر لەسەر ڕێوشوێنی کۆنی خۆی ماوەتەوە و عەرووزی عەرەبی کە لە ڕێگای شیعری فارسییەوە گەیشتووەتە شیعری کوردی، لە دەرەتانێکی تەسکی شیعر بە دیالێکتی گۆران (شیعری ئەهلی حەق)، واتە شیعری بە دیالێکتی کرمانجی سەروودا نەبێ نەهاتووەتە شیعری کوردییەوە، شیعری کوردی بەسەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی ماوەتەوە و ئەگەر شیعری فارسی کارێکی تێدا کردبێ بەهۆی کولتووری ئیسلامی و تەنیا لە بابەتدابووە. هەرچی شیعری عەرەبیشە ئەگەر کاریگەرییەکی لە شیعری شێوە نەتەوەیی کوردیدا کردبێ، ئەویش هەر لە بواری بابەتدا بووە. هەرچی شیعری تورکیشە ئەوە هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە کە کاریگەری لە شیعری کوردیدا کردبێ و کولتووری تورکی هەرگیز نەگەیشتووەتە ناو توێژاڵی ڕۆشنبیری کورد کە مەلاو فەقێ بوون و لە حاڵەتی هاتنیشیدا تەنیا هاتووەتە ناو توێژاڵی میرو ئاغایانەوە، ئەویش بەهۆی پێوەندییانەوە بە حکومەتی عوسمانییەوە.

هۆیەکی تری کاریگەریی شیعری فارسی لە شیعری کوردیدا، نزیکی زمانی فارسی و کوردییە لە یەکەوە کە شیعری فارسی خۆی کەوتووەتە بەر کاریگەریی شیعری عەرەبی و عەرووزی عەرەبی تێ هاتووە و لەویشەوە پەڕیوەتەوە بۆ شیعری کوردی و شان بەشانی شیعری شێوە نەتەوەیی کوردی کە شیعری دەبڕگەییە، شیعری لەسەر عەرووزی عەرەبیشی تێ هێناوە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ سێ خاڵ بکەم. یەکەم ئەوە کە شاعیرانی فارس دەسکاری عەرووزی عەرەبییان کردووە و چەند وەزنێکی تریان لێ زیاد کردووە و شاعیرانی کوردیش چاویان لێ کردوون و هەمان کاریان لە عەرووزی عەرەبیدا، بەش بەحاڵی شیعری کوردی کردووە. دووەمیش ئەوە کە نزیکی زمانی کوردی و فارسی لە یەکەوە دەسەڵاتی ئەوەی بە شاعیرانی کورد داوە کە دۆزینەوەی وشەی هاوقافیە بۆ بەیتە شیعرەکانیان، بەئاسانی بۆ تێبپەڕێ. سێیەمیش ئەوەیە کە دەبوو لە سەرەتاوە هێما بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە کاریگەریی شیعری عەرەبی و عەرووزی عەرەبی لە شیعری بە دیالێکتی کرمانجی سەروو وتراودا زووتر تا لە شیعری بە دیالێکتی کرمانجی خواروو وتراودا، ئەوەندەی تا ئێستا دەرکەوتبێ، سەری

هەڵداوە، بە پێچەوانەی دیالێکتی گۆران (شیعری ئەهلی حەق)ەوە کە ئەم کاریگەرییەی لە شیعری بە هەر دیالێکتێکی تری کوردی وتراودا زیاتر دیارە.

ئەگەر لە ڕووی بابەتیشەوە باسی ئەو کاریگەرییە بکەم، دەبێ بڵێم ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ، خاسیەتە ناوخۆییەکانی ژیانی گەلان بە هەر کام لە زمانگەلی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی دووی بەدەربێ، شیعری بەم زمانانە وتراو هەموو لە گەلێ شتدا وەک یەکن، بەڵام خاسیەتە ناوخۆییە جیاوازەکانیش کەم نین، وەک ژیانی دەشتەکییانەی عەرەب و ڕێبازە مەزەبییەکانی بە دیالێکتی گۆران دووەکانی کورد و هەر خاسیەتێکی تایبەتی هەر کام لەم گەلانە کە بە یەکێ لەم چوار زمانە دەدوان.

دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای وەڵامی ئەم پرسیارە: مەسەلەی کاریگەریی ئەدەبی هەر کام لەو چوار زمانە ئەدەبییەی لێیان دواین، بابەتی چەندین نامەی دکتۆرای قۆڵی کار بۆ کردن بۆ هەڵماڵراوە کە تائێستا من باسی نامەی کەسێکم لەم بارەوە گوێ لێ نەبووە. من هەرگیز ناتوانم بەلای ئەوەدا بچم کە دوو شاعیری لێهاتووی وەک نالی و مەحوی ئاگادارییەکی قووڵیان لە شیعری دەوڵەمەندی شاعیرانی فارس نەبووبێ، یان لەم ساڵانی دواییەدا کە زۆر لە ئەدیب و شاعیرانی کورد ماوەیەک لە ئێران ژیاون و ئەدەب و شیعری فارسییان خوێندووەتەوە، کاریگەرییەکی زەقیان لەگەڵ خۆیان هەڵنەگرتبێ بۆ ناو ئەدەب و شیعری کوردی، مەگەر بڵێین هیچ لە زمانی فارسی فێرنەبوون کە ئەوەیش ناوترێ.

**ڕامان:** کێش و سەروا، یان زانستی عەرووزی فەراهیدی، چ خزمەتێکی بە شیعری کوردی کردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** زانستی عەرووزی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، کە قانوونەکانی شیعری عەرەبی لەسەردەمی خۆی و لەپێش ئەو سەردەمەیشدا دۆزیوەتەوە و بەپێی کێشەکانی ئەو قانوونە (تەفعیلە)کانی بۆ دیاری کردوون، بەش بە حاڵی شیعری کوردی خزمەتێکی گەورەی کردووە کە ئەوەتە شاعیرانی کورد، با پاش ئەویش بە ماوەیەکی زۆر بووبێ، لەسەر کێشی ئەو تەفعیلانەی ئەو زانستە، چەندین کێشی لەوەپێش نەبوویان هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە و لەسەر بنەمای ئەو تەفعیلانە و بە چاولێکەری شیعری فارسی چەندین کێشی تازەیشیان بۆ دروست کردووە و شیعریان بە گوێرەیان وتووە. چوار کوچکەی شیعری بابان، کوردی و سالم و نالی و مەحوی لە گەورەترین نموونەی ئەم خزمەتە گەورەیەی عەرووزی فەراهیدین، بەڵام بێ ئەوەی ئەو خۆی بیەوێ، زیانێکی گەورەیشی پێ گەیاندووە کە ئەوەیە هەڕەمەی (شاعیرانی) ئەم سەردەمەمان کە دەسەڵاتیان بەسەر عەرووزەکەیدا نەشکاوە و لێی بێزار بوون، لە جیاتی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شیعری نەتەوەیی خۆمان، شیعری بڕگە و پەنجە و هەرچی دەکەن لەوێوە دەستی بدەنێ، هاتن ئەم شیعرە بێ وێنە و بێ کێش و بێ قافیانەیان داهێنا کە خۆیان بە وتنییەوە هیچ ماندوو نابن، بۆیە خەڵکیش هیچیان لێ تێناگەن، کەواتە تۆ ئەگەر چاوەڕوانی چاکە لە عەرووزی فەراهیدی بکەی، یان بۆ شیعری کوردی چاوەڕوانی خراپەی لێ بکەی، کەمی بۆ نەکردووە!

**ڕامان:** هەردی پێی وایە کاریگەریی شیعری فارسی زیاتر بەسەر شیعری کلاسیکییەوەیە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەویش لە واتادا بەشێک لەم قسەیەی کردووە کە من ئێستا وتم. ئێستا من قسەکەی مامۆستا هەردی ڕوونتر دەکەمەوە و دەڵێم کاریگەریی شیعری کلاسیکی فارسی بەسەر شیعری کوردییەوە هەیە، بەڵام ئەو خۆیشی بەر کاریگەریی عەرووزی فەراهیدی کەوتووە لە شیعری عەرەبیدا.

**ڕامان:** زمانی ئێمە، ئەگەر بمانەوێ نوێی بکەینەوە، یان بڵێین لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم و ژیاندا بیگونجێنین، بەڕای تۆ دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان نوێ بکەینەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** زمان، هەر زمانێ بێ، لەو ڕۆژەوە کە پەیدابووە، بەپێی پێویستییەکانی ئەو سەردەمەی وشەی هەبووە، بەڵام هەمیشە و سەرەمڕ پێویستییەکان زیادیان کردووە و بەدوای ئەو زیادکردنەدا وشەش لەو زمانەدا زیادی کردووە و زمان تازەبووەتەوە، جا ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن، یان خۆیان وشەی نوێیان بۆ ئەو پێویستییە تازانە داهێناوە، یان لە زمانی گەلێکی دراوسێوە، ئەگەر بێ دەستکاری، یان بە دەستکارییەوە، وەرگرتووە. ئەم دیاردەیە هەر لە پێویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتییەوە دەستی پێ کردووە. بۆ نموونە وشەی (دایک)ی کوردی کە لە فارسیدا (مادەر) و لە ڕووسیدا (مات) و لە ئینگلیزیدا (مازەر)ە و من ئاگادارنیم لەوانەیە لە گەلێ زمانی

تریشـدا هەر وشـەی نزیک بەم وشـەیە هەبێت، دیارە ئەو وشانە هەموو لقی یەک بنجن. وشەی (قط)ی عەرەبی و (کت) و (کـتـک)ی کـوردی و (کـات)ی ڕووسی هەروا دیارە لقی یەک بنجن. مـەبەسـتم لەوەیە مـرۆڤـایـەتی لە پێشاندا پێویستی بە وشەگەلێکی کەم بووە، بەڵام پاشان بە پێشکەوتنی ژیان پێویستی بە وشەی زۆرتر بۆ واتای زۆرتر پەیدا کردووە و دایهێناون.

لەبەر ئەوە من ناتوانم بڵێم زمانی کوردی پێویستی بە تازە کـردنەوەیە و ئەم زمـانەی ئێـسـتـامـان زمـانێـکی چاولێکەری، واتە (تەقلیدی)یە و دەبێ بگۆڕدرێ، بەڵام دەبێ بڵێین هەرچەند شارسـتـانەتی لەناو کـورددا زیاتر گـەشـە بکات، پێـویسـتـمـان بە وشـەی زیاتر دەبێ بۆ بەفریاگەیشتنی پێویستییەکانی ئەو شارستانەتییە بێ ئەوەی بە ناچاری پێـویسـتـمـان بەخـسـتـنە لاوەی هیچ وشـەیەک ببێ، مـەگـەر ئەو واتایەی وشەیەکی بۆ دانراوە لەناومـانـدا نەمـێـنێ، ئەوکـاتە وشـەکـەی دەخـەینە مـوزەخـانەی فـەرهەنگی زمـانەوە بێ ئەوەی بڕیاری کوژاندنەوەی بدەین.

کەواتە ئەمڕۆ کە ئێمە لە شارستانەتییەکی نوێدا دەژین و پێویسـتییەکانی ژیانمان چەندین قات لە جاران زیاتر بووە، بۆیە پێویستیمان بە وشەگەلێکی ئێجگار لە جاران زۆرترە، چەندین ڕێگامان بۆ وەدەست هێنانی ئەو وشانە لەبەردەمدایە وەک ئەوە کە بە گوێرەی شوێن وشەیەک بۆ چەندین واتا بەکاربهێنین بەپێی نزیکی واتاکان لە یەک، یان وشەیەک لە وشەیەکی ترەوە داتاشین کە واتاکانیان لە یەکەوە نزیک بێ وەک پێشانیش کردوومانە، بۆ نموونە وەک لە (تەخت) و (تەختە) و (تەختان) و شتی وادا، یان لە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکەمانەوە دەیهێنین و دەیخەینە ناو هەمـوو دیالێکتەکانی زمانەکـەمانەوە، یان تەنانەت لە زمـانێکی دراوسـێـوە دەیخـوازین کـە پێـوەندی نزیکیـان زۆربێ وەک کـوردی و فـارسی، یان ئەگەر لە داهێنراوە نوێیەکانی زانست و پیشەسازییەوە وەری بگرین و بەکاری بهێنین و ئەمە سوودێکی زۆری بۆ مـەبەسـتی نزیک کـردنەوەی گـەلان لە یەک دەبێ و دەمـێکیـشـە ئەمـەمـان کـردووە و دەیکەین وەک بەکـارهێنانی وشـەگـەلی (مـاشێن) و (ئوتـومـۆبێل) و (ڕادیۆ) و (تەلەفزیۆن) و (مۆبایل) و سەدان وشەی تر، ڕێگای تریش بۆ دەوڵەمـەندکـردنی زمـان بەپێی داخوازییەکانی سەردەم کەم نییە.

ئەوەی ئێـمـە لەم بوارەدا پەکـمـان لەسـەری کـەوتووە، نەبوونی دەزگـایەکی وایە ئەم کـارەمـان بۆ ڕێک بخات، بۆیە من بە تێگەیشـتنی کـەم و سـادەی خـۆم، لام وایە دەبێ دەزگایەکی دەستەڵاتداری خاوەن کادری لێهاتووی دڵسـۆز و بودجـەی باشـمـان بۆ دانانی پلان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارانە ببێ:

١- کێومالْ کردنی لە ئێستادای هەموو کـوردسـتـانی عێراق و ناوچە دیالێکت جیـاوازەکانی بۆ کۆکردنەوەی وشەی کوردی و ڕێکخستنی چەندین فـەرهەنگ بۆ هەر کام لەو دیالێکتانە.

٢- یەکـخـسـتـنی هەمـوو ئەو فـەرهەنگانە لە فەرهەنگێکی سەرانسەریدا بۆ ئەوەی سامانێکی فراوانی وشەمان لەبەردەستدا بێ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو وشانە لە دەوڵەمەندکردنی زمانەکەماندا بۆ ئەوەی چەند زۆرتر بە فریای پێویستییە شارستانییەکانی ئەمڕۆ و تاڕادەیەک لەمەو پاشیشماندا بگات.

٣- کـۆکـردنەوەی کـەلەپووری پەندی پێـشـینان و گۆرانیی کۆنی کوردی و شیعری فۆلکلۆری و بەرهەمی شاعیرانی دێرینمان.

٤- دامەزراندنی دەزگایەکی کارای زمانزانی بۆ سوود وەرگرتنی بەردەوام لە دەسکەوتەکانی خاڵەکانی پێشوو و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بەردەوامی ئەو خاڵانە.

٥- نووسینی گرامـەری هەمـوو دیالێکتـەکانی زمانی کـوردی و لەسـەر بنەمـای ئەو گـرامـەرانە نووسـینی گـرامـەرێک کـە هەمـوو ئەو خـاڵانە بگرێتـە خـۆی کـە دیالێکتـەکـانی زمـانی کـوردی تێـیـدا هاودەنگن، یان جیاوازن.

٦- پێکەوەنانی دەزگـایەکی زانایان و زمـانزانان و بەتایبـەتی کوردیزانان بۆ ئاگـاداری لە هەر داهێنراوێکی نوێ و لێ تێگەیشـتنی و هێنانی ناوی بۆ ناو زمـانی کـوردی بە هەر ڕێگـەیەکی گـونجـاو لەو ڕێگایانەی لە سەرەتای ئەم وەڵامەوە لێیان دواین.

**ڕامان:** لەم بواری فەرهەنگ دانانەدا بۆ دیالێکتەکانی زمـانی کوردی، (فـەرهەنگی ماچۆ) کە بیست ساڵێک لەمەوپێش دەرچووە، کارێکی باش نەبوو؟

**محـەمـەدی مـەلا کـەریم:** بێ گـومـان لە کـاتی خـۆیدا کـارێکی باش بوو. فـەرهەنگی تریش بۆ دیالێکتی هەورامی، هەروەها بۆ هەندێ دیالێکتی تریش دەرچووە، بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی کارێکی لەم کارانە

گەلێک گەورەترە. ئێمە فەرهەنگمان بۆ هەموو دیالێکتەکان، بەڵکو وردە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پێویستە. فەرهەنگی سەرانسەریمان پێویستە. کاری بە کۆمەڵمان پێویستە، کاری سەرەمەر و بەردەوامان پێویستە. ئەمە زۆر زۆرترە لە کارێکی تاکەکەسی وەک (فەرهەنگی ماچۆ)، یان هەر کارێکی تری لەم بابەتە.

**رامان:** ئێستا هەن دەڵێن ئەم زمانەی ئێمە زمانێکی کۆڵەوارە و ناتوانێ دەرەقەتی ئاوەژووکردنەوەی ژیانی ئەم سەردەمە بێ.

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەر زمانێ کە وەچەیەکی نەتەوە پێی دوا، بۆ وەچەی پاش ئەو وەچەیە دەتوانین پێی بڵێین زمانێکی تەقلیدییە، بەڵام ئاخۆ ئەم جۆرە تەقلیدییەتە دەکرێ بکرێ بە بیانوو بۆ لادانی ئەو زمانە، چونکە گوایە بە کەڵکی سەردەمی تازەی نایەت و وەچەی نوێ ناتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێت؟ ئەمە غەڵەتبازییەکی زەقە. پوختەی هەموو ئەم مەسەلەیە ئەوەیە لە هەر سەردەمێکی ژیانی نەتەوەدا کۆمەڵێک واتای تازە دێتە رووی کار و پێویستە لە هەر رێگایەکەوە لەو رێگایانەی لە وەڵامی پێشووتردا روونم کردنەوە، یان لە رێگای ترەوە کە بە خەیاڵی کەسانی تردا بێن، وشەیان بۆ دابهێنرێ، ئەگینا عەقڵ نایبرێ تەنیا بەهۆی پێویستیمانەوە بۆ هەندێ وشەی نوێ دەستبەرداری سەرانسەری سامانی زمانێک ببین و فڕێی بدەینە لاوە. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە سەرەڕۆیانە بێ کە زمانی کوردی ئێستای بە زمانێکی تەقلیدی دادەنێ، دەبێ هەرچی میراتی دەسکەوتی شارستانەتی مرۆڤایەتی هەیە هەمووی بە تەقلیدی دابنێین و فڕێی بدەینە زبڵدانی مێژووەوە، دیارە ئەمەش بە هیچ جۆرێ کاری کردەنی نییە.

دەچمەوە سەر پێشنیاکانی وەڵامی پرسیاری پێشووترم و دەڵێم تا ئەو پێشنیایانە دەهێنرێنە دی، کە پرۆژەیەکی درێژخایەنی دەوێ، ئێمە پێویستمان بە کۆڕێکی زمانەوانی هەیە بەشێک لەپێویستییە زمانەوانییەکانمان، بە تایبەتی لە بواری زاراوەداناندا بۆ جێبەجێ بکا. کاتی خۆی کە پەرلەمانی کوردستان دانرا، نامەیەکم بۆ مامۆستا عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان نووسی پێشنیام بۆ کرد کۆڕێکی زمانەوانی دروست بکەن بە تایبەتی کە پەرلەمان قانوون دەردەکا و رۆژنامەی (رووداوەکانی کوردستان- نازانم ئاخۆ ناوی رۆژنامەکە وایە، یان جۆرێکی ترە) دەردەکا و لە یەکێک لە گۆڤارەکانی بەغداشدا بلاوم کردەوە، بەڵام هیچ دەنگدانەوەیەکی ئەو نامەیەم بەرگوێ نەکەوت و سەرۆکی پەرلەمان هیچ وەڵامێکی نەدامەوە و قسەکانم- کورد واتەنی- بە کۆر کۆرەی ئاشدا چوونە خوارێ. من بەلامەوە وابوو و ئێستاش زیاتر بەلامەوە وایە شوورەییە ئێمە حکومەت و پەرلەمانمان هەبێ و پەرلەمانی کوردستان نەتوانێ قانوونەکانی بە کوردی بنووسێ و ئەندامەکانی تێکستە عەرەبییەکەی مۆر بکەن، بەڵکو ئەندامی وای پەرلەمان هەبێ رازی نەبێ دەقی وەرگێڕدراوە سەر کوردی قانوونەکانی مۆر بکا، چونکە لەو دەقە وەرگێڕدراوە سەر کوردییانە رازی نەبێ و متمانەی پێیان نەبێ.

**رامان:** ئەوەتا دکتۆر نووری تاڵەبانی فەرهەنگێکی قانوونی دەرکردووە.

**محەمەدی مەلا کەریم:** من بزانم سێ چاپیشی لێ کراوەتەوە و چەندین کەسیش لە کوردیزانان بۆی پێداچوونەتەوە، بەڵام بەلای منەوە ئەمە تەنیا هەنگاوی یەکەمە بە رێگای پرۆژەیەکی چڕوپڕدا و دەبێ هەنگاوی پتەوی تری بەدوادابێت، هەروەها لە هەر لقێکی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، من چاوێکی پەلەم بە یەکێک لە چاپەکانی ئەو فەرهەنگەی دکتۆر نووریدا خشاندووە، لەو چاوپێداخشاندنەدا مایەی سەرنجێکم بە بیرداهات. دکتۆر بەرانبەر بە وشەی (دەعوا) کە زاراوەیەکی دادگاییە، نووسیویە (داوا)، سەرنجەکەم ئەوەبوو بەڵێ راستە (داوا) سووک کراوەی (دەعوا)ی عەرەبییە و لەوانەیە کەسێک بیری بۆ ئەوە بچێ کە هەردوویەک واتایان هەیە، بەڵام نەخێر، واتایان جیایە. (دەعوا) ئەوەیە تۆ ئیدیعای ئەوە لە دادگادا لەسەر کەسێک بکەی کە فلانە شتت لەسەریەتی، ئیتر ئەو ددانی پێدا بنێ، یان ئینکاری بکا، بەڵام داوا ئەوەیە داوا لە کەسێک بکەی شتێکت بداتێ بە خۆڕایی، یان بەرانبەر بەشتێک بێ گوێدانە ئەوە ئەو بیدا، یان نەیدا.

بە هەرحاڵ هەرچەند تا ئێستا فەرهەنگ لە کوردیدا هەر بە تاکەکەسی نووسراوە، دەبێ فەرهەنگ و بەتایبەتی (فەرهەنگی زاراوە)، ئیتر زاراوەی هەر بابەتێک بێ، کارێکی وابێ زیاتر لە کەسێک پێکەوە پێیەوە خەریک بن و بە ئەنجامی بگەیەنن.

هێنانە ئاراوەی فەرهەنگە قانوونییەکەی دکتۆر نووری

تاڵەبانی ئەوەی هێنایەوە یادم کە بڵێم دەبێ هەر لە ئێستاوە، با بە نیوە و ناتەواویش بێ، یان بە تەنیا باڵیش بێ، لێهاتووەکانمان بکەونە خۆ بۆ نووسینی چەندین فەرهەنگی زاراوە لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەب و زانستدا با وشەی زۆری بێگانەشی تێدابێ، لەدوا ڕۆژدا کە وشەی گونجاو بەرانبەر بەو وشە بێگانانە دۆزرایەوە، یان داهێنرا، دەتوانین لە چاپە نوێکانی ئەو فەرهەنگانەدا بیانگۆڕین. ئەمە بە هەرحاڵ زۆر لەوە باشترە کە هیچمان بە دەستەوە نەبێ. گۆڤارێکی وەک (گەلاوێژ) کە وتاری قانوونی و سیاسی و هی تری بڵاودەکردەوە، کە لەسەر زاراوەیەک تێدەگیرا وشەی عەرەبی لە جیاتی بەکاردەهێنا و ئەوە ڕێگای لەوە نەدەگرت کە پاشان وشەی کوردیمان دەست دەکەوت بیانگۆڕین و وشە بێگانەکانیان لێ لادەین.

**ڕامان:** ئێوە لە ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆڵێکی زۆرتان گێڕاوە، حەز دەکەم وردە وردە باسی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بکەی کە کارت تێیاندا کردووە، ئینجا یەک دوو قسەمان لە بارەیانەوە بۆ بکەیت. یەکەم جار کە ڕۆژنامەنووسیت ناسی، لەکوێوە دەستت پێ کرد؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** یەکەم جار لە بیارەوە ڕێم کەوتە ڕۆژنامەنووسی. شێخی بیارە (خوالێخۆشبوو شێخ عەلائەدین)، هەرچەند بۆ خۆی ڕۆژنامەی نەدەخوێندەوە، لە پێنج شەش ڕۆژنامەی سیاسی بەغدادا ئابوونە بوو، باوکیشم هەروەها چەند ڕۆژنامەیەکی ئایینی بۆ دەهات. من ئێواران دەچوومە سەر ڕێگای بیارە.. هەڵبجە، چاوەڕوانی قەتارچییەکانی شێخم دەکرد کە لە هەڵبجەوە دەگەڕانەوە و ڕۆژنامەکانیشیان لەوێوە بۆ شێخ دەهێنا. من ڕۆژنامەکانم لێ وەردەگرتن و شەو لەماڵەوە تەماشام دەکردن و سبەینێ دەمبردن بۆ مەجلیسی شێخ. ئەمە یەکەمین شارەزایی پەیداکردنی من بوو لە جیهانی ڕۆژنامە و بەو جۆرە ڕێگای خۆمم بەرەو ڕۆژنامەنووسی کردەوە. لام وایە هەر لێرەشەوە سەرەتای ڕێگای سیاسەت گرتنەبەریشم دەستی پێ کردبێ، چونکە هەر لەم ڕۆژنامانەشدا دەنگوباسی گرتنی هاوڕێ فەهد و هەڤاڵەکانی و داوەری کردنیانم دەخوێندەوە کە لە دوو ڕۆژنامەی (الزمان) و (الاخبار)دا لە هەر ڕۆژنامەیەکی بە درێژتر بڵاودەکرایەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو کۆمەڵەی فەقێیانە کە داتانمەزراند و ئەو گۆڤارەی بۆیانتان دەرکرد؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من کە دەمدی بیارە قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدا بوو، کوڕەکانی شێخ لەوێ دەیانخوێند و باوکیشم ڕێگای من و حەسەن عەبدولکەریمی پوورزام و کاکە فاتیحی برا گەورەمی نەدەدا بڕۆین لەو قوتابخانەیە بخوێنین، ناڕەزایی لە خوێندنی حوجرە وردە وردە لە دڵ و دەروونمدا چەکەرەی دەکرد، بەڵام بە ناچاری هەر بەردەوام بووم لە خوێندنی فەقێیەتیدا. شارەزا بوونم بە ڕۆژنامە و وردە وردەش بە سیاسەت، ئەنجا خوێندنەوەی کتێبی نوێ و هەست بە پاشکەوتوویی خوێندن و ژیانی فەقێیانی دەوروپشت تێدا پەیدا کردم. تا لەبیارە بووین لەم بارەوە قسەی زۆرم لەگەڵ هەندێ فەقێیانی هاوڕێم دەکرد. کە هاتینە سلێمانی ئاسۆی لە سیاسەت گەیشتنم زیاتر ئاواڵە بوو. لە سلێمانی حەسەنی پوورزام زیاتر تێکەڵی سیاسەت بوو. بیری دروستکردنی (یەکێتی قوتابیانی ئایینی) لە ڕووی پراکتیکییەوە زیاتر لەوەوە سەری هەڵدا.

لەم بارەوە حەسەن قسەی لەگەڵ کردم و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە قسە لەگەڵ شێخ کەمالی مامۆستا شێخ نووری (برای هاوڕێ بەهائەدین نووری) و مەلا عەلی تووتاقاجیش بکەین کە دوو فەقێی پێشکەوتنخواز و بیرکراوە بوون. ئێوارەیەکی دەمە و بەهاری ١٩٥٣ چووین بۆ دەرەوەی شار (لە یادم نییە کەسی ترمان لەگەڵ بوو، یان نە؟) لە بارەی دروستکردنی یەکێتییەکەوە بۆ فەقێیان دواین و لەسەری ڕێک کەوتین. حەسەنمان ڕاسپارد ڕەشنووسی بەیاننامەیەک لە بارەی دروستکردنی ئەو یەکێتییە و پێویستی دروستکردنییەوە بۆ بنووسێ. پاش هەفتەیەکی تر کۆبوونەوەیەکی ترمان بۆ کۆڵینەوە لە بەیاننامەکەمان کرد و دوای بیروڕا دەربڕین پەسندمان کرد و بڕیارمان دا ئەوەندەی ژمارەی مزگەوتەکانی سلێمانی کە فەقێیان تێدا بوو، نوسخەی لێ بنووسینەوە و بەسەرخۆماندا دابەشیان بکەین و هەریەکە بەشی خۆی، لە شەوی سێ شەممەی پاش ئەو کۆبوونەوەدا، بەسەر حوجرەکانی فەقێی ئەو مزگەوتانەدا دابەش بکا، چونکە شەوانی سێ شەممە و جومعە فەقێکان دەچوون بۆ دیدەنی یەکتر و زۆر لە حوجرەکانی کەسیان تێدا نەدەما.

ئەم کارەمان بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرد. بۆ سبەینێ لە هەموو حوجرەکانی فەقێیاندا بوو بە مقۆ مقۆ کەوا شیوعییەکان بەیانیان بۆ فەقێیان بڵاوکردووەتەوە، لە کاتێکدا کە حزبی شیوعی هیچ ئاگایەکی لەم مەسەلەیە

نەبوو مەگەر حەسەن ئاگاداری کردبێ و بە ئێمەی نەوتبێ، بەڵام ئێمە پاشان نوسخەی ئەو بەیاننامەیەمان بۆ حزبی شیوعی و یەکێتی گشتی قوتابیانیش نارد، کەسانێکیش بوون کە (مامۆستا [ئێستا دکتۆر] مەلا مستەفای زەڵمی)یان بەوە تاوانبار دەکرد کەوا ئەو لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیەوەیە بۆ فەقێیان؟ کە ئەویش هیچ ئاگای لە مەسەلەکە نەبوو و هەر ئەوەندە بوو مەلایەکی باشی بیرکراوە بوو، دەرزی هەندێ بابەتی وەک ئینگلیزی و حیساب و جوگرافیا و مێژووی بەهەندێ فەقێی وریا دەوتەوە، لەوەوە ئەو تۆمەتەیان بۆ هەڵبەستبوو، پاشان دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و چوو بوو بە ئیمامی سوپا (ئیمام تابوور) و ئەزموونی پۆلی شەشی سەرەتاییشی دا، پاشان ئێواران خوێندنی ناوەندی و سانەویشی تەواو کرد و دواتر چوو بۆ قاهیرە دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامیدا وەرگرت و هاتەوە لە بەغدا بوو بە مامۆستای کۆلێژی ماف و دکتۆرایەکی تریشی لە بەغدا وەرگرت و ئێستا چەندین کتێبی پڕ بایەخی لە شەریعەت و قانوون و بابەتە ئیسلامییەکاندا هەیە کە بەشێکیان لە هەندێ لە زانکۆکانی وڵاتە موسڵمانەکاندا دەخوێنرین.

پاش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەمان بەناو حوجرەکانی فەقێیانی سلێمانیدا، کۆبوونەوەیەکی ترمان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی سەروسەداو ئەنجامی کارەکەمان و بڕیارمان دا بکەوینە پەیجۆری ئەوەی بزانین کێ لەناو فەقێکاندا پشتیوانی لە کارەکەمان دەکا و کێ لەگەڵمان نییە. لە ئەنجامی ئەمەشدا بۆمان دەرکەوت کە بەشی هەرە زۆری فەقێکانمان لەگەڵن، بۆیە بڕیارمان دا هەر یەکێکمان پێوەندی بە کۆمەڵێک لە فەقێکانەوە بکا و تێیان بگەیەنێ کە ئەم کارە کۆمەڵێک فەقێ کردوویانە کە ئەو خۆی یەکێکیانە بێ ئەوەی ناوی کەسی تریان لابدرکێنێ و ئەم کارەمان پێوەندی بە هیچ لایەنێکەوە نییە و مەبەستمان وریا کردنەوەی فەقێیان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و گوزەرانیان و دابین کردنی دوارۆژیانە و لەوەشمان ئاگادارکردن کە ئێمە لە مەولا لە بارەی ئەم یەکێتییەوە پێوەندییان پێوە دەکەین.

کە لەمەش بووینەوە کۆبوونەوەیەکی ترمان کرد بۆ بەسەرکردنەوەی ئەنجامەکانی پاشەوەی کارەکەمان و قسەکردن لە پێویستی دەرکردنی زمانحاڵێک بۆ یەکێتی و بڕیارمان دا گۆڤارێکی مانگانەش بە دەستنووس بڵاوبکەینەوە بەناوی (دەنگی فەقێ)وە و دەستمان دایە دەرکردنیشی کە لەکاغەزی تەنک و بەکاربۆن دەماننووسییەوە و ٣٠-٤٠ نوسخەمان لێ دەنووسییەوە و کاغەز و کاربۆنمان لە شوێنی کاری من و حەسەنەوە بۆ دەهێنا و بەناو فەقێکاندا بڵاومان دەکردەوە و پێمان دەوتن کە ئەوانیش پاش خۆیان بیدەن بە فەقێی تر و هەندێ نوسخەشمان لێ دەنارد بۆ هەڵەبجە و خانەقین و کەرکووک، تەنانەت هەندێ فەقێی کەرکووک پێوەندیشیان پێوە کردین و ئەوانیش جۆرە ڕێکخراوێکیان بۆ خۆیان پێکەوە ناو لە کاتی ئەزموونی ساڵانەی فەقێیاندا کە بۆ ئەوە پێیان دەکرا لە خزمەتی سەربازی ڕزگاربن، چونکە فەقێن و دەخوێنن، مانێکیان بە فەقێ ئەزمووندەرەکانی کەرکووک گرت کە ئەنجامەکەی باش نەکەوتەوە بۆیان و پۆلیس کەوتنە ڕاوەدوونانیان و چەند کەسێکیان لێ گرتن و چەند کەسێکی تریشیان هەڵاتن و کەرکووکیان بەجێ هێشت.

دەمەوێ بە بۆنەی هێنانە ناو باسی ئەم مانگرتنەوە چەردەیەکیش لەوە بدوێم کە لە ساڵوەگەڕی پێنجەمی ئەم مانگرتن و ڕاوەدوونانی فەقێیانی کەرکووکەدا، کۆبوونەوەیەک لە کەرکووک سازکرا کە دەق نازانم کێ لە پشتییەوە بوو و منیشی بۆ بانگ کرابووم، منیش چووم و وتەیەکیشم تێدا خوێندەوە، بەڵام بە لێکدانەوەی خۆم کارەکە بۆ دژایەتی هەندێ لە مەلا ناودارەکانی ئەو ڕۆژەی کەرکووک بوو کە لەسەردەمی پاشایەتیدا قسەیان بڕی دەکرد. کۆبوونەوەکە بە ناوی فەقێیانی کەرکووکەوە سازدرابوو، مامۆستای شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وتارێکی پڕ ئابوتابی لەو کۆبوونەوەدا خوێندەوە. لام وابێ باسی ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕۆژنامەی (بابەگوڕگوڕ)دا بڵاوکرابێتەوە کە شارەوانیی کەرکووک دەری دەکرد. لە یادم نییە ئاخۆ ئێمەش لە (ئازادی)دا هیچمان لە بارەوە نووسی یانە؟

**ڕامان:** دەنگی فەقێ چەند ژمارەی لێ دەرچوو و ژمارەکانی ماون؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** دەنگی فەقێ پێنج ژمارەی لێ دەرچوو، لای منیش هیچ ژمارەیەکی نەماوە و لەکەسیشم نەبیستووە لای خۆی، یان لای کەسێکی تر پارێزرابێ.

پێم خۆشە لێرەدا و بە بۆنەی دوان لە ژمارەکانی دەنگی فەقێ، ئەوە بگێڕمەوە کە برادەرێک لە یەکێک لە ژمارەکانیدا پێشنیای کردبوو بەشێک لە دەرامەتی مەلا

ڕەمەزانی ئەوساڵەی فەقێکان تەرخان بکرێ بۆ کڕینی تایپ و ڕۆنیۆیەک بۆ لە چاپدانی گۆڤارەکە، بەڵام ئەو پێشنیایە سەری نەگرت. ئەم پێشنیایە لەمەلا ئەحمەدی بانیخێڵانەوە هاتبوو کە خۆی مەلاو کوڕە مەلا و کادیرێکی کارای تێکۆشانی جووتیارانی ناوچەکە و حزبی شیوعیش بوو.

**ڕامان:** لە دەرکردنی گۆڤاری (دەنگی فەقێ) بەولاوە، یەکێتییەکەتان هیچ جۆرە چالاکییەکی دیکەی نواندووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** یەکێتی دوو داخوازی پێشکەشی حکومەتی ئەو سەردەمە کرد، یەکێکیان بۆ دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایی لە نیازی بەستنی پەیمانی سوپای تورکیا و پاکستان کە دەبوو عێراقیشی تێ بچێ، پاشان بەستراو ناوی لێ نرا (پەیمانی بەغدا). ئەم داخوازییە ٦٥ فەقێ لە ١١٥ فەقێ کە لە سلێمانی بوون ئیمزایان کرد. داخوازییەکی تریش بۆ هەندێ خواستی تایبەتی فەقێیان وەک ددانتان بەشەهادەی دەرچوونیاندا لە پۆلی دوازدە و دامەزراندنیان لە وەزیفەی حکومەتیدا وەک مامۆستای قوتابخانە و پێشنوێژ و خوتبەخوێن لە مزگەوتەکاندا و ناردنی دەرچووە پلە بەرزەکانیان بۆ ئەزهەری میسر بۆ خوێندنی باڵا. ئەم داخوازییانە لە ڕۆژنامەکانی (الاهالي) و (الجريدة)ی بەغدادیدا بڵاوکرانەوە و یەکەمیان وەک وتمان ٦٥ فەقێ و دووەمیشیان ١١٣ فەقێ لە ١١٥ فەقێی سلێمانی ئیمزایان کردبوو.

**ڕامان:** کێ بابەتەکانی (دەنگی فەقێ)ی دەنووسی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئێمەی دامەزرێنی یەکێتی، خۆمان دەماننووسین. لەم لاو لەولایشەوە لەناو فەقێکان و پێوەندیداران بەفەقێ و مەلایانەوە هەندێ جار وتارمان بۆ دەهات.

**ڕامان:** هۆی لە کارکەوتنی یەکێتی قوتابییانی ئایینی و وەستانی گۆڤاری (دەنگی فەقێ) چی بوو؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە پاییزی ١٩٥٤دا بەهۆی هاتنەوە سەر حوکمی نووری سەعیدەوە باری سیاسی لە عێراقدا ڕووی کردە ئاڵۆزییەکی وا دەمێک بوو وڵات بارودۆخی وای بە خۆیەوە نەدیبوو. ئەمە بۆ خۆی ڕێخۆشکەرێک بوو بۆ کۆسپ هاتنە ڕێی کاری یەکێتی و دەرچوونی گۆڤارەکەی. ئا لەو ڕۆژانەدا برادەرێک، وەک بەرپرسی حزبی شیوعی هاتبووە سلێمانی، ئەم برادەرە بە منی ڕاگەیاند ئەو کۆمەڵەمان هەڵوەشێنینەوە، چونکە وەک ئەو دەیگوت، فەقێ توێژاڵێکی بەرەو نەمان چوون و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانیان تەقەلایەکی بێ سوودە. منیش لەو سەردەمەدا هۆشیاریی سیاسیم لەو ئاستەدا نەبوو بتوانم بەرپەرچی داخوازییەکەی ئەو برادەرە بدەمەوە، بۆیە هەرچەند ئەو داوایەیم بە دڵ نەبوو لەبەر ڕاگرتنی دیسپلینی حزبی گوێڕایەڵی داوا نا دروستەکەی بووم. حەسەنیش لە سلێمانی نەمابوو، دووانەکەی تریشمان هەڵوێستێکیان بۆ سوودی مانەوەی یەکێتییەکەمان دەرنەبڕی. بەم جۆرە یەکێتییەکەمان وەستا و لە کارکەوت. لە یادم نییە لەناو لایەنگرەکانیشماندا کەسێک پرسیبێتییەوە کۆمەڵەکەمان چی لێ هات و (دەنگی فەقێ) بۆ لەناودا نەما؟ ئەمەش هەموو دەرەنجامی ئەوە بوو کە ئێمە لە شەش حەوت مانگی بوونی یەکێتییەکەماندا هیچ هەنگاوێکمان بۆ ئەو نەنابوو کە بەرگی ڕێکخراوێکی، تاڕادەیەکی کەمیش بێ، ڕێکوپێکی بکەین بە بەر و چەردەیەک لە واتای (ڕێکوپێکی) بکەین تا کە پێویستی کرد لە سەری بێنە دەنگ. بەم جۆرە یەکێتی قوتابیانی ئایین و (دەنگی فەقێ) وەک بەردی بن گۆم ون بوون و لە یادچوونەوە. نازانم ئەمەی دەیڵێم پێوەندی بە هاتنەڕووی کاری ڕێکخراوەکەمان و گۆڤارەکەمانەوە هەبوو، یان نە، بەڵام حکومەتی عومەر عەلی موتەسەڕیفی سلێمانیش کە پاش هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٤ بۆ سەرکوتکردنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی نێردرابووە سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر لە مەلا و فەقێیی لە قوتابخانەکاندا کرد بە مامۆستای ئایین و عەرەبی، کە من خۆشم یەکێکیان بووم. بەو کارە حکومەت تاڕادەیەکی زۆر جێ پێی ئێمەی لەق کرد. بەش بە حاڵی خۆم دەبێ ئەوەش باس بکەم کە پاش مانگ و نیوێک پێیان زانیم پێشتر گیرابووم و بە کەفیلی ساڵێک (خۆش ڕەفتاری) بەردراوم، دەریان کردم و ڕۆژانەی نیومانگەکەیان نەدامێ و داوای ڕۆژانەی مانگەکەیشیان لێ کردمەوە، بەڵام من بۆم نەگێڕانەوە و بەڕێوەبەری قوتابخانە کە مامۆستا غەفووری حاجی مەلا عەلیشیان کرد بە مامۆستایەکی ڕووت، بۆ یەکێک لە قوتابخانەکانی شارباژێڕ گواستیانەوە.

لەگەڵ ئەوەش کە یەکێتی قوتابیانی ئایینی پاش شەش حەوت مانگ چالاکی لە کارکەوت، کاریگەریی خۆی لەژیانی فەقێیانی سلێمانیدا لە گەلێ ڕووەوە بەزەقی بەجێ هێشت. ژمارەیەکیان ڕێگای میسریان گرتەبەر بۆ

خوێندنی باڵاو ژمارەیەکیشیان چوونە قوتابخانەی شەو. بەشێکیش لە مەلا گەنجەکان ڕوویان کردە وەزارەتی بەرگری و بوون بە ئیمام تابوور و تێکڕا گیانێکی نوێ کرا بە بەری بەشێک لە فەقێکان و وەچەی تازەی مەلایاندا.

**ڕامان:** پاش لابردنی گۆران لە سەرنووسەریی ڕۆژنامەی (ژین) کە تۆش لەلاوە هاوکاریت دەکرد، کەی ڕێت کەوتەوە کارکردن لە ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێکدا؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** پاش دوورخستنەوەی گۆران لە ڕۆژنامەی ژین و ئەنجا گیران و بەندکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەرپرسانی ئاشتیخوازانی سلێمانی، کە گیران و زیندانی کردن و دوورخستنەوەی خۆشمی بۆ دوو ساڵ زیاتر بەدواداهات و تا لە ناوەڕاستی ١٩٥٧دا بە کەفالەتێکی تازەی (خۆش ڕەفتاری) بۆ ماوەی ساڵێک بەرەڵڵا کرام، هیچ کارێکی ڕۆژنامەنووسیم دەست نەکەوت و لە چەند وتارێکی عەرەبی لە (الاخبار) و (الحرية)دا و چەند وتارێکی کوردی لە گۆڤاری (هەتاو) و لە (ژین) بەو لاوە، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی هیچ بابەتێکی ڕۆژنامەییم بۆ نەڕەخسا.

**ڕامان:** ئەی پاش نیوەی دووەمی ١٩٥٧ چۆن بوو؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لەو سەردەمەدا لە کەرکووک گۆڤاری (شەفەق- الشفق) بەدوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو کە خاوەنەکەی عەقیدی خانەنشین شێخ عەبدولقادر بەرزنجی بوو، بەڵام کۆمەڵێک ڕۆشنبیری وەک مەعرووف خەزنەدار و شێخ حوسێن بەرزنجی و کەسانی تر دەریان دەکرد، هەوڵم دا جاروبار بابەتێکم بۆ بڵاوبکەنەوە، بەڵام هیچیان بۆ بڵاونەکردمەوە، حەقیشیان بوو، چونکە ئەو گۆڤارە تاقانە گۆڤارێک بوو بە کوردی لە کەرکووک دەردەچوو. منیش کابرایەکی تازە لەزیندان دەرچوو بووم کە پۆلیس بە چاوی گومانێکی زۆرەوە بۆیان دەڕوانیم، بۆیە ئەو برادەرانە سڵیان لەوە دەکردەوە کەسێکی وەک من ناوی بەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیانەوە دەرچێ.

هەر لەو ماوەیەدا گۆڤاری (هیوا)ی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لەبەغدا دەرچوو. من هەر لە یەکەم ژمارەکانییەوە هاوکاریم لەگەڵ کرد، چ بەناوی ئاشکرام و چ بەناوی نهێنی بۆم دەنووسی، پاشانیش لەگەڵ کامیل ژیر ڕێک کەوتم کە سەرپەرشتیکەری دەرکردنی گۆڤارەکە بوو، گۆشەیەکی بەردەوامی بەناوونیشانی (زانست و ژیان) بۆ بنووسم و بابەتی تریشم هەمیشە بۆ دەنووسی، بەڵام ئەمە بە خۆڕایی بوو، واتە بە کەسێک دانەدەنرام کە لە ڕۆژنامەکەدا بنووسێ. هەر لەم سەردەمەدا جاروبار بۆ گۆڤاری (هەتاو) و بۆ ڕۆژنامەی (ژین)یشم دەنووسی. هەر بەم جۆرە مامەوە تا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز. کە شۆڕش ڕوویدا شێخ قادری بەرزنجەیی هاتە لام و پێی وتم: مەلا محەمەد! ئیتر ئەمڕۆ کاری تۆیە گۆڤارەکە دەربکەی. وتم: یاشێخ مەسەلە چییە؟ وتی: مارف خەزنەدار لەگەڵ حەمە ساڵح دیلان چوون بۆ هاوینە خۆری بۆ دووکان، بڕۆ زوو ژمارەیەکی گۆڤارەکە دەرکە. کلیلی ژوورەکەی (شەفەق)ی دامێ کە دووکانێک بوو لە نزیکی کتێبخانەی گشتیی کەرکووکەوە، چوومە ئەوێ فایلەکانی شەفەقم هەڵدایەوە، هەندێ وتاری شایانی ئەو ڕۆژەم هەڵبژارد. پێوەندیم بە هەندێ ڕۆشنبیریشەوە کرد هەریەکە وتارێکی بەو بۆنەیەوە بۆ نووسی. چووشمە چاپخانەکەی گۆڤارەکەی لێ چاپ دەکرا کە چاپخانەی (شیمال) بوو، تەماشای وتارەکانم کرد کە پێش شۆڕش دانرابوون بۆ بڵاوکردنەوە، هەندێکیانم هەڵگرتەوە و هەندێکیانم هێشتەوە. بەو جۆرە زۆری نەبرد یەکەمین ژمارەی پاش شۆڕشم دەرکرد و تا سەرەتای ساڵی نوێ (١٩٥٩) لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا بەردەوام بووم کە شەش ژمارەم لێ دەرکرد. کە مەعرووف خەزنەدار گەڕایەوە هیچ پێ ناخۆش بوونێکی لەم گۆڕانە دەرنەبڕی.

**ڕامان:** ئەوە لە خولی دووەمدا؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من نەمنووسی خولی یەکەم، یان خولی دووەم و هەر لەسەر ئەو ئەڵقانەی ژمارەی گۆڤارەکە ڕۆیشتم کە تا ئەوکاتە پێیان گەیشتبوو، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە من ئەم زاراوەی خولی یەکەم و خولی دووەمەم بۆ یەکەم جار لە (نووسەری کورد)دا داهێناوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم.

# ئەزموونێک لە ئەفسانەوە بۆ نوێگەری

## «زمانی مەجاز و گەشتی شیعر بۆ قووڵایی مانا»

**مەحموود نەجمەدین**
**(سلێمانی)**

شیعر دنیای نامەئلووفە، شیعر دنیای وەهمە، شیعر حەقیقەت نییە و دووبارەکردنەوەی واقیعیش نییە. دەروازەی شیعر خەیاڵە و بە ڕوحدا گوزەر دەکات و دواجار وەهم بەرهەم دەهێنێت، نامەعقوول بەرهەم دەهێنێ. گەشتی شیعر چوونە بۆ ناو قووڵاییەکانی مانا. گەشتی شیعر لە خەیاڵەوە بەهەست و سۆزدا گوزەر دەکات و مانا بەرهەم دەهێنێت. کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ئەزموونی شیعری خۆیدا ئیش لە مانادا دەکات. زمانی شیعر زمانی وەهمە، زمانی مەجاز و لوغزە و لەکۆی تێکستی کەریم دەشتی-دا عەشقێکی مەجازی هەیە، شیعر بۆ نێو ڕوح و عیرفان و فەلسەفە دەبات. عەشقێکی مەجازی وێنای خودا و سروشت و مەعشووق تێکەڵ دەکات. زمانی شیعر لای کەریم دەشتی دەمانباتەوە بۆ ماڵی مەعریفە و ڕوح. زمانی نامەعقوول وەهمێکە بۆ بەرهەمهێنانی واقیعێکی جیاواز لە واقیعی بوون، واقیعی شیعر، باشتر بڵێین بۆ دنیای نامەئلووف و خەیاڵ، دنیایەک تێکست دروستی دەکات. لای دەشتی شیعر خۆدامالینە لە واقیع. ڕوحانیەت کاریگەری لەسەر تێکستی کەریم دەشتی-دا هەیە، بەشێک لەو کاریگەرییە بۆ ژیانی شاعیر لە خانەوادەیەکی ئایینی و باوکێکی شارەزا لە ئایین دەگەڕێتەوە. مەلا خدر دەشتی باوکی کەریم دەشتی یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکییەکان، ئایین و نەتەوە و سۆفیزم کاریگەری لەسەر شیعری مەلا خدر دەشتی هەبووە، کە شاعیرێکی نەتەوەیی بووە و شارەزاییەکی باشی لە شەرع و بەلاغە و نەحو و صەرفدا هەبووە. کەریم دەشتی جگە لە ئەزموونی شیعری، خاوەنی چوار نۆڤلێتیشە، لە ئەزموونی چیرۆکیشدا شاعیر زمانێکی شیعریی هەیە. چیرۆک گێڕانەوەیەکی شیعرییە، لەکۆی ئەزموونی شاعیر کاریگەری ژیانی تایبەتی خۆی درک پێدەکەین و ئەمەش لە خوێندنەوەی ئەزموونی ئەدەبی کەریم دەشتی و یادەوەرییەکانی کە لە کتێبێکدا چاپی کردووە بەناوی بەرەو منداڵی بەجلی پاییزەوە. شاعیر لەم یادەوەرییانەدا دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی و ژیانی خۆی لە شاری هەولێردا و حیکایەتی شەڕی منداڵانی قەڵا و کۆڵانەکانی دیکەی شار. پاشان حیکایەتی هەڵهاتن بۆ شاخ و بۆ ئۆردوگا و ژیانی خوێندنی لە زانکۆی بەغدا و ژیانی ئەدەبی و سیاسی لە شاخ و شاردا، یادەوەری شاعیر کاریگەری لەسەر تێکستەکانی هەیە. ئێمە لەم باسەدا لە نۆڤلێتەکانی کەریم دەشتییەوە دەست پێدەکەین. کە بریتین لە چوار نۆڤلێت (کتێبدار- پەیکەر- ئەسپەکانی ناو با- کەمتیار).



**کەریم دەشتی**

نۆڤلێتی کەمتیار ئەزموونێکی کەریم دەشتییە، پاڵەوانی ئەم نۆڤلێتە پیاوێکە بەناوی مامەندەوە، مامەند لە حاڵەتێکی ناتەندروست دیکەی دایە و دەروونی ماندووە، ئەوەی کە ماندووی دەکات گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەکی خوێناوی، مامەند لە ڕابردوودا وەک پیاوێکی دڕندە ژیاوە و ئازاری خەڵکی داوە. ئەو خوێنەی لە ڕابردوودا ڕژاندوویەتی دەیترسێنێت و لە ترسێکی سەختدا دەژی، ڕابردوو تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە. نووسەر وێنەیەکی سایکۆلۆژی لە ڕوخساری مامەنددا دەکێشێ. مامەند بۆ ڕۆژگارێک دەگەڕێتەوە کە مەحموودی کوڕی منداڵ بووە و خاتوونی ژنی هەمیشە ئاگاداری کردووەتەوە لەوەی کە واز لە ستەمکاری بهێنێت. شوێنی مامەند ژوورێکە و لەو ژوورەوە دەگەڕێتەوە بۆ ستەمکارییەکانی، لەو گەڕانەوەیەی مامەنددا نووسەر دەمانباتەوە بۆ نێو حیکایەتەکانی گوند و شایی جندۆکەکان، گومانەکانی مامەند گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەکی ناشیرین، گەڕانەوەیە بۆ لای ویژدان. ئەو ترسەی مامەند ترسی سزای گوناهەکانە، وێنەی مامەند وێنەی ڕوخسارێکی شپرزە و ترساوە، وێنەی ڕوحێکە هەست کردن بەتاوان بۆ شێتبوون دەیبەن. زاکیرە مامەند بۆ نێو حیکایەتەکانی گوناح دەباتەوە. ئەم نۆڤلێتە ئیشکردنە لە سایکۆلۆژیا، سایکۆلۆژیای مرۆڤێک کە زاکیرە بۆ نێو تاوانەکان دەیباتەوە. بوونی مامەند لە ماڵێکی سنووردراردا وەک ڕوحێکی ترساو و هەست کردن بەخزانی بۆ نێو خەرەندەکانی سزا وێنەیەکی سایکۆلۆژی پێدەبەخشێ. لە نۆڤلێتی ئەسپەکانی ناو با-دا حیکایەتی ئەڤین سرووتی ئەبەدی و چیرۆکی مێرێ و داپرانی مێرێ دەگێڕێتەوە. زمانی ئەم نۆڤلێتە زمانی شیعرە. شیعرییەت بەسەر گێڕانەوەدا زاڵە. نووسەر باس لە مۆتەکەکانی ڕوح دەکات، گفتوگۆکانی بەیار و مێرێ و زمانی شیعریی حکایەتەکە دەبەنە دۆخی ئەفسانەییەوە. حیکایەتی مێرێ حیکایەتی گەشتە بۆ شوێنە دوورەکانی دنیا و شوێنە دوورەکانی ڕوح. ئەسپەکانی ناو با حیکایەتی ئایینی و کولتووری ئایینی مەسیحییەتە و چیرۆکی کچانی کریستیان و زەنگی کڵێسایە، حیکایەتی گەشتە خەیاڵی و ئەفسانەیی و سەرابییەکانی مێرێیە. ئەسپەکانی ناو با حیکایەتی جەنگ و داپرانی پاڵەوانەکانە لە یەکتری.

نۆڤلێتی پەیکەر گەڕانەوەیە بۆ حیکایەتی سوڵتانەکان و حیکایەتی سێکسی. حیکایەتی کۆشکی سوڵتان و سێکس و ڕابواردنی سوڵتان و کوڕە سوڵتان دەگێڕێتەوە. چیرۆکی کەنیزەکەکان و خزمەتکارەکان و کوڕە خەسێنراوەکانە. کوڕانی سوڵتانی حەرمەسەرا سێکس دەکەن و کچان خۆیان لە یەک هەڵدەسوون و یەکتری ڕەحەت دەکەن، ئەم چیرۆکە حیکایەتی سوڵتان و حەرمەسەرای ڕۆژهەڵاتە. دیواری کۆشکی سوڵتان بە کەللەسەری مرۆڤ بڵندکراوەتەوە. لە حیکایەتی شامل ئۆرتەغلەوە چیرۆکی لادانە سێکسییەکان دەگێڕێتەوە. حیکایەتی سێکسی غولام ئەبخاری و سافیار و ژنی ئۆرتەغلی دەستەڕاستی سوڵتان دەگێڕێتەوە. خانم گورجی ژنی ئۆرتەغلەو سێکس لەگەڵ غولامی هەژاردا دەکات. دواجار حیکایەتی ئەمانە مردن و ناشتنیانە لە گۆڕستانی پیاو ماقوولان. کۆی ئەم نۆڤلێتە چیرۆکی کۆشکی سوڵتان و ڕووداوە سێکسییەکانە، ئەو ڕووداوانەی کە لە نێوان غولام و سافیار و گورجی خانمدا ڕوودەدات. ئەم چیرۆکە مێژوو بەزمانی ئەدەب و شیعرییەت دەگێڕێتەوە.

لە نۆڤلێتی کتێبداردا کەریم دەشتی حیکایەتی سەمەدی کتێبدار دەگێڕێتەوە، ئەم چیرۆکە گەشتێکی ئایینییە، دارستانی سەمەد حیکایەتی ئیمان و دنیای سۆفییەکانە.

ژیانی سەمەد لە نەیستاندا سەربردەی غوربەتە. زمانی شیعریی بەسەر نۆڤلێتەکەدا زاڵە. زمانێک دەمانباتەوە نێو حیکایەتی ئایینی و زیکرەکانی سەمەدی کتێبدار لە دارستانی نەیستان و لە قامیشەڵاندا. زمان لەم تێکستەدا ئەفسوون دەخوڵقێنێ و نیگاری کتێبدارێک دەکێشێ کە لە زیکری ڕوحدا نوقم بووە. سەمەدی کتێبدار نیگاری پەیامبەرێکی ڕوحییە کە پەیامێکی ڕوحی پێیە بەنێو خەڵکی نەیستاندا بڵاوی دەکاتەوە. حیکایەتی کتێبدار زیکری ئیمان و سروشت دۆستی و مۆسیقایە، نەیستان عەشقێکی ئەبەدییە. یەکێک لە ڕووداوەکان سووتانی نەیستان و هاوار و قیژە و هەڵهاتنی خەڵکی نەیستانە. زیکری ڕوح و گریانی سەمەد قامیشەکان نوقمی ئاو دەکات. کتێبی سەمەد لەم چیرۆکەدا کتێبی مۆسیقا و ئەوینی ڕوحە. چاندنی نەمام و کەشی ئایینی و عیرفانی وێنەی ئایینی زەردەشتی نیشان دەدات. لە ئایینی زەردەشتیدا زیکر هەیە و پیرۆزی کشتوکاڵ هەیە. کاری هەرە گرنگی زەردشتییەت کشتوکاڵ و نەمام چاندنە. سووتانی نەیستان و ڕەشەبا و کاولبوونی نەیستان و مردنی سەمەد، ڕووداوەکانی ئەم نۆڤلێتەن. کۆی ئەم ئەزموونە حیکایەتی ئیمان و ڕوحە و چیرۆکی سەمەد و پەیامی ڕوح و زیکری ئەوینی ڕوحانییەتە. زمان، زمانی شیعرییەت و عیرفانە. زمانی سەرابە. لە کۆی هەر چوار نۆڤلێتەکەدا شیعرییەت بەسەر گێڕانەوەدا زاڵە.

گێڕانەوەی شیعریی حیکایەتی زیکر و سەمای ڕوح دەگێڕێتەوە، ئەزموونی شیعریی کەریم دەشتی سەرابەکانی ڕوحە و گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانەکان. گەشتی شیعریی کەریم دەشتی گەشتی خەیاڵ و ئەفسانەیە. لە کتێبی ئاودا شاعیر وێنەی جوانی ئاو دەکێشێ. (تۆ) مەجازە بۆ مەعشووق، لەم شیعرەدا شاعیر لە عەشقی ئاو و خاکەوە باس لە عەشقی مرۆڤ دەکات. عەشق لای شاعیر عەشقێکی سەرابییە، عەشقێکە تێکەڵ بەسروشت و زیکری ڕوح و ئیمان و عەشقی یار دەبێت. لێرەدا ئەزموونی شیعری، ئیشکردنە لە ئەفسانە و سەرابی ڕوح، ئەفسانەسازی بە زمانی وەهم. شیعر لای شاعیر گەڕانەوەیە بۆ ڕەگەزەکانی بوون و قودسیەت. ئاو، ئاگر، خۆڵ، با، لێرەوە شاعیر دەچێتە نێو سروشتەوە و وێنەکانی سروشت گوزارشتەکانی ڕوحە. زمانی شیعر لە ئەزموونی شاعیردا زمانی مەجازە، زمانێک فرە وێنە و فرە مانایی دەخوڵقێنێ. عەشق لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا فرە مانایە. بەدیوێکدا عەشق گەشتێکە بەنێو جوانی ژن و هەست و سۆزدا، سکاڵای دڵە لە سەختی عەشق. عەشق بە ئاگر و بەسووتانەوە گرێ دەدات. سەختی عەشق و فیراقی دڵ. بەدیوێکی تردا عەشق دەچێتە نێو وەهمێکەوە کراسی ڕوح لەبەر دەکات، جلکی ئەفسانە دەپۆشێت، حیکمەتی با و حیکمەتی ئاگر نیگار دەکات. زمانی شیعری لای شاعیر وەهمێکە تێکست دەباتە نێو لوغزێکەوە فرە مانایی دەخوڵقێنێ، عەشق چەندین مانای هەیە. "با" زیاتر لە مانایەک بەرهەم دەهێنێت. لە کتێبی ئاو-دا شیعر وێنەی سروشت دەکێشێ و زمان هێندە سەختە لەو دیوی سروشتەوە مانای جیاواز دەبەخشێت و مەعشووق و سروشت تێکەڵ دەبن و عەشق هێندە دەچێتە نێو ڕوحەوە لەگەڵ خودادا تێکەڵ دەبێت و پیرۆزییەک وەردەگرێت. شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە و لە ئەفسانەوە زمانی شیعری نوێ بەرهەم دەهێنێ.

وێنەی "با" دەکێشێ کاتێک قژی لە لقی درەخت گیر دەبێت، لە وێنەی "با" وە بۆ تۆفانی مانا و زیکری ئیمان و جوانی دەمانبات. ئینسانێکی مەجازی ململانێیەک لە ئەزموونی شیعریی دەشتیدا هەیە، ئەو ململانێیە لەنێوان ڕوح و سروشت و عەشق و ئاگردایە. لە کۆی ئەزموونی ئەم شاعیرەدا فیکر زاڵە، لە وێنەکانی سروشتەوە مانا بەرهەم دەهێنێت. لە کتێبی خوداکاندا شاعیر پێوەندی لەنێوان باران و "با"دا دروست دەکات و با موسافیرێکە بۆ لای ئەفسانە دەگەڕێتەوە، بای کۆچەری دەگەڕێتەوە بۆ بناغەکانی ئەفراندن. وێنەی عەشق و مەحاڵ و خودا تێکەڵ دەکات. نادیاری خودا و نادیاری عەشق تێکەڵ دەبێت. (تۆ) ئەو کەسایەتییەیە لە ئەزموونی شیعریی دەشتیدا پێوەندی بە هەموو شتێکی شاعیرەوە هەیە. کەسایەتی تۆ گرێدراوی ڕوحی شاعیرە و دەرکەوتنەکانی و ونبوونەکانی چارەنووسی شیعر دیاری دەکات. لە کتێبەکانی بازدا شیعر دەچێتە نێو سروشتەوە، سروشتی ئاسمان و سروشتی باز، باز ئەو موسافیرەیە کە نانیشێتەوە. ئەم تێکستە وێنەی بازە لە بەرزاییەکانەوە، وێنەی باز بەدوو باڵی گەورەوە کە ئاسمان بەشی ناکات و تەنیایە و لە ئاسماندا دەفڕێ. فڕینی باز لەو دیوی

وێنەیەکەوە دەلالەتی ئازادی بازە، ئازادی فڕینێک، کە مەودایەکی دیاری کراوی نییە. شاعیر وێنەی چاوە تیژەکانی باز دەکێشێ، کە چەند خێرایە خێرایی چاو بۆ یاداشتکردن و بۆ بینینی نێچیر. لەم شیعرەدا قودرەتی فڕینی باز بۆ فەلسەفەی هێز و توانای سیحر ئاسا دەمانبات و پیربوونی باز لاوازی و مردنێکە، لە فەلسەفەی نیتشەدا بوونی مرۆڤ، بوونی هێزە. مرۆڤی باڵا وەک باز دەفڕێت و مرۆی لاوازیش وەک پیری باز دەگری و لە نزماییدا دەژی. باز لای شاعیر ڕەمزی فڕین و ئازادییە، پووچی باز ساتی زیندانی کردنە.

لەم تێکستەدا شاعیر گەرچی وێنەی سروشتی باز و فڕین و نەریتەکانی باز دەکێشێ، بەڵام باز ڕەمزێکە بۆ فڕین، فڕین دەروازەی ئازادییە و قەفەس مەرگی ئازادییە. لە پشتی هەر تێکستێکی ئەم شاعیرەوە فەلسەفەیەک و مانایەکی قووڵ هەیە. هاوکات جوانی شیعر و شیعرییەت هەیە و ئەم شاعیرە شیعر بەرهەم دەهێنێت. زمان ئەو وەهمەیە لە خەیاڵدانی شاعیرەوە شیعر دێنێ. لای هەندێک شاعیر ئاڵۆزی شیعر لێڵکردنی دەریای شیعرە و هەندێک نووسین هەن شیعرنین و نووسەرەکانیان بەقەستی ڕووبارەکە لێڵ و لیخن دەکەن. هەندێک جاریش شیعر بۆ خۆی ڕووبارەکەی لیخنە و تەمومژاوی شیعر دەبێت بە ڕووبارێکی لیخن و لێڵ. ئەزموونی دەشتی جیاوازە، دەریای شیعر لای کەریم دەشتی لێڵ نییە. بە پێچەوانەوە زۆر ڕوونە، بەڵام بێ ئەندازە قووڵە، دەریایەکە هێندە قووڵە چەند ڕوون بێت بینینی چاو ناگاتە بنبەست. دەریایەکی ڕوونی پڕ لە ماسی جۆراوجۆر، ئاوێکی ڕوون چاو فریو دەدات تا دەچییە ناوی ئەو کات نەدەتوانی لێی بێیتە سەرەوە و نەدەگەیت بە بنبەست. ماسییەکانی ئەو ڕووبارە هەریەکە و مانایەکن. ئەدۆنیس پێی وایە شیعری نوێ شیعری لوغز و تەمومژاوییە. ئاڵۆزی شیعر بۆ قووڵایی و جوانییەکانی شیعر دەمانبەن. شیعری سادە وەک حیکایەتی بێ گرێ وایە و خوێنەر زوو دەگات بە بنەوانی شیعر، بەڵام شیعری ئاڵۆز و فرەمانا قووڵە، خوێنەر بەئاسانی ناگات بەبنەوانی شیعر لە ئەزموونی دەشتیشدا شیعر چوونە بۆ ناو قووڵاییەکان، قووڵایی زمان و ماناو مەجاز لە فڕینی بازدا شتێکی ترمان پێدەڵێت.

گوتاری فیکر وێنە وەهمییەکانی شاعیر، کە گوزارشت لە ململانێی یەقین و گومان دەکات، ململانێی ئاو و ئاگر هەموو ئەو ململانێیانە لای شاعیر دەچنە چوارچێوەی دژە نێوانی بۆچوونەکان. شاعیر پێی وایە گومان بەسەر یەقیندا زاڵە و یەقین ناتوانێت گومان لە ناو ببات، بەڵام گومانێکی بچووک دەتوانێ گەورەترین یەقین گوماناوی بکات. ئەمە ململانێیەکی فیکرییە و شیعر بەرەو ئاراستەیەکی فیکری دەبات و بەرەو قووڵایی مانا و ئاڵۆزی بوون دەبات، یەقین و گومان دوو وێنەن لە کۆی ئەزموونی شاعیردا دەبینرێن.

لە دیوانی بورجی بەڵەکدا شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شار، شیعر حیکایەتی شارە لە ڕابردوودا. لە پیربوونی دۆستەکانییەوە حیکایەتی منداڵی دەگێڕێتەوە. لە شیعری غۆما کە ناوی سەگێکە حیکایەتەکانی منداڵی شاعیرە لە شاری هەولێر، حیکایەتی ئەو سەگە و منداڵانی گەڕەک دەگێڕێتەوە. لە شیعرێکی دیکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە و بۆ حیکایەتی سندووقەکان و دێوی نێو سندووق. شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئایین و ئەفسانەی بوڕاق و حیکایەتی مەجدەلییە و مەسیح، گفتوگۆی عەشق و بەرد. لای شاعیر پیشەسازی ئەوین و شیعر پیشەسازی مەحاڵ و شکاندنی بەردە. عەشق لە مەحاڵ سەخت ترە.

لەکتێبی پیرۆزی عاشقاندا وێنەکان نیگاری ڕوحن و سەمای سروشتن، سەمای مردن و ژیانن. شیعر و سەمایەک کە سەرچاوەکەی ئازارە، سەمای وەرین وحوزن، سەمای کۆتایی و سەمای غروور. شاعیر دەڵێت:

**(من بینیم چۆن گەڵا دەوەری**
**وەک پەڕی فڕفڕۆک لە ئاسمان دەسووڕێ بۆ تەمی کۆتایی**
**ئەوانیش ئاوەها بۆ ناو باوەشی خاک دەسووڕان)**

ئەم شیعرە وێنەی وەرینی سروشتە، سەمای گەڵا سەمای نائومێدی و کۆتایی و ژیانی کاتی گەڵایە. سەمای گەڵا و مەل سەمای قەدەرە، قەدەری کۆتایی. وێنەی سەمایەکی سەخت دەکێشێ کە سەمای کۆتایی سروشتە. شاعیر لە سەمای زیبودا دەڵێت:

**(ئەگەرچی دەزانم**
**کۆڕەوی وەرینی مەلە جوانەکانی ئاسمان و**

**دواكۆچی غەمگینی گەڵایە**
**لەرین و سوورانی زێرکفت و هێمنیان**
**لەژێر تارای تیشکی پاییزا**
**سەمایە سەمایە سەمایە**
**سەمایێ لەدوا دوای مەرگ)**

لەم شیعرەدا وێنەی وەرین و سەمای سروشت دەبینین، سروشت وەک ڕوحێکی نائومێد سەمای وەرین دەکات، درامای غەمگینی وەرینی گەڵاکان نیشان دەدات، سەمای وەرین و سروشت مەجازە بۆ سەمای بوون، سەمای مەرگی غروور وێنە دەکات. حیکایەتی سەما حیکایەتی کەوتنی بوونە. کتێبی - بۆستە تارژەن بۆستە- کۆمەڵێک شیعری دەشتییە و شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ دیرۆک و بۆ ئەفسانەی مۆغەکان. حیکایەتی مۆسیقا و تار و نەی ئاراستەی شیعر بەرەو ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات دەبەنەوە. عەشق لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا ڕۆژهەڵاتییە و حیکایەتی مۆسیقای پیرۆزی عەشقێک دەگێڕێتەوە.

لەشیعری باسێک لە کەوتندا شاعیر دەڵێت:

**(ئێستا تەنیاین تەنیاتر لە کەسێ پیاسە بکا**
**بەسەر گەڵا زەردەکانی گومان**
**دوای کوژانەوەی سیس بووغان**
**لەژێر تریفەی تەمەن و**
**دوای غەرقبوون لە زێی پڕ لە ژەهری زەمان)**

لەم شیعرەدا وێنەی تەنیایی لە سروشتی زەرد و گوماناوی دەبینین، گومان و سیسبوونی وجود. وێنەی ئاوابوونی ڕوح و کۆتایی بوون دەبینین. لە شیعری بچووک بچووک شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی و ڕوانینەکانی منداڵی و گەڕانەوە بۆماڵی منداڵی و قوتابخانە و و یادەوەری ڕابردوو. لە شیعری - ڕابرد وەرەوە - وێنەی ژیان دەکێشێ کە لە بێ هوودەییدا جوانە، شاعیر دەڵێت:

**(ژیان بەبێ هوودەییەوە جوانە**
**دەنا لەسوورفلی ڕوومەتی کچێ دەچێ**
**لەسەرەمەرگا گۆرانی بۆ عەشق بڵێ)**

بێ هوودەیی و وێنەی کچێکی جوان لە ساتەکانی کۆتاییدا گۆرانی دەڵێ. بێ هوودەیی و نائومێدی جوانی دەدەن بەبوون.

لەشیعری باخەوانەکانی زەویدا پێوەندییەک لەنێوان باخ و باخەوان هەیە، باخەوان ئەو ڕوحەیە، کە لەهاوکێشی سروشتیدا جارێک درەختە و لەدوای مردن وەک گیا زیندوو دەبێتەوە. سروشتی باخ و سروشتی باخەوان تێکەڵ دەکات. شاعیر دەڵێت:

**(ئێمەین باخەوانی جوانی لە بوخارا دەسکی شبیت و**
**لە هندستان بۆن و بەرامەی بەهاراتمان هێناوە**
**هاتووینەوە قومێ ئاوی تریی سەد ساڵەمان لە دەریای سوور و**
**ئەستێرەیێ لە شەوبۆمان لە ئاسمانی نیپاڵ هێناوە)**

ئەم شیعرە گەشتە بەنێو سروشت و باخەکاندا و جوگرافیای باخ فراوان دەبێتەوە، بۆ سروشتی شاخ و بۆ سروشتی هندستان و نیپاڵ، حیکایەتی شەڕی باخ و باخەوان لەگەڵ قەدەری سیسبووندا دەگێڕێتەوە. ئەندێشەی باخەوان خولیای گەردوون و کەونە، ئیشکردنە لە باخەکانی جوانیدا. شیعر لە دوورگەی جوانییە، ئەم شیعرە سروشتی شیعری - میروین- مان بیردەخاتەوە، شیعری - ویلیم ستانلی میروین- گەشتە بەنێو سروشتدا و شاعیر ئیش لە جوانی و پاکبوونەوەی ژینگەی سروشت و سینەی مرۆڤ -کتارسیزم- دەکات. میروین سروشت تەقدیس دەکات و ڕوحی مرۆی دەداتێ. شاعیر لەم شیعرەدا جوانی سروشت و ستایشی باخەوان باس دەکات کاتێک هەموو وجودی خۆیان لە باخدا دەبینن، خەون و خەیاڵیان لە دنیای جوانی سروشت و باخدایە. ئەم شیعرە شەڕی ڕەشەبا و درەخت و باخەوانە. حیکایەتی عەشقی مرۆڤ و سروشتە و شوناسی باخەوان دەدات بەباخ و بوونی باخەوان وەک مرۆیەک بە باخەوە گرێ دەدات. شاعیر دەڵێت:

**(باخەوانەکان لە پاییزدا ئەوەندەی سەیری ڕووت و قووتی درەخت دەکەن**
**ئەوەندە سەیری ژنەکانیان ناکەن**
**ئەوەندە بەدیار قەدی درەختەکانەوە حەکایەت دەگێڕنەوە**
**ئەوەندە گۆرانی بۆ کۆرپەکانیان ناچڕن)**

سروشت و مرۆڤی باخەوان لە پێوەندییەکی ڕوحی و پیرۆزدان بە ئەندازەیەک باخەوان خولیای باخە، کە وەک بەشێک لە خۆی تەماشای دەکات. باخ لای باخەوان لە ڕووتی ژن جوانترە، سیسبوونی باخ سیسبوونی باخەوانە. کۆی ئەم شیعرە حیکایەتی پێوەندییە ڕوحییەکانی سروشت و مرۆڤە.

له شیعری - وەک ئاوێکی تەنک و سادە- دا شیعر دنیای عەشقە. وێنەی شکانی دڵی عاشقە و عاشق و مەعشووق لە هاوکێشەی عەشقدا بەفرن و دەتوێنەوە و دەبن بە ئاو و ئاویش دەبێتەوە بەهەڵم، عەشق ئەم هاوکێشە سروشتییە دەخوڵقێنێ. شاعیر دەڵێت:

**(ئەوەندە ئاشکرای هەر دەڵێی ڕۆژی**
**لێت نزیک ببمەوە دەسووتێم**
**کەدوور دەکەومەوە دەخنکێم**
**لەنێوان خنکان و سووتان**
**چی بکەم باشە؟)**

ئەمە وێنەی عەشقە، عەشقێک چەشنی خۆر، نزیکبوونەوە لێی چارەنووسی سووتانە و دوورکەوتنەوە خنکانە. لێرەدا نائومێدی دروست دەبێت، نائومێدی لە عەشقێک کە نە لە نزیکی و نە لە دووری ژیان ناگوزەرێت. زمانی شیعر سکاڵای دڵە، لە پارچە شیعری شەش لە شیعری وەک ئاوێکی تەنک و سادەدا شاعیر لە هاوکێشەی عەشقدا عاشق و مەعشووق دەکات بەگەڵا، گەڵایەک دەوەرێ و با لوولی دەدات و چاوەڕوانە جارێکی تر بۆ ئاسمان بڵند ببێتەوە. (تۆ) ئەو کەسایەتییەیە کە ڕوحی شاعیر، هەموو وجوودی خۆی پێوە گرێ داوە، (تۆ) مەعشووقێکی بێ دەنگە و ئازاری عەشقی شاعیر دێنێتە قسە. سکاڵای دڵ و پاڕانەوەی زمان وێنەیەکی پیرۆز دەدات بە عەشق. وێنەی خۆر و مانگ و جوانی سیحرئاسا. شاعیر زەمەنی سەدەیەک بۆ ئەو عەشقە تەرخان دەکات. لە پارچە شیعری حەڤدە-دا دەڵێت:

**(تۆ دۆستێکی سەختەندازەی**
**بۆوەی بەباڵات هەڵگەڕێم**
**پێویستم بەعومر هەیە**
**عومرێ درێژتر لە سەدە)**

لەم شیعرەدا باڵای مەعشووق دەچێتە خەیاڵەوە باڵایەک کە حیکایەتی عەشقێکە لای شاعیر تەمەنی سەدەی دەوێت تا بە لووتکەی باڵای عەشق و عاشق بگات. زەمەنی عەشق بۆ زەمەنی سەدەیەک درێژ دەبێتەوە، عەشق و ئاگر تێکەڵ دەبێت، عەشق هەوری بارانە و دەسووتێ، شیعرێ وەک ئاوێکی تەنک سادە شیعرێکی سادە و ساکارە و وێنەکان سادەن. زمان لەم شیعرەدا سادەیە و گوزارشتەکان لە بارەی دنیای سادەی عەشقەوەن. لە شیعری - قسەی عاشقاندا - شیعر گوزارشتی عەشق و سۆز و غەمگینییە. لە شیعری جانتا-دا شاعیر خەون بەجانتای سەفەرەوە دەبینێ. باس لە جانتای دڵ دەکات. لە جانتاوە یادەوەری خۆی دەگێڕێتەوە و جانتای یەکەم سەفەر بۆ بەغدا.

ئەزموونێکی دیکەی شاعیر دیوانی - تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ - شیعری یەکەمی سیاحەتنامەیە. ئەم شیعرە وێنەکانی گەشتێکی شاعیرە بۆ ئێران گەشت بە شارەکانی ئێران و شیعر دەچێتە چوارچرا و بۆکان و هەمەدان و...تاد شاعیر وێنەکانی ئەو گەشتە نیشان دەدات و هەستی خۆی بۆ شوێن دەردەبڕێت و دەچێتە نێو ڕوحی ڕۆژهەڵاتەوە. شیعری کلێسای ئاو وێنەکانی گەشتی شاعیرە بۆ لبنان، وێنەی دەریا و کچانی سەر دەریای بەیرووت دەکێشێ. شاعیر دەڵێت:

**(لە بەیرووت**
**ئەوەی حەکایەتت بۆ دەگێڕێتەوە شەپۆلە)**

وێنەی شەپۆلەکانی بەیرووت دەگوێزێتەوە بۆ نێو شیعر، شوێن لەم شیعرەدا سروشتی بەیرووت و دەریاکانێتی. وێنەی کچە کۆتری سپی بەیرووتە، باس لە بوونی مەسیحییەت و ئیسلام دەکات لە لبنان، وێنەی فرە ئایینی نیشان دەدات، وێنەی قدیسەکان و سۆفییەکان، زمانی ئاو و دەریا دەدات بە بەیرووت. لبنان بەزمانی دەریا دەدوێت. لە شیعری - هەریەکە و کەوتنی خۆی هەیە- حیکایەتی کەوتنە جۆراوجۆرەکان دەگێڕێتەوە لە کەوتنی هاملێت ورد و خاشبوونی دانیمارک ڕوودەدات. لە کەوتنی شووشە عەتردا باس لە ئازادی بۆن دەکات کە دەڕژێت. کەوتنی شالیر و هەڵگرتنەوەی لەلایەن شێکسپیرەوە، کەوتنی فەیلەسووف پێوەندی بەدنیاوە، کەوتنی فەلسەفە و ئاگری پرسیار کەوتنی دۆستۆیڤسکی و هەڵگرتنەوەی لەلایەن ڕاسکۆلنیکۆفەوە،کەوتنی عەشق و مەرگی جوانی کەوتنی شاعیر کەوتنی ئەبەدی و هەڵنەستانەوەی. لە کەوتنە جۆراوجۆرەکانەوە شاعیر دەچێتە نێو قووڵایی فیکر و فەلسەفەی کەوتنەوە، کەوتنی نووسەر و گرتنەوەی بەتێکست. شاعیر بۆ هەرکەوتنێک ڕووداوێک دەستنیشان دەکات و فریادڕەسێک بۆ ئەو کەوتنە نیشان دەکات. کەوتن و هەڵسانەوە و هەڵنەسانەوە ململانێی توانا و هێز و لاوازییە. لە شیعری - لیمۆی شکاو- دا شاعیر دەچێتە دنیای عەشق و سۆزدارییەوە، لە سروشتەوە دەچێتە

دنیای عەشق و جوانییەوە. - شکاندنی بەرد- یەکێکە لە شیعرەکانی کەریم دەشتی من وەک خوێنەرێک چێژێکی زۆرم لەم شیعرە وەرگرتووە، ئەم تێکستە بێ ئەندازە جوانە. مەجاز دەمانباتە نێو عەشقێکی سەختەوە، سەخت وەک شکانی بەرد، گڕی عەشق بڵێسەی ڕوحی شاعیرە. ئاو مەجازە بۆ عاشقێک، کە شاعیر هەموو بوونی خۆی داوەتێ. لە پارچە شیعری پێنجەمی ئەم شیعرەدا باس لە بەخشندەیی عەشق دەکات وەک خودا و جەلالدی عەشق وەک شەیتان.شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

**(پیشەی ئەوین شکاندنی بەردە**
**چوونە پێشوازی ئاگرە)**

عەشق لەم پارچە شیعرەدا دەچێتە نێو مەحاڵەوە و ئەوین وەک شکانی بەرد سەختە و کارێکی قورسە و مەترسیدارە وەک ئاگر. گەشتی عەشق گەشتی عەزاب و جوانییە. ئیشکردنە لە کوورە ئاگرەکانی هەست و سۆز و موحیبەتدا، مرۆڤ بەبێ عەشق ناژی و عەشقیش دەریای عەزاب و چێژە. لەدێری یەکەمی شیعرەکەدا وێنەی عەشق وێنەی سەختی عەشقە وەک شکاندنی بەرد و لە دێری دووەمدا مەترسیدارە وەک کوورە ئاگرینەکان. پیرۆزی عەشق لەگەڵ بوونی خودا تێکەڵ دەبێت و عەشق دەبێت بە زیکری خودایی و ڕوح. لە پارچە شیعری سێزدەدا شاعیر ئەوین بە ئاو دەچوێنێت و بوونی خۆی بە هەڵڕژانی ئەو ئاوەوە گرێ دەدات. شاعیر دەڵێت:

**(هەندێ جار وا هەست دەکەم**
**ئەوینی تۆ لە هیچەوە دەمکا بەخودا**
**هەندێ جار واهەست دەکەم**
**ئەوینی تۆ لە خوداوە دەمکا بە هیچ)**

لەم پارچە شیعرەدا بوون بە مەعشووقەوە گرێ دەدات، ئەو کەسایەتییە کە (تۆ)ی شیعرە تۆ یەک قەدەر و بوون و گەورەیی و بچووکی شاعیر دەستنیشان دەکات. ئەوینی کەسێ سەنگی بوونی شاعیر دیاری دەکات. ساتە سپییەکانی عەشق بۆ شاعیر ساتی هەڵکشانە بەرەو خۆشی و لەزەتی عەشق و ساتی بەخودابوونە، خودابوون مەجازێکە لای شاعیر بۆ ئەوپەڕی لەزەت و جووتبوونی عەشق. هیچێتی مەجازە بۆ نزمترین پلەی عەشق کە دابڕان و دووربونە لە مەعشووق. مەجاز شاعیر دەکات بەکۆیلەی مەعشووقێک کە چەشنی خودا مەودا دروست دەکات. لە پارچە شیعرێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**(تۆ گومانی یا یەقینی**
**گومانت هەناسەی گرتووم**
**یەقینت خودای لێ سەندووم)**

ئەم شیعرە عەشق و گومان و یەقین نیشان دەدات، گومان هەناسەی دەگرێت و یەقینی عەشق، یەقینی خودای لێدەسێنێتەوە. عەشق مەجازە بۆ بوونێکی مەزن و گەورە، گومانی عەشقیش ئازارێکی سەختە و هەناسە دەگرێت، عەشق عەزابی ئەبەدییە. عەشق بە ئاو و بەخودا دەچوێنێت. لە پارچە شیعری بیست و شەشدا شاعیر نائومێدە لە ئەوین و دەڵێت:

**(قەدەری من ڕاکردنە بەدوای تۆدا**
**قەدەری تۆش جێهێشتنی منە**
**پیشەی ئەوین نێوان دروست کردنە)**

شاعیر لێرەدا وێنەی مەودای دووری مەعشووق دەکێشێ و نائومێدە لە ئەوین کە هەمیشە مەودایەک لەنێوان عاشق و مەعشووقدا دروست دەکات. عاشق بەدوای مەعشووقدا ڕادەکات و مەعشووق لە عاشق و لەم نێوانەشدا مەودای عەزاب دروست دەبێت. لە شیعری- مانگی شکاو- دا شیعر دەچێتەوە دنیای عەشقەوە، مەعشووق بەمانگ دەچوێنێت، عەشق دڵی شاعیر دەکات بە خەرەند. لە شیعری- تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ- دا شاعیر وێنەی مەعشووق دەباتە نادیارێکەوە. عەشق لە هەموو شوێنێک دەبینێ و لە هیچ شوێنێکیش نییە (تۆ) ئەو کەسایەتییەی کە شاعیر لە هەموو شوێنێک دەیبینێ و نادیاریشە. تۆ ئەو کەسەی کە شاعیر لە هەموو شوێنێک دەیبینێ و پێی ناگات. ئەو (تۆ)یە مەجازێکە هەندێک جار خودایە کە لە هەموو شوێنێکە و شاعیر پێی ناگات و ناتوانێت بیبینێت و هەست بە بوونی دەکات. عەشق لای شاعیر فرە مانا و فرە وێنەیە.کەسایەتی تۆ دوو دیوە، لە خوا دەچێ و لە مەعشووق دەچێ.لەم حاڵەتەدا خودا وکەسایەتی تۆ وەک مەجاز و وەک چواندن دەبینرێت. لە شیعری -هەولێر- دا، شیعر دەچێتەوە نێو شارستانیەتی شارەوە و وێنەی شار نیشان دەدات. ئەم شیعرە چوونە بۆ نێو دیرۆکی شار و شارستانیەتی هەولێر. لە شیعری - دەمەوێت شار ببینم -دیسانەوە دەچێتە نێو شار و سروشتی شارەوە،

دەچێتە دنیای شار و شارستانێتی شارەوە.

دیوانی- پیانۆی ڕۆژهەڵات- گەڕانەوەیە بۆ هەست و سۆز و وێنەی نائومێدی ڕۆژگاری ڕەشی سەردەمی دەسەڵاتی ترسێنەر، لەم دیوانەدا شاعیر لە ژێر کاریگەری ئەو سەردەمە مەترسیدارەدا بەزمانی حوزن و غەمگینی، نائومێدی خۆی وێنا دەکات.

– خاک و هەڵۆ- ئەو تێکستەی شاعیر کە وێنەی نائومێدییەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو دەکێشێ.

شیعرەکانی ئەم دیوانە سۆزی عەشق و حوزنی ئەو زەمەنە سەختەن. هاوکات لەم دیوانەدا وێنەی ئەفسانەیی و ئایینی دەبینین. شاعیر ئەفسانە و ئایین و دیرۆک بەزمانی شیعر ئیقتیباس دەکات. شیعر گەشتێکە بەرۆژهەڵاتی ئەفسانەدا، ئەفسانەی بوزا و حیکایەتی پەرستگاکانی یەقین و گومانە، وێنەی تەمەسپییەکانی ڕوح دەکێشێ، حیکایەتی بوراق و خوڵقان دەگێڕێتەوە. لە کۆی ئەزموونی شیعری کەریم دەشتیدا، زمانی شیعرییەت و مەجاز یارییەکە لەنێوان واقیع و ئەفسانەدا، لە واقیعێکەوە بۆ ئەفسانە دەگەڕێتەوە ناو زمانی وەهم و شیعرێکی نوێگەری بەرهەم دەهێنێت، فرە وێنەیی و فرە مانایی دەخوڵقێنێ. عەشق لە شیعری کەریم دەشتیدا مەجازێکە وێنەی پیرۆزی خودا و جوانی و لەزەت و چێژ و ئازار وەردەگرێت. ئاگر و با و خۆڵ و ئاو مەجازی ڕوحانییەت و گەڕانەوەن بۆ ڕەگەزی بوون. لەگەڵ هەموو ئەو وێنە ڕوحانی و ئەفسانەسازییەدا شیعر نوێیە و نوێگەرە. تێکستی دەشتی لە میتۆلۆژیاوە بۆ نوێگەری دەچێت و قووڵبوونەوەیە بۆ بنی دەریاکانی ڕوح و قووڵاییەکانی بوون. گەشتێکە بە دوای پەنهانیی و لوغز و تەمی بوون. گەشتی شیعریی ئەم شاعیرە بۆ نێو گومانە، گومانێک کە ململانێ لەگەڵ یەقیندا دەکات، گومانی خوڵقێنەر و گومانی خوڵقاندنەوە، گومان لای ئەم شاعیرە گومانە لە بوون و ئەو دیوی ژیان، زمانی وەهمەکان لە تێکستی کەریم دەشتیدا پرسیار دەخوڵقێنێ و دەچێتە دنیای مانا و فەلسەفەوە. لێرەوە گەیشتن بە بنەوانی شیعری ئەم شاعیرە دەبێت بەکارێکی سەخت. شیعری کەریم دەشتی لە دەریای مەحاڵ و گوماندایە، شیعر چوونە ناو قووڵایی بوون و ئاڵۆزی زمان و بەرهەمهێنانی مانا و جوانی و فرە وێنەیی و عەشقێکی فرە ڕەنگە. عەشقێک لە ڕەنگی ژن و سروشت و خودا، ئاگری ئیمان و ئەوین. سروشتی باز و ئازادی ئینسان، ئاوازی نەی و تار گەڕانەوە بۆ مۆسیقای پیرۆزی ڕۆژهەڵات، مەحاڵ لە عەشقدا و عەشقیش سەخت وەک شکانی بەرد.

**سەرچاوەکان:**

**١– دیوانی پیانۆی ڕۆژهەڵات- کەریم دەشتی.**
**٢– دیوانی تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ – کەریم دەشتی.**
**٣–دیوانی کتێبی پیرۆزی ئاشقان – کەریم دەشتی.**
**٤–دیوانی کتێبی ئاو- کەریم دەشتی.**
**٥– دیوانی کتێبی نەی -کەریم دەشتی.**
**٦–دیوانی بورجی بەڵەک- کەریم دەشتی.**
**٧– بەرەو منداڵی بەجلی پاییزەوە – یادەوەری- کەریم دەشتی.**
**٨– نۆڤلێتی کەمتیار – کەریم دەشتی.**
**٩– نۆڤلێتی ئەسپەکانی ناو با – کەریم دەشتی.**
**١٠– نۆڤلێتی کتێبدار- کەریم دەشتی.**
**١١– نۆڤلێتی پەیکەر- کەریم دەشتی.**
**١٢– دیوانی دەشتی – مەلا خدری دەشتی.**
**١٣– پاشکۆی ئەدگار -کوردستانی نوێ- ژمارەیەکی تایبەت بە ئەزموونی کەریم دەشتی.**
**١٤– دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین – ئەدۆنیس – وەرگێڕانی ئومێد عوسمان.**
**١٥– کۆمەڵە دیدار کۆ ڕامانێک لە شیعر – حەمە کاکە ڕەش.**
**١٦– الماهیة والخرافة – دراسات في میسولوجیا الشعریة – نور پروبفراي- ترجمة هیفاء هاشم.**
**١٧–فن الشعر- الدكتور احسان عباس.**

# ئەدەبی منداڵان، چرایەک لەسەر ڕێی داهاتوو

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

ئەدەبی منداڵان پاژێکە لە پاژەکانی جیهانی منداڵان و بۆ ناسینی دنیای منداڵان دەبێ سەرەتا گەی بە گەی ئەو پەیکەرە بناسین و بە شرۆڤە و لێکدانەوەی ماکە پێکهێنەرەکانی کۆی ئەو جیهانە، ڕۆچنەیەک بۆ خزانە ناو سنوورە ناسکەکانی ناخی منداڵان بدۆزینەوە. سەرنجدان لە ئەدەبی منداڵان وەک بەشێک لەو بەشانە و دەست بە شان و باڵەوە گرتنی، هەروەها پەرەپێدان و وردبوونەوە لە سووچە بەرچاوەکانی و دۆزینەوەی قوژبنە نەبەدی و زەینییەکانی ئەو جیهانە، دەبنە هۆی ناسینی شیاوتر و لەبارتری دنیای منداڵان.

بە هۆی ئەوەی کە "یەکێک لە کەرەستەکانی پەروەردە و ڕاهێنانی ناڕاستەوخۆ، ئەدەبی منداڵانە، دەتوانین بە گرینگیدان بەو لایەنە ناسیاویهێن و عادەت پەڕێنەوە و زەنگین کردنی، دیتنەوەی میتودەکان پەرەستاندنی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە و لەو ڕێیەشەوە بیناکردنی پردێکی ناسیاری بۆ گەیشتنە هەرێمی دنیای منداڵان، پەروەردەی باش و گەشەی بیری هەراشی ئەوان و وزە و توانا دەروونییەکانیان، هەندێ بابەتی پێوەندیدار بەو بوارە بخەینە بەر تیشکی تێڕامان.

پێناسەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ بۆ ئەدەبی منداڵان بە دەستەوە دراوە. بۆ وێنە ئەدەبی منداڵان بریتییە لە کۆمەڵەی نووسراوە و وێژە و گوتەی گەورەکانی کۆمەڵگا، کە بۆ منداڵان ئامادەکراوە. لە باری بابەتییەوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەدەبی گەورەکان نییە و هەرچییەکی لە دەرەوەی پلانی دەرسی و فێرکاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هونەرمەندانە نووسرابێ و ڕێکوپێک کرابێ، بە ئەدەبی منداڵان ناودێر دەکرێ. جیاوازی ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەکان لە جیاوازییەکەوە سەرهەڵدەدا کە لە ویست و نیاز و تواناکانی منداڵان و گەورەکاندایە. تێکڕای ئەو بەرهەمانەی کە لە هەموو بوارەکانی زانیاری مرۆڤدا بۆ منداڵان نووسراون و

داهێنەرێتییان تێدایە وەک ئەدەبی منداڵان دێتە ئەژمار. (هاشمی نسب: ١٣٧١، ١٠) یان ئەدەبی منداڵان دوو لقی هەیە: یەکەمیان ئەو کتێب و نووسراوە و هۆنراوانە دەگرێتەوە کە بە تایبەت بۆ منداڵان و بە پێی ویستی زەینی ئەوان نووسراوە، دووەم ئەو کتێب و نووسراوە و هۆنراوانەی کە لە ڕاستیدا بۆ منداڵان نەنووسراون، بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتنی منداڵان لەبارن، وەک ئەدەبیاتی ڕەشۆکی و ئەو نووسراوانەی بۆ گەورە نووسراون و منداڵیش دەتوانێ تێیان بگا. (پولادی: ١٣٨٤، ٢٥) کە هەرکام لەو پێناسانە قسە و باسی تایبەتی خۆیان لەسەر کراوە.

زۆر جار وا بیر دەکرێتەوە کە بە هۆی ئەوەی ئەدەبی منداڵان بۆ کەسانێک بەرهەم دێ کە لە باری تەمەنەوە لە خەڵکی تر کەم تەمەنترن، کەواتە یەکەم؛ وەک ئەدەبی نزم تێی دەڕوانن و بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی گەورەکان، یان ئەدەبی مەزن بە بێ هەمێت و ناموعتەبەری مەزەندە دەکەن، تەنانەت نووسەرانی ئەو چەشنە بەرهەمانە بە کەسانێک دەزانن کە چون بەرهەمەکانیان ڕووی مەجلیسی گەورەکانی نەبووە ناچار ئامادەی ئاقاری ئەدەبی منداڵان بوون. ئەو بۆچوونە لە بنەڕەتەوە چەوتە، چون هەروەک ئاماژەی پێ کرا ئەدەبی منداڵانیش فۆرم، زمان و پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە و هەر بابەتێک کە لە بەستێنی ئەدەبی گەورەکان بەهەند وەرنەگیرا و پەسەند نەکرا ناتوانێ حەتمەن بەرهەمێکی سەرکەوتووی بواری ئەدەبی منداڵان بێ.

نووسەری ئەدەبی منداڵانیش دەبێ لەگەڵ بنەما و تەکنیک و شێوازەکانی نووسەری ناسیاوی هەبێ و سەرەڕای ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بابەتە بەرباس و گرینگەکانی بووتیقای ئەدەبی منداڵان قەڵەم وەگەڕ خا.

کەواتە جیاوازییەک کە لە پێکهاتە و تەکنیکی ئەدەبی منداڵان لەگەڵ ئەدەبی گەورەکاندا بوونی هەیە، ناگەڕێتەوە بۆ لاوازی یەکیان و سەرتربوونی ئەوی دیکەیان، بەڵکو ئەسڵی جیاوازی لە پێکهاتە و تەکنیک و شێوازی دەربڕین و بەسترانەوەی هەرکامیانە بە بوارێکی بووتیقایی تایبەتەوە، سەربەخۆیی ئەدەبیاتی منداڵان دەسەلمێنێ و توانای هونەری نووسەرانی ئەو وارە دەنوێنێ.

ئەدەبی منداڵان لە باری بابەتیشەوە نە تەنیا هیچ بەربەستێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو داوێنی پەرەگرتن و پەلهاویشتنی بابەتی ئەو جۆرە نووسینە لەگەڵ گەورەکان جیاوازی نییە. تێکڕای ئەو بابەتانەی بۆیان هەیە نووسەرێک کە لەبواری ئەدەبی گەورەکاندا دەنووسێ، پێیانەوە سەرقاڵ بێ، نووسەرێکی ئەدەبی منداڵانیش دەتوانێ بیانخاتە ڕوو، بەڵام شێوازی دەربڕین و فۆرم و پێکهاتەی دەربڕینەکەی لەگەڵ ئەوی دیکە جیاوازە. ئەو جیاوازییەش بۆ ڕادەی هەڵدانی زەینی و ناسیاری بەردەنگەکانی ئەو دوو جۆرە ئەدەبە دەگەڕێتەوە، هەروەها جیاوازی ویست و نیازی ئەو دوو چینە بەردەنگە دەتوانێ وەک هۆکارێکی دیکە بۆ جیاوازی ئەو دوو لقەی ئەدەبیات بێتە ئەژمار.

ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە بەردەنگەکانی ئەدەبی منداڵان لە باری هەڵدان و پێگەیشتنی زەینی و ناسیارییەوە بە پوختەیی تەواو نەگەیشتوون و بە پێی خوێندنەوەکانی بواری دەروونناسی بۆ وێنە بوارە جیاوازەکانی ناسیاری پیاژە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە منداڵان بەردەوام خەریکی پێوانی ڕێگای هەڵدان و پێگەیشتنن، کەواتە بە بەراورد لەگەڵ بەردەنگی ئەدەبیاتی گەورەکاندا (لە باری پلەی هەڵدانی زەینی و ناسیارییەوە) لە بوارێکی جیاوازتردان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەدەبی منداڵان پڕاوپڕی داهێنان و جووڵە و گەشە و نەشەیە، تەنانەت زۆر جار بەرهەمی وا لە بەستێنی ئەدەبی منداڵاندا بەرهەم هاتوون کە لە سنووربەندییەکانی بواری ئەدەبی منداڵان و گەورەکاندا، ناتوانین بە دڵنیاییەوە لە یەکێک لە خانەکاندا بەندی کەین و بەردەنگی جۆرەکەی تر لە خوێندنەوەی بپرینگێنینەوە.

لێرەدا دوو نموونە دەخەینە بەرباس؛ ئەو دوو کتێبە لە هەر دوو بواری ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەکاندا خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. یەکەمیان کتێبی شازادە چکۆلە بەرهەمی "ئانتوان دوو سینت ئێگزۆبێری"یە کە لەو کتێبەدا کەم و زۆر لەگەڵ بابەتێکی منداڵانە و ڕاوێژێکی لەو چەشنە دەستەوئێخەین، بەڵام داهێنەرێتییەک کە لە دەربڕین و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا هەیە ئەو کتێبەی کردۆتە کتێبێکی جیهانی، هەروەها لە باری بەربڵاوی خوێنەر و بەردەنگیشەوە سنوور و لەمپەرێک ناتوانێ دابندرێ. ئەو کتێبە بە وردبوونەوە و خستنە ڕووی ئەندێشەیەکی لە ڕووکاردا و قووڵ بوونەوەیەکی فەلسەفی لە ناخدا هەر دوو بواری داگیرکردووە. بە پێچەوانەوە کتێبی "میز هەر میزە" لە نووسینی "پیتێر بیکسێل" چیرۆکێکی مودێرنە و بە لەبەرچاوگرتنی تەکنیکە گێڕانەوەییەکان دەتوانین وەک چیرۆکێکی بەهێز بەراوردی بکەین. ئەو چیرۆکە لە ڕاستیدا یاغی بوون و ڕاپەڕینی پیرەپیاوێکە لە جەنگەی زەنا زەنای بە مودێرن بوونی ئەورووپادا و لە کاتێکدا سێبەری تەنیایی باڵی وەسەر هەمووواندا دەکێشێ، یەک چەشنی و سستی وڵات دادەگرێ....ئەو چیرۆکە بە دەربڕینێکی لەبار و زۆرجار منداڵانە و بە تەکنیکی

گێڕانەوەیی دەوڵەمەندەوە لە هەر دوو بەستێندا شیاوی لێ وردبوونەوە و تاووتوکردنە. لایەنێکی تری ئەدەبی منداڵان کە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان هەوڵیان داوە کاری لەسەر بکەن و هەڵبەت هەر ئەو چەشنە کارەش لە لایەک سەرنجی منداڵانی وەک بەردەنگی سەرەکی ئەو بەرهەمانە ڕاکێشاوە و لە لایەکی ترەوە توێژەرانی ئەدەبی منداڵانی وە تەقەللا خستووە؛ دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ بزواندنی هێزی داهێنەرێتی و دیتنەوەی ئاقارە تازەکانی بیرکردنەوە و نووسین. بۆ وێنە لە چیرۆکی"میز هەر میزە"دا جگە لەوەی نووسەر ڕوانگەیەکی فەلسەفی لەمەڕ تەنیایی مرۆڤی مودێرنەوە بە ڕاوێژێکی تایبەتی منداڵان دەخاتە ڕوو؛ ئەو دۆخە زەمانییەش وەک کەلەبەرێکی مێژوویی دەداتە بەر تیشکی ڕەخنە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕووکارە ڕەخنەیییە ئاراستەیەکی دروشم ئاسا بە خۆوە بگرێ و چێژی داستانی بەرهەمەکە لە منداڵ بستێنێتەوە. سەرەڕای ئەوە لە لایەنەکەی دیکەدا، واتە گرینگیدان بە بزواندنی هێزی داهێنەرێتی منداڵان نووسەر بە تەکنیکێکی نوێ کە زیاتر لە چەشنێک کایەی منداڵان مایەی وەرگرتووە دوو مەبەستی گرینگ دەپێکێ.

یەکەم ئەوەی کە زمانی ئینسانی چاخی بەرباسی خۆی و جیاوازی ئەو کولتوورەی وەها زمانێک دەیخولقێنێ دەخاتە ڕوو. بەو شێوەیە کە تەنیایی پیرەپیاوی ئەو چیرۆکە کە بەرهەمی ئاڵۆزی و سەرقاڵی خەڵکی دەوروبەریەتی، بووەتە هۆی دابڕانی خەڵک لە پێوەندییە نەریتییەکانی ئینسانی و منداڵ لێرەدا گرینگی گەڕانەوە بۆ پێوەندییەکان و گەرم کردنی پێوەندییە ئینسانییەکان تێدەگا. لە لایەکی دیکەوە نووسەر بە خستنەڕووی زەمینەیەکی تەکنیکی و هونەری لەو داستانەدا کایەی هونەری قەت نەکراو، بەڵام نزیک بە ڕوحی منداڵان لەگەڵ خودی بەردەنگەکانی دەست پێدەکا. لەو کایەیەدا نووسەر هێزی داهێنەریەتی منداڵان دەبزێوێ.

پیرەپیاو تەنیایە... دەیەوێ سەرقاڵ بێ... لە وەڕەزی هەڵبێ... دێ ناوی شتەکانی دەوربەری دەگۆڕێ، بۆ وێنە بڕیار دەدا ناوی بەشێ لە شتەکانی دەوروبەری ئاوا بگۆڕێ: "بە پێخەف بڵێ وێنە، بە چرپا بڵێ فەرش، بە ڕۆژنامە بڵێ پێخەف، بە کاتژمێر بڵێ ئەلبۆمی وێنە و...

پاشان هەر بەو وشانە دەدوێ:

"پیرەپیاو بەیانی ماوەیەکی زۆر لە وێنەدا ڕاکشا، ئەلبۆمی وێنەکەی زەنگی لێدا، لە جێی خۆی ڕاست بۆوە و جلەکانی لە ڕۆژنامە دەرهێنا و،...(بیکسل: ٢١،١٣٧٦)

لە ئاکامدا پیرەپیاو زمانێکی نوێ دەدۆزێتەوە. لێرەدا نووسەر زیرەکانە کایەکە دەسپێرێتە دەست منداڵان و داوا دەکا ئەوانیش لەو شێوە ناودانانە کەڵک وەگرن و زمان نامۆ کەنەوە...ئەوەش سەرەتای ڕێگای داهێنان لە بواری نووسین و بیرکردنەوەدایە. چون کایەی لەو چەشنە لە ڕاستیدا ڕێخۆشکردنە بۆ هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوە (لاریک: ١٧،١٣٧٥) و نووسین. (هەڵبەت ئەو باسە لە بەشەکانی دواتری ئەو نووسراوەیەدا بە وردی دەخەینە بەر سەرنج.)

ئێستا سووکە ئاوڕێک لە مێژووی کۆنی ئەو ئەدەبە دەدەینەوە. لە پەنجا هەزار ساڵ لەوە پێشەوە مرۆڤ هەندێ بابەتی بۆ خوێندنەوەی خۆی و ئاوەدەنگەکانی بەرهەم هێناوە، بەڵام لە نێو ئەو بابەتانەی کە هی ئەو زەمانن، بەڵگەیەکی بڕواپێکراو دەست نەکەوتووە کە پێمان بسەلمێنێ لە چاخی بەر لە مێژوو، یان تەنانەت لە چاخەکانی سەرەتای مێژووشدا، بابەتی وا نووسرابێ کە بابەتی منداڵان بێ. دوای دۆزینەوە و داهێنانی تەکنیکی نووسین و بەر لە پیشەسازی چاپ، هەندێ بابەت بە شێوەی وێنە و نووسراوە بۆ منداڵان نووسراون. ئەو بابەتانە بۆ منداڵانی چینی دەسەڵاتدار، یان ئەو کەسانەی کە دەبوو بیروبڕوا ئایینی و قانوونییەکان لە ڕێی چیرۆک و وێنەوە فێر بن نووسراون. (پلوسکی:١٣٦٣)کەواتە یەکەم ڕۆچنەی ڕاوی تریفەی ئەدەبی منداڵان لە پاوانی منداڵانی چینێکی تایبەتدا بووە و دەتوانین بەشێک لە هەبوونی هەڵکەوتە زۆرەکان لە نێو ئەو چینە دەسەڵاتدارانە بگەڕێنینەوە بۆ شوێندانانی ئەو چەشنە تایبەتەی ئەدەب لەسەر ئەوان. بە وردبوونەوە لەو بابەتەی کە بۆ فێرکردنی پرس و بیروڕا مەزهەبییەکان لە چیرۆکی منداڵانە و وێنەدار کەڵک وەرگیراوە، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ئەو دەربڕینە منداڵانەیە و هەڵبژاردنی ئەو گۆشەنیگا لەبارە بۆ بەردەنگەکان، توانیویەتی هەر چەشنە بابەتێک بە باشی ڕابگوێزێ. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی "پی بی هیسیانگ" بکەین کە وێنە و ڕووداوەکانی کتێبی پیرۆزی وێناکردووە، بەڵام بەرە بەرە داهێنانی پیشەسازی چاپی بەردین و دواتر داهێنانی چاپ بە پیتی بزۆک بووە هۆی پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی بابەتگەلێکی بەکەڵک لە مەڕ منداڵانەوە. (پلوسکی:١٣٦٣). ئەدەبی منداڵان هەر سەد ساڵێک دەبێ کە وەک ئەدەب دەخرێتە ڕوو، ئەگەرچی ئەو منداڵانەی بە کەڵک وەرگرتن لە خوێندنەوە و موتاڵا ڕادەهێندرێن یەکجار زۆرن، بەڵام بیری ڕاهێنان و پەروەردەی بە ڕاستی ئەوان لە ئاستی جیهانیدا پەرەیەکی ئەوتۆی نەگرتووە. (پێشوو:١٣٦٣)) ئەوەی کە

منداڵانیان پێمل کردوون بیخوێننەوە و بینووسنەوە و دەوری بکەنەوە ، ئەدەبی گەورەکان بە واتای قورس و پێچیاوەوە بووە، کە زۆر جار تێگەیشتن و شرۆڤەی بۆ گەورەکانیش ئەستەم و دژوار بووە. کەواتە منداڵ کەمتر هانەیەکی بۆ خوێندنەوە هەبووە و تەنانەت لێشی بێزراوە، بەردەوام لەگەڵ وشە و دەستەواژە و ڕێکەوەندی وا بەرەوڕوو بوون کە نەیانتوانیوە تێی بگەن. لە ساتێکدا کە ویستی ڕاهێنانی نوێ ئەوەیە "منداڵان ئەوەی کە ڕایدەپەڕێنن، دەبێ دڵخوازی خۆیان بێ" و بۆ خۆیان بکەر بن نەک کەسێکی دیکە ببێتە دۆڵپایان و شتیان بەسەردا بسەپێنێ. چون هۆکارێک کە هەر چەشنە پەرچەکردارێک بۆ کردار ئاوەژوو دەکاتەوە، هۆگرییەکە کە لە ویستێکەوە هەڵدەقوڵێ. کەوایە هۆگری و داگەڕان تەنیا تەوەرەیەک کە تێکڕای نیزامی پەروەردەیی بە دەوریدا لە گەڕدایە. (شعاری نژاد:١٧، ١٣٧٠).

ئەدەبیاتی منداڵان تەواوی بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژیان دەگرێتەوە و منداڵ لە تێکڕای بەرز و نزمی ژیانیاندا یارمەتی دەدا. وزەی خەیاڵی ئەوان پەرە پێ دەدا، ئەزموونی جۆربەجۆر و هەمەڕەنگیان دەنێتە بەردەست، توانای داهێنانیان دەبزێوێ و وەگەشەی دەخا. (پێشوو: ٢٩) کەوایە تەنیا مەبەستی ئەو جۆرە ئەدەبە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بۆ منداڵان، هەروەها ئامادەکردنی بابەتە ئاکاری و ئەخلاقییەکان نییە. (کیانوش:١٣٥٢، ٣٩).

لە هەر بابەتێکدا کە بۆ منداڵان دەنووسرێ، دەبێ جۆرێک شیاوی و ڕێتێچوون و ڕێگایەک بۆ وەرگرتن لە ئارادابێ هەتا منداڵان ئەو بابەتە جا چ خەیاڵی و فەنتازیا بێ و چ واقیعی باشتر وەرگرن. نووسەری ئەو جۆرە کتێبانە دەبێ هەوڵیان لەسەر ئەوە چڕ کەنەوە منداڵان بە ئاگادارییەکی زیاتر لەو دنیایەی تێیدا دەژین ڕێنوێنی بکەن. (پلوسکی: ١٣٦٣،٣٠)) پەرژانە سەر ئەو بابەتانەی بۆ منداڵ چێژێکی بەدواوە نەبێ، هەروەها شتێک وەسەر ئاگاییەکانی پێشووی ئەوان نەخا و ئەوان نەتوانن وەریگرن، کارێکی سەمەربەخش نابێ. بەشێک لەو نووسراوانەی لەو بوارەدا نووسراون لەباری شێوازی نووسین و ناوئاخنی بابەتەکانەوە گرفتیان هەیە، چون نووسەرەکان بابەتێکیان هەڵبژاردووە تەنیا قورسایی نیگا لەوێدا لەسەر لایەنی ڕاهێنانی زۆرەملێ و ئامۆژگاری چڕ بۆتەوە و زۆرتر کەڵکی بۆ چینی بەتەمەنە و(پێشوو: ٤٨) منداڵ توانایی تێگەیشتنی بابەتەکەی نییە، هۆیەکەشی پشتگوێ خستنی ویستە دەروونییەکانی ئەوان و لەبەر چاونەگرتنی ڕادەی توانای تێگەیشتن و ئاستی هەڵدان و فامی منداڵانە. چون لەو بەرهەمانەدا نووسەر بیر لە بەردەنگی "هەڵوارتەی" خۆی ناکاتەوە.

تاقمێک لە نووسەران لە کاتی نووسینی بابەتێکدا، منداڵیان لەبەرچاوە و تاقمێکیش گوتوویانە کەسێکی تایبەتیان لە فکردا نەبووە."(هەمان: ٤٣) بنەڕەتی گرفتەکانیش لەو خاڵەوە سەرهەڵدەدا. ئەو نووسەرانەی بە تێبینی خۆیان بەرهەمەکانیان بۆ منداڵان دەنووسن و لە دنیای منداڵانیش ورد نابنەوە، ناتوانن شوێن لەسەر ڕوح و دەروونی ئەوان دانێن. هەڵبەت لەو بارەوە بیروڕای جیاواز و جاری وایە دژوازیش خراوەتە ڕوو. "هازار" ئەدەبیاتی منداڵان بەو بابەتانە دەزانێ کە هەم بۆ منداڵان نووسراون و هەم بۆ هەمووان و بۆ گەورەکان، بەڵام "ئیزابێل جان" تەنیا ئەو کتێبانە دێنێتە ئەو ڕیزەیە کە تایبەت بۆ منداڵان نووسراون، تەنانەت چیرۆکە فۆلکلۆری و ئەفسانەکانیش بە هۆی ئەوەی کە گەورەکانیش کەڵکی لێ وەردەگرن لەو تاقمە دەردەهاوێژێ. (هەمان: ٤٣) لێرەدا دەتوانین بڵێین گوتەی ئیزابێل جان ڕێتێچووترە، چون کەمتر دەتوانین هاوشێوەییەک لە نێوان ئەدەبی منداڵان و گەورەکاندا ببینینەوە، ئەگەر هەشبێ زۆر دەگمەنە، چون لە هەڵپە و وزە دەروونییەکانی خودی نووسەرەوە سەریان هەڵداوە؛ نووسەرێک کە بەردەنگی "هەڵوارتەی خۆی لەبیر نەبووە. نووسەری بابەتی لەو چەشنە توانا و هونەری تەواوی بۆ ڕاگوێزتنی ئەو هەڵپە و کەڵکەڵە دەروونیانە نەبووە. (هەمان :٧٥) هەر بەو هۆیەوەیە کە "ژان ژاک ڕۆسۆ" دەڵێ:"وا باشترە کتێبێک نەدرێتە دەست منداڵان، چون نووسەری ئەو کتێبانە بەردەوام لە نووسراوەکانیاندا مەوعیزەیان بۆ دەکەن و بابەتە ئەخلاقییەکانیان بەسەردا دەسەپێنن و کەمتر ئاوڕێک لە پەروەردە و تیف تیفە دانی ڕوحی ئەوان دەدەن." بەشێک لەو گوتەیەی "ڕۆسۆ" ئەگەرچی زێدە خوازانەیە، بەڵام ئەو لایەنەی کە جەخت لەسەر جۆری پەروەردە دەکا ڕاستە و ئێستاش نووسەرانی جددی بواری ئەدەبی منداڵان دەبێ بە هەندی وەربگرن.

هێندێک لە نووسەران ڕایان وایە ئەدەبیات لەسەر دوو بنەما دامەزراوە؛ یەکیان ڕەسەنایەتی بابەتە. واتە نوێ بوون و شەقڵ نەشکاوی بابەت، یان هەبوونی نیگایەکی تازە بۆ بابەتێکی کۆنە و پەروەردەکردنی بابەتێک لە ئاستی ڕوونتر کردنەوەیدا.

دووەم؛ لێک کاڵانەوەی فۆرم و ناوەرۆک؛ واتە هاوئاهەنگی ناوەرۆک لەگەڵ شێوازی نووسین و بابەتی بەرباس. ئەدەبیاتی منداڵان بنەمایەکی دیکەشی پێوە دەلکێندرێ، ئەویش خوێنەری بەرهەمەکانن. ئەو

خوێنەرانە، چونکە پلەکانی پێگەیشتنی بیر و عاتیفە تێپەڕ دەکەن، خولقێنەری بەرهەم دەبێ بە پەیامی خۆی یارمەتی ئەو هەڵدان و گەشەیە بکا، ئەوەش دەروەست بوونی نووسەری منداڵان زیاتر دەکا. (هاشمی نسب: ١٣٧١،١٠) چون نووسەر هەر وەک ڕۆسۆ دەڵێ نابێ خەریکی مەوعیزەکردن بێ و نابێ وتە و واتای لە توانا بەدەر بخاتە ڕوو. منداڵان پێویستیان بەو بەشە لە کتێبەکانە کە بتوانن بیخوێننەوە و بە بێ شیکردنەوە و دەست تێوەردانی گەورەکان لێی تێبگەن. (ئسکارپیت: ١٣٧١،٩٨) نووسەری بەرهەمێکی وەها زەوق و پسپۆڕی تایبەتی دەبێ هەبێ و دنیای دەروونی منداڵان لە ڕێی شیعر و وێنە زەینییەکانی خۆیانەوە هەراوتر بکاتەوە و بیدۆزێتەوە. (پلوسکی:١٣٦٣،٣٢) پاشان بە هێمنی سەفەرێک بەرەو دنیای پاک و نامۆی ئەوان بکا. لەو سەفەرەدا نووسەر دەتوانێ تەنانەت فەلسەفیترین باسەکانیش بە زمانی تایبەتی خۆی و هەڵبەت تەبا لەگەڵ پلەکانی هەڵدانی زەینی منداڵان پێشکەش بکا. وەها بەرهەمێک دەتوانێ هەم بەشێک لە بۆشایی ئەدەبی منداڵان پڕ کاتەوە و هەم کەلەبەرێکی مێژووی ئەدەبیش بۆ خۆی داگیر کا. "میشێل بووتوور" وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی شەپۆلی ڕۆمانی نوێ دەڵێ: "ناتوانین خاوەنی مێژوویەکی ڕاستەقینە بین مەگەر ئەوەی کە کتێبەکانی سەردەمی منداڵیش لەبەرچاو بگرین." (ئسکارپیت: ١٣٧١،٥) باشترین جۆری کتێبی منداڵان ئەو کتێبانەن کە توانای نوێگەری، داهێنان، ورد بوونەوە و خەیاڵی منداڵان بورووژێنن. (پلوسکی:١٣٦٣،٤٨). "بلینیسکی" پێی وایە: کتێب بۆ پەروەردە و ڕاهێنان نووسراوە و ڕۆڵی پەروەردە و ڕاهێنان گرینگە، چون چارەنووسی یەکجارەکی ژیانی مرۆڤ دەستنیشان دەکا. ئەو کتێبەی لە سەردەمی منداڵیدا دەخوێندرێتەوە، ڕەنگە شوێنێکی کاریگەر لەسەر مرۆڤ دابنێ کە لە تەواوی ژیانیدا هەستی پێ بکا. (شعاری نژاد: ٥٥، ١٣٧٠) هەڵبەت وەها کتێبێک ئاوێنەی بالانوێنی دنیای ڕوحی و دەروونی منداڵانە. منداڵیش دەبێ هان بدرێ سووچە ڕوحییەکان و دنیای خۆی تێدا بدۆزێتەوە. مامۆستا و ڕاهێنەرەکانیش پێویستە سەرەتا منداڵ ڕێنوێنی بکەن کە لە بەرانبەر ئەو کتێبانەی دەیخوێننەوە مەندوکپ نەبن، بەڵکو بابەتەکانی بە بیری خۆیان لێک بدەنەوە و لێی بدوێن. چون یەکێک لە مەبەستەکانی ئەدەبی منداڵان هاسان کارییە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان دەربڕن. (شایگان:١٣٨٤،١١) ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لەگەڵ ڕەوشتی ڕەخنە و چۆنیەتی لێکدانەوەی بابەتێک، هەروەها دادوەری زانستی ناسیاوی سەرەتایی وەدەست بێنن. (شعاری نژاد: ١٣٧٠، ٥٧)

پەروەردە کردن، یان هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕوخساری ئاکاریی منداڵ کاتێک سەرکەوتووانە دەبێ کە نووسەر، یان ڕاهێنەر کەسی بەرباسی خۆی بە وردی و بەڕاستی بناسێ، واتە بزانێ ئەو کەسە (منداڵ، یان مێرمنداڵ) کێیە و چۆن گەشە دەکا. لە ئاستە جیاوازەکانی هەڵدان و پوختەبووندا چ تایبەتمەندی و ویست و هانەیەکی تایبەتی هەیە. (پلوسکی:١٣٦٣،٩) و دواتر بە پێی ئەو زانیارییانە دەتوانێ لە ڕێی نووسینەوە چرایەک لەسەر ڕێی داهاتووی منداڵان داگیرسێنێ و ڕێیەکی ڕوونیان پێ بنوێنێ.

**سەرچاوەکان:**

**(١) اسکارپیت، دنیز (١٣٧١)، ادبیات کودکان و نوجوانان در اروپا، ترجمه ابوالحسن سروقد مقدم، مشهد: جهان اندیشه کودکان.**

**(٢) بیکسل، پیتر (١٣٧٦) میز میز است، ترجمه فرزین بانکی، تهران: نشر زیتون.**

**(٣) پلوسکی، آنا(١٣٦٣) بررسی ادبیات کوکان در کشورهای در حال رشد، ترجمه علی اسکوئی، تهران: نشر نظم.**

**(٤) پولادی، کمال (١٣٨٤) بنیادهای ادبیات کودک، تهران: انتشارات کانون پرورش فکری کودکان ونوجوانان.**

**(٥) رئوف، علی (١٣٦٦) کتابخانه ما، تهران: معاونت فرهنگی آستان قدس رضوی.**

**(٦) شایگان، فروغ (١٣٨٤) نوشتن خلاق، تهران: انتشارات کانون پرورش فکری کودکان ونوجوانان.**

**(٧) شعاری نژاد، علی اکبر (١٣٧٠) ادبیات کودکان، تهران: موسسه اطلاعات.**

**(٨) کیانوش، محمود (١٣٥٢) شعر کودک در ایران، تهران: فاروس.**

**(٩) لاریک، نانسی (١٣٧٥) چگونه بچەهایمان را به مطالعه تشویق کنیم، ترجمه مهین محتاج، تهران: انتشارات کانون پرورش فکری کودکان ونوجوانان.**

**(١٠) هاشمی نسب، صدیقه (١٣٧١) کودکان و ادبیات رسمی ایران/ بررسی جنبه های مختلف بازنویسی از ادبیات کلاسیک ایران برای کودکان و نوجوانان، تهران: انتشارات سروش.**

**(١١) یمینی شریف، عباس (بی تا) نیم قرن در باغ شعر کودکان، تهران: چاپ آتلیه.**

# کـــارۆ
# شکاندنی بێ دەنگی ... سێبەری تاریکی

**ئا - و: جەلیل عەباسی**

کارۆ دردریان، نووسەر و شاعیری هاوچەرخی سەر بە نەوەی یەکەمی شاعیرانی نیمایی و برای هونەرمەندی بەناوبانگ (ویگن)، ساڵی ۱۹۲۷ لە شاری هەمەدان لە دایک بووە. ژیانی تژی بوو لە چەرمەسەری و چارەڕەشی. زۆربەی شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو دەرد و ڕەنج و مەینەتە کۆمەڵایەتییانەن کە هەژاری تێیاندا هاوار دەکات. کارۆ، چەندین بەرهەمی بەنرخی لەپاش بەجێماون کە دەکرێ ئاماژە بە (بێ دەنگی سارد، شکاندنی بێ دەنگی، سێبەری تاریکی، نامەکان، بیرەوەرییەکان و گۆڕهەڵکەن) بکەین. کتێبی بێ دەنگی سارد یەکێکە لە بەنرخترین و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی کە ساڵی ۱۹۵۵ چاپ و بڵاوی کردەوە و تێیدا وێنای ڕەنج و مەینەتی کۆمەڵگەی مرۆییمان بۆ دەکات و ویژدانی مرۆیی دەخاتە بەر خەنجەری پلار و دەیکێشێتە سەر مێزی دادگاوە.

کارۆ لە هەمان ساڵدا (۱۹۵۵) و لە تەمەنی (۲۸) ساڵیدا، کە خۆی بە (۲۸۰) ساڵ ڕەنج و مەینەت ناوی دەبات، وەسیەتنامەیەک دەنووسێت و پاشان خۆی دەکوژێت، هەرچەند بەخت یاوەری نابێت و نامرێت. لە بەشێکی وەسیەتنامەکەیدا دەنووسێت:

"... دەزانم پاش مەرگم، دەوڵەمەندێک لەناو دەوڵەمەندەکانی ئەم شارەماندا دێت و بەنیازی زیادکردنی ناوێک بە ناوبانگە درۆیینەکانی خۆی، لاشەی من بە خاک دەسپێرێت، بەڵام نا.. ئەی دەوڵەمەندانی شارەکەم.. تکایە بە پارەی خۆتان نە گۆڕم بۆ بکڕن و نە لاشەکەشم بنێژن.. تکایە، لاشەکەم بە چەقۆ ژەنگ گرتووەکەی چێشتخانەکەی خۆمان، کە تەمەنێک قەڵەمدادەری خۆشم بوو، هەڵبدڕن و پارچە پارچەی بکەن و هەر پارچەیەکی لە گەڕەکێکی هەژارنشینی شارەکەمدا بخەنە بەردەم سەگێکەوە.. حەز دەکەم چەند سەگی برسی لە گەڕەکە هەژار و برسییەکاندا لەسەر لاشەی من، ژەمێک تێر بخۆن.. خۆ ئێوەی مرۆڤ.. خۆ ئێوەی لە سەگ کەمتر، سکی هیچ برسییەکتان تا ئێستا تێر نەکردووە! من دەمرم، بەڵام مردنی من، مەرگی ژیانی من نییە.. مەرگی من، تۆڵەیەکە، ژیانم لە تەزویرچییەکەی ناوی خۆی دەیکاتەوە.. من دەمرم بۆ ئەوەی ژیان لە ژێر دەست و پێی مەرگدا نەمرێت.. مەرگی من ڕاپەڕین و یاخیبوونی ژیانێکە، کە ناخوازێ بمرێت..."!

با لە زاری کارۆ، خۆیەوە گوێ بۆ ئاخنامەی ژیانی نەژیاوی بگرین.

**کارۆ، خۆی دەخوێنێتەوە**

" چەپ و ڕاست، هەر باران بوو دەڕژایە سەر سەری پڕ شۆڕی دەورانی نامۆ.. بەسەر گۆڕی منداڵیماندا.. حەیف.. حەیف بۆ دەورانی منداڵی کە بەهەموو نرخ و بایەخەکانییەوە، دەورانی ئەوبەر جوانییە.. حەیف بۆ

دەورانی منداڵی کـە چارەنووسی - بە بێ ئەوەی خـۆی بزانێ - ئامێری یاریی ژیانێکی هەمیشە فانییە.. چەپ و ڕاست دەڕژا.. هەر گوڵی بێ نیـازی بوو لە باخچـەی هەتاوەوە - باخچەی بێ نیـاز بە ئاوی هەتاو - دەڕژایە ژێر پێـمـان.. لە ژێر پێی مـەزنێـتی (ئەڵوەند)دا هاتینە دنیـا: هەمـەدان، ئەو شـارەی بۆ منداڵەکانی، بە جیـاتی (شووڵ)ی تـایبـەتی ئـەسپ، لانی کـەم شێرەبەردینەیەکی هەیە.. هەمــەدان، ئەو شـارەی فـرمـێـسـکی منداڵی لەبیرچوومان، لە پاڵ فرمێسکی مەزنێتی لەبیرەوەچووی، دڵۆپ دڵۆپ، لە داوێنی ئەبەدییـەتی ئەڵوەندەوە دەڕژێنە داوێنی دادڕاوی شەوانی شانازییە ئاوارەکان.

پیـاو بوو.. ئەمـە پەیڤی گـەورە پیـاوێکە.. پیـاوێکی گـەورە بەناوی (دایکی ئێـمـە)..و خـۆی وەکـو گـەورە پیـاوێکی دنیـا دیتـە و تاڵ و سوێری ڕۆژگار چەشتـوو، کچەکەی - دایکی نازەنینی ئێمە - دەسپێرێتە دەست پیـاوێکی غـەریب.. خـەزانی باخی (گـاسپـاران)، واتە بەهار بۆتە خـەزان. گـاسـپـاران، داوای لێـبـوردنی بێ دەنگانەی پیرەمێردەکە وەردەگرێت، لەوەی هەواڵی هێزی لێـدانی دڵـەکـانی نەزانیـوە..و گـوڵـەکـان چرۆ دەکـەن.. گوڵەکان چرۆ دەکەن و بەرەو ئاسمان دەکشێن.. تا لەوێ، هەشت منداڵی هەتیـوی ئایندە ئاگـادار بکەنەوە کـە: گریبەستی لە دایکبوونتان - بەبێ ڕەزامەندی ئێوە - بە بێ ئاگـاداری ئێـوە لەسـەر زەویدا مـۆر کـرا.. ئەویش لەنێوان کیژۆڵەیەکی پازدە ساڵان (کە ئەوکات تەنانەت نەیدەتوانی بیـــر لە مـــاچێکی هەڵەش بکاتەوە) و پیـاوێکدا کە توێشـووی سەرگوروشتـەیەکی لەگۆڕنراو بەکـۆڵـیـــەوە، بەرەو چارەنووسـێـکی نـامـۆ لەگـەڵ سـەرگـوروەشـتــەی ئەودا هەنگاوی داویشت.. ئیــتـر زەماوەندێکی خنجیلە بەڕێوەچوو.. زەماوەندێکی سادە و خنجیلە، کە شایانی ساڵە لەیادکراوەکانی جوامێری و ئەمـەکناسی بووبێت.. ئاخ، ئەگـەر منداڵـەکـانی دواتری مرۆڤ لە شەوی زەماوەندی مرۆڤدا بەشدار دەبوون.. گەر دەیانتوانی...!

درەختـەکـان تێنەگـەیشتن.. هیچ لەوە تێنەگـەیشتن کە بڕیارە لە داهاتوودا، لە پاڵ ملیـۆنان گـەڵای بێ خـاوەن، میوانداری هەشت چرۆی بێ خاوەنی دیکەش بکەن..

نە ئەم درەختـانە تێگەیشتن و نە (با) ئاوارەکـانیش.. هەتـاویش - وەک هەمـیـشــە - ئەو دەرفـەتەی نەبوو.. هەتاو - وەک هەمـیـشـە - مـەزنتر بوو لەوەی لە کـاتدا بچـووک بکرێـتــەوە.. هەتاو تێنەگـەیشت کـە بەو زەمـاوەندەی ئەو شـەوە لە باخی (شـورین)دا بەڕێوەچوو، هەشت کـەسی تر بە ڕاژەی جیـرەخۆرەکـانی سـەر سفـرەو خوانی بێ دریغی تیشـکە خۆڕاییەکـانی ئەو زیاد بوون.. هەتاو هیچ تێنەگەیشت.. بەهاریش تێنەگەیشت.. بەهار (ئاغا)یە، بەڵام ئاغایەک کە ئەشق و هەوەسە وێڵەکان - وەکو شنەی وێڵی شەوگەڕ - تووشی سزایەکی شەوانەیان کـردووە.. بەهاری بێ چارە گـەر کـاتی هەبووبا.. گـەر بیانهێشتبا ئاغایەتی خۆی خەرج بکات، پاییز هیچ کات نەیدەوێرا خـۆی بنوێنێ.. ئاخ.. ئەگـەر بەهار دەیزانی کـە ئێــمــەش وەکـو ملیـۆنـان منداڵی دیکەی ئەم سـەدە بێ خـاوەنە، هەرگـیـز بەخت و توانای دیداریان نابێت، گـەر دەیزانی..، ئەوە هیـچ کـــات ئـەو زەمـــاوەندە لە باخی شوریندا سەری نەدەگرت، بەڵام بەهار نەیزانی، هەتاویش نەیزانی.. زەمـەنیش تاقـەتی تێگـەیشـتنی نـەبوو!.. هەر بۆیە ئەو زەمـاوەندە لەو باخـەدا سـەری گـرت و ئیـدی، کارگەی مرۆسازی کەوتە گەڕ!.

باوکـمان ئەرمەنیـیـەکی دەمارگیر بوو، ئەرمەنیـیـەکی دەمـارگـیـر، کـە هەمـوو شـتـێـکی -جگە لە پیـاوەتی و دەمارگیرییەکەی- بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لێ سـەنرابۆوە.. دەبێ هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کـە ئاوها بە بێ وەسـتـان و پەیتاپەیتا منداڵی دەخستـەوە.. هەر یەک ساڵ و نیو، منداڵێک!..

لە ڕوانگەی باوکـمـانەوە، شـتـەکـە گـاڵـتـە نەبوو.. نەیدەتوانی گاڵتە بێت.. زۆرتر لە ملیۆنێک ئەرمەنی، لە شەڕی یەکەمدا و بە دڵڕەقانەترین شێوازی نامرۆیی، بۆ تاهەتایە سپـێـردرابوونە خـەوی ئەبەدی.. بۆیە بە ئەرکی سـەرشـانی خـۆی دەزانی نەتەوەی ئەرمـەن لە قـڕ بوون و توانەوە ڕزگـار بکات.. باوکـمان، بەشە ئەرکی، بۆ خۆی زیاتر لە ئەرمـەنیـیـەکـانی دی دانابوو.. ئەگـەر زیندووش بمابا، ئێـستا ئێمە، بە جیاتی هەشت خوشک و برا، لانی کەم سی و شەش برا و خوشک دەبووین!

بێ چارە دایکمان، چی پێدەکرا؟.. چی دەکرد؟!

کێ هەمـوو بەشـەکـانی منداڵیی خۆی لە بیـرە تا منیش لە بیرم مابێت؟!.. هەر ئەوەندە دەزانم.. تا باوکم مابوو، سفرەکەمـان شانازی ناسـینی برسێتی پێنەبڕابوو.. باوکم هێـشـتـا مـابوو کە لە داوێنی ئەڵوەند دوور کەوتینەوە.. گـەیشـتـینە (ئەراک) - باوکم بازرگـانی فـەرش بوو، پێم وایە پیـشـەکـەی وای دەخواست مـاڵـمان بەرێتە ئەراک - هەر لە ئەراکـیـشـدا بوو (ویگن) بۆ یەکـەم جـار لەگـەڵ یەکـێـک لە تراژیدیا گـەورەکـانی ژیانی ڕووبەڕوو بۆوە.. پاش نیـوەڕۆیەک، هەمـوومـان لەخـەودا بووین کـە ئاو، ویگنی برد..

کێ دەزانێ؟.. ڕەنگە گەرووی زێڕینی ویگن، ئەو زیل و بەمە ئاشق ئەفرێنانەی خۆی، قەرزاری زەمزەمەی شەپۆلەکانی ئەو ڕووبارەیە کە لە شەشساڵیدا بردی.. ڕەنگە ویگن، ژیانی خۆی - ژیانی ناوبانگەکەی- قەرزاری ئەو چەند خولەکە بێت کە (بۆ چەند چرکەیەک) لەناو ڕووبارەکەدا مرد.. ئەو ڕووبارەی ویگنی برد، دەبووە دوو بەشەوە: بەشێکی، ئاشێکی دەگەڕاند.. بەشەکەی تری سەفا و خۆشی زۆرتری دەبەخشییە ژیانی دەوڵەمەندانەی یەکێک لە خاوەن کێڵگەکانی ئەراک.. بەناو باخی چڕوپڕی خاوەن کێڵگەیەکی چڕوپڕدا تێدەپەڕی.

ویگن، ئەگەر برسیەتی نەدەناسی، ئاوا باخی دەناسی، ڕووبارەکەش پیاوەتی کردبوو و ئەوی گەیاندبووە ناسیاوەکانی... گەیاندبوویانە درەختەکان.. لەوێش باخەوانێکی پیر، لەبنی درەختەکاندا ویگنی لە مردن ڕزگار کردبوو و نەیهێڵابوو کەرامەتی زەمزەمەی شەپۆلەکانی ڕووبار، سەبارەت بە گەرووی دواڕۆژی ویگن، حەرام ببێ. ویگن لە مردن ڕزگاری بوو، بەڵام پێم وایە تا شەش ساڵ دواتریش هەموو ڕۆژێک - یەک جار - دەبوورایەوە، ددانەکانی تووشی لەرز و قرچەیەکی سەرسام هێنەر هاتن... وەک بڵێی دەیانویست لە دەمی دەرپەڕن و لە جەستەی جیاببنەوە... بێ چارە ویگن، چ ڕۆژگەلێکی مەرارەتباری لە سەردەمی منداڵیدا تێپەڕ کرد... بێ چارەتریش لە ویگن، دایکم. هەرخوا دەزانێ، تا ویگنی دووبارە کردەوە بە ویگن چەندجار ئارام و بێ دەنگ مرد. نازانم چی ڕووی دا کە بە هەمووی یەک ساڵ زیاتر لەئەراکدا نەماینەوە... ویگن پاشماوەی دەورانی مردنە دووبارەکانی خۆی لە (بروجَرد)دا بردەسەر... لەبروجرد، هەمان ئەو شوێنەی کە باوکمان لە سی و نۆ ساڵیدا، سەرەڕای جەستەی ڕێکوپێک و تەندروستی تەواویش، بە (سینەپاڵو)یەکی ئاسایی، پێوەندی بەژیانەوە بۆ تا هەتایە پچڕاند... لە بروجرددا بوو کەباوکم ـ بەئەمری چارەنووس ـ بێ وادەتر لەوەی چاوەڕێی دەکرا، گەیشتە بێ دەنگی دیکەی خوشک و براکانی... بەهەر حاڵ... لەو ڕۆژەوە باوکمان مرد ... هەر لەو ڕۆژەوە کەخاچێکی گومناو، باوکی نازدارمانی لەپاڵ کڵێسەیەکی گومناوی ڕێگای نێوان بروجرد ـ (مەلایەر)دا، لەژێر خەروارێکی خاک، لەخاچ دا و شاردییەوە، هەتاوی ژیانیشمان، لەبەرەبەیانی لەخەوهەستانی ئارەزووەکانماندا، ئاوابوو... پاش ئەوەش، ئیتر هەرچییەک هەبوو دەرد بوو... دەردی بێ باوکیەتی... دەردی بێ.......! دوای ئەوە، هەرچییەک هەبوو حەسرەت بوو... ئاخ بوو... نیازمەندی بوو و دەربەدەری. درێغ و داخ کە من و ویگن، ئەوکاتەی باوکمان مرد، ئەوەندە بێ خەبەر بووین لە هەردوو جیهان... هێندە بچووک و بێ خەبەر... کە تەنانەت بەدڵ و بەفرمێسکێکیش، نۆتەی گۆرانییەکی (لایلایە)مان بۆ خەوی ئەبەدی باوکی نازدارمان نەهۆنییەوە. بە ئێمەیان نەگوت مردووە... پێیان گوتین: چووەتە سەفەرێکی دوورودرێژ، ئێمەش لەوە منداڵتر بووین تێ بگەین کە (سەفەری دوورودرێژ) چییە؟

مخابن... سەد مخابن، ئیدی شانازی پێگەیشتنی پێ بڕا... مەبەستم سفرەکەمانە کە شانازی ناسینی برسێتی پێگەیشت. کە دەڵێم (شانازی)، وانەزانن بەتوانجەوە دەیڵێم... نا... بەگۆڕی لەبیرکراوی باوکم نا... سفرەیەک کە تەنانەت بۆ ماوەیەکی کەمیش برسیەتی نەناسیبێ، بۆ دیوەخان باشە نەک بۆ ماڵەوە! باری برسیەتیمان کێشا، شار بە شار... ماڵ بە ماڵ... و (شەرەنگ)ی شەرابە شادی ئەفزاکەشمان پێک پێک نۆشی. ئیتر دەستمان نەدەگیشتە ئەڵوەند تا لە ئەو، لە مەزنیەتی ئەو بۆ ڕزگار کردنی ئەو توانا برسییەی هەمانبوو، یارمەتی وەربگرین... ئیتر دەستمان نەدەگەیشتە داوێنی ئەڵوەند تاپێش دیتنی ڕۆژە ڕەشەکانی دواتر، بەخەیاڵی ڕابردووە سپییەکانمانەوە سەر لە داوێنی بەفرپەروەری بسووین و بمرین. نەک هەر ئەڵوەند... دەستمان بەهیچ شت و هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت... هەر نەمانزانی چۆن بوو لەناکاو خۆمان لەڕێگەی (ستارخان)دا دیتەوە... ـ نان ـ ئێمەی گەیاندبووە ئەوێ!... نان ئاوەرەکەشمان، براگەورەکەمان (زەوان)بوو... زەوان، پیاو... مرۆڤ... ئای ئەی پیاوە ڕاستەقینەکانی ڕۆژگار!... ئەی مرۆڤە گومناوەکان!... ناوی ناودارەکانی ڕۆژگار، لەبەر گومناوی بێ بیانووی ئێوە، لەناودارانی زەمەن حەرام بێت.

ئەم پیاوە تەمەن ١٦ کاتژمێرە... ١٦ساڵە ناڵێم... ١٦کاتژمێریشم لەخۆڕا گوت... ١٦ چرکە ڕاستترە... ئەم پیاوە... ئەم (زەوان)ە چەندەی چاکەی لەگەڵ کردووین... کارەکەی لە شوێنێک بوو پێیان دەگوت (بورج)، نازانم لە کام لای (مەراغە)وە بوو... گوندێکی جوان و سەرسەوز و دڵگیر و خەڵکێکی سەرتاپا سادەیی و هەستی مرۆڤانە... توخوا حەیفی گوند و گوندنشینەکان نییە؟... خوا بیبڕێ شار و دیوارە بەرزەکانی کە تەنیا دەتوانن بەری هەتاو بگرن... سڵاو

لە سەفا و سادەیی گوند، سڵاو لە گوند: سروشتیترین پاڵپشتی سروشتی مرۆڤ.

ئێمە ٨ منداڵ بووین... لەسەریەک ٨١ ساڵ تەمەنمان بوو... لەو ٨١ ساڵەش ١٦ ساڵی بە تەنیا بەشی خودی (زەوان) بوو. تۆزێ سادەتر بیڵێم: کوڕێکی ١٦ ساڵان ئەرکی قورسی بەخێوکردنی گرووپێکی ٥٦ ساڵەی لە ئەستۆ گرتبوو.

سەرەتای هاوین گەیشتینە( بورج) ... سێ مانگەی هاوینمان لەژێر سای (زەوان) و دایکماندا بەیاریکردن و بازبازێن و سواری وڵاخ و هەڵفڕاندنی پەپوولە ترساوەکان و پێکەنین و تریقانەوەی سەرمەستانە لەناو چیمەنەکان و لەژێر تیشکی هەتاودا و هەرواش بەشەڕە قسە و لێدان و خواردن تێپەڕاند...

کاتی کۆچ و گواستنەوەکان دەستی پێکرد... سەردەمی کۆچکردن و پووچکردنی ژیان، هەرخوا دەزانێ کە دایکمان و سەرپەرشتیارمان (زەوان) بەچ مەینەتێک گەیاندینیانە (مەراغە)... ئای چەند غەمبارە... چەندە پەشێو و غەمبارە... دایکێک کە هەشت منداڵی هەتیو، لە حوزن و ماتەمی داوێنی دڕاوی شەوە برسییەکاندا، چاویان بڕیبێتە دەستی بەتاڵی ئەو! ئاخ... ئەگەر دەیزانی... مەبەستم (ویگن)ە، گەر دەیزانی ستالین لەگەرمەی پاکسازییە خوێناوییەکانی ساڵی ١٩٣٦ – ١٩٣٨دا (گیتار)ێک بۆ ئەو دابین دەکات کە چریکە لێکدابڕاوەکانی سەردەمی منداڵیتی ئەمی تێدا بزرینگێتەوە...

گیتارەکە، ستالین ناردییە ماڵی ئێمە... گەنجێکی پێکەوتووی (باریس)ناو، لەگەڵ خۆی گیتارەکەی هێنایە ماڵی خاڵی لە (دان) و نامۆ بەگۆرانی ئێمە... (باریس) لەو کەسانەبوو کە وەکو هەزاران ئێرانی دیکەی دانیشتووی ڕووسیا، توانیبووی بەزەجر و زەحمەتێکی تاقەتپڕووکێن گیانی خۆی لەپاکسازییە خوێناوییەکانی ستالین ڕزگار بکات و پەنا بهێنێتەوە بەر زێدی خۆی... لەم لاشەوە یاری ڕۆژگار، باریسی ـ نا باریس خۆی نا ـ دڵی باریسی تووشی ـ تای ـ ترپەکانی دڵی ئاشقی خوشکی گەورەم (هێلین) کرد. هەر لەگەڵ ئەم هەڵاتووەی زیندانەکانی ستالین بوو کە گیتار بەچریکە شەو بێدارانەکانییەوە، پەنجەرە داخراوەکانی گەرووی (ویگن)ی برامی ڕووەو هەتاو کردەوە...

هەر لەمەراغە بووین کەویگن بۆ یەکەم جار هەنگاوی بەرەو (بە ویگن بوون) هاویشت...

من نازانم، ئایا لە قامووسی مرۆڤایەتیدا وشەیەکی دەرداویتر و غەمبارانەتر و داڕووخێنەرتر لە وشەی (هەژاری) دەبینرێت؟!، پێم وا نییە.. ناتوانم وای دابنێم.. ئەمەش تاوانی من نییە.. ئەمە تاوانی مرۆڤایەتییە..

باشە، لە کەلاوەی هەژاریدا، کەلاوەیەک، سفرە و خوانەکەی کفنی نیگا برسییەکانە، چریکەی گیتار چ دەنگدانەوەیەکی دەبێ؟!

تکاتان لێدەکەم...

لە ئێوە کە ئەم سەربردە بێ چارەنووسە دەخوێننەوە.. نا!.. لە فرمێسکەکانی خۆم.. لە فرمێسکە فەرامۆشکراوەکانی خۆم دەپاڕێمەوە، جارێ، نەڕژێن و دا نەبارێن.. لە فرمێسکە فەرامۆشکراوەکانی خۆم دەپاڕێمەوە، لەبەر حورمەتی شیری دایکم، تا دەتوانن و تەنانەت ئەو کاتەش کە ناتوانن، هەر نەڕژێن و دانەبارێن.. من ئەرکێکی زۆر قورسم گرتۆتە ئەستۆ.. ئەرکێکی زۆر زۆر قورس بەناوی (هیچ).. ئەرکێکی زۆر زۆر قورس بەناوی (پووچ)!.

وا نەزانن (بیرکردنەوەی پووچ) ئاسانە.. واش مەزانن کە (هیچ) لە (پووچی) هەراسانە..! مرۆڤ ئەو کاتە گەورە دەبێ کە بە جوانی هەست بە (هیچێتی) بکات.. مرۆڤ، کاتێ لە بەکۆڵ کێشانی باری شەرمسارییەکان شەرمەزار دەبێ، کە هەست بکات بەوەی، تەنانەت (هیچ)، واتە گەورەترین و زەقترینی ڕاستییەکان، پووچە.. مەخابن.. فرمێسکەکانم گوێ نادەنە پاڕانەوەکانم.. من، ئێستە، سەراپا فرمێسکم.. یەک چەپکە فرمێسک، چەپکە فرمێسکێک کە حەز دەکات بە جیاتی چەپکە گوڵێک، بڕژێتە سەر تابووتی مرۆڤایەتی لە یادکراو.

قوڕ بەسەر خاک.. ئەی قوڕ بەسەر خاک کە ڕازی دەبێ بەوەی مرۆڤ بە خاکەساری سادەیەوە شانازی بفرۆشێت.. هەی قوڕ بەسەر خاک، کە بەجیاتی خوێنی ڕەزەمێوەکان، خوێنی خۆی.. خوێنی منداڵەکانی خۆی دەخواتەوە.. خاک، بە جیاتی خوێنی ڕەزەمێوەکان، خوێنی هەتاو.. خوێنی منداڵانی هەتاو دەخواتەوە.. دەرۆزەی مرۆڤی فەخرخواز، لە بەرەهووتی ئارمانگەرایانەی مرۆییدا، فەخر بە خاک دەفرۆشێت.!

لە ماڵی ئێمەدا.. ئەو کەوێڵە بێ پەنایەی، خۆی وایدەزانی ماڵە، هیچ نیشانەیەک لە هەتاو نەبوو.. لەو دەورانە غەماوییە پڕ قیژوقاڕە گشتگیرەدا، ناڵەی غەمباری گیتارێکی شەوبێدار، بە چرا بێ نوورەکەی ئەو کەوێڵەی ئێمەی دەگوت:

" بڕوا بکە.. تۆ، هەتاوی!.." بەڵام چراکەی ماڵی ئێمە (دایکمان)، دەیزانی کە هەتاوی ماڵەکەمان (باوکمان) لە کونجێکی تەریکی نێوان ڕێگای (مەلایر) و (بروجەرد)دا ئاوا بووە.

چرای ماڵی ئێمە (دایکمان) دەیزانی کە ژیانی ئێمەش، وەک ژیانی هەزاران.. سەدان هەزار ساوای هەتیوی دیکە، لە بنبەستی کێڵگەی پرسیارخێزی (بۆ؟)کاندا بە دەستی مەرگ لە خاچ دراوە. ئاخ.. بێ چارە دایکمان...

نازانم ئێستا مەراغە چۆنە.. بەڵام ئەو ڕۆژانە...

(کریستینە) بوو.. ناوی ئەو کچە.. ناوی ئەو یەکەمین ئەوینە، (کریستینە) بوو.. ئاخ.. کریستینە، گەر بزانی لەو ڕۆژە سەراسەر ئەشقانەدا، ئەو ئەشقە ئاسمانییە.. لەو شەوە سەراسەر فرمێسکانەدا، ئەو فرمێسکە پەنهانییە.. من، بە ئاوازی (ویگن).. بە سازی (ویگن).. هونەرمەندێک کە ئەو کاتە هەر بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە تەنانەت بۆ جنێودانیش، کەس ناوی بهێنێ.. بە ئاوازی ئەم منداڵە مەزنە کە ناوی (ویگن)ە، من، چەندە بۆ تۆ و بەیادی تۆ، دەگریام.. ئاخ.. گەر بزانی.. گەر دەتزانی.. هیچ کەس نەیدەزانی، جگە لەم نیوەیە کە بە (کارۆ) ناسراوە و ئەو نیوەکەی تر کە (ویگن) بوو. نازانم، بۆچی من و ویگن هەر لە دەورانی مێرمنداڵیماندا، ئاوا شێت ئاسا یەکدیمان خۆش دەویست و ڕێزمان لێکدی دەگرت؟! ویگن، دڵی بۆ من.. بۆ دڵی ئاشقی من دەسووتا.. دڵێک، کە بۆی نەبوو لە گێرەوکێشەی ئەو هەژاری و نەدارییە پڕبەرەکەتەدا، لە سنگی منەوە بەرەو سنگی کریستینە بفڕێت.

تەورێز.. ئەی (شاگوڵی) تەورێز.. لە بیرتە چەندە ئاوی حەوزە جوانەکەتم هاوکات لەگەڵ ئەو (نۆت)انەی لە گیتارەکەی ویگنەوە باڵیان دەگرتەوە، بە فرمێسکەکانی خۆم نەوازش دەکرد.

تۆ (شاگوڵی) تەورێز... لەبیرتە چەندە ئاوی حەوزە جوانەکەت هاوکات لەگەڵ ئەو (نۆتە)انەی لەگیتارەکەی ویگنەوە باڵیان دەگرتەوە، بەفرمێسکەکانی خۆم نەوازش دەکرد؟... تۆ (شاگوڵی) خۆشەویست، ڕەنگە کێشە و گرفتەکانی ڕۆژگار، ئەو ڕۆژگارەی کە من شایەت بووم چی بەتۆ و بەتەورێز کرد، لەبیری بردبیتەوە: هەم ویگن و هەم ئەو فرمێسکانەش کە من بەتۆم دەبەخشین، بەو هیوایەی گەر ڕۆژێک کریستنەی من ـ کریستنەی نازداری من – هاتە دیدەنت، تۆش بیانبەخشی بەچاوەکانی کە هیچ کات فرمێسکیان بۆ من لی نەڕژا!

من، تۆ... تەورێزی ئازیزی تۆش، هیچ کات لەیاد ناکەم کە لانکەی ئاوارەی زۆربەی جوامێرانی مێژوو بووە... کە زۆربەی ساڵەکان... زۆربەی سەردەمە غەماوییەکان، خەوی ئاواتی بە – هیچ – کردنی وڵاتی لە چاوی دەرپۆقیوی ناحەزاندا زڕاندووە... هیچ کات لەبیری ناکەم...

گوێ بگرە: ئەی خوێنەری نەناسراو کە ڕوحم منەتباری ئەو بەزەییەیە، تۆ دووراندوور و بەخوێندنەوەی ئەم سەربردە بێ چارەنووسەم دەیرێژیتە ژێر پێی دڵمەوە... گوێ بدە... گوێ بدە... من هێشتاش ئەوەندە زەبوون نەبوومە کە درۆ بکەم... گەر خوانەخواستە ڕۆژێک، کەسێک... نەفەسێک، هەوەسێک... ناچارم بکات درۆ بکەم، من بەوپەڕی شانازی و بێ دوودڵی لەدوا ڕۆژە بێ باوکەکانی هەر سێ منداڵەکەم، سنگ ئەستوور و سەربڵند دەڕۆم... دەزانی بۆ کوێ؟! بۆ ژێر بەرد!... من ساڵەهای ساڵ لەسەر بەرد نووستبووم... ئیتر ئەو ڕۆژە و بۆ پێزانینی میهرەبانی بەردەکان، لێیان دەخوازم تا ئەبەد لەسەرم بنوون!!!

ڕاستییەکەی، ئێمە – من و ویگن – بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە تەورێز، بەهەردووکمانەوە تەنیا پانتۆڵێک و یەک جووت پێڵاومان هەبوو... سەیرە... بەو هەموو قسە زلانەمەوە، لێرەدا تووشی درۆ بووم... ڕێگام بدەن درۆکەم وەربگرمەوە و چاکی بکەم: من و ویگن بەهەردووکمانەوە کاریکاتێرە پانتۆڵێکمان هەبوو لەگەڵ جووتێ پێڵاوی زویر کە زۆربەی کاتەکان قاچمان لەدەرەوە دەژیان... ئاخ... ئەم پەنجە ئاوارانەی قاچەکانی ئێمەش بەهۆی ئەو پێڵاوانەوە کە هیچ کات تووڕە نەدەبوون چەندە گاڵتەیان پێ کرا و چەندە توانجیان لی گیرا...

ئێستا، کەخەریکی نووسینی ئەم سەربووردە بێ چارەنووسەشم... هەر ئێستاش... دڵم وا داگیراوە کەدەڵێی هەموو هەورەکان... هەموویان... هەرچی هەورە، هەر لە ڕۆژی لە دایک بوونی زەمینی گۆڕەکان و ڕۆژی لە دایک بوونی ئاسمانی هەورەکان لە هەر حەوت ئاسمانی خوادا هەبوون، تێک گوشراون و گوشراوەکەیان بەناوی خوازراوی (دڵ) لە سنگی خاوەن مردووی مندا داتەپیوە... ئەم دڵەی من... ئێستا گۆڕی بێ ناوونیشانی ئەو یادەوەریانەیە کەبەگوتەی (هاکوپ هاکوپیان)ی شاعیری سەرازای ئەرمەنی: «ون نەبوون... گەرچی مردوون»!

شەوان، لە ژوورەکەی ئێمەدا... ئەو تاقە ژوورەی هەمانبوو، مەحشەرێک بوو، هەر مەپرسە. شەوانە ژوورەکەی ئێمە... ئەو تاقە ژوورە ڕووت و قووتەی هەمانبوو، هەر لە کەلووە هەنگ دەچوو، کەلووە هەنگێک... هەنگی زۆری هەبوو، بەڵام هەنگوین... نا...!!

هەر یەکەمان بەپێی تەمەنمان پۆلێک لەسەرووی ئەوانی ترەوە بووین... ئینجا ئەو شەوانە بهێننە پێش چاوی خۆتان: هەشت منداڵی بزێو بهێننە بەرچاو کە شەوانە لە ژوورێکدا... نا... لەبەرەهووتێکی لە قاپ گیراودا، دووان ڕاکشاون، یەکێک پەڕیوەتە سەر ڕەفەیەک... یەکێک وەکو ناپلیۆن دێت و دەچێت... یەکێ بەبۆڵەبۆڵ... هەموویان خەریکی لەبەرکردنی وانەکانیانن... تاڵترین بیرەوەرییەک کە لەو شەوە مەحشەرئاسایانە لە مێشکمدا ماوە، شەوێک بوو کەدایکم بەگژمدا چوو: سەرەتای فێربوونی زمانی فەڕەنسیم بوو... خۆ دەشزانن یەکەم کتێبی سەرەتایی هەموو زمانەکان پڕە لە چەند وشەیەکی وەکو (ئاو... نان... دار... ئاژەڵ و...) لەوانەیە زۆربەی زۆری ئێوە کە ئێستا ئەم سەربووردە بێ چارەنووسە دەخوێننەوە، شارەزاییەکتان لەمەڕ زمانی فەرەنسی هەبێت... بەڵام لەبەر ئەو ڕێژە کەمەی کە ئەم شارەزاییەیان نییە، ناچارم تۆزێکی لەسەر بڕۆم: لە زمانی فەرەنسیدا بەمانگا دەڵێن (لاواش)، شەوێکیان من بۆ ئەزبەر کردنی وشەکە هەر دووپاتم دەکردەوە: (لاواش... لاواش... لاواش...)، دایکم لێم نزیک کەوتەوە... دەزانن چی پێ گوتم؟! ئاخ... خۆزگە نەهاتبایەوە بیرم... هەموو ڕوحم بووبە دڵۆپە فرمێسکێک... بڕوا بکەن ڕوحم هەمووی بوو بە فرمێسکێک!... دایکم بەدڵتەنگییەوە وتی: «کارۆ گیان، ئەم لاواش-ە خاوەن تۆپیوە کەم لای ئەم منداڵە برسییانە دووبارە بکەوە»!!!
(لەواش جۆرە نانێکی بەتامی ئێرانییە/ج.ع)

نازانم لەبەر شەرمەزاری لە ئەنجامی ئەو گلەییەی دایکم بوو یاچی تر، کە بارودۆخی ئێمە ئاوا گۆڕا... (نان) بەپێی خۆی بەرەو ڕوومان هات و لە دەرگای ئەو بەرەهووتە لە قاپ گیراوە، یان باشترە بڵێم ئەو تابووتە نۆکەسییەی کە ئێمەی تێدا دەژیاین!".

* * *

{ئەمە گێڕانەوەی خودی ـ کارۆ ـ بوو لە کتێبی «ویگنی برام»دا... دواتر برا گەورەکەیان (زەوان) کارێک دەدۆزێتەوە و ئەوانیش لە شەرمەزاری بێ نانی ڕزگار دەکات.}

کارۆ لەو کتێبەدا سەرەڕای ئەوەی کە ژیاننامەی ویگنی برای دەنووسێتەوە تا ئەو کاتەی کە ناو و ناوبانگ دەردەکات، بارودۆخی سەرجەم بنەماڵەکەشی وێنا دەکات و بە وشە ئاگراوییەکانی وا هەستی مرۆڤ دەورووژێنێ کە فرمێسک لەچاویدا ئەڵقە ببەستێ، هەروەها بارودۆخی جەنگی دووەمی جیهانیش وێنا دەکات کە بەهۆی چەند دەسەڵاتخوازێکەوە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدا سووتێنرا.

کارۆ تا ئەوکاتەی ڕەنج و دەرد و نەخۆشی بڕستی لێدەبڕێت، درێژە بەنووسینی ئەم کتێبە دەدات، بەڵام دواتر.....؟ لە ڕۆژگارێکدا کە لە بیستن و ڕاگەیاندنی هەرچەشنە هەواڵێکی ناخۆش هەڵدێ، لە ناکاو زمانێکی ڕەش دێتە گۆ و پێت دەڵێ «کارۆش ڕۆیی»! لە ناخەوە دەهەژێیت و بە هەستێکی کڵۆڵ و غەماوییەوە، ئەم هەواڵە ڕەشەش دەنووسیتەوە و نەفرەتیش لە پەنجەکانت دەکەیت.. دەتەوێ شتێک بڵێیت.. بە خۆت دەڵێی: (چی دەڵێی بیڵێ و چی دەکەی بیکە.. بەڵام هیچ کات مەڵێ و مەپرسە: (بۆچی مەرگی کارۆ، ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو کە دەبا هەیبێ؟!)

ڕۆژی چوار شەممە، ١٨ی تەمموزی ٢٠٠٧، لە ئاسایشگەیەک بەناوی (گوندی مەریەم) لە کالیفۆرنیای ئەمریکادا، کارۆ، ئێمە و ئەم ژیان و ژیارە نایارەی بەجێ هێشت.. حەوت ڕۆژ لاشەکەیان لە مەیتخانەی خەستەخانەدا هێشتەوە تا ڕۆژی چوار شەممە ٢٥ی تەمموز لە گۆڕستانی (گلاندڵ)دا بە خاکیان سپارد. هەڵە ناکەین گەر بڵێین: کارۆ لە ١٩٢٧ تا ٢٠٠٧ بەردەوام لە گیانەڵڵا و مردندا ژیا، تا سەرەنجام پاش هەشتا ساڵ تەمەنی مەرگاوی، گەیشتە ئەو (ئارامش)ەی کە ڕوحی، ساڵیانێک بە دوایدا دەگەڕا:..

**" گەرم و زیندوو لە ناو لمی هاویندا، ماڵئاوایی لە ژیان دەکەم**
**زەمەن لە مندا دەمرێت و منیش، لە زەمەندا دەنووم."**

* * *

گوڵبژێرێکی غەمبار لە (غەمئاواز)ەکانی کارۆ:

**فرمێسک**

**پرسیم: ئەی فرمێسک، سەرچاوەت کوێیە**
**ناڵاندی: سەر لەکوێ، چاوگە لە کوێیە**
**بزەی لێو نەدیوی دڵم لە لای عەشق**
**تا باسی پێکەنینم کرد، گوتی: بێ جێیە.**

سۆز و ساز

بەحرێکی سرشک بووم و تەمەنێک سووتان
پیرو پەژموردە دەبووم دەم بەدەم
کە بوومە هاوسەنگەری برسییەکان
سووتانم هەموو بوو بە ساز
شەوگارم بوو بە ڕۆژ.

گوڵی سوور و گوڵی زەرد

من گوڵێکی سوورم دایێ، ئەو گوڵێکی زەردی دامێ
بۆ چرکەیەکی ناتەواو دڵم وەستا
بە سەرسووڕمانەوە پرسیم:
ئا ئەوەندەش لێم بێزاری؟
گوتی: نا..نا، بەڵام چونکە خۆشم دەوێی،
ناخوازم پاش تێربوونت لێم
بۆ هێنانی گوڵێکی زەرد، پەنجەکانت ماندوو بکەیت.

ناز

پرسیم: ئەی مامزە جوانەکە
بۆ ناز دەکەی
بۆ هەر دەمەو بیانوویەکی دی ساز دەکەی
گوتی: ئەگەر هیچ کەس لە دەرگەتی نەدا
دەرگا بەڕووی بێ دەنگیدا والا دەکەی.

فرمێسکی داماوی.. بکوژی ئەشق

هات و بە توانجێکەوە
پێی گوتم: مرد
گوتم کێها؟
گوتی ئەوەی کە دڵی تۆی سپاردە من
سنگی دەرخست
بینیم فرمێسکی داماوی
تابووتی ئەشقم دەخاتە سەر شانی نوور.

سکاڵایەکی ناتەواو

ئای ئاسمان.. باوەڕ مەکە من ئەو پەیکەرە غەمبارەم
من نیم.. من نیم
تەمەنی من چوو لە دەستم
ڕۆی تەمەنی مەست و پەستم
تەمەنێک، بۆ بەختی نەبووی
گریام و ڕژا فرمێسکم
کەچی عومری پێ لە گڵم
هەرگیز نەیپرسی لە دڵم:

من چیم.. من کێم.

زمانی بێ دەنگی

کاتژمێرێکی تەواو
بێ ئەوەی شتێک بڵێم.. هەر سەیرم کرد
هاواری کرد:
کوڕە تاسام.. بۆ قسە ناکەی؟
گوتم: نەتبیست؟...! هەستە بڕۆ.

شووشە و بەرد

ئەو سیمبۆلی ئەشق و من سیمبۆلی دەرد
کە لە ئامێزم گرت و گوشیم
لەرزی، دڵی شکا و ناڵاندی:
ئاخ...
شووشە چ دەکا لە ئامێزی بەرد.

بەرهەمی شەوی جووتبوون

من، زادەی چێژی شەوێکی چڵکنینم
لە مەزهەبی ئەشقدا کافری بێ دینم
بەرهەمی شەوی جووتبوون چێژێکی نەگریسە
خوێنێک کە مەییوە لە دڵی خوێنینم.

ناوی شەو

من فرمێسکی ئەو بێ دەنگییەم کە لە هاواردا خنکاوە
(داد)ێکی وردوخاشی ناو (بێداد)م
ئەمانە بە لایەک، ئەی خواوەندی ئەشق:
کێ ناوی شەوی ئەشقی سڕییەوە لە یادم؟.

باران

ببارە ئەی نمەی باران زەوی تینوو بخووسێنە
سروودی زیندەگی بچڕە، دڵم تەنگە.. دڵم تەنگە
بنوو ئەی کیژی ناسکۆڵەم لەسەر ئەم سنگە بێ نازەم
کە هەروەک سینەیی سازم هەمووی بەردە
سەرم بەفری لێنیشتووە، تێکشکاوە جەمینیشم
خوایا بۆ کێی ببێژم کە سەرپاکی ئەم جیهانە
هەمووی نەنگە... هەمووی نەنگە.

بۆ مردن

تا ڕوحی مرۆڤ لە داوی زێڕ زیندانییە
ئاواتی مەرگ، پیشەیەکی ئینسانییە
گیان ئاواتی مردنیەتی، بەڵام سەد ئاخ
لە هیچ شوێنێک جێگایەک بۆ مردن نییە.

گفتوگۆ

پەرسام: پیری جیهاندیدە
پەشتیت پەی چێشی کوورەنە..
لەم ئاوردا، یا میراتێن جە تاتەیتۆ؟
ناڵناش: نا.. رۆڵە مەپەرسە
سەرگوزرووەشتەو من ئەفسانەن
ئاسمان مەر بزانۆ و دەستێم
پەشتیم چەنی کوورە بیە و مازیم مەڕیا
هەرچیم دی چی دنیا پێچێ
گرد قسمەتی چەوتو وێم بێ
فەڵەک بێ فەقر و هەژاریش، برِی باڵام
لاشەم ڕچیاو دڵی قەبرێ
دڵم سۆچیاو لەرزو شەوێ
شەو تا سەحەر ڕووت و مەلوول
هەر ئاسمان بێ و هەر من بێنێ و دەسێوی درێژ
پەی نیازی
جە پێچوو عومرێ فۆتیاینە
هەقێقەتم چەنە تۆریا
تا کۆمیانێ پەی ئێستەیۆ ڕا چارێوە
کەمەر شل بی و مازیم مەڕیا.

سنووری گەنجێتی

لە لای باکوور،
دەگاتە ئایندەیەک، بوونی نییە
وێرای پەژارەیی پیری و سێبەری تاسێنەری مەرگ
لە لای باشوور،
ڕابردوویەکی پووچی پڕ یادەوەری تاڵ..و
کەمتر شیرین
لای ڕۆژهەڵات،
هەڵاتنی هەتاوی عەشق.. پێکهاتنێک لەگەڵ مەرگ..و
دەسپێکی شەڕ لەگەڵ ژیان
لای ڕۆژئاواش،
چەندین فرسەخ لە ژیان دوور.. لە ئامێزی ساردی گۆڕا..و
ئاوا بوونی ئەشقی دێرین.
ئا ئەمە چ سنوورێکە، ئایا بیستووتە و دەیزانی؟
سنووری جیهانێکی لەرزۆک
کە ناسراوە بە: جەوانی.

ئارامگەی ئەشق

شەوێکی تاری وەکو مردن ڕەش
شکا دڵی هیوای دەربەدەری من
ڕووت و سەرگەردان و بێ ڕێ و جێ
ئەو دڵەم هەڵات و لە سنگم کەوت
زار و زگار و بە کوێر و کەڕی
کەوتە سەر نووکی کێلی مەزارێک،
کێلێکی خامۆش و تەنیا لە دووردەست
کە کەوتبوو لەسەر گۆڕێکی غەریب
گۆڕێکی کزومات و تاک و تەریک
لە سێبەری خامۆشی ڕەزێکی پیردا
شێواو و پەرێشان و بێ قەرار
چەپۆکێکم بەسەردا دا و گریام لە دەستی ڕۆژگار
دە پێم بڵێ، سەیوانی پیر
نووستووی ئەم گۆڕە بێ نازە، دەبێ کێ بێ؟
کە لە حەسرەتی مەرگیدا، دڵی تەنیام
لەم شەوە تەنیاو تارەدا خۆی کوشتەوە؟
لە دیدەی دار مێوەکەوە، دڵۆپێ فرمێسک ڕژایە خوار
وەکو قومێ شەرابی غەم لە چاوێکی مەست و خومار
هاواری کرد:
ئای بێ چارە.. هەرچی هەیە، بە کێلەکەوە نووسراوە
بەسەر کێلی گۆڕەکەوە
گۆڕە تەنیا و دوورەکەوە
بە مەرەکەبی فرمێسکێ
دەستێکی لەرزۆک نووسیبووی:
مەزاری ئەشق.

تێبینی:

١- ئەم بابەتە، بەشێکە لە کتێبێک بە هەمان ناونیشان کە هەڵبژاردەی چەند کتێبێکی (کارۆ) لەخۆ دەگرێت.

٢- خودی ناونیشانەکەم لە دوو کتێبی (کارۆ) وەرگرتووە کە بریتێن لە: شکست سکوت) و (سایە ظلمت).

سەرچاوە:

1- WWW.KETABNAK.COM.
2- WWW.TAKBOOK.COM.
3- www.farsiebook.com.
٤- کارو/ ویکیپیدیا.
٥- برادرم ویگن/ کارو/ تهران/ انتشارات مرجان.
٦- شکست سکوت/ کارو/ ناشرالکترونیکی: محمود یونسی.

# سیمۆن دوبۆڤوار لەئاوێنەی ڕۆمانەکانیدا

**مێری ئیوانز**
**لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی**
**(مهاباد)**

**(٢ - ٢)**

لۆرەنس پاڵەوانی کتێبی وێنە جوانەکان سەرقاڵی ئیشی پڕوپاگەندەیە و مێردەکەی ژان شارڵ ئەرشیتێکتە و بە پێچەوانەی کەسایەتییەکانی پیاوی ڕۆمانەکانی پێشووی دوبۆڤوار مەبەستێکی نییە بێجگە لەوەی بە ئامانجەوە لە خزمەت سەرمایەدارێکدا بێ کە ژیانێکی ئاسوودەی پێ بەخشیوە و لێی دڵنیایە. سەرەتا مەبەستی بەدەست هێنانی پارە و خاوەندارێتی هەموو ئەو شتانەیە کە لەو سەرمایەدارە چاوەڕوان دەکرێ، هەروەها پێکهێنانی هاوسەنگییەکە لە نێوان ژیانی بنەماڵە و چوارچێوە سوننەتییەکان. چاوەڕوانی ئەوە ناکات لۆرەنس لەگەڵ ئامانجەکانی هاوبەش بێ، تەنیا شتێکی کە دەیەوێ ئەوەیە ژنێکی سەرنجڕاکێش بێ و زیانی ماددی نەبێ. ئەم ڕۆمانەش هەر وەک ڕۆمانەکانی تری دوبۆڤوار ناوێکی بەرچاوی هەیە. کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بە تەواوی تەسلیمی ئەو وێنانە دەبن کە بۆ خۆیان دروستیان کردوون، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر مەیل بە پاراستنی ئەو بایەخە کۆمەڵایەتییانەی دیاری دەکەن کە مرۆڤی لە چەشنی ئەوان دەبێ چ جۆرە هەڵسوکەوتێکیان هەبێ. بەم جۆرە لۆرەنس کاتێ ژان شارڵ دیارییەکەی پێ دەدا حاڵەتی سوپاس کردنێکی ژنانە لە خۆی نیشان دەدات:

نەختێ سەری دانەواند، بۆ ئەوەی ژان ملوانکەکەی بکاتە ملی، وێنەی ئارمانجی ژن و پیاوێک بوو کە پاش دەساڵ ژیانی هاوبەشی هێشتا لێوڕێژن لە حەزێکی بە سۆز. پیاو، ئاشتی و ئاسایشی ژیانی ژن و مێردایەتی، خۆشییەکانی ناو ماڵ، لێک گەیشتن، ئەشق و هەست بە لەخۆبایی سەبارەت بە خۆی دەکرێ.

خۆشەویستەکەم، هەق بە تۆ بوو کە هەمیشە داکۆکیت دەکرد، لە خۆشیاندا شێت بووم.

ئەوانی دیکەش وەک لۆرەنس بە باشی دەیانزانی لە هەلومەرج و حاڵەتی تایبەتدا چ چەشنە کردەوەیەک دروستە. مرۆڤەکان بە پێی بەرژەوەندی، ڕۆڵی هاوسەرێکی نیگەران، ئاشقێکی دڵ بەسوێ، دایکێکی ترساو و...تاد دەبینن.

هەلومەرجێکی ئەوتۆ هەزاران هەزار ساڵ لە کەسایەتییە ئاشقەکانی ناو ڕۆمانی میوان و بارودۆخی سیاسی ماندارنەکان دوورە. هیومانیمی لیبراڵ کەوتۆتە بەر کارتێکردنی زۆر بوونی سامان و ئاکاری بەکارهێنان. بەڕای تاقمێک لە ڕەخنەگران، لە وێنە جوانەکاندا، هێرش بردنە سەر کۆمەڵگای بەکارهێنەر و ڕەوابوونی سەرکوتکەری سەرمایەداری پیشەیی پێشکەوتوو بە شێوەی پێویست بەرچاو نەبوو، بەڵام هەرچۆنێ بێ ڕۆمانەکە وێنەیەکی پەسندکراوە لە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، بەرەو فەنابوون و بەتایبەت بەتاڵ لە



**سیمۆن دوبۆڤوار**

بەهاکان. کۆمەڵگایەک کە دژە ئەخلاق نییە (لە ڕاستیدا زۆربەی کەسایەتییەکان لە کردەوەی نائەخلاقی بێزارن) ئەگەر سەرنجدان بە کێشە گشتییەکان بە سەرەکیترین فاکتەری بەئەخلاق بوون دابنێین، ئەو کۆمەڵگایەی کە وێنا دەکرێ بە تەواوی لە بەهاکان بەتاڵە. لە وێنە جوانەکاندا بێجگە لە لۆرەنس (مێردەکەی پێی وابوو بۆچوونەکانی لۆرەنس تاڕادەیەک هەستیارانەیە) کەسێکی تر نابینی کە جیا لە پرسی شەخسی بەڵێن، یان زانیارییەکی تری هەبێ، بەڵام ئەگەر پرسە شەخسییەکان بکەونە بەر مەترسییەوە ئەم کەسایەتییانە (وەک دۆمینیک، دایکی لۆرەنس) دەتوانن بە بڕیارێکی پتەو، سەرکەشانە بەربەرەکانی بکەن. دۆمینیکیش یەکێک لەو پاڵەوانانەی دوبۆڤوارە کە کاتێ مێردەکەیان بەجێیان بێڵێ دەشێوێن، بە توند و تیژی هەڵسوکەوت دەکەن و لانی کەم بۆ ماوەیەک شێت دەبن، بەڵام هەڵوێستی دۆمینیک توندوتیژ و لاترە و تاڕادەیەکیش لە ئاستێکی نزمدایە، چونکە وردە وردە بەرەو باش بوون دەچێ و بێ هیچ کەموکورییەک درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

لە وێنە جوانەکاندا دنیای عاتیفەکان - هەر بەو چەشنەی کە نموونەی دۆمینیک ڕوونی دەکاتەوە - بەسۆزتر و سەرەڕای ئەمەش بگۆڕترە. نیازێکی یەکجار زۆر بە پێوەندییە شەخسییەکان لە ئارادایە دۆمینیک لە شوێنێکدا دەڵێ: «ژن بە بێ پیاو ناتەواوە». بێجگە لە ئەمە لە زۆربەی ئەم پێوەندییانەی کە لەم نیازانەوە سەرچاوە دەگرن گرفتەکە زیاتر دۆزینەوەی بارودۆخێکە بۆ ئەوەی تێیدا لەگەڵ کەسێکی دیکە پێوەندی ساز بکرێ. ژێدەری بەهادانێکی ئەوتۆ تاڕادەیەک دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە دەشێت زەماوەندکردن و پێکهێنانی پێوەندییەکان لە ڕیزی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێ. بەم پێیە بەشێک لە تایبەتمەندییە شەخسییەکانی مرۆڤ، یان بەها و ڕوانگە هاوبەشەکانی - ژن و مێرد - دەکەونە ژێر کاریگەریی داگیرکردنی هاوبەشی جنسی. گەش نەبوونی پێوەندییە شەخسییەکان لە سەرمایەداریی پێشکەوتوودا، سەرنجی نووسەرانی دیکەشی ڕاکێشاوە، بۆ نموونە دەتوانین بە هێربرت مارکۆزی، کریستۆفەر لاش، دەیڤید ریسمەن ئاماژە بکەین. لەناوچوونی هەستی ڕاکێشانی تاک سەبارەت بە مرۆڤەکانی دیکە، خواستە دوو لایەنەکانی پیاو، ژن و منداڵانی بنەماڵە، هەروەها پەلهاویشتنی لە ڕادەبەدەری بەها ماددی و ئابوورییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکدا، بۆتە هۆی پێکهێنانی بارودۆخێک کە تێیدا پێوەندییەکانی تاک، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بێ سەمەرتر دەبن، بەڵام هەر بەو چەشنەی دوبۆڤوار دەستنیشانی دەکات، ئەم بارودۆخە بۆ ژن و پیاو یەکسان نییە. دوبۆڤوار لە ڕۆمانەکانیدا باسی گرفتی ژنانێک دەکات کە مێردەکانیان بەجێیان هێشتوون. لە کتێبی وێنە جوانەکان و دۆڕاودا کولتوورێک وێنا دەکات کە لەوێدا مرۆڤەکان دەبنە ئۆبژەکان و لە نێو ئەم ئۆبژانەشدا ژنان لە چاو ئەوانی تر کەمتر دەتوانن چارەنووسی خۆیان بگۆڕن. بەم جۆرە کۆمەڵگای بەکارهێنەر بەستێنێکی گشتییە، بەڵام بە شێوەی جیاواز لە سەر دوو ڕەگەز کاریگەری نیشان دەدا.

دوبۆڤوار لە کۆچیرۆکی ژنی تێکشکاو و تەمەنی شاردنەوەی نهێنی و بەتایبەتی لە کورتە چیرۆکی دۆڕاودا لە ژنێک دەدوێ کە ژیانی بەختی مێردێک کردووە کە بەجێی دێڵێ. مونیک پاڵەوانی سەرەکی چیرۆک، تەمەنی ٤٠ ساڵە و مۆریسی مێردی پێی دەڵێ کە لەگەڵ ژنێکی گەنجی تر پێوەندی هەیە. سەرەتا مونیک هەوڵ دەدات خۆڕاگر بێت و دەوری ژنێکی ئاشق و لێواولێو لە تێگەیشتن بگێڕێ و هیوادار بێ کە مۆریس بۆ لای بگەڕێتەوە، بەڵام لە درێژەی چیرۆکەکەدا دەبینین کە وا نابێت. نۆئێل هەموو ویست و ئارەزووەکانی ئێستای مۆریس کە خوازیاری ژنێکی ڕێکوپێک و ئەمڕۆژینە بەجێ دێنێ. وەک چۆن مونیک وەک هاوسەرێکی ئاشق

و پاڵپشتی مۆریس سەردەمانێک نیازەکانی بە جێ دێنا. ئەوەی کە هەموو پیاوێک لە سەرەتای ژیانی کار و دەسەڵاتخوازیدا پێویستییەتی.

مۆریس لە دۆڕاودا کەسایەتییەکی خۆشەویست نییە، بەڵکو وەکو ژان - شارڵ لە وێنە جوانەکاندا دیلی دەسەڵاتخوازیی پیشەکەیەتی و هەوڵ دەدات وێنەی کۆمەڵایەتی خۆی بچەسپێنێت. سەرەڕای ئەوانە بە پێی بۆچوونەکانی دوبۆڤوار پیاوان ئەگەر بێ مۆرالیش بن، بەڵام خراپ، یان دژ بە ژن نین و ژنان ئەگەرچی قوربانی کردەوەی پیاون، بەڵام هەر بۆ خۆیان بارودۆخی قوربانی بوون پێک دێنن. مـــــونیکیش - وەک پۆل لە ماندارنەکان-دا خۆی دەداتە دەست ئەم خەیاڵە کە ژیان تەنیا لە سایەی خۆشەویستی پیاوێکدا مانای هەیە. کات، توانایی و جاری وایە بەهاکانیشی بەخت دەکات و وا بیر دەکاتەوە بەم کارە خۆشەویستی هاوسەرەکەی مافی ئەوە. لێکدانەوەی دوبۆڤوار لە سەر ئەم بنەمایە نییە کە ژنان هەقیان بە دەستە و پیاوان خاوەن هەڵوێستێکی نابەجێن، بەڵکو زیاتر پرۆژەیەکی ئاڵۆز دێنێتە ئاراوە کە تێیدا ژن و پیاو بە شێوەیەکی دوولایەنە یەکتر لە ناو دەبەن. ژنان هەموو شتێک لە پێناو خۆشەویستنی پیاوێک بەخت دەکەن. پیاوان ئەم ئەرک و خۆبەخت کردنە خۆهەڵبژێرەی ژنان قبووڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی کولتوورێکی نامۆیە کە ئەم چەشنە پێوەندییەی نێوان ژن و پیاو بە نموونەیەکی گونجاو دادەنێ، بەڵام ئەم دوو ڕەگەزە لە پێناو ئەمە دەبێ نرخێکی قورس بدەن. بەم جۆرە ژن هیچ کات توانای بیرکردنەوە و کردەوەی سەربەخۆی نابێ، چونکە دەبێ هەموو بوارەکانی بەپێی ویستی خۆشەویستەکەی ڕێک بخات و پیاوانیش دەکەونە ژێر کاریگەری هەست بە تاوان کردن و پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتییەوە سەبارەت بە پاراستنی پێوەندی گەلێکی نەزۆک.

لەوانەیە زۆربەی فێمینستەکانی هاوچەرخ بڕوایان وابێ لە بارودۆخەدا کە پیاو سەربەخۆیە و ژن سەربەخۆ نییە، پیاو بەردەوام ڕەگەزی هەڵبژاردە و ژن بەردەوام دۆڕاوە، بەڵام دوبۆڤوار بە دوای پاراستنی دابەشکردنی ئەم دوو بایەخە ڕەهایە نییە، بەڵکو لە هەموو ڕۆمانەکانیدا ئاماژە بەمە دەکات کە هەر دوو ڕەگەز بە هۆی زێدەڕۆیی ئەو ئەشقەی لە ژنە ئاشقەکاندا چاوەڕوان دەکرێ ئازار دەبینن. لە ڕاستیدا دوبۆڤوار بەها ئیگزیستنسیالیستییەکانی خۆی دەپارێزێ و لە گشت

بەرهەمەکانیدا بڕوای بە ئازادی تاک و توانای هەڵبژاردنێکی ئازادانە هەیە، بەڵام لە ماوەی نێوان نووسینی کتێبی میوان و دۆڕاودا گۆڕانکاری بە سەر دوبۆڤواری نووسەر دادێ، ئەمەش بوو بە هۆی گۆڕانی وێناکردنی ڕادەی توانایی پیاو و ژن و بە تایبەت ژن بۆ دیاری کردنی چارەنووسی. لە دیدی کردەوە زەمینییەکانی مرۆڤەوە، لە نێوان کردەوە و تێگەییشتوویی فرانسواز (میوان) و ئازارچێشتنی مونیک لە دەروەست بوون (دۆڕاو) دا جیاوازی هەیە. لەوانەیە دوبۆڤواریش پێی وابووبێ کە ئازادی ڕێژەیی پیاو و ژنیش هەر بەو ڕادەیە لێک دوور بوون.

لێرەدا دەبێ جەخت بخرێتە سەر ئەوەی کە ڕوانگەی دوبۆڤوار لەگەڵ فێمینیستە ڕادیکاڵەکان کە پێیان وایە پیاو ئازاد و ژن دیلە، یەک نییە. دوبۆڤوار لە گشت ڕۆمانەکانیدا نیشانی دەدا پیاو و ژن هەردووکیان لە ژێر کاریگەرییە زۆرەملییەکانی کۆمەڵایەتیدان. مۆریس لە دۆڕاودا دەتوانێ هاوسەرەکەی بە جێ بێڵێ، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوپەڕی ئازادی نییە، چونکە وەک پیاوێکی دەسەڵاتخواز دەبێ ئاستی خۆی نەدۆڕێنێ. دەبێ لە بەرانبەر ژنی نوێدا دەوری ئاشقێکی بێ وێنە بگێڕێ و لە بەرانبەر بەشێکی دیکەی ژیانیدا دەوری ئەو پیاوە بگێڕێ کە ئاشقی ژنێکی دیکەیە. ئازادییەکانی مۆریس بە هۆی ژنی نوێوە بەرتەسکتر بۆتەوە، چونکە دەبێ خواستی ژنەکەی کە دەیەوێ مێردەکەی لە ئیشدا سەرکەوتوو بێ، لە جنسدا بەتوانا بێ و ئاستێکی باشی کۆمەڵایەتی هەبێ، بە جێ بێنێ. لەوانەیە بۆ تاقمێک لە خوێنەرانی ئەو بەرهەمە بەهادانێکی ئەوتۆ لە بەراورد لەگەڵ خۆڕاگری مونیک لە بەرانبەر ڕەنج و ئازاردا گرینگ نەبێ، بەڵام دوبۆڤوار نیشانی دەدات کە هەردوو ڕەگەز ناچارن نرخی پێوەندی نێوانیان - هەرچەند جیاواز بێ - بیدەن. وەک بۆمان دەرکەوت لە نێوان میوان و دۆڕاودا جۆرێک جێگۆڕکێ بەو بایەخە کۆمەڵایەتییانە کراوە کە سەبارەت بە پێوەندییەکانی مرۆڤە. لەوانەیە لەناوچوونی بەهاکانی هیومانیزمی لیبراڵی پاش شەڕی دووەمی جیهانی، سیستمی پیاوسالارانەی بەهێزتر کردبێ. وادیارە ژن لە زۆر سۆنگەوە ئازادی زیاتری بەدەست هێناوە: شێوازەکانی بەرگریکردن لە منداڵ بوون، دەست ڕاگەیشتن بە بنکەکانی فێرکاری و پیشەیی. دەکرێ ئەم گۆڕانکارییانە بە واتای باشتر بوونی بارودۆخی ژیان بێ (لە بیرمان نەچێ باشتر بوونی ئەم

بارودۆخە تەنیا لە ئەمریکا و ئەوروپای باکوورە و هەموو دنیا ناگرێتەوە)، بەڵام هاوکات لەگەڵ پەسندکردنی ئەم ڕاستییە دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە دەرکی کۆمەڵایەتی لە ڕەگەز (کە چاوەڕوانی زیاتری لە ژنانە) بۆتە هۆی خراپتر بوونی بارودۆخی ژنان. دوبۆڤوار لە دۆڕاو و وێنە جوانەکاندا نیشان دەدات کە ئیتر وێنەی ژنی ناو ماڵ لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای تەکنیک خوازدا ناگونجێ. ئێستا چاوەڕوانی لە ژن دەکرێ کە بۆ نموونە ببێتە نەشتەرگەرێکی لێوەشاوەی مێشک، کابانێکی بێ وێنە، هاوسەر و دایکێکی بێ وێنە و یەکێ بێ لەو دەهەزار کەسە چالاکەی کە کۆمەڵگا هەڵیبژاردوون. ژنی ئارمانجی دەبێ دڵڕفێن، ڕووناکبیر و خۆشەویست بێ. نموونەی ژنێکی خەیاڵی ئەوتۆ لە دنیای پیاوسالاری تەکنیک خوازدا زۆر کەمە، بەڵام وەک هەموو ئووستورەکان هێزی ئەم خەیاڵە لە وەدی نەهاتنیدا نییە، بەڵکو لەو پێوەرانە دایە کە بۆ دنیای ڕاستەقینە دەستنیشانی دەکات. بە پێی ئەمە لەو کۆمەڵگایەدا کە بەهای زۆر بە سەرکەوتن دەدرێ، ئەگەر ژن خاوەنی گشت، یان لانی کەم بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ژنی خەیاڵی نەبێ بە دۆڕاو و شکست خواردوو دەناسرێ. وەک چۆن مونیک لە دۆڕاودا بۆی دەردەکەوێ، سەرنج ڕاکێشی نۆئێلی لەبەر تایبەتمەندییە ڕوحی و ئەخلاقییەکانی نییە، بەڵکو بەو هۆیەیە کە لەگەڵ بۆچوونەکانی مۆریس سەبارەت بە ژنی چالاک، وریا و سەرکەوتوو دەگونجێ. بەلای مۆریسەوە گرینگ نییە نوئێلی بیر و زین و چالاکییەکانی بۆ ئەو کارانە تەرخان بکات کە لە باری سیاسی، یان کۆمەڵایەتییەوە بێ بەهان، لەلای مۆریس گرینگ ئەو سەرکەوتن و شانازییەیە کە کۆمەڵگا پەسندی دەکات. وەک چۆن مونیک بۆی دەردەکەوێ کە چالاکییەکانی، واتە پەروەردەکردنی منداڵ و ماڵداری، لە ئێستادا بە فێڕۆچوونی کاتە. پەروەردەکردنی منداڵ و کاری ناو ماڵ بەهای ماددی نییە و بەم هۆیەش کۆمەڵگایەکی کە گشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و هەموو جۆرە ئیشێک بە پێی بەهای ناوبازاڕ هەڵدەسەنگێنێ، بایەخی پێ نادات.

وەک چۆن لە ڕابردوودا پیاو ناچار بوو بۆ پاراستنی ئاستی کۆمەڵایەتی خۆی، بژێوی هاوسەرەکەی دابین بکات، ئێستاش بۆ پیاو گرینگە ژنەکەی گەیشتبێتە ئەو قۆناغە و خاوەنی کۆمەڵێک توانایی بێت کە لە بازاڕی کالادا بەهایەکی ناساراوی پێ بدرێ. ئەم گۆڕانکارییانە - کاریگەرییەکی ئاڵۆزیان لە سەر ژن هەبووە: لە لایەکەوە ژن بۆ ئەوە هان دەدرێ کە لە باری ئابوورییەوە لە مێردەکەی و بە گشتی پیاو سەربەخۆ بێ و لە لایەکەی ترەوە ئەم گۆڕانە بە واتای ئەوەیە کۆمەڵێک ئەرکی تری (سەرەڕای پەروەردەکردنی منداڵ و ماڵداری) پێ دەسپێردرێ.

بە بڕوای دوبۆڤوار لەم گۆڕانەدا ژن لە کاری ماڵێ کە پێی بڕاوە ڕزگار دەبوو، بەڵام بێجگە لەوە دەیزانی کە ئیشی هەقدەست بە تەنیا گەشە و ئازادی ژن مسۆگەر ناکات. پرسیارێک کە بێ وەڵام دەمێنێتەوە ئەوەیە بۆ ئەوەی ژن لە باری عاتیفییەوە سەربەخۆ بێ و لە دەست پیاو ڕزگاری بێ، دەبێ چ گۆڕانکارییەکی تر پێک بێ؟ واتە ئەو بارودۆخەی دوبۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووەمدا بە توندی هێرشی دەکاتە سەر و لە ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکانیدا باسیان لێوەدەکات، بەڵام دوبۆڤوار بە هیچ شێوەیەک دوورخستنەوەی ژن لە پێوەندی عاتیفی لەگەڵ پیاو ڕەت ناکاتەوە.

تێکڕای فێمینیستەکان سەرلەنوێ پێناسەکردنی ئەشق و جەندەریان پێناسە کردووە، بە بڕوای هەندێک دەبێ دەوری پیاو لە ژیانی ژن بسڕدرێتەوە، هەندێکی تر خوازیاری مانەوەی دەوری پیاون. من ڕای دووەم پەسند دەکەم و دژ بە ئەندێشەی حەبس کردنی ژن لە ناو گێتۆ(١) ی ژنانەم. (بیرەوەرییەکان)

کەواتە پێوەندی نێوان دوو ڕەگەز دەپارێزرێ، تەنانەت ئەگەر ئەشق و جەندەر سەرلەنوێ پێناسە بکرێن، هەروەها لە چیرۆکەکانی دوبۆڤواردا پێناسەی نوێ نادۆزینەوە. لە کۆتایی کتێبی ڕەگەزی دووەمدا کۆمەڵێک پێشنیار سەبارەت بە پێوەندی (پیاو/ ژن)ی گۆڕاو ئاراستە دەکرێ، بەڵام ئەم کۆمەڵە پێشنیارە تەنیا وەک پێشنیار دەمێنێتەوە و تاڕادەیەکیش گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژیکی پێوە دیارە. لە ڕەگەزی دووەم و هەروەها لە ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکاندا فەزای ماددی زیاتر بەستێنێکە (جاری وایە پڕ کێشە) کە تاک تێیدا بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە جیاواز بوونی غەیرە ماددی هەوڵ دەدات، هەر بۆیە لە بەرهەمەکانی دوبۆڤواردا زۆربەی خواستە فێمینیستییەکانی سەردەم بۆ دابەشکردنی ئیشی ناو ماڵ و منداڵداری نێوان ژن و پیاو و مووچەی یەکسان بۆ ژن و پیاو و کۆتایی هێنانی جیاخوازییە یاساییەکان ناخرێتە ڕوو. ئەمە بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەم داواکارییانە لە لایەن دوبۆڤوارەوە نییە (بە پێچەوانە هەموو کات بەرگری

لەم ئامـانجـە کـردووە)، بەڵکو بە ڕادەی پێـویست ئەم ویستـانە لە بەراورد لە گەڵ گرفتـەکانی تری ژیانی ژن (یان پیـاو) بە گرینگ دانانێ، بەڵام لە چیرۆکـەکـانی دوبۆڤواردا بۆشاییەکی گەورە دەبیندرێ، واتە هیچ کات وەک دایک باسی ژن و وەک باوک باسی پیـاو ناکـات، ئەگـەرچی لە مـاندارنـەکـاندا ئان خـاوەنی کـچێکە و لە دوڕاودا مـونیک خـاوەنی دوو کـچـە، بەڵام باشـتـرین پێوەندی نێوان ئەم دایک و کچانە بە شێوەی سارد و بەپەرێزانە وێنا کـراوە. لە لێـدوانەکـانی دوبۆڤـواردا سـەبارەت بە پێـوەندییـەکـانی پیـاو و ژن بۆشـاییـەک دەبیندرێ، ئەویش ئارەزووی بوونی منداڵ و ئەو خۆشی و ناخۆشیانەی وەک دایک و باوک ئەزموونی دەکەن. هیچ کـام لە پیـاوانی ناو ڕۆمـانەکـانی پێـوەندییـان لەگـەڵ منداڵەکانیان نییە، ئەگەرچی لە ماندارنەکاندا ڕۆبێرت و پرۆن پێوەندییەکی کەمیـان لەگەڵ منداڵەکـانیـان هەیە، بەڵام لە ئەزموونی ئەواندا جێی بەهای ژیانی ناو بنەماڵە بەتاڵە. وەسفی ئەم چەشنە پێوەندییەی نێوان پیاوان لەگـەڵ منداڵەکـانیـان بە دوور لە ڕاسـتی نییـە. بە ڕای زۆربەی فـێـمـینیـسـتـەکـان پیـاوان زۆر کـەم لەگـەڵ منداڵەکـانیـانن، لە زۆربەی کـاتەکـاندا ئەرکی قـورسی پەروەردەکردنی منداڵ لە سەر شانی دایکە. خـاڵی جێی سەرنج لەو نموونەیەی دوبۆڤواردا کە ڕۆڵی دایک و باوک نیشان دەدات ئەوەیە کە زۆر بەکەمی باسی ڕاستەقینە دەکـرێت، واتە جـاری وایە منداڵانێک هەن کـە لەباری عـاتیفییـەوە گرینگییان پێ نادرێ. مونیک وابەستـەی منداڵەکـانییـەتی، بەڵام منداڵەکـانی ناتوانن بۆشـایی نەبوونی مـــۆریس پڕ بکەنەوە. ئان زۆر جـــار لە هەڵسـوکـەوتی نادین توورە دەبێ، بەڵام هەڵوێسـتی لە بەرانبـەر نادیندا کـێـشـەیەکی شـەخـسی نییـە. لە ڕۆمانەکانی دوبۆڤواردا کەسایەتییە سەرەکییەکان کە ژنن هیچ کـات لە بەرانبــەر دایکیـانـدا ڕاناوەستن. ئەم کەسایەتییانە وەک ژنی بەهێز، هەڵکەوتوو و (فرانسواز و ئان) سەربەخۆ دەژین و دێنە ناو دنیای ڕۆمانەوە.

سەبارەت بەوەی کە چۆن بەو تایبەتمەندییانە گەیشتوون و بۆچی لەگـەڵ کـەسـایەتی دەروەست و چارەڕەشی وەک مونیک، یان پۆل جیاوازن، هیچ ڕوونکردنەوەیەک نییە، ئەگـەریش ببێ زۆر کـورتە. جـێی پرسـیـارە بۆچی دوو کچەکەی مونیک وەها لەگەڵ یەکتر جیاوازن، یەکیان سـوننەتی و ئەوی تریان بە شـێـوەیەکی تووڕەوتۆسنانە سـەربەخـۆ و تێگەیشـتـوو، هەروەها سـەبارەت بە جێ متمانە بوون و زۆرجاران نییەت خراپی نادین هیچ ڕوون کـردنەوەیەک نییـە. ئەمـە ڕاسـتـە کـە دەزگـیـرانەکـەی لە شەڕدا کوژراوە، بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو لەسەر تۆڵەسـەندنەوەی بیـرتەسکانەی نادین، بەتایبـەت لە پۆل نیـیـە، بەڵام ئەم تایبـەتمەندییە لە مـاندارنەکـاندا، واتە هەڵسوکەوتی نادین لە گەڵ ئان و پۆل تایبەتمەندی گرینگ و سەرنجڕاکێشی بەرهەمەکانی دوبۆڤوار ئاشکرا دەکات. ئەویش ئەوەیە کە هەڵسـوکـەوتی ژنان بە گشـتی لەگـەڵ ژنانی دیکە باش نیـیــە. کــاتێ لە ســەر پیــاوێک ڕکـەبەرایەتی دەکـەن، زۆر بە خـراپی دەجـووڵێنەوە و ئەم ئاکارەش لە کوشتنی ژنێکی تر لە میواندا تا نازنواندن و ڕکەبەرایەتی نادین لە ماندارنەکان و نوئێلی لە چیرۆکی ژنی تێکشکاودا بە جـیــاوازی نیـشــان دەدرێ. ئەم تایبــەتمەندییــە تاڕادەیەکی زۆر چیــرۆکی دوبۆڤــوار لە چیـرۆکی نووسـەرانی ژنی دیکە کـە تێـیـدا ژنان و بە تایبـەت خوشکان لەگـەڵ یەکـتری تەبا و نزیکن، جـیـا دەکاتەوە. بۆ نموونە جێن ئاستێن و جۆرج ئیلیەت ژنانێک وێنا دەکەن کە هیچ خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا نییە. (لە پارکی مـێـنیـسـفـیلد و هەست و هەست کـردندا ڕکـەبەری لە سـەر پیـاوێک کـە کـاریگـەری ئەخلاقی بە دواوە دەبێ، دەگـاتە ئەوپەڕی خـۆی)، بەڵام لە هەمــان کـاتدا نیـشـان دەدەن کە ژن دەتوانێ پێوەندی عـاتیـفی ڕاسـتـەقـینە و تەنانەت بەدوور لە بەرژەوەندی شـەخـسی ساز بکات. جێی سەرنجە کە دوبۆڤـوار بۆ نیـشـاندانی نەبوونی شـوناسـێکی هاوبەشی ژنانە وتەی پیـاوێکی نووسـەر، واتە تۆلسـتـۆی دەگـێـڕێتـەوە، لە حـاڵێکدا سەبارەت بە سەربەخۆیی ژنانە تەنیا بە چەند نموونە لە چیرۆکی ژنانی نووسەر ئاماژە دەکرێ (مەگی تالیور لە ئاشەکەی تەنیش فۆلۆس، بەرهەمی جۆرج ئیلیەت و جۆو لە ژنانی بچـــووک بەرهەمی لویزامی ئێلکۆت، یان کۆیلەیی سەبارەت بەو ژنانەی کۆڵت باسیان دەکات)، بەڵام ئەوەی لە ڕۆمانی میدێ مارچی جۆرج ئیلیەتدا هیچ ئامـاژەیەکی پێ ناکـرێ لە خـۆبەخـشی و کـەسـایەتی و مـەزنییـەتی سـەبارەت بە ڕۆزامـۆندی بێـزارکـەر و دەسەڵاتخـواز و هێـزی ئارام و ئەخلاقی ئان لە کـتـێبی وەسوەسەی جێن ئاستیندا دەتوانێ ئازادی مێردەکەی (کە هێشتا خۆشی دەوێت) کە ژنێکی دیکەی هەڵبژاردووە، قـبـووڵ بکات. ئەم ژنانە وەک ئەوی دیکە هەڵسـوکـەوت ناکەن، بەڵکو وەک تاک بیر لەو بوارانە دەکەنەوە کە ژنان بۆ بڕیارە ئەخـلاقـیـیـەکـان بەدەسـتـیـانەوەیە و دوای

پەسندکردنی ئەو بوارانە بە هەموو هێز و توانایانەوە کردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، تەنانەت ئەگەریش ئەم پاڵەوانانە لە بەر هۆکارە دەرەکییەکان تەنرابێتن – هۆکارێک کە هیچ کام لە پاڵەوانەکانی دوبۆڤوار ناگرێتەوە – بەدیلێکن لە پەنای وێنەی ئەو ژنانەی دوبۆڤوار بەرجەستەیان دەکاتەوە، چونکە ئەم کەسایەتییانە پەیڕەوی لە پێوەر و سوننەتەکان ناکەن و لە هەمووان گرنگتر ئامادەن لە بواری ئەخلاقییەوە هەڵبژێرن کە ئاسایشیان مسۆگەر نەکات و پیاوانیش پەسندی نەکەن.

لە ڕەگەزی دووەمدا ناسینی ئەدەبیات بە شێوەی دوبۆڤوار بە واتای لەبەر چاونەگرتنی بەشێکی گەورە لەو چاوەڕوانییانەیە کە ژنان دەتوانن جێبەجێی بکەن. مەبەستی ئەو باسکردن لە پرسی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە لە ئەدەبیاتدا نییە، بەڵکو دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بێجگە لە ئایدیۆلۆژی زاڵی دەسەڵاتی پیاوان و بێ دەسەڵاتی ژنان کۆمەڵێک بەدیلی تریش هەن. مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبیات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باشتر چۆنیەتی خۆڕاگری ژنانیان بۆ دەردەکەوێ و ئەم ڕوونکردنەوانە لە سەر ڕابردووی ژنانە، زۆربەی مرۆڤەکانی دیکە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوەی وەک سوننەتی ئەدەبی مەزن، یان ڕاڤەی سوننەتی مێژوو ناوی دەبەن هەمیشە ڕوانگەیەکی کامڵ و ڕاست نییە، هەر بۆیە دەبێ سەبارەت بە ڕۆمانەکانی دوبۆڤوار ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئایا ئەو بەشێک لەو گشتگیرکردنەی دەسەڵاتی پیاوان و بێ دەسەڵاتی ژنان کە لە ڕەگەزی دووەمدا لە سەری دەدوێ، لە ڕۆمانەکانیشیدا دەقاودەق دەستنیشانی ناکات؟

ئەگەر وای دانێین کە ئەم بابەتە یەکێک لە هەوێنەکانی ڕۆمانی دوبۆڤوارە دەبێ بپرسین کە ڕۆمانەکانی دوبۆڤوار بە چ وردبینییەکەوە پێوەندییەکانی تاکی و تایبەتی نێوان دوو ڕەگەز دەخاتە ڕوو؟ ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیالیزمی فێمینیستییەوە کە شێوازی ڕەخنە ئەدەبییەکەشی دیاری دەکات، چیرۆکەکانی دوبۆڤوار لێک بدەینەوە دەبینین ئەم بەرهەمانە خاوەنی بەهایەکی یەکجار زۆرن، چونکە ڕێک لایەنی دەروەست بوونی عاتیفی ژنان دەخاتە ڕوو کە پێشتر فێمینیستەکان باسیان کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا دوبۆڤوار کۆمەڵێک پێوەری جیاواز وێنا دەکات کە بۆ ئەخلاقی جنسی ژن و پیاو بەکار دێت و چەند نموونەیەک لە هۆگرنەبوونی پیاو بە هەندێک لە لایەنە سەرەکییەکانی بوونی ژنانە زەق دەکاتەوە، بۆ وێنە لە دۆڕاودا مۆریسی بێ وەفا هۆگرییەکی بەو ماڵە نییە کە لە ڕابردوودا سووکنایی و چێژی پێدەبەخشی و خۆی بە بەشێکی ئەم ماڵە نازانێ، بەڵام دوبۆڤوار ئەگەر لە چیرۆکەکانیشیدا توانیبێتی واقیعی دەسەڵاتی پیاوان و دەروەستی ژنان ئاشکرا بکات، دیسان جێی پرسیارە کە ئایا توانیویەتی کۆمەڵێک بارودۆخی ئاڵۆز وەک وروژاندن و ڕێککەوتن کە تایبەتمەندی ناسراوی ژیانی زۆربەی مرۆڤەکانە، بە شێوەیەکی باش وێنا بکات؟ ئەگەر ئەدەبیات ئیرادەی مرۆڤی بۆ گۆڕان پێوە دیار نەبوایە و تەنیا ژیانی ڕۆژانە و دووپاتەی مرۆڤی نیشان دابوایە، لاواز و دەست بەتاڵ دەبوو، بەڵام دنیایەکی کە دوبۆڤوار پێشنیاری دەکات دنیایەکە لێوڕێژ لە عاتیفەی زیندوو کە بڕیار و عاتیفەی بە ئامانج کراو لە تایبەتمەندییەکانیەتی. هۆی بەردەوام بوون لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا نیازی ماددی ژن و مێرد، یان بوونی منداڵ نییە. گشت کەسایەتییەکان کاتێ بڕیار دەدەن زۆر بەکەمی بارودۆخی ماددی لە بەرچاو دەگرن. هەموو ڕۆماننووسە گەورەکانی ئەورووپا پارە وەک گرینگترین، یان بەشێک لە گرینگترین هۆکارەکانی بوونی مرۆڤ دادەنێن و لە چوارچێوەی ئەم سوننەتەدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کەسایەتی چیرۆکی وێنا بکەن، ئەویش بێ ئەوەی ئەم کەسایەتییانە لە بیری شێوەی دابین کردنی بژێوی ژیاندا بن. سەرەڕای ئەوانە وەک چۆن ئیلیەت، ئاستین، برۆنتەکان (ئیمیلی، ئان و شارلۆت) و فلوبێر بە باشی نیشانیان داوە پارە مرۆڤەکان پێدەگەیەنێ.

کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک دڵخوازی، یان هەست بە بەرپرسایەتی نەکردن لەگەڵ مرۆڤ لەدایک نابن، بەڵکو ئەم تایبەتمەندییانە ئاکامی کولتوورێکن کە بۆ خۆی بەرهەمی سەرمایەیە، بەڵام بواری تەنیا بە هۆی چەند تایبەتمەندییەکی کەسایەتی ڕۆلان کە بە مانای ڕاستەقینە کڕدراوە، لێی نزیک دەبێتەوە. هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەشکۆیانەی شارڵ بواری خاوەنیەتی بە هۆی ڕەفتاری نالەبار و دوور لە شارستانیەتی لەبەر چاوی مێردەکەی دەدۆڕێ. ئێما وەک زۆربەی پاڵەوانە ژنەکان ئەوەی بە ئەشق و جوانی دادەنا کە بە هۆی جلی گرانبایی و سەروەت پێی بگات. هۆگری و سەرنجدانی ژن بە چۆنیەتی دابین کردنی دەوڵەمەندی و پێگەی پیاو لە دنیای ماددیدا کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پێوەندی

نێوان ژن و پیاو، له دنیای دوبۆڤواردا نییه. تەنیا کاتی وێناکـردنی مـۆریس و نوئێلی له دۆراودا ئامـاژه بەوه دەکرێ کە حوکمدانی دوولایەنەی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پێوەرەکانی سەڵتی تاک نییە، بەڵکو نۆرم و دەسەڵاتخوازییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەستنیشان کردنی پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز دەورێکی گرینگ دەگێڕن. له هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی دوبۆڤواردا تەنیا له سەر بنەمای خۆشویستنی دوولایەنە و کەسایەتی تاک بڕیار له سەر خەڵکانی تر دەدرێ. له ڕاستیدا کێشەکە لەمەدایە کە کەس نییە تا ئەو ڕادەیە بەرەو تاک بوون ڕۆیشتبێ، کەواتە ئەو شتەی تاک دەتوانێ له خەڵکانی تردا خـــۆشی بوێ، یان ڕێزی لێ بگرێ زۆر جـــار پێوەندییەکی کەمی بەم خەڵکانەوە هەیە و زیاتر بەرفراوانی نیازەکان و مەبەستەکانی له دیتراندا دەبینێتەوە و نابێ بە تایبەتمەندییەکی ماددی دابنرێ، یان گاڵتەی پێ بکرێ. هەندێک له ژنانی ڕۆمانـنووسی سەدەی نۆزده سەبارەت بەوه کە ژنان بە چ شێوەیەک پێداویستییەکان و چۆنیەتی جێبەجێ بوونی داواکارییەکانیان له پیاواندا دەبیننەوە ڕاشکاوانە دواون، بەتایبەت جۆرج ئیلیەت زۆر سەرکەوتووانە نیشانی داوە ژن بە چ شێوەیەک له پیاودا بە دوای کەموکوڕییەکانیدا دەگەڕێ. سپاردنی ئیرادە بە کەسێکی تر له میدێل مارچدا بە باشترین شێوە وەک خوازبێنی کردنی لاید گیت له ڕۆزامۆند وێنا کراوە. لاید گیت حەز ناکات لەگەڵ ڕۆزامۆند زەماوەند بکات و ڕۆزامۆندیش له حەز و ئامانجەکانی لاید گیت تێ ناگات و بەڵام:

کە سەیری لاید گیتی کرد فرمێسکەکانی هاتە خوارێ، هیچ وەڵامێک لەم بێ دەنگییە گونجاوتر نەبوو. لاید گیت خۆی دایە دەست شەپۆلی عاتیفەوە و هەموو شتێکی لەبیری خۆی بردەوە. تەنیا بیری لەمە دەکردەوە کە شادمانی ئەم بوونەوەرە جوان و دڵڕفێنە دەروەستی ئەوە. ئارام له ئامێزی گرت. بەڵێ، عادەتی وابوو له ئاست داماوان و ڕەنجدەراندا لەسەرەخۆ و میهرەبان بێ. (میدێل مارچ)

لەم کاتەوە لاید گیت دیلی کەسایەتی ناسەقامگیری ڕۆزامـــۆندە. نە دەتوانێ ڕابکات و نەدەتوانێ واز له دابینکردنی داواکارییەکانی ڕۆزامۆند بێنێ، ئەگەرچی ئەو کاتەی تووڕە دەبێ نارەزایی خۆی نیشان دەدا، بەڵام ناتوانێ بە مانای ڕاستەقینە وەک پیاوێکی ئازاد هەڵسوکەوت بکات.

زۆربەی فێمینیستەکان لێرەدا ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئەمە نیشانەی سەربەست نەبوونی ڕۆژا مۆنده و ئەوەی کە دەروەستی پیاوانە، ناچارە وا بکات پیاوێک بە پێی خواستی ئەو بجووڵێتەوە، چونکە ناتوانێ بە هەوڵ و کۆششی خۆی بە ئامانجەکانی بگات. ژنی ورده بۆرژوازی سەدەی نۆزده، بێ مێرد نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی ماڵ و شوێنی پارێزراو له کۆمەڵگادا.

پیاو له ژیانی ژندا دوو دەوری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبینێ، فێمینیستەکانی سەردەم لەبەر ئەوەی پیاو هێشتاش ئەم ڕۆڵانە دەگێڕێ بەردەوام نارەزایەتی دەردەبڕێ. له دروشمە سیاسییەکاندا ژنی بێ مێرد هیچ کەموکوڕییەکی نییە، بەڵام له واقیعی کۆمەڵگادا ئەو ژنەی زەماوەند نەکات له بارودۆخێکی باشدا نییە، بەم هۆیەشەوە وابەستە بوون بە پیاو و پەسندکردنی پیاوانە ئێستاش وەک سەدەی نۆزده، له تایبەتمەندییەکانی بوونی ژنانەیە. ئەگەر وای دانێین ئەم بانگەشەیە ڕاستە و کاتێ دوبۆڤوار سەرقاڵی نووسینی بەرهەمەکانی بوو هێشتا وەها بارودۆخـــێک زاڵ بوو، بەڵام دوبۆڤـــوار کـــاتێ ســەرنجـــراکێش بوونی پیـــاو و ژن شی دەکـــاتەوە، دابینکردنی سەروەت و جەندەر بە بنەما دانانێ. له میوان، خوێنی دیتران و ماندارنەکاندا نیشان دەدات کە پیاو و ژن چۆن دەتوانن له گرووپە سیاسییەکاندا و بە شێوەیەکی بیرمەندانە پێوەندی بە یەکەوە بکەن، بەڵام ئەم پرسیارە بێ وەڵام دەمێنێتەوە کە پیاو و ژن له ڕەگەزی بەرانبەریاندا چی دەبینن وا له هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا نادۆزرێتەوە. له نێو ئەو پێوەندییانەی له هەمووان زیاتر و دەوڵەمەندتر و گەشەکردووتر نیشان دەدرێ (فرانسواز و پی ییر له میوان و ئان و ڕۆبێرت له ماندارنەکان)دا جێی جەندەر بەتاڵە و ئەوەی دوو کەس بەیەکەوە گرێ دەدات دۆستایەتییەکی پتەوە کە دەتوانێ له نێوان دوو پیاو، یان دوو ژنیشدا هەبێ.

سەرەڕای ئەمانە ئیرەیی بردن، ڕەنج کێشان و گرفتە عاتیفییەکان - وەک چۆن ژن و مێردی ناوبراو تووشی دەبن - له پێوەندییەکانی نێوان دوو هاوڕەگەزدا کەمتر دەبێتەوە. ئایا ئەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەی ژنانی ڕیزپەڕ کە هاوڕێی دڵخوازی خۆیان تەنیا له نێو پیاواندا دەدۆزنەوە دەتوانێ کردەوەیەک بێ له بەرانبەر بەئاگا بوونی کرچوکاڵی سیاسی و ڕووناکبیرانەی زۆربەی ژنان؟ ئەگەر وایە جێی بیرکردنەوەیە کە له ڕۆمانەکانی دوبۆڤواردا دەسەڵاتی داسەپاوی پیاوان بە سەر ژناندا له

سەر بنەمای باڵادەستی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانەمەزراوە، بەڵکو هێزی ڕوحی و ڕۆشنبیرانەیە، بەڵام لەوانەیە واتای دەسەڵاتی Phallic و سیمبۆلیکی ڕۆبێرت لە ماندارنەکاندا و پی ییێر لە میواندا بۆ ئان و فرانسواز وەک مانای دەسەڵاتی سوننەتی پیاوان بۆ ژنانی سوننەتی (دایکان و هاوسەرانی ناو ماڵ) نەبێ، بەڵام هەرچۆنێ بێ چەشنێ لە دەسەڵاتە، واتە جۆرێک توانایی بۆ تێگەیشتن لە یەکپارچە بوونی جیهان کە زۆر جار ژن بە خاوەنی ئەم توانایییە نازانن. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو ژنانە بەتوانا و پڕ بەهرە نین و زۆر هەوڵ نادەن. ژنانێکی وەک هێلێن لە خوێنی دیتران و فرانسواز لە میواندا زۆر بوێرن و توانای ئەنجامدانی زۆر کاریان هەیە، بەڵام لە بەراورد لەگەڵ مێردەکانیان بۆ سیستماتیک کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە قەد مێردەکانیان خاوەنی دەسەڵات و هێز نین. لێرەدا گواستنەوەی باسەکە لە چیرۆکەکانی دوبۆڤوارەوە بۆ پێوەندی دوبۆڤوار لەگەڵ سارتر گونجاوە. لە چیرۆکەکانی دوبۆڤواردا ژیاننامە بەشێکی گەورەی بۆ خۆی تەرخان کردووە، دەتوانین بڵێین بوونی پێوەندییەکی پۆزەتیڤ لە نێوان ژنان و پیاواندا کە لە ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکانیدا دەبیندرێ، هەمان پێوەندی نێوان دوبۆڤوار و سارترە. دوبۆڤوار ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ کە کتێبی میوان ژیاننامەیە. لە ماندارنەکاندا ئاماژە بە زۆر کەس و شوێن دەکرێ کە دوبۆڤوار لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێ کردوون، تا ئەو جێیەی کەسایەتی ئان لە ماندارنەکان دا هەمان دوبۆڤوار و کەسایەتی ڕۆبێرتیش هەمان سارتری هاوڕێیەتی، بەڵام ڕۆماننووسەکان حەز دەکەن لە بەرهەمەکانیاندا باس لەو مرۆڤ و ڕووداوانە بکەن کە دەیانناسن و ئەگەر هەوڵ بدەن لە بارەی کولتوورێکی بێگانەوە بنووسن، بەرهەمەکە سەرکەوتوو نابێ (وەک دوبۆڤوار لە ڕۆمانی هەموو دەمرن) و نابێ هەوڵ بدەین هاوشێوەکانی نێوان هەقیقەت و چیرۆک دەستنیشان بکەین، بەم پێیە بەم دەرەنجامە دەگەین کە لە بەرهەمەکانی دوبۆڤواردا لە کاتی لێکدانەوەی پێوەندی نێوان دوو ڕەگەز نابێ گرینگی بەوە بدەین کە دوبۆڤوار تا چ ئاستێک ئەزموونی شەخسی خۆی بەکار هێناوە، بەڵکو دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگرین کە ئایا لە ڕۆمانەکانی دوبۆڤواردا پێکهاتە و وێنەی ڕاستەقینەی چیرۆکی پیاوسالارانەیە، یان فێمینیستی، کەواتە دەبێ دەرکەوێ ئایا شێوەی نیشاندانی پێوەندی ژن و پیاو بەڕاستی پێشەنگە و وەک پێوەندییەکی ڕیالیزمی باسی ئەم پێوەندییانە کراوە، یان ئەوەی دەیەوێ ئەمە زەق بکاتەوە کە ژنان چۆن دەتوانن زیاتر لە پیاوان بچن تا ببنە ئەو ژنە سەربەخۆیەی کە لە کۆتایی ڕەگەزی دووەمدا زاڵ دەبێ.

لە ڕۆمانەکانی دوبۆڤواردا ئەو کاتە ژن ئازادە کە مۆدێلی ئەرکە پیشەییەکانی پیاوانە ڕەچاو بکەن و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆمانەکانی دوبۆڤوار هەڵگری تایبەتمەندییەکی پیاوسالارانەن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەرچی دوبۆڤوار زۆر بە وردی کەموکوڕییەکانی ژنانە دەخاتە ڕوو، بەتایبەت ئەو کاتەی دەرووەستی و درۆ وێنا دەکات، بەڵام زۆر کەمتر ڕەخنە لە پیاوان دەگرێ.

دوبۆڤوار لە میواندا پی ییێر بەوە تاوانبار ناکات کە گوێ لەمستی گەزاویرە، بەڵکو وەک نموونەی هێزی ئەخلاقی و پاراستنی بنەماکان ستایشی دەکات، بەڵام ئاماژە بەمە ناکات کە حوکمێکی ئەوتۆ سەبارەت بە پیاوێک کە دەتوانێ ئاوا لە بەر دەستی ژنێکی وەک گەزاویردا بێ - ئەو ژنەی کە تەنیا سەرقاڵی تاقی کردنەوەی سەرنجڕاکێش بوونی جەستەیەتی - لە ڕاستی بە دوورە. بە هیچ شێوەیەک کەسایەتی سارد و بێ لایەنی ڕۆبێرت کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئان بۆ لای پیاوێکی تر، واتە لوییس بچێ تاوانبار ناکات، بەڵام لە ڕاستیدا پاش ئەوەی باسی ئەوە دەکرێ ئان بەختەوەر نییە و ژیانێکی بەتاڵ لە عاتیفەی هەیە، باشتر وا بوو دوبۆڤوار لە پێوەندی نێوان ئان و ڕۆبێرت بکۆڵێتەوە. ئان بەدوای پیاوێکی دیکەدا دەگەڕێ و لە کۆتاییدا هەریەکەیان زۆر خەفەتبار دەبن، بەڵام هیچ کات گومان لە ڕاستی کردەوە و ئیشەکانی ڕۆبێرت ناکرێ. ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ پەسندکردنی خەمساردانەی ئایدیۆلۆژی پیاوسالارانە، واتە قبووڵکردنی سەرقاڵ بوون بە داهاتوویەکی پیشەیی، دەسەڵاتخوازی سیاسی، یان هەر شتێکی دیکە بۆ پیاوان بە تەواوی پەسندکراو و تەنانەت جێی ڕێزیشە، تەنانەت ئەگەر پێش بە ژیانی سۆزداریشیان بگرێ. لە ڕاستیدا ئان لە بەر ئەوە ڕۆبێرتی خۆش دەوێ، چونکە بە سەرکەوتووییەکی پیشەیی باش گەیشتووە. سەرەڕای ئەمانە ئان پێوەندییەک لە نێوان سەرقاڵی ڕۆبێرت و ناڕەزایەتی خۆی، هەروەها خۆشحاڵی لە کاتی بینینی لوییسدا نابینێ. لە هیچ شوێنێکی میواندا پێوەندییەک لە نێوان بێ متمانەیی و حەزی سەرەڕۆ و بیرتەسکانەی نادین بۆ

ئەوەی سەرنجی هەمووان ڕاکێشێ، لەگەڵ چالاکی دایک و باوکی نابینین. هەڵبەت تاوانبارکردنی دایکان بە هۆی کەموکوڕی و شکستی منداڵەکانیان دروشمێکی فێمینیستییە. دوبۆڤوار لە هیچ جێیەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە ناکات نادین پێی خۆشە بە پیاوی بزانن، ئەمەش هەرچەند کاریگەری باوکی بەسەرەوەیە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە کارتێکردنی دایکی وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو بەسەریەوە بێ، (دایکێک) کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاوێکی پیشەیی سەرکەوتوو نییە.

بەم پێیە لە بەرهەمەکانی دوبۆڤواردا ئەو پیاوانە بە باش دادەنرێن کە پێوەندییەکی عاتیفییان بە منداڵەکانیانەوە نییە، یان دەتوانن خولیای ئەشقێک بن کە دەبێتە هۆی ئازاری کەسێکی تریان، ئەوەی وەها بە خۆیانەوە سەرقاڵ بن کە پێیان وابێ هەموو ژێردەستەی ئەوانن (وەک هانری لە ماندارنەکان)دا. بەم جۆرە و بە دانانی بەهای باش بۆ ئەو پیاوانەی بە هۆی ژیانی گشتی شیاوی ئەم حوکمەن، ڕووبەڕووبونەوەی لەمێژینەی نێوان پیاوانی هەرێمی گشتی و ژنانی هەرێمی تایبەتی ئاشکرا دەبێت، ئەگەرچی دوبۆڤوار، ڕۆبێرت بە پیاوێکی باش دادەنێ، بەڵام فێمینیستی سەردەم دەڵێ ئەو پیاوەی سەبارەت بە نیازە عاتیفییەکانی هاوسەر، یان کچەکەی ئاوا کەمتەرخەم بێت، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک ئەخلاقی پۆزەتیڤ بێت، بەڵام مرۆڤێکی باش نییە. دوبۆڤوار بۆ بەجێهێنانی کاریگەری توانا باڵادەستەکان پێوەر و پێش گریمانەکانی پیاوان دەخاتە ڕوو. پی یێر و ڕۆبێرت لە باری ئەخلاقییەوە پەسندکراون، هەرچەند پی یێر بەهۆی بێ وەفابوونی بۆتە هۆی ئازاری زۆر و ڕۆبێرتیش هیچ تاوانێکی نییە، بەڵام بە هۆی خەمساردی تاوانبارە. لە دنیای دوبۆڤواردا سەرنجدان و خەم خواردن بۆ دیتران (لە ئاستێکی سەرتر لە سەڵت بوونی زەین) و ئەرکی هەموو تاکێک سەبارەت بە مرۆڤی دیکە (نەک لە پێناو ئامانجێکی سەڵت وەک ئازادی) کە دەبێتە هۆی ئەوەی عاتیفەکانی شوێن بخاتە سەر کردەوەکانی، هەمیشە لە ڕیزی تایبەتمەندییەکانی پیاوانی باشدا نییە.

فێمینیستەکانی سەردەم ئێستاکە سەرقاڵی توێژینەوەی جیاوازییەکانن کە لە جۆری تێگەیشتن و پێوانە ئەخلاقییەکانی نێوان ژنان و پیاوانە. هەمووان گرینگی کردەوەی پیاویان لە هەرێمی تایبەتیدا پەسند کردووە، ئەگەرچی لە ڕۆمانەکانی دوبۆڤواردا پیاوی فێڵاوی نابینرێ، بەڵام هەندێک لە کەسایەتییەکان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو پێوانانەی کە فێمینیزم بۆ ئەخلاقی دیاری کردوون ناگونجێن. دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە جەخت کردنی فێمینیزم لە سەر کردەوەی تایبەتی (کە بە گشتی لە گەڵ دروشمی شەخسی، سیاسییە دێتە گۆڕێ) جاری وایە مەترسی لەبەرچاو نەگرتنی کێشە گشتییەکانی لەخۆیدا حەشار داوە. بەو واتایەی کە بە ڕادەیەک جەخت دەخرێتە سەر کردەوەی تاک کە کردەوەی گشتی فەرامۆش دەکرێ، بەڵام ئەمە بە واتای سەرکۆنەکردنی دوبۆڤوار نییە. دوبۆڤوار بە بڕیارێکی پتەو و ئازاییەکی زۆرەوە باوەڕە سیاسییەکانی خۆی دەربڕیوە. ئەم باوەڕانە زۆر جار لەگەڵ باوەڕەکانی کۆمەڵگادا دژایەتییان بووە و جاری واش بووە ژیانی لە وڵاتەکەی لێ تاڵ دەکرد. ژیان و بەرهەمەکانی دوبۆڤوار شاهیدێکی باوەڕپێکراون لە سەر ئەوەی کە ژنانیش وەک پیاوان دەتوانن خاوەنی باوەڕە سیاسی و ئەخلاقییەکان بن و لە سەر بنەمای ئەم باوەڕانەدا بژین. لەوانەیە ئەم گەواهیدانە لە پەنای ڕەگەزی دووەمدا گەورەترین خزمەتێک بێ کە دوبۆڤوار بە فێمینیزمی کردووە.

**پەراوێز:**

**(١) گیتۆ لە ڕابردوودا بە گەڕەکێک لە شار دەگوترا کە جوولەکەکان ناچار کرابوون لەوێدا بژین و ئێستاکە بەو کەمینەیە دەگوترێ کە بە هۆی پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێن.**


**سەرچاوە:**

**زن و ادبیات ( سلسله پژوهش های نظری دربارەی مسائل زنان)**

**گزینش و ترجمه: منیژه نجم عراقی، مرسده صالح پور، نسترن موسوی**

**نوبت اول ١٣٨٢، تهران، نشر چشمە.**

# یاداشتێک لەسەر "تەکیە" (بولتنی نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە)

ئومێد ڕەحمانی
(بانە)

- ١ -

ئێستا ئیتر زۆربەی نووسەران و ڕەخنەگران لەسەر ئەو ڕایە تەبان کە چیرۆک، گێڕانەوە و حەکایەتەکانی مرۆڤی مۆدێرنە. لەو ڕۆژەوە کە سێرڤانتس لە ڕۆمانی دۆن کیشۆتدا، هەموو پێشینەی حەماسی و کولتوور و ئایدیای سوارچاکان و شوالییەکانی، تا ئاستی وەهمەکانی پیاوێکی گەمژە دابەزاند، ڕۆمان بوو بە ئاڵا هەڵگری ئەو کەسانەی کە مێژوو بەردەوام دەیخستنە پەراوێزەوە. ئەو کەسانەی کە تاکایەتییان لە ژێر تەوژمی دەسەڵاتی دەربەگایەتی فیۆدالیزم و ئاییندا پێشێل کرابوو. لە سپێدەی دۆن کیشۆتەوە، ئەوانەی وا بەردەوام وەکو پەراوێز و ئۆبژەی گێڕانەوەکانی چاخی ئایین و دەرەبەگایەتی دەنووسرانەوە، لە پێگەیەکی سابجێکتدا، گێڕایانەوە و نووسییان. بوون بە خاوەنی جیهانێکی تێکەڵاو لە فانتازیا و واقیع کە پێشتر لە ژێر سەردێری مێژوونووسی و حیکایەت، جگە لە قوربانی بوون هیچ بەشێکی تریان پێوەی نەبوو. پاشماوەی میراتی سێرڤانتس بۆ ئێمەی سەدەی بیست و یەک، کتێبخانەیەکە پڕ لە ئایدیای ئینسانی و تاکخوازانە و پیرۆز پەرێز. بە دڵنیاییەوە ئەو فاکتەرەی کە لە گشت چیرۆک و ڕۆمانی نەتەوەکانی جیهاندا هاوبەشە، دژایەتی کردنە لەگەڵ دەسەڵاتی نالەباری واقیع بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەکانی خۆیەوە. ئەم شەڕ و دژایەتییە هەر لە زەینیترین دەقەکانی کافکاوە دەگرێتە خۆی، تا دەگاتە عەینیترین دەقەکانی کۆندێرا و یووسا و کورتاسار. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دوای چەند سەدە تێپەڕبوون بەسەر مێژووی چیرۆک و ڕۆمان، نووسەری بەناوبانگی "چیک" - میلان کۆندێرا - لە

کتێبی "هونەری ڕۆمان"دا ئەم پرسیارە ترسێنەرە دەخاتە گەڕ: ئێمە چەندە شیاوی ئەوەین هەڵگری میراتی سێرڤانتس بین؟ یان ئێمە لە کوێی جوگرافیای دنیابینی بنیادی سێرڤانتسداین؟ چیرۆکی سەدەی بیست چەند بە نسبەت ئەو داهاتەوە ئەمەگدار بووە؟ ئەم پرسیارە ترسێنەرە، بە گشتی بۆ چیرۆکنووسی جیهانی سێیەم و بە تایبەتی بۆ چیرۆکنووسی کورد، وەک نەتەوەیەک کە زیاترین قوربانی لە پێناوی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی بەرهەم هاتووی هەناوی خۆی هەبووە. ئەم پرسیارە ترسێنەرە، چونکە بە نسبەت هەوڵی ڕۆشنگەرانەی ئەدەبی چیرۆکنووسی کوردییەوە دەمانخاتە بەر پرسیار و گومان و لێکۆڵینەوە و خۆشبەختانەش گومان چەمکێکی ترسێنەرە و پانتاییەکی شیاوە بۆ خۆتاقیکردنەوەی مرۆڤ لە بواری گوزەر و تێپەڕبوون لە قەناعەتێکی ئابجێکتەوە بۆ پێگەیەکی سابجێکتیڤ. بەڕاستی ئێمەی چیرۆکنووسی کورد چەند هەڵگری ئەو عەقڵانییەتە دژە دەسەڵاتەین کە لە دنیابینی سێرڤانتس بۆمان بەجێ ماوە؟ ڕەچەڵەک و ڕەگەزی دنیابینی سێرڤانتس، چەمکێکە کە نەتەنیا بناغەی سەرەکی دنیابینی شارستانیەتی مۆدێرنە، بەڵکو قورسایی دووهەزار و پێنج سەد ساڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوای لەسەر شانە و ئەویش چەمکی ئومانیزمە.

لە هونەری یۆنانی فرە خوای کەوناراداا - کە یەکەم لانکەی ئومانیزم بوو - ئەگەر بڕیار وابوو خوایەک لە خواکانی خۆیان وێنا بکەن، ئەوە لە نزیکترین شێوەدا بە مرۆڤ وێنایان دەکرد. خوا هەرچەند بە دەسەڵاتیش بوایە، لە فۆرمی خۆیدا ئەولای مرۆڤ نەدەکەوت. هەیکەلی مرۆڤ لە هونەری یۆنانی کەوناردا پێوەرێک بوو بۆ ڕاگەیاندنی کارەکتەر و تایبەتمەندییەکانی خوا. خواکان لە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیاندا لەسەر مەداری جەغزێک دەسووڕانەوە کە ناوەندەکەی مرۆڤ بوو. ئەوان بە هەمان تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە دەژیان، لە دایک دەبوون، سێکسیان هەبوو، ئاشق دەبوون و قینیان دەکرد، لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵ دەبوون و بەشەڕ دەهاتن و تەنانەت دەمردن. ئەوان تەنیا جۆرێک لە مرۆڤ بوون بە ئاقارێکی بەربلاوتر لە دەسەڵات. لە هیچ دەقێکی یۆنانیدا نابیندرێ کە مرۆڤ هەوڵی دابێت وەک خوا بژیت، یان لە ئاکامدا بچێتە پێگەیەکی خواوەندانەوە، بگرە تەنانەت مرۆڤ لەگەڵیاندا بەشەڕ دەهات، بۆ نموونە پرۆمێتە و سیزیف. ئەمە ڕەچەڵەکی ئومانیزمێکە کە مرۆڤی لیبراڵ و گێڕانەوەی مرۆڤ تەوەری ئەمڕۆی لێ دەکەوێتەوە.

لە پاڵ دەستی ئەم کولتوورەدا، بە درێژەی ئەم ٢٥٠٠ ساڵە، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کولتوورێکی ئایینی باڵادەست بووە کە بەردەوام هەوڵی داوە مرۆڤ بە ڕێگەیەکدا ببات تا زیاترین ڕادەی پێویست لە خوایەک بچێت کە نادیارە و هاوشێوەی نییە و کەس ناتوانێت هاوشێوەی بێت . ئەنجامی ئەم دنیابینییە لە جوانترین و پەسندکراوترین شێوەی خۆیدا کەسێکی وەک "حەللاج"ە کە لە درێژەی ڕێگەی بە هاوشێوەبوونی خۆی بە زاتێکی بێ هاوشێوە، دەگاتە قۆناغی" الفناء في الله" و بە دزێوترین شێوە دەیکوژن. لە ڕاستیدا حەللاج دەیەوێت لە ڕێگەی "انا الحق"ەوە ئەوە بدرکێنێت کە سەنتەری تەواوی ئەم بابەتانە منی مرۆڤم و ڕاستی لەلای منە و لەوە بەولا بە وتەی ویل دیورانت هەرچی هەیە بەرەهووتی "الهیات"ە. کولتووری ئایینی ڕۆژهەلات وەڵامێکی بۆ حەللاج و هەزاران کەسی دیکەی وەک ئەو پێ نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە" کەس ناتوانێت هاوشێوەی کەسێک بێت کە هاوشێوەی نییە" بەم ئایدیایەوە، عیرفانی ڕۆژهەلات، بەردەوام لە بازنەیەکی بێ کارکردا مایەوە و نەیتوانی دەرەقەتی لێهاتوویی و کارامەیی پراکتیکیانەی ئومانیزم بێت. مرۆڤی ڕۆژهەلاتی، بەردەوام لەو جەغزەدا ماوەتەوە کە چۆن خوایەک بناسێت کە نابێت و ناکرێت بیناسێت (ئەگەر نەیناسێت لێپرسینەوەی دژواری لێ دەکەوێتەوە) و چۆن لە ئاکار و کرداریدا لە کەسێک بچێت کە هاوشێوەی نییە.

ئومانیزم لەو کاتەوە بناغەی خۆی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا داکوتا کە ئۆلیس لە ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا و لە درێژەی سەفەری گەڕانەوەی خۆی دوای شەڕێکی دە ساڵە لە ترۆی بۆ ناو بنەماڵەکەی، هەموو فێڵ و تەڵەکەی خواکان پووچەڵ دەکاتەوە و دژ بە هەموو دەسەڵاتێکی باڵادەست دەوەستێت کە دەیانەوێت دژی شەریعەت و تەریقەتی مرۆڤ بوون بوەستن. ئۆلیس دەگەڕێتەوە و لە پێگەی مرۆڤێکدا دیسانەوە درێژە بە مرۆڤ بوونی خۆی دەدات. ئومانیزم ئەو کات بناغەی خۆی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا دادەمەزرێنێت کە مرۆڤ لە ئیلیادەی هۆمێرۆسدا دژ بە بڕیاری یەک لاکەرەوەی چەند خواژن دەوەستێت و بە

هەموو هێزییەوە شەڕێک دژ بەو کەسانە دەست پێ دەکات کە دەیانەوێت بێ هیچ ئیرادەیەک لە خۆیان، مێژوو بە ئاستی ویستی خواکان بەرنە پێش، هەر بۆیە یۆنانی کەونارای ئومانیست لە بەرانبەر "ترۆی" دا سەر دەکەوێت.

بەڵام کولتووری ئایینی لە ڕۆژهەڵاتدا تەنیا خۆی لە ناو ئەدەبی تەعلیمی و گێڕانەوە ئاسمانییەکاندا دەبینێتەوە کە بەردەوام کەسێکی هەمووشتزان بە تەمایە مرۆڤ بەو ئاراستەیەدا بەرێت کە خۆی گەرەکییە. ئەم کولتووره تەنانەت تا ناوئاخنی بەیت و باڵۆرە ئاشقانەکانیش دەچێت. خۆشەویستی مرۆڤەکانیش تا ئاستی مەجازێک لە خۆشەویستی ڕاستەقینە و باڵادەست دادەبەزێنێت، بۆیە هیچ کات گێڕانەوەی ئاشقانەی ڕۆژهەڵات بە ئامانجێکی ئینسانی ئەو شێوەیەی کە بۆ نموونە لە "تریستان و ئیزۆت"دا هەیە ناگات. ئاشقان بەردەوام دەبن بە قوربانی ئایدیایەکی پیرۆز کە خۆشەویستی زەوینی بە ناپاک و ناواقیع دەزانێ و لە ئەنجامدا چارەنووسیان، یان وەک لەیل و مەجنوون بە حەسرەتێکی ئەبەدی کۆتایی دێ، یان لە قەوارەی فەرهادێکی سادومازوخیستدا کەژ و کێو دەڕنێتەوە. لە هەر حاڵدا ئەنجامی مرۆڤ چ لە خۆشەویستی ڕاستەقینەی وەک حەللاج و چ لە خۆشەویستی مەجازیی وەک فەرهاد تێداچوونی بێ ئەنجام و دەسکەوتە. مرۆڤ لە هەرحاڵ ئۆبژەی سەلماندنی حەقیقەتە نەگۆڕەکانی بوونە بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە مرۆڤ ئاراستەی چارەنووسی خۆی بە شەڕکردن دژ بە خواکان دەگۆڕێت.

دیسان دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی میلان کۆندێرا و ئەم جار لە خۆمان دەپرسم:

چیرۆکنووسی کورد چەند بە نسبەت ئەو بەها و بایەخانە ئەمەگدار بووە و دەبێ ببێت؟ (چونکە چیرۆک موڵکی ئێمە نییە و میراتێکی کولتووریی ڕۆژئاوایە کە لای ئێمە ئەمانەتە، وەک "تاقی ڤیکتۆری" ڕۆمانەکان کە لە جەرگەی پاریسدایە و هیچ کەس دەستدرێژی نەکردە سەری، تەنانەت هیتلەریش. بە وتەی میلان کۆندێرا هەر ڕووداوێکی چیرۆکی لە هەر شوێنێکی جیهاندا، بەر لە هەر شتێک موڵکی ڕۆژئاوایە.)

-٢-

بەم پێشەکییەوە هەوڵ دەدەم چاوخشاندنێکم ببێت بە سەر بۆڵتنی نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە.

فیستیڤاڵی چیرۆکنووسانی بانە ئێستا ئیتر خاوەنی شوناسێکی تایبەت بە خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەی کە لە یەکەم سپێدەکانی ئەم فیستیڤاڵەوە چ لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی و چ لە بەشی زانستیدا کاریان کردووە شایەت حاڵن کە ئەم فیستیڤاڵە چەند بوارێکی ناسکە و هاوکات نەیاری تایبەت بە خۆشی هەیە. شوناسی فیستیڤاڵی بانە بە هەموو کەندوکۆسپەکانییەوە، شوناسی تەواوی ئەو کەسانەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لایەنگری ئەدەبی نڤیساری و گێڕانەوەی کوردین. بەرپرسایەتی لە ئاست ئەم فیستیڤاڵە بەرپرسایەتییە لە ئاست حورمەت بە ئەندێشە و ئایدیای تەواوی ئەو کەسانەی بە هەموو ڕەنگاوڕەنگی بۆچوونەکانیانەوە، دەنووسن. ئەگەرچی هەمووشمان ئاگاداری ئەو خەسارانە هەین کە ڕەنگە نە تەنیا فیستیڤاڵی بانە، بەڵکو هەموو جۆرە فیستیڤاڵ و کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و هونەری درێژخایەن لە بواری گۆڕینی سەلیقەی داهێنان، بەرەو ڕووی هونەر و ئەدەبی بکاتەوە، بەڵام دەکرێ لەم فەزا کپ و بێ دەنگەدا هەموو ئەو خەسارانە تەنیا بە بیانووی کۆکردنەوەی هاوڕێیانی نووسەر و بیرمەند پشتگوێ بخەین. لە هەمووی گرینگتر لای من ئەوەیە کە ستافی بەڕێوەبەرایەتی و زانستی فیستیڤاڵی بانە و دیکەی فیستیڤاڵەکان لە ئاست پاراستنی سەربەخۆیی ئەم فەزا هاوبەشە بەرپرسن کە خاوەنەکەی هەموو قەڵەم بەدەستان و لایەنگرانی قەڵەمی کوردییە و بەردەوام دەبێ خۆ لەوە بپارێزن کە داوێنی پاک و ڕووسووری ئەم فیستیڤاڵە بە هەر چەشنێک لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژی و ئاستێکی تایبەتی فیکری ئالوودە بکەن. دەست تێوەردان لە شوناس و ناسنامەی فیستیڤاڵی چیرۆکنووسانی بانە، دەست تێوەردانە لە شوناس و سەربەخۆیی ئەو کەسانەی دوورونزیک بانە و فیستیڤاڵەکەی بەماڵی ئەدەبی خۆیان دەزانن. ئێمە هەموومان بۆیە لە بانە کۆ دەبینەوە، بۆیە هەموو سەغڵەتییەک دەگرینە ئەستۆ کە هەر کام لە بەر خۆمانەوە چ بە داهێنان و چ بە ڕەخنە و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی، کارێکی بچووکمان بۆ چیرۆکی کوردی و تۆمارکردنی بەشێکی تۆکمە لە مێژووی چیرۆکی کوردی کردبێت.

فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە مانیفێستی ئایدیۆلۆژی و ئەندێشەی هیچ تاک و گرووپێک نییە و نابێ ببێت، چون بە تەنیا موڵکی هیچمان نییە. ئەگەریش بڕیارە بیلبۆردی پڕوپاگەندە بێت، ئەوە تەنیا چیرۆک شیاوی ئەم خاوەن ماڵ بوونەیە. بانە و فیستیڤاڵی چیرۆک دەکرێ لابییەک بێت کە هەموومان بۆ چەند ڕۆژێک لە دەوری یەکترین کۆ بکاتەوە و لە دوایین دەسکەوتەکانی جیهانی نووسین و داهێنان ئاگادارمان کات.

بەڵام بەداخەوە وەک شتێک بەڕێوەبەرانی ئەم فیستیڤاڵە چاوەڕوانییەکی دیکەیان لەم کەوێڵە بچووک و خۆماڵییەی چیرۆک هەیە کە بە چنگەکرێی نووسەران و چیرۆکنووسانی کورد ماوەتەوە. ئەوەی کە لە دوای فیستیڤاڵەکە وەک دیاردەیەکی نەشارەزایانە و ناحەز تووشی شۆک و سەرسوڕمانی کردم پاوانخوازی سەلەفیانە و کردەوەی نادیموکراتیک و دواکەوتووانەی بەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵەکەیە بۆ دەست گرتن بە سەر ئەم فیستیڤاڵەدا، بە قازانجی نەریتێکی نابەجێی کۆمەڵگای کوردی کە سەرەنجام خۆی لە قەوارەی بۆڵتنی فیستیڤاڵەکە، یان باشترە بڵێین ترەیبوونی سۆفیگەری و سەلەفییەکانی بانەدا دەرخست.

بەر لە هەر شتێک پێویستە چاوێکی خێرا بەسەر ڕووبەرگ و پێڕستی " تەکیە" بخشێنین بۆ ئاگاداری ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بەردەستیان نەکەوتووە.

لەسەر ڕووبەرگی ئەم بۆڵتنە بە فۆنتێکی گەورە کە یەک لە چوار بەشی ڕووبەرگەکەی داگیر کردووە نووسراوە " تەکیە" . خوارتر ئارمی فیستیڤاڵەکەیە و ئینجا بە سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی نووسراوە " نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە"

لاپەڕەی دوای ڕووبەرگ کە لاپەڕەی دەسپێکە، هەمان شێوەکانی ڕووبەرگەکەی لەسەرەو ئەڵبەت بچووکتر و پاشان ناسنامەی تەکیە دانراوە کە بە فارسی نووسراوە "شناسنامە تکیە".

پێڕستی "تەکیە" بریتییە لەم بابەتانەی خوارەوە:

١- تەکیەی نۆیەم
٢- تەکیەکان (تکایا از ١ تا ٩)
٣- ڕاویان تکیە مادری (بگێڕەکانی تەکیەی دایکی)
٤- داستانک های تکیە (کورتیلە چیرۆکەکانی تەکیە)
٥- تکیە کودک و نوجوان (تەکیەی منداڵان)
٦- نقد در تکیە بانە (ڕەخنە لە تەکیەی بانە)
٧- لبخندی در تکیە بانە ( پێکەنینەکانی تەکیەی بانە)
٨- کتابخانە تکیە بانە

سەرەتا کاتێک چاوم بە "تەکیە" کەوت، وەمزانی مەبەست لە "تەکیە" هەمان " accent "(ئەکسێنت)ی ئینگلیزی و " accent" (ئەکسۆن)ی فەرەنسی و " accento" (ئەچێنتۆ)ی ئیتالیاییە، کە با مانای "تکیە" دێت لە فارسیدا و ئامرازێکی ڕێنووسییە لە زمانەکانی ئەورووپیدا و بۆ دیاری کردنی ئەو سیلابە بە کار دێت کە بڕیارە لە کاتی وتندا هێز و جەختێکی زیاتری سەر بخەین. ئەوەی ڕاستی بێت سەرەتا لای خۆم زۆر خۆشحاڵ بووم لەوەی کە ئاستی خوێندەواری ئازیزانی بەڕێوەبەر لە بواری ئەدەب و زمانەوانی هێندە زیادی کردووە و ئەوەندە لە بابەتەکە قووڵ بوونەتەوە کە " accent" بۆیان بۆتە پرسێکی سەرەکی و بوڵتنەکەیان بە بۆنەوە ناو ناوە "تکیە"، بەڵام کاتێ لە لاپەڕەکانی دواتردا چاوم بە وشەی فارسی"تکایا" کەوت زانیم هەموو خەیاڵێکم خاو بووە و ئەم "تکیە" هەمان برینە کۆنەکەیە. دواتر دیسان دەگەڕێمەوە سەر کێشەی تەکیە، بەڵام پێشتر پێویستە هەندێ خاڵ ڕوون بکەمەوە کە ڕەچاونەکردنیان لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە خەساری زۆری تووشی بوڵتنی سۆفیلکەکان کردووە.

وەرگێڕانی ناوونیشانی فیستیڤاڵەکە بە زمانی ئینگلیزی: لە ڕووبەرگەکەدا بە زمانی ئینگلیزی بەرانبەرێکیان بۆ "نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە" داناوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: THE STORY ٩ WRITING FESTIVAL OF BANE کە لە باتی چیرۆک storyیان داناوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ چیرۆک بەو مانایەی کە لەم فیستیڤاڵەدا لەبەر چاوە fiction دادەندرێت.

Story مانای گشتی هەیە و بە گشتی بە هەموو جۆرە گێڕانەوەیەک دەوترێت و بە زۆری هەڵگری دۆخێکی زارەکییە بۆ گێڕانەوە و بۆ چیرۆک بە مانا تایبەتییەکە، واتە ئەو بابەتانەی کالڤینۆ و فاکنێر و .... دەیاننووسن وشەی fiction بەکار دەهێنن کە بە زۆری هەڵگری باری نڤیسارییە. بە زمانێکی تر کاتێک دوو ئینگلیزی

زمان لە قاوەخانەیەک پێکەوە دادەنیشن و قسە دەکەن قەت یەکیان بە ئەوی تر بۆ ئەوەی داوای لێ بکات قسەیەکی بۆ بگێڕێتەوە لە وشەی fiction کەڵک وەرناگرێ، بەڵکو ئەگەر بێتو وشەیەک لەم کاتەدا بە مانای چیرۆک بەکار بێنێت لە story یان event کەڵک وەردەگرێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی story لەگەڵ event بە مانای ڕووداو، هاوکێشن، بەڵام fiction دەکرێت چیرۆکێک بێت کە هیچ ڕووداوێکی تێدا نەبێت، کە ئەمەش قەت لە ئاستی پاپیۆلاردا ڕوو نادات. دیارە برادەرانی بەڕێوەبەر ئاگاداری ئەم بابەتانە نەبوون، ئەڵبەت بەڕای من جێگەی گلەیی نین، چونکە گرنگترین شت لای ئەوان گوێرایەڵ بوونی خەلیفەیە و نەپرسینی پرسیارەکانە. کەواتە کوا بەسەر خوێندن و ئیشوکاری هزری و ڕووناکبیری دەپەرژێن!؟!

کێشەی وەرگێڕان هەر بە ئینگلیزی و کوردییەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو لە کەلێن و قوژبنی "تەکیە"دا هەڵەی فارسی بە کوردیشی تێدایە. بۆ نموونە:

"ڕاویان تکیە مادری"، یان کردووە بە " بگێڕەکانی تەکیە دایکی" . "بگێڕ" کە نازانم لە کوێوە هێناویانە بنیادەکەی دەگەڕێتەوە سەر "گێڕان" و " گەڕاندن" دەکرێ بڵێین "بگێڕ" واتە کەسێک کە شتێک دەگێڕێ وەکو ئاش. ئەوەی کە ئەو برادەرانە دەیانەوێت وشەی "بگێڕەوە"یە کە تا ئەو جێگەیە من ئاگادار بم لە فیستیڤاڵی شەشەمدا بە تێروتەسەلی قسەی لێکرا. ئەم هەڵەیەیان بەڕاستی جێگای لێبوردن نییە چون ئەمەیان زۆر پێویستی بە خوێندەواری نییە، زمانی زگماکیمانە و ئابڕووچوونە نەیزانین، یان هەڵەیەکی زۆر پێکەنیندار، وەرگێڕانی وشەی "لبخند" بۆ سەر" پێکەنین". تا ئەو جێگە من بزانم "لبخند"ی فارسی دەبێتە "زەردەخەنە"ی کوردی. ئەڵبەت دەشێت لە تەکیە و خانەقاکانی بانە کاتێک پاپای پیر زەردەخەنەیەک بۆ موریدە چاوبەستەکانی دەکات بە "عەمر و قورەتی ئەو خوا" وەک پێکەنین و حیلکە و قاقا و شتی وا " جیلوە" دەکات.

لە پاڵ هەموو ئەم بابەتانەدا ئەو شتەی کە منی هان دا ئەم بابەتە بنووسم پێوەندی نێوان تەکیە و خانەقا و نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی بانەیە.

ئەوەندەی کە فەرهەنگی خەلافەت و شێخایەتی و خانەقا بە درێژەی مێژوومان تووشی خەساری کردووین و هێزە ئینسانییەکانمانی لە پێناو بۆشاییدا خەساندووە، هیچ فەرهەنگێکی دەرەکی هێرشبەر بەو ڕادە نەیچەوساندووینەوە و دوای نەخستووین.

ڕەنگە تا چەند ساڵ لەمەوبەر بە پاساوی ئەوەی کە دەلاقەکانی جیهانی دەرەوەمان لەسەر داخراوە و دەیان هۆکاری دیکە، هیچ ڕەخنەیەک بەرەو ڕووی گەنج و لاوی کورد نەدەبۆوە بۆ ئاگادار نەبوون لەو ئەلتەرناتیڤە فیکرییانەی پتر لە چوار سەدەیە مرۆڤی ڕۆژئاوایان لە بەند ڕزگار کردووە، بەڵام ئەمرۆکە دواکەوتوویی فیکری و سەلەفییەت، ئەویش بۆ لاوێکی کورد لەم فەزا بێ سنوورەی ئەمڕۆ خەسارێکی گەورەیە کە بە هیچ شتێک داناپۆشرێت.

شانازی ئێمەی کورد بەردەوام ئەوە بووە کە شوناسی نەتەوەییمان پتر لە هەر شتێکی تر لە لا گرنگ بووە. ئێمە بەر لەوەی جوولەکە و مەسیحی و موسوڵمان بین کورد بووین. لەم پێناوەدا قوربانی بووین و هەوڵمان داوە. شایەت حاڵم، گەورە پیاوانێکی وەکو نالی و وەفایی و ....تاد کە لە دژوارترین قۆناغە مێژووییەکانماندا بە کوردی دەیاننووسی و بیریان دەکردەوە. (بگرە حوجرە زۆر زیاتر خزمەتی بە کورد کردووە تا پیاوانی تەکیە، کە بە درێژەی مێژوومان کپ و بێ دەنگ بوون. ڕەنگە ئەگەر ناویان بنایەت "حوجرەی٩ زۆر زیاتر ڕێی تێدەچوو.") بەشێکی هەرە گەورەی خەسار و قوربانیمان لە لایەن ئەو دوکان و بازاڕەوە لێکەوتۆتەوە کە بە ناوی " تەکیە" و " خانەقا" و شتی وا سەدان ساڵە گیرفانی فیکری و ئابووری ئەم نەتەوە بەتاڵ دەکەن. ئامرازیشیان تەنیا گەنج و لاوی نائاگا و نەخوێندەوارە کە هیچ پرەنسیپێکیان بۆ ژیان نییە.

خۆشەویستانی بەڕێوەبەر تا هەر کات پێیان خۆش بێت لە ژیانی تاکەکەسی خۆیاندا دەتوانن خزمەتگوزاری تەکیە و خەلیفەکانی بانە بکەن، بەڵام مافی ئەوەیان نییە کولتوور و ئەدەبی کورد بۆ ئەو پیاوانە داگیرکەن کە تەنیا ئیشیان وەهماوی کردنی ژیانی خەڵکە. هەموو پیاوانی تەکیە و خانەقاکانی مێژوو کۆ بکەنەوە پێکەوە ناتوانن "مەقەست"ێک ساز بکەن، چونکە فەرهەنگی ئەوان هیچ لە پراکتیک و سازکردن نازانێ و تەنیا کارکردی، مرۆڤ دەخەسێنێ.

ناوونیشانی تەکیە بۆ نۆیەمین فیستیڤاڵی چیرۆکی

بانە دزییەکی ئاشکرایە بە قازانجی گیرفانی سۆفی و دەروێش و خەلیفەی بانە، کە ناوی خۆشیان بە کوردی نازانن بنووسن و تا ئێستاش هیچ داهاتێکیان بۆ ئەدەبی کورد نەبووە کە شانازی فیستیڤاڵیان هەروا بە خۆڕایی پێ ببەخشرێ. ئەڵبەت بە بوڵتنەکەدا دیارە کە برادەرانی بەڕێوەبەر لەوان باشتر نین. (جاران تاک و تەرا کە دەمانبیستەوە ئەنجوومەنی ئەدەبی بانە بۆتە مەکۆی "سۆفیلکەکان". کورەکان بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیشوکاری ئەنجوومەن و فیستیڤاڵ دەچن خەلیفە کتێبیان بۆ بگرێتەوە و "استخارە"یان بۆ بکات و ئەنجوومەن بووە بە لقی دووەمی تەکیەی بابای پیر، بڕوامان نەدەکرد، بەڵام وا دەردەکەوێت پێوەندییە فەرهەنگییەکانیان لەوە قووڵترە.)

لە کولتووری تەکیەدا کە بنەماکەی لەسەر ئاستی شوێنکەوتوویی و تەسلیم بوون دامەزراوە، ڕەخنە شوێنێکی نییە، ئەمە پێچەوانەی جیهانی ئازاد و مرۆڤ تەوەری چیرۆکە کە بنیادی لەسەر ڕەخنە دانراوە. (نازانم بە پێی چ پرەنسیپێک بەشێکیان بە ناوی"ڕەخنە" لە فیستیڤاڵی "تەکیە"دا دابین کردووە.)

ئەوانەی کە نازانن فەرهەنگی چیرۆک هەڵگری کام بەها و بایەخە دەست لە قەڵەم نەدەن، چونکە بەر لە هەر کەسێک ئابڕووی خۆیانی پێ دەچێت.

نووسین لە جیهانی ئەمڕۆدا وەک پرۆسەیەکی ئاگایانە و هۆشیار هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، دیارە بۆ کەسێک نابێت کە بەردەوام لە خەون و خەلسە و وەهمدا دەژی.

ئەگەر لای ژۆرژ باتای، زمان تاقانە بەختی مرۆڤە لە جیهاندا، بۆ ئێمەی کوردیش چیرۆک تاقانە دەرفەتە بۆ پڕکردنەوەی ئەو شەقارە گەورە کە لە نێوان ئێمە و ڕۆژئاوادایە. چیرۆک ئێستا تەنیا فەزایەکە کە ئێمە دەتوانین سابجێکت بوونی خۆمانی تێیدا دەربڕین. ئەم فەزا ژووری تاکەکەسی هەمووومانە و کەس بۆی نییە لە ڕێگەی هیچ ناوونیشانێکەوە بە ئەندێشەیەکی ترەوە پەیوەستی کات.

ڕەنگە بەڕێزانی بەڕێوەبەر، یان نازانن بەڕاست چیرۆک لەسەر کام بنەما هزری و فەلسەفیانە دامەزراوە و لە ڕووی نائاگاییەکی نەخوێندەوارانەوە ئەم هەڵە گەورەیان کردووە کە لەم حاڵەتەدا پێشنیار دەکەم تا بردنە سەرەوەی ئاستی خوێندەواریان ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی وەلا نێن، یان ئاگایانە ئەم کارەیان کردووە و پێویست دەکات هۆشیار ببنەوە ئەوان خاوەنی ئەم فەزایە نین و ئاراستە کردنی ئاستێکی تایبەت بۆ فیستیڤاڵ لەگەڵ دزی کردنی هزری و ئەدەبی و ئابووری لە فیستیڤاڵ هیچ جیاوازییەکی نییە.

خەسارێکی گەورە کە ئەم بوڵتنە تووشی فیستیڤاڵی دەکات دوورخستنەوەی نووسەران و بیرمەندانێکە کە وەک بەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵ بیر ناکەنەوە. هەر ئەمەش لە درێژخایەندا فیستیڤاڵ تووشی چۆڵی و ناکارامەیی دەکات و دەشێت ئەم چۆڕاوگەشمان لێ ببڕێت.

خۆشەویستانی بەڕێوەبەر! ئێوە لە فیستیڤاڵدا نوێنەری کەس نین، بۆیە ناتوانن بۆ هیچ لایەنێک بڕیار بدەن. ئێوەش وەکو هەموو بەشدارانی تر تەنیا دەتوانن لە چوارچێوەی نووسیندا بیروڕاتان ئاراستە بکەن، نەک ئەوەی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەر بوون بە خراپی کەڵک وەربگرن و بیکەن بە دوکانی خۆتان و ناڕاستەوخۆ ئامانجەکانی سۆفیگەری بەزەبر و زۆر بئاخنە فیستیڤاڵەکەوە. تەکیە و شێخ هەر ئێوەی بەردەکەوێت و فیستیڤاڵیش موڵکی خەڵکە و بە قازانجی کەس داگیری مەکەن.

# جۆرج بێرکلی: بوون پەی پێ بردنە!

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی**

لە مێژووی فرە ڕەنگ و بەبژوێنی فەلسەفەدا، لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنە نەسرەوتەکەیدا، ناوێک بە تایبەتی دەدرەوشێتەوە و ئارێ، یان بەشێوازێکی نارێ سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەگەر ئەو سەرنجراکێشانە سیمبۆلیک بووبێ، ناوەرۆکی ئەو بابەتەی فەلسەفەی ئەو ناوەی بەرجەستە کردبێ، لە دوو لای لە یەکتری جیاوازەوە ڕەنگی داوەتەوە:

**یەکەم:** بەدەگمەن توانراوە بەشێوازێکی بابەتی- بێ لایەنانە فەلسەفەکەی بە تایبەتی و جیهاندیدەکەی بەگشتی قسەی لێ کرابێ و خرابێتە بەرچاو. لە کاتێکدا هەندێک هزرمەند بە چاوی ڕێزەوە تەماشایان کردووە و بە ڕابەرێکی سەردەمی خۆیان داناوە، کەسانی دیکە بە تەواوەتی بەپێچەوانەوە هەڵیان سەنگاندووە و ئەگەر جۆرە گۆڕانێکیان لە ناوەرۆکی بابەتەکەیدا دیتبێ وایان داناوە کە بەرەو دواوە بووە نەک گۆڕانی بەرەوپێش!!

**دووەم:** فەلسەفەکەی تارادەیەک تەمومژاوی کراوە، بەوەی لێکدانەوەی جیاوازی لە سۆنگەی جیاوە بۆ کراوە بەبێ ئەوەی ئەو هەلومەرجە جۆراوجۆرانە لەبەرچاو بگیرێن کە ڕەنگی جیهاندیدی ئەو فەیلەسوفەیان ڕشتووە. فەیلەسووف و لاهووتی و ڕابەری کڵێسەی مەسیحی ئیرلەندەیی جۆرج بێرکلی (١٦٨٥- ١٧٥٣ز) کە بابەتی ئەو نووسینەیە ئەو ناوە ناودارە بووە کە هەوڵدراوە بەو مەرەیە ببردرێ. سیاسەتمەدار و ڕابەر و سەرکردەی ڕوس ڤلادیمیر ئیلیچ لینین لە چەند نووسینێکدا بێ بەزەییانە بە ناهەق هێرشێکی ناڕەوای کردۆتە سەر بێرکلی و تۆمەتی وای داوەتە پاڵ و شتی وای خستۆتە پارسەنگەوە تا ئەوپەڕی لە گیانی زانستی و فەلسەفەوە دوورن و بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پاساو نادرێن.

به پێچەوانەوە بێرکلی لەلای زانا و فەیلەسووفی نەمسایی ئێرنست ماخ (١٨٣٨- ١٩١٦ز) و لەلای ڕابەری فەلسەفەی ئیمپریزمی ڕەخنەیی ڕیچارد ئەڤێناریۆس (١٨٤٣- ١٨٩٦ز) بەوپەڕی ڕێزەوە تەماشا کراوە، بگرە هەردووکیان دانیان پێداناوە کە کۆششی پەرەپێدانی بنەما فەلسەفەییەکەی ئەو فەیلەسووفەیان کردووە.

بێرکلی چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە ئەوانە گرینگترینیانن:

– تیۆرییەکی نوێ دەربارەی دیتن (١٧٠٩ز).
– لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بنەماکانی زانینی مرۆڤ (١٧١٠ز)
– سێ دیالۆگ لەنێوان هیلاس و فیلۆنویس (١٧١٣ز)

بێرکلی لە بەرهەمەکانیدا کە ڕەنگی جیهاندیدێکی ڕەنگینی ڕشتووە، بە تێکڕایی هەردووک ڕێبازی ئایدیالیزمی پێش خۆی و ئەزموونی ئینگلیزی بە تایبەتی هی جۆن لۆکی تێکەڵی یەکتری کردووە و ڕێبازی ناسراو بە ئایدیالیزمی خۆیی لێکەوتۆتەوە. لەو ڕێبازەدا بابەتی ڕەب بووە بەسەر پشک و سەرچاوە، لقەکانی زانین و ئاکار و ئایین لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بێرکلی لە بەرهەمەکانیدا جگە لەوەی ڕەخنەی لە جۆن لۆک گرتووە، کۆشاوە پەرە بەڕێبازی ئیمپریزم بدات، بۆ ئەو مەبەستە لای لەو بابەتانە کردۆتەوە و بەپێی ئەو بنەمایانەی بڕوای پێیان هەبووە بەهۆیانەوە ڕەنگی جیهاندیدە ئیدیالیستییەکەی خۆی ڕشتووە و ناو و ناوبانگی هەتاهەتایی بۆ تۆمار کردووە:

– تیۆری دیتن. چۆن مرۆڤ شت دەبینێ.
– بوون پەی پێ بردنە (تیۆری زانین) Esse est Per-cipi
– نابوونی گەوهەری مەتریالی (ماددی) immeter ialismus
– بابەت و بنەماکانی ئاکار.
– بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب.
– فەلسەفەی ئایین.
– میتافیزیک.
– فەلسەفەی سروشت.

بەلای بێرکلی مێشک و هەستەکان پێکەوە کاردەکەن و لەو هاوکارییەیان پرۆسەی شت زانین دەکەوێتەوە. بابەتێک دەکرێ پێی بگوترێ هەیە، بوونی هەیە ئەگەر بێتو بە شێوازێک لە شێوازەکان پەی بەبوونی ببرێت. ئەوەی پێی دەگوترێ شت، شمەک، بابەت لە چەند پێوەندییەکی پەی پێ بردن بەولاوە نییە و ناکرێ لەو خۆیەی دەیزانێ و پەی پێ دەبات سەربەخۆ بێت! ئەوی هەڵکەوت و ڕاستەقینەیە بیرۆکەکانن. شت، بابەت کۆی هەست پێ کردن و بیرۆکەکانن، ئەوانەش ئەوەندەی بزانرێن و پەیان پێ ببرێت لە مێشکدان. ئەگەر بشێ بە دوو ڕستە پێناسەی جیهاندیدەکەی بێرکلی بکرێت، دەکرێ بوترێ کە لەو دوو خاڵە پێکهاتووە:

– بوون لە پەی پێ بردن بەولاوە نییە.
– گەوهەری ماددە- کەرەسە بە چەمک و بوونەوە، بوونی ڕاستەقینەی نییە!

چۆن بێرکلی توانیویەتی ئەو خاڵە- تیۆرییە ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە؟ ئەو هەلومەرجانە کامانە بوون کە ڕێگایان بەرەو ئامانجەکە بۆ خۆش کردووە؟

**تیۆری زانین:**

١- بێرکلی بەگشتی چۆن سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لەلایەن فەیلەسووف و مێژوونووسانی فەلسەفەوە ستایش کراوە و ڕێزی لێنراوە، بەهەمان شێوە ئەو ئامانجە چاوەڕوان نەکراوانەی لە جیهاندیدە فەلسەفییەکەی کەوتوونەتەوە ئەگەر ئەو ستایشەیان کاڵ نەکردبێتەوە، ئەوە ڕەوشەکەیان بەرەو ئاسایی بردۆتەوە.

بێرکلی پردە بازی پەڕینەوە بووە لە جۆن لۆکەوە بەرەو هیوم. خۆشی لە فەلسەفەکەیدا ئایدیالیستە، ئەگەر گریمانە و ئەنجامی توێژینەوەکانی بە تەواوەتی لەبەرچاو بگیرێن. ئایدیالیزم خۆی لە خۆیدا ڕێبازێکی سەرەکی فەلسەفە بەگشتی و تیۆری زانینە بە تایبەتی.

ئایدیالیزم لە وشەی Idea کە واتای نموونە دەگەیەنێ کەوتۆتەوە، بەکارهێنانی ئەو وشەیە بۆ یەکەم جار لە تیۆری ئایدیای ئەفلاتووندا بووە. ئەو گۆڕانانەی بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە بەسەر ئەو وشە و ڕێبازەدا هاتووە لەجۆر و واتا و دەلالەتدا پرێشکی بەرکەوتووە. ئایدیالیزم بەگشتی ئەوە دەگەیەنێ- بە تێکڕایی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی قۆناغە جیاجیاکان و ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەوە هەیە کە لێرەدا قسەی لێوە دەکرێ- لە بوونەوەری هزرمەند، لە گەوهەری بیرکەرەوە بەولاوە نییە! شتەکانی دیکە کە ئێمە لەو باوەڕەداین لە

جیهـاندیددا بە هەست و تێبینی پەیان پێدەبەین، لە بۆچوونی گەوهەری بیرکـەرەوە بەولاوە هیـچی تر نین و لەبەرانبــــــەریاندا- لە دەرەوەیاندا هیچ بابەت و کەرەسـەیەک کـە لەگەڵیاندا بێتـەوە و بگونجێ بوونی نییە!.

(لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە) بەگشتی سێ جۆر ئایدیالیزم هەیە:

- ئایدیالیزمی خوێتی: بێرکلی.
- ئایدیالیزمی ترانسندێنتالی (ئیمانۆیل کانت).
- ئایدیالیـزمی ڕەها (گـیـۆرگ ڤیلهـێلم فـریدریش هیگڵ).

لەو ڕێبـازەدا، ئەگەر بەشە هەندەکییـەکانی پشتگوێ بخرێن کە لە یەکتری جیایان دەکاتەوە و بە تێکڕایی باس بکرێت، هۆش Bewusstsein، خۆمی تایبـەتی و ئینجا گەوهەری گـیـانی- هزری دیکە، هەست و سۆز، تێبینی و بۆچوونەکـانی(١) وەبیـرهاتنەوە و یاد، هێزی ئەندێشە ئەوانەن کـە بوونیـان هەیە و دان بە بوونیـاندا دەنرێت. بە بۆچوونی من ئەو پرسیارەی کە کراوە، گوایە کامیان لە پێشەوە دێت، کامیان بنەما و بنەڕەتن، گیان، یان ماددە- کەرەسە- پرسیارێکە ئەگەر ئەوپەڕی سادە و سـاکـار نەبێ، بە هیچ جۆرێک ناچێـتـە خـانەی بابەتی فرەڕەنگی فەلسەفەوە، جگە لەوەی ئەوی کردوویەتی هەر لە سـەرەتاوە مـەبەست و نیـازێکی هەبووە پتـر بەلای سیاسەتدا چووە و ویستـوویەتی جیهـاندیدێک پاساو بداتەوە!

٢- ڕاستـیـیـەکی گومـانهـەڵنەگرە لە زمـان بەولاوە ئامـرازێکی دیکە لە ئارادا نیـیـە بە دەنگ و وشـە و سیـمبـۆل ئەوەندەی لەتواناادا هەیە زانین دەربـبڕدرێ، هەر خۆشی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا کە قسەی پێدەکەن و پێی دەدوێن، پردی پێـوەندی و لە یەکـتـری گـەیشتن هەڵدەبەسـتێ، بەلام هەر پێکهـاتەی زمـانەکـە خـۆی گەورەترین هۆکاری بە هەڵە لە یەکتری گەیشتنە، ئەگەر ئەو ڕەوشـە لە ژیانی ڕۆژانەی مـرۆڤی ئاسـایی لەنێـو کـۆمـەڵگادا هەست پێ بکرێت، ئەوە فـەیلەسـووف و هزرمەندانی بەو مەرەیە بردووە کە بکەونە هەڵەی سەرنج ڕاکێشەوە، بەتایبەتی هەڵەی بڕوا بوون بە بیرۆکە و دەربڕ و دەستەواژەی گشتی و هەمەکی و پەتی- ئەبستراکت. بێرکلی هەر لە سەرەتاوە کە قسەی لە فەلسـەفەی جۆن لۆک کـردووە هەسـتی بەو لایەنە گـرنگە کـردووە. لە شـاکـاری توێژینەوەیەک دەربارەی بنەمـاکـانی زانینی مرۆڤدا گوتوویەتی:



**جۆرج بێرکلی**

کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە وشەکان ئەوپەڕی و لە ڕادەبەدەر سـوودیان هەیە، چونکە ئەوان گـەنجینەی زانین کە بەهۆی کۆی کۆششی مێشکە، سەرگەرمی شت زانینەکانی هەموو سەردەمەکان و گەلانەوە کۆبۆتەوە و بۆ تاکەکانیـان ئاشکرا و ڕوون کـردۆتەوە و خـسـتـوویانەتە بەردەستیـان، هەروەها لەگەڵ ئەو لایەنەدا کـەمـتر دەکرێ دانی پێـدانەنرێ کــە بەهۆی چەوتی بەکــارهێنانی وشەکانەوە بەشێکی فرەی زانینمان و فۆرمە گشتـییـە هەمـەکـیـیـەکـانی دەربڕین کـە ئەو زانینەیان بۆ هێشـتـووینەتەوە شێـوێنراوە و بە بیـانی و تەمـومژاوی کـراوە(٢). ئەو قـسـەیە، ئەوەندەی پێـوەندی بە بابەتی ئێمەوە، بە تیـوری زانینەوە هەیە، دەکرێ چەند خاڵێکی لێ بخرێتەوە:

**یەکەم:** ڕەخنەیەکی توند لە زمـان گیراوە، کە لە سەدەی بیسـتـەم بۆتە کەرەسەی سـەرەکی فەلسـەفـەی شیکاری، لێـرەدا مـەبەست لە ڕەخنەکـردنی بابەتی تیـوری زانینی هەستەکییەو بە تایبەتی بۆچوونەکانی جۆن لۆک دەربارەی جۆری بیرۆکـە و دەسـتـەواژە و خـەسـڵـەتی کـەرەسـەکـانی دەوروبەر کە کەرەسە و داتای هەستەکانن.

**دووەم:** بەو جـۆرە تەمـاشـای زمـان نەکـراوە کـە هیـچی دیکە سـترۆکـتـۆر و بنەمای لێکدانەوە و ڕوون کردنەوەی بنەمــــای زانین بێت، بەڵکو بووە بە ئامــــرازێک بۆ شێواندنی فۆرمە ڕاستەقینەکەی بوون(٣).

لەو ڕوانگەیەوە بێرکلی جیهـاندیدەکەی جۆن لۆکی شی کـردۆتەوە و ڕەخنەی لێگرتووە لە ئەنجـامـدا دوو خـاڵ-

بیرۆکەی پشت ڕاست کردۆتەوە و پێی لەسەر ڕاستی و دروستییان داگرتووە:

**یەکەم:** بوون لە پەی پێ بردن بەولاوە نییە.

**دووەم:** ئەوی بڕوای بە بوونی گەوهەری ماددەیی هەیە، بەهۆی زمانەوە ئەو بەو مەرەیە چووە و کەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە. ئەو تەفرەچوون و کەوتنە هەڵەوە، بەو جۆرە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە:

– بیرۆکەکان (ئایدیاکان) کاتێک بوونیان دەبێ، ئەگەر هەستیان پێ کرا.

– خەسڵەتە بەرهەستییەکان (کەرەسە، بابەت) لەکۆیەکی پێکهاتەی هەستەکان، یان ئایدیایەکانی بەولاوە نین.

– ئەو خەسڵەتە بەرهەستییانە کاتێک بوونیان دەبێ ئەگەر هاتو بە هەست پەیان پێ برا.

– لەشەکان، کەرەسە و بابەتەکان تەنیا بوونیان هەر لە مێشکدا هەیە(٤) لەو چوارخاڵەدا دوو دەڤەر، دووکایە، دووجیهان گریمانە کراوە، جیهانی پەی پێ بردن و جیهانی بابەتی (شمەک و کەرەسە و ماددەی دەوروبەر) یەکەمیان دووپات کراوەتەوە و دووەمیان هەر نەبێ نیشانی گومان و پرسیاری لەبەردەمدا قووت کراوەتەوە و بە پاشکۆ و پابەندی جیهانی یەکەم کراوە.

٣- بەلای بێرکلی بەکارهێنانی زمان وای کردووە وا بڕوا بکرێ کە لە توانادا هەبێ بیرۆکەی هەمەکی- گشتی پەتی- ئەبستراکت- ڕۆبنرێ. دەکرێ بیرۆکەی گشتی هەبێ، بەڵام نەک(٥) ئەبستراکت بێ. ئەو بیرۆکانە ناون و بەهۆی زمانەوە کەوتوونەتەوە. مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە شت دەزانێ و پەیان پێ دەبات و بۆچوون لە مێشک و ناخیدا دروست دەبێ، بەڵام ئەو بۆچوونانە هەمیشە دەربڕی ڕەوشی تاک و هەندەکین، ئەگەرچی وا دەربکەوێ و مرۆڤ وابزانێ کە دەربڕی ئەرکێکی هەمەکین! ناکرێ باسی بزووتنەوە بەگشتی بکرێت ئەگەر شتی تاک کە ببزوێ، خێرا بێ، یان لەسەرخۆ، بە بیردا نەیێت. هەمەکی- گشتی Allgemeinheit ئەوەندەی مرۆڤ تێی بگات نە لە گەوهەری پۆزەتیڤی ڕەهادا و نە لە چەمکی شتێکدا هەیە، بەڵکو لەو پێوەندییەدا هەیە کە بە شتە تاکەکانەوە هەیەتی کە نیشانیان دەدات، یان دەیاننوێنێ، بەو پێ و شێوازە شمەک و شتەکان، ناوەکان، یان چەمکەکان کە سروشت ئاسا تاک و هەندەکین، دەبن بەگشتی- هەمەکی(٦).

– چەمکی کەرەسەش – گەوهەری ماددە- -mate rieller-Substanz لەلای خۆیەوە هەمان شت دەیگرێتەوە، بۆ نموونە چەمکی بوون. دەبێ ئەو وشە چی بگەیەنێ؟ چۆن ڕۆنرابێ؟ بێرکلی لە تێکستێکدا کە پوختەی فەلسەفەکەی بەرجەستە کردووە گوتوویەتی: چەمکی دەربڕی بوون، ئەگەر بۆ شمەکە بەرهەستییەکان بەکاربێت چی دەگەیەنێ: ئەو مێزەی من شتی لەسەر دەنووسم، دەڵێم: ئەو بوونی هەیە، واتە من دەیبینم و دەستی لێدەدەم. خۆ ئەگەر لەو ژوورەم بچمە دەرێ، ئەوە ئەو بڕیارەی دام کە گوتم؛ ئەو بوونی هەیە: پڕ واتا دەبێ ئەگەر من لە ژوورەکەمدا بم بتوانم پەی پێ ببەم، یان ژیرێک- مێشکێکی دیکە لەوێ بێ و هەست بە بوونی بکات(٧). شتێک بوونی دەبێ ئەگەر هەستی پێ بکرێت. بۆنی گوڵێک کە بۆن بکرێت، دەنگێک ئەگەر ببیسترێ، ڕەنگێک ئەگەر بدیترێ بوونیان دەبێ. بوونی ڕەهای ئەو شمەکانەی پەیان پێ نابرێ و بەبێ پێوەندییان بەوەی هەستیان پێ بکرێت کە بوونیان هەیە، بەبیردا نایەت و ناگونجێ و تێی ناگەیشترێ، چونکە:

**– بوون ئەوەیە پەی پێ ببردرێ.** (هەمان پەرەگراف و لاپەڕە).

لە کردن نایەت و ناشێ شتێک لە دەرەوەی مێشک- ژیرێک، یان لە دەرەوەی بوونەوەرێکی بیرکەرەوە بوونی هەبێ!

ئەو قسەیە پوختەی جیهاندیدی بێرکلی دەربڕیوە. توندوتۆڵ بوونی بە پرۆسەی هەست- پەی پێ بردنەوە بەند کردووە، ئینجا ئەوەی دەرخستووە کە دەکرێ مرۆڤ دەستبەرداری بیرۆکە گشتییە هەمەکییەکان ببێ، چونکە ئەمانە لەناو بەولاوە هیچی دیکە نین.

کەوابوو هەموو ئەو شمەک و لەش و کەرەسانەی جیهانیان لێ پێکدێت لە دەرەوەی مێشکی مرۆڤدا بوونیان نییە! بوونیان ئەوەیە کە هەستیان پێ بکرێت، پەیان پێ ببرێ و بزانرێن.

٤- لە بەرانبەر ئەو ڕەخنانەی کاتی خۆی لەو جیهاندیدە گیراوە بێرکلی لە بارەیانەوە بە دوو شێواز بۆچوونی خۆی دەربڕیوە:

**یەکەم:** بوونی ئەو شتانە تەنیا هەر بە بۆچوون و پەی پێ بردن لەلایەن منەوە بەند نین. ئەگەر منیش نەبم یەکێکی تر پەیان پێدەبات، یان بۆچوونەکەیان لە مێشک و هزری ڕەبدا دەبێ.

**دووەم:** بە بێ ژێر شمەکە ماددەییەکان بوونیان نابێ، چونکە تا ئێستا خەسڵەتەکان کراون بە دوو بەشەوە:

- خەسڵەتی بنەڕەتی: درێژبوونەوە، کشان، ڕوخسار، بزووتنەوە، ژمارە.
- خەسڵەتی پلەی دووەم: ڕەنگ، بۆن، دەنگ، گەرم، سارد.

جۆری یەکەمیان لە شمەکەکاندا هەن و ئەو شمەکانە بەبێ ئەوان ناکرێ بوونیان هەبێ و وێنا بکرێت.

دووەمیان لە شمەکە ماددەییەکاندا نین، بەڵکو بوونیان بە هەست پێ کردنیانەوە بەندە. ئەو جۆرە دابەشکردن و لێک جیاکردنەوەیە بەهیچ بنەمایەک پشت ئەستوور نییە و ساغ ناکرێتەوە(٨)، چۆن دەکرێ دوو جۆرە خەسڵەتی شت یەکێکیان لە شتەکاندا و ئەوانی تر لە هەستدا هەبن؟! جۆری یەکەم ناکرێ لە جۆری دووەم داببڕێ و جیا بکرێتەوە، چونکە هەردوو جۆرەکە خەسڵەتی یەک شتن، بۆیە دەبێ خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیش لەو جێگایە بن کە ئەوانی تری لێیە، جێگای هەردوو جۆریان ژیر و هۆش و گیانی مرۆڤە.!

**سێیەم:** هەندێک فەیلەسووف بەگشتی- بە بۆچوونی بێرکلی- وایان داناوە کە خەسڵەتە بەرهەستییەکان لە بنەیەکدان کە گەوهەرێکی کشاوی درێژ بووەوەی هەست پێ نەکراوی پەی پێ نەبراوە کە ئەوان بە ماددە ناویان بردووە. ئەوان مانەوە و بوونێکی سروشتیان بەو گەوهەرە بەخشیوە کە لە دەرەوەی هەموو بوونەوەرێکی بیرکەرەوەدایە- بوونێک پابەندی پەی پێ بردن نەبێت لەلایەن ژیرێکەوە، ئیتر هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ژیرە نەمرە هی داهێنەریش(٩) بێت کە ڕەب خوێبەتی... بەڵام بابەتەکە لێرەدا ئەوە نییە ئایا شمەکەکانی دەرەوەمان بوونێکی ڕاستەقینەیان لە دەرەوەی ژیر- مێشکی کەسێکدا هەیە، یان نا؟ بەڵکو ئایا ئەوان بوونێکی ڕەها- لە ڕادەبەدەریان هەیە، جیاواز بێ لەوەی بە بیری ڕەبدا بێت، یان لە دەرەوەی هەموو مێشک و هزر و ژیرێکدا بێ، یان نا؟

مرۆڤ کە پەی بە بابەتێک نابات و هەست بەبوونی ناکات، مێشکی تر هەیە پەی بە بوونەکەی دەبەن. بۆچوون هەیە، بەڵام بۆچوونەکان هەمیشە هەر تاک و هەندەکین، هێز و توانای ئەندێشە و پەتی کردنە- ئەبستراکت- وا لە مرۆڤ دەکات بڕوای بە بوونی هەمەکی سەربەخۆ هەبێ.

**ڕەب و ئایین:**

١- بابەتی ڕەب و ئایین ئەو بابەتە سەرەکییە بووە کە لە هزری بێرکلیدا بایەخێکی فرەیان هەبووە و خۆشی کتێبی «توێژینەوەی بنەماکانی زانینی مرۆڤ»ی بەهەوڵێک داناوە گوایە بۆ پووچەڵکردنەوەی گومان و کوفر و بێ ئیمانی و داکۆکی کردن لە ئایین دراوە.

بێرکلی گوتوویەتی:

پیرۆزترین ئامانجی زانینمان دەکرێ لە دوا قۆناغیدا لەسەرنجدانی ڕەب و بیرکردنەوە لە ئۆباڵی ئەستۆمان بەولاوە شتێکی دیکە نەبێ. چوونە ژێر باری ئەو دووانە هاندەری سەرەکی و ئامانجی هەوڵ و کۆششەکانم بووە. من ئەو هەوڵ و کۆششەی خۆم بێ سوود و بێ ئەنجام دەبینم ئەگەر نەمتوانی بێ لەلای خوێنەرانم هەستی بوونی تێنەپەڕی ڕەب کارا بکەم و بەهۆی سەلمێنەوە ناڕاستی و هیچ و پووچی وردبوونەوە و ڕامانەکان کە بوون بە ئەرکی بنەڕەتی خوێنەران ساغ کردۆتەوە و هانیان بدەم بە ڕووی ڕاستییە پیرۆزەکانی ئینجیلدا بکرێنەوە و باوەشیان بۆ بگرنەوە(١٠)، زانینی ئەو ڕاستییانە و پەیرەوکردن و بەکارهێنانیان بەرزترین ئامانجێکە کە سروشتی مرۆڤ بیانگاتێ.

دەبێ ئەو ڕاستییانە کامانەبن کە لە ئینجیلدا هەن؟! بۆ دەبێ ڕامان و وردبوونەوەی هزرمەند و فەیلەسووفان بێ سوود و چەوت و هەڵەبن؟!

لەبەرهەمی سێ دیالۆگ لەنێوان هیلاس و فیلۆنووسدا جارێکی دیکە کۆشاوە ئەو قسانەی پێشتر دەربارەی تیوری زانین و بوون کردوونی پشت ڕاستیان بکاتەوە، ئینجا چۆتە سەر بابەتی ئایین و لاهووت و کاروباری ڕەب.

هیلاس مرۆڤێکی زانست پەروەرە، فیلۆنووس فەیلەسووفە و بیروبۆچوون و جیهاندیدی بێرکلی دەخاتە ڕوو. لە هەردوو دیالۆگی یەکەم و دووەمدا بوون بەگشتی و نابوونی گەوهەرێکی ماددەیی قسەیان لێکراوە، هیلاس لە سەرەتادا پرسیار دەکات و بیروڕای کەسانێک ئاگاداری فەلسەفەی بێرکلی بن دەخاتە ڕوو، ئینجا داوای ڕوونکردنەوە دەکات. دیالۆگەکان بە تێکڕایی بەشێوازی دیالۆگەکانی ئەفلاتوونی یۆنانی نووسراون.

لە هەردوو دیالۆگی یەکەم و دووەمدا فیلۆنووس ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوی ڕاستی و هەڵکەوت و ڕاستەقینەیە شتێکی گیانییە. مرۆڤ تەنیا پەی بە خەسڵەتەکان دەبات نەک شمەکەکان. هەست و پەی پێ بردن هەلومەرجی بوونی خەسڵەتەکانن(١١)، واتە مرۆڤ پەی بە شمەکە ماددیی و کەرسەکان نابات، بەڵکو

خەسڵەتەکان، ڕەنگ، دەنگ، گەرم، ساردی دەزانێ و هەستیان پێ دەکات، بۆیە بوون لە پەی پێ بردن بەولاوە نییە.

٢- دەربارەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب بە بەڵگەی فەلسەفە، ئەوی لەو بارەیەوە هەستی پێ دەکرێ و سەرنج ڕادەکێشێ ئەو بەڵگانەی هاتوونەوە کەمتر سروشتی فەلسەفە و ژێریان پێوە دیارە، بەڵکو قسەیە بۆ کەسانێک کراوە کە هەر لە سەرەتادا بڕوا و ئیمانیان بە ئایینی مەسیحی و ئینجیل هەبووە. کاتێک ئەو بەڵگانە بایەخێکی فەلسەفەییان دەبێ و دەچنە خانەی ڕاستەقینەی بەڵگە هێنانەوە کە بە گریمانە دەست پێ بکەن و ئەنجامێکیان لێ بکەوێتەوە و بەبنەمای لۆژیک و ژێر پشت ئەستوور بن، ئەگەرنا لە قسەی مرۆڤی خاوەن بڕوا و ئیماندار بە بابەتێک کە لەسەرەتاوە تەمومژی گومان و ئەگەری لێ ڕەوانراوەتەوە، بەولاوە شتێکی تر نابێ. هیوم ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی، چەندە مرۆڤ لە شەقەی باڵی ئەندێشە (خەیاڵ) بدات و بەرەو ئاسمانی کەشکەلانی فەلەک بفرێ و بیربکاتەوە تاکە هەنگاوێک لەخودی خۆی دوور ناکەوێتەوە! لەوە دەچێ بێرکلی لەسەرەتاوە هەستی بەولایەنە کردبێ، بۆیە لە دیالۆگی دووەمدا هیلاسی هانیوەتە قسەکردن. لەوێدا گوتراوە:

- ئەو قسەیە لەوە بەولاوە نییە کە عیساییەکان بڕوا و ئیمانیان پێیەتی: ڕەبێک هەیە هەموو شتێک دەزانێ و تێیان دەگات.

- ڕاستە، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدایە:

مرۆڤی ئاسایی بە بڕوا و ئیماندار بە ئیمانەوە دەڵێ: ڕەب هەموو شتێک دەزانێ و هەستیان پێ دەکات و پەیان پێ دەبات، چونکە بڕوای بە بوونی ڕەبێک هەیە، بەڵام ئێمە بەپێچەوانەوە ڕاستەوخۆ و ناچارییانە بوونی ڕەبێک پشت ڕاست دەکەینەوە چونکە: هەموو شمەکە بەرهەستییەکان دەبێ هەر لەلایەن ئەوەوە پەیان پێ ببردرێ(١٢) بەپێی ئەو بەڵگەیەی بێرکلی: ڕەب بوونی هەیە، چونکە هەموو شتەکان دەزانێ و هەستیان پێ دەکات، کەوابوو شتە بەرهەستییەکان بوونیان بەڕاستی هەیە، چونکە ناچارییانە لەلایەن گیان- ژیرێکی بێ ڕادە و سنوورەوە پەیان پێ دەبردرێ، بۆیە ئەو گیانە بێ ڕادە و سنوورە کە ڕەببە بوونی هەیە.

- بەڵگەیەکی دیکە کە بێرکلی بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب پشتی پێ بەستووە هەبوونی نەزم و ڕێکوپێکی لە سروشتدا لەگەڵ بوونی تاکی سنووردار. بەلای بێرکلییەوە نەزم لە جیهاندا هەیە، ئێمە ناتوانین شمەکە لەشییەکان بەهۆی خۆیانەوە بزانین و پەیان پێ بەرین، بەڵکو بە هۆی گەوهەرێکەوە کە ڕەب بەرجەستە دەکەن دەیانزانین.... ئەگەر مرۆڤ سەرنجی دەوروبەری خۆی بدات، شتی تاک، سنووردار بەدی دەکات و ئەوانە لەلای خۆیانەوە دەلالەتی بوونی گیان و ژیری مرۆڤی تاکن، بەڵام ئێمە لە هەموو کات و سەردەم و جێگایەکدا، ئەوەندەی تەماشا بکەین و هێزی دیتنی چاو بڕ بکات بەڵگە بوونی ڕەببانییەت بەدی دەکەین (١٣) کەوابوو ڕەب هەیە.

ئەگەر ئەو قسەیە بە بەڵگە دابنرێ، دەبێ ڕووی گوفتار هەر لەسەرەتاوە لەو کەسانە بکات کە وەک بێرکلی بڕوایان بە کڵێسەی مەسیحی و ئایین و دۆگمەکانی هەیە. بوونی نەزم لە سروشتدا خۆی گریمانەیەکە پشت ڕاستکردنەوەی و پەسند نەکردنی وەک یەک بەرانبەرن. بۆ دەبێ گریمانەی ئەو نەزمە بابەتییە لە سروشتدا بکرێ و ئەوەی تر ڕاستتر نەبێ کە نەزم خۆی لە ژیر و مێشکی مرۆڤدا هەیە و مرۆڤ خۆی ئەو نەزمەی خستۆتە نێو سروشتەوە؟!

هیچ کەسێک گومانی لەوە نییە کە ڕاستە سروشت لەخۆیدا لە تابلۆیەکی ڕەنگین دەچێ و چەندین نیگاری دلڕفێن سەرنج ڕادەکێشن و چاوی مرۆڤ بە پەسند کردنەوە تەماشایان دەکات، بەڵام بۆچی بێرکلی لایەنەکەی دیکەی پشتگوێ خستووە. لایەنی نەخۆشی و سەریەشە و هەژاری و بەدبەختی؟ باشە ئەی ئەو لایەنە نالەبارەی سروشت چی ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە؟

**بنەماکانی ئاکار:**

١- بێرکلی کەشیشێکی کارای کڵێسەی مەسیحی بووە، تەنانەت پێش گیان دەرچوونەکەی- وەک سەرچاوەکان باسیان کردووە- ژنەکەی نامەیەکی پۆلسی پەیامبەری بۆ خوێندۆتەوە، بۆیە لە بابەتی ئاکاریشدا چاوەڕێ ناکرێ شتێکی نووسیبێ سنووری دابونەریتی فەرمی کڵێسەی ئایینەکەی خۆی بەزاندبێ، مەسیحییەت بە هەموو مەزهەبەکانییەوە ژیانی دنیا بەچاوی سووک سەرنج داوە و داوای لە لایەنگرانی کردووە دەستبەرداری ماڵ و سامانی دنیا بن و ڕێگای یەسووعی مەسیح بگرنە بەر! تەنانەت لە هەندێک مەزهەبیدا هانی ڕەبەنی و مێرد نەکردن دراوە. بایەخ نەدان بەکاروباری دنیا و کۆمەڵگا

بنەمایەکی گرینگی ئەو ئایینە بووە، بۆیە شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نەبووە کە بێرکلی داوای لە مەسیحییەکان کردبێ:

«نابێ بەهیچ جۆر و شێوازێک بەربەرەکانی و بەرهەڵستی و هێز و توندوتیژی دەسەڵاتی دەوڵەت بکەی.» (١٤). ئەو ئامۆژگارییە ئەو قسەیە دەهێنێتەوە یاد کە مەسیحییەکان بە زمانی یەسووعی مەسیحەوە دەیکەن گوایە وتبێتی:

ئەوی مولک و ماڵی قەیسەرە بیدەنەوە بەخۆی و مولک و مەملەکەتی ڕەبیش هی ڕەب خۆیەتی. ئەو قسەیە ڕاست بێ، یان ڕاست نەبێ جیاکردنەوەی دووڕەنگی دنیا و قۆناغی دوای دنیایە کە لە کڵێسەی مەسیحدا بە ژیانی ئاسمان لەلای ڕەب ناوبراوە. جگە لەوەی کەمکردنەوەیە لە بایەخی ژیانی سەر زەمین.

– بەلای بێرکلییەوە بڕوا هێنان بە بوونی ڕەب گرینگترین و پاکترین و پیرۆزترین بنەمایەکی ئاکارە کە دەکرێ قسەی لێ بکرێ و هەر لەو بنەمایەشەوە ئازادی مرۆڤ لە جیهاندا بەرجەستە دەبێ!

ئەو بڕیارە دوو خاڵ لە بەرگ و کاڵای دوو پرسیاردا دەورووژێنێ کە کێشەئاسا چارەسەرکردنیان وا سووک و ئاسان نییە.

یەکەم: بڕوا بوون بە ڕەب نەک هەر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بنەماکانی ئاکارەوە نییە، چونکە ئاکار و بڕوا و ئیمان و عەقیدە دوو شتی لە یەکتری جیاوازن. ئەو قسەیەی ئەو فەیلەسووفە بەزاندنی سنووری ئاکارە و تێکەڵکردنیەتی بە ئایین و بڕوا و باوەڕ.

بە بۆچوونی من ئەو بڕیارە تێکەڵاوکردنی بێ بنەما و بە ناهەقی دوو بابەتە کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی- پابەند بوون بەیەکترییەوە پێکەوەیان نابەستێتەوە. بوونی ئەو جۆرە پێوەندییە لاف لێدراوە- گریمان کراوەی نێوان ئایین و ئاکار پاکانەی بۆ ناکرێ و پاساو نادرێتەوە و بە هیچ جۆرە بنەمایەکی لۆژیک و ژیر پشت ئەستوور نییە. دەبێ بۆچی بڕوا بوون بە ڕەبی مەسیحی کە هێز و توانا و دەسەڵات بێ سنوور و لە ڕادەبەدەرێکی ترانسندێنتی سەروو سروشتە، دنیای داهێناوە، ژیانی بەخشیوە، جۆرە دابونەریت و ڕێسا و دەستوور و ڕێوشوێنێکی لێ بکەوێتەوە گوایە دەبێ مرۆڤ بەپێی ئەو جۆرە ڕێوشوێنە و ڕێسایەی لەو بڕوا و ئیمانە کەوتوونەتەوە بجووڵێتەوە و ڕەفتار بکات؟!

خستنەوەی ئازادی مرۆڤ وەک ئەنجامێک لە پێشەکی و گریمانەی بڕوا بوون بە بوونی ڕەب، هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە و بەهیچ پرۆسەیەکی لۆژیک ئەو ئەنجامە لەو پێشەکییە گریمانەکراوە ناکەوێتەوە. ئەو دوو جۆرە ئازادییە هیچ کاتێک لە یەک جۆر نین و پێکەوە نایەنەوە و لەگەڵ یەکتری ناگونجێن و هەڵناکەن. هەر لەسەردەمی زانستی کەلام و موعتەزیلەوە سەرنج بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشراوە. بوونی ئازادی مرۆڤ کە لە خواستی ئازادی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە لەگەڵ خواستی ئازادی لە ڕادە و سنووربەدەری ڕەب هەڵناکات! چونکە لەگەڵ لاسەنگ بوونی تای تەرازوو بەلای یەکێکیاندا پارسەنگی ئەوی دیکەیان سووک دەکات! بڕوا و باوەڕهێنان بە بنەمای ئایینێک بابەتی دەروونی و ناخ و دڵی مرۆڤەو بە هیچ جۆرێک پەکی لەسەر بەڵگەی ژیر و لۆژیک نەکەوتووە، بنەماکانی ئاکاریش وەک هەموو بابەتێکی دیکەی فەلسەفە بە بڕوا و باوەڕهێنان پشت ڕاست نابنەوە و بێ بڕوا و بێ ئیمانیش هیچیان لێ کاڵ ناکاتەوە.

هەڵوێستی بێرکلی بەرانبەر بوونی بەد و بەدکاری لە جیهان و ژیندا، ئەو پاساوەی داویەتییەوە و ئەو شرۆڤەی بۆی کردووە و ئۆباڵەکەی خستۆتە چ ئەستۆیەک جێگای ڕامان و سەرنجدانە.

٢- لە دیالۆگی سێیەمدا هیلاس ڕووی گوفتاری کردۆتە فیلۆنووس (کە بێرکلی) خۆیەتی و پێی دەڵێ:

«باشە تۆ نازانێ ئەگەر ڕەب بکەی بە داهێنەری هەموو قەوماو و ڕووداوەکانی سروشت هەر ڕەب خۆی دەکەی بە داهێنەری کوشتن و کوفر و ئیلحاد و بەدکاری و بێ بڕوایی Gotteslasterung و گوناح و تاوانی نابەجێ و ناحەزی تری وەک ئەمانە؟... لەوەڵامدا فیلۆنووس دەڵێ:

«من دواتر تێبینی دەکەم کە گوناح، یان بەدکاری، دزێوی لە کرداری دەرەکی لەش پێک نایەت، بەڵکو لە لادانێکی ناخ و ناوەکی خواست (ئیرادە) لە قانوونەکانی ژیر و ئایین دەکەوێتەوە (١٥)». بۆ نموونە، ئەوی ئەو بۆچوون و لێکدانەوەیە پشت ڕاست دەکاتەوە، لە جەنگدا کوشتنی سەربازی دوژمن، یان چوارمێخەکێشان، تیرباران کردن و لە سێدارەدانی تاوانبارێک کە دادگا بەپێی قانوون بڕیار و فرمانی مردنی بەسەردا داوە بە تاوان و بەدکاری دانانرێت، بۆیە ناکرێ ئۆباڵی بەدکاری، گوناح، دزێوی، بێ دادی بخرێتە ئەستۆی ڕەب.

ئەگەر مرۆڤ لە جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی بێرکلی بەگشتی و لە بابەتی ئاکارەکەی بە تایبەتی وردبێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو جیهاندیدە ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا فەلسەفەیە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی مەسیحی لاهووتی دامەزراوە و گەشەی کردووە.

بابەتی ئاکار و لاهووت ئەگەر لە سۆنگەیەکی دیاریکراوەوە و بە مەبەستی تایبەتی جۆرە پێوەندییەک لەنێوانیاندا بڕەخسێنرێ، هەردووکیان دوو بابەتی سەربەخۆن و گەرموگوڕی خۆیان لەدەستدەدەن کە هەر کامێکیان ناچار بکرێت پابەندی ئەوی دیکەیان بکرێت. ئەو کۆششەی بێرکلی کردوویەتی بۆ ئاوێتەکردنی هەردوو بابەتەکە لەوە بەولاوە هیچ شرۆڤە کردنێک هەڵناگرێ کە ویستوویەتی بنەماکانی ئاکار بۆ سوود و قازانجی لاهووت و دۆگمەکانی کلێسە بەکاربهێنێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت ئەوەیە: ئایا ناچارکردنی بابەتی ئاکار کە ببێ بە کەرەسەیەک، پاکانە بۆ بنەماکانی کلێسە و ئایینەکە بکات، لاوازیی ئایینەکە دەردەخات، یان بەهێزییەکەی؟ ئاکار بابەتێکی فەلسەفەیە و بەهیچ جۆرێک پەکی لەسەر بابەتەکانی بیروباوەڕ و ئایین نەکەوتووە!

ڕاستە سیستمێکی ڕێکوپێکی ئاکار لە فەلسەفەی بێرکلیدا بەرچاو ناکەوێ، ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە بەهیچ جۆرێک ناشێ و لە کردن نایەت بنەماکانی ئاکار وەک نەزم و سیستمێکی ڕێکوپێکی گیان بە زانستییانە لەسەر بنەمایەکی ئایین دابمەزرێن، بەڵگەش ئەو سەرچاوانەیە کە باسی بابەتی ئاکاریان کردووە تاکە ئاماژەیەکیان بەوە نەداوە کە ئایین زەمینە خۆشکەری دامەزراندنی نەزم و سیستمێکی ئاکارییانە بووبێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Arned Kulenkampff.: Erfahrung und Metaphysik, zum Idealismus G. Berke leys. Einleitung. In G. Berkeley- Eine Abhandlung uber die prinzipien der menschlichen Erkenntnis. Meiner-Hamburg. 2004. S.IX.**

**2- George Berkeley.: Eine Abhandlung uber die Prinzipien der menschlichen Erkenntnis. Meiner- Hamburg 2004. Einleitung. Para. 21. S.21.**

**3- Ernst Cassirer.: Philosophie der symbolischen Formen. Erster Teil. Die Sprache. Meiner-Hamburg. 2010. S.76.ff.**

**4- Arned Kulenkampff.: Esse est Pereipi. Basel. 2001. S. 81. ff.**

**5- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Einfuheung Para. 12. S.13.**

**6- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Einfuhrung, Para. 15. S. 15-16.**

**7- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Para. 3. S.26.**

**8- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Para. 10. S.29-30.**

**9- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Para. 91. S.73.**

**10- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Para. 156. S.109.**

**11- George Berkeley.: Drei Dialoge Zwischen Hylas und Philonous. Meiner Hamburg 2005. Erster Dialog S.140. ff.**

**12- George Berkeley.: Drei Dialoge.**

**13- George Berkeley.: Eine Abhandlung. Para. 148. S.104.**

**14- Rudolf Metz: George Berkely. Stuttgart 1925. S.185.**

**15- George Berkeley.: Drei Dialoge: Dritter Dialog. para. 70-71. S. 95. ff.**

# بنەما و ڕەهەندەکانی فەلسەفەی پراگماتی

**هیوا شارباژێڕی**
**(سلێمانی)**

بۆ یەکەم جار فەلسەفەی پراگماتی لەلایەن فەیلەسووفی ئەمریکی " تشارلس ساندرس بیرس"ەوە دەرکەوت و بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراش لەسەر دەستی فەیلەسووف ولیەم جیمس و جۆنەوە ناسێندرا، هاوکێشەی سەرەکی ئەم فەلسەفەیە ڕەنگدانەوەی پێوەندی نێوان بیر و کارە، بەهای هەر بیرۆکەیەک کاتێک دەرهاویشتەی خۆی بەدەست دێنێت کە لە چوارچێوەی کردەیەکدا بەرجەستە بێت، سەرچاوەی ئەم پرەنسیپەش لەوەوە سەری هەڵدا کە خەڵکی ئەمریکی کەمتر هەستی مێژوویی لە کۆنەستیاندا بەدیاردەکەوت تاکو ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی ئایندەی کۆمەڵگەی ئەمریکی بنیاد بکرێت کە ببێتە قەرەبووی ئەو بۆشاییە مێژووییەی کە لەو ساتەدا هەبووە، جا لەم پێناوەدا بنەمایەکی سەرەکی لەلایەن فەیلەسووفی بەناوبانگ "بیرس"ەوە هاتە کایەوە، بەو پێیەی کە خەڵکی ئەمریکی ئەوەندەی گرنگی بە ئاینده بدات، ئەوەندە باس لە ڕابردوو نەکات و قسە و وێناکانی بۆ داهاتوو بێت، کە لە ئەنجامدا ئەم بیرۆکەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکی ئەمریکی خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازتر بێت، لە بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئەورووپی.

**پێناسە**

لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمانای لایەنی کردەیی و سەرپەرشتیکردنی عەمەلییەوە دێت، لە ڕووی فەرهەنگیشەوە بەو مانایە دێت کە بوونی هەر بیرۆکە و دەرهاویشتەیەکی عەقڵی مانایەکی ئەوتۆی نییە کە لە ڕووی کردەییەوە نەکەوێتە بواری بەرهەمهێنانەوە، بیرۆکەی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە بەرهەمی سەرکەوتوو بەرهەم دێنێت و لە ڕووی ئەزموونەوە گەڵاڵەکراوە و

ناتوانرێت بە بیرۆکەیەک بوترێت کە خاوەن ڕاستییە، ئەگەر لە ڕووی کردەییەوە ئەزموون نەکرێت.

## جۆرەکانی فەلسەفەی پراگماتی

(١) پراگماتی بریس ئەوەی کە لەسەرەتادا ئاماژەمان بە ناوەرۆکەکەی دا.

(٢) پراگماتی جیمس کە بە "کردەیەکی تەواو ئەزموونکراو"ناسراوە، هەر بیرۆکەیەک چووە ژێر ئەزموونەوە، ئەوە واقیعی و ڕاستەقینەیە و خاوەن ڕەهەندی خۆیەتی بۆ کاریگەرێتی، بەڵام بەشێوەیەک ئەزموون بکرێت کە سەرپێیانە نەبێت، بەڵکو بۆ مەبەست و لەپێناو پێبەخشینی ئەنجامگەلێک بێت".

(٣) پراگماتی "دوی" بەو جۆرە دەوترێت کە بە تیوری میکانیکی و ئامێری ناسراوە و بەو مانایەی کە دەبێت هەر تیورێک کاریگەری خۆی لە بووندا هەبێت کاتێک دەچێتە ئەزموونکردنەوە، یان دەبێت لە ڕێگەی ئەزموونەوە زیادەیەک بخاتە سەر مەعریفەیەکی پێشتر کە بوونی هەبووە.

(٤) جۆرێکی تریان کە لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی فەیلەسوف فایهنجر سەری هەڵدا بە فەلسەفەی پراگماتی وەهم ناودەبرێت، ئەم جۆرەیان بەو شێوەیە تێزی خۆی دەخاتەڕوو کە ئەو بنەما سەرەکییەی کە لەپشت زانستی سرووشتی و بیرکاری و مۆراڵ و یاسا و فەلسەفەوە بوونی هەیە تەنیا وەهمە، بەڵام خاوەن بیرۆکانی ئەم فەلسەفەیە لەم هاوکێشەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەش بەهۆی بوونی قوتابخانەیەکی فەلسەفی بەهێز لە ئەڵمانیادا کە تەواو پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو.

(٥) فەلسەفەی پراگماتی شلر، یان مرۆڤگەرایی Humanism سەرەتا لە بەریتانیا سەری هەڵدا و پاشان لە ئەمریکا تەواو دەرکەوت کە جەخت لەوە دەکاتەوە کێشەی هەرە گرنگ و سەرەکی فەلسەفە بوونەوەرەکانی نێو کایەی مرۆڤە، بەو مانایەی کە هەموو ئەزموونەکانی فەلسەفە بۆ ئەوەیە کە لە ئیدراکاتی مرۆڤگەرایی تێبگات، یان دەبێت فەلسەفە تەنیا گرنگی بە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ بدات و چارەسەریان بکات.

پاشان بنەمای سەرەکی فەلسەفەی پراگماتی لە هەریەکە لە ئیتاڵیا و فەرەنساش گەشەی سەند، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بە عەمەلیکردنی هەموو هاوکێشە ڕوحی و فەلسەفییەکان جەخت دەکرایەوە.

## سەرەداوی پراگماتی

سەرچاوە و سەرەداوی ئەم فەلسەفەیە بۆ فەیلەسووف تشارلس ساندرس بیرس دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی ئەوەی خەریکی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای پراگماتی زانای بەناوبانگ کانت بوو، لەبەرئەوەی کە هەردوو تێزەکە لەوەدا یەک دەگرێتەوە کە هەردووکیان گرنگی بە ڕەنگدانەوەی بیرۆکە گشتییەکانی مرۆڤ دەدەن لەسەر کردارە مۆراڵییەکانی مرۆڤ لە واقیعدا، بەڵام ئەوەی کە بریس زیاتر بۆی زیادکرد و جەختی زیاتری لەسەر کردەوە، بریتی بوو لەوەی گرنگی بە لایەنی ئەزموونکردنی هاوکێشە عەقڵییەکان بدرێت.

## لەنێوان میتافیزیقیا و پراگماتیدا

ئەو بیرۆکە و بیرکردنەوەیەی کە بریس هەیبوو و لە ئەنجامی بەردەوامبوونی لە توێژینەوە زانستییەکانی لەچوارچێوەی فەلسەفەی پراگماتیدا ماوەیەک لای کۆمەڵگەی ئەمریکی دەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەمە لەکاتێکدا هەمیشە ناوبراو وەک مامۆستایەکی زانکۆی هارفۆرد بەردەوام جەختی لێدەکردەوە، بەڵام نەیتوانی لەم هاوکێشەیەیدا تەواو سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە تشونسی ڕایت دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی لە زانکۆی هارفۆرد لەگەڵ چەندین گەنجی لێکۆڵەرەوەی ئەو سەردەمەدا، بە نیاز بوو ناوەندێکی توێژینەوەی فەلسەفی دابمەزرێنێت بە ناوی"ناوەندی میتافیزیقیا"، کە سەرچاوەی کارکردنی خۆی گەڕاندەوە بۆ پراگماتییەکەی بریس، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر لە کارکردندا کە جەختی لەسەر بیرۆکەی ناهەستی مرۆڤ دەکردەوە بەوەی کە مرۆڤ هەر لە سروشتی بنیادی خۆیدا بە شێوەیەکە کە توانای ئەوەی هەیە بە لایەنە واتایی و مەعنەوییەکانی، خۆی بکاتە کردار و بەشێوەیەک ئەم بیرۆکەیە گەشەی کرد کە لەگەڵ فەلسەفەی ئەزموونگەراییدا تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بووەوە.

## میتودی پراگماتی

سەرەتای مەنهەج و میتودی فەلسەفەی پراگماتی

پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بنەمایەکی فەیلەسووف بریس- ەوە هەبوو بە ناوی"ماکزیم" کە بریتی بوو لەوەی بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی بیرۆکە و دەرهاویشتەیەکی عەقڵیمان دەست کەوێت، دەبێت تەنیا لایەنی کردەیی و ئەزموونکردن وەربگرێت تاکو بگەینە ئەوەی ئەم بیرۆکەیە چ ئەنجام و بەرهەمێکی هەیە، جگە لەوەش نابێت تەنیا بیرۆکە و دەرهاویشتە عەقڵییەکان وەکو فۆرمێکی گوزارشتکردن دەرکەون، بەڵکو دەبێت زۆر ڕوون و ئاشکراش بکرێن، ئەویش بەوەی تەنیا لە ڕێگەی گەیشتن بە بەرهەمی بیرۆکەکەوە بگەینە ناوەرۆکی چەمکەکان.

ئەم جۆرە خستنە ڕووە بۆ ئەم میتودە کرا بە بنەمایەکی جێگری فەلەسەفەی پراگماتی، بەڵام بەهۆی گۆڕانی سروشتی ژیانی مرۆڤەکانەوە، کە بەهۆشییەوە تێڕوانینی مرۆڤەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە لە بنەما میتودییەکانی ئەم فەلسەفەیە تووشی چەندین گەنگەشە و گفتوگۆی فەلسەفی بووەوە بەوەی ئایا پراگماتییەت وەکو مەنهەج مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، یان وەکو تیورییەکی فەلسەفی؟ هەربۆیە ئەم جۆرە فەلسەفەیە لەنێوان دوو قوتابخانەی فەلسەفیدا مامەڵەی تێڕوانین جیاوازی لەبارەوە دەکرا لەنێوان"گرنگیدان بە لایەنی کردەیی و ئەزموونکردندا" لەگەڵ "گرنگیدان بە لایەنی مەعنەوی و هەست و دەرهاویشتە عەقڵییەکانی مرۆڤ"ەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین میتودی پراگماتی بۆ ئەوە بوو بگاتە ئەنجامێک لەنێوان ئەو ململانێیەی لەناو کرۆکی مونازەرە میتافیزیقیەکاندا هەیە، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی میتودی پراگماتی بریتییە لەوەی کە ئەزموونی مرۆڤ و دەرهاویشتەکانی گەیشتنە بە ڕاستەقینەیی، واتا ئەو شتانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەستیان پێدەکەین، نامانگەیەننە ئەنجامەکان بەبێ گرتنەبەری لایەنی پراکتیکی، بەشێوەیەک کە تیورەکان ڕاستن، بەڵام دەبێت بە کردەیی و بە ئەزمووون ئەم ڕاستییەی بسەلمێنرێت، هەروەها بەشێوەیەک ئەم میتودە خۆی دەخاتەڕوو و خۆیمان پێ دەناسێنێت کە نابێت تەنیا لە ڕێگەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی میسالییەوە پەروەردەی منداڵەکان بکرێت و بەس، بەڵکو دەبێت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان پێداویستییەکانی منداڵ و ئەو لایەنە ئەزموونییە بکرێت کە ژیانی کردەیی بە منداڵ بناسرێت و بزانێت پەروەردەی ژیانکردن چۆنە هەر لە منداڵییەوە لەبەرئەوەی ئەم مەنهەجە گرنگی بە ڕۆڵی چالاکییەکانی تاک دەدات لە کۆمەڵگەدا، کەواتە گرنگیدانە بە ئێستا و ئایندە نەک ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی ڕابردوو، ئەزموونکردنیش لەم میتودەدا دەبێت بەشێوەیەک بێت کە ئەزموونکردنەکان هەموویان پێوەندیان بەیەکەوە هەبێت و لەگەڵ یەکتردا بگونجێن بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەرهەم بێن".

## جیاکەرەوەکانی فەلسەفەی پراگماتی

(١) میتودی پراگماتی بەشێوەیەک تەفسیری دیاردەکان دەکات بەوەی کە بریتین لە کۆمەڵێک ڕستەی گریمانەیی، پێش ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو ڕوون و ئاشکرا مامەڵەی ڕۆشنکردنەوەی ماناکانی پراگماتی لەگەڵدا بکرێت.

(٢) میتودی پراگماتی بەوە ناسراوە کە بریتییە لە ڕوانگەیەکی کردەیی، هەر بۆیە لە دوای هەنگاوی یەکەم کە بریتییە لە بە گریمانەیی تەماشاکردنی حاڵەتەکان، ئەوە هەموو بیرۆکە و دەرهاویشتە عەقڵییەکان دەخاتە بواری کارکردنەوە تاکو بزانرێت چەندە بەرهەمدار و سەرکەوتوو و سوودبەخش و بە بەهایە.

(٣) ئەم میتودە پشت بە ئەزموونکردن دەبەستێت، لەبەرئەوەی ئەزموونکردن ئەو هەنگاوە ڕاستەقینە و تەندروستەیە کە دەمانگەیەنێت بە فەلسەفەیەکی تەواو و پوخت، چونکە هەموو گریمانەیەک شایانی تاقیکردنەوەیە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە بەپێی ئەو ئاستەی کە توانستی ئەوەی هەیە ببێتە کردار، لەبەرئەوەی ئەو ئەنجامەی کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەستمان دەکەوێ، سوودی ئەوەی لێدەبینین تا بزانین چەندە متمانەمان بەو بیرۆکەیە دەبێت و بنیادی تێز و توێژینەوەی فەلسەفی لەسەربکەین، بەمانایەکی دی هیچ گریمانەیەک شایانی موناقەشەکردن نییە ئەگەر بێتو ملکەچی ئەزموون و تاقیکردنەوە نەبێت.

(٤) جگە لە سیفەتەکانی سەرەوە، ئەم فەلسەفەیە بە تیوری ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەیی ناسراوە، لەبەرئەوەی لە هەنووکەدا لە مەیدان و بازنەیەکی فراوانتردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و پەی بەزۆربەی دەرئەنجامی بیرۆکەکان دەبات، ڕاستگۆییش بەو مانایەی کە بریتییە لە پێوەندی نێوان دوو شت ئەوانیش "بیرۆکە و واقیعیەتی دەرەوەی

ئەو بیرۆکەیە" ئەم پێوەندییەش دەبێتە بنەمایەکی تەندروستی هەستپێکراو بە بیرۆکەکان.

## ڕەخنەی پراگماتی لە میتافیزیقیا

لەبەرئەوەی ناوەرۆکی فەلسەفەی پراگماتی ئیشکردنە لەسەر ئەنجام و دەرهاویشتەکانی هەر بیرۆکەیەک، یانی گرنگی دەدات بە واقیعیەتی ژیانی مرۆڤەکان و ئەوەی لەو چوارچێوەیە دەردەچێت ناکەوێتە ژێر هاوکێشەکانی ئەم فەلسەفەیەوە، هەربۆیە ڕەخنە لە فەلسەفەی میتافیزیقیا دەگرێت، لەبەرئەوەی ئەمیان تەنیا پشت بە بیرۆکەکان دەبەستێت بەبێ گرنگیدان بە لایەنی واقیعی و دەرئەنجامی بیرۆکەکان، جگە لەوەش کە لە میتافیزیقیادا یەک جۆر لە یاسای بنەڕەت هەیە و بوار بە لایەنەکانی گۆڕانکاری نادات و گرنگی بەلایەنە شاراوەکان دەدات کە هەندێک جار زاناکان ناتوانن پەی پێ ببەن، لەبەرئەوەی گەڕانە بە نهێنییەکانی گەردووندا، نەک ئەو واقیعیەتەی کە لە بەرچاوە، یان دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە فەلسەفەیە گەڕانە بەدوای ڕاستییەکی ڕەها بۆ شتەکان کە پێویست بەوەش نەکات بیێتە چێژ ئەزموونکردنەوە، هەربۆیەش لەناو زانایان و فەیلەسووفاندا ململانێیەکی فیکری تەواو لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا پێوەندی نێوان میتافیزیقیا و زانست ڕاستەوانەن، یان پێچەوانەن، هەروەک ئەرستۆ لەم ڕووەوە دەڵێت میتافیزیقیا گەڕانە بەدوای ڕاستییەکاندا، بەڵام دوور لە بینینەکانی چاو.

## پراگمات، فەلسەفەیەکی زانستی

یەکێک لە زاناکان دەڵێت"هەر داهێنکارێکی تەکنۆلۆژیا بە سێ قۆناغی پەیوەستکراو بەیەکترەوە لەشێوەی بازنەیەکدا دەڕوات کە هەریەکەیان دووانەکەی تریان تەواو دەکات، ئەو سێ قۆناغەش سەرەتا بوونی بیرۆکەکەیە و پاشان ئیمکانیەتی گەلاڵەبوونی بیرۆکەکە لە ڕووی کردارییەوە، هەروەها بلاوبوونەوەی بیرۆکەکە و جێبەجێکردنی لە ڕووی واقیعییەوە"، پراگماتیش بانگەشە بۆ ئەوەدەکات کە باوەڕ بە بوونی بیرۆکەکان بکرێت لەگەڵ ملکەچبوونی ئەم بیرۆکەیەش بۆ ئەزموونکردن و پاشانیش جێبەجێکردنێکی زانستیانەی ئەو بیرۆکەیە، بوونی ئەم جۆرە فەلسەفەیە وەکو خستنەڕوویەکی زانستی سوودێکی زۆری بە تەکنۆلۆژیای ئەمریکی گەیاندووە لە ڕووی ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە لە پشت بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیاوە هەیە، خەریکبوونی زۆربەی فەیلەسووفانی فەلسەفەی پراگماتی بە توێژینەوەی زانستییەوە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەوەیە کە تا چ ئەندازەیەک پێوەندی بە لایەنی زانستییەوە هەیە، بۆ نموونە "بیرس" لە بواری فیزیا و کیمیا و بیرکاریدا زانایەکی بەناوبانگ بووە و "جیمس"یش لەبواری زانستی دەروونیدا دەستێکی باڵای هەبووە و "دوی" ڕۆڵێکی باشی لە زانستەکاندا بینیوە، بریس دەڵێ"ئەو ڕێگەیەی ئێمە گرتوومانەتەبەر هەمان ڕێگەی زانستە"، کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی پراگماتی جۆرێکە لە جۆرەکانی فەلسەفەی زانستی، واتا لەو جۆرە فەلسەفانە نییە کە خاوەن تێرمێکی قفڵدراو بێت و شایەنی زیادکردن و کەمکردن نەبێت، نەخێرو بەڵکو وەکو زانست وایە و وەکو ئەویش ملکەچی گۆڕانکارییە ئەزموونکراوەکان دەبێت".

## پراگمات، فەلسەفەی شیکاریی و تیوریی لە مانادا

ئەو سیفەتەی کە ئەم جۆرە فەلسەفەییە لە قوتابخانە فەلسەفییە هاوچەرخەکانی تری جیادەکاتەوە ئەوەیە کە گرنگییەکی بەرچاو بەلایەنی شیکاریی بیرۆکە و وشە و زاراوەکان دەدات، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەنجام و مەبەست لە فەلسەفەی پراگماتی هەمان ئەو ئامانج و مەبەستەیە کە فەلسەفەی شیکاریی هەیەتی کە لەسەر دەستی فتگنشتاین سەری هەڵدا و بەپێی ئەم فەلسەفەیەش دەبێت گرنگی بە شیکارکردنی زمان و چەمکەکان بدرێت و بەوردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، پاشان بەشێوەیەکی زۆر سانا و گونجاو لەچوارچێوەی قسەکردندا دابڕێژرێنەوە، بەهەمان شێوەش فەلسەفەی پراگمات جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بەوردی مامەڵە لەگەڵ شیکاریی و مانابەخشینی چەمکەکاندا بکرێت، بەوشێوەیەی کە واقیع و ئەزموون بە چەمکەکانی دەبەخشێت، هەروەک "بیرس" هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەتاکو بیرۆکەکان ڕوونتر و ئاشکراتربن، ئەوە سوود و قازانجەکەی لە واقیع و بۆ واقیعدا باشتر دەردەکەوێت.

## ڕەخنە لە فەلسەفەی پراگماتی

هەموو فەلسەفەیەک و هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفی

تووشی چەندین ڕەخنە بۆتەوە، فەلسەفەی پراگماتیش لەو ڕەخنانە بەدەر نییە. لەو ڕەخنانەش:

(١) ئەم جۆرە فەلسەفەیە هەڵگری ڕوحێکی تەواو ماددیگەرانەی سەدەی بیستەمە و سەرمایەدارانە مامەڵە لەگەل بیرۆکە و چەمکەکاندا دەکات و هەر بیرۆکەیەک ئەزموون نەکرێت، قبووڵ ناکرێت، کە ئەمەش جێگەی هەڵوێستە کردنە لەبەردەم ڕاستێتی بیرۆکەکانی دی کە ئەزموون ناکرێن.

(٢) پراگماتی توێژینەوەیەکی مەنهەجی نییە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، بەڵکو میتودێکە بۆ ئاشکرا کردن و دەرکەوتنی بیرۆکە هەڵەکان، کە ئەمەش بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەرهاویشتەیەکی باشی کردەیی بەدەستەوە نادات، لەبەرئەوەی مەبەست لە ناوەڕۆکی فەلسەفەکە تەنیا دوورکەوتنەوەی بیرۆکە هەڵەکانە، نەک بنیادی بیرۆکە ئیجابییەکان.

(٣) ئەم فەلسەفەیە زۆر جەخت لەسەر تاک و تاکگەرایی دەکاتەوە، بەشێوەیەک ئەوەندە پلە و ئاستی بەرزدەکاتەوە کە لەدواجاردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەتوانێت ئەم تاکەی کە پەروەردەی دەکات بەرگەی سیستم و چاودێریکردن و بەها کۆمەڵایەتییەکان بگرێت و ئارامگربێت لەبەردەمیاندا، کە ئەمەش لەدواجاردا لەوانەیە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی فەوزەویەت لە ژیانی تاک و دواجار کۆمەڵگەدا.

(٤) جێبەجێکردنی فەلسەفەی پراگماتی بەسەر بیروباوەڕە ئایینییەکاندا جێبەجێکردنێکی ناتەندروستە بەوەی کە تەنیا جەخت لەوە دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک سوود و قازانج بەرهەم دێنێت، ئەمە لەکاتێکدا لەلایەکەوە ئیسلام جیاواز لە ئاینەکانی تر خورافیات نییە، بەڵکو بیروباوەڕی ژیانکردنە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای ئایینی وادەبینن کە بیروباوەڕەکەیان سوودگەلێکی زۆریان پێدەگەیەنن کە لەواقیعیشدا وابووە، بەڵام کاتێک پراگماتیەت ئەمەی بۆ ئەزموون ناکرێت تاکو بزانرێت بەرهەم هێنەری سوودبینینە، ئەوە جێگەی ڕەخنەیە.

(٥) ئەم فەلسەفەیە بەشێوەیەکی جدیش جەخت لەسەر ئەنجامە دوور مەوداکان دەکاتەوە، نەک ئەو ئەنجامگەلەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە دەرهاویشتەی هەر بیرۆکەیەک، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیرۆکەیەکی وەهای هەبێت کە بۆ چارەسەری کێشەیەکی تایبەتی ئابووری، پێویستە هەیمەنە بکرێت بەسەر بەشێک لە بانکەکاندا، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە تەواو ڕاستێتی تێدا هەبێت، ئەوە فەلسەفەی ناوبراو لێرەدا ناوەستێت و پێی وایە دەبێت چاوەڕوانی دەرەنجامە دوور مەوداکەشی بین کە بێ گومان ئەمەش دەبێتە گرفتێک کە بەردەوام بەرهەمهێنەری گومانە، لەو بیرۆکانەش کە گومان لە ڕاستی بوونیشدا نەبێت، یان دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە فەلسەفەیە لەنێوان دەرئەنجامی سەرکەوتن و فەشەلی هەر بیرۆکەیەکدا یاری دەکات.

**سەرچاوەکان:**


**١- وايت، مورتن: عصر التحليل، ترجمة: أديب يوسف شيش، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٧٥، ص١٥٢.**

**٢- جيمس، وليم: البراجماتية، ص٧٦.**

**٣- زيدان، محمود فهمي: وليم جيمس، سلسلة نوابغ الفكر الغربي، ص٦١.**

**٤- محمود، زكي نجيب: حياة الفكر في العالم الجديد، دار الشروق، بيروت، ط٣، ١٩٨٧، ص١٢٧ - ١٢٨.**

**٥- دوي، جون: تجديد الفلسفة، ترجمة: امير مرسي قنديل، دار النهضة العربية، القاهرة، ص٩.**

**٦- محمود، زكي نجيب: من زاوية الفلسفة، دار الشروق، بيروت، ١٩٧٩.**

**٧- ابراهيم، زكريا: دراسات في الفلسفة المعاصرة، مكتبة مصر، مصر، ط١، ١٩٦٨، ص٢٩.**

**٨- حنفي، حسن: مقدمة في علم الاستغراب، الدار الفنية، مصر، ١٩٩١.**

**٩- دوي، جون: نمو البراجماتية، من كتاب فلسفة القرن العشرين، دار الكتاب العربي، القاهرة، ص٢٣٢.**

**١٠- إسلام، عزمي: اتجاهات الفلسفة المعاصرة، دار وكالة المطبوعات، الكويت، ص٤١.**

# یاسای زمانە ناوچەییەکان

## یەکەم هەوڵی حکوومەتی ئێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە

سەلام ناوخۆش
(کۆلێژی پەروەردەی بنیات - زانکۆی سەلاحەدین)

**دەوروازەیەک**

یەک - زمـانـی نەتەوەیی مـەرجـێکی بنەڕەتی یەک نەتەوەیە، هەروەها فـاکتـەری مـانەوەی نەتەوەیە.نەتەوە بوون، بەر لەوەی مـەحکومی چەند هۆکـارێکی ئەتنیکی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ئەستروپۆلۆژی، جوگرافی بێ، ئەوە هاوهەسـتی و هاودەروونی و پەیوەسـتـبـوون بە کـولتـووری ڕوحی و دابونەریتی نەتەوە و زمـانی نەتەوە بنیادی ڕوحی نەتەوەبوون دەسەلمێنن. هەر نەتەوەبوونێک لە دەرەوەی بازنەی کـولتـووری ڕوحی نەتەوە بێ، تەنیـا سترەکچەرێکی بێ گیانە، مەرگی لە ناوچوونی، یان هەر چ نەبێ پووکـانەوەی مـەحکومی مـێـژووە. هەر لەو پێوەندانگەوەش مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە "مێژووی بێ گیـانی " ئەو نەتەوانەی لە دەرەوەی کولتووری ڕوحی نەتەوەکەیان و زمانەکەیان ماوەیەک ژیاون!

لە دوای دابەشکردنی ئەمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی ١٩١٨-١٩٢٤،کـە کـورد گـەورەترین باجی دا، پرسی" نەتەوە بوونی" لە ئەجـێندای هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی زۆر گـومانی بۆ دروست کـرا. ئەمە جگە لەوەی سیاسـەتێک پەیوەست بوو بە دیماگۆگیـەتی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا، ئەوە ئینتیـمای بەشێک لە دەسەلات و خوێندەواری کـورد بۆ هۆز و عـەشـیـرەت و دەڤـەر و ناوچە لە بریتی نەتەوە و نیشتـمان هۆکاری تر بووە بۆ ئەوەی گومانەکە، عـەرەب و تورک و فارسیش کاری لەسەر بکەن.

ئەم کـورتە نووسـینە هەوڵ دەدات خـوێندنەوەیەک بۆ یاسـای زمانە ناوچەییـەکانی حکومـەتی عـێراق بکات، وێڕای ئەمـەش هەوڵ دەدات لە فاکتـەرەکانی جاڕدانی ئەو یاسـا تایبـەتە و ناونانی یاسـاکـە بە یاسـای زمـانە ناوچەییەکان و هەندێ لە بەندەکانی بدوێ.



**تۆفیق وەهبی**

**ڕەوشی زمانی کوردی پێش دەرچوونی یاساکە**

پێش ڕاگەیاندنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود لەژێر چاودێری و ڕاسپاردەی ناڕاستەوخۆی فەرمانڕەوایی ئینگلیز لەناوچەکە، زمانی کوردی - زمانی ئەدەب و خوێندنی ئایینی (حوجرە)بوو - بەڵام کوردی زمانی کارگێڕی و حکومەت نەبوو، هەر بۆیە لە ئەزموونی یەکەمی شێخدا (١٩١٩) زمانی کوردی پرسێکی ستراتیژی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و براکەی نەبوو. "ئەزموونی ڕۆژنامەکەی مێجەرسۆن (پێشکەوتن) سەرەتایەک بووبۆ ئەوەی زمانی کوردی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و حکومەت بەکاربێ. هەرچی ڕۆژنامەی " کوردستان"ە کاتی خۆی نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، چونکە کورد حکومەتی دامەزراوەیی نەبوو، هەروەها خاوەن دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی نەبوو!!! لە حکومەتی دووەمدا، کە بەسەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحموود بوو، شێخ مەحموود خۆی وەکو(مەلیکی کوردستان)ڕاگەیاند. ئەو حکومەتە زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی دەسەڵاتەکەی ناساند و ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)یشی کردە زمانی خۆی.ئەو کارەی شێخ مەحموود زمانی کوردی کردە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە جۆرێ هەتا ئەو لیژنەیەی لە کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خوارووی کوردستان لە عێراق و تورکیاوە هاتبووە ناوچەکە - هەرچەندە لە ژێر هەژموونی ئینگلیز ناچار بوو ویلایەتی مووسڵ بە بەرژەوەندی (عێراق) ساغ بکاتەوە- بەڵام، نکوڵی لەوە نەکرد کە کورد لە عەرەب و تورک جودان و زمانی کوردیش زمانێکی ئارییە، هەروەها دوو مەرجی بنەڕەتی بۆ ئەو لکانە زۆرە ملێیە دانا:

**یەکەم:** عێراق هەتا ٢٥ ساڵی تر لەژێر ماندێتی بەریتانیدا بێت.

**دووەم:** داواکارییەکانی کورد لەبەرچاو بگیرێ، بەتایبەتی لە دامەزراندنی فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ولاتی خۆیان. زمانی کوردی زمانی دادگاو فێرکردن بێ، هەروەها زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێ لەوێ.... ئەگەر عێراق ئەمە قەبوڵ نەکات، ئەوە ئەوها باشە ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی تورکیدا بێ ". لەلایەکی ترەوە، حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ یەکەم دەستووری عێراقی پەسند کرد و یەکەم ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە ٨٨ ئەندام پێکهاتبوون ( تەنیا پازدەیان کورد بوون ) لە تەمموزی ١٩٢٥ دەستی بەکۆبوونەوە کرد. ڕاستە لەو دەستوورەدا هیچ ئاماژەیەکی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کورد و زمانەکەی نەکرابوو، بەڵام بەندەکانی یاساکە دان بەوەدا دەنێن کە عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو فرە زمانە. لە بەندی شەشەمدا هاتووە: عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا جیاوازییان نییە، هەرچەندە لە نەتەوە، ئایین، زمان جیاواز بن "، هەروەها لە بەندی شازدەمیشدا هاتووە: تایەفە جیاوازەکان مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان و هەریەکە بە زمانی خۆی." لە ماوەی ئینتیدابی بەریتانیدا (١٩٢١- ١٩٣٢) دوو خولی هەڵبژاردنی تر، جگە لەوەی ١٩٢٥، ئەنجام دراوە. لەو دوو خولەشدا ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لەسەر هەندێ لە مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد بەخۆ کەوتن وەک: مەسەلەی زمان و خوێندن بەزمانی کوردی.ئەو نوێنەرانە،چەندان مەزبەتەیان ئاراستەی حکومەتی عێراق و کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا کرد، یەکێ لەو مەزبەتانەی کە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراقیان ناردبوو، لە بەشێکیدا هاتووە (بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی)یەکێ لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ئەو داواکارییانە بوو. لەناو ئەو گوشارانەدا نووری سەعیدی

سەرۆک وەزیرانی عێراقی ناچار بوو گفت بە کوردان بدات کە زمانی کوردی لە کوردستان دەکاتە زمانی ڕەسمی.دەقی ئەو (گفت)و بڕیارەی نووری سەعیدو تەلگرافی گەورە پیاوانی کورد بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی حکومەت لەبارەی زمانی کوردییەوە لە وتارێکدا لە لاپەڕە (١١)ی ژمارە(٢٢)ی ساڵی ١٩٣٠ ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بلاوکراوەتەوە.

## دەقی یاسای زمانە ناوچەییەکان

## Local Language Law

یاسای زمانە ناوچەییەکان، یان ڕێکتر یاسای ڕێدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان، یەکەم بەڵگەی یاساییە کە حکومەتی عێراقی و شا فەیسەڵی شای عێراق بە ڕەسمی دان بە زمانی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان دەنێن.

ئەم یاسایە بە یاسای ژمارە (٧٤) ناسراوە و لە ژمارە (٩٨٩) ی ساڵی نۆیەمی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة) ڕۆژی ٦/١/١٩٣١ بلاوکراوەتەوە. ئەم یاسایە لە نۆ بەند پێکهاتووە و هەریەکە لەمانەی خوارەوە واژۆیان لەسەر کردووە، مەلیک فەیسەڵ، نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران، وەزیری کاروبارەکانی دەرەوە، وەزیری داد، وەزیری ناوخۆ، وەزیری ئابووری، وەزیری بەرگری و وەزیری پەروەردە.

**ناوەرۆکی هەر نۆ بەندی یاسایەکە:**

**بەندی یەکەم:**

مەرجەکانی ئەم یاسایە پێدڤییە لەسەر قەزاکانی ئەم ناوچانەی لە بەندی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایەدان پەیڕەو بکرێن.

**بەندی دووەم:**

زمانی دادگاکان لەو قەزایانەی خوارەوە دەبێ بە زمانی کوردی بێت.

قەزاکانی لیوای مووسڵ:

١- ئامێدی ٢- زاخۆ ٣-زێبار ٤- ئاکرێ

قەزاکانی لیوای هەولێر

١- کۆیە ٢- ڕانیە ٣- ڕەواندز

قەزاکانی لیوای کەرکووک

١- گایل ٢- چەمچەماڵ

قەزاکانی لیوای سلێمانی:

١- سلێمانی ٢- هەڵەبجە ٣- شارباژێڕ

**بەندی سێیەم:**

دەکرێ زمانی قەزاکانی خوارەوە کوردی، عەرەبی، یان تورکی (تورکمانی) بێت:

١- دهۆک و شێخان لە لیوای مووسڵ.

٢- هەولێر و مەخموور لە لیوای هەولێر.

٣- کەرکووک و کفری لە لیوای کەرکووک.

لێرەدا دادگاکان بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەن کە کوردی، عەرەبی یان تورکمانی بێت.

**بەندی چوارەم:**

کەسی تاوانبارکراو مافی ئەوەی هەیە لە هەموو حاڵەتەکان و قەزاکانی سەرەوە.

(أ) دادگایی بکرێ و ئاگادار بکرێتەوە بە زمانی عەرەبی، ئەگەر ئەو زمانە زمانێکی باو بوو لە ماڵەوە.

(ب) هەموو ئیجرائاتەکان بۆ زمانی عەرەبی، کوردی یان تورکی وەربگێـــڕدرێن، هەروەها داوای دانەیەکی وەرگێڕدراو بەو زمانانە بکرێ. هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە داواکارییەک، سکالایەک ئاراستەی هەر دادگایەکی ئەو قەزایانەی سەرەوە بکات، یان ئاراستەی دادگای بالاتر بکات بە زمانی عەرەبی، کوردی، یان تورکی.

**بەندی پێنجەم:**

زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی دەبێ لە هەموو ئەو قەزایانەی خوارەوە، جگە لەو حاڵەتانەی خوارەوە نەبێ کە دەبێ بە زمانی عەرەبی بێت:

**یەکەم:** بەشە تەکنیکییەکان.

**دووەم:** لە پێوەندیکردنی (نووسراوی ڕەسمی) نێوان سەرکردایەتی لیواکان (دامودەزگای پارێزگا) لەگەڵ وەزیرەکان.

**سێیەم:** سەر بە لیوای مووسڵ (پارێزگای مووسڵ) و قەزاکانی:

١- قەزاکانی لیوای مووسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، زێبار.

٢- قەزاکانی لیوای هەولێر: هەولێر، مەخموور، کۆیە، ڕانیە، ڕواندز.

٣- قەزاکانی لیوای کەرکوک: چەمچەماڵ، گایل

٤- قەزاکانی لیوای سلێمانی: سلێمانی، هەڵەبجە، شارباژێڕ



**محەممەد ئەمین زەکی بەگ**

هەریەک لە زمانی کورد، یان تورکمانی دەکرێ لە قەزاکانی کەرکووک و کفری بەکاربێن.

**بەندی شەشەم:**

لە قوتابخانەکانی بەرایی و سەرەتایی ئەو شار و شارۆچکانەی سەرەوە دەکرێ زمانی خوێندن، زمانیماڵەوە، زمانی دایک بێ، ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕێژەی زۆربەی ئەو قوتابخانانە، جا گرنگ نییە زمانەکە عەرەبی، کوردی، یان تورکمانی بێت.(بە واتای ڕێژەی زۆربەی زمانەکە دیاری دەکرێت).

**بەندی حەوتەم:**

هەرکەسێک سکاڵایەک، یان داوایەک بە زمانی عەرەبی بۆ حکومەت و دەسەڵاتدارانی ڕەسمی) بەرز بکاتەوە، ئەوە وەڵامەکەی هەر بە هەمان زمان هەبێت. هەر پێوەندی کردنێک بە بەرزکردنەوەی نووسراوێکی ڕەسمی دەبێت بەو زمانە بێت کە لە مەرجەکانی بەندی پێنجەمی ئەو یاسایە ئاماژەی پێکراوە و جێگیر کراوە، ئەوە وەڵامی ڕەزامەندی ئەو نووسراوە هەر بەو زمانە دەبێت کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە.

**بەندی هەشتەم:**

لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە "شێوە" ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوە خەڵکی ئەو دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە" یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکرێ.

**بەندی نۆیەم:**

هەموو وەزیرەکان بەرپرسن لە جێبەجێ کردنی بڕگەو بەندەکانی ئەم یاسایە هەریەکە بە گوێرەی ئەو بەندەی پەیوەستە بە ئەوەوە.

ئەم یاسایە، لە **٢٣** ی ئایاری **١٩٣١** بەرانبەر شەشی موحەڕەمی ساڵی **١٣٥٠** کۆچی لە بەغدا نووسراوە.

## خوێندنەوەیەک بۆ بڕیارەکە

ئەو بڕیارە تایبەتە، مەرسوومێکی مەلەکی بوو، نەک بەندێکی، یان یاسایەکی بێ لەناو دەستووری عێراق جێگیر کرابێ.وێڕای ئەمەش ئەگەر ئەو بڕیارە داننانێکە بە ناسنامەیەکی دی عێراقی: بەوەی ئیقرار دەکات عیراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمانە،ئەوە خودی بڕیارەکە بڕیارێکی سیاسی بوو.ئینگلیز و حکومەتی عێراقی دەیانویست تووڕەیی کورد لە ئاکامەکانی پەیمانی بەریتانی- عێراقی و ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوول و مەزبەتەکانی پیاوماقووڵانی کورد و سەرکردایەتی شۆڕش" بەیاننامەکەی شێخ مەحموود بۆ کورد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی عەرەبی جیابینەوە" کپ بکەنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو بڕیارەوە؛ کۆمەڵەی گەلان عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەربگرێ و ئینتیدابی بەریتانی لە سەر عێراق کۆتایی پێبێ!!

جگە لەمانەش بڕیارەکە چەندان خاڵی نێگەتیڤی لە خۆگرتووە:

١- ناوونیشانی یاساکە، یاسای زمانە ناوچەییەکان ئیقراری تەواو نییە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی زمانی کوردی، بەڵکو خوێندنەوە و دیتنی زمانی کوردییە بە زمانێکی ناوچەیی - محلی - خۆی لە خۆیدا بچووککرنەوەی زمانی کوردییە، هەروەها ئیقرارکردنە لە سەر ئەوەی کورد هەر زمانێکی نییە، بەڵکو چەند زمانێک! ئەو دیتنەش لە دەقی بەندی هەشتەمدا هاتووە:" لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە "شێوە" ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە، ئەوە خەڵکی ئەو

دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە" یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکرێ".

### ئەو دەقە بە ئاشکرا و دیماگۆگیانە

١- دەڤەری بادینان لە ڕووی زمانەوە لەبەشەکانی دی کوردستان دادەبڕێ" ئازادییان " دەداتێ بەوەی دەتوانن شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی بە کاربهێنن.

٢- بەکارهێنانی زمانی کوردی تایبەت کرد بە زمانی خوێندنی سەرەتایی تەنیا چەند دەڤەرێکی کوردستان، نەک قۆناغەکانی دی خوێندن و هەموو کوردستان.

٣- ئەو بڕیارەی مەلیک فەیسەل و نووری سەعید تەنیا بۆ دەربازکردنی عێراق بوو لە ئینتیدابی بەریتانی، ئەگەر نا هیچ (ئەکادیمیا) و (زانکۆیەک) بۆ زیاتر گەشەپێدانی زمانی کوردی دروست نەکران، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەو بڕیارە تەنیا لە سلێمانی و بەشێکی هەولێر پەیڕەو کراو بەشەکانی کوردستان خرانە ناو" پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبەوە"، بۆیە لەوساوە لە ڕێگای زمانەوە کار لەسەر پرۆسەی تەعریبکردنی کوردستان کرا.

٤ - هەر لە ڕێگای ئەو بڕیارەوە بە کارهێنانی زمانی کوردی تەسک کرایەوە، زۆربەی گەرمیان و بەشێک لە لیوای مووسڵ وەک شەنگال و دەوروبەری لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بێ بەش کران.

زۆر لە ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورد لە بەرانبەر ئەو یاسایە هەڵوێستیان وەرگرت، بە تایبەتی هەر یەک لە تۆفیق وەهبی و محەمەد ئەمین زەکی!ئەو دووە لە دەرەوەی بازنەی هەژموونی شێخ مەحموود بوون و لە دامودەزگای حکومەتدا بوون، بەڵام هەردووک دەرکیان بە مەترسییەکانی ئەو بڕیارە سیاسییە کردبوو. تۆفیق وەهبی لە یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنووسێ:"ئەم قانوونە ئاژاوەی زمان دروست دەکات." لە ڕاستیدا حکومەتە یەک لە دوایەکەکان کاریان لە سەر ئەو ئاژاوە زمانییە کرد، بە جۆرێ هەتا ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەر تەنیا لە سلێمانی و هەولێر خوێندن بە کوردی بوو!! هەرچی محەمەد ئەمین زەکی بوو ئەوە لە نامیلکەی "دوو تەقەلای بێ سوود -١٩٣٥" زۆر ڕەخنەی مکوڕ لە یاساکە دەگرێ و ئەو ڕەخنانەشی لە یاداشتێکدا بۆ کۆمیسیاری باڵا دەنووسێ و دەڵێ: دەقەکانی ئەم بڕیارە پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلانە، هەروەها لە هەمووشی گرنگتر دەڵێ بەندی هەشتەم ماڵی کورد پەرت دەکات و یەکێتی زمانی کوردی وێران دەکات!

سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی لە سەردەمی شێخ مەحموود و شۆڕشەکانی بارزان نەیانهێشت ئەو هەوڵەی ئینگلیز و شۆڤینییەکانی سەرانی ئێراقی سەربگرێ! لە سەردەمی حوکمڕانی خودموختاری کوردی ١٩٧٠-١٩٧٤ سەرکردایەتی سیاسی کورد بە یەکجاری بیرۆکەی دوو ستاندەری لە گۆڕنا، هەر ئەمەش وای کرد زمانی پەروەردە لە دەڤەری بادینانیش هەر بە کرمانجی ناوەڕاست بێ، چونکە سەرۆک باوەڕی وابوو کە زمان هۆکارێکە بۆ یەکێتی تاکەکانی نەتەوە، بە تایبەتی لە بواری خوێندن و پەروەردەدا، هەرچی بیرۆکەی چەند ستاندەرییە ئەوە زادە و دەرهاوێشتەی کۆمەڵگای خێڵەکییە نەک مەدەنی و دامەزراوەیی، چونکە عەقڵی سەرۆک خێڵ و تاکەکانی لە جوگرافیای عەشیرەت تێناپەڕێ، هەرئەمەش وای کرد پرۆسەی تاکستاندەری لە ناو کورددا لە ١٩٧٠-١٩٧٤ دروست نەبێ، بەڵام لەوساوە ئەو بیرۆکەیە لە ناو شارەکانی خودموختاری کوردیدا پەرەی سەندووە!

# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە چیرۆکەکانی کامەران موکریدا

د. عادل گەرمیانی
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)

زۆربەی ئەوانەی لەنزیکەوە خوالێی خۆشبێ کامەران موکری دەناسن، گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن، تا چەند ئەم نەمرە خاوەن هەستی مرۆیی بەرز بووە، هەندێکی لەنێو هۆنراوە و چیرۆکەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەرچەندە کامەران موکری زیاتر وەک شاعیر لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ناسراوە، بەڵام لە بواری چیرۆکنووسیشیدا ئەسپی خۆی تاوداوە و بە هەموو قەناعەتێکەوە ڕایدەگەیەنم ئەگەر لەم بوارەدا بەردەوام بوایە ئەوە دەبووە یەکێک لە چیرۆکنووسە باشەکانی کورد، بەڵام ئەوەی جێی داخە تەنیا دووساڵی تەمەنی خۆی بۆ چیرۆکنووسین تەرخان کرد، ئەوەش بوو لەساڵی ١٩٥٢ و ١٩٥٣ شەش کورتە چیرۆکی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکردەوە کە ئەمانەن: (سزا- ئەم ئینسانانە- نانی سیلاوی- کۆتەرە خەڵووزێک- لە بیابانێکدا- مانگ و دڵێکی بەسەزمان-).

خوێنەری ئەم شەش کورتە چیرۆکە، کە حەسەن جاف کۆی کردوونەتەوە و لە ساڵی ١٩٩٠ چاپی کردوون، بۆی دەردەکەوێت تا چەند کامەران موکری سەرکەوتووانە بابەت و پاڵەوان و ڕووداوی بۆ ئەو چیرۆکانە هەڵبژاردووە، کە لەم ڕۆژگارەشدا خوێنەری خۆیان دەهەژێنن و پەلکێشی نێو جیهانی پڕ ناخۆشیی ژیان و گوزەرانی ئەو کەسانەی دەکەن کە کامەران کردوونی بە شاکەس و پاڵەوانی چیرۆکەکانی، ئەم چیرۆکنووسە لە شێوازی دارشتن و نووسینیان جۆرە ئاوێتەبوونێک لەنێوان هەردوو جۆری ریالیزمی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێری بەکارهێناوە و جۆرە کاریگەرییەکی تایبەتییان بەسەر خوێنەرانییەوە هەیە.

کامەران موکری لەم چیرۆکانەدا کێشەکانی دواکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەخاتە ڕوو، هەروەها زیرەکانە و



**کامەران موکری**

وەستایانە لە ڕێی خستنەڕووی کێشەیەکی سەرەکی شاکەس، یان پاڵەوانی چیرۆکەکە هەوڵ دەدات جۆرە هەژانێکی شۆڕشگێڕانە لای خوێنەرەکەی دروست بکات، ئەمەش لەڕێی ئەو جۆرە ئاخاوتن و ڕستانەی گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی سادە و ساکاری ڕاستەوخۆ لە کۆتایی هەر چیرۆکێکدا ئاراستەی خوێنەرەکەی دەکات.
بۆ نموونە:

مەسەلەی شەرەف و ناموس یەکێکە لە کولتوور و لایەنە پڕ بەها و مەترسییەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵات، تەنانەت چەندین کچ و ئافرەت لەسەر ئەم مەسەلەیە بوونەتە قوربانی، ئەگەرچی هەندێکیان هیچ گوناحێکیان نەکردبێت، بەڵام زۆرجار باجێکی خوێناوییان داوە، یان زۆر بە زەحمەت توانیویانە پاکیزەیی خۆیان بۆ کەسوکاری خۆیان بسەلمێنن. ئەم مەسەلەیە بەلای کامەران موکرییەوە بابەتێکی وروژێنەر بووە، بۆیە لە چیرۆکی (سزا)دا بەسەرهاتی (خاتوونی کچی مام ڕۆستەم)ی بەسەزمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پاش بوختانەکەی سەرکاری ئاغای گوندەکەیان چۆن دەربەدەر دەبێت، کە بلە کەچەڵی شوان ناموسی بردووە، پاشتر لە گوندەکەیان هەڵدێت و پەنا بۆ کارکردن دەبات، وەک خزمەتکار لە چوار ماڵدا، پاش ئەوەی جڵەوی خۆی بە دەست ئارەزووە سیکسییەکانی کوڕی ئاغای گوندەکەیانەوە نادات. چیرۆکنووس گێڕەرەوی هەموو شتزانی نابەشدار کە خودی چیرۆکنووسە، لەگەڵ گێڕەرەوی هەمان شتزان کە خاتوونی شاکەسە، بەهاوبەشی بەسەرهاتی پاڵەوانی نێو چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، تا پێش کۆتایی چیرۆکەکە خاتوون بەم شێوەیە ڕاستی بەسەرهاتەکەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە: «من خاتوونی کچی مام ڕۆستەمم، ئێستا لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدام، وەختی خۆی کاتێ لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بووم، جوانە کچی دێ بووم، کوڕی ئاغا کە ناوی نەریمان بوو، ئێجگار داوێن پیس و دڕندە بوو وە زۆر لە کچانی دێی تەفرەدا و هاویشتییە کۆشی سەر شۆڕییەوە، ئەوەش چی بە پارە و چی بە زۆر، ئینجا لەو دواییەدا سەرە هاتە سەرم، بەڵام هەرچەندی کرد و کۆشا بە هەڕەشە و بە پارە و بە لێ ڕاسپاردن منی بۆ هەڵنەخەڵەتام، وەتا بڵێیت ڕۆژ بە ڕۆژ ڕقم زیاتر لێی ئەبوو، تا ڕۆژێکیان ئێوارە وەخت مۆڵەتی بینی و لای ئاشەکەی مام هۆمەرەوە پەلاماری دام، بەڵام من هەر چۆنێک بوو خۆم لەژێر چنگیا دەرکرد و هەموو دەم و چاویم بە چڕنووک داغان کرد. ئەویش بۆ ئەوەی مەسەلەکە ئاشکرا نەبێت وە بۆ ئەوەی تۆڵە لە من بسێنێت خێرا بوختانێکی بە دەمەوە کردم و بەهۆی پیاوەکانییەوە بەناو دێدا بڵاویان کردەوە گوایا من ڕەدووی بلە کەچەڵی شوان کەوتووم. بەم جۆرە ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو دەنگ گەیشتە باوکم و لە عەزرەتا مرد، براکەشم پەلاماری خەنجەری دا و کەوتە دووم بمکوژێت، منیش بەهۆی شانزی هاوڕێمەوە ئەمەم زانی وە بۆم دەرکەوت ئیتر دەرچوونم نییە وە هەر ئەکوژرێم و هەرچییە بکەم براکەم بڕوا ناکات وە لە گوناهی (نەبووم) خۆش نابێت، لەبەر ئەمە ڕام کرد بۆ شار. بلە کەچەڵیش کە چەند تۆ ئاگات لەم مەسەلەیە هەیە ئەویش ئەوەندە، لە ترسی گیانی خۆی هەڵات و ئاوایی بەجێهێشت»..

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم کورتە چیرۆکە لەوەدایە کچێک لەسەر گوناحی نەکردووی شەرەفی تەمەنی گەنجیی، خۆی بە فیڕۆ دەچێت و پازدە ساڵی تەمەنی بە ترس و لەرز و خۆشاردنەوە بەسەر دەبات نەوەک براکەی بیکوژێت. ئەو برایەی کە ناوی (حەسەن)ە سەرەتا باوەڕ بەبێ گوناحی خوشکی ناکات تا لە کۆتایی چیرۆکەکە بێ گوناحی خوشکەکەی لەو تاوانەی بۆ دەردەکەوێت، هەروەها ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم چیرۆکە لەوەدایە خاتوون دەبێتە کەسێکی نەفرەت لێکراو لای ئەو ماڵانەی

وەک خزمەتکار کاریان لا دەکات، پاش ئەوەی لەسەر زاری خاتوونەوە بەسەرهاتی ڕابردووی ژیانی دەزانن، هەرچەندە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا جۆرە ئاسوودەییەک بەسەر ژیانی خاتوون-دا دێت، پاش ئەوەی بێ گوناحییەکەی بۆ برا عەودالّەکەی بەدوای کوشتنەکەیدا دەردەکەوێت، ئەوسا پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن.

لە چیرۆکی (ئەم ئینسانانە)دا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت تا چەند کامەران موکریی چیرۆکنووس خاوەن هەستی مرۆییە لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بابەتە بۆ ئەم چیرۆکە، کە زۆرابی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤێکی زۆر هەژار و دەستکورتە، خۆی لەلایەک کەوتووە، بەدەست نەخۆشییەوە دەتلێتەوە، لەو لاشەوە خاتوونی ژنی بەدەست ئازاری هەردوو ژانە زگی برسێتی و منداڵبوونەوە دەتلێتەوە، ئەنجامەکەشی گیان لە دەستدانیەتی، پاشتر منداڵە کۆرپە بەجێماوەکەشی دەکەوێتە ژێر پێی پیاوانی ئاغا کاتێک بۆ بە زۆر باج وەرگرتنی ئاغا سزای زۆرابی لە چەند لا لێقەوماوەوە دەدەن. بەم شێوەیە کامەران موکری هاوخەمی خۆی لەگەڵ ژیانی ئەم جۆرە ئینسانانە دەخاتە ڕوو. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم چیرۆکە لەوەدایە چۆن کاریگەریی خراپی دڵڕەقیی دەبێتە مایەی لە دەستدانی هەموو بەهایەکی مرۆیی، کە کرۆکی مرۆڤە. هەژاری هەرچەندە دیاردەیەکی چینایەتییە، بەڵام ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی لەوەدایە مرۆڤ بەهۆیەوە بەرانبەر چارەنووسی خۆی لەکاتی نەخۆشی ترسناکدا دەستەوەستان دەبێت، بە تایبەتی نەخۆشی سیل کە جاران زۆر بە ئاسانی گیانی مرۆڤی تووشبووی درەو دەکرد، ئەوەتا چیرۆکنووس لە چیرۆکی (نانی سیلاوی)دا خێزانێکی هەژاری کردووەتە سەر باسی بابەتی چیرۆکەکەی و ناچارن لەبەر نەبوونی، نانی سیلاوی دەخۆن بێ ئەوەی گوێ بە ئەنجامە خراپەکەی بدەن، بەڵام ئەم جۆرە نانەشیان لێ دەبڕێت، پاش ئەوەی باوکی منداڵەکە لە خەستەخانەکە بەنەخۆشی سیل دەمرێت و دایکی منداڵەکە بەیەکجاری سەرگەردان دەبێت. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم چیرۆکە لەوەدایە منداڵە گریاوەکە بە تەنیا خۆی لەنێو کۆڵان نابینێتەوە، بەڵکو باجی پیرۆز و ژنانی دیکەی کۆڵانەکەیان دەبنە دایکی دووەمی ئەو منداڵە بەسەزمانە لێقەوماوە.

کامەران موکری لە چیرۆکی (کۆتەرە خەڵووزێک) کارەساتێکی مرۆیی دەخاتەڕوو، کاتێک خێزانێک دەکەونە بەر ڕقی ئاغایەکی گوندەکەیان، خێزانێک لە شیرینی خەودا دەسووتێنێ، چونکە «ئاغا فەرمانی دابوو کە خانمی مام هەسەن گەنجی جوان بدرێت بە ڕەسوولی سەرکاری» و ماڵی مام هەسەنیش بەو فەرمانە ناڕازین. ئەوسا وەک چۆن ڕەسووڵی مرۆڤکوژ گەنجەکەی نێو کاروانەکەی کوشت، چونکە لەبەردەم ئاغادا وتبووی ناو، نەچوبووە ناو بازنەی پیاوکوژانی ئاغای گوندەوە، بەو شێوەیە ماڵی مام هەسەنی سووتاند و منداڵە کۆرپەکەی باوەشی خاتوونی ژنی مام هەسەنیش پاش سووتانی ببوو بە کۆتەرە خەڵوزێک. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم چیرۆکە لەوەدایە چۆن دڵڕەقی کۆمەڵایەتی دەبێتە مایەی سووتانی منداڵێکی کورپەی بێ گوناح بەرانبەر بە بێ گوناحی خانمی کچی مام هەسەنی مرۆڤدۆست.

کامەران موکری لە چیرۆکی (لە بیاباندا) هەستی مرۆیی خۆی جوانتر دەردەخات کاتێک (محەمەد) ناوێکی عەرەبی خەڵکی ناوچەیەکی بیابانی دەکاتە پاڵەوانی چیرۆکەکە، ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە چۆن لە جیهانی عیشقی سورەیای خۆشەویستیدا تواوەتەوە و بە ئومێدی دیدەنی ئەو یارە بەو گەرما بێ ئەمانە و لەو بیابانە چۆڵ و لماوییە پڕ مەترسییەدا هەنگاو دەنێت تا بێت سیستر دەبێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بگات بە یارەکەی هەوڵی خۆڕاگری دەنوێنێ لە ئاو نەخواردنی ئەو چەند قومە ئاوەی ناو مەتارەکەی، بەڵام کاتێک دەگاتە شوێنێک و چاوی بە حاڵ پەرێشانی ئافرەتێکی داماوی بەناو (مەلیحە) دەکەوێت کە بۆ قومێ ئاو هاوار هاواریەتی، ئەوسا هەستی مرۆیی ناخەوەی بە جۆرێک جۆش دەسێنێت هەموو ئاوی نێو مەتارەکەی دادەچۆڕێنێتە ناو دەمی (مەلیحە)ی لێقەوماوی سەرلێشێواوی ئەو شوێنەی بیابانەکە و پاشتر (محەمەد) لەبەر زۆری تینیوویەتی یەکسەر دەستی شل دەبێتەوە و مەتارەی ئاوەکەی لە دەست دەکەوێت و دەبێتە دوو قوربانی: یەکەمیان لەپێناو ڕزگارکردنی (مەلیحە)ی لێقەوماوی نێو بیابانی بێ بەزەیی لەلایەک، دووەمیان دەبێتە قوربانی سورەیای خۆشەویستی کە بۆ دیداری، خۆی خستە بەر مەترسی بڕینی ئەو ڕێگا پڕ مەترسییە.

کامەران موکری دڵداری و ئەوینی بێ گەردی نێوان (محەمەد) و (سورەیا) دەکاتە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی نێو ئەم چیرۆکە، کە لە ئەنجامدا ناگەن بەیەک، پاش ئەوەی هەستی بەرزی مرۆیی (محەمەد) وای لێ دەکات خۆی

بکاتە قوربانی (مەلیحە)ی لێقەوماوی نێو بیابان بەدەستی تینوویەتییەوە.
کامەران موکری هەمان بابەتی دڵداری کردووەتە بابەتی سەرەکی چیرۆکی (مانگ و دڵێکی بەسەزمان) لەنێوان (نەسرین) و (نەوزاد)دا، بەڵام (نەوزاد) پێچەوانەی (محەمەد)ە لە رووی ئەمەکداری بۆ خۆشەویستەکەی، چونکە (نەوزاد) بە قسە لووس و بریقەدارەکانی (نەسرین) لە خشتە دەبات و نایخوازێت، بەڵکو کچێکی دیکە دەخوازێت، ئەم خیانەتەش کاتێک بۆ (نەسرین) دەردەکەوێت کە بە کراسێکی سپی هاوینانەوە بۆ شوێنی ژوانەکانی جارانیان هەنگاو دەنێت، بەڵام کاتێک بەدەم رێوە گوێی لە دەنگی زەماوەندێک دەبێت و لێی نزیک دەبێتەوە، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت زاواکە هەمان (نەوزاد)ی خۆشەویستییەتی.
خیانەتی دڵداری ڕەهەندی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە، کە کەشوهەوایەکی ڕۆمانسیانە بەسەریدا زاڵە، هەرچەندە چیرۆکنووس زۆر بە جوانی کۆششی بێ وچانی (نەسرین)ی پاڵەوان و شاکەسی دڵشکستەمان بۆ بەرجەستە دەکات بۆ کرینی ئەو کراسە سپییە تا لەدوا دیدارەکەیدا خۆی پێی برازێنێتەوە.
لە ئەنجامی ئەم خوێندنەوەی چیرۆکەکانی کامەران موکرییەوە دەگەینە ئەوەی:
١- کامەران موکری لە بواری چیرۆکنووسینیشدا خاوەن توانا و بەهرەی ئەدەبی خۆی بووە، ئەگەر لەسەر چیرۆکنووسینیش بەردەوام بوایە، ئەوە دەبووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی چیرۆکی هونەری کوردی، هەروەک چۆن لەبواری هۆنراوەی نوێی کوردیدا ئەستێرەیەکی درەوشاوە بوو.
٢- خوێنەری چیرۆکەکانی کامەران موکری بۆی دەردەکەوێت، وەک چۆن لە بواری شیعردا خاوەن جۆرە هەستێکی مرۆیی بەرز بووە، بە هەمان شێوە ئەم جۆرە هەستە مرۆییە بەشێوەیەکی وردتر و ڕوونتر لەنێو چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.
٣- بابەتی چیرۆکەکانی لەنێو کەتوار، یان واقیعی کۆمەڵەکەی سەردەمی خۆیدا هەڵبژاردووە، واتە ژیانی خۆی لەسەردەمی پاشایەتی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا.
٤- کامەران موکری لەنێو چیرۆکەکانیدا هەردوو جۆری ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی و ڕیالیزمی شۆڕشگێری ئاوێتەی یەکدی کردووە و بە مەبەستی بەخشینی کاریگەری بە پەیامی چیرۆکەکانی.
٥- لەم چیرۆکانەدا ناوی گوند و ناوچە بە ڕوونی نەخراونەتە ڕوو، ئەمەش بە مەبەستی بەخشینی جۆرە گشتاندنێک بووە، بەڵام لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا ناوی (خاتوون) دووبارە کراوەتەوە وەک نموونەی باش بۆ ئافرەتی کوردی خۆڕاگر و خاوەنی ڕەوشتی بەرز.
٦- پاڵەوان و شاکەسەکانی نێو ئەم چیرۆکانە جۆرە مرۆڤێکی لێقەوماون بەدەستی کەسانی دەوروبەر و گوزەرانی نالەباری خۆیانەوە دەتلێنەوە.
٧- کێشەکانی پاراستنی شەرەف و نەخۆشی کوشندە و دەستنەڕۆیی ئەوینی بێ گەرد و خیانەتی دڵداری بابەتە سەرەکییەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرجەم چیرۆکەکانی کامەران موکرین.
لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە مامۆستا حەسەن جاف دەکەم کە وەک ئەمەکدارییەک بەرانبەر کامەران موکری هاتووە چیرۆکەکانی کۆکردووەتەوە و چاپی کردوون. من وەک خوێندکارێکی ئەمەکداری بەردەستی بۆ دوو ساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ لە خوێندنی بەکالۆریۆسدا لە بەشی کوردی وانەی عەرووز و ڕەوانبێژی پێ دەوتینەوە، کوڕێکم بەناوی ئەوەوە ناو ناوە، بە ئومێدی ئەوەی وەک کامەران موکری ئەدیب و نووسەرێکی ناودار بێت. هەرگیز ئەوەش لەبیر ناکەم تاکە مامۆستای بەشی کوردیمان بوو لە ئاهەنگە خنجیلانەکەی ژن گواستنەوەم لە یانەی کۆلێژی ئادابی ئەوسای زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ١٩٨٦دا ئامادە بوو. هەزار درووود بۆ گیانی پاکی کامەران موکریی مرۆڤی گەورە و شاعیر و چیرۆکنووس و مامۆستا و برا گەورەمان.

# وشەی (تورک)
# وەک سیمبۆلی (ستەم) لەلای شاعیرانی کلاسیک

فەرهاد پیربال

نەک تەنیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەڵکو لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی فارسیش، وشەی (تورک) بە واتای «غەددار» و «ستەمکار» و «زاڵم» بەکارهاتووە، ئەم سیفەتەش هاوواتای «یاری ستەمکار» و «دۆستی جەفاکار» بووە.

چەند نموونەیەک لە دوو شاعیری فارسییەوە، حافزی شیرازی و مەولانا جلالەددینی ڕۆمی، لێرەدا پێش چاو دەخەین. مەولانا جەلالەددینی رومی لە کلیاتدا دەڵێ:

**مرا راه صوابی بود گم شد**
**از ان ترک خطایی من چه دانم**

یان:

**جان بر زبر همدیگر افتاده ز مستی**
**همچون ختن غیب پر از ترک خطایی**

یان:

**گر من از اسرار عشقش نیک دانا بودمی**
**اندران یغما رفیق ترک یغما بودمی**

هەروەها حافزی شیرازی لە (لسان الغیب)دا (امیر کبیر: ١٣٧٨) دەڵێ:

**دلم ز نرگس ساقی امان نخواست بجان**
**چرا که شیوه ان ترک دلسیه دانست**

یان:

**یا رب این بچه ترکان چه دلیرند بخون**
**که بتیر مژه هر لحظه شکاری گیرند**

یان:

**شاه ترکان چو پسندید و بجاهم انداخت**
**دستگیر ار نشود لطف تهمتن چکنم**

بەم شێوەیە، وشەی تورک هاوواتای «جەفاکار» و «ستەمکار» بووە لە سەرجەم شیعری کلاسیکی فارسیدا.

ئەمەش چونکە تورک بەهۆی دەسەلات و سروشتی خۆیان هەمیشە داگیرکەر و ستەمکار بوونە لەهەمبەر نەتەوەکانی تر، بۆیە ئەم سیفەتە (سیفەتی تورک بوون) دراوەتە پاڵ ئەو کچانەی کە کورە دڵدارەکانی خۆیان دەسخەرۆ دەکەن یان ئازاریان داون.

حەمەبۆر، ڕاڤەکاری دیوانی کوردی (دەزگای ئاراس) کە بۆ ڕاڤەکردنی شیعرەکانی کوردی، لێرەدا سوودمان لێ وەرگرتووە، لەکاتی ڕاڤەکردنی شیعرەکانی (کوردی)دا جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکاتەوە:

**تووشی یارێ هاتووم سەححار و، دوزد و حیلەباز**
**تورک ڕەفتار و، طەبیعەت کافر و، صوفی نوما**

تورک ڕەفتار: تورک ڕەوشت، مەبەست لە ڕەوشتی بەدی عوسمانییان و خراپی (تورکەکان) بووە لە چەوساندنەوەدا کە هەمیشە لە داگیرکردن و پێشێلکردنی ماف و (بە تورککردن)دا بوون.

**چاوی مەستت وا دیارە فیتنەیێ بەرپا دەکا**
**خوانی دین وەک (تورکی یەغمایی) بەناز یەغما دەکا**

تورک: عوسمانی، کە بە تالانکار ناوبراوە.

یەغمایی: تالانی و (یەغما) ناوی شارێکە لە تورکمانستان، کە نیشتمانییەکانی بە جوانی بەناوبانگن و بە(دڵدز) ناسراون.

**دڵ لە دەست تورکی دوو چاوت چ دەبوو حاڵی ئەگەر**
**نەبووایە سەری تیری موژە و تیغی برۆت؟**

یان:

**نەوجوان، ئەبرۆ کەمان، شیرین زوبان و، نوکتەدان،**
**تورک ڕەفتار و، پەری ڕوخسار و، پەرچەم دارەکەم.**

یان:

**تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت**
**بۆ گرفتی دڵ لە کاکۆڵت عەلەم پەیدا دەکا**

یان:

**لە (تازی) و (تورک) و (فارس) وێنەیی یارت نییە (کوردی)**
**لە چاوی بەد خودا حیفظی بکا بیللا دەڵێی حوورە**

یان:

**شۆخی دڵ ئازاری یاری سەرسەری**
**کافرەی (تورک)ەی لە مەزهەب بێ بەری**
**بۆچ لەلای تو قەتڵی عاشق واجیبە**
**قەصدەسەر، دائیم بەدەستەو خەنجەری**

یان:

**ئەگە بێتو بچێتە جەننەت ئەو تورکی پەری چیهرە**
**قەوەر، گوێز غەمزەسیلە جەننەت ئیچرە حوورو غیلمانی**

تورک: جوان، جوانی چاوەکەی واتا: مەبەست لە تورکە ستەمکارەکانی عوسسمانیشە کە وەک جوانیی ئەو چاوە کاریگەرە.

یان:

**(عەرەب) ئەندامی یو، (فارس) کەلام و،(تورک) ڕەفتاری**
**نیگا (ئاهوو)، ڕەوت (کەپکی)، زوبان (تووتی)ی خۆش ئەلحانی**

مامۆستا حەمەبۆر، ڕاڤەکاری دیوانی کوردی کە لە زۆربەی لێکدانەوەکاندا پشتمان پێ بەستوون، دەڵێ: شاعیر لەم تاکە هەڵبەستەدا ڕواڵەت و دیمەنی کەسانی هەر سێ نەتەوەی دراوسێی هەرە نزیک و یەکسەرەی کوردستانی گەورەی لە خودی (قادر بەگ)دا ڕەچاوکردووە کە ئەو نەتەوانەش: عەرەب کە نەتەوەیەکی نیشتەجێی بەشی خواروو (باشوور)ی کوردستانی گەورەیە، لە زۆر کۆنەوە بەپێی دراوسێتی و دواتر بەهۆی ئیسلامبوونی کوردەوە کە پەڕاوی پیرۆزی ئەم ئایینە بە زمانی (عەرەبی)یە، کورد بەچەندین جۆر یاریدەی گەورە گەورەی عەرەبی داوە و پشتیوانی لە (عەرەب) کردووە.

(کوردی) کە لەم تاکە هەڵبەستەدا جوانێتی (قادر بەگ)ی بەجوانی ئەندامی (عەرەب) چواندووە، بەزۆری لەمەڕ پێزانینمانەوەیە کە عەرەبمان بەبراگەورەی خۆمان داناوە، بۆیە لەهەر شتێک و بابەت و بۆنەیەکدا ئەوانمان هەڵناوە و بەسەردەستمان داناون.

لە ڕووی جوانێتی و ئەندامی عەرەبیشەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی فراوان بەناو تاکە تاکەی (عەرەب)دا بکرێ دەردەکەوێ کە ڕێژەی (جوان)ی ئەوان سەد یەکی ڕێژەی (جوانی)ی کورد، نییە و دیسان کوردی لەسەر ئەو پێوانەی ڕێز لە (عەرەب) گرتنەمان ئەوەتا (کوردی) ئەو ئەندامە جوانە کەم هاوتایەی (قادر بەگ)ی چواندووە بە جوانی ئەندامی عەرەب.

ئەم نەریتی (عەرەب) بەجوان دانانە وەک نەریتێکی (باو)ی ناو شاعیرانی نەتەوە ئیسلامەکانی تریشدا لە هەڵبەستیاندا لە هەمان هەستی ڕێز لە (عەرەب)

نانەوەیە و بەس و بووەتە کـارێکی چاولێکەری وێژە و هەڵبەستی کلاسیکی.

(فـارس) هەر لەم تاکە هەڵبـەسـتـەدا (کـوردی) دەم و دووی شیرین و خۆش گوفتاری (قادر بەگی) چواندووە بە زمان شیرینی (فارس)، ئەمەش لە دواکەوتنی قسەیەکی نەستەقی (فارس)ەکانەوەیە کە گوتوویانە: (عربی هنر است، فـارسی شکر است، ترکی گـوز خـر است)، واتە زمـانی عـەرەبی هونەرە لەوەوە کـە ئـەمـەندە زمـانێکی قژقژاوی و پیتی ڕەق و سەخت و ناقۆڵای وەک (ث، ن، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ق) لە وشـەکـانیـاندایە کە لەسـەر زاری نەتەوە (ئاری)یەکـانی وەک (فـارس) و کورد و... تاد زۆر گرانن بەهونەر دانراوە لە زمانەکانی ئەم ڕەگــەز (ئاری)یانەدا نیـــیــە، بۆیە فــێـــربوونی هونەرمـەندییـەکی تایبـەتی دەوێت، لەبەر ئەوە زمـانی (عەرەبی) بە (هونەر) ناوبراوە.

لەو قسـە نەسـتـەقـە فـارسـیـیـەدا هاتووە کە (زمـانی فـارسی شەکـەرە) لە ڕاسـتـیـشـدا وایە، هەرچەند قسـەی نەستەقە (فارس) خۆی بەخۆی گوتووە لە نرخی قسەکە (دادەشکێنێ) لەچاو ئەوەدا ئەگەر نەتەوەیەکی تر وەهای بەزمانی (فـارس) بگوتایە کە ئەوسا بایەخدارتر دەبوو. هەمـان قـسـەی نەسـتـەقـە فـارسـیـیـەکە لە بارەی زمـانی تورکییەوە بە (تڕی کەر) ناوبراوە کە لەڕاسـتیدا تورکی ئەگەر بشێت بە زمان ناو ببرێ، ئەوە زمانێکە لە چین و لە مـەغـۆلی و تاتاری و زمـانەکـانی ناوچەکـە پێک هاتووە.

لە ڕووی فەرمـوودەی (کوردی)یەوە کە زمـانی شیـرینی (قادر بەگی) بە (فـارسی کەلام) داناوە، هەرچۆنێک بێ یەکێ لە ڕواڵەتەکـانی (قـادر بـەگ) بێ گـومـان زمـان شیرینی بووە، چونکە (کوردی) هەمـوو هەڵبـەستـەکانی، یان بەزۆرە (بابەتیبانە) ترن و زانیوبە چی فەرمووە.

سـێـیـەمین ڕواڵەتێکی کـە (کـوردی) لەبارەی (قـادر بەگ)ەوە لەم نیـوە تاکی یەکەمی ئەم تاکی پێنجەمـەیدا ڕای گـەیاندووە ئەوەیە کـە (قــادر بـەگ)ی بە (تورک ڕەفتار) ناوبردووە.

دەشزانرێ کـە ڕەوشت و کردەوەی (تـورک) لەکـاتێـکدا کە بەهۆی هێرشەکـانی (مەغۆل) و (تاتار)ەوە بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســتــدا بڵاوبـونـەتەوە، هەڵـوێـست و ڕەوشـتـیـان هەر دڕندەیی و نـامرۆڤـایەتی و خـوێنمـژی و قەلاچۆکردنی گەلانی ناوچەکە و تاڵانکاری و کوشتن و بڕین و وڵاتان داگیرکردن بووە و ئەو وڵاتانەیان گۆڕیوە بە نیشتمانی تورکی بەناڕەوایی لە گۆڕیندان، بۆیە بە(تورک ڕەفتار) واتە ڕەفتار خراپی داناون.

ئـەمــجــا (کــوردی) کــە (قــادر بـەگ)ی بە(تورک ڕەفـتـار)داناوە ئەوە لەوەوەیە کـە شـاعـیـران لە بابەتی خۆشـەویستی ڕاگـەیاندندا، لە هەڵبـەسـتـیـاندا جـوانی خۆشەویستەکانیان بەجۆرە کاریگەرییەک داناوە کە وەک (بەدڕەفتاری تورک)وایە بەرانبەریان و ئەوەش نەریتێکی وێژەییـە و دەنگ لە جـوانیـدانە نەک لە خـراپ ناوبردنی خۆشەویستەکانیان.

(کــورد)یشــمــان لەم وێچــواندنەی (قــادر بـەگ)یدا بە(تورک ڕەفـتـار) هەر تەنیـا شـوێن ئەو نەریتـە وێژەییـە کلاسیکییە کەوتووە، ئەگەنا سەراپا ئەم هەڵبـەستەی و دووهەڵبـەسـتـە ناوبراوەکـەی تریشی و لە شـوێنی تری هەڵبـەسـتـەکـانیـدا بەبێ سێ و دوو خـۆشـەویسـتی خـۆی بەرانبـەر بە (قادر بەگ) ڕاگەیاندووە و هەڵی ناوە و ئەم بە(تورک ڕەفـتـار) ناوبرانەشی لایەنی هەڵنان دەگرێ نەک دژی (قادر بەگ)بوون.

کوردی لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

**چاوی مەستی فیتنەجۆی هەروەک سوارەی تورکمان**
**خەرمەنی عەقڵ و دینی بەغارەت بردووە**

ســـوارەی تورکـــمـــان: ســـوارەی جـــەندرمـــەی (عوسمانییەکان) کە سوارەی ( نیظام)یشی پێ گوتراوە.

کوردی ١٨٠٩- ١٨٤٩ لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

**دەڵێن زۆر (توند)ی و، خوو (تورک)ی یەکجار مەست و بێباکی**
**بە (توندی) و (مـەسـتی)یوە، بەد خـوویـیا، دیارە لە یارانی**

خـــوو تورک: ڕەوشــــتی تورکــــانە وەک (تورک)ی عوسمانی.

یاران: دڵخـوازەکە کـەمـتـەرخـەمـەکـان لە سـووتاویی دڵدارانیان و یان مەبەستی (بەتەوسەوەیە)

یان:

**خەڵاتی (ڕۆم)؛ وڵاتی چۆڵ و، وێرانە، لە (بابان)دا**
**لە (کاول)دا نەبێ (ئاشیان)ی کوندە، لاڵە، ناخوێنێ.**

ڕۆم: تورکی عوسمانی.

لەم نیـو باڵـی یەکـەمـدا مـەبەسـتی ئەوەیە دوای

ڕووخاندنی (بابان) سوپای (ڕۆم = تورک) خاکی بابانی وێران کردووه و هاونیشتمانییه‌کانی ئاواره کردووه و به‌وه هه‌رێمی چۆڵ کردووه.

کاول: وێرانکراو، مه‌به‌ستی له که‌لاوه‌کانی وێرانکراوی خاکی (بابان) و به‌تایبه‌تی شاری (سوله‌یمانی)یه؛ چونکه (ڕۆم = عوسمانی)ی چواندووه به (کونده‌په‌پوو) (کونده) که هه‌میشه هێلانه (ئاشیان) له که‌لاوه‌ی وێراندا ده‌کات و ده‌گه‌نه ئه‌و (کونده‌بوو)ه زمانی خوێندن = (په‌پووکردنی) لاڵ ده‌بێت و توانای خوێندنی نامێنێ له (ئاشیانه = هێلانه)ی ناو که‌لاوه‌دا نه‌بێت، که (عوسمانی)یش ئه‌و وێرانکارییه‌ی وه‌ک خه‌ڵات پێشکه‌شی به خه‌ڵکی قه‌ڵه‌مڕه‌وی (بابان) کردووه، هه‌تا ترسی ئاوه‌دانی نه‌بێ، که لێی هه‌ڵگه‌ڕێنه‌وه.

لای مه‌حوی ١٨٣٠- ١٩٠٤، وشه‌ی تورک به‌هه‌مان واتا به‌کارهاتووه:

**تورکی چاوی مه‌ستی، «مه‌حوی»! مژده بێ**
**وا که‌بابی جه‌رگ و دڵ داوا ده‌کا**

یان

**نه‌وه‌ک هه‌ر چاوی مه‌سته، خۆشی هه‌ر مه‌ست**
**به لادا دێ، که دێ، وه‌ک تورکی سه‌رمه‌ست**

یان:

**که‌چ ئه‌برۆ دیده ئاهوو شۆڕشێن خوو فیتنه‌جۆ تورکێ**
**خورۆش و شۆر و شینی خسته ناو ئه‌هلی نه‌زه‌ر له نوێ**

هه‌روه‌ها مه‌حوی ده‌ڵێ:

**تورکی من کوشتارخانه‌ی عاشقانی دی، وتی:**
**من (برنجی بر یزید) ئێره (ایکنجی کربلا)**

واته: که یار کوشتارخانه‌ی دڵداره‌کانی خۆی دی، وتی من یه‌زیدی یه‌که‌مم و ئه‌م شوێنه‌ش که‌ربه‌لای دووه‌مه. ئه‌م به‌یته ئیشاره‌ته بۆ کاره‌ساتی کوشتنی حسێنی کوڕی عه‌لی کوڕی ئه‌بوطالیب و هاوڕێکانی له ده‌شتی که‌ربه‌لا، له‌سه‌ر ده‌ستی له‌شکری یه‌زیدی کوڕی موعاویه.

لای مصباح الدیوان ئه‌ده‌ب ١٨٥٩- ١٩١٦، وشه‌ی (تورک) به هه‌مان واتای (سته‌م) و زوڵم، به‌م شێوه‌یه به‌کارهاتووه:

**گا په‌نجه‌یی تورکان و ده‌مێ نافه‌یی تاتار**
**گا جه‌وشه‌نی ڕوویین و ده‌مێ مه‌غفه‌ری ئاهن**
**گا شۆخی که‌مه‌ند ئاوه‌ر و گا تورکی که‌ماندار**

یان

**ئه‌و ساته که ناسیمه‌وه، ئه‌و دڵبه‌ری شه‌نگه**
**ئه‌و تورکی که‌مانداره، هه‌ر ئه‌و غه‌مزه خه‌ده‌نگه**
**ئه‌و شاهیدی تاتاره، هه‌ر ئه‌و ماهی فه‌ڕه‌نگه**
**ئه‌و یاری جه‌فاکاره، له‌گه‌ڵ مه، سه‌ری جه‌نگه**
**هه‌ر دڵبه‌ره‌که‌ی پاره، هه‌ر ئه‌و یاری سته‌مگه‌ر**

یان

**تاکه‌ی وه‌کو تورکان، به‌یه‌غمایی دڵی ناس**
**ئه‌برۆیی که‌شیده‌ت به‌که‌فی خه‌نجه‌ری ئه‌ڵماس**

یان

**نیگارانی دیاری مه، شه‌که‌رله‌ب، گوڵعوزارانن**
**هه‌موو تورکی که‌ماندارن، هه‌موو عه‌نقا شکارانن**
**له مه‌شقی عیشوه‌بازیدا، له شێوه‌ی کینه‌سازیدا**
**له عه‌رسه‌ی تورک تازیدا، چ شیرین شه‌هسوارانن**

یان

**دوو تورکی باده په‌رستی، دوو نێرگسی مه‌ستی**
**به‌غه‌مزه: تیر و نه‌زه‌ر: شیر و ناز: فه‌تتان بوو**

یان

**شۆخی چین، تورکی خه‌تا، زیبی خوته‌ن، ماهی ته‌تار**
**شۆڕی شار، ئاشووبی موڵک و ئافه‌تی هه‌ر کیشوه‌ره**

یان

**دوو که‌مانی ئابنووسی داوه‌ته دوو تورکی مه‌ست**
**سوێند ده‌خوا: دوویان برۆ و دوو نه‌رگسی فه‌تتانمه**

یان

**دوو تورکی مه‌ستی سه‌رکه‌شی، نیگاهی نێرگسی گه‌شی**
**به‌قه‌تڵی عاشقانی خۆی، به‌چه‌نده ئیهتیمامه‌وه**

یان

**هیندی! عه‌جه‌می! ڕۆمی! موغی! یا: به‌چه ته‌رسا!**
**کوردی! عه‌ره‌بی! تورکی! له نه‌سلی قه‌جه‌ری! چی!**
**تیغی ئه‌برۆیی که‌شیده‌ی، له‌سه‌ر ئه‌و چه‌شمی سیاه**
**وه‌ک دوو شمشێری برنده‌ن، به‌دوو تورکی خوته‌نێ**
**فه‌وجی موژگانی به‌رابه‌ر، به‌دوو سه‌ف خسته نیزام**

یان

**ئه‌رێ ته‌رسا به‌چه، گورجی ڕه‌وش، مه‌زهه‌ب مه‌سیحایی**
**فه‌ره‌نگیی خووی، نه‌صارا تینه‌تی گه‌بری کلیسایی**

**بەڵای ئێـران و فـیـتنەی ڕۆم و شـۆخی تورک و مـاهی کورد**

**نیگاری بەڵخ و شاهی هیند و تورکی چین، بەڕەعنایی**

یان

**«ئەدەب» چی دی نەیە ناڵەت، لە تاراجی دڵ و دینت**

**کە ئەمڕۆ ناڵە، بێ وەجهە، لە لای تورکانی یەغمایی**

یان

**عەجەبا مەجمەعی مە، ئەو شەوە تا مەددی نەظەر**

**بادەبوو، سادەبوو، بۆ تورکانی خەتا، ماهی خوتەن**

وەفـایی ١٨٤٤- ١٩١٤، ئەویش، تورک لەشێـوەی ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار، بە واتای سـتـەم و جـەور بەکاردەهێنێ:

**زولفی تورکانە لەسەر عاریزی یار**

**ئەوە چەتری سەری سوڵتانی گوڵە**

یان:

**حەلقەیی زوننـاری زولفی بوو بەمیحرابی دوعام**

**تورکی کافرکێش و یاری ناموسوڵمانم نەهات**

تەنانەت تا سەردەمی زێوەریش (تا سەرەتای سەدەی بیستەم) ئەم شوبهاندنەی ستەمی یار بە ستەمی تورک هەر باو بووە. زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨ دەڵێ:

**وەختێ کە لە ماڵ بێتە دەرێ تورکی ستەمکار**

**ڕوومەت گوڵ و موو سونبول و قەد وەکو عەرعەر**

**بۆ سەیری ئەوەستن لە سەما سەبعەی سەییار**

یان:

**بێ شکە جەولانی بێشکە و شەوقی دامادم هەیە**

**ئەمری حەربم بێتە سەر بەم ئەشکە سەددی ڕێت ئەکەم**

**تورکی موژگانت هەیە، من چاوم ئیمدادم هەیە**

**چونکە قەت ناگەم بەکۆی تۆ وەک نەسیمی صوبحدەم**

گەلێک شاعیری کەم ناسراویش، وەکو فایەق (١٨٠٦ - ١٨٨٩) وشەی تورکی بە هەمان واتا بەکاربردووە:

**کەبابی دڵ لەسەر خوانچەی مەزەللەت**

**ڕفاندی تورکی یەغما و نەترسا**

# "پەشێو" لە شیعری گەورەی ژندا

**فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(بۆکان)**

دیارە هەر شیعرێک ئەگەر بەدەست خاوەن هەستی خۆی و لە هەلومەرجی تایبەت بە هەستێکی بێ جوگرافیا دەرببڕدرێت، بێ گومان دەتوانێ هەمیشە بەرز بێت و گەورەیی ناوەڕۆک لەگەڵ خۆیدا وەک مێژوویەک بپارێزێ. پەشێو توانیویە لەم بابەتە بیستراوەدا بنەمای ناوەڕۆکێکی تازە و بەهەست بخولقێنێ. ئەم شێوە ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زوو دەست لە ناوەڕۆک هەڵنەگرێ و لەگەڵ هەستی تایبەتی شاعیر زۆرتر ئامێتە بێت. شیعری "ژن" لە سێ بەش پێکهاتووە، دیارە هەر بەشێک قسەی تایبەت بە خۆی تێدا باس کراوە و لەسەر پێوەندییەکی مانایی یەکتر دەگرنەوە. لەم شیعرەدا هیچ لێکچوواندنێکی کۆن نابیندرێ کە ئێمە لە چێژی شیعرەکە دووربخاتەوە هەموو دەستە وشەکان ڕەوان و زمانی هۆنینەوەکەش زمانێکی ئاسان و دوور لە دژواریی تێگەیشتنە.

بەشی یەکەمی شیعرەکە بەم چەشنە دەست پێدەکات:

**(١)**

**بە بینینت**
**من دەبمەوە بنیادەمی چاخی بەردین،**
**دەچمەوە ناو ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ،**
**گوێ شل دەکەم بۆ برووسکە و**
**گۆڵەی هەور و بارانی خوڕ،**
**شارستانیی دوگمە و وایەر بزر دەبێ،**
**ئاتەشگەکان پڕ دەبنەوە لە پیت و گڕ.**

سەرەتای شیعرەکە بە "بینین" دەست پێ دەکات. لە نێوان هەستەکاندا بەکارهێنانی ئەم هەستە لە دەسپێکی شیعرەکەدا گرینگیدانی شاعیرە بەم هەستە لە حاندی هەستەکانی دیکە، چونکە ئەگەر "بینین" ڕوو بدات، هەستەکانی دیکە بە دوای ئەودا دێنە دی. بە واتایەکی تر "بینین" بنەمایەکە بۆ دارشتنی هەستەکانی دیکە.

دەستە وشەی "بە بینینت" کاتێ دەخوێندرێتەوە هەست پێ دەکرێ بارێکی مانایی گەورەی پێ سپێردراوە -



**عەبدوڵڵا پەشێو**

هەرچەند بە تەواوی لەوە خاترجەم نین - بەڵام کاتێ لەگەڵ شیعرەکە زیاتر دەمێنینەوە و ئامێتەی دەبین ئەم گومانە دەسەلمێندرێ بۆمان کە ئەم دەسپێکە هەڵگری مانایەکی گەورە بووە، ئەمەش لە کارکردنی شێوازێکە کە ناوەڕۆک زیاتر پەروردە دەکات.

لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا باس لە بەیادهێنانەوەی ژیانێکە کە بە بینین وێنا دەکرێ. شاعیر دەڵێ من وەختێک تۆ دەبینم دەبمەوە ئەو بنیادەمەی سەرەتای مێژوو، هیچم لە بیر نامێنیت و دەچمەوە دەورانێک کە پڕ لە بێ دەنگی و سەرسەوزی، بینینی جوانی و بیستنی دەنگی لەبیرکراوە. هەرچی باسی شارستانیەت و مالکییەت بێ لە بیرم دەچێتەوە و پڕ دەبمەوە لە گەرمای ڕاستی.

لێرەدا ئاماژە بەو نیشانانە دەکەین کە لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا هاتوون:

* بنیادەمی چاخی بەردین: بێ غەمی
* ئەشکەوتی تار: بێ دەنگی
* جەنگەڵی چڕ: سەوزایی
* برووسکە و گرمەی هەور و بارانی خوڕ: بینین و بیستن لە سروشت
* بزر بوونی شارستانیی دوگمە و وایەر: دووربوونەوە لە هەرچی دەسکردە، لە خاوەندارێتی
* ئاتەشگە: وەبیرهێنانەوەی خۆشەویستی

شاعیر دەڵێ من بە بینینت هەموو ئەم هەستە خۆشانەم وەبیر دێتەوە، بینینت لە دنیای خۆم دەکاتەوە، دەمباتە دنیایەکی نادیاری لە بیرکراو.

خاڵی جێی سەرنج لەم بەشەی یەکەمەدا هاوڕێژەیی نێوان "چاخی بەردین، ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ، ئاتەشگە"یە، کە خوێنەر لەگەڵ کەشوهەوای شیعرەکە زۆرتر ئاشنا دەکات و لەگەڵ مێژوویەکی کۆن ڕووبەڕووی دەکاتەوە.

* هەڵبەت ئەم جۆرە ڕوانینەش لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا دوور لە زەین نییە: من بە بینینت دەکەومەوە سەر ڕابردووی خۆم کە چی بووم؟ دیسان دەچمەوە ناخی ئەم ڕابردووەوە، بە واتایەکی تر دەڵێ تۆ کە دەبینم ئەوەم وەبیر دێتەوە کە ئێستای من لە تۆوە دەستی پێ کردووە، چونکە لە بەشی دووەمی شیعرەکە بە شێوەیەکی ڕوون باس لە توانینی ئەنجامی هەر مەرام و ویستێک بە دەستی ژن دەکرێت، کەوابوو شاعیر دەڵێ ئەم بارودۆخەی ئێستا تێیدا دەژیم، ئاوا نەبووە، بەڵکو تۆ توانیوتە بەم جۆرە بیگۆڕیت.

**(٢)**

**چیت مەرام بێ، دەچێتە سەر:**
**تۆ دەتوانیت بە نیگایەک،**
**سەوزەڵانێک بە ڕووتەن کەی.**
**لە دەستت دێ، بە هێمایەک،**
**بەردەڵانێک بە چیمەن کەی.**
**چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:**
**تۆ دەتوانیت**
**باڵی زمانم ببەستی و**
**درەختی پەنجەم بێبەرکەی.**
**لە دەستت دێ**
**چەمی دەنگم تژی ماسی و**
**هەر پەیڤێکم پڕ گەوهەر کەی.**
**تۆ دەتوانیت... بمکەیتە کۆیلەی مل بە تۆق.**
**لە دەستت دێ... تاجی سەروەریم لەسەر کەی.**

لە بەشی دووەمی شیعرەکە لە بەندی یەکەمیدا شاعیر بە گشتی قسە دەکات. دەڵێ تۆ دەتوانی سروشتیش بگریتە دەست و بیخەیتە بەر فەرمانی خۆت. "تۆ دەتوانیت"، "لە دەستت دێ" بە جوانکارییەکی تایبەتەوە لە بەشی دووەمدا بەکارهاتوون، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەڵگری مانایەکی دەروونین، واتە لەم شوێنانەی کە "تۆ دەتوانیت" بەکارهاتوون، مەبەستی ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت و ئەنجامی نادەی و لەم جێیانەی "لە دەستت دێ" بەکارهاتووە، مەبەستی ئەوەیە دەتوانیت و ئەنجامی دەدەی. ئەوەش باس لە گەورەیی ژنە و بە جورێک دان پێداهێنان بە بەخشەندەیی و دڵفراوانی ژن.

"بە ڕووتەن کـــەی"، "بە چیـــمـــەن کـــەی" لە باری بەکارهێنانی زمانییەوە چێژێکی زیاتری بە شیعرەکە بەخشیوە، یانی شاعیر خۆی لە بەکارهێنانی شێوەی ئاسایی پاراستووە. ئەگەر نووسیبایەی "ڕووتەن بکەی"، یان "چیمەن بکەی" جێگەی (بە)ی گۆڕیبایە، لە ڕەوتی شوێندانان و کاریگەریی شیعرەکە کەمی دەکردەوە. هەڵبەت ئەم خاڵەش جێی باسە کە لە "بە ڕووتەن کەی" مانای (سەراسەر، هەمووی، یەکسەر) وەردەگیرێ، بەڵام لە "ڕووتەن بکەی" ئەم بەرفراوانی مانایییە وەدەست نایە، لە "بە چیمەن کەی" ش هەر ئەم حاڵەتە هەیە.

لە بەندی دووەمی شیعرەکەدا شاعیر لە بە گشتی دووان دێتە سەر باسی خۆی و لە بڕیار لە ئاست ژندا دەڵێ: تۆ دەتوانیت زمانم لە ئافراندنی شیعر و دەستم لە نووسین بێ بەهرە بکەی. تۆ لە دەستت دێ ڕووباری دەنگم پڕ لە ماسی شیعر و گۆرانی بکەی، لە گەڵ ئەوەشدا ناوەرۆکی شیعرەکانم وەکو گەوهەر بە بایەخ بکەی. تۆ دەتوانیت ئەسیرم بکەی، لە دەستت دێ سەروەریم پێ ببەخشی.

بەشێوەیەکی نهێنی لەم بەندەدا، شیعر و بەرهەمی خۆی لە بوونی ژندا دەزانێ و بەدیهاتنی هونەری شیعر هەر لەم سەرچاوەیەوە مەیسەر دەبینێ.

لە تابلۆی "چەمی دەنگم تژی ماسی" تەشبیهی دەنگ بە چەم، وێنەیەکی جوان لە زەیندا دەکێشێتەوە، دەنگێک کە وەک چەمێکی خۆشئاهەنگ پڕ لە ماسی شیعر و گۆرانییە، هەڵبەت ئەگەر ماسی لە بەرانبەر وشە دابنێین، وێنەکە جوانتریش دەڕازێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین ئەم تابلۆیە پێشان دەین:

دەنگ = چەم: ڕەوان بوون، مۆسیقای تایبەت، خۆش ئاهەنگی.

شیعر = ماسی: هەر دووکیان جووڵە و نەزمی تایبەت بە خۆیان هەیە.

وشە = ماسی: هەر وشەیەک مانای تایبەتی هەیە، هەر ماسییەک ڕەنگی تایبەتی هەیە.

ماسی بە شێوەی نهێنی بە شیعر / وشە شوبهێندراوە، یان دەتوانین بڵێین ماسی ئیستعارەیەک لە شیعر، یان وشەیە.

**(٣)**

**لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا –**
**تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای.**
**لە گێژەنی تاریکیدا –**
**تۆ بریسکەی بەفری چیای.**
**لە بیابانا – هاژەی چەم و**
**لە نەهاتا – هەڵمی نان و**
**لە غوربەتا – دالدە و پەنای:**
**کلیلداری بەهەشتی تۆ.**

**تۆ نەک نیوە: هەموو دنیای.**

لە بەشی سێیەمدا شاعیر لە سێ بەند مەبەستی خۆی کۆتایی دێنێ. دوو بەند لەم سێ بەندە ئاماژە بە دەوری ژن لە ناوەرۆکی ژیندایە و بەندی ئاخریش ئاکامبەندی شیعرەکەیە.

لە دوو بەندی شیعرەکەدا هەموو تابلۆکان گێڕانەوەی تاڵی و باس لە دژواری ژیانە سەبارەت بە ژن، واتە لە هیچکام لەم دوو بەندەدا هیچ تابلۆ، یان وێنەیەکی شادی تێدانەهاتووە، بەڵام بەپێچەوانەوە ژن لەم تابلۆ غەمناک و تاڵانەدا دەبێتە بەرهەمی شادی و نەجات. دەتوانین بەم شێوەیە نیشانی دەین:

لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا (دژواری و تاڵی ژیان) = تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای (هۆی ژیانەوە و مان)

لە گێژەنی تاریکیدا (بێ هومێدی و تەنگانە)= تۆ بریسکەی بەفری چیای (هیوابەخشی)

بیابان = هاژەی چەم
نەهات = هەڵمی نان     ژن = هۆی نەجات (ڕزگاری)
غوربەت = دالدە و پەنا

"پارادۆکس" یش لەم بەندەدا هاتووە:

بیابان # هاژەی چەم
نەهات # هەڵمی نان
غوربەت # دالدە و پەنا

ئاور (خۆشەویستی) = لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا – تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای.

نوور (ڕووناکی) = لە گێژەنی تاریکیدا – تۆ بریسکەی بەفری چیای.

ئاو (ژیان، حەیات) = لە بیابانا – هاژەی چەم
نان (بژێو) = لە نەهاتا – هەڵمی نان.
سەرپەنا = لە غوربەتا – دالدە و پەنای.

بەکارهێنانی (ئاور، نوور، ئاو، نان، سەرپەنا) لە ناوەرۆکی ئەم شیعرەدا کە هەموویان مانای ژیانیان پێوەیە، هەم گەورەیی بەخشین بە پێگەی ژنە، هەم ڕوونکەرەوەی شوێنی ژن لە ژیاندایە.

لە بەندی کۆتاییدا ژن تەنیا کلیلی بەهەشتی پێ نییە، بەڵکو خاوەن بەهەشتە، کەسێک کە خاوەنی باشترین و خۆشترین جێیە، کلیلداری بەهەشت ڕەمزێکە لە ئاست گەورەیی ژندا. شاعیر لە بڕگەی کۆتایی شیعرەکەدا هەر جۆرە گومانێک دەسڕێتەوە، بە ڕاشکاوی دەڵێ تۆ هەموو دنیای. ئەم ئاکامبەندییە شێوەیەکی جوان لە کۆتایی پێدان بە شیعر و بەیانی کورتەی (چکیدە) هەستی شاعیرە.

**سەرچاوە:**
**بەرەو زەردەپەڕ، دیوانی شیعر، عەبدوڵڵا پەشێو**

# لێکچواندن لە ئەدەب و کولتووری گەلان و لە ناو نەتەوەیەکدا

جەواد حەمەد بەگ سالح
(کۆیە)

لە سەرەتای پەنجاکان تا کۆتاییەکەی، یەکەمین بابەتی خوێندنەوەی هەردوو کتێبی زمانی کوردی و عەرەبی پۆلی دووەمی سەرەتایی بریتی بوون لە چیرۆکی (بەرخەکە نایەوێت لە ڕووبار بپەڕێتەوە- الخروف لایرید أن یعبر النهر)، کە چیرۆکێکی بەتاموچێژ بوو، ئێمەی منداڵی ئەو کاتە زۆر حەزمان لێ دەکرد و لە دڵ و دەروونمانی دەدا، بۆ دایک و باوک و براکانمان دەگێڕایەوە، کاتێ شوانە داوای لە بەرخەکە دەکرد لە ڕووبارەکە بدا و بپەڕێتەوە، بەرخەکە یاخی دەبوو و ڕەتی دەکردەوە، شوانەکەش بە قەساب و کێردەکەی دەیترساند، بەرخەکەش: بڕۆ بڕۆی لێدەکرد، شوانە چووە لای قەساب و هەواڵەکەی پێڕاگەیاند، قەساب، لاچۆ لاچۆی لێکرد و پێی وت: هەرگیز کاری وا ناکەم، شوانە بە ئاسنگەر هەڕەشەی لێکرد کە دەیهێنم کێردەکەت بشکێنێت، شوانە چووە لای ئاسنگەر و هەواڵەکەی پێگەیاند، ئاسنگەر سکتری لێکرد، شوانە بە ڕووبار هەڕەشەی لێکرد کە دێت و ئاگرەکەت دەکوژێنێتەوە.

ئاسنگەر: بڕۆ بڕۆ، چیت لە دەست دێت دریغی مەکە، شوانە دەچێتە لای ڕووبار و لەبەری دەپاڕێتەوە، هەمدیسان ڕووباریش بەلاوەی دەنێت و گوێی پێنادات، شوانە بە وشتر هەڕەشەی لێدەکات کە دێت و ئاوەکەت دەخواتەوە و چکت دەکات، شوانە دەچێتە لای وشتر و ئەویش چەشنی ئەمانی پێشوو لاچۆ لاچۆی لێدەکات، شوانەش بە پەت هەڕەشەی لێدەکات کە بێت لە ملت بئاڵێ و بتخنکێنێ، وشتریش بڕۆ بڕۆی لێدەکات، شوانە دەچێتە لای پەت و لەبەری دەپاڕێتەوە کە داوایەکەی ئەنجام بدات، پەتەکە بە توندی لە ڕووی هەڵدەگەڕێتەوە: هەرگیز کاری وا ناکەم و نەمکردووە، شوانە بە مشک

هەڕەشەی لێدەکات و پێی دەڵێت: دەیهێنم، بتقرتێنێت، پەتە بێ منەتی دەکات و بە دەرەوەی دەنێت، شوانە بە پشیلە هەڕەشەی لێدەکات، مشکیش چەشنی ئەمانی پێش خۆی بێ منەتی دەکات، شوانە دەچێتە لای پشیلە و خۆی دەخیلی دەکات کە داوایەکەی بۆ ڕاهی بکات، پشیلە بەلەز ڕادەپەڕێ و بە گەڵی دەکەوێت کە دەگاتە شوێنی مشکەکە و دەڵێ: کوا مشک؟ من برسیمە، مشک دەلەرزێ و دەپاڕێتەوە: نا، نا مەمخۆ دەڕۆم پەتەکە دەقرتێنم، پەتیش بە ترسەوە دەڵێت: نا، نا، مەمقرتێنە دەڕۆم خۆم لە ملی وشتر دەئاڵێنم و دەیخنکێنم، وشتریش دەترسێ و هاوار دەکات: نا، نا کاری وا مەکە، دەڕۆم ئاوی ڕووبارەکە دەخۆمەوە، ڕووباریش: نا، نا مەمخۆرەوە، دەڕۆم ئاوی ئاسنگەر دەکوژێنمەوە، ئاسنگەریش: نا، نا، ئاگرەکەم مەکوژێنەوە، دەڕۆم کێردی قەساب دەشکێنم، قەساب: نا، نا کێردەکەم مەشکێنە، دەڕۆم بەرخەکە سەردەبڕم، بەرخەکە: نا، نا سەرم مەبڕە، لە ڕووبارەکە دەپەڕمەوە. بەم چەشنە شوانە بەهەشت پلیکانەی پەیژەدا هەڵدەگەڕێت و هەر بە هەمان هەشت پلیکانەی پەیژەکەش شۆڕ دەبێتەوە و دادەبەزێت، پشیلەکەش دەبێتە فریادڕەس و چیرۆکەکە فێرمان دەکات کە هەر زاڵمە زەواڵێکی بۆ دەبێت، دوای تێپەڕبوونی پێنج شەش ساڵێک بەسەر ئەم چیرۆکەدا، لە کتێبی زمانی ئینگلیزی پۆلی یەکەمی ناوەندی وانەی یەکەمی بریتی بوو لە هەمان چیرۆکی گۆڕیندا (بەرخەکە لە ئاو ناپەڕێتەوە) ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە چیرۆکەکە وەرگێڕدراو نەبوو، ئەوەی ئەم چیرۆکەی لە چیرۆکە کوردی و عەرەبییەکەی پێشووی جیا دەکردەوە تەنیا ناوونیشانەکەی (An old woman and a goat) واتا (پیرێژنێک و بزنێک) و گۆڕینی وشەی ڕووبار بە (بیربوو)، لە چیرۆکەکەی پێشوودا (بەرخ) بوو، لە ئینگلیزییەکەی (بزن)، لە چیرۆکی پێشوو بەرخەکە لەگەڵ ڕان (مێگەل) دەژیا، وەلێ لە چیرۆکە ئینگلیزییەکەدا بزنەکە لەگەڵ پیرێژنێکدا لە کۆلیتێکی قوڕی کۆن دەژیان، کاتێ وەرزی باران هات، کۆلیتەکە (کوخ) لە هەموو لایەکەوە دڵۆپەی دەکرد و ئاوی لێدەهاتە خوارەوە، کاتێ کۆلیتەکە نەیتوانی لە باران و سەرما بیانپارێزێت، پیرێژن داوا لە بزنەکە دەکات کە کۆلیتەکە جێ بهێڵن و بۆ ناو بیرەکە بچن، ئەوسا لەگەڵ چیرۆکی پێشوو یەک دەگرنەوە و بە قەساب هەڕەشەی لێدەکات.

ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کە لێکچواندن و نزیکییەکی زۆر لەنێوانی ئەدەب و کولتووری گەلاندا هەیە، ئەم جارەیان لە ڕووی چەمکەوە هیچ تاموچێژێکم لێ نەبینی، چونکە پێشتر لە سەردەمی منداڵیمدا تاموچێژی تەواوم لێوەرگرتبوو، هیچ شتێکی نوێشم لێ بەدی نەکرد، لەدوای ئەم کاتەشەوە لە دووتوێی ئەدەب و کولتووری گەلاندا بە گۆڕانێکی کەمەوە هەمان چیرۆکم بەدی کردەوە کە لە هەندێکیاندا هەندێ ئاژەڵ فەرێدرابوون، یان بە ئاژەڵی تر گۆردرابوون. ڕۆژان ڕۆژی بڕی و ساڵان ساڵی بەدواوە هات، تا کار گەیشتە ئەوەی شاعیری کورد ئەحمەد دڵزار لە ساڵی (١٩٦١) شەست چوارینە لە چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، یان عوریان لە شێوەزاری لووڕییەوە وەربگێڕێتە سەر شێوەزاری سۆرانی، ئەم کارەی دڵزار ورووژانێکی بەرپا کرد و بابەتاهیری پێناساندین و دەروازەی لەبەردەم کۆمەڵێ نووسەر و شارەزایانی بواری زمان والا کرد بۆ گۆڕینی چوارینە و هۆنراوەکانی بابەتاهیر لە شێوەزاری لووڕییەوە بۆ شێوەزاری سۆرانی، لە دوای خوێندنەوە و بەدواداچوونم بۆ هەندێ لە چوارینە و هۆنراوەکانی بابەتاهیر، گەلێ چوارینە و هۆنراوەم بەرچاوکەوت کە سیفەتی لێکچواندیان لەگەڵ هۆنراوە و نووسینی کۆمەڵێ لە شاعیر و نووسەران لێ دەهاتە دی، پێشتر لە بڵاوکراوەکاندا ئاماژەم بە هەندێکیان داوە، لێرەشدا ئاماژە بە لێکچواندنێکی نێوان هۆنراوەیەکی بابەتاهیر و شێرکۆ بێکەس و دوو چیرۆکەکەی گۆڕین (بەرخەکە لە ئاو نادات و چیرۆکی پیرێژن و بزنەکە) (An old woman and a goat) کە دەکەونە ناو بازنەی لێکچواندنی ئەدەب و کولتوور لە خودی نەتەوەیەک و ئەدەب و کولتووری گەلاندا.

لێرەدا بە هەردوو شێوەزارە کوردییەکە (لوڕی و سۆرانی) هۆنراوەکەی بابەتاهیر دەخەمە ڕوو، دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کە لە میانی دەقە لووڕییەکەدا کە لەلایەن بەڕێزان دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر سەفا تۆمارکراون، هی دووەم لە کتێبی (مێژووی ئەدەبیاتی ئێران) تۆمار کراوە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا

نییه کە شایانی وتن و باسکردن بێت.

وەلێ لە هەمبەر کاری وەرگێڕانەکەیاندا، هێندێ جیاوازییان لێ بەدی دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی کاریان نەکردۆتە سەر چەمک و ناوەرۆکی دەقەکەوە.

بۆ نموونە: دکتۆر خەزنەدار لە سەرەتای دێری یەکەم بەرانبەر وشەی (زاری جەم)ی لووڕی وشەی (کەو)ی بەکارهێناوە، ئەم لێکدانەوەیەش لای مامۆستا (محەمەد ڕەشید ئەمینی) لە لاپەڕە (١٣٤)ی گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٥)ی ٢٠١٠/٤/٥ بە هەڵە و نادروستی ئەژمار کراوە، بەهۆی پشت بەستنی بەم دوو پاساوە:

**یەکەم:** بە بۆنەی ئەوەی کە (کەو) باڵندەیەکی گۆشت خۆر نییە، ڕۆزی و خۆراکی لە گیا و گوڵ و دانەوێڵە دابین دەکات.

**دووەم:** زارج، یان زاریج، بە واتای (سار)ی فارسی دێت، کە لە زمانی کوردیدا واتای (مرە ڕەشە، یان ڕیشۆڵە) دەگەیەنێت، لە نووسینەوەی دەقە لووڕییەکەدا پشت بەو دەقەی دەبەستم کە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبیاتی ئێران) لەلایەن دکتۆر سەفاوە تۆمارکراوە و لە هەمان گۆڤاردا (ڕامان) ئاماژەی پێدراوە، وەلێ لە گۆڕین و لێکدانەوەکەی پشت بە هی دکتۆر خەزنەدار دەبەستم، بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ساناتر تێی دەگەین و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەین، ئەمەش دەقەکەی بابەتاهیری هەمەدانییە، یان هۆنراوەکەیەتی:

**(زاری جەم دی و دای موورج ئەدخورود**
**مووجانی دوو دەستی وەخودا درود**
**ناگەهان بە ئامە دەند بازی وە داری**
**زاری جش کوشت و مووران زاری ج ئەدخورود**

**دالێ جە ئەلوەند کووهان کەرد پەرواز**
**بازش بکوشت و خونەش پاک وا خوورد**
**بەد نەچیرەوان دەردین و د ئائین**
**بەو کدەش تیر و داڵ ئەژکار بدورد**

**بشیە نەچیرەوان دەستت وەچا دەست**
**چە مننەت بەدکرد ئەژکار بدورد**
**بە نامی نەشیە ئەئیتێ کەمەن کەرد**
**بە مەن هەر ئان کرەند هەر وەد کەمەن کرد)**

لێکدانەوەکەی بە شێوەزاری سۆرانی (دکتۆر خەزنەدار):

**(کەوێکم دی باڵندەیەکی گرت و خواردی**
**باڵندەکان هەردوو دەستیان پان کردەوە لەبەر خودا**
**لە پڕ بازێک لەسەر دارێک بە فریایان کەوت**
**کەوی کوشت و باڵندەکان کەوەکەیان خوارد**
**داڵێک لە شاخی ئەلوەند پەروازەی دەکرد**
**بازی کوشت و هەموو خوێنی خواردەوە**

**لە پاشان ڕاوچییەک پەیدا بوو**
**تیرێکی ئاراستەی داڵەکە کرد و لە پێیدا**
**(داڵ) وتی: ئەی ڕاوچی خودا دەستت بشکێنێ**
**چونکە ڕاوی ئێمەت تێک دا**
**لەوەی ڕاما و وتی: بەم کردەوەیەی خۆت مەنازە**
**هەر کارێکی خراپ کە من بیکەم بۆ خۆم دێتەوە)**

بوونی ئەو مەودا درێژەی نێوان بابەتاهیری هەمەدانی (٩٣٥- ١٠١٠) و شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠...)، کەچی لێکچواندنێکی بەرچاو لەمیانیاندا بەدی دەکرێت، ئەوەتا شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەی (دارستان)دا دەڵێت:

**(تاریک داهات (شێرێ) لە لانەکەی خۆیدا**
**بیری کردەوە، کە چۆن سبەی**
**پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا؟**
**پڵنگەکەش بیری ئەکردەوە کە چۆن**
**بەیانی ڕێوی بگورێ و کەوڵی بکا؟**
**(ڕێوی)ش بیری ئەکردەوە**
**چۆن بگاتە هێلانەی سەردار گوێزەکە و**
**زەڕنەقوتەی کۆتر بخوا؟**
**کۆتریش بیری ئەکردەوە**
**چۆن ئەتوانێ**
**ڕاوچی و**
**باڵندە و**
**ئاژەڵی**
**ناو دارستان هەمووی یەک خا؟)**

لە دوو چیرۆکەکە و بەرخەکە لە ئاو نادا و پیرێژن و بزنەکە و هەردوو هۆنراوەکەی بابەتاهیر و شێرکۆ بێکەسدا، بابەتەکان بە شێوازێکی پلە پلەیی داڕێژراون!

ئەمەش لایەنی چیرۆک و شیعرەکانی بەرز و بەهادار کردۆتەوە(*) لە هەردوو چیرۆکەکەدا پشیلە گەورەترین هێز دەنوێنێ و دەتوانێت کێشەکە بنەبڕ بکات بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ، جەخت و گوشار دەخاتە سەر وشتر و ئاسنگەر و قەساب کە هێز و ژیرییان لە پشیلەکە بەهێزترە، لە هەمان کاتیشدا چەوسانەوە و ململانێی توند لە نێوانیاندا جۆرێکیان لەسەر حسێبی جۆرەکەی تر دەژین و ژیان دەگوزەرێنن.

لە هەردوو شیعرەکەی هەمەدانی و بێکەسدا، شوێن دارستانە، دارستان لێوانلێوە لە ململانێ و شەڕ و هەرا و نواندنی هێز و فرتوفێڵ بۆ بەنێچیرکردنی گیاندار و پەلەوەر و باڵداران سەرجەمی ئەمانە لە پێناوی مانەوە و دابینکردنی ڕۆزیی ڕۆژانەیان، لە بەرانبەریشیاندا دیوەلێزمەیەک هەیە لە پێناوی تێرکردنی هەوەس و ورگی کە ڕاوچییە هەمیشە بۆیان لە بۆسە و کەمیندایە، بەرانبەر ڕاوچی ئەزەل و مەرگ لە بۆسە و کەمیندان، بابەتاهیر لە هۆنراوەکەیدا سار (ڕیشۆلە) و باز و داڵ و ڕاوچی.. وەک کارەکتەر هەڵبژاردووە، وەلێ شێرکۆ بێکەس لە پلەی بەهێزەوە بۆ بێ هێزتر و پلەی فرتوفێڵی کە لە ڕێویدا دەردەکەوێت، بەهۆی کۆتریشەوە گوزارشت لە ئاشتی دەکات، کۆتر لەگەڵ بوونی ئەو داوەی کە ڕێوی بۆی ناوەتەوە، بیر لە ئاشتی دارستان دەکاتەوە، ئەو ئاشتییەی کە هەرگیزاوهەرگیز لە دارستان بەدی نایەت، چونکە وازهێنان لە دڕندایەتییان، وازهێنانە لە ژیانیان، ئەگەر ڕاوی گیاندار و باڵندەی لەخۆ بێ هێزتر نەکەن، دەبێت گۆڕ بۆ خۆیان هەڵکەنن، خوای گەورە ناز و نیعمەتێکی گەورەی بە کۆتر بەخشیوە، بەهۆی ئەوەی کە گۆشت خۆر نییە و بۆ دابینکردنی ژیانی پشت بە گیا و گوڵ و دانەوێڵە دەبەستێت، هەر بۆیەشە خوای گەورە وای لێکردووە کە هەرگیزاوهەرگیز بیر لە کوشتن و ئازاردان و چەوساندنەوەی گیانلەبەران نەکاتەوە، ئەمەش وەک باڵندەیەکی جوان و میهرەبان و بێوەی بۆتە بەشێک لە ڕوح و ژیانی بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵانی دنیاوە، لە ئەدەب و کولتوور و ئەفسانەی گەلاندا بە ئەرێنی و هێمای ئاشتی و مزگێنیدەر ڕەنگی داوەتەوە، هەر بۆیەشە هونەرمەندی جاویدانی مرۆڤایەتی (بیکاسۆ) بە گەورەیی وێنەی کێشاوە و پاشانیش کەوتووەتە سەر ئالای نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆتە بەشێک لەم ئالایە، دڵنیاشم ئەگەر خوای گەورە بە پێچەوانەی ئەم سیفەتەوە (گۆشت نەخواردن) سیفەتی گۆشت خۆری پێ بدابایە، ئەم کاتە ئەویش لە بری ئاشتی بیری لە ڕاوکردنی لەخۆ بێ دەسەڵاتتر دەکردەوە و لەم کاتەشدا لەسەرجەم ئەم ڕەوشت و سیفەتە جوانانە دەشۆرایەوە. هەر لە هەمبەر کۆتر و ئاشتی و چاکەخوازی و بەخشیندا لێکچواندنێکی تر لە میانی شاعیرێکی عەرەبی سەردەمی نەزانین (العصر الجاهلي)- ئەلفیند زمانی- الفند الزماني- و شاعیرێکی هاوچەرخی هەشتاکان شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)دا هەیە، لەسەردەمی نەزانیندا شەڕ و ئاشووب و پێکدادان لەنێوانی هۆز و تیرەکانی عەرەبدا باو بووە و بە شێوازێک کە بووە دیاردە و بەشێک لە ژیانی گشتیان، گەورەترین و ناودارترینیان شەڕی (بەسووس- البسوس) بووە کە لەنێوان تیرەی بەکر (بنی بکر) و تیرەی تەغلووب (بنی تغلب) ڕووی داوە کە ساڵانێکی درێژی خایاندووە و خوێنی هەزاران هەزار تاکی هەردوو لای تێدا ڕژاوە، شاعیرانی هەردوولا بە یارانی خۆیاندا هەڵوتووە و شانازییان بە ئازایەتی و بوێری و قارەمانەتییان کردووە و شیوەنیان (رثاء) لە چوارچێوەی شیعردا بۆ کوژراوەکانیان کردووە، هەردوو بەرەش خاڵی نەبوونە لەخێرخواز و شەڕنەویستان، یەکێ لەم نموونانە شاعیری سەر بە تیرەی بەکر (فیندولزەمانی) بووە، کە هەمیشە داوای لە هۆزەکەی کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن و دووره شەڕ بن، هەوڵی دەدا کە بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە و بۆ پێش شەڕ بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش شاندیان بە ئالای سپییەوە ناردۆتە لای ڕیش سپیانی هۆزی تەغلب، مخابن ڕەنگی ئالاکە بە سوور هەڵگەڕاوی بۆیان گەڕاوەتەوە، کاتێ شاعیران و شەڕنەویستانی هۆزی بەکر ئەم دۆخەیان بینی و لە شەڕ بترازێ، ڕێیەکی تریان نەدۆزییەوە، ویستیان شەڕ بە شەڕ بڕەوێننەوە و بەشەڕ خۆیان لەم دۆخە دەرباز بکەن، چونکە دوژمنانیان ئەم هەوڵ و کۆشش و خێرخوازییەی هۆزی بەکریان بەلاوازی و بێ دەسەڵاتی و ڕادەستییان دەبینی، بۆیە ڕۆڵانی هۆزی بەکر لێیان هاتنە دەست و فیندولزەمانیش بەم شێوازە هاتە دەنگ:

**(وبعض الحلم عند الجهـ ـل للذلة إذعان**
**وفي الشر نجاة حيـ ـن لاينجيك إحسان)** (**)

شاعیر و پێشمەرگەی کوردیش (جەمیل ڕەنجبەر) کاتێ دەبینێت دوژمنانی گەلەکەی لە عەرەبە شۆڤینییەکان و کەللەڕەقان دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ڕۆڵەکانی گەلەکەی قڕ و جینۆساید دەکەن و شار و دێهات و ڕەز و باخات دەسووتێنن، دەوڵەتە زلهێزەکانیش لە ئاستی ئەم کارەساتانەدا کەڕ و کوێر دەبینێت، ئاشتی و ئالاّی سپی بەهایەکی نییە، ئەویش چەشنی فیندولزەمانی، ڕزگاری لە چاوی بەرگری و داکۆکی کردن دەدۆزێتەوە، ئەوەتا لە ساڵی (١٩٨٠)دا دەڵێت:

**(گەر دوژمنان**
**نیشتمانم گڕ تێ بەردەن**
**وێران بکەن هێلانەکەم**
**هەزار جار پێم بڵێن کۆتر**
**پارێزگاری لە خۆم دەکەم**
**هێرش دەبەم... هێرش دەبەم)**

سەیر دەکەین لە میانی ئەم دوو کۆپلە شیعرەی فیندولزەمانی و جەمیل ڕەنجبەردا لێکچواندنێکی بەرچاو و هەست پێکراو هەیە، وێڕای دووری مەودایان، ئەم نموونانە و هەزاران نموونەی تر دەیسەلمێنن کە شیعر، کوڕی بار و ڕەوش و دۆخی ژیانە، هەر کاتێ دۆخەکان لە یەکتری نزیک بوونەوە، ئەوە هەست و نەست و دەربڕین لێک نزیک دەکاتەوە و لێکچواندن بەرپا و فەراهەم دەبێت و داهێنان و ئەفراندن سەرهەڵدەدەن، بە پێچەوانەی لاسایی کوێرانە کە دەرەنجام لە کەوتن و دابڕان بترازێت هیچی تری بۆ نامێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

*** د. پەخشان سابیر، ڕامان ژمارە (١٥٨) لە ٢٠١٠/٧/٥، ل٥٨.**

**** الأدب والنصوص المقرر للصف الرابع الإعدادي للسنوات (١٩٦٠- ١٩٧٠) ص٤١- ٤٣.**

**سەرچاوەکان:**

**١- د. پەخشان سابیر- ڕەمز لەنێو سروشتدا (باڵندە) ڕامان ژمارە (١٥٨)، (٢٠١٠/٧/٥).**

**٢- محەمەد ڕەشید ئەمینی- تێبینی و ڕوونکردنەوە لە بارەی چەند دێڕێک لە شیعرەکانی بابەتاهیر- ڕامان- ژمارە (١٥٥)، لە ٢٠١٠/٤/٥.**

**٣- الأدب والنصوص المقرر اللصف الرابع الإعدادي للسنوات (١٩٦٠- ١٩٧٠)، ص٤١- ٤٣.**

**٤- دلزار- گەنجینە- گۆڕینی چوارینەکانی بابەتاهیر لە لوڕی- بۆ شێوەزاری سۆرانی، ١٩٦١.**

**٥- ئەرشیڤی تایبەتی نووسەر.**

# دەبێت بڕۆیت؟
# ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەردا

**دانا ڕەئووف**
**(سوێد)**

هارۆڵد پینتەر: دەبێت بڕۆیت؟

ئەنتۆنیا فەیسەر: نەخێر، بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات بڕۆم.

هارۆڵد پینتەر و خاتوو ئەنتۆنیا فەیسەر لە هەشتی مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٥دا، بەڕێکەوت و بەهۆی هاوڕێ هاوبەشەکەیانەوە، لە میوانداری ئێوارەخوانێکدا یەکتری دەبینن.

بە درێژایی ئەو شەوە هیچ کامێکیان ڕێک ناکەوێت قسە لەگەڵ ئەوی تریان بکات، تا ئەو چرکەساتەی ئەنتۆنیا فەیسەر خەریکی ڕۆیشتنە. هارۆڵد پینتەر لەوکاتەدا و لەپڕ بە چاوە ڕەشە تۆخەکانییەوە سەیرێکی دەکات و بە هێمنی پێی دەڵێت:" دەبێ بڕۆیت؟" ئەنتۆنیا فەیسەر بیر لە کارەکانی ڕۆژانی دوایی خۆی دەکاتەوە کە دەبێ بیانکات، منداڵەکانی بەرێت بۆ قوتابخانە، کار لە کتێبەکەیدا بکات ... تاد، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ دوودڵی دەڵێت:" نەخێر .. بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات بڕۆم."(١)

ئەو شەوە دەبێتە سەرەتای خۆشەویستییەکی گەورەی نێوان هارۆڵد پینتەر و ئەنتۆنیا فەیسەر کە زیاتر لە سی ساڵ دەخایەنێت و بۆ هەتاهەتایە ژیانی هەردووکیان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت.

دوای مردنی هارۆڵد پینتەر، ئەنتۆنیا فەیسەر لە کتێبێکی چوار سەد لاپەڕەییدا، یادەوەری و یاداشتە تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو سی ساڵەیان ١٩٧٥-٢٠٠٨ دەگێڕێتەوە(٢).

هارۆڵد پینتەر وەک شانۆنامەنووسێکی لێهاتوو، دیدیکی نوێ بەڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپیدا دەکاتەوە، لەم شانۆیەدا بە ئاسانی دنیابینی و جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و

ئاشکراکان جیاناکرێنەوە. ئەتمۆسفیر و ستراکتوری ڕووداو و کارەکتەرەکانی لە بۆتەی توندوتیژی و هەڕەشە و دوژمنکاریدا دەسووڕێنەوە.

لە ژوورێکی ڕیالیزمانەوە، لە شێوازێکی تەبای دراماتۆرگییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ڕیالیزمی ئەندێشەئامێز و تەلیسماوی نادیار. ڕستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناک و بەردەوامەوە.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٣٠دا لە لەندەن و لە ناوچەی ئێست ئێند لەدایک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ وەردەگرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە تەمەنی حەفتاوهەشت ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. کە هارۆڵد پینتەر و خاتوو ئەنتۆنیا فەیسەر یەکتری دەبینن، هەردووکیان تەمەنیان لە سەروو چل ساڵییەوە دەبێت، هەردووکیان ژیانی تایبەتی خۆیان هەبووە و پێشتر بە ئەزموونی هاوسەرگیریدا ڕۆیشتوون، هارۆڵد پینتەر نووسەرێکی ڕادیکاڵی جوولەکە بوو، زیاتر لە بەرەی چەپەکانەوە نزیک بووە و خانمە ئەکتەری ناسراوی ئینگلیزی فیفیان مێرچنت هاوسەری بووە، هەرچی ئانتۆنیا فەیسەر-یشە ئافرەتێکی کاسۆلیک، ئەرستۆکرات و دایکی شەش منداڵ بووە، مێردەکەشی هیو فەیسەر سەر بە پارتی پارێزگارەکان و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی بووە.

ئەنتۆنیا فەیسەر بەر لە دوو ساڵ ئەم بیرەوەری و یاداشتانەی ژیانی هاوسەری خۆی و هارۆڵد پینتەر لە بەرگێکی گەورەدا بڵاودەکاتەوە و هەر زوو وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا. ئەنتۆنیا فەیسەر ئەم یاداشتانەی بۆ ئەوە نەنووسیوە تا دواتر بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو بۆ خۆی نووسیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا بژی و لەبیری نەچنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ، ئەگەر لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکانیش بێت، بۆ تاوێک زەمەن بوەستێنێت. زەمەن لەم کتێبەدا وزەیەکی بەهێز و ئامادەبوونێکی لەبەرچاوی لە دێر و وشە و ساتەوەختی ڕۆژەکاندا هەیە و یادەوەرییەکان و لە گەڕانەوەی زەمەندا سەرلەنوێ بەرجەستە دەبێتەوە.

ئەنتۆنیا فەیسەر لە ٢٨ ی سەرماوەرزی ساڵی ١٩٨٠دا دەنووسێت:" من ئەم یادەوەرییانە بۆ ئەوە نانووسم تا ببێتە ئەدەبێکی گەورە، بەڵکو ئەمە هاوڕێکەمە، دۆکیومێنتێکە دەربارەی ژیانی هەردووکمان



**ئەنتۆنیا فەیسەر**

و هەندێک جاریش دڵنەواییکەرمە ..." ئەنتۆنیا فەیسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەر دوای دوو مانگ بەسەر مردنی هارۆڵد پینتەردا، دەستی کردووە بە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ئەمەش جۆرێک بووە لە دڵدانەوە و سەرلەنوێ ژیانەوەی ئەو ڕۆژگارانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەمە گەورەیەی کە هارۆڵد پینتەر لەدوای خۆی جێی دێڵێت.

ئەم یادەوەرییانە بە شێوەیەکی ساکار تیشک دەخەنە سەر ژیانی هارۆڵد پینتەر و وەک کەسایەتییەکی ئاسایی و مرۆڤێکی میهرەبان، لە ڕاڕەوە تاریکەکانی ژیانەوە، لەودیو نووسینی شانۆنامە پڕ لە ڕاز و نهێنییە توندوتیژەکانییەوە، دەردەکەوێت و ئەو کلێشە و وێنە تەبایانەی کە خوێنەر و ڕەخنەگرەکان لەلای خۆیان سەبارەت بە کەسایەتی هارۆڵد پینتەر دروستیان کردووە، بە تەواوەتی دەشکێت. ئەم نووسەرە ئەبسورد و تۆقێنەر و نادیارەی ناو شانۆنامەکانی، وەک کەسێکی عاشق و ناسک دەردەکەوێت.

نووسەر بەم یاداشتە ڕاستگۆ و لێوڕێژە لە ژیان، هەستێکی (لێرە و لە ئێستا)ی خوڵقاندووە و خوێنەر دەباتە ئەودیو پەردە دادراوەکانەوە و وێنەیەکی



**هارۆڵد پینتەر – ئەنتۆنیا فەیسەر**

ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەمان پیشان دەدات.

ئەم یادەوەرییانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ئەدەبێکی تایبەتمەند دەخوڵقێنێت و مانا دەبەخشێتە هەمـــوو ئەو ڕۆژانەی بەســەرچوون، بە جـــووڵانەوە ئاساییەکانەوە، بە ساتەوەختە ساکارەکان و بە ساتە چڕەکانی پرۆسەی داهێنانەوە.

نووسەر بە ڕستە کورتەکانی دەسپێکی کتێبەکە، تا کـۆتایی و هەڵکشـانی ڕووداوەکـان، درامایەکی بەهێز دروست دەکات کە تەنیا دوو کارەکتەر، پینتەر/ فەیسەر لە ناوەندی ڕووداوەکاندا، هێدی هێدی گەورە دەبن. ئەم کـتـێبـە تەنیـا دەروازەیەک نییـە بۆ ژیانی ڕۆژانە و ئەو چیرۆکە خۆشەویستییە بەتین و بەهێزەی نێوان هارۆڵد پینتــەر و ئەنتــۆنیــا فــەیســەر، بەڵکو پێناســە و تێڕوانینێکیشە بۆ کەسێتی ئەم دوو نووسەرە، بەتایبەتی لە بوارەکانی شانۆ و ئەدەب و سیاسەتدا.

هەروەها لەم یاداشـتـانەدا وێنەی هارۆڵد پینتـەرێکی بەخـتـیـار لە ژیانی هاوسەرگیری و خێزانیدا دەبینین، ژیانێکی پڕ لە مـاچی تەڕ و گـوڵی بۆنخـۆشی جـوان و گفتوگۆی لێوانلێو لە خەندە. خوێنەر چیرۆکی عەشقی دوو مـرۆڤ دەخوێنێـتـەوە کە بە یەکەوە و بە تەنیـشت یەکەوە گەورە دەبێت، هەڵدەکشێت و لەناو جیـهانەکەی ئێمەدا جیهانێکی تایبەتمەند بۆ خۆیان دروست دەکەن.

ئەنتۆنیا فەیسەر دەڵێت:" ئێمە هەرگیز لەگەڵ یەکتری بەشەڕ نەهاتووین، بەڵێ بیـروڕای جیـاوازمـان هەبووە و گفتوگۆمان زۆر کردووە، بەتایبەتیش سەبارەت بە مەسەلە سیـاسییـەکـان و چەمکەکانی ئایین، بەڵام هەمـیشە ئەم گفتوگۆیانە بۆ هەردووکمان بە مانا بوون، ئێمە بەردەوام لە گفتوگۆیەکی بێ کۆتادا بووین."

(دەبێت بڕۆیت؟) تەنیــا ژیانی هارۆڵد پینتــەر و ئەنتۆنیا فـەیسـەر ناخاتە ڕوو، بەڵکو لە پەراوێزی ژیانی ئەم دوو مـرۆڤـەدا، وێنەیەکی ڕەوتی شانۆ و کـولتـووری بەریتـانی، بە تایبەتی لە لەندەن- مـان پێدەناسێنێت و چەندین کــەســایەتی گــرنگی بواری شـــانۆ بەنێـــو ڕووپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، بەنێو ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو مرۆڤەدا تێدەپەڕێت.

لۆرانس ئۆلیڤـەر، یولیـەت والتـەر، ڤـاکـلاڤ هاڤل، سەلمان ڕوشدی، پیتەر هاڵ، سامۆییل بیکێت، ئارسەر میللەر، ف. سی نیاپاول، یوان بەییز .... و تاد.

دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەی (ئایەتە شەیتانییەکان) کە فـەتـوای کوشتنی سـەلمان ڕوشدی لەلایەن مـەلاکـانی ئێرانەوە دەدرێت، بۆ ماوەیەک لە ماڵی پینتەر/ فەیسەر خۆی دەشارێتەوە، پینتەر و فـەیسەر بە توندی بەرگری لە سەلمان ڕوشدی دەکەن، بەرگری کردن لە سەلمان ڕوشدی بۆ ئەوان بەرگری کـردن بووە لە مـافی ئازادی بیروڕا دەربڕین و وشەی ئازاد.

هارۆڵد پینتـەر لە شانۆوە دەستی پێکردووە، سەرەتا ئەکـــتـــەر بووە و لە هونەری نواندنەوە، لە ڕێژی و پێکهێنەرەکانی تری پرۆسێسی نەمایشێکی شانۆییەوە دەستی بە نووسینی شانۆیی کردووە. لە کـتـێبـەکـەشدا (دەبێت بڕۆیت؟) جگە لە هارۆڵد پینتـەری نووسـەر، هارۆڵد پینتــەری شـــانۆکـــاریش دەبینین، بەردەوام شـانۆنامـەکـانی خـۆی و نووسـەرەکـانی تر لە لەندەن، ئەمریکا و ئەوروپا پێشکەش دەکات و ساڵانە ئامـادەی ئەو فیـسـتـیـڤاڵە تایبەتمەندانە دەبێت کە لە ئەمـەریکا، مەکسیکۆ و ئێرلاند بۆ شانۆنامەکانی سازدەکرێت.

هارۆڵد پینتــەر کــە وەک ڕێژیســۆر کــاری کــردووە، هەمیشە خۆی لە بەرەی ئەکتەرەکاندا بینیوەتەوە، خۆی لەواندا دۆزیوەتەوە و ئەگـەر هەر جـیـاوازییـەکـیش لە بیــروباوەڕ و چۆنیــەتی خــوێندنەوەی تێکســتــەکــاندا

هەبووبێ، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە هارۆڵد پینتەر لە لایەکەوە تا ئاستی لێبێزران بە دیقەت بووە و لە لایەکی تریشەوە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ هیچ کەسێک نەهێشتۆتەوە تێکستەکە کورت بکەنەوە، یان دەستەواژە و تەنانەت وشەیەکیش بگۆڕن و ئاڵوگۆڕی پێ بکەن(٣).

هارۆڵد پینتەر جگە لە شانۆنامە، شیعریشی نووسیوە، لە کۆتایی ژیانیدا بە تەواوەتی ڕووی کردۆتە شیعر نووسین و کۆمەڵێ شیعری دڵداری، بەتایبەتی بۆ ئەنتۆنیا فەیسەر نووسیوە. فەیسەر دەڵێت:" ئێمە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە هارۆڵد پینتەر دەیویست ببێت بە شاعیر و لە زۆر ڕووەوە خۆی وەک شاعیر دەبینی."

هارۆڵد پینتەر کەوتبووە ژێر کاریگەری شیعرەکانی ت.س. ئیلیەت و ییتس، لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا ترووسکەیەکی ڕوحی بەدی کردووە و هەر لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەوە وزەی وەرگرتووە و بەدوای پێوەندییە ڕوحییەکاندا گەڕاوە.

هارۆڵد پینتەر هەستێکی چڕی بۆ مەسەلە ڕوحییەکان هەبووە، کە سەردانی هەر وڵاتێکیشی کردبێت، بۆ ماوەیەک لە کڵێسا کۆن و تاریکەکاندا بەبێ دەنگ دانیشتووە. ئەنتۆنیا فەیسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هارۆڵد پینتەر زۆر جار لە کڵێسا شێدارە تاریکانەدا، لە ساتە تەنیا و بێ دەنگەکاندا، لەبەر خۆیەوە شیعرەکانی ئیلیەتی خوێندۆتەوە و هەستی بەوە کردووە کە پریشکێکی ڕوحی لە شیعرەکانی ئیلیەتدا هەیە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستە نادیار و ڕوحییەکانی مرۆڤدا دەدوێت.

هارۆڵد پینتەر ئەو هەستە ڕوحییەشی لە (فرانس کافکا)شدا بینیوەتەوە، کە ڕۆمانی (پرۆسێس)ی کافکا بۆ شانۆ و تەلەفزیۆن تۆمار دەکات، دووپاتی پێوەندییە ڕوحییەکانی نێوان مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا دەکاتەوە. پرۆسێس بۆ هارۆڵد پینتەر گەڕانی بنیادەم بووە بەدوای خودادا، نەک پێوەندییە سیاسییەکان. هارۆڵد پینتەر زۆربەی دیمەنەکانی ڕۆمانی (پرۆسێس) لە پراگ، جێنزرگەی کافکا تۆمار دەکات، ڤاکلاڤ هاڤل ئەوکات سەرکۆماری ئەو وڵاتە دەبێت و زۆربەی ڕۆژ، دوای کار سەردانی هارۆڵد پینتەر لە شوێنی وێنەگرتنەکان دەکات.

هارۆڵد پینتەر و ڤاکلاڤ هاڤل شانۆنامەنووس و سەرکۆماری چیک پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبووە، کە ڤاکلاڤ هاڤل بەهۆی هەڵوێست و بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسییەکەی ئەو وڵاتەوە لە بەندیخانەکاندا توند دەکرێت، هارۆڵد پینتەری هاوڕێ و هاوپیشەی لە لەندەن شانۆنامەکانی پێشکەش دەکات، تا چاوی میدیا و سیاسەتمەدارەکانی بەریتانیا و ئەورووپای بچێتە سەر و بەو شێوەیەش گوشار بخاتە سەر ڕژێمی ئەوکاتەی چیکۆسلۆڤاکیا.

هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاکانی ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانییەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سامۆییل بیکێت- ەوە دەبێت و ئەو پێوەندییە دەبێتە دۆستایەتییەکی نزیک و درێژخایەن. هارۆڵد پینتەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا و لەژێر کاریگەری بیکێتدا شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" دەنووسێت کە دواتر دەبێتە یەکێک لە شاکارە کلاسیکییەکانی شانۆی مۆدێرنی جیهانی(٤).

بە مردنی بیکێت، هارۆڵد پینتەر خەمبار و دڵگران دەبێت و وەک ڕێزلێنانێک لەو ڕابەرە گەورەیە، لە شانۆی نەتەوایەتی لەندەن یادێکی شکۆمەندانەی دەکەنەوە، هارۆڵد پینتەر لەو یادەدا دەڵێت:" هیچ شتێک لە



جیهان و دنیابینی بیکێتدا نەمردووە، بە تایبەتی بیکێت خۆی، تەنانەت مردووەکانیش لە شانۆی بیکێتدا زیندوون"(٥).

ئەنتۆنیا فەیسەر دەڵێت:" بەلای منەوە بیکێت لەو نامەیەدا کە بۆ هارۆڵد پینتەری نووسیوە، لە هەموو کەسێک باشتر باسی ئەو کارەکتەرە دانسقە و تایبەتمەندەی شانۆنامەی (ناپاکی) دەکات، هەروەها بیکێت باسی هێز و وزەی دیمەنی کۆتایی ئەم شانۆنامەیەش دەکات کە لە بنەڕەتدا دیمەنی یەکەمە"(٦).

کە ئارسەر میللەریش کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژنامەنووسەکان لە هەموو دنیاوە پێوەندی بە هارۆڵد پینتەرەوە دەکەن، هارۆڵد پینتەر هاوڕێیەکی نزیکی شانۆنامەنووسی ئەمریکی ئارسەر میللەر دەبێت و بەپێی یاداشتەکانی ئەنتۆنیا فەیسەر، هارۆڵد پینتەر لە دڵەوە بۆ مەرگی لەناکاوی ئارسەر میللەر گریاوە.

ئەنتۆنیا فەیسەر: تۆ هەرچەندە بە مردنی بیکێت زۆر غەمبار و دڵتەنگ بوویت، بەڵام نەگریایت؟ ئێستا بۆ مەرگی ئارسەر میللەر دەگریت.

هارۆڵد پینتەر: بیکێت خۆی دەیویست بەرەو مەرگی خۆی بڕوات، بەڵام ئارسەر میللەر وزەیەکی گەورە بوو لە ژیان و دەیویست بەردەوام بێت، دەیویست بژی.

هارۆڵد پینتەر هەمیشە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی هەڵوێستی سیاسی خۆی دەربڕیوە، ڕەخنەی توندی گرتووە و لایەنگری خۆی بۆ چەوساوەکانی دنیا دەربڕیوە. لەم کتێبەشدا نووسەر ئاماژەی ئەوە دەکات کە چۆن هارۆڵد پینتەر هێدی هێدی ڕووداوەکانی جیهان و هەڵوێستە سیاسییەکان هەموو ژیانی داگیرکردووە، فەیسەر باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە هارۆڵد پینتەر بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهانەوە بە قووڵی هەستی بە نیگەرانی کردووە(٧).

هارۆڵد پینتەر لە سێ ناوچە و مەداری جیاوازی دنیاوە بەرگری لە گەلانی چەوساوە کردووە و دژی سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیستەکان بۆتەوە: یەکەمیان وڵاتانی ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین، بە تایبەتیش نیکاراگوا، دووەم ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی وڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا، سێیەمیشیان تورکیا بووە.

نووسەر لە زۆر شوێنی ئەم یادەوەرییانەدا باسی بەرگریکردنی هارۆڵد پینتەر لە گەلی کورد دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووە کە لە بەریتانیا دژی سەدام حسێن و دەسەڵاتدارانی تورکیا سازکراون، سەبارەت بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆزی کورد و چارەنووسی خەڵکی کورد نواندوویانە. ئەنتۆنیا فەیسەر لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی سێدا نووسیویەتی:" ئەو شانۆنامە تازەیەی هارۆڵد دەستی بە نووسینی کرد، زمانی چیا بوو، ئەم کارەشی ڕاستەوخۆ بۆ بەرگریکردن و دژی چەوساندنەوەی کوردەکان نووسیوە. هارۆڵد بۆی دەرکەوت کە زمانی کوردی تەنانەت لەناو کوردەکان خۆشیاندا قەدەغەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بۆ هارۆڵد هێماگەلێکی بەهێزی چەوساندنەوە بوو، جیهانبینی هارۆڵد پینتەر زۆر نزیک بوو لە چەمکی (زمان) ەوە، کە زمانیش قەدەغە بکرێت، مانای وایە مرۆڤ لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی خۆی وەک مرۆڤ دابماڵرێت. هارۆڵد هەر کە لە تورکیا گەڕایەوە بۆ لەندەن دەستی بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە کرد." لەهەمان کاتدا هارۆڵد پینتەر بە توندی دژی جەنگی عێراق بوو، هێرشی دەکردە سەر ئەمەریکا و بەریتانیا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا سەرکردەکانی ئەو جەنگە ڕیسوا بکات(٨).

کە هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠٥ دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، پێگەی ئەم خەڵاتە بۆ زیاتر قووڵ بوونەوە و فۆرمۆلەکردن و بە فەرمیکردنی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت و ئەو خەڵاتە جیهانییەی وەک ناوەندێک بینیوە تا بتوانێت لەم ڕوانگەیەوە گوزارشت لە دیدە ڕادیکالییەکانی خۆی بکات.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠١ دا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت، دوای حەوت ساڵ بەم نەخۆشییە دەمرێت، بەڵام لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ژیانی هارۆڵد پینتەر بە تەواوەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا دێت، بەردەوام لە نەخۆشخانەکان دەمێنێتەوە، نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، جەستەی بچووک دەبێتەوە و هێز و تواناکانی لە هەموو ڕوویەکەوە کەم دەبنەوە. لەو ڕۆژانەدا بەردەوام لە نزیک مەرزەکانی مەرگەوە دەژی، ئەودیوی ژیان، وڵاتی مردووەکان دەبێت و بە هەستێکی پڕ لە ژان و ئازارەوە دەڵێت:" ناتوانم خۆم لەسەر ئەو ڕەوشە ڕابهێنم کە دەمرم، تەمەنم تەنیا تۆزێک لە سەروو حەفتاوەیە.

چیرۆکی هارۆڵد پینتەری نووسەر و عەشقی ئەم مرۆڤە بەرهەڵستکارە لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٨دا کۆتایی پێدێت: «کاتژمێری دەوروبەری حەوت و بیست دەقیقە بە تەنیشت جێگاکەی هارۆڵدەوە دانیشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی "ژیانەوە" ەکەی تۆڵستۆی. هارۆڵد هەناسەی دەدا، بەڵام بە دەنگێکی لەرزۆک و قرخەقرخ، سستەرەکان لە دەرەوە چاوەڕوانییان دەکرد. منداڵەکانم و منداڵی منداڵەکانمان ڕۆیشتبوون، من بە تەنیا لە ژوورەکەدا بووم. هەستم دەکرد ئەمەش بڕیارێکی ڕاست و تەواوەتی بوو. لەپڕ هارۆڵد لە پرخەپرخ کەوت، چاوە ڕەشەکانی بە گەورەیی کردەوە، وەک ئەوەی چاو زەق بکاتەوە، کاتێک من وەک جاران گوتم:" ئەوە منم ئەنتۆنیا، کە تۆی خۆش دەوێت"، بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. هەموو جەستەی بە توندی گرژ بوو، دواجار ئارام و بێ دەنگ بوو. من سەرم بردە پێشەوە، بەڵام هەستم بە هەناسەی نەکرد. ئەو سپی و مردبوو، بۆ تاوێک لەوێدا دانیشتم، ماچم کرد. جەستە نازدارەکەی سارد ببۆوە: دەبێت بڕۆیت؟ بەڵێ، کاتی هاتووە. بەرلەوەی بچمە دەرەوە ماچێکی ترم کرد، دوا ماچ و گوتم:" شازادە ئازیزەکەم، شەوباش! فریشتەکان بە گۆرانییەوە بەرەو دوا ئارامگات بەرن» (٩).

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەنتۆنیا فەیسەر لە ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی بە نەژاد ئێرلەندیدا لەدایک بووە، چەندین کتێبی بیۆگرافی گرنگی لەسەر ژیانی شاژن و پادشاکانی ئەوروپا نووسیون، لەوانە لۆدڤیکی چوارده، هێنریکی هەشتەم و ماریا ئەنتوانێت. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئەو کتێبەی لەسەر ماریا ئەنتوانێت نووسیویەتی دەکرێتە فیلم. ئەم خانمە جگە لەوەی کە نووسەرە، چەندین چالاکی تری هەبووە، لەوانە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٩ دا سەرۆکی پێن کلوبی بەریتانی بووە.

(٢) ئەنتۆنیا فەیسەر ئەم چیرۆکە یادەوەرییەی کە لە ماوەی سی و سێ ساڵدا نووسیویەتی، ڕۆناوە. ئەم شوێن پێ هەڵگرتنە ورد و ڕۆژانەیە تەنیا چیرۆکی خۆشەویستی ئەم دوو نووسەرە هارۆڵد/ ئەنتۆنیا ناگێڕێتەوە، بەڵکو بیۆگرافیایەکی نزیک و هاودەمی هارۆڵد پینتەرە، لەهەمان کاتدا خستنە ڕوویەکی تەواوەتی چینە بەرز و ئەرستۆکراتەکەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەیەی نەوەدەکانە.

(٣) هارۆڵد پینتەر هەموو ساڵێک لە شانۆی (ڕۆیال کۆرت) وۆرکشۆپێکی بۆ شانۆنامەنووسە نێونەتەوەییەکان سازکردووە و بۆ ئەم مەبەستەش نووسەرە لاوەکانی وڵاتانی یۆگۆسلافیا، ئەفریقا، وڵاتانی عەرەب و ئیسرائیل بانگهێشت کراون. لەم کتێبەشدا خاتوو ئەنتۆنیا فەیسەر باسی ئەم چالاکییە لاوەکییانەی هارۆڵد پینتەری کردووە و ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە هارۆڵد پینتەر گرنگییەکی زۆری بەم وۆرکشۆپانە داوە.

(٤) شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" و " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٣٦دا بڵاوکراونەتەوە.

(٥) ئەنتۆنیا فەیسەر لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا باسی پێوەندییەکانی هارۆڵد پینتەر و بیکێت دەکات، ئەوەش ناشارێتەوە کە پینتەر چەندە کاریگەری بیکێت-ی بەسەرەوە بووە، هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەو نیوەیەی هارۆڵد پینتەر کە بیکێت نییە، ئەوە هەمنگوایە.

(٦) ئەنتۆنیا فەیسەر لە ٢٧ی بەفرانباردا دەنووسێت: هارۆڵد بە درێژایی دوازدە سەعات خەریکی نووسینی ئەو شانۆنامەیە بوو کە ئێستا بە (ناپاکی) ناوزەدی کردووە.

شانۆنامەی "ناپاکی" و "کاتە بەسەرچووەکان" و "دیمەنێکی سروشتی" لە وەرگێڕانی فاروق هۆمەر و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٢٨ دا بڵاوکراونەتەوە.

(٧) هارۆڵد پینتەر نووسەر و هونەرمەندی وەک هاووڵاتییەک داناوە و بە توندی دەستەواژەی (هونەرمەندیش هاووڵاتییە) ی بەکارهێناوە.

(٨) ڕەخنەگر و ئەو کەسانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا بوون هێرشیان کردۆتە سەر هارۆڵد پینتەر و بەوە تاوانباریان کردووە کە بەرگری لە سەدام حسێن دەکات. " هارۆڵد دژی سەدام بوو، چەندین جار خۆپیشاندانی بۆ مافی کوردەکان و دژی سەدام کردبوو، بەڵام دژی شەڕ بوو، دژی ئەوە بوو کە خەڵکی سڤیل بۆردومان بکرێن."

(٩) ئەنتۆنیا فەیسەر بەم شێوەیە کۆتایی بەو یاداشت و یادەوەرییانە دێنێت کە بە درێژایی سی ساڵ ڕۆژەکانی ژیانیانی تۆمار کردووە. (دەبێت بڕۆیت؟) دەبێتە سەرەتا و کۆتایی ژیانێکی پڕ لە داهێنان و خۆشەویستییەکی بەهێز و بەرەنگاری.

**سەرچاوە:**

**Maste du ga?**
**Mitt liv med Harold Pinter**
**Översättning av Margareta Eklöf**
**Bokförlaget: Forum**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

## وتووێژێک لەگەڵ مێژوونووسی کورد د. کەمال مەزهەر

شایانی گوتنە: ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە هەر لە بەردەمی ماڵەکەیانەوە بەڕێز د. کەمال مەزهەر پێشوازی گەرمی لێکردین و دوای دانیشتنیش فەرمووی: «هەر لە سەرەتاوە کاتێ بەڕێز (ڕەشید گەردی) بۆ ئەم دانیشتنە قسەی لەگەڵدا کردم، خۆشحاڵی خۆم دەربڕی و ئێستاش بەخێربێن و ئێرە ماڵی خۆتانە.»

* وەک نەریتێکی کارکردنمان حەزدەکەین سەرەتا ساڵ و شوێنی لە دایکبوونتان بزانین؟

– ڕۆژی (١٤/٢/١٩٣٧) لە (ئاغجەلەر) لە دایکبوومە، باوکم لەوێ (موعاون شورتە – موعاوینی پۆلیس) بووە، دوایی کە هەستی نەتەوایەتیم پەیدا کرد و دۆزی (کەرکووک)یش هاتە پێشەوە، زۆر بەم کارە واتە کە خەڵکی کەرکووکم بەختەوەر بووم، چونکە ئاغجەلەر سەر بە پارێزگەی کەرکووکە. هەروەها گوتی: دواتر لە برای ئازیز (د. وریا عومەر ئەمین)ـەوە، زانیم کە ڕۆژی (١٤)ی شوبات کە من تێیدا لە دایک بوومە، ڕۆژی خۆشەویستی واتە (ڤالانتاین)ە.

* لە ماوەی ژیانتاندا وەک مێژوونووسێکی کورد، تا ئەمڕۆ هیچ شتێک دەربارەی مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی، یان شتێکی پێوەندیدار بەو مەسەلەیەتان بەرچاوکەوتووە؟

– ئەوەی ڕاستی بێ، من زۆر بە دوای ئەو شتانەدا گەڕاوم، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دەربارەی موزیکی کوردی شتێکم نەکەوتۆتە بەرچاو! لەبەر ئەوە زۆر بەختەوەرم کە ئێوە تا ئەو ڕادەیە خەریکن و لە لایەکی تر سەرنووسەری گۆڤارێکی تایبەتمەندی بواری گۆرانی و موزیکی کوردین،



**د. کەمال مەزهەر – وریا ئەحمەد**

مەبەستم گۆڤاری «چلاواز»ە، کە ئەوە شتێکی زۆر پێویستە، بەڵام لێرانەدا دەمەوێ ئەوەت بۆ بگێرمەوە کە من ساڵی (١٩٧٤ – ١٩٧٥) چوومە پاڵ شۆڕشی ئەیلولولەوە، بیرم ماوە لە شارۆچکەی (حاجی هۆمەران)، هونەرمەندانی پێشمەرگە کە ئەوسا (تیپی مۆسیقای شۆڕش)، لە ناوچە ئازادکراوەکاندا چالاکی دیار و بەرچاویان هەبوو، ئەوەبوو لە ژێر دەوارێکی گەورەدا ئاهەنگێکیان بۆ ڕۆژنامەنووسانی بیانی، بە تایبەتی هی ڕۆژئاوا گێڕا، ئەو کاتە هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) سەرۆکی تیپی مۆسیقای شۆڕش بوو، کوڕێکی دڵسۆز و بەڕێزە و زۆر ڕێزی دەگرم. ئێستاش لەبیرم ناچێت، یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسە بیانییانە پێی گوتم: زۆرم پێ سەیرە میللەتێکی وەها زیندوو خەریکی خەباتی چەکداری بێت، کەچی تەنیا بۆ (خودموختاری – ئۆتۆنۆمی) هەوڵ بدات، لە کاتێکدا هەڵدەگرێ و شایانی ئەوەیە سەربەخۆیی هەبێت! هەرگیز ئەو قسەیە لە یاد ناکەم. (لێرانەدا بە دکتۆرم گوت: حەز دەکەم بزانیت کە ئەوکاتە منیش هونەرمەندێکی پێشمەرگە و ئەندامی ئەو تیپی مۆسیقای شۆڕشە بووم و بەو پێیە زۆر جار بەڕێزتانم لە نزیکەوە دیوە). دوای ئەوە دکتۆر بەردەوامی بە قسەکانی داو گوتی: جگە لەوە هونەرمەندی کۆچکردوو (شەماڵ سائیب)م لە نزیکەوە دەناسی، بە تایبەتی گۆرانی (هەرێ لەیلێ)، ببوو بە سروودێک هەتاوەکو عەرەبیش وەک ئێمە حەزیان لە بیستنی بوو، لە بیرمە شەماڵ سائیب یادی بەخێر زۆر جگەرەی دەکێشا. کاتێکیش لە کۆلێژی (دارولموعەلمینی عالیە) لە بەغدا ئاهەنگ سازدەکرا، هەمیشە هونەرمەندانی وەک شەماڵ سائیب و هی تر داوەت دەکران.

✱ هەر ئەو ساڵە مامۆستایانی نەمر (دارا تۆفیق) و (ئەنوەر تۆقی) و کارمەند و بەرپرسانی دیکەی (ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوان)ی سەر بە شۆڕشی ئەیلوول بۆ دۆڵی (بالیسان)، بۆ گوندی (وەسان)، بۆ لای (تیپی مۆسیقای شۆڕش) هاتن، کە چەندین ڕۆژنامەنووسی بیانییان لەگەڵدا بوو، ئەو ڕۆژە کارمەندانی ئەمینداریێتی لە ناو شۆڕشدا شوێنی حەسانەوە و خواردن و ئەوانەیان بۆ میوانە ڕۆژنامەنووسەکان ئامادەکردبوو، دیارە ئەو ڕۆژە وەک (تیپی مۆسیقای شۆڕش) چەندین سروود و گۆرانیمان پێشکەش کردن و ئەوانیش تۆماریان کردن، دواتر شاییمان کرد و «مام ڕەسول گەردی» سەرچۆپی گرتبوو، بە دەستی ڕاستیشی بە (کلاشینکۆف)ـە دارشووشەکەی تەقەی دەکرد، ئایا ئەو ڕۆژە ئێوەش لەگەڵدا بوون؟

– بەڵێ، ئەوەشم لە یادە مام ڕەسول گەردی لە (دەربەندی ڕایات)، لە شوێنێکی ساکاردا خێوەتێکی لەسەر سەری خۆی هەڵدابوو، وەک شوێنی حەوانەوەی بوو، گۆرانی (کراس زەردێ) هەر لەو دەهات! لە زووشەوە دەمناسی، ئەو کاتانەی لە (ڕانیە) لای باوکم (پۆلیس) بوو، هەروەها سروودی (ئەی ڕەقیب) هەرگیز لە یاد ناکرێت، کە دانەری هۆنراوەکەی (دڵدار)ی شاعیرە کە خەڵکی شاری (کۆیە)یە. هەروەها دکتۆر گوتی: کاتێکیش شۆڕشی ئەیلول تووشی نسکۆ بوو و لێمان قەوما، من ئەوسا بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بووم، بۆیە یەکسەر بۆ ئێزگەکە چووم، سەیرم کرد دوو لوری وەستاون تا ئێزگەکە بۆ ناو ئێران ببەنەوە، من ڕامگرتن وخواهەڵناگرێ ئەوانیش قسەیان نەکرد، ئێزگەکەمان ئیش پێکرد و چوومە ژوورەوە و گوتم: خێرا سروودی (ئەی ڕەقیب) بێنن، ئەو سروودەمان بۆ دواجار لە شۆڕشی ئەیلول لەو ئێزگەیەوە لێدا

و(بارزانی مەلا خالید)ی بێژەریش بە دەنگێکی زوڵاڵەوە گوتی: دڵنیابن شۆڕشی کورد دەست پێدەکاتەوە و تەواو نابێت، بەو جۆرە کۆتاییمان بە پەخشی «ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق» هێنا، دامناوە ئەوانە هەمووی لە بیرەوەرییەکانمدا بنووسمەوە.

* لە گۆڤاری (چلاواز) و لە نووسینێکدا دەربارەی هونەرمەند (کەریم کابان)، کە بە پێنووسی کاک (جەمالی دەلاک) بوو، هاتبوو: ئێوە بوونە لە ناو شۆڕشی ئەیلوول هانی ئەو هونەرمەندەتان دابوو، تا بڕوات لەگەڵ (تیپی مۆسیقای شۆڕش)، گۆرانی تۆمار بکات؟

– بەڵێ ئەو وەختە (کەریم کابان) کارمەندی سەر ئامرازی (لاسلکی) بوو، من پێم گوت: بڕۆ بۆ لای «تیپی مۆسیقای شۆڕش» کە ئەوسا بارەگایان لە گوندی (وەسان)ی «دۆڵی باڵەییان» بوو، چەند بەرهەمێک بە هاوکاری ئەو هونەرمەندانە تۆمار بکە.

مام ڕەشید گەردی رووی پرسیاری کردە من و گوتی: لە ناو ئۆردوگاکانی پەنابەرەکانی خۆمان کە لەسەر سنووری نێوان (عێراق – ئێران) بوون، کۆمەڵێک موزیکژەن و گۆرانیبێژ هاتن و ئاهەنگیان بۆمان ساز کرد؟ گوتم: بەڵێ ئەوە (تیپی مۆسیقای شۆڕش) بوو، کە بەندەش ئەوسا موزکژەنێکی ئەندامی ئەو تیپە بووم.

دکتۆر کەمال گوتی: (دارا تۆفیق) یەکێک لە هەرە دڵسۆزەکانی شۆڕشی ئەیلول بوو، لەماوەی ڕابردوودا دەربارەی ئەو کەسایەتییە دیدەنییەکیان لەگەڵدا کردم، حەز دەکەم ئێستاش دووپاتی بکەمەوە و بڵێم: شوورەییە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان شەقامێک نییە بە ناوی (دارا تۆفیق)ەوە، هەرچەندە هەقی خۆیەتی پەیکەریشی بۆ بکرێت. چونکە (سەدام حوسێن) ئەوەندە ڕقی لێی هەستا، بزری کرد و تا ئەمڕۆش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

* هەرچەندە زووتر پرسیارێکی نزیک لەمەی ئێستام لێ پرسیت، بەڵام حەز دەکەم بۆ دڵنیابوون دووبارە بپرسم و بڵێم: ئایا لە ماوەی ژیانتاندا هیچ بەڵگەنامە، یان وێنە، یان دەسنووسێکتان، دەربارەی مێژووی موزیک و گۆرانی و مەقامی کوردی.... تاد نەدۆزیوەتەوە؟

– من لە ناو بەڵگەنامەکاندا زۆر گەڕاوم، بەڵام شتی لەو بابەتانەم بەرچاونەکەوتووە! هەرچەندە (ئینگلیز)ەکان، بە دوای هەموو شتێکدا گەڕاون وتۆماریان کردوون، بەڵام تۆ دەتوانی شانازی بە (شایی ڕەشبەڵەک)ەوە بکەیت، کە ئافرەت و پیاو بەیەکەوە دەست لە ناو دەست و شان بە شانەوە هەڵدەپەڕن! ئەمە لە زۆر شوێندا باس کراوە و نیشانەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە کورد پێشکەوتوو بووە و ڕێزی ئافرەتی گرتووە، ئەمە لە کاتێکدا (عەرەب)، کاتێ باسی ژنەکەی خۆی دەکات دەڵێ: (تکرم) واتە (دوور لە ڕووتان)، وەک ئەوەی باسی شتێکی (کەم) یا (پیس)ی کردبێت، ئەوان شایی ڕەشبەڵەکیان نییە! وەک ئێمە ژن و پیاو دەست لە ناو دەست و پێکەوە هەڵپەڕن. مام ڕەشید گەردی لێرانە شتێکی بە بیر هاتەوە و گوتی: باپیرم (حاجی سەعید گەردی)، کاتێک ژنی بۆ تاقە براکەی (حاجی عومەر گەردی) گواستەوە، ماوەی حەفت شەو و حەفت ڕۆژان شایی ڕەشبەڵەک بە «دەهۆڵ» و«زورنا» بەردەوام بوو، لەبەر ژمارەی زۆری ئامادەبووان بە پشتی (کەر و وڵاخ)، قاپ و قاچاخیان لە گوندەکانی دەوروبەرەوە بۆ ئێرە هێناوە!

هەروەها دکتۆر گوتی: ئەم بەیانییە دیدەنییەکیان لەگەڵدا کردم و باسم کرد: (زەکیە ئیسماعیل حەقی) سکرتێری (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێکەوە بووین، هەر ئەوکاتە ئەو ژنە بۆی گێڕامەوە و گوتی: پیرەژنێک تاقە کوڕێکی هەبوو، کوڕەکەی لە شەڕی بەرگریدا شەهید ببوو، گوتی: وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نەمان دەزانی چۆن بچین ئەو خەبەرە ناخۆشەی پێ بڵێین، دواجار بە ناچاری پێمان گوت، پیرەژنی دایکی شەهیدەکە پرسیاری کرد و گوتی: بڕۆن بزانن کوڕەکەم گوللە بە سینگی، یان بە پشتی کەوتووە؟ هاتنەوە و گوتیان وەڵڵا بە سینگی کەوتووە، پیرەژنە جگەر سووتاوەکە یەکسەر هەلهەلەیەکی لێدا و گوتی: ئەوە کوڕی منە و لە کاتی هێرش بردندا گوللەی بەر کەوتووە!

هەروەها دکتۆر گوتی: کتێبێکیشم هەیە بە ناوی (ئافرەت لە مێژوودا)، لەو کتێبەدا زۆر لایەنی ئافرەتی کوردم نیشانداوە، لە وێنەی (حەپسەخانی نەقیب) و (عادیلە خانی جاف) و (قەدەم خەیر) و( خانزادی میری سۆران) و هی تریش، ئەو ژنانە یەکجار دەگمەن بوون، لە ناو (تورک) و لە ناو (عەرەب) و لەناو (فارس)یش

وێنەی ئەو جۆرە ژنانە وەک گوتم، یەکجار دەگمەن بووە، بۆ نموونە: کاتێک (مێجەرسۆن) پێش شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ ناوچەکەمان هاتووە و خۆی وەک بازرگانێکی فارس نیشانداوە، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: تەنیا (عادیلەخانی جاف) گاڵتەی پێم هات و گوتی: ڕاست ناکەیت، تۆ بازرگانێکی فارس نیت و تۆ ئینگلیزی! ئینجا لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا نامەیەکی (حەپسەخانی نەقیب)م دۆزییەوە، نامەکە لە ڕۆژی (٧)ی مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠)دا بە زمانی کوردی بۆ (مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق) ناردراوە، واتە ڕۆژێک دوای ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی (سەرای) سلێمانی ئەم نامەیەی ناردووە، کە تێیدا ژمارەدوومە (٩)جار گاڵتە بە (عەدالەت)ی بەریتانیا دەکات، لە کۆتایی نامەکەشدا تکا لە مەندووبی بەریتانیا دەکات، ئەو نامەیە وەربگێڕن و بۆ بەرپرسانی بەریتانیا بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیانی بنێرن! دکتۆر گوتی: ئەمە گاڵتە نییە، کە ژنێکی کورد کردوویەتی.

* مۆزیککارێکی ئەرمەنی هەیە بە ناوی (کۆمیتاس)، کە لە ساڵی (١٨٩٨)ی زایینیدا، ئەوکاتەی کورد موزیکزانی ئەوتۆی نەبووە، بتوانێ گۆرانی فۆلکلۆری بە نۆتە بنووسێت، ئەو ئەوکارەی کردووە و (١٠ - ١٢) گۆرانی کوردی بە نۆت کردووە. ئایا هیچ زانیاریت لە سەر ئەو کەسە هەیە؟

- ناوی (کۆمیتاس)م بیستووە و ئەوەی بۆی باس کردووم، کوڕێکی (ئەرمەن)ـە، بە ناوی (هەمبەرسۆم)، دوێنێ پیرۆزبایی (کریسمس)م لێکرد.

دکتۆر گوتی: ساڵی (١٩٧٢) مام هەژاری شاعیر ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بوو، پێکەوە بووین. پرسیم: لەگەڵ مام هێمنی شاعیر؟ گوتی: نەخێر ئەوسا مام هێمن لە کۆڕ ئەندامی یاریدەدەر بوو. ئینجا لەگەڵ مام هەژاردا سەفەرێک پێکەوە بۆ (یەکێتی سۆڤییەت) چووین، لەوێ (ئەرمەنیا)یان بە ئەنقەست بۆ هەڵبژاردبووین، بۆ ئەوەی ئێمە ببینین کوردانی ئەوێ چۆن دەژین؟ یەکەم جار بۆ (یەریڤان) و دواتریش بۆ گوندی (ئەلەگەز)یان بردین، کە (٢٠) کم لە یەریڤانەوە دوورە، لەوێ بە هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک و بە موزیکی کوردی بە «دەهۆڵ» و «زوڕنا»وە پێشوازییان لێکردین، نانی کوردییان داینێ، جا من بەوە تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن: تۆ زۆر بەرگریت لە (ئەرمەن) کردووە! جا کە ئەرمەن لەگەڵ میللەتی مندا ئاوا بووبێ، چۆن بەرگری لێ ناکەم؟ بەداخەوە هەندێ لە ئێمە بوون بە پیاوی (سوڵتان عەبدولحەمید) و بوون بە (سوارەی حەمیدییە) و بەر بوونە گیانی ئەرمەن، هەرچەندە من لەوێدا بەرگری لە میللەتی کورد دەکەم و دەڵێم: ئەو کەسانە داردەستێکی بێ عەقڵ بوونە، بەڵام خۆ هەموو کورد ئەوکارە ناڕەوایەی نەکردووە، بەڵگەنامەم دۆزیوەتەوە زۆر کورد هەبوونە داڵدەی ئەرمەنەکانیان داوە و لە مردن ڕزگاریان کردوون، هەروەها (پاپا) نامەیەکی سوپاسنامەی ئاراستەی ئەو کەسانە کردووە، کە لە ناوچەی (زاخۆ) یارمەتی ئەرمەنەکانیان داوە.

* ئەی دەربارەی کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل چیت لا یە؟

- لە تەلەڤزیۆندا دیومە، کوردەکانی (ئیسرائیل) بە جلوبەرگی کوردییەوە یادی جەژنی نەورۆزیان کردۆتەوە و نانی هەورامیشیان دروست کردووە، کاتێک لە (لەندەن) بووم، لە (ئەرشیف) کارم لەسەر بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا دەکرد، لەوکاتەدا شەوێک کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: زەروورییە بتبینم! بۆ بەیانی کە دیتم، دەرچوو کوردێکی جوولەکە بوو، زۆر هەوڵی دا من و هاوسەرەکەم بۆ (ئیسرائیل) داوەت بکات، بەڵام لە ڕاستیدا جورئەتم نەکرد! ئێمە هەقە لێرەوەدوا سوود لە ئیسرائیل وەربگرین بەوەی وەک ئەوان (لۆبی) کورد دروست بکەین. دکتۆر گوتی: هیچ جوولەکەیەکی کورد بە خۆشی خۆی بۆ ئیسرائیل نەچووە، بەڵکو بە زۆر ناردوویانن! لە سلێمانی گەڕەکی (جوولەکان) هەبوو، کارویپیشەی (زێڕنگەری و کوتاڵفرۆشی و خومخانچی و کارگەی ڕستن و چنینی بچووک) و هی تریان هەبوو.

* لە کوردستانی گەورەدا هەر ناوچەیەک شێوازی تایبەتمەندی گوتنی خۆی هەیە، بۆ نموونە: لە «هەولێر» و دەوروبەری «حەیران» و لە «سلێمانی» شێوە گوتنی «سەفەر» و لە ناوچەی «هەورامان» شێوە گوتنەکانی وەک «هۆرە» و «سیاچەمانە» و لە «کەرکووک» و دەوروبەریدا «مەقامەکانی گەرمیان» و لە «موکریان» شێوە گوتنەکانی وەک «گەلۆ» و «پایزە» و «بوهار» و «ئازیز» و لە «دهۆک» و «ناوچەی بادینان»یش «لاوک»

و «حەیرانۆک» و لە «باکووری کوردستان» سەد تەرز «لاوک» و لای «ئەهلی هەق» و «کاکەیی» و «عەلەوی» ئامێری «تەمبوور» و سەد جۆر «ستایش» و لای «ئێزدییەکان» ئامێری «شباب - شمشاڵ» و دەیان (قەول) و لای «زازاکان» و لای «لوورەکان»یش دەیان جۆر شێوە گوتنی تایبەتمەندی خۆیان و ئیتر... تۆ پێوەندیت لەگەڵ کام شێوە لەوانەی سەرەوە هەیە؟

– «مام ڕەسوڵ گەردی» ئەوکاتەی بۆم باسکردی لە (ڕانیە) لای باوکم پۆلیس بوو، دەیان جار لە ماڵی ئێمە دانیشتووە و«حەیران»ی بۆ گوتووین، جاری دی (کراس زەردێ)ی بۆ گوتووین، هەروەها زۆر بە پەرۆشەوە گوێمان بۆ هونەرمەند (تایەر تۆفیق) شل دەکرد، ئەمەیان زیاتر بە هۆنراوەی نیشتمانپەروەری ناودار بوو، هەروەها گۆرانی (کاڤوکێ)ی (حەسەنێ جزیری) هەتا عەرەبەکانیش زۆر حەزیان لێ بوو.

* (کریس کۆچیرا)ی گەریدەی «فەرەنگ» نووسیویەتی: کاتێک (سمکۆی شکاک) کوژرا و ماڵەکەیان تالان کرد، ئامێرێکی (پیانۆ)یان لای دۆزییەوە! دەربارەی ئەمە ڕاتان چییە؟

– کریس کۆچیرا دۆستێکی گەورەیە، زۆر بەرگری لە میللەتی کورد کردووە، زۆر بەرهەمی هەیە، خۆی و ژنەکەی پێش ماوەیەک لێرە بوون، ئەوکاتەی «سمایل ئاغای شکاک» کوژراوە لاشەکەیان لە سەر پشتی ئەسپ داناوە، بەڵام بۆ ئامێری «پیانۆ» ڕەنگە دەستی کەوتبێت.

* ڕات چییە بە مامۆستای مێژوونووس (د. موحسین محەمەد)؟

– د. موحسین ئەمڕۆ ئەندامی ئەکادیمیایە و کەسێکی زۆر زانست ئاکار و ڕاستگۆیە، خەڵک هەیە دەڵێن: د. موحسین تورکمانە! باشە ئێوە بەوە خۆشحاڵ نین با تورکمانیش بێت، کە بەم جۆرە خزمەتی مێژووی کورد بکات؟

دکتۆر کەمال مەزهەر بۆی باس کردین کە (پوول)ـەکانی سەردەمی (شێخ مەحموودی نەمر)ی هەیە.

**تێبینی:**

**ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٢/٢٦) لە ماڵی خۆیان لە هەولێر بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان مام (ڕەشید گەردی) کە بە سوپاسەوە ئەو ئاسانکاری بۆ ئەو دانیشتنە کردبوو، هەروەها (خالید جەمیل) خاوەنی کتێبخانەی (سۆلاف)ی شاری هەولێر ئامادە بوو.**

# هۆرامان لە گۆرانی هۆرامیدا

نەبەز هۆرامی
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

دوورکەوتنەوەی عوسمان لە هەڵەبجە خەمەکانی بۆ هۆرامان تازە دەکاتەوە، سەرلەنوێ شیوەنێکی دی- ئاوێتە بە شیوەنی بە کوڵی بۆ هەڵەبجە- بە ناوی (لای لای) دەگێڕێت، ئەم جارە لە (کێمنە و نەڵکمین و کویلە و بزازەرا)ەوە بە هۆرامان‌دا دێت..، تا بە هەڵەبجە و ئەولاتریش دەگات:

**(نەڵمکین) مدیۆ (هانە سوارا)**
**(کێمنە) و (بێرواس) گرد تازیە بارا**
**جیگەی سەیرانگای برادەرا ڕۆ**
**(کویلە)و (دالانی)، (بزازەرا) ڕۆ**
**سەیری چەم و دۆڵ من باخانم ڕۆ**
**(بەڵخە)و (بیارە)، (دەگاشیخان)م ڕۆ**
**هەر پەی من خاسا شیوەن و زاری**
**پەی دەرەو (بیاری) و (ملەگاچناری)**
**وەلاتی ئازیز، سەربەفەرم ڕۆ**
**من (هانەودننی) و (دەرەی مەڕ)م ڕۆ**
**وەتەنی شیرین من بیشونم ڕۆ**
**(گوڵپ) و (گەچینە) و (باخەکونم) ڕۆ**
**سەیری چەم و دۆڵ، چوڵ و هوڵم ڕۆ**
**(شنروێ) و (هاوار)، هەم (وەزگیڵ)م ڕۆ**
**ماچا هەڵەبجە چوڵی مرمانۆ**
**لە جیاتی بولبول بایەقوش وانۆ**
**کویسانیەکی بەفراو نەنۆشا**
**با گرد لیباسی ماتەم بپۆشا**
**ئیتر بە من چیش مەینەت و دونیێ**
**تاقی دریێ پۆ، بەری گرد ژنییێ**
**باقی وەسەلام، ئەی دوور وەلاتا**
**بەندە جە (سەریاس)، ڕوحم جە لاتا**

گوتنی ئەم گۆرانییە بۆ کۆستی کیمیابارانی هەڵەبجە و



**عوسمان کەیمەنەیی**

دەوروبەری، دەربڕینی خەمێکی دیکەی ئینسانی گەورەیە، لە هەمان کاتیشدا نواندنی هەڵویستێکی هونەرمەندانەی کوردانەیە.

**گۆرانبێژەکانی دیکە و گوتن بۆ هۆرامان:**

لە خەرمەنی گۆرانی هونەرمەندانی نەوەی پێش عوسمان کێمنەییشدا، گوتن بۆ وێنەی یەکەمی هۆرامان و جوانییە سروشتییەکانی هەمیشە ڕووبەری تایبەتی خۆی هەبووە، دەتوانم بڵێم لەوانەوە دەماودەم هەندێ لە شیعرو ئاوازی لەو جۆرە بە تایبەت- سیاچەمانە- بە عوسمان و نەوەی سەردەمی ئەو گەیشتووە، بەڵام لە دەنگی ئەو نەوەیە- بەداخەوە شتێکی زۆر کەم نەبێت - فریای تۆمارکردن نەکەوتووە. یەکێ لە بەزمەکانی ڕۆژگاری ئەو نەوەیە، ئەم گۆرانییەی هونەرمەندی ڕەحمەتی (ڕەشە غوڵامە):

**تەقەی (تەوەن میر) ناڵەی (ئاوەشۆ)**
**دەنگداوە وەدەنگ، (ساکاو) و (بەدهۆ)**

بێجگە لە عوسمان- وەک لە پێشەوەش ئاماژەمان پێکردووە- هەردوو گۆرانیبێژی گەورە و هاوڕێ و هاودەنگیشی (حەمەحسین کێمنەیی) و (جەمیل ئەحمەدی)، پاشان (حەمەی نەوسوودی) و (فەتحوڵڵای ئەمینی) و (جەهانبەخشی غەفووری) و پاش ئەوانیش: (تۆفیق ئەلیموحەممەدی) و (جەلال هەرسینی) و (عومەر باینگانی) و (عومەر خوسرەوی) و (حەمەمین خواشتی)

و چەندینی دی، بۆ سروشتی هۆرامان و جوانی و یادگارییەکانی و کۆست و کارەساتەکانی گۆرانییان چڕیوە.

(حەمەحسین کێمنەیی) پاش چۆڵبوون و وێرانبوونی هۆرامانی دیوی ئێران، لە دووری (کێمنە)ی زێد و لە فیراقی (پیروحاجی) نشینگەی و هۆرامان بەگشتی، لە گۆرانییەکی تایبەتدا لە (مەریوان)ەوە ڕوو بە هۆرامان دەچریکێنێت:

**مێوە دەیەکی (سوەیل)ی ڕەشتینی**
**دوور وەتەنییەکەی ئیمەش کوشتینمی**
**حدودنشینی، ماتەم بنیشا**
**هەریۆ پەی ویشا با ئاخ هورکیشا**
**ناڵەی توپخانە بە (خەمسە خەمسە)**
**ویرانش کەردەن دەربەن و (کۆلسە)**
**دەک چەواشە بۆ ئی دەوارندەورە**
**نەمەنەن سەوزی جە (باخە گەورە)**
**(شرام)ی چڕیش ئۆ(هانە هەواس)**
**ماچۆ بینازا (کێمنە)و(بیرواس)**
**نەمەن دەنگم خاس بۆت بناڵم**
**خاکوخۆڵەکەت بە لێو بماڵم...**

لە گۆرانییەکی دیکەشدا دەڵێت:

**پەرسام (نوەیجەڕ)،نشینگە و خویشا**
**کونی نازاری، چیش ئامان پیشا.**
**دیام (نوەیجەڕ) زەلیل و زگار**
**زار زار مگرەوۆ پەرێ ئەشقی یار...**

هونەرمەند (جەهانبەخشی غەفووری) کاتێک لەو دیوەوە وەک پەناهەندەیەک دێتە هەڵەبجە، پاشان لەسەردەستی ڕژێمی بەعس- لەگەڵ چەندین خێزانی دیکە- بۆ شاری (ڕومادی لە ناوەڕاستی عێراق) دوور دەخرێتەوە، ئەویش بۆ ئەو ستەم و کۆستەو.. تاد، دووریی لە شنەی شەماڵی شەلاڵ بەبۆنی چنوور و شەوبۆی کەمەران، لەنێو غوبار و گڕەی گەرمای غەریبنشینیدا، خەمەکانی ئاوێتەی چریکەی گۆرانی دەکات:

**من هۆرامییەکەی عەرەبسان جامەن**
**زنجیری خەفەت دایم نە پامەن**

لە کۆتایی گۆرانییەکەشدا دەڵێت:

**تەماشا کەری چەم جە چەم گمەن**
**تا چەم بڕ کەرۆ هەر ڕمڵ و لمەن(٣)**

هەروەها لە نەوەیەکی دیکەی گۆرانی هۆرامیدا، (مەولوود شۆشمەیی) و (سەباح خارگێلانەیی) و (نەوزاد نەسرولڵابەگ) و (عەتا زەلمی) پاش وێرانبوونی هۆرامان، بەرهەمی گۆرانییان بەشێکی بۆ لاواندن و لاواندنەوەی هۆرامانە، لە گۆرانییەکاندا زوو زوو ئەم دێرە لە دەمی کاک سەباحەوە دەبیستم:

**هەرچندە کەرو فکرو وەتەنی**
**وەختا دڵەکەم بۆ بە تەوەنی**

ئەو گۆرانیبێژانە - بە تایبەت نەوزاد نەسروڵڵا بەگ- زۆربەی ڕۆژانی ژیانیان وەک دیوانەیەکی هەردنشین بەسەر بردووە، زۆبەی گۆرانییەکانی نەوزاد بۆ لاواندنەوەی خاک و گوڵی هۆرامان و شەوگە و دامگەکانی ڕاوکردنە، لە یەکێک لە گۆرانییە ناسراوەکانیدا دەڵێت:

**(ڕەنگڵە ڕەژیلی) با کەرۆ کەوە**
**مەوانۆ ژەرەژ جە (هانەنەوە)**
**هەر پەی من خاسا شیوەن و زاری**
**پەی (ملەگاشەیدای)، مێوا (نسار)ی**

هەر پاش ماوەیەک لە ڕاگواستن و کاولکردنی هۆرامان، (دارا موحەممەد عوسمان)یش لەگەڵ (تیپی میوزیکی مەولەوی) و پاشان (تیپی میللی سلێمانی) لە چەند گۆرانییەکدا یادی هۆرامان دەکات:

**هامنا گەرما، وەهار سەرشیەن**
**ولی وای بەردی، دڵ خەمین بیەن** (لە شیعری کاردۆخی)

هەروەها ئەم دێرە پڕ لە کوڵوکۆیانە - کە پێشتریش گوتراون- دەخاتە نێو گۆرانییەکی ئەو ڕۆژگارەوە:

**کۆچکەردەی یاران خەیلێ ستەمەن**
**یا ئێشی دانەن، یان گلی چەمەن**
**هەر کۆچ کۆچت بی، کۆچ نەبڕایەوە**
**کۆچ بی بە ئاییر نەکوژایەوە**

پاش ئەوانیش نەوەیەکی دی لە گۆرانیبێژان، وەک (سیروان خالیدی) و (ئیسماعیل هانەگەرمڵەیی) و (سەعدی ئەحمەدی) و (فەرزاد ئەمینی) و (نەوشیروان عارف) و (بەهرۆز بەڵخەیی) و (حەسەن حوسێن) و (یوونس میرزا) و (نەجمەدین تەوێڵەیی) و (هادی ڕەشید) و (سیروان لهۆنی)و...تاد هی دی، گۆرانییان بۆ خاکی هۆرامان گوتووە، ئەگەرچی زێتر شیعر و ئاوازی گۆرانیبێژەکانی پێش خۆیانیان گوتووەتەوە. وەک نموونە:

نەوشیروان عارف: وەشا هۆرامان، بە قولەکەی شاهۆ.
بەهرۆز بەڵخەیی: وە یادی سالان، هەوارنشینان
حەسەن حسێن: هۆرامان ماواو مەسکەنی ژینم...

ئەمەی تا ئێستا باسمان کرد و دەرمانخست وێنەیەکی (گشتی) هۆرامان بوو لە گۆرانی هۆرامیدا، ئێستاش بە کورتی دەچینە سەر چەند لایەنێکی دیکەی بابەتەکە....

**ڕەنگی وەرزەکان لە دەنگی گۆرانیدا:**

هەر وەرزێک لە وەرزەکان لە کوردستاندا بە گشتی و لە هۆراماندا بە تایبەتی، جوانی و ڕەنگ و ڕواڵەتی خۆی هەیە، ئەمەش بەشێکی تایبەتە بە سروشتی هۆرامان و بەشێکی تایبەتە بە تەرزی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی لەو وەرزەدا.

لە بەهاردا خاکی هۆرامان، بە نمەی باران و سەوزایی گژوگیا و ڕەنگوبۆی گوڵان، بە جۆرێک خۆی ئارایشت دەدات، مەلان سەرمەستانە و شاعیران عاشقانە و گۆرانیبێژانیش سەرسامانە دێنە دەنگ و بۆی دەخوێنن.

خەڵکی هۆرامانیش - وەک نەریتێکی ساڵانەی دێرینی خۆیان - بۆ سەیر و سەیرانی ئەو کەڤاڵ و کەرنەڤاڵە سروشتییە، ڕوو لە شیو و دۆڵ و لاپاڵ و بەرزاییەکان دەکەن.

لە گۆرانی هۆرامیدا وێڕای چەندین بەزم کە بە تایبەت بۆ بەهاری هۆرامان گوتراون، لەناو گۆرانی دیکەیشدا چەندین بەیتە شیعری ڕەنگاوڕەنگ و تەڕوبڕ بۆ ئەم وەرزە دانراون:

**کەژان و کێوان دایانە نرکە**
**گۆلاوان پڕ بوون لە جامی سرکە**
**با وەهار بێوە بلمێ کەشەنە**
**من نەچیرو تۆ، ساڵەش وەشەنە**
**هۆرزە با بلمی وەکەشو کۆدا**
**پا بنەین وەبان (چنوور)و (لۆ)دا**
**بەرزیی سەر کێوان بکەین وە ماوا**
**تیایا دانیشین سوب تا خۆراوا**

بەڵێ لە بەرزایی سەرکێوەکانەوە سەیری نێو دارستان و باخەکان دەکەن و دەڵێن:

**وەشڵەی بە دارا مرا و ژیواوە**
**گرد ساڵێ جارێ گەڵا کەراوە**

بەڵام جاروبار ئەم وەرزە جوانەی سەیروسەفا - وەک چۆن لای مەولەوی و زۆر شاعیرانی دیکەش وەهایە- لەبەر دووری دۆستان و فیراقی یاران، یان ڕوودانی

کارەساتێک، تەمی ماتەمینی جوانییەکانی دادەپۆشێت:

**ئانا وەهارا کەشو کۆ ڕەنگین**
**دڵەکەی عالەم شاد دڵەو من خەمگین**
**ئیتر بەمن چیش گوڵانی وەهار**
**جە ڕەفیقانم کەس نیەن دیار**
**وەهاری عالەم پاییزمانە**
**جە باخی شادی گەڵاڕیزانە**

لەگەڵ ئەمەشدا لەو دیوی تەمی ئەو خەمانەوە ترووسکەی ژیان دۆستیش لە پێش چاو گوم نابێت:

**یاخوا هەر شاد بی، نەتبینم خەمبار**
**دونیا دوو ڕۆژە، شاد بە وە بەهار**

یەکێ لەو بەزمە دیارانەی کە بۆ بەهاری هۆرامان و دەوروبەری گوتراوە و چەند دیمەنێک لە جوولە و جونبوشی جوانییەکان بەرجەستە دەکات، بەزمی (عیدەن شادییەن) ی کاک (فەتحوڵلای ئەمینی)یە کە (جەهانبەخشی غەفووری)ش سەربەندەکەی لەگەڵ دەڵێت:

**شەماڵ وەهارەن، شەماڵ وەهارەن**
**سەیری سەرکێوان، فەسڵی وەهارەن**
**هەورەن وارانەن، بەرقەن غوبارەن**
**سەیلەن سێلاوەن، وەروەن نسارەن**
**خەندەی گوڵانەن، چریکەی مەلانەن**
**قاسپەی بەق و چێڵ، پیقەی کەڵانەن**

هەروەها بەزمێکی دی کە شایستەی ئاماژە پێکردنە، بەزمێکە کاک (جەلال هەرسینی) گوتویەتی، کە شیعرەکانی لە گۆرانییەکی بەناوبانگ بیستوون کە پێشتر گوتراوە و ئەو لە دایکییەوە بیستوویەتی:

**بەیدێ با کەرمی تاریفی وەهار**
**ئەوەڵ (بەڕەزا) بەرمەیۆ جەغار**(٤)

ئەگەر بەهار بەگشتی بەو جۆرە ڕەنگی هەیە، گوڵی خاکی هۆرامان خۆی بۆ خۆی لە گۆرانی هۆرامیدا ڕازێکی تایبەتی هەیە، هەندێ لە گوڵی هۆرامان:

**«بۆ سیاچەمانەو دەرەیی» نەبێ،**
**بۆ هیچ ئاوازێکی دی،**
**ڕازی ڕەونەق و جەماڵ و**
**نەهێنی بۆن و بەرامە نادرکێنن** «نەبەز هۆرامی لە شیعری: دروودی ئێمە»

وەک لە گۆرانییەکانی پێشەوەشدا دەردەکەوێ؛ وا نازانم هیچ گوڵێکی هۆرامان هەبێت ڕەنگوبۆنی نەچۆڕابێتە نێو دەنگ و ئاوازی گۆرانی هۆرامییەوە:

**(هەراڵەبرەمی)، ساق سرمەی وەنۆش**
**جە لا نساران کاکۆڵ کەردەن گەش**
**(سوورە هەڵاڵە) گوڵەکەش سوورا**
**واردەنش وەرواو هامساش «چنوور»ا**
**سەرەم نیاوە وە بانی (چنوور)**
**پشتم جە (دزڵی) ڕووم لە (شارەزوور)**

ئەو گۆرانییە بەهارییەی (جەلال هەرسینی)ش کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێی کرد، ناوی زۆربەی گوڵەکانی هۆرامانی تێدا هێنراوە. پاش وێرانبوونی هۆرامانیش، بەشێک لە داخودووی نێو گۆرانی هۆرامی، بۆ ماتی و مەلوولی گوڵان و پامالکردنیانە بە پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەران و هەڵپرووزانیانە بە گڕی گوللە و باڕووت:

**(سوور هەڵاڵەی سوور، شەوبۆ) نە هەردان**
**ئامانە خاوم پەی باری دەردان)** (لە شیعری عەبدوڵڵا بەگی هۆرامان)

یان:

**بەرزە دیارەکەی (چنوور)ی تەڕم ڕۆ**
**(خوڕخوڕە)و (هەیات) (نوەیجەڕ)م ڕۆ**
**(سوور هەڵاڵەی سوور، چنوور و شەوبۆ)**
**جە (حەفتاوحۆت)ۆ نەکەردەنم بۆ**
**کۆن سوور هەڵاڵە، کۆن چنووری دێز**
**کون هاڕەی بەفراو، پایینی (داڵەمێز)؟**
**ئیسە پام بڕیان جە کویسانا**
**(گوڵەکی) وەهاری با گرد بزانا!**
**فرە گیلایی نە پای (چنوور)دا**
**هەردی (داڵانی)، رووی شارەزووردا....**

لە وەرزی هاوینیشدا هۆرامان کاڵای جوانییەکی دی دەپۆشێ، ئەگەر بەهار زێتر وەرزی جوانی شاخ بێت، هاوینیش وەرزی جوانی و بە دەماخی باخە، لەم وەرزەدا باخ دەبێتە نشینگەی باخدارەکان و ئاژەڵدارەکانیش ڕوو لە هەوارەکان دەکەن، چریکەی ئاوازی گۆرانیش لەسەر شاخەوە بەرەبەرە دەڕژێتە ژێر سێبەری باخ بۆ وێنەگرتنی جوانییەکانی وەرزی باخنشینی، یان کۆچکردن بۆ هەوار.. (هەوار بارش کەرد، هەوارنشینان) لە بەناوبانگترینی ئەو بەزمانەن کە بۆ ئەو جوانییانە گوتراون:

**هەوار بارش کەرد لواوە (ئاویسەر)**
**ئاگادارش بۆ خوای بانیسەر**

**مليۆ (ئاويسەر)، (هانەكڵە) ڕاتا**
**(قووڵە و ماوامی) شەو مەنزڵگاتا**

لە وەرزی پاییزیشدا، گەڕانەوەی هەوارنشینان و چۆڵبوونی هەوارەكانیان، پۆشینی بەرگی زەردی باخەكان و دواییش ڕووتبوونەوەیان بۆ پۆشینی بەرگی سپی، ڕەنگی ڕازێكی دیكەی ژیانە و بۆتە هەوێنی چەندین گۆرانی:

**(دارە وەنەكا) خەزانشا كەردەن**
**پیخامشا ئاردەن (هامن) وێردەن**
**(پاییز) ئاماوە چوون حاكمەكەی نۆ**
**سەوزە درەختان كەرو سیاچۆ**
**پاییز ئاماوە، ڕەنگزەردیی پەی چەم**
**ئێمەش وستیمێ نە گیجاوی خەم**
**خەریكا یاری ویشا پێچاوە**
**(پاییز) ئامانۆ، با كوچ كەراوە**
**(بەندەن)ی چریش ئۆ (سەروپیر)ی**
**(پاییز) ئامانۆ فەسڵی دڵگیری**

لە وەرزی زستانیشدا كە بەفر دەبێتە بەرگی بووكێنی هۆرامان، ڕەونەقی ئەم بەرگە بەسەر گۆرانیشدا پەخش دەبێت:

**(بەناباشیی بورج بەرزە دیاران**
**سفیدكاری كەرد تاقچەی موغاران)** (لە شیعری مەولەوی)

**ئەگەر مەپەرسی فەسڵ چە وەختەن**
**(پاییز) ویردەن (زمسان) سای تەختەن**

بەگشتی ژیان لە هۆراماندا لەگەڵ ڕەنگ و ڕووی وەرزەكان ئاوێتەیە و لە هەمان كاتدا ژیانێكی زیندوو پڕ لە جووڵەیە، بە پێی وەرزەكە جووڵەی ژیان و جوانییەكان نمایش دەبن و دواجار دەنگی گۆرانیش لەگەڵ ئەو جوانی و جومبوش و جووڵانەدا شەپۆل دەدات.

**جوانی ساتەكانی ڕاوكردن لە گۆرانیدا:**

**وەس وانە(ژەرەژ)، وەسەر شاخەوە**
**وەس دڵەكەم بدە سیخی داخەوە!**

ڕاوكردن لە هۆراماندا لە كات و شوێنێكدایە كە جوانییەكان زێتر نمایش دەبن. بیهێنەرە پێش چاوت: جەنگەی وەرزی بەهارە، بەر لە شەبەقی بەیان بابای ڕاوچی بە لاپاڵێكەوەیە، ڕەنگی دارێك، یان دەوەنێكی لێنیشتووە، بێجگە لە خوڕەی ئاو و چریكەی مەلان دەنگێكی دی لە دەوری نایە، لەنێو بۆن و بەرامەی سووره هەڵاڵە و شەوبۆدا نوقم بووە، جار جار قاسپەی پۆلە ژەرەژێ هەموو گیانی دەكاتە چاو و دەیبڕێتە دەنووك و گەردن و سەرباڵی نەخشینیان.

**با وەهار بیۆوە فەسڵێوە وەشا**
**بلمێ (شەرەبەق)، لابلاو (حەوكەشا)**
**(دامگا)كەم بەستۆ بە (گوڵە چنوور)ی**
**لوانێ (شەرەبەق)، (پەشتەوپلوور)ی**
**دامگام نیاوە، دلی گوراڵا**
**(بەق)ەكەم وانۆ، (چیڵ)ەكەم لاڵا**
**چریكەی (قاژان) سەربەرزان وەشەن**
**دەنگی كەوی نێر، پای ڕیزان وەشەن**

ئیدی هونەری گۆرانی ناتوانێ لە بەرانبەر ئەم جوانییانەی ساتە ناسك و ئاڵووالاكانی ڕاوكردندا بێ دەنگ بێت، بە تایبەت لەبەر ئەوەش- ئەگەر نەڵێم هەموو- زۆربەی گۆرانیبێژە ناودارەكانی هۆرامان (ڕاوچی) بوون و لەو ساتە ناسك و جوانانەی ڕاوكردندا هەناسەیان ئاوێتەی نەسیمی كۆساران بووە و ئەگەر لە ڕواڵەتدا نووزە و جووڵەیان لە خۆیان بڕیوە، لە دەروونەوە بە خوڕەم ئاوازیان لێڕژاوە، تەنانەت لە ئاوارەییشدا ڕاوكردن لای گۆرانیبێژەكان و بەشێك لە خەڵكی هۆرامان دەبێتە یادگارییەكی خۆش و شیرن، چونكە ڕاوكردن لە هۆراماندا زێتر بۆ چێژوەرگرتن بووە لە جوانی، نەك بووبێت بە سەرچاوەی ژیان.

**مەوانۆ ژەرەژ بەرز و زەرداوە**
**كۆنی سەیادی، با بلمێ ڕاوە**
**وەشا شەرەبەق، چیقەو بەیانی**
**(بلمێ).. دامگاكونەكا بەرزو (سەخران)ی**
**با وەهار بیۆوە عەین و ساڵانی**
**بلمێ شەرە بەق پەی كوساڵانی**
**با وەهار بیۆوە بلمێ (وەزەنی)**
**دامگا بنیەیێ دەورو (تەوەنی)**

ڕاوكردن لە گۆرانی هۆرامیدا چەند بەزمێكی بۆ گوتراوە، ناودارترینیان: (بەزمی سەیادە) كە من تەنیا بە دەنگی عوسمان كێمنەیی گوێم لێی بووە.

ئەم گۆرانییە گێڕانەوەی بە سەرهاتی سەیادێك و كەڵەكێوییەكە، بەڵام تانوپۆی گۆرانییەكە پڕە لە ناوی چەندین چەم و كانی و شاخ و نشینگەی هۆرامان:

**هەر چە (ژاڵانە) تا (كەلوكاوی)**
**نێچیر سڵكەرو (چە) هاڕەو وەرواوی**

**(هیلیان قاژ) چریش ئۆ (وەهار هانە)**
**بێ سەیادیا کەڵی بووسانە**
**من (کەلوکاوی) نیشتارە بی غەم**
**(کەلوژالآنە) ی تۆم کەردێ بە چەم**
**(شەوگەی کاکورەش)، (ئەشکەوتی گەورە)**
**بنکەو سەیادان ئا دەوران دەورە**

یەکێکی دی لە گۆرانییەکانی ڕاو، «کەڵێ پەی کەڵا»یە کە بە بەزمی هونەرمەند حەمەحسێن کێمنەیی ناسراوە:

**کەڵێ پەی کەڵا ئاردش مزانی**
**سەیادی کەڵکوش مەردەن بە جوانی**
**تفەنگێ تەقا (هاڵەورا)وە**
**سەیاد دەست وەش کەش نە سڵەماوە**
**هەر جە (ئەرسەڵان) تا (هانە کەکەو)**
**چندێ سەیادان چاگە کەردەن خەو**

بێ گومان گۆرانی دیکەش هەن کە ناتوانین ئاماژە بە هەموویان بکەین، یان من نەمبیستوون، ئەمە بێجگە لە چەندین بەیتە شیعری تاک تاک کە باسی ڕاودەکەن، تەنانەت من کاسێتی وام لەبەر دەستە - شتێکی زۆر کەمی نەبێ - تەواوی گۆرانی و شیعرەکانی بە ئاوازی (سیاچەمانە) بۆ جوانی سروشت و یادگارییەکانی ڕاوکردن گوتراون.

با ئەوەش بڵێین لە گۆرانی ڕاودا، لە دەمی ئەنگاوتنی نێچیر و شەلاڵبوونی بە خوێنی خۆی، گۆرانی خەمەکانی نێچیرەکەش لە یاد ناکات:

**بینایی دیدەم سەیادی دانا !**
**من ویٚم پەنادا، تۆ چەنیت زانا ؟!**
**من فرە گیلانی جە کاوە کاوا**
**فرە دەمم نیا چاڵە وەرواوا**

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە لە گۆرانی ڕاوکردنیشدا باسی جوانییەکانی هۆرامان و ناوی چەندین نشینگە و شەوگەو کەژو کێو دێنەوە نێو گۆرانی:

**با وەهار بێوە تەقا هاناوی**
**بلمێ شەرەبەق پەی (وەنەناوی)**
**تفەنگ چەنی بەق نیامۆ لاو شانەی**
**لوانێ شەرەبەق پەی (وەهارهانەی)**

**هۆرامانی پاش گەڕانەوە:**
**سەرنەوەیێ**

**هەرچی دڕەیی و پەیکوڵا**
**هەر بە ڕەگێ هورپاچمێ**
**تیکەڵ بە شنە و سەرکەشا**
**بە کام هەوا فرە وەشا**
**جە سەر کەمەرە بەرزەکا**
**گورانییە نەمرەکا**
**هەر ماچمێ.. هەر ماچمێ/** لە شیعری مامۆستا (عوسمان هۆرامی) شاعیر /١٩٧٨

پاش بڕانەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ و ئافاتی ئاوارەیی و گەڕانەوەی بەشێکی زۆر لە هۆرامییەکان بۆ زێدی خۆیان، لەم قۆناغەدا گۆرانیبێژانی هۆرامان بە هەناسەیەکی دیکەوە- هەناسەی پاش گەڕانەوە - دەس بە چڕینەوەی «گۆرانییە نەمرەکان» دەکەنەوە.

لەم قۆناغەدا گەشتە بەهارییە بە کۆمەڵەکانی گۆرانیبێژانی هۆرامانی ئەودیو دەبێتە نەریت و بەرنامە و سیمایەکی دی بە گۆرانی هۆرامی و گوتن بۆ هۆرامان دەبەخشێ.

ئەم جارە بەتین و تەژنەییەکی جیاوازەوە، لە باوەشی هۆرامانادا بۆ هۆرامانیان چڕی و لە پاڵ بەرامەی گوڵدا ڕازی غوربەتیان گێڕایەوە و لەگەڵ خوڕەی ئاودا لە نزیکەوە دەنگیان تێکەڵکردەوە:

**تازە وەر کەوتەن کەنارو دەشتا**
**بدیێ هۆرامان ماچی بەهەشتا**
**هۆرامان ماواو مەسکەنی ژینم**
**هۆرامان جیلوەی جاهی نشینم**

جاران تەنیا لەسەر نەواری دەنگ هۆرامانمان لە گۆرانی هۆرامیدا دەبینی، ئەم جارە دەنگی گۆرانی و ڕەنگی هۆرامان بە هۆی کامیراوە بەسەر یەکدا توانەوە و تاموچێژێکی دیکەیان بە چڕین بەخشی، ئەمە بێجگە لەوەی کاتێک کە گۆرانی لەنێو چەم و باخ و بەسەر شاخەوە- واتە لە ژینگەی سروشتیدا - دەگوترێت، هەستی چڕین بە کەفوکوڵتر و پڕ جۆشوخرۆشترە، (ئەگەرچی ناوماڵ و نشینگەی هۆرامییەکان هەرخۆی ڕەنگی سروشتی هەیە، چونکە کەرەستەی خانووکردن و شوێنی دیکەی نیشتەجێبوون هی خودی ژینگە سروشتییەکەیە).

یەکێ لە گۆرانییە دیارەکانی قۆناغی گەڕانەوە بۆ هۆرامان، گۆرانییەکی «فەریدوونی بەهرامی»یە:

**من ئەگەر هەوای هۆرامانم بۆ**

**چنوور و شەوبۆی کۆسالانم بۆ**
**گمە و (دالانی) و (دزاوەر)یم بۆ**
**دەرەو تەویلی و ئاویسەریم بۆ**
**(هەیات) و (سەرچاڵ) (کەماجەر)یم بۆ**
**چنار چوون عەرعەر سایە و سەریم بۆ**
**من (پیرو حاجی) و دەوروبەریم بۆ**
**چەمەی کێمنە چوون کەوسەریم بۆ**
**توخوا من ئەگەر هۆرامانم بۆ:**
**خاکەو مەشولەی شارانم پەی چیش**
**شارەک و پارک و پەیکانم پەی چیش**

بەهرامی لەم گۆرانییە درێژەدا بە ئاوازێکی تازەی پڕ لە تاسە و تامەزرۆییەوە، ناوی زۆربەی چەم و کانی و شاخ و باخ و هەوارگە و نشینگەکان دەبات و دەڵێ: «من ئەگەر سێبەر و شنە و ئاو و بۆنو بەرامەی ئەو جێیانەم هەبێت: شارەک و پارک و پەیکانم بۆ چییە».

هەروەها گۆرانی «کۆسالان وەشەن» لە شیعری (سەیدی هۆرامی) و گوتنی (فەتحوڵڵای ئەمینی و عومەر باینگانی) کە هەر بە بەرزاییەکانی کەژی کۆسالانەوە گوتراوە و بە وێنەوە تۆمارکراوە، یەکێکی دیکەیە لەو گۆرانییانە:

**کوسالان وەشەن، کوسالان وەشەن**
**میرزام، سەیری هەرد، کوسالان وەشەن**
**تەماشای جەرگەی گولالان وەشەن**
**سەیری سەربەرزان (عەودالان) وەشەن**
**پەی لانساران، خاڵخاڵش وەشەن**
**وەرواوی شیرین، لاپاڵش وەشەن**

لە بەرهەمە دیارەکانی دیکەی ئەم قۆناغە: (هۆرامان و گوڵ و بلبل، هەیشوور و شەوبۆ، هۆرامانی عیشق.... و چەند بەرهەمێکی دیکەن) کە هەریەک لەو بەرهەمانە لە دوو کاسێتی ڤیدیۆدایە و گۆرانیبێژەکانی هۆرامانی ئەودیو پێکەوە گۆرانییەکانیان چڕیون.

شایانی باسکردنە بێجگە لەم گۆرانییانەی من باسم کردن، دەیان ئاواز و سەدان بەیتە شیعری دیکە لە کۆن و نوێدا بۆ هۆرامانی زێد گوتراون، عیشقی خاک و جوانییەکانی سروشتی هۆرامان، لە گۆرانی هۆرامیدا هێندە قووڵ و فرەوانە، لە بەرهەمی هەموو نەوەکانی گۆرانیبێژانی هۆرامانَدا ڕەنگی داوەتەوە، مەحاڵە گۆرانیبێژێکی هۆرامی هەڵکەوێت و جیلوەی ئەو عیشقە لە بەرهەمیدا دەرنەکەوێت. (٥).

تەنانەت لە هەندێ لەو گۆرانییانەشدا کە بۆ ژن و تایبەتمەندییەکانی ژیانی ژنی هۆرامان گوتراون، جوانی و تایبەتمەندییەکان ئاوێتەی جوانییە سروشتییەکانی خاکی هۆرامان کراون، واتە لە زۆر گۆرانییدا ژنیش وەک بوونەوەرێکی پەیوەست بە جوانییە سروشتییەکانەوە لێی ڕوانراوە، وەک چۆن (مەولەوی)یش هەمیشە لە ئاوێنەی سروشت و جوانییەکانیدا سیمای یاری دەبینی:

**هەر ماهێ نەو بۆ، حاڵم پەشێوەن**
**چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن...**
**گیج (سەرکاوان) جە سەردی بێن کەیل**
**بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل**

لە گۆرانی هۆرامیشدا:

**سوور هەڵالەی سوور، شەوبۆ، بۆژانە**
**(ئازیز) بە سەوقات پەیما کیانە**
**(دەرە هەرات) مدیۆ (هانە ژەرەژن)**
**گرکەس مزانۆ دڵسوز و وێش کێن!**
**دیدەم (سۆسەنخاڵ) کەوە مەپۆشە**
**بلمێ (دەرە)رە چنمێ (وەنۆشە)**
**ئا (کەلە بەرزە) ئۆدێش (تۆنی)**
**(سیا ڕیحانەکە) و (دەرەو لهۆن)ی**
**ئارۆ ئامانی گۆشەو (باخ)یتا**
**فرە دیانی پەی دەماخیتا..**
**(پاییز) ئامانۆ، (هەواران) بێن چۆڵ**
**بی (تۆ) وەش نیا (دەرەو چەم و دۆڵ)...**

**بەر لە کۆتایی:**

پاش هەموو ئەمانە، ئەوەی پێویست بێت لەم قۆناغەی ژیانی هۆرامانَدا بگوترێت ئەوەیە: هۆرامانی دوای ئاوارەیی و وێرانەیی و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، گوێی لە بەزمی تازەی ئەو دەنگە نابێتەوە کە هەتا هەتایە لەنێو پەڕەی گوڵەکان و قاسپەی کەوەکان و هاژەی چەمەکانیدا حەشاری داوە، گەرووی عوسمان کێمنەیی لە کاتێکدا زامدار دەبێت و بێ چارەسەر دەمێنێتەوە و لە چڕین دەکەوێت، بێجگە لەوەی هۆرامان تاڕادەیەک ڕووی لە گەڕانەوە و ئاوەدانییە، مەودای بەکارهێنانی ئامێر و هۆکاری پێشکەوتووی تۆمارکردن و وێنەگرتنیش فرەوانتر بووە و کەشوهەوای خزمەتکردنی هونەر و هونەرمەندانیش- گوایە- لە بارتر بووە.

ئەگەر ئەو دەنگە بەو بەرزاییانەوە نەوەستایە، بێ

گومان لەم قۆناغە نوێیەی ژیانی هۆراماندا بەرزتر دەبۆوە و بە (یادی ساڵان)ەوە، چەندین بەرهەمی دیکەی تازە و ناوازەی دەکردە کاڵای باڵای هۆرامان و پاردەی پاراستنی ڕوحی هۆرامانی بەرزتر و قایمتر دەکرد، ئەگەرچی سیحری دەنگی ئەو وەهای کردبوو لە چاو گۆرانیبێژانی دیکەی هۆراماندا زوو دەنگوڕەنگی کەوتە سەر کاسێتی ڤیدیۆ، لە ڕۆژگارێکدا کە بەکاربردنی کامێرای ڤیدیۆ بەم شێوەیەی ئێستا ئازاد و ئاسان نەبوو، وەک دەزانین ئەو هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەنگوڕەنگی بەو ئامێرە گەیشت، ئەڵبەت لە مەودایەکی زۆر تەسکدا.(٦)

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە گۆرانی و دەنگی ئەو و هەندێ لە هاوڕێکانی، تازە بووە بە ئەفسانە، ئەفسانەی گێڕانەوەی جوانییە ئەفسووناوییەکان، دیارە ئەفسانەش سنگاوسنگ و دەماودەم هەر دەپارێزرێت... هەروەک جێگەی دڵخۆشیشە کە بە هیممەتی هونەرمەند (دڵسۆز)ی کوڕی و هەندێ لە دۆستان و هۆگرانی دەنگی، ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆرانییەکانی عوسمان لەم دواییانەدا بە دەنگی جارانی و وێنەی خۆی و دیمەنەکانی ئێستای هۆرامانەوە تۆمار کراونەتەوە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین، هاوڕێیانی عوسمانیش – ئەوانەی ببوونە میراتگری نەوەی پێش خۆیان و پەرژینی باخی سیاچەمانە و بەزمە ڕەسەنەکانی پێشینان و داهێنەری چەندین بەزم و ئاوازی ڕەسەنی دی، بەتایبەت (حەمەحسێن و جەمیل و شەفیع کێمنەیی و جەهانبەخشی غەفووری و فەتحوڵڵای ئەمینی و..) – بارگەوبنەیان بەرەو زستانی تەمەن تێکناوە، زستانێک کە بەهاری بە دوادا نایە.

لێرەدا دەبێ بپرسین: ئایا نەوەی ئێستای گۆرانیبێژان تا چەند دەتوانێت ئەو وەجاخی ئەوان بە ڕۆشنایی خۆیەوە بهێڵێتەوە؟ ئایا ئەوانیش دەتوانن ببنە ئاوێنەیەکی ڕوونی جوانییەکانی هۆرامان؟ دەتوانن دەنگیان بکەنە پەرژینی ڕوحی زیندوویەتی زێدەکەیان؟! دەتوانن لەگەڵ نوێگەری وگۆڕانی فۆرمی تۆمارکردندا بۆنو بەرامەی دەڤەرەکە و ڕوحی ڕەسەنێتی بپارێزن؟!

– وەک پێشتریش چەند نووسەرێکی هونەردۆستی هۆرامان ئاماژەیان پێکردووە– بەداخەوە – لەنێو نەوەی ئێستادا لەسەر دەستی چەند کەسێکی نائاشنا بە گەورەیی و ڕەسەنێتی و تایبەتمەندیی گۆرانی هۆرامی و بەلاسایی کردنەوەی ئاوازی نامۆ، یان بە داتاشینی هەندێ (زڕەبەزم) و شێواندنی شیعر و ئاوازی هەندێکی دی، جاروبار جەستەی هونەر بریندار و ڕوحی عوسمان و (مەجنوون کێمنەیی) و ڕوحی هونەرمەندانی کۆچکردوو (ڕەشە غوڵام) و (ئەحمەدی نازاریی) و چەندین گۆرانیبێژی دی ئازار دەدەن.

**لە کۆتاییدا:**

هیوادارم توانیبێتم بەم نووسینە، مەبەستەکەم دەرببڕم و ڕازی ئەم ئەڤین و عیشقە قووڵە بگێڕمەوە، کە کورتەکەی ئەوە بووە: هۆرامان – وەک خاک و مەفتەن – لەنێو گۆرانی هۆرامیدا هەمیشە وێنەیەکی زیندووی هەبووە لە هەموو قۆناغەکاندا، لە هیچ کاتێکدا گۆرانی هۆرامی لەو وێنەیە خاڵی نەبووە، لە دووری و ئاوارەییشدا هۆرامان – لە سایەی گۆرانییەوە – لە چاو و دڵ و ڕوحەوە نزیک و نزیکتر بووە، تەنانەت لای ژمارەیەکی بەرچاو لە هۆرامییەکانی هەندەرانیش.

بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە گۆرانی هۆرامی، سێبەری بەسەر هەموو جوانییەکان و خەمە مرۆییەکانی خەڵکی هۆراماندا کردووە و چووەتە نێو هەموو کایەکانی ژیانەوە و توانیویەتی هەموو کات- بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئافات و کارەساتدا- کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر پاراستنی زیندوویەتی ڕوحی هۆرامان هەبێت، ئەمەش بۆ نەتەوەکەمان و هونەرە ڕەسەنەکەی سەرمایە و سەروەرییەکی دیکەیە.

**تێبینی:**

**یەکەم:** ئەو شیعرانەی لەم بابەتەدا نووسراون، بێجگە لە شیعری شاعیرە گەورە و ناسراوەکان، ئەوانی دی هەندێکیان هی گۆرانیبێژەکان، یان دۆستانی ئەوان، یان هی گۆرانیبێژانی نەوەی پێش ئەوانن، هەروەها لە گۆرانی هۆرامیدا مەرج نییە دێڕێک، یان شیعرێک هەر یەکجار و تەنیا لە یەک گۆرانیدا گوترابێت، یان مەرج نییە یەک شیعری شاعیرێکی وەک (مەولەوی، یان سەیدی و بێسارانی) هەمووی کرابێت بە یەک گۆرانی، لە گۆرانی هۆرامیدا لەو جۆرە گۆرانیانە زۆرن کە شیعرەکەیان تێکەڵەیەکە لە فۆلکلۆر و شیعری شاعیران و شیعری تازەدانراو، لە ڕووی ئاوازیشەوە دەبێت ئەوە بڵێین، بەزم و ئاوازی وا هەیە دەماودەم بە نەوەی عوسمان و هاوڕێیانی گەیشتووە، یان یەکێک لەم نەوەیە

دایناوە و خاوەنیەتی، بەڵام چەندین جار و چەندین گۆرانبیژی دی گوتوویانەتەوە، هەروەها هەموو ئەو گۆرانییانەی بۆ جوانییە سروشتییەکان، یان بۆ خەم و کۆستەکانی هۆرامان گوتراون و لەم نووسینەدا ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کرد، ئاوازیان ئاوازی گۆرانی خاو، یان سیاچەمانەیە.

**دووەم:** سەرجەم ئەو گۆرانییانەی کە ناوم بردوون، یان کۆپلەم لێ ڕاگواستوون لەسەر نەوار و سیدی بیستوومن، چەند کۆپلەیەک نەبێ لە کتێبەوە وەرگیراون کە ئاماژەم بە سەرچاوەکەیان کردووە.

**سێیەم:** لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە بە پێویستم نەزانی زانیاری لەبارەی ناوی شاخ و باخ و هەوارگە و نشینگەکانەوە تۆمار بکەم، بەڵام ناوی هەموویانم لەگەڵ زۆر ناوی دیکەدا خستووەتە نێو کەوانەوە. گرنگ ئەوەیە ڕوون بێت ئەو ناوانە چ ڕووبەرێکیان لە گۆرانییەکاندا داپۆشیوە.

**ژێدەر:**

**(١) بەپێی هەندێک پۆلێنکردن، وەک پۆلێنکردنەکەی کتێبی «دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی» مامۆستا مەحموود زامدار ١٩٨٠"، دەشێ ئەم جۆرە گۆرانییە بچێتە خانەی گۆرانی خاک، یان گۆرانی بۆ نیشتمان، ئەڵبەت نەک وەک ئەو جۆرە گۆرانی، یان سروودەی کە حەماسەت خوڵقێنەریەتی و دواییش حەماسەت دەخوڵقێنێت، بەڵکو ئەم جۆرە گۆرانییە لە زەریای عیشقەوە سەرچاوەی گرتووە و دواییش ڕەگوریشەی نەمامی (عیشق بۆ خاک و زێد) لە دەروونداتێرئاو دەکات.**

**(٢) بۆ زێتر ئاگاداربوون لە ژیاننامەی عوسمان کێمنەیی و گۆرانیبێژانی دیکەی هۆرامان و ئەو گۆرانیبێژانەی لەم نووسینەدا ناویان هاتووە، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:**

**- جەلیل عەباسی (قەقنەس)/ هۆرامان و هونەر/٢٠٠٧بەرگی/ ١(کۆمەڵێ چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندانی هۆرامان).**

**- ئەیووب ڕۆستەم/میژووی هۆرامان بەرگی/ا /.**

**- ئەیووب ڕۆستەم/سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هۆرامان/٢٠٠٧.**

**- عەبدولرەزاق عەبدولرەحمان/سەربوردێکی هۆرامان و سەردانێکی تەوێڵە/٢٠٠٥.**

**(٣) بڕوانە چاوپێکەوتنی جەلیل عەباسی لەگەڵ ناوبراو/ هۆرامان و هونەر.**

**(٤) بڕوانە چاوپێکەوتنی جەلیل عەباسی لەگەڵ ناوبراو/ هەمان سەرچاوە.**

**(٥) بێ گومان ئێستا ناتوانین ناوی هەموو گۆرانییەکان و گۆرانیبێژەکانیان بەرین، لە داهاتوودا قووڵتر و فرەوانتر دەچینەوە نێو ئەم بابەتە.**

**(٦) بێجگە لە دوو گۆرانی کە لەگەڵ (تیپی موزیکی شنروێ)دا بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکووکی تۆمارکردوون، لە هەڵەبجە و دەوروبەری و لە بۆنەیەکدا لە قەرەداغ و لە چەند شوێنێکی دی، بە شێوەیەکی سادە و ساکار چەند گۆرانییەکی بە دەنگوڕەنگەوە تۆمار کراون.**

# ئەدۆنیس
# ئەفسوونکاری وشەکان

**هاشم سەڕاج**

**(١ - ٢)**

کتێبی «ئەدۆنیس ئەفسوونکاری وشەکان» بریتییە لە کۆمەڵێک گفتوگۆی ئەدەبی و فیکری کە لەلایەن چەند ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەوانێکەوە لەگەڵ «ئەدۆنیس» ساز دراون و لە چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتی ئەلکترۆنیدا پەخش و بڵاوکراونەتەوە، «عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا» گفتوگۆکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە دوو پێشەکی تێروتەسەلیش لە جیهانی شیعری و تیۆریزە هزری و ڕەخنەییەکانی ئەدۆنیس دواوە، سەرجەم بابەتەکانی ئەم کتێبە بە دیمانەکەی «کچەکەی ئەدۆنیس» و نامەکەی «بەدر شاکر ئەلسەیاب»ەوە وەک فەهرەستی ناوەرۆکی کتێب لە چواردە بەش پێکهاتووە، لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدەم زۆرترین زانیاری شیعری و ڕەخنەیی و هزرییەکانی ئەدۆنیس دیاری بکەم و هەر بابەتێکیش بموروژێنێت قسەی لە بارەوە دەکەم و بیروبۆچوونە ئەدەبییەکانم دەردەبڕم. وەرگێڕی کوردی لە پێشەکی یەکەمدا بەناوی [ئەدۆنیس پەنجا ساڵ لە ململانێی داهێناندا] پێی وایە ئەدۆنیس [لە بواری فیکر و ڕەخنەدا توانیویەتی بنیادی قووڵی ڕۆشنبیری عەرەبی کەشف بکات و ئەو پێوەندییە ناوەکییانە بخوێنێتەوە کە بنەڕەتێک بۆ سیستمی ڕۆشنبیری دەسازێنێت]..




یان بەشێوەیەکی تر گوزارە لە کێشەی بنیادی قووڵی ڕۆشنبیری دەکات و وای بۆ دەچێت کە ئەدۆنیس توانیویەتی [مانا و دەلالەتە چەپێنراو و قەدەغەکراوەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو] لە بابەتێکی تردا ئاماژە بەو ڕەخنانە دەدا کە ڕووبەڕووی ئەدۆنیس دەکرێنەوە گوایە [زمانی شیعری و زمانی ڕەخنەیی تێکەڵ بە یەکتر دەکات و بەردەوام ناونانی چەمکەکان دەگۆڕێت]، ئەم حاڵەتی ئاوێتەکردنی زمان و گۆڕانکارییە، پێوەندی بە دید و بۆچوون و کاریگەرییەکانی [هیراکلیتس]ەوە هەیە، ئەدۆنیس هەمیشە لە چەمکی گۆڕانکارییەوە بۆ چەمکی پرۆسەی ناولێنان و دیاردە و ڕووداو و شتگەلەکان دەڕوانێت و لە هەمان ڕوانگەشەوە خوێندنەوەی بۆ تێکستە دێرینەکانی ئەدەبی عەرەبی ئەنجام داوە و توخم و ڕەگەزە دینامیکییە زیندووەکانی نێو پانتایی هەمان کولتووری دیاری کردووە، وەرگێڕی کوردی لە

بابەتێکی تردا چەمکی تازەگەری لای ئەدۆنیس بە تێکشکان و هەڵوەشانەوە و ترازان و دەرچوون لە ڕۆشنبیری باو و تێکستی بنەڕەت و تێکەڵ بوون بە ڕەهەندە مەعریفییە جۆراوجۆرەکان و نهێنییەکانی جیهان پەیوەست دەکات، بەڵام ئەوەی هەست دەکرێت زۆرێک لە تێکستەکانی ئەدۆنیس لە ڕووی ناوونیشان و هێما جۆراوجۆرەکانەوە هەڵگری ئەتمۆسفێر و دەلالەتگەلێکی «قورئان»ین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەدۆنیس هەوڵی داوە، چوارچێوە داخراوەکانی کەلەپووری باوی عەرەبی تێکبشکێنیت، هاوکات سوودێکی زۆریش لەلایەنە دەلالی و ئیستێتیکی و ئەتمۆسفێرییەکانی قورئانی پیرۆز وەربگرێت، هاوکات ڕیتمە غەمگین و پڕ هەستە ئەنتۆلۆژییەکانی قورئان وەک گوتارێکی ڕوحی و میتافیزیکی ئاوێتەی زەین و دڵ و گیانی کراوە، وێڕای ئەمەش ئەدۆنیس لە ڕووی دارشتن و دابەشکردنی فەزای تێکست بۆ چەند بەش و پەراوێز و ئەتمۆسفێرێکی پۆلیفۆنی، سوودی لە فۆرم و شێوازی کتێبە دێرینەکان وەرگرتووە وەک ئەو دابەشکردنە پەرەگرافییەی لە دەقی «شمس المعارف الکبری»دا بەرچاو دەکەوێت کە کتێبێکی جادووییە و باس لە جۆرەکانی ئەفسوونی ڕەش و سوور.. دەکات، ئەم فۆرمی نووسینە لە ئەزموونی دیوانی [الکتاب أمس المکان الان]ی ئەدۆنیسدا لە ڕووی دابەشکردنی فۆرمییەوە ڕەنگی داوەتەوە، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکی دووەمدا بەنێوی لە بری پێشەکی بەڕستەیەکی چڕوتۆکمە ئاماژە بەجیهانی شیعری و تیۆریزە هزری و ڕەخنەییەکانی ئەدۆنیس دەدات و دەڵێت [هیچ شاعیرێکی داهێنەر لەدنیادا نییە، تیۆریزەگەرێکی گەورە نەبێت] هەڵبەتە ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییە سەبارەت بە جیهانە شیعری و تیۆریزەییە ئاڵۆزکاو و جوانەکەی ئەدۆنیس سەد دەر سەد ڕاست و دروستە، چونکە ئەدۆنیس هەمیشە کانزا دەگمەنەکانی هزر لەنێو کوورەی ئیستێتیکای تۆڕەکانی زماندا دەتوێنێتەوە و هەوڵیش دەدات بە فۆرم و ستایل و ڕیتم و دنیابینی نوێتر و جیاوازتر تێکستەکانی پێشتری تێپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا تیۆریزەکانی لەگەڵ گۆڕانکارییە هەمیشەییەکانی بواری هزر و زانستی زمان و میتودە ڕەخنەییەکان بەشێوەیەکی هەماهەنگی ڕێ دەکات، پاشان وەرگێڕی کوردی لە ڕوانگەی گوفتارێکی «هایدیگەر»ەوە دنیای ئەدۆنیس هەڵدەسەنگێنێت، کە دەڵێت «دەق بەشداری کردنە لە ژیان و ئەزموونێکی وجوودییە، چوارچێوەی خود و بابەت تێدەپەڕێنێت».. دەکرێ کرۆکی ئەم ڕستە هایدیگەرییە بەم شێوەیە شیکار بکەین کە تێکستی کراوە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەی خەتەرناکە و هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ماناکانی بوون و چارەنووسی مرۆڤدا دەگەڕێت و بەچرکە چێژبەخش و هەست و نیگەرانییە ئەنتۆلۆژییەکانی هەمیشە لە کانگای زیندەگیدا بوونی خۆی ئاشکرا دەکات و هاوکات دەخزێتە نێو بوارە جیاجیاکانی چالاکییەکانی مرۆڤ، لێرەدا وەرگێڕی کوردی دەیەوێت لە هەمان دیدی هایدیگەرەوە کۆمارێکی ئەنتۆلۆژی دیاری بکات کە تێیدا ئەدۆنیس و کۆمەڵێک داهێنەری تری وەک ئیلیەت و ئەزرا پاوەند و بۆدلێر و... تا دەگاتە نفەری و مەعەری... بەشداری لە چالاکییە هزری و شیعرییە ئیستێتیکییەکانی ژیاندا دەکەن.. دواتر بەشێوەیەکی تر هەمان حاڵەت دەخاتە ڕوو و دەڵێت [هەمیشە لەپشت هەموو داهێنانێکی گەورەوە، فیکر و دنیابینییەکی نوێ و چەمک و شێوازی دەربڕینێکی جیاواز و ئازادی بیرکردنەوە و خەیاڵی بەرفرەوان و دیدێکی دیکەی جوانکاری دەبینرێت، کە لەگەڵ کۆن جیا دەکەوێتەوە] پاشان وەرگێڕی کوردی لە ڕوانگەی دەربڕینێکی «گادامێر»ەوە پێوەندییەکانی بوونی مرۆڤ بە فیکر و مەعریفە و جیهانبینی سەردەم و کەلەپوورەوە پەیوەست دەکات، گادامێر دەڵێت «وجوودی مرۆیی لە یەک کاتدا مێژوویی و هاوچەرخیشە» مەبەستی سەرەکی وەرگێڕ لێرەدا بەرپاکردنی گفتوگۆ و دیالۆگە لەگەڵ توخمە شاراوەکانی نێو ماسکەکانی مێژوو، واتە بە تێگەیشتنێکی هەنووکەیی دیالۆگ لەگەڵ جەستەی مێژوو بسازێنین و توخمە درەوشاوە و جوانەکانی کەلەپوور دیاری بکەین و لایەنە ئایدیۆلۆژییەکان وەلاوە نێین، دواتر لە جووڵەی فیکری زیندوو و لایەنە درەوشاوەکانی کولتوور دەدوێت و پێی وایە [لە پشت هەموو دەقێکی داهێنەرانەوە کۆمەڵێک خەیاڵ و بیرکردنەوەی مەعریفی و فەلسەفی وجوودی هەیە و زیندووێتی خۆیان لەنێو ئەو دارشتنە نوێیەدا دووبارە بە چەمک و شێوە و جوانکاری و ڕەهەندی فەلسەفی و فیکری دیکەی جیاوازەوە دەخەنە ڕوو] ئەم دەربڕینە لەلایەک ئاماژەیەکی شاراوە بە بزاڤی دەقئاوێزانی دەدات لەلایەکی دیکەوە لەو تێکستە کراوانە دەدوێت کە

هەڵگری باکگراوندێکی مەعریفین، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی ئەو نووسینە چوارچێوەدارانەی نێو کولتوور دیاری دەکات کە مانەندی دەقێکی مردوو پرۆسەی ڕاڤە و بیرکردنەوە ڕادەگرن.

دواتر بە دەربڕینێکی ئەدۆنیس گوزارە لە دنیای جوانی داهێنان و کرانەوەی زەینی و ئازادی بیرکردنەوە و ڕەتکردنی میراتی ئایدیۆلۆژی و ڕوانینی تاکڕەهەندانە لە جیهان و بوونەوەر و شتگەلەکان دەکات. (کەلەپوری عەرەبی تاڕادەیەکی زۆر کەلەپورێکی ئایدیۆلۆژییە، بۆیە تازەگەری بەگشتی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا کزە، چونکە تازەگەری و ئیبداع بەبێ ئازادی بیرکردنەوە و گفتوگۆی مەعریفی و بیروڕای جیاواز دەستەبەر ناکرێت]، سەبارەت بە پرسی تازەگەری چییە؟ وەرگێڕی کوردی بەشێکی ئیشکالیەتی کێشەی تازەگەری لە خودی زماندا دەدۆزێتەوە و لەڕوانگەی ئەم ڕستەیەی «هایدیگەر»ەوە لە چەمکی زمان دەڕوانێت کە دەڵێت [زمان نێوەندیاری جیهان و مرۆڤ نییە، زمان دەرکەوتن و ئاشکرابوونی جیهانە پاش شاردنەوەی] بەشەکانی تری ئیشکالیەتی تازەگەری بەپێی بۆچوونێکی ئەدۆنیس سەبارەت بە شیعری عەرەبی دەستنیشان دەکرێن، ئەدۆنیس سێ خاڵی گرنگ دەخاتە ڕوو.

١- پێی وایە تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی دەکەوێتە پێش تازەکردنەوەی شیعری خۆرئاواییەوە، لێرەدا جەخت لەسەر هەوڵەکانی «ئەبونەواس» دەکات کە توانی چەمکی شارنشینی لە بری سارانشینی بێنێتە نێو شیعری عەرەبییەوە، هەروەها شێوەی تەعبیرکردنی کۆن بگۆڕێ و شێوەیەکی دیکەی جیاواز بهێنێتە ناوەوە، چ لە ڕووی داڕشتن، چ لە ڕووی زمانەوە.

٢- پێویستە شاعیرانی تازەگەری عەرەبی ئیستێتیکایەکی شیعری نوێ بخوڵقێنن، جیاواز لە مێژووی جوانکارییەکانی شیعری دێرینی عەرەبی، چونکە تازەگەری [پێویستە لە ڕووی هونەری و لە ڕووی جوانکارییەوە، ئاستی زمان و چەمک و شێوازی تەعبیرکردنی تێدا بەرز ڕابگیرێت].

٣- تازەگەری پێوەندی بە گۆڕینی چەمک و مانا و جیهانبینییەوە هەیە، چونکە [داهێنان ئەو تەعبیرە گەورە و ئەو فەزا کراوە و قووڵەیە کە بەردەوام ناسنامەی خۆی بە ڕووی هەموو دنیادا والا دەکات]... وەرگێڕی کوردی لە بارەی خوێنەری شیعر و قەیرانی خوێندنەوە بەم شێوەیە پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر پێناسە دەکات [هەرگیز شیعری داهێنەرانە بۆ دڵنیاکردنەوەی بیروباوەڕ، بۆ چێژوخرۆشی باو خۆی ناخاتەڕوو، بەڵکو ئەوەیە کە خوێنەر بخاتە گومان و دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمانەوە نەک دڵنیابوون]، یان دەڵێت: [شیعر ئەوەیە کە خوێنەر بەرەو فەزایەکی دیکە لەبیرکردنەوە و هەستکردن بەرێت]، واتە شیعر کەرنەڤاڵێکە لە ڕیتمەکانی زمان و پشکۆکانی هەست و تیشکەکانی جیهانبینی و پڕشنگەکانی ئیستێتیک و ترازانی ناوکۆییەکانی زمان، خوێنەر بە شەپۆلگەلێک لە پرسیار و گومان و نیگەرانی سەرسام و سەراسیمە دەکات، یان شیعر گۆرانییەکی ئەنتۆلۆژییە، بەزمانێکی ئاوێتە و ڕوحێکی مەبەست و ئاوازگەلێکی جیاواز دەچڕدرێ، ڕاستە [ڕێبازەکان بەهای شیعری بە شیعر نابەخشن]، بەڵام ڕەنگە دنیای شیعر بە کۆمەڵێک کەرستە و ئامرازی هونەری و شێوازی دەربڕین دەوڵەمەند بکەن، وەک ئەو بنەما هونەرییانەی هەریەک لە ڕێبازەکانی دادا و سوریال و سیمبۆلیستەکان.. تاد. لە ڕووی داڕشتن و ستایلەوە خستیانەڕوو.

هەر لە بارەی خوێنەری شیعر، گوفتارێکی ئەدۆنیس دێنێتەوە کە دەربارەی خوێنەرانی «نزار قەبانی» دەڵێت: [خوێنەرانی نزار بۆ ئەوە نزار ناخوێننەوە جوانییەکانی کەشف بکەن، ئاستی زمانی شیعری و دەستەواژە و شێوازی دەربڕینی دیاری بکەن، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە دەیانەوێت، بەدوای ئەوەی کە دڵنیاییان پێ دەبەخشێت] لە بابەتێکی دیکەدا لەلایەنی تێگەیشتن و هۆشمەندی شاعیری داهێنەر دەدوێت و ئاماژە بەڕستەیەکی «هایدیگەر» دەدا کە دەڵێت: [بوونی مرۆڤ لە جیهاندا لەیەک کاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامی تێگەیشتنە لە دیاردەکان و تێگەیشتنە لەبوون] دەڵێت مرۆڤی داهێنەر لە داهێنانەوە خۆی بەرجەستە دەکات، کاتێک هەست دەکات ئەوەی دەینووسێت جۆرێکە لە پاشەکشەکردن، پێویستە بە خۆیدا بچێتەوە، کاتێکیش هەستی کرد لە ناسنامەی شیعری خۆی دەرچووە، ئیتر دەبێت بوەستێت.. واتە هەر ڕۆشنبیرییەک نەتوانێت پرسیاری نوێ بخاتەوە، ڕۆشنبیرییەکی بێ بیرکردنەوەیە. دواتر هەمان بابەتی ڕۆشنبیری و داهێنان بە خۆرئاوا و خۆرهەڵات دەبەستێتەوە و دەڵێت: خۆرئاوا نەک بە ژیان، بەڵکو وەک فیکر و داهێنانیش بە پرسیار و داهاتووەوە بەندە، دەیەوێت لە

ڕێگەی نادیارەوە داهاتوو کۆنترۆڵ بکات، بەڵام خۆرهەڵات بەردەوام لەگەڕانەوەدایە، هەمیشە خەریکی دارشتنەوەی بیرکردنەوە کۆنەکانە.. خۆرهەڵات ڕابردووپەرستە، بەڵام خۆرئاوا بیر لە داهاتوو دەکاتەوە.

لە بابەتێکی تردا لە وێنەکانی داهێنەر و چەمکی کۆتاییەکان دەکۆڵێتەوە، دەستەواژەیەک لە کتێبی «سیستم و قسەکردن»ی ئەدۆنیس بە نموونە دێنێتەوە کە دەڵێت [فیکری ڕاستەقینە دەسەڵاتی خۆش ناوێت] هەڵبەتە تارمایی دەسەڵات لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا خۆی مەڵاس داوە و لە پڕ دەردەکەوێت و دەیەوێت حەز و ئارەزوو و ئازادییەکانی تاک بە کۆمەڵێک ڕێسا و ئامرازگەلی ترادیسیۆنی کۆنترۆڵ بکات، بۆیە ڕوحی داهێنان هەمیشە هەوڵی تێکشکاندنی دەسەڵاتگەلەکان دەدا. ئنجا وەرگێڕی کوردی لە بابەتێکی تردا دەیەوێ لە ڕێگەی بیروبۆچوونی کۆمەڵێک بیرمەندەوە پێوەندی نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵات بخاتەڕوو و پێی وایە [هەر ڕۆشنبیرییەک لەسەر وەڵام ڕاست بێتەوە و بەردەوام شانازی بە ڕابردووەوە بکات، هەر ڕۆشنبیرییەک لەسەر شێوە باوەکان بۆ دووبارە بەرجەستەبوون، خۆی ڕاڤە کردەوە، ڕۆشنبیرییەکە هەر تەنیا دەلالەت لە دواکەوتنی فیکر ناکات، بەڵکو بە دیوەکەی دیکەدا تەعبیر لە گەندەڵی کۆمەڵگەش دەکات].. چونکە ڕۆشنبیری باو هەمیشە دژی ئازادییەکانی تاک و جیاوازییەکان دەوەستێت و دیالۆگ و پرسیارکردن قبووڵ ناکات، [ڕۆشنبیرییەکە بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی بەسەر شتەکاندا بسەپێنێت، ئازادییەکان ڕەش بکاتەوە و جیاوازییەکان لەناو ببات]، دواتر بۆ ئەوەی پێناسێک بە وێنەی داهێنەر/ ڕۆشنبیر ببەخشێت، لە فەزای ڕۆمانی «کچەی پرتەقاڵ»ی «گاردەر» و لە شێوازی گێڕانەوە ئیستێتیکی و مەعریفییەکەیدا ڕۆڵی باوک و کوڕ دیاری دەکات، ئنجا لە خستنەڕووی چەمکی ڕۆشنبیر/ داهێنەر و پێوەندی بە دەسەڵاتەوە، گفتوگۆی گوفتارەکانی هەریەک لە «گرامشی» و «جۆلیان بیندا» و «ڕیژێ دۆبرێ» و «جۆرج بالاندێ» و «میلز» و «ئیدوارد سەعید» دەکات، پاشان لە ئیشکالییەتەکەی ئیدوارد سەعید دەکۆڵێتەوە، کە [لەنێوان ئەو دوو وێنەیەی «جۆلیان بیندا» و «گرامشی» لەنێوان ڕۆشنبیری یۆتۆپی و ڕۆشنبیری ئۆرگانیدا ئیشکالیەتێک دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە چۆن ڕۆشنبیر بتوانێت لەیەک کاتدا پارێزگاری لەسەربەخۆیی و ئەکتیڤی خۆی بکات، بێ ئەوەی بکەوێتە ئەو دوو بازنە ناوبراوەی سەرەوە] لە کۆتاییدا سەبارەت بە چەمکی ڕۆشنبیری ئەم پێناسە دەخاتەڕوو [ڕۆشنبیر مرۆڤێکە هەموو بوونی خۆی بە هەستێکی ڕەخنەگرانەوە بارمتە دەکات، کەسێکە هەمیشە بەرانبەر بارودۆخەکان نارازییە تەنیا داهێنان نەبێت، بەم جۆرە چەمکی ڕۆشنبیر/ داهێنان لەیەکدا کۆ دەبنەوە]. لە بابەتێکی تردا لە ڕوانگەی کتێبی «باسی کۆتاییەکان- دەستبەسەرداگرتنی بەجیهانیبوون و تەلەزگەی پێناسە»وە چەمکی کۆتاییەکان شیکار دەکات و بەهێز و کاریگەرییە فیکرییە هەنووکەییەکانی دەبەستێتەوە، نەخاسمە ئێستا [ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی بوونەوەڕێکداین کە لە ڕێگەی شۆڕشی بەیەکگەیشتن و بۆمبی زانیارییەکان دەمانخاتە سەر ئاستی گۆڕانە گەورەکانەوە]، واتە لەگەڵ بەرپابوونی گۆڕانکارییە زانیارییەکان و سەقامگیربوونی سەردەمی کۆتاییەکان جۆر و شێوەی بوون و شوناس و شتگەلەکان گۆڕانکارییان بەسەرا دێت، وەرگێڕی کوردی ئاماژە بە گوفتارەکەی «هۆبزباوم» دەدات کە دەڵێت دوای بانگەشەکردنی گوتەزا بەناوبانگەکەی «فوکۆیاما» ئیتر بە تەواوی کەوتینە نێو سەردەمی کۆتاییەکانەوە، هەروەها «پۆل ڤیریلیۆ» کۆتایی جوگرافیای ڕاگەیاند، «ڕۆلان بارت» مەرگی نووسەر، پێشتریش «نیتشە»ش مەرگی خوداوەندی بەیان کرد، تا گەیشتە ئەوەی «فووکۆ» مەرگی خودی مرۆڤی هێنا بەرهەم، [بەو مانایە هەست دەکەین کە فیکری خۆرئاوایی بەرەو دابڕانی پێوەندییەکان هەنگاو دەنێت، ئەو دابڕان و پچڕانە بەرەو بواری نوێ و دەست پێکردنی دیکەی نوێمان دەکاتەوە، بەرەو بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ و جیاواز] دواجار کۆتاییەکان بوو بەکایە و بوارێکی مەعریفی، واتە دوای دابڕان و داپچڕانی پێوەندییەکان زەمینەیەکی لەباری مەعریفی خۆشکرا بۆ ئەنجامدانی بانگەشەکان، وەک بانگەشەی کۆتاییەکانی تازەگەری کە ناوونیشانی کتێبەکەی «گیانی ڤاتیمۆ» بوو، یان کاتێک «فیریلۆ» قسە لە کۆتاییەکانی جوگرافیا دەکات [بەرەو دنیایەکی دیجیتاڵی ڕێنماییمان دەکات کە ماوەکانی تێدا دێنەوەیەک لەژێر سێبەری جیهانگیریدا دنیا لە گوندێکی بچووکدا کورت دەکاتەوە، یان شاشەیەک کە هیچ بایەخ و مانایەک بۆ شوێن و زەمەن ناهێڵێتەوە]

دەکرێ بڵێین لەگەڵ بانگەشەی کۆتاییەکان سەردەمێکی تری مەعریفی و بیرکردنەوە و ڕاڤەگەلێکی تری جیاوازی مەعریفی هاتە ئاراوە، مەرگی نووسەر لەدایکبوونی دەق و خوێنەری هێنا کایەوە و فەزایەکی بەرفرەوانی بۆ گەمەی دەلالەتەکان ڕەخساند و دەریچەیەکی جیاوازی بۆ کردەکانی ڕەخنەی نوێ ئاوەڵا کرد، یان بە شێوەیەکی تر لەگەڵ هەوڵ و کۆششەکانی «نیتشە» و «فووکۆ» و دوای ڕاگەیاندنی مەرگی حیکایەتە گەورەکان مانایەکی نوێ بە دەق و مرۆڤ دەبەخشێنرێ و ماسکەکانی فیکری خۆرئاوایی هەڵدەوەشێتەوە و پەراوێزخراو و داپۆشراوەکان بە دیار دەکەون و سێنترالیزمی منی دیکارتی ڕوو لە هەڵوەشانەوە دەکات.

ئیتر لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم لەگەڵ جیهانی گفتوگۆکانی ئەدۆنیس تێکەڵ بم و بەشێک لە وەڵامی پرسیارەکان دیاری بکەم، جار جارەش لە بارەی هەندێ لە بۆچوونەکانی بدوێم، سەرەتا حەز دەکەم چەند برگەیەک لە دیمانەکەی «نینار ئەسبر»ی کچە شێوەکارەکەی ئەدۆنیس بخەمەڕوو کە لەگەڵ «ئەدۆنیس»ی باوک ئەنجامی داوە.

نینار لە گفتوگۆیەکی سەد پرسیاریدا بەدوای دەسەڵاتی ونبووی باوکیدا وێڵ و سەرگەردانە، ئەدۆنیس بە نیسبەت نینار باوک نییە، بەڵکو هاوڕێیە، نینار دەڵێت ئەم پرۆژەیە لەسەر ئارەزووی خۆم بوو، بۆ ئەوەی [لەگەڵ باوکمدا هەندێ بەیەکەوە بین، چونکە هەرکە دەمویست لەگەڵیدا کاتێک بەسەر بەرم، دیومە کە خەریکی نووسینە، یان بە تەلیفۆنەوە سەرقاڵە، یان شتی دیکە، پرسی کچ بۆ باوک هەندێ جار جێگەی نیگەرانییە، لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە بۆ یەکەم جار کەشفم کرد ئەو هاوڕێیە و باوک نییە، بەڵام من پێویستم بە دەسەڵاتی باوک هەیە.. هەر لەم دیمانە و کتێبەدا ئەدۆنیس بە نینار دەڵێت: حەز دەکەم ئیتر زۆرتر یەکتر ببینین بۆ ئەوەی زێتر شارەزای یەکتر بین، چونکە کاتی خۆی منیش لەبەر ئەوەی باوکم زوو وەفاتی کرد منی نەناسی، نینار دەڵێت لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەکانەوە تێگەیشتم کە من کێم و چۆن بیر دەکەمەوە. لە پرسیارێکدا ئەدۆنیس دەڵێت: من لە هەر کوێ بم شوێنێکم بۆ خۆم خەڵق کردووە، من هەمیشە دەڵێم نیشتمانم زمانمە، پێوەندی من بە دنیای زمانەوە بەهێزترە لە پێوەندیم بە شوێن و خەڵکەوە، نینار ئەسبر لە ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی بەناوی «شەوی یەکەم» لە دەزگای ئەلنەهار لە بەیرووت چاپ کردووە، نینار هونەرمەندی شێوەکارییە، ئێستا خۆی بۆ پێشانگایەک، بۆ هونەری پێکهاتەیی لە نیویۆرک ئامادە دەکات، هەروەها کۆمەڵێک فیلمی بەرهەم هێناوە، هەندێک لە کارەکانی ئێستا لە فیستیڤاڵی «کوتیەکور» لە پاریس پێشان دەدرێت. بابەتێکی تری ئەم کتێبە نامەیەکی «بەدر شاکر ئەلسەیاب»ە بۆ «ئەدۆنیس»ی ناردووە، نامەکە بارستاییەکە لە دڵەڕاوکێ، تێیدا بەدر داوا لە ئەدۆنیس دەکات چەند وشە و ڕستەگەلێک لە دەستنووسی قەسیدەکەی لابرێت و چەند وشە و ڕستگەلێکی تر بخرێتە شوێنی ئەوانەوە، ئەنجا لە گۆڤاری «ئاداب»ی ژمارەی شیعریدا بڵاوبکرێتەوە، ئەدۆنیس لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە زمان و دروستکردنی دابڕان.. بە ڕوانگەیەکی «سوسێر»ی لە دوالیزمی زار دەدوێت و جیاوازی لەنێوان گوتن و زمان دیاری دەکات، کە پێی وایە [زمان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام گوتن، یان «ئاخاوتن» موڵکی تایبەتە، قەسیدەش خۆی لەخۆیدا گوتنە... ئەگەر شاعیرێک گوتنی تایبەت بەخۆی نەبێت، ناتوانێت بڵێت شیعرم لایە] کەواتە شاعیر بەپێی ئەزموون و بەهرە و عیشق و هەستی جوانی و قووڵبوونەوەی لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی مەعریفی، دەتوانێت ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆی لە پانتایی بەرفرەوانی زار و زمان دیاری بکات، بەڵام ئەم دیاریکردنە ناکەوێتە خانەی پلانرێژی و عەقڵانی و بڕیاردانێکی زمانی، بەڵکو ئاخاوتنی تایبەتی لەخۆوە و لە ڕێگەی دەستپێشخەری ناوکۆیی و شێوازی و داڕژانی هەستی و ڕیتمی دەروونی و مەستی گیانییەوە دروست دەبێت، بۆیە هەست دەکەین خودی وشە لە پێوەندیگەلی تێکستی شیعریدا بە پرشنگگەلێکی بارگاوی کراوی دەدرەوشێتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئەدۆنیس پێی وایە [ناشێ زانستێک بۆ شیعر دامەزرێنین بەو مانایەی کە وشەی زانست دەینوێنێ، بە دەستەواژەیەکی دیکە ناتوانیت لە ڕێگەی زانستەوە لە شیعر نزیک بکەویتەوە، تا ڕادەیەک دەشێ ڕەخنەی شیعری زانستی بکەوێتەوە، چونکە ڕەخنە جۆرێکە لە تیۆریزەکردن] واتە ڕووی شیعر لەجیهانی بێ کۆتایی بابەتی جۆراوجۆر و شتگەلی جۆراوجۆر و بوونەوەر و ژیانی جۆراوجۆرە، ناکرێت نرخ و بەها ئیستێتیکییەکانی شیعر سەد دەر سەد هاوکێشە و پێوەری زانستیی بەسەردا پراکتیزە بکرێت، یان [لە

ڕێگەی زانستەوە لە شیعر نزیک بکەویتەوە]، چونکە شیعر هەمیشە بەخرۆشانی گیانی و هەڵچوونی ئیستێتیکی و چرکەکانی عیشق و هەستی ئەنتۆلۆژی و ڕوانینی زەینی تایبەتی گوزارە لە چالاکییەکانی جیهانێکی تایبەتی دەکات کە جیهانی شیعرە، بەڵام لە ڕووی پیشەیی و زانستی زمانەوە، دەکرێ مۆرکێکی زانستی لەمیانی فەزای تێکست و پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی زمانی دیاری بکرێت، بەتایبەتی ئەو پێوەندیگەلەی لەنێوان هاودژی و ناوکۆییە زمانییەکاندا بەدی دەکرێن، یان بەشێوەیەکی تر تێکست بۆ خۆی سیستمێکی زمانییە پڕاوپڕە لە پێوەندی هێمایی و دەلالی و جۆراوجۆر، جا ڕەخنە دەتوانێت لە ڕووی زانستە جیاجیاکانەوە لە سیستمی جیاوازی تێکست بڕوانێت و میتودێکی زانستی وەک میتودی سایکۆلۆژی، بنیادگەری، ئەلسونی.. تاد بەکاربەرێت و دەلالەتە گوتراوەکانی بنیادی قووڵ بدوێنێت، یان بەدوای مەودای شلەژاوی و ترازانی زمانی و شیعریەتدا بگەڕێت، چونکە زمان سیستمێکە لە ئاماژە. پاشان ئەدۆنیس هەڵقوڵانی کردەی ئیبداعی بە ڕەهەندی بێ کۆتایی کردەی کەشفکردن پابەند دەکات و هەموو هەوڵ و کۆشش و تەقەللا جیاجیاکانی مرۆڤ و جیهانی داهێنان لە بڕگەیەکدا دەردەبڕێت و دەڵێت [هەموو ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی دێنێت جگە لە هۆیەک بۆ زێتر کەشفکردنی خۆی و دنیا و دەست بەسەردا گرتنی مادده و سروشت شتێکی دیکە نییە]، بەڵام لێرەدا کردەی نووسین پابەندی زمانە و زمانیش وەک ئەدۆنیس جەختی لێ دەکات دەکەوێتە ناو شتەکانەوە نەک دەرەوەی شتەکان، هاوکات دوالیزمی وێنە/ مانا یان بوون/ هزر.. ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی وێنە، کاتێ «ئیبن عەرەبی» سەبارەت بە دەرکەوتنی (شەبەنگی وێنە میهری بالا) دەدوێت نەک هەر «مووسا»، بەڵکو خودی مانا بوونی خۆی لە دەست دەدا، واتە بەدەرکەوتنی نووری ڕوخساری جوان و شکۆمەندی «مەعشووق»، بوون خۆی لە چرکەیەکی فەنائامێزدا دەدۆزێتەوە، مەبەست ئەوەیە لەگەڵ درەوشانەوەی جوانی وێنە بوون- ڕوح/جەستە- تیشکگەلێکی سووتێنەری هۆشبەرەوەی بەردەکەوێت و مانا دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات، یان بەشێوەیەکی تر بەدەرکەوتنی وێنە چەمک و مانا لە خشتە دەبرێن، هەر لەم ڕوانگەیەوە زەمەن بە سەرەکیترین دوژمنی وێنە دادەنرێت، هەندێ جار بە شالاوی کتوپڕ و ڕاستەوخۆ لەنێوی دەبات، زۆرجاریش بەشێنەیی هەودا هەودا سیما جوانەکانی ڕوخساری لێ دەسێنێت، ئنجا بە تەواوی تەفروتوونای دەکات.. سەبارەت بە هەمان بابەتی وێنە/ مانا ئەدۆنیس پێی وایە [دەکرێ داهێنەر لە گۆڕەپانی دنیادا نادیارەکانی «مانا/ وێنە» کەشف بکات]. لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس لە خستنەڕووی پرسیاری نوێ دەدوێت، واتە پێویستە تێکستی شیعری پرسیاری نوێ بورووژێنێت، بە تایبەتی ئەو پرسیارەی کە لە خودی تێکستەوە ئاراستە دەکرێت و خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و سەرسامبوون دەبات، [تۆ ناتوانیت داهێنەر بیت ئەگەر وەڵامی ئامادەت بۆ پرسیارە تەرح کراوەکان هەبێت، بەڵکو ئەوکاتە دەبیتە داهێنەر، کە هەڵگری پرسیاری خۆت بیت و پرسیاری تایبەت بەخۆت بخەیتەوە]. بەم شێوەیە عەدەمیەت لای ئەدۆنیس واتای ونبوونی وەڵام دەگەیەنێت، عەدەمیەتی «ئەوروپی» کە «نیتشە» بانگەشەی بۆ کرد، نەبوونی وەڵامی ئەوروپی بوو بەرانبەر پرسیارە تازەکان، سەبارەت بە ژیاری عەرەبی، یان کۆمەڵگەی عەرەبی کە تێیدا پرس بوونی نییە، هاوکات بارستاییەکە لە وەڵامی دووبارە و ئامادەکراو، ئەدۆنیس دەڵێ [ئەگەر ئێمە هەڵگری پرسیاری نوێ نەبین، کەواتە شتی نوێشمان بۆ گوتن نییە] هەر لەبەر ئەمەشە ئەدۆنیس لە تێکستە شیعرییەکانیدا پرسیاری تایبەت بەخۆی دەورووژێنێت و بەدوای جیهانێکی نوێ و بەهاگەلێکی نوێدا دەگەڕێت، چونکە قەسیدە لای ئەو بنیادێکە بۆ تەعبیرکردن، واتە (مانا/ وێنە، وێنە/ مانا) یەک جەستەیە، گرنگ ئەوەیە داهێنەر فۆرم دەخولقێنێت و لاساییکەرەوە بەکاری دەهێنێت، لێرەدا ئەدۆنیس لە ڕووی ئاستی داهێنانەوە کۆمەڵێک خاڵی گرنگ دەخاتە ڕوو، لەوانە نە تازەگەری هەوڵدەدات توخمی شیعرییەت بسڕێتەوە، نە ڕوحی داهێنەر دەخوازێ بەسەر فەزای شیعری کلاسیکیدا تێپەڕێت.

[باشە چۆن لەو فەزایە دەردەچین؟ چۆن «ئەمروئەلقەیس»، یان «ئەبی نەواس»، یان «ئەبی تەمام»، یان «گلگامێش»، یان «شێکسپیر» ڕەت بکەینەوە؟ ئەگەر ڕەتیان بکەینەوە کەواتە شیعریەتی خۆمان ڕەت دەکەینەوە] دەکرێ ئەوکاتە فەزای تێکستی کلاسیکیەت ڕەت بکرێتەوە کە هەڵگری شیعرییەتێکی وەرگیراوبێت، ئەدۆنیس پێی وایە ئەم حاڵەتی دووەمە بەسەر فەزای

تازەگەریشدا پراکتیزە دەکرێت، یان ئەوکاتەی کلاسیکیەت دەبێتە کۆمەڵێک ڕیساویاسای نەگۆڕ و ڕەوتێک لە شێوازگیری و فێرکاری چەسپاو، چونکە شیعر هەمیشە ئاستەنگ و لەمپەرەکان تێک دەشکێنێت و سنوورە دیاریکراوەکان دەبەزێنێت، کەواتە ڕوحی شیعر لە چوارچێوەی یاساو ڕێسا دەستکردەکاندا بەندوبەست ناکرێت [لێرەدا توانای زۆر هەن لە دەرەوەی «بەحرەکانی خەلیلی فەراهیدی» شیعری عەرەبی دەنووسن]، بەڵام مەبەست لەم دەربڕینە مانای ڕەتکردنەوەی بەحرەکان نییە، واتە تازەگەری هەوڵ دەدات فۆرمی نوێ و جیاواز بخوڵقێنێت و لە بەهای فەزای تێکستە ئیبداعییە دێرینەکانیش کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێ شتێکی جیاواز و نوێ بخاتە سەر گەنجینەی داهێنان، [بۆ نموونە مۆسیقای شتوکهاوزن، یان مۆسیقای ئەلکترۆنی بەگشتی بە بیانووی ئەوەی کە نوێیە، جێگای مۆسیقای «بیتهۆڤن، یان باخ» بگرێتەوە] واتە تازەگەری هیچ جۆرە بەهایەکی ئیبداعی ڕەت ناکاتەوە، یان بەشێوەیەکی تر [هەموو قەسیدەیەک شێوەی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەو شێوەیەش وەک ئیبداع دووبارە نابێتەوە، بەڵکو وەک تەقلید و شێوازگەری دووبارە دەبێتەوە]، چونکە تاکی داهێنەر هەمیشە لە جیهانی بێ کۆتایی گوزارەدا بەشێوەیەک کار دەکات، وەک ئەوەی هیچ کەسێکی تری لە پێشدا نییە بڕواشی بەوەیە [شتێک نییە لەگەڵ تازەکردنەوەی زەمەنەکان کۆن بکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵیدا نوێ دەبێتەوە] دواجار ئەدۆنیس لەم دیالۆگەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە شیعرێکی گەورەی ئەمڕۆ کاری ئەوە نییە بێت قەسیدەیەکی کۆن ڕەش بکاتەوە. لە دیالۆگێکی تردا ئەدۆنیس لە چەمکی «الکتاب» دەدوێت کە وەک فیکرە لە بنەڕەتدا فیکرەیەکی عەرەبییە، بەڵام یەکەم کەس لە خۆرئاوا لەو بیرۆکەیەی ڕوانیبێت «مالارمێ»یە، کەچی ئەم بیرۆکەیە لای عەرەب هەر هەبووە لێرەدا کتێبێک هەیە، بەشێوەیەکی بێ کەموکورتی و تەواو قسە لە دنیا دەکات، نموونەی ئەم فیکرەیەش لە کتێبی ئایینییەوە دێت، کتێبەکەی سێبەوەیهی کە بەشێکی لە بارەی زانستی زمانی عەرەبییە، ئەدۆنیس لەم گفتوگۆیەدا بە وردی لە فەزا و فۆرم و دابەشکردنی دەنگ و خەسڵەتی پۆلیفۆنیەتی کارە ئەدەبییەکەی دەخاتەڕوو، پاشان چەمک و فەزای تێکستی «أمس المکان الآن» زیاتر لە دەقی «کۆمیدیای خوداوەندی» دانتی ئەلێجیری نزیک دەکاتەوە تا لە کتێب، واتە کتێب پرۆسەی نووسینێکی ئاوێتەیە و هاوکات خوێندنەوەیەکی شیعرییە و ئاراستەی ژیاری عەرەبی کراوە و تێیدا هەرسێ ڕەهەندی زەمەن «ڕابردوو- ئێستا- داهاتوو» لەیەک کەسایەتیدا، یان لە چەند دەنگێکی پۆلیفۆنیدا چڕ بکاتەوە، هەندێ جار «موتەنەبی» مانەندی «فەرجیلۆ» ڕابەرایەتی بابەت و ڕووداوەکان دەکات و دەدوێ و گوزارە دەکات، زۆرجاریش یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، بڕێک جاریش دەنگەکان دژ بەیەک دەوەستن، واتە فەزای کیتاب لەسەر کۆمەڵێک ڕووداو و باکگراوندێکی مێژوویی کاری کردووە و هەر لاپەڕەیەکیش بۆ چەندین بەش و پەراوێز دابەشکراوە.

موتەنەبی لەم تێکستەدا بیرەوەرییەکانی خۆی بە ئازادی دەردەبڕێت، هەندێک جاریش بیرکردنەوەیەکی سەربەست تا ئاستی ئێسقان وەک پڕشنگی شیعری ڕووەو دەرەوەی کات و شوێن دادەڕژێت، ئەدۆنیس لە ئەزموونی (کیتاب)دا بەرەنگاری توندوتیژییەکانی دەسەڵاتی عەرەبی و فەندەمینستالیزمی ئایینی دەبێتەوە، داکۆکیش لە هێزی شیعری ئەو شاعیرە پەراوێزخراوانە دەکات کە شوناسی عەرەبییان داهێناوە، ئەدۆنیس لە بارەی هەڵبژاردنی موتەنەبی وەک کارەکتەرێکی سەرەکی و نوێنەرێکی کایەی پارادۆکس لە ئەزموونی کیتابدا دەڵێ [موتەنەبی لە یەک کاتدا ناوەرۆک و پەراوێزە، لەناخی هەموو ڕووداوە سیاسی و شیعرییەکاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پەراوێزدایە] واتە ململانێی دەسەڵاتە سیاسییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی بەشێکی زۆری لە فەزای کیتاب داگیر کردووە، چونکە ئەدۆنیس لە مێژوویەک دەدوێت کە دەسەڵات نووسیوویە نەک مێژووی ڕۆشنبیری، یان کۆمەڵایەتی، هەروەها لە ڕووی شیعرییەوە پێی وایە [موتەنەبی تەواوترین پرۆژەی تازەگەری عەرەبییە لە پرۆژەش گەورەترە] لە پرسیارێکی تردا سەبارەت بە پێوەندی بینراو و نەبینراو، مرۆڤ و غەیب، ئەدۆنیس دنیای نەبینراوی بواری شیعری لە جیهانی غەیبانیەتی ئایینی نزیک دەکاتەوە، دەڵێ: [هیچ شاعیرێکی گەورە نییە کە بینراو بۆ ئەو نەبێتە دەریچەیەک بە ڕووی نەبینراودا] مەبەست ئەوەیە بەشێکی هەست و دنیابینی شیعر کارکردنە لەنێو جیهانێکی نەبینراو و نادیاری تایبەت بە «منی شیعر»،

دەکرێ ئەم هێزە شیعرییەی کە لەبینراوەوە بەرەو نەبینراو هەنگاو دەهاوێژێ و بە وزەیەکی ڕوحانی و میتافیزیکی، یان بە تێفکرینێکی قوولّی تێڕامانئامێز ناوزەد بکرێت، زۆرجار ڕستێک پێشبینی و پرسیاری تایبەت بە بارگاویکراوی و پرشنگی شیعرییەت و ترازانی مۆرفیمی ئاوێزانی دووتوێی تێکست و ناوکۆییەکانی ڕستە و دەستەواژەی زمانی دەکرێن، لە گفتوگۆیەکی تردا ئەدۆنیس پێی وایە تێکست هەمیشە بۆشایی تێدا دەمێنێت، واتە جەستەیەکی پڕ و بەرکەمال و پێرفێکت نییە.. [هەموو قەسیدەیەک کە دەینووسم، هەتا «ئەلکیتاب» کاتێک دووبارە دەیخوێنمەوە هەست دەکەم کە من ئەو کەسە نیم کە نووسیومە، چونکە تەواوم ناکات و بۆشاییەکانم پڕ ناکاتەوە.. بۆیە لەو بڕوایەدام کە شیعر لە ترۆپکی هێزی تەعبیرکردندا جگە لە فەشەل شتێکی دیکە نییە] لەوانەیە ئەو دەربڕینەی ئەدۆنیس پێوەندی بە خودی زمانەوە هەبێت، چونکە تێکست خۆی لەخۆیدا پرۆسەی چنینێکی ئیستێتیکی و دەلالییە لە زمان، خودی زمانیش هەمیشە بەرانبەر هەست و تێفکرین و خەیاڵ و خولیا و خواستەکانی مرۆڤ کەمتەرخەم و دەسەپاچەیە، بۆیە هێرشەکانی داهێنان بەردەوام ڕووی لە تێکشکاندنی یاساو ڕێسا جێگرەکانی زمانە تا شێوازی جیاواز و یەکە و دەستەواژەی تایبەتی زمانی دابڕێژێت. بەشێکی تری گوزارەکەی ئەدۆنیس پێوەندی بە وەهمی نووسینەوە هەیە، زۆرجار شاعیر لە بەرانبەر تێکستێکی خۆیدا دەتاسێ و سەرسام دەبێت، چونکە نازانێت چۆن و کەی دەستی

بە نووسینی کردووە و چۆنیش کۆتایی پێ هێناوە، بەڵام ئەدۆنیس لە دەربڕینێکی تردا جەخت لەسەر مەعریفە و نهێنییەکانی زمان و ڕەگەزی ئیستێتیکا دەکات و دەڵێت [ئایا دەشێ شاعیرێک ئاگای لە مێژووی ئیستێتیکای زمانێک نەبێت و ئیستێتیکا لەو زمانە دابهێنێت؟.. دەشڵێ من بۆچوونێکم هەیە و پێم وایە شاعیرانی ئەمڕۆ ئەو زمانە نازانن کە پێی دەنووسن شاعیرێکیش توانای بەسەر ئامرازەکانیدا نەبێت، ئاگای لە نهێنییەکانی زمان و مەعریفەی زمان و ئیستێتیکای زمان نەبێت، ناتوانێت زۆر شتان بڵێت، هەڵبەتە ئەوە بێجگە لە بەهرە گەورەکان، چونکە من قسە لە باو دەکەم] پاشان بەشێوەیەکی ئەفسووناوی لەهێزی ئاڵۆسکاوی شێوە دەدوێت، چ جای ئەو دەمەی شێوە لە کانگای ئەزموونە ئیستێتیکییەکانی شیعرەوە هەڵدەقوڵێت و دەلالەگەلێکی بێ شومار لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت [داهێنانی شێوەگەلی زێتر، زمان جۆراوجۆرتر و دەوڵەمەندتر دەکات.. بەرەو پێشبردنی شێوە بەرەو پێشبردنی مەعریفە و ئەزموونە]، یان بەشێوەیەکی تر شیعر ژیانە و ژیانیش لێوانلێوە لەشێوەگەلی جۆراوجۆر، بەهرەی سەرمەست و شێت هەمیشە گرفتاری شێوەی ڕوخساری ئاڵۆز و جوانی زەرییە دڵڕفێنەکانە، بەڵام شێوە لە ژیانی تێکستدا لە ڕێگەی جووڵە و جموجووڵی لەخۆوەی زمانەوە دروست دەبێت، چونکە ئەوە داڕژانی شیعرییە فەزایەکی تایبەت بۆ خودی فۆرم فەراهەم دەکات و شێوەش بە جووڵە و بزاڤە نادیارەکانی تۆوی پڕشنگە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕووە و

دڵ و دەروون و زەینی خوێنەر دەوەشێنێت، چونکە شێوە بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەندی ئاڵۆز و جیاوازی زمانی لەنێوان دال و مەدلوول و ئاماژە و نیشانە و دەلالەت بەرجەستە دەکرێن، وەلێ دەرکەوتنی شێوە گشتێکە و لەناکاو دێت، مانەندی لەپڕ داهاتنی شەو و ڕۆژ و لەهێکڕا دەرکەوتنی کەڤاڵی جوانی، واتە شێوە هەڵگری کۆمەڵێک بنیادی شاراوەیە و لە هەمان کاتیشدا گشتێکە و بە چەندین جۆرە شێوازی ئەفسووناوی دەدرەوشێتەوە، پاشان ئەدۆنیس لە دەرچوونە شیعرییەکانی «موتەنەبی» دەدوێت کە چۆن لەنێو ستوونی «بەحری درێژ»ی «خەلیلی» ستوونێکی دیکەی داهێناوە، یان دەرچوونی «ئەبی نەواس» لەو بەهایانەی کە پێش ئیسلام لە ئارادابوون، یان بەشێوەیەکی تر ئەبی نەواس توانی بەهایەکی نوێی شارنشینی بێنێتە ئاراوە، واتە ئێمە بە زنجیرەکانەوە سەما دەکەین، کەچی ئەبی نەواس بەبێ باکی سەمای دەکرد و بەهای نوێی ئیستێتیکی دەخوڵقاند و ڕێسای ستوونەکانیشی تێکدەشکاند، کەواتە مەبەستی ئەدۆنیس ئەوەیە کە شیعر لە هەموو کۆتوپێوەند و ئاستەنگەکان ئازاد بکات و ڕوحی شاعیریش بە ڕەهایی لەبەردەم ڕوحی گەردووندا سەما بکات و گۆڕانییە دەلالییەکانی بچڕێت.

# دەرچوون لە مەینەتییەکان و گەڕانەوە بۆ دنیای عیرفان لە «گەڕانەوە بۆ مەرگ»دا

شێروان ئیبراهیم حەیدەری

گەڕانەوە بۆ مەرگ لە نووسینی «عەبدولکەریم فەتاح»ە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە تیراژی «١٠٠٠» دانە، لە چاپخانەی نەوا لە هەولێر چاپکراوە.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا کارئاسانی بۆ خوێنەر کردووە و «ئیندیکسێک»ی دروست کردووە و ڕۆمانەکەی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کردووە، هەر بەشە و ناوی خۆی هەیە، بێجگە لەوەش ناوی کۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی بۆ خوێنەر ئامادە کردووە، هەر بە ئەوەندەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو پەردەی لەسەر کارەکتەرە هەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکەی هەڵداوەتەوە و لە ڕووی زەمەنییەوە باسی کردوون.




### وێنەی سەر بەرگی ڕۆمانەکە

شیاوترین وێنەی خۆی هەڵبژاردووە کە هارمۆنیەتێکی تەواوی لەگەڵ ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا هەیە، کەسێک بە ڕێگاوەیە، کەسەکە خودی خۆیەتی لەناو کەشێکی تەمتومان و غێمدایە، هەست بە تەنیایی خۆی دەکات، بۆیە خۆی وێکهێناوەتەوە و لەناو دنیایەکی تەڕ و شێداردایە، بەڵام هێزی ناخ و هێزی غوربەت پاڵی پێوە دەنێن هەر تەنیا خۆیەتی، ئا لەو ساتەدا کەسێک و هاودەمێک و دۆستێک شک نابات، مەبەستم دۆستی ڕاستەقینەیە، مەحرەمی ڕازە، ڕێ دەکات و سێبەرەکەی پێش خۆی کەوتووە، من پێم وایە وێنەکە سەرتاپای ڕۆمانەکەیە و لەو فۆتۆیەدا چڕکراوەتەوە، ئەگەر هەر کەڤاڵێکی هونەری جیهانی لەسەر بەرگەکەی دانابایە ئەوەی نەدەگەیاند، ئەگەر هەر زەخرەفەیەک، یان هەر دیمەنێکی سیحراوی لەسەر بەرگەکەی نەخش کردبایە ئەوەی نەدەگەیاند، هەر لەسەر بەرگەکە نووسراوە «گێڕانەوەی سەربوردەی مەینەتییەکان». هەر لەسەر بەرگەکەوە تیشکێک، گرێک بە خوێنەر دەبەخشێ لە چەشنی ئیعازێک وایە بە خوێنەری دەدات و دەڵێت: خۆت ئامادەی لاپەڕە غەمگینەکانی ژیانی من بکە، خۆ دەیتوانی ئەو تیشکانە نەدا و خوێنەر بەخۆی پەردەی لەسەر

مەینەتییەکان لادات، بەڵام نووسەر لە ڕۆمانی یەکەمدا دەیەوێت بە ڕوونی ببینرێت و دەروازەیەک بۆ خوێنەر دەکاتەوە، بۆ ناو ڕووداو و پەنهانەکانی ژیانی خۆی بانگی دەکات، بەلای ڕۆماننووسەوە گەیاندنی واتا و دەربڕینی لە جیهانی ئیحساسات زۆر لەخۆ نوقم کردنێکی ڕەمزییانەی بێ مانا و نغرۆکردنی سەرتاپای جوانییەکانی گرنگترە لە پێناوی ئەوەی تەکستێکی جەفەنگداری ڕووت دەرکەوێت. لە پشت بەرگی کتێبەکەش وێنەکە وەکو مۆتیڤێک بەدیار دەکەوێت و چەند دێرێکی لەناو ڕۆمانەکەدا «اقتباس» کردووە و لەوێندەرێی داناوە دێرەکان کرۆکی چارەنووسی ڕۆمانەکەیە و بە چڕکراوەیی دەڵێت [ئەشرەفی سوڵتانی بریتی بوو لە ڕابردوو بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانەوە، شەمسی سراجی داهاتوویەکی نادیار بوو، منیش چرکەساتەکانی ئێستا بووم... ڕابردوو گوزەری کردبوو، تەنیا خەم و ئازارەکانی مابوونەوە، داهاتووی نادیاریش دنیایەک خولیا و ماخۆلانی بۆ دروست کردبووم. خەم و ئازاری ئەم دوو زەمەنەش لە چرکەساتێکی ئێستادا کۆببوویەوە و بەسەر تەنیا مرۆڤێکدا داباریبوو..].

بەشی یەکەم: مەرگدۆستی و ژیاندۆستی تا دەگاتە نزیکی کەنارەکانی عیرفان، ئەو بەشە باس کردنە لە دنیای ڕابردووی خۆی و هاوشێوەی خۆی کە لە ڕووی ڕوحییەوە چ زیانێک بەر گیانی کەوتووە، وەکو مارێکی پێکراوە هەست بە ئازارەکانی دەکات کە دەیانگێڕێتەوە، ئەو زەمەنە بە ئێش و ئازار و ناخۆشی و نارەحەتییەکانەوە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ، لە هەندێک شوێن گینگڵ دەدات و وەکو هاوپێچێک گرێی دەدات، پیش ئەوەی ئەو زەمەنی ڕابردووە بکاتە ڕۆمان، من بابەتێکی نووسەرم خوێندەوە کە ئەوسات سەرنووسەری گۆڤاری «ژیار» بوو، بابەتێکی نووسی باسی «١٧» ساڵ لە تەمەنی پڕ زەبر و ئازارکێشان و نەهامەتییەکانی خۆی لەناو دنیای گرووپدا دەکات، بۆیە لەپێناوی ئازادیدا بۆتەکان بەجێ دێڵێت، من ئەوسات کە ئەو بابەتەم خوێندەوە هەستم کرد ئەو ڕوحە چەندە بریندارە و بە ئاسانی سارێژ نابێتەوە، هەر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو بابەتەدا ئەو کوڕەی «بەختیار عەلی»م بە یاد هاتەوە کە بەناوی «ڕۆڵی توندڕەوی لە ئایدیۆلۆژیای لاواندا» بوو لەوێندەر بەختیار عەلی هۆشیاری دەدات و دەڵێت «ئایین و هونەر و هەموو جوانییەکان لەناو گرووپدا جێگایان نابێتەوە» ڕاست دەکات، لە قاڵبدانی هەریەک لەوانە کوشتنێکی لەسەرەخۆیە، بۆیە نووسەر لەو واقیعە، لە قاڵب دراوە دێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەست بە مانا سەرمەدییەکانی ژیانی خۆی بکات، دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی جوانتر و وردتر ئەو جیهانەی پێش خۆی ببینێت، ئەگەرچی ئەوەی نووسەر لێی هاتووەتە دەرەوە خۆی وەکو دایکێکی بەخشندە دەبینێ، بەڵام ڕۆماننووس ئەو دایکە بەجێ دێڵێ بۆ ئەوەی ئازادتر و جوانتر خۆی ببینێ، چونکە بەشێک لە بوون و ئیحساساتی خۆی لێ زەوت کردووە، بۆیە ئەو کۆتوبەند و بۆتەکان دەشکێنێ و لە پێناوی ئەوەی جارێکی تر نەبێتەوە کۆیلە و دیلی کەس نەبێت و نەبێتە خزمەتکاری هیچ گەورەیەک، بەڵام کە ئەو شێوە ژیانەش تێدەپەڕێنێت، هەست بە جۆرە ئاسوودەییەک ناکا، هەندێک جار وا هەست دەکات خەریکە نوقم دەبێ و دەخنکێ، بۆیە دەست بۆ هەموو پووشێکی لێوار دەبات بە نیازی دەربازبوون و ڕزگاربوون، ئەمە «لە بەشی دووەم تا بەشی سێیەم» درێژە پێدانی ئەو حاڵەتەیە و دەیەوێت دەستی بە پەتێکی پتەوی خۆڕاگر بگرێ بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕوحییەوە هەست بە ئازادی و کامەرانی بکات، بۆیە دەچێتە ناو دنیای عیرفان و دەیەوێت ئەو دنیایە بە مانا قووڵەکەی لە ڕوحی خۆیدا بەرجەستە بکات و پاشان ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی دروست بکات، گەڕانەکانی بەردەوامە لە پێناوی دارە دارە کردن لەو جیهانی دۆزینەوە و پەردە لادانەدا، جارێکی دیکە مەستی ئەو دنیایە دەبێ و وا هەست دەکات کە کەرامەتی مرۆڤ لەوێندەر زیاتر پارێزراوە، وا هەست دەکات کە ئێستا خۆیەتی نەوەک سێبەرێکی داگیرکراو، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی دەورانی ڕۆمانەکەیە.

سەرەتای ڕۆمانەکە لە «مەرگدۆستی و ژیان دۆستی» داخیل بوونێکی ڕاستەوخۆیانەی پڕ دەلالەت هەیە لە ڕێگای «من و ئەو»ەوە، ئەمەش لە ڕێگای

جەدەلێکە لەنێوان ئەو دووانەدا لەسەر «مەرگ و ژیان» هەریەکەیان بە ئاقارێکدا دەڕوات بۆ نموونە: «من بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەمووت «مردن لەناو ژیاندایە، مەرگ دواین وێستگەی ژیانە، کۆتا خاڵە و ئەبێت لەسەر هێڵی ژیان تەماشا بکرێ و هەڵ بسەنگێنرێ».

ئەو دەیوت: «ئەگەر ژیان کۆتاییەکەی مەرگ بێت، هەموو ژیان مەرگە»، ئەو دەسپێکە لە «جدل» و چوون بۆ هێنانەوەی بەڵگە و جیهانی «برهان» خۆی لەخۆیدا گەلێک گرنگە، بۆ نموونە دیقەتدان لە سروشت و هێنانەوەی نموونەی «پەپوولە» و هەنگ کە بە چ شێوەیەک ژیان بەسەر دەبەن و تەی دەکەن، کە هەریەکەیان تەفسیرێکی پێ دەبەخشێ و قورسییەک بە تێکستەکە دەدات هەتا لەو بڕگەیەی کە دەڵێ «بەر لەمن و تۆ عومەر خەیامی زانا و فەیلەسووف بەم جۆرەی تۆ باسی لێوە ئەکەی ویستی خۆی لە ئازارەکانی مەرگ بشارێتەوە، بەڵام دواجار مەرگ وەک پاڵەوانێ یەخەی گرت و تۆڵەی ئەو خۆدزینەوەیەی لێکردەوە»، من لەو بڕگەیەدا لەناو ئەو جەدەلەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەوەم بەیاد هاتەوە کە من زەمەنێک لەگەڵ چوارینەکانی عومەر (خەیامی حەکیم)دا ژیاوم، بەدەر لەو بۆچوونەی ئەو ڕۆمانەدا بیرم لە شتێک کردۆتەوە ئەویش بۆچی لە زۆربەی هەرە زۆری چوارینەکاندا مەردوم پاڵ پێوە دەنێت کە بیر لەخۆشی و لەززەت و چەشەی خۆیان بکەنەوە، خەم لە ڕۆژگار نەخۆن، بەڵام لە ناوەخنی هەندێک لە چوارینەکان، خەیام دووبارە پێمان دەڵێ: ژیان وەک خوناوێک وایە، وەک زوقمێک وایە، یان بەردئاشی زەمەن دەمانهاڕێت و وردوخاشمان دەکات، مەبەستم لە هەندێک شوێنی چوارینەکان گەڕانەوەیەک هەیە بۆ مەرگ و لەبەردەم مردن دەوەستێ، وەکو ئەوەی مردن پەندێک بێ بۆ هەموومان، کورتکراوەی مەبەستم خەیام دەستمان بە توندی بۆ ناو دنیای خۆشی و لەززەت ڕادەکێشێ، بەڵام هەندێک جار وەکو برووسکێک مەرگ و تاڵاوی ژیانیشمان لێ زیندوو دەکاتەوە، من لە جەدەلی «من و ئەو»دا لەنێوان ڕاوڕاوێنی ژین و مەرگدا هەر لەگەڵ ناوی «عومەر خەیام» یەکسەر ئەو دژ بوونەم بە خەیاڵدا هات کە لەناو چوارینەکاندا پێچراوەتەوە.

بەڵام ئەو جەدەلە بەردەوام نابێت و هەر سەرەتا دەسپێکردنی ڕۆمانەکەیە و ناکشێتە ناو گیانی ڕۆمانەکە و سەرتاپاشای ڕۆمانەکە ناگرێتەوە، بەڵام لە شوێنێکی دیدا بەشێوەیەکی دیکە دەردەکەوێ ئەویش لە بەشی «یووسفی شوعلە»دا کاتێک باسی غەزالی و ئیبن ڕوشد دەکات و دەڵێت «غەزالی یەکەم کەسە بنچینەکانی فەلسەفەی «گومانگەرایی» دامەزراندووە و خۆشی پێیدا تێپەڕیوە»، پاشان دێتە سەر ئەوەی کە غەزالی کتێبی «تهافت الفلاسفة»ی وەکو فەیلەسووفێک داناوە و ڕەخنەی قووڵیشی ئاراستەی فەلسەفەی یۆنانی کردووە، غەزالی دەڵێ قسەکردنی فەیلەسووفان لە بوون و سروشت و زانستەکان کارێکی ئاساییە و مەیدانی فیکر و فەلسەفەیە وەک قسەکردنیان لە مەڕ خوا و میتافیزیک کە بە «ماوەرائیات» ناوی دەبات، فەیلەسووفەکانی ڕووبەڕووی چەندین هەڵەی میتۆدی و زانستی کردۆتەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە ئەقڵ و فەلسەفە پەی بە میتافیزیک ببات» هەر لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیە قسەیەکی غەزالیم بە یاد هاتەوە کە دەڵێ «چاوی عەقڵ لە میتافیزیک کوێرە، بەڵام گرینگییەکە لێرەدا ئەوەیە هەر بە ئاماژەکردن بە غەزالی نەوەستاوە، بەڵکو باسی دژەکەشی دەکات و دەڵێ [ئیبن ڕوشد لەکتێبی «تهافت التهافت»دا ڕەخنەی خۆی ئاراستەی ڕایەکانی غەزالی لەسەر «خوا و بوون و ڕوح و جاویدان بوون» دەکات و دەڵێت: غەزالی وەکو فەقیهێک دەیەوێ فەلسەفە کەم بایەخ بکات، ئیبن ڕوشد پێی وایە مرۆڤ کاتێ لەشتێک دەگات کە ببێت بە بەشێک لەو شتە- غەزالی- بەپێی ڕای ئیبن ڕوشد- نەبووە بە بەشێک لە فەلسەفە و سەرژمێری فەیلەسووفی بۆ ناکرێت، بۆیە مافی ئەوەی نییە ڕەخنە ئاراستەی فەیلەسووفەکان بکات. ئەگەر ئەو کارەش بکات نەی پێکاوە» ئەو گفتوگۆیە لەنێوان «یووسف و محەمەد خەڵوەتییە» لەو ڕۆمانەدا وەرگرتنی ڕای غەزالی و ئیبن ڕوشد و باسکردنی ئەو دوو کتێبە مەزنەی «تهافت الفلاسفة» و «تهافت التهافت» بەرانبەر یەک کردنەوەیان تێکستەکە دەوڵەمەند

دەکات، خۆ ڕۆماننووس دەیتوانی تەنیا باسی غەزالی بکا و ئیبن ڕوشد وەلانێت، لە ساتێکدا ئەو بەشەی ڕۆمانی ئەو زیاتر بەلای (غەزالی)دا دەشکایەوە، چونکە نزیک بوونەوە بوو لە جیهانی «تصوف»، بەڵام ڕۆماننووس بەرانبەرەکەشی هەر بە جوان دەبینێ و فەلسەفەش بە ڕینموونی مرۆڤ دەبینێ، بۆیە ئەسەف بۆ نەمانی ئەو جەدەل و گفتوگۆیانە دەخوات لە ڕۆژهەڵات و دەڵێ [خەڵوەتی «ئەو ڕێچکەیەی غەزالی و ئیبن ڕوشد بۆ ڕەخنەگرتن دایانمەزراند، ئەگەر بەردەوامی پێ بدرابایە، ئەوڕۆ ڕۆژهەڵات مێژوویەکی تری ئەبوو، غەزالی بۆ ڕەخنەگرتن لە فەلسەفە بە ئەندازەیەک لەناو فەلسەفەدا باڵادەست دەبێت کە چەندین کتێب لەسەر فەلسەفە دابنێت و دواتریش ڕەخنە ڕووبەڕووی فەیلەسووفەکان بکاتەوە.. ئیبن ڕوشد کە یەکێکە لە قازی و فەقیهە بەناوبانگەکانی ئەندەلووسی ئیسپانیا بەشێوەیەک لەناو فەلسەفەی یۆناندا قووڵ دەبێتەوە ، خۆرئاواییەکان بەگشتی ملکەچ و منەتباری خۆی بکات و لە ڕێگای ئەوەوە فەیلەسووفی مەزنی گریکی ئەرستۆ بناسن».

لێرەدا خوێنەر زەینی بەلای «جەمالەدین ئەفغانی» و «محەمەد عەبدە» و هاوشێوەکانیان شۆڕ دەبێتەوە کە بە نیاز بوون وەرچەرخانێک لە بیری عەرەبی و تێگەیشتنی ئایینیدا دروست بکەن، بەڵام ساتێک جموجووڵە ئیسلامییەکان دێنە پێشەوە کە لەو ئاراستەیدا دوورن، ئاراستەی بیرکردنەوە بەرەو ئاقارێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات دەبەن و زیاتر پەیڕەوانی خۆیان لەناو ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە بەرەو جموود دەبەن و چالاکی بیرکردنەوە و تێزی نوێ کردنەوەی ئایین دەوستێت و زیاتر بەرەو لای ڕواڵەتی تێکستدا دەچن بەرەو ناواخنیدا ناچن، جەمالەدین ئەفغانی هەڵاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاوا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە جارێکی تر زانست و ژیری لە ئەورووپاوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، زانست لەوێندەر بۆ ڕۆژهەڵات دەپەڕێتەوە،* لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا چەند ڕۆمان و کتێبێکی ترم هاتنەوە یاد لەو شوێنەی کە باسی «ئەشرەفی سوڵتانی» دەکات لە بەندیخانەیە و بە ڕوح دەگەڕێتەوە خەونی هاوەڵەکانی، یان لەو شوێنەی کە باسی سارا و لم و ئاسمان دەکات، یان لەو شوێنەی کە دەگەڕێتەوە و لە بەندیخانە ئازاد دەبێ و ماوەیەک واقیعەکە وەکو خۆی دەبینێت، لێرەدا هەست دەکەیت دەقاوێزێک لەنێوان ئەو ڕۆمانە و ڕۆمانی «دواهەمین هەناری دونیا»ی (بەختیار عەلی)دا هەیە.

لەوێندەریشدا موزەفەری سوبحدەم لەژێر (لم)دا باسی سارا و سەرابستان دەکات و ئینجا پاش ٢١ ساڵ دەگەڕێتەوە واقیعەکە بەچاوی خۆی دەبینێ، هەردووکیان ئەشرەفی سوڵتانی و موزەفەری سوبحدەم لە حاڵەتی تێڕامان و وردبوونەوەدان لە خودی خۆیان، ئەگەرچی ئەوەی موزەفەری سوبحدەم لە (لم)وە دەست پێدەکات گەشتەکەی لە ئاو کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەشرەفی سوڵتانی کە دەگەڕێتەوە، زوو دەمرێت و چەند مانگێکی پێدەچێت، بەڵام لە زاکیرەی محەمەدی خەڵوەتی زیندووە و بە زیندوویەتی دەژی، گرفتی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی ئێستا وەکو «ماردین ئیبراهیم» لە دێرە شیعرێکیدا باسی دەکات و دەڵێت [مردنی ئێمە بە قەدەر هەرمێیەکی کاڵ کارناکاتە موگناتیسیەتی زەوی].

هەریەک لە ئێمە کە دەڕۆین، هەر لە گۆڕستان لە زاکیرەی کەسەکان ڕەش دەبینەوە، بەڵام «ئەشرەفی سوڵتانی» کە بە خۆی دەڕوات «محەمەد خەڵوەتی» دەبێتە زیندووکەرەوەی جیهانی ئەشرەفی سوڵتانی، بێجگە لەوەش لە پرۆسەی ناولێنان بەهەمان شێوە، هەست دەکەیت کاک عەبدولکەریم فەتاح بە هەمان شێوە ناوەکانی چنیوە «ئەشرەفی سوڵتانی» و «محەمەدی خەڵوەتی» «زەینەبی سوڵتانی» و «عەزامی موهاجیر» و «زاهیدی پیریادی» و باقری موجتەهیدی...تاد» ناوەکان گشتی لە ڕووی واتاسازییەوە ئاوێتە و لێکدراون، بەشی دووەم لەناوەکان ڕوونکردنەوەی بەشی یەکەمە، هەست دەکەیت شێوازی داڕژانی ناولێنانەکە لە پرۆسەی ناولێنانی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی نزیکە.

لەو شوێنەی کە «عەزام ئەفغانی» عەزامی موهاجر بزووتنەوەی چەکداری و شانەی چەکداری دروست دەکات و ڕوحی ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا دەخولقێ و ناتوانێ زوڵم و ستەم قبوڵ بکات و پاشان لە

جیابوونەوەی باڵەکان و دابەشبوونیان بەسەر چەند دەستەوتاقمێک، لێرەدا خوێنەر ئەگەر ڕۆمانی «کەیوان»ی «عادل باخەوان»ی خوێندبێتەوە یەکسەر بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ڕۆماننووس «عادل باخەوان» لەکاتی خۆیدا کە ڕۆمانەکەی نووسی داکۆکی لە بیرۆکەی هیجرەت و جیهاد و کوشتار دەکرد، بە هەمان شێوە بەرانبەرەکەی کە جوولانەوەی [ئیخوان موسلمین]ە کە هەڵگری فیکرەی بانگخوازین تێکیان دەشکێنێ و بە ترسنۆکیان لە قەڵەم دەدات، چونکە پێی وایە مست لە دریشە دەگەڕێتەوە و پەروەردە بەبێ پاڵپشتی هێز لەناو دەچێ، بەڵام لە ڕۆمانەکەی «گەڕانەوە بەرەو مەرگ»ی عەبدولکەریم فەتاح بەشێوەیەکی سروشتی ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە و پاڵپشتی لە هیچ لایەک ناکات، بەڵکو لە شوێنێک ڕەخنە لەگشت باڵە لێکترازاوەکانی دەگرێ کە هەوا و ئارەزوویان تێکەڵ کردووە و لەگەڵ بنەما ئایینییەکانی خۆیان ڕاستگۆ نەبوونە و تاکیان بەرەو نائومێدی بردووە، پتر هەوا و هەوەس و ئارەزوو بەسەر شتە جوانە فیترییەکاندا زاڵە، لە ڕۆمانی «عمارة یعقوبیان»ی علاءاسوانی بەهەمان شێوە باسی جموجوڵی «ئیخوان موسلمین» دەکات لەناو کۆمەڵگای میسریدا، بەڵام لەوێندەر دەسەڵات ڕووبەڕووی ئەندامەکانی دەبێتەوە و سەرکوتیان دەکات، «لە گەڕانەوە بەرەو مەرگ»دا کەسەکان بۆ خۆیان ئەو شوێنە بەجێ دێڵن و جموجوڵی نوێ دروست دەکەن و تەوژمی نوێ دروست دەبێ، بەڵام بەرانبەر چاووگی ڕەسەن هەست بە ڕووڕەشی دەکەن، چونکە لەگەڵ خۆیان، ڕاستگۆ نەبوونە. هەواو ئارەزوو تەنگی پێ هەڵچنیوون و گشتیان بوونەتە مردوویەکی سڕ و مات لە شوێنی خۆیان، لەو شوێنەی کە باسی «غەزالی و ئیبن ڕوشد» دەکات و فەلسەفەی تێدا نمایش دەکات ڕێک خوێنەر بیری بۆ کتێبی «قصة الایمان» شێخ (ندیم الجسر) دەچێت، کە کۆی کتێبەکە پڕیەتی لەو دایەلۆگانەی لەو شێوەیە، بەڵام لەوێندەر پتر باسی فەیلەسووفە یۆنانییەکان دەکات کە خوێندنەوەیان بۆ سەرەتای بوون و حەقیقەت و پەیدابوونی ژیان و ...تاد چۆن بووە.

من بۆ خۆم لە میانی نزیکەی دووساڵدا، دووجار ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، جاری یەکەم بە خێرایی بەناویدا تێپەڕیم، تەنیا ئەو کەشەم بینی کە کاتی خۆی کۆمەڵێک گەنجی بێ تاوانی خوێن گەرم تێیدا ببوونە قوربانی دەستی چەند کەسانێکی عەیاری بەرژەوەندیخواز، بێجگە لەوەش هەستم کرد بەوەی کە ڕووداوەکان بە سروشتی نەهاتوون، بۆیە دەبێ بەناسروشتی لەناو بچن و بپووکێنەوە، بەڵام زۆرێک لەو قوربانییانە ساتێک شوێنی خۆشیان گواستەوە، جارێکی دیکە بوونە قوربانی، هەتا ئەگەر لە ژیانی پێشوویان شتێکی جوان هەبووایە، ئەوە دەیان پلیشاندەوە و سێگۆشەیەکی ٣٦٠ پلەیان بەرانبەر ئەوی دیکە دروست دەکرد.

لەو شوێنەی باسی پێوەندی نێوان «ئەشرەفی سوڵتانی و مێریای سپیپۆش» کە ڕاهیبەیەکی ئایینی (مەسیحی)یە، پێوەندی ئەشرەف و خانەوادەی مێریا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەشرەف وەکو عارفێک خۆی دەنوێنێ و عیرفانیات کاریگەری لە سەری هەیە، بەتایبەتی «حەللاج»(١) ساتێک دەڵێ [ئەو خوایە هەندێکمانی سەرقاڵی ئیسلام و هەندێکمانی سەرقاڵی مەسیحییەت و هەندێکمانی سەرقاڵی دینی جوولەکە کردووە]، یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ [مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی کەوتۆتە شوێنێک ئیختیار لە دەست مرۆڤدا نەبووە بۆ هەڵبژاردنی شوێن»، بۆیە مرۆڤ بەرهەمی ژینگەکەی خۆیەتی، یان دەڵێ «جیاکاری کردن لەنێوان ئەو سێ دینە وەکو ئەوە وایە ڕەخنەت لە قەدەری خوا هەبێ کە بڵێ فلان کەس مەسیحییە، یان هەر شێوە ئایینەکی ترە» ئەشرەف ئەو تێگەیشتنەی هەیە، بۆیە خاوەن ئەو پێوەندییە جوانە دەبێ لەگەڵ مێریا، بەڵام لەو شوێنەی کە محەمەد و مەسیح و مووسا وەکو سێ نوور بەدیار دەکەون، ڕێک بیرەکانی «محەمەد ئەرگۆن»م بەیاد دێتەوە، کە بەردەوام دەیویست دیواری پێوەندی لەنێوان ئەو سێ ئایینەدا توندوتۆڵتر بکات، چونکە بەردەوام دەیوت: ئەو سێ دینە لە بنچینەدا یەکن و هێڵە گشتییەکانی دەخوێندەوە و جیاوازییەکانیشی بەلاوە دەنا کە خزمەت بە پێکەوە ژیان ناکات.

ئەوەی بەلامەوە جێگای پرسیارە تەسلیم بوون «بە ئەشرەفی

سولتانی» و «شەمسی سراجی»(٢)، یان ئەگەر پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەم لەبەرچی تاکەکان بەدوای فریادڕەسیدا دەگەڕێن ڕزگاریان بکات و بۆ خۆیان نابنە ئەو فریادرەسە، ئەگەرچی لە فەلسەفەدا ڕزگارکەری مرۆڤ خۆیەتی، نەوەک پەنابردنە بەر هۆکاری دیکە. ئەو چۆکدادانە لەبەردەم عاریفەکاندا، چ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانماندا دەهێنێت؟ من بۆ ئەو پرسیارە دەگەڕێمەوە لای ئەحمەدی موفتی زادە کە دەڵێ: بەر خوردبوون لە پیاوی زاهید و عاریف و عاشقانی خوا، ژیانی مرۆڤ بەرەکەتدار دەکات. واتە لەگەڵ ئەو پیاوانەدا مرۆڤ ڕوحیانەتی بەهێز دەبێت، هەروەها بە خوێندنەوەی سەرگورشتەی ژیانی ئەوانیش جۆرێک لە سوودمەند بوون هەیە، بەڵام بۆچی لەبەردەمیان تووشی شۆک و داڕووخانی تەواو بین، یان ئەو تەسلیم بوون بە عاریفەکان بۆ ئەوە نییە جارێکی دیکە لەلای خەڵک ببینەوە سەید و خەڵکیش بەخۆمانەوە پابەند بکەین، خۆیشمان جارێکی دیکە بە خەڵکەوە پابەندبین؟ ئەگەر جارێکی دیکە سەیری ژیانی ئەحمەدی موفتی زادە بکەین کە تێکڕا ژیان و ئامانج و هیوای ئەوە بوو نەبێتە «کاریزما»، بەڵام دەوروبەرەکەی هێشتا نەمردبوو، کردبوویان بەکاریزما، من پێم وایە «ئەشرەفی سولتانی» یەکێکە لەوانەی کە پەروەردە کراوی دەستی «ئەحمەدی موفتی زادەیە» کە ڕوانگەی بۆ ئەخلاق ڕوانگەیەکی گشتگیرە و تەسکبین نییە، ئەگەرچی من پێم وایە دەبووایە جوانتر هەستونەستی دەربڕیێت، دەڵێن «دەستۆیڤسکی» لە ڕۆمانەکانیدا ئەوەندە بە جوانی بەناخی کارەکتەرەکاندا شۆڕدەبێتەوە، لە ڕووی دەروونییەوە ئەوەندە بە دیقەت کەسەکان دەخوێنێتەوە لەوانەیە دکتۆرێکی دەروونی بەم شێوەیە نەتوانێت ئاوا بە وردی ناخ و نهێنی نەخۆشەکانی بخوێنێتەوە، لای ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و...تاد ئەم کارەیان ئەنجامداوە، بۆیە کەسی خوێنەر لەمیانی خوێندنەوەدا هەست دەکات باس لە بەشێک لە ناخی ئەو دەکات و دەیخوێنێتەوە، بۆیە بەلایەوە ئەو تێکستانە شیرین دەبن.

* سەردانی گۆڕستانی غەریبانی شار چەند جارێک دووبارە لەو ڕۆمانەدا دەبێتەوە، یان گفتوگۆی محەمەدی خەڵوەتی لەگەڵ ئارامگای ئەشرەفی سولتانی و دووان لەگەڵ مردوودا بۆ خۆ خاڵیکردنەوەی ناخ و دەروونە بۆ ئەوەی ڕوح ئاسوودەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ گۆڕدا، وەک زیندوویەک ناچارم بۆ مامۆستای «دەروونناس» «واین دایر» بگەڕێمەوە لەکتێبی «ئەی مرۆڤ هەست بە گەورەیی خۆت بکە»(٣)دا دەڵێت باوکم هەر بەناو باوک بووە، سیفەتی باوکایەتی تێدا نەبووە، بێجگە لەمەش دەڵێ زەمەنێک دەبێ هەر نەمبینیوە، بەڵام ساتێک کە مرد دەڵێ: لە ڕۆژنامە خوێندمەوە کە مردووە، کاتێک ئەو هەواڵەم پێگەیشت چوومە سەرگۆڕەکەی، ماوەیەک لەگەڵ گۆڕەکە کەوتمە گفتوگۆیەکی قووڵ، بۆ ئەوەی ناخی خۆم خاوێن بکەمەوە لە ئەو ڕقەی کە بەرانبەر باوکم هەمە، لەبەر ئەوەی ساتێک مرۆڤ ڕقی لە یەکێک دەبێتەوە خۆی دەبێتە قوربانی ئەو ڕقەی خۆی و زیانی پێدەگات، لەبەر ئەوەی باری دەروون ناتەندروست و نالەبار و گرژ دەبێ، بۆیە دەبێ پاکی بکەینەوە، بەڵام سەردانی گۆڕی غەریبانی شار بۆ دروستبوون و سازبوونی ڕوحە و غەریبی کردنی ڕوحی ئازیزانە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی ڕوحەوە ئاویزانن، پێغەمبەرمان «د.خ» لە فەرموودەیەکدا دەڵێت «الأرواح جنود مجندە» ڕوحە لە یەکچووەکان لەیەک نزیکن بۆ نموونە: ئەشرەفی سولتانی و محەمەد خەڵوەتی و شەمسی سراجی و جاویدکوێستانی ئەوانە هەموویان یەکدی تەواو دەکەن، لە ڕووی ڕوحەوە یەکدی دەبڕن و بەیەکدی دەگەن. کۆلن ولسن لە «طفیلیات العقل»دا باسی ئەوە دەکات «کە مرۆڤی وا هەیە لەیەکەم دیتن دەتبڕێ و دەچێتە ناختەوە»، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە لە هەردوولا هێزێکی فیزیکی هەیە ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، بەڵام هەندێک ناخ هەیە بەریەک ناکەون وئیحتکاک لەنێوان ئەو دوو پێکهاتەیەدا دروست نابێ.

بەڵام ئەم زاتانە هیچ گرفتێک لەنێوانیاندا نییە، هیچ درزێک لەنێوانیاندا نییە، هەموویان لەناوخۆیاندا بەدوای ئەوەکەی دیدا دەگەڕێت، وەکو خشت بۆ تەواوکردنی یەکدی وان، بە هەموویان دیوارێکی

پتەو دروست دەکەن، بۆیە ساتێک بە قەد مووراکێشانێک ئازار بەیەکێکیان دەگات، ئەوەی دی هەستی پێدەکات، چونکە لەگەڵ ژانەکانی یەکدیدا دەژین.

* لە هەندێک شوێندا ئەو ڕۆمانە دەبێتە یەکپارچە واقیعیەت بۆ نموونە دەڵێت: لەو سیاسالانەدا پیشەی مامۆستایی بێ حورمەت کرابوو، مووچەی مانگێک مامۆستا تەنیا «٣٠» کیلۆ ئاردی ئەکرد، هەندێکیان لە قوتابخانەکانیان و لەکاتی پشوودا پاقلە و گولە بەڕۆژەیان بە خوێندکارەکانیان دەفرۆشت، من بە چاوی خۆم بینیم مامۆستایەک لە یەکێک لە قوتابییەکانی کە موختەبەری وێنەگرتنی هەبوو سواڵی ئەکرد»، ئەگەرچی لەدوای ئەوەش چەند نموونەیەکی دیکە دەهێنێتەوە، بەڵام هەر هەمووی فۆتۆکۆپی واقیعێکی دژوارە، ئەو وێنانە لە لای خەڵکی ئاساییە و دەچێتە خانەی گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوەیەکی ڕووت.

* بێجگە لەوەش لە هەندێک شوێندا هەندێ دێرە شیعری نووسیوە من پێم وانییە لە هۆنینەوەی شیعرەکان سەرکەوتووبووبێ، چونکە زیاتر لەقسەکردنێکی ڕووت دەچن و سادەن، قووڵ نین و ڕوونن، بەڵام زۆر ڕوونیش نین دەیتوانی لەجیاتی دوو شیعر و دوو کۆپلە، دوو دێرە شیعری کلاسیک بهێنێتەوە، یان سازی بکات، کە قافیەدار و کێشی هەبێت، خاوەن ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە بێ و مۆسیقایەکی تایبەت بە خۆشی هەبێت. ڕۆماننووسی وا هەبوو ئەو کارەی کردووە بڵێم لە ڕۆمانێکدا پێنج دێر لە هۆنراوەی کلاسیکی هێناوە، ڕێک لەگەڵ ئەو عالەمەی گونجاوە و توانای پیشانی خوێنەران داوە کەبالادەستە لە چنین و وێنەی شیعری کلاسیکیدا ئەگەرچی لەو ڕۆمانەدا زمان فیکری لە پاڵە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بەڵام لە درێژدادڕی بەدەر نییە، لەوانەیە ڕۆماننووس بڵێت پێویستی دەربڕین لەجیهانی تەسەوف و جیهانی ڕوح وای کردووە کە من بابەتەکە درێژ بکەمەوە، بەڵام وانییە و ئەو دەردە گشتییە، لەوانەیە ئەو درێژدادڕییە زۆر لە ڕۆمانەکانی جیهانیشی گرتبێتەوە کە تووشی درێژکردنەوە بن، من پێم وایە دەکرا ئەو ڕۆمانە ٢٥٠ لاپەڕە بووایە، نەک ٣٧٦ لاپەڕە، ئەگەر بەم شێوەیە پوختی بکردبایەوە، لەشێوازی گێڕانەوەی «سردي» ئاسایی ڕزگاری دەبوو کە لە هەندێک شوێندا لە قسەی ئاسایی دەچێت، توێکڵی زیادە زیان بەناوەرۆک دەگەیەنێت، نەک خزمەت بەتێکست بکات، لەکۆتاییدا من پێم وایە ڕۆمانەکە لە هەندێک شوێندا دەتوانێت خوێنەر پەلکێشی ناوخۆی بکات و هیچی لەو ڕۆمانانە کەمتر نییە کە خاوەنەکانیان ناون و زۆر قسەیان لەسەر دەکرێت، بەڵکو بابەتێکی جددی ورووژاندووە، بەرهەمی ژیانی خۆیەتی، تەرجەمەی واقیعی نووسینی کردووە. ئەحمەدی مەلا و کاروان عومەر کاکەسوور شتی لەو بابەتەیان هەیە، بەڵام هی وان دەچێتە بواری سەرگوروشتەی ژیانی خۆیان، ئەوەندەی گێڕانەوەی یادگارییەکانی خۆیانن، ئەوەندە نەیانتوانیوە بیکەن بە ڕۆمانێک و بە ڕوحی خۆیان گەورەی بکەن، بەشی سێیەم و کۆتایی بریتییە لەوەی سارێژکردنی برین و زامەکانی دنیای ناخە بەسەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی مەقامی عیرفانیات و عیرفانیات بە هەتوان و سارێژکەری هەموو برین و داغەکانی ڕوحی خۆی دەزانێ، هەروەها دەیکات بەسەرچاوەی ڕزگاربوون بۆ گشت مرۆڤایەتی.

**پەراوێز:**

**(١) ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا، بەتایبەتی لای مەحوی و حافزی شیرازی «سەبور عەبدولکەریم» «شکار».**

**(٢) ئەو بڕگەیە گفتوگۆی نێوان من و دکتۆر «عیرفان مستەفایە» لەسەر ئەو بابەتە.**

**(٣) هەست بە گەورەیی خۆت بکە- واین دایر.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# (ڕامان) گۆڤارێكی (تاک) وێنە

**مەسعوود پەرێشان**

* لەپێش ڕاپەڕین لە بواری ڕۆژنامەگەریدا هەژارترین گەلی کەم وێنەی سەر ڕووی دنیا بووین، بەوەی هەموو جۆرە ئازادییەکان قۆرخ کرابوو و لەنێو ڕۆژنامەیەک و پاشکۆیەک و دوو سێ گۆڤاردا هەموو شتێک بڵاودەکرانەوە، هەر لە سیاسەتەوە بیگرە تا دەگەیتە ئەدەب و هونەر و کولتوور و فەلسەفە و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و هەمەڕەنگە جۆراوجۆرەکانیش، بەجۆرێک وەکو چێشتی حەمەشێتی ڕەحمەتی لێهاتبوو!

* دوای ڕاپەڕین بووینە دەوڵەمەندترین گەلی کەم وێنەی سەر ڕووی زەمین، لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، بەوەی هەموو جۆرە ئازادییەکان لەبەردەمدا واڵا کران و لە جیاتی ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک، بووینە خودان دەیان و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار، بەڵام زۆرینەیان، بۆنی حزبەکانیان دەدایە خوێنەر، بەوەی هەر هەموویان بە بودجە و چاودێری حزبە کوردستانییەکان دەردەچوون و هیچ کامێکیان تایبەتمەندی بوارێکی سەربەخۆی ژیاریان پێوە دیار نەبوو، بۆیە زۆرترین دەرفەت بە سیاسەت دەدرا و سەرجەم لایەنە جیاجیاکانی دیکەش فەرامۆش دەکران!

* لە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ڕاپەڕین و لە گەرمەی شەڕی ناوخۆییدا، گۆڤاری (ڕامان)ی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی لە ساڵی (١٩٩٦) دامەزرا و وەکو یەکەمین ئەزموونی بواری ڕۆژنامەگەری تایبەتمەندی ئەو بوارە، کەوتە خۆی و یەکەمین ژمارەی لە دهۆکی دەلال بەچاپ گەیشت و لەهاوینەهەواری پیرمامیش پەخش کرا!

* دەبێ وەک ئەزموونێکی چاوەڕواننەکراویش، ئەو ئەزموونە مێژووییە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تۆمار بکەین، کە ڕەزامەندیی دەرچوونی ئەم گۆڤارە تایبەتمەندەیدا و تێچوونەکەشی گرتە ئەستۆی خۆی و سەرنووسەرێکی شارەزای بوارەکەشی بۆی تەرخان کرد، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە کارەکەیدا بەردەوامە، بەبێ ئەوەی تێکەڵی هیچ ورد و درشتێکی کارەکانیان بێت!

* لەنێو گۆڤاری (ڕامان)دا، کە پازدە ساڵ بەسەر تەمەنیدا گوزەری کردووە، بەرهەمی هەر هەموو ئەدیبە هزرجیاوازەکانمان بەرچاو دەکەوێ، کە ئەوە لە کەمترین بڵاوکراوەکانی ئەمڕۆکەماندا بەرچاو دەکەون، بەوەی زۆربەی هەرە زۆرینەیان، بەرهەمی ئەو ئەدیبانە بڵاودەکەنەوە، کە لە خۆیانەوە نزیکن!

* بۆیە گۆڤاری (ڕامان) بە گۆڤارێکی (تاک) وێنەی بوارە تایبەتمەندەکەی خۆی دەناسێنم، کە تاقە پێوەری بۆ بڵاوکردنەوە، داهێنان و بەرهەمەکەیە، کە خۆی بۆ بڵاوکردنەوە دەسەپێنێ لەوە بترازێ هیچ پێوەرێکی دیکە توانای ئەوەی نییە یەک دێرە شیعری شاعیرێکی ناسراویش بڵاوبکاتەوە!

* ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە زۆر بە ڕاشکاوی بێژین: گۆڤاری (ڕامان) یەکەمین گۆڤاری ڕچەشکێنی تایبەتمەندە کە توانیویەتی، تا ڕۆژی ئەمڕۆکە وەک خۆی بمێنێتەوە و جیاوازی لەنێوان قەڵەمی زەرد و سەوز و سوور و شین و ڕەش و سپی و قاوەیی نەکات و تاقە خەمی بریتی بێت لەوەی جوانترین گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا بوەشێنێ!

* هەربۆیەش زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: تا ڕۆژی ئەمڕۆکەمان (ڕامان) باشترین گۆڤاری بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتیمانە.. ڕەنگە هەندێک وای بۆ بچن، کە ئەو دەربڕینەی من بۆ ئەوەیە بەرهەمی زێدەترم بۆ بڵاوبکرێتەوە! لە کاتێکدا لەوە بێ ئاگان، کە ڕاستە ئەز نزیکترین برادەری سەرنووسەری ئەم گۆڤارەم، بەڵام پێش ئەم گوتارە نە تاقە دێرێکم تێیدا نووسیوە و نە بە تەمای ئەوەشم تاقە دێرێکیشی تێدا بنووسم: بەڵام ئەوە مانای ئەوە نادات، کە نەتوانم زۆر بە ڕاشکاوی ڕای چەسپاوی خۆم لەسەر ئەو گۆڤارە دەرببڕم، کە بە تاقە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بێ لایەنی کوردیمانی دەبینم! چونکە هەر هەموو بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی دیکە، تا ڕۆژی ئەمڕۆکەشمان بۆنی حزبایەتی و لایەنداریيان لێ دێت!!






# گرنگی دەق لە نمایشی شانۆییدا

خەلیل یابە کەریم



نمایشی شانۆیی پشت بە چەند ڕەهەندێکی گرنگ دەبەستێ، ناکرێ نمایشی شانۆیی سەرکەوتووبێ بەبێ ئەم ڕەهەندانەی بریتییە لە دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر، هۆڵی نمایش، بینەر. هەڵبەتە دەق کۆڵەگەی نمایشی شانۆییە، کە بریتییە لە چەندین دیمەن، سەرەتا و ناوەڕاست کە ململانێ و بەگژداچوون دەگاتە لووتکە، دواتر کۆتایی، کە بەرە بەرە کێشەکان چارە دەکرێن و گرێیەکان دەکرێنەوە. دەق هەیە چەندین کارەکتەر لەخۆی دەگرێ و ماوەکەی درێژە و چەندین ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینن، دەق هەیە تەنیا دوو ئەکتەر، یان یەک کارەکتەر لەخۆ دەگرێ کە پێی دەڵێن مۆنۆدراما. وەک نەریت پێویستە دەق و تێکست لە نمایشی شانۆییدا هەبێ، بەڵام بووە و ڕووی داوە دەرهێنەرێک لەگەڵ چەند ئەکتەرێک لەسەر بیرۆکەیەک ڕێککەوتوون، ئینجا ئەو بیرۆکەیە کۆمیدی بێ، یان تراژیدی، یان هەردوو بابەتە بە تێکەڵی، ئەوەش پشت بە ئەکتەر و هونەرمەندی کارامە دەبەستێ، چونکە دیالۆگی سەرپێیی لەسەر شانۆ کارێکی سەختە، زۆر جاران کە ئەکتەرێک لەسەر شانۆ لە دەق و تێکست دەردەچێ، بە تایبەتی لە کارە کۆمیدیاکاندا لەوانەیە کێشەیەک بۆ دەرهێنەر، یان بەرهەم هێنەر دروست ببێ، هەموو کەسێک ناتوانێ دەق و تێکست بنووسێ، لەبەر ئەوە تاکو ئێستا ئێمە لە کوردستاندا بە کردەوە نووسەرێکی شانۆییمان نییە، لە کاتی خۆیدا مامۆستا حەمە کەریم هەورامی چەند دەقێکی نووسی و هەندێکیشی چاپ کرد، بۆیە یەک لە کێشەکانی شانۆ کە لەبەری دەناڵێن، نەبوونی دەقی شانۆییە، هونەرمەندانی شانۆکار بە تایبەتی دەرهێنەرەکانمان زۆر جاران پەنا دەبەنە بەر دەقی بیانی، یان وەک خۆی پێشکەشی دەکەن، یان ئامادەی دەکەن و بۆ شانۆی خۆمان دەیگونجێنن. مەرج نییە هەموو کەسێک بتوانێ دەقێک ئامادە بکات، ئێمە لە مێژووی بزاڤی شانۆییماندا لەکاتی خۆی بینیومانە دەرهێنەرەکان وەک هونەرمەندان: تەلعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، ئەحمەد سالار، خۆیان تێکستیان بۆ خۆیان ئامادە کردووە، یان نووسیویانە، بە تایبەتی هونەرمەند ئەحمەد سالار کە تاکو ئێستاش بە دەیان دەقی شانۆیی نووسیوە و هەر خۆشی لە تیپەکەی خۆیدا، بە تایبەتی لەگەڵ هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش کاریان تێدا کردووە، هەندێ جار دەرهێنەر دەقێک لە نووسەرێک وەردەگرێ و بە ڕەزامەندی نووسەرەکە خۆی چەند دیمەنێکی لێ هەڵدەگرێ و هەندێکی تری بۆ زیاد دەکات، بەو پێیەی دەرهێنەر شیکەرەوەی بیرۆکەکانی نووسەرە، هەندێک، یان زۆر نووسەر هەن ڕازی نابێ بەلابردنی یەک وشە لە تێکستەکەی، کە دەبێ وەک خۆی نمایشی بکا! ئەگینا قبووڵی ناکات. بە هەر حاڵ ئێمە کەلێنێکی گەورەمان لە نووسینی دەق و تێکستی شانۆییدا هەیە، بۆیە پێویستە لایەنی بەرپرس بە تایبەتی، وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ ساڵانە کێبڕکێ بۆ باشترین دەق ساز بکات، ئەو کەسانەی نووسەری لێهاتوون، ڕێزیان لێ بگیرێ و خەڵات بکرێن، بەداخەوە تاکو ئێستاش شتی وانەکراوە و ئەمەش کەموکورتییەکی گەورەیە لە دنیای شانۆی ئەمڕۆماندا کە بۆ خۆی کێشەیەکە سەرباری کێشەکانی دی، کەلێنێکە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە. دەق چەند جۆری هەیە، تراژیدی کە هەموو دیمەنەکانی ڕووداوی جەرگبڕ و مەرگەساتن، کۆتاییەکەشی هەر تراژیدی دەبێ، دەق هەیە هەردوو بابەت لەخۆی دەگرێ، تراژیدی و کۆمیدی کە لەوانەیە تەنیا کۆتاییەکەی کۆمیدی بێ، یان لەناوەڕاستدا چەند دیمەنێکی کۆمیدی تێدابێ، دەقیش هەیە هەر هەموو دیمەنەکانی کۆمیدییە! بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمیدیا هونەرێکی سەختە و هەموو کەس ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدا و بینووسێ، چونکە نووسینی کۆمیدیا و تێکستی کۆمیدی زۆر سەختترە لە نووسینی دەقی تراژیدیایی، بۆ بیرخستنەوە درامای (تاپۆ هەقی چییە) چەند دیمەنێکی کۆمیدی لەخۆ دەگرێ و کۆتاییەکەشی هەر کۆمیدییە، بەتایبەتی کۆمیدیایەکی مەبەستدار نەک و گاڵتەجاڕ ئەم درامایە لە نووسینی هونەرمەند چەتۆ حەسەن-ە و تا ئێستاش بەدەیان جار نمایش کراوە و کەس لێی وەڕس نەبووە و لێی بێزار نابێ.